
# یەکگرتن

## گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیۆرییە




١٢
١٩٩١


بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتن بڵاوی دەکاتەوە




هونەرمەند گارا ڕەسول



هونەرمەند کارا رەسول



هونەرمەند کارا رەسول



هونەرمەند گارا ڕەسول

# یەکگرتن

گۆڤارێکی رۆشنبیری تیۆرییە

هەواڵنامەی کتێب

سەرنووسەر

**هەڵکەوت عەبدوڵا**

بەرپرسیاری ئەدەب و هونەر

**فەرهاد پیرباڵ**

**١٢**
**ئایاری**
**١٩٩١**

بنکەی ڕۆشنبیریی یەکگرتن بڵاوی دەکاتەوە

# لەم ژمارەیە دا


سەرنووسەر ٧
ڕاپەڕین و گۆڕانکاریی پێویست

شێروان ١٥
چەواشەبوونی تێڕوانینی سیاسی سەرەتای خستنەوەی
پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی چەواشەیە .

یەکگرتن ٢٢
چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ( Lissy Schmidt ) .

ڕێبوار سیوەیلی ٢٧
پیواری کامێرای کورد و هێزی سیاسی کورد
لە واقیعی ئاوارەبوون !

بەڵگەنامە لە ڕاپەڕینەکانی کوردستانەوە ٣١

نەجمەددین کەریم ٤٠
لەپەراوێزی نووسراوەکاندا .

ڕەفیق سابیر ٤٧
تەنگوچەڵەمەی فیکریی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و
ئاسۆی ڕوون .

کەمال میراودەلی ٥٢
بیرێکی ڕاگوزاری لەمەڕ فەلسەفە لەڕۆزگاری ئەمڕۆدا .

یەکگرتن ٥٧
دیدارێک سەبارەت بەباری ڕۆشنبیریمان لەدەرەوەی وڵات

بورهان یاسین ٧٥
کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم بۆ مافە مرۆڤایەتیەکانی کورد .

ئەمجەد شاکەلی ٧٧
گیروگرفتی ئەلفوبێ و دیالێکت لەزمانی کوردیدا و
چەند سەرنجێک .

مەهاباد کوردی ٩٦
باسێکی گشتی دەربارەی زمان

فەرهاد پیرباڵ ١٠٠
شەریف پاشا و کۆنفرانسی ئاشتی لەپاریس( ١٩١٩ ) .

هیوا محەمەد ١٠١
هەڵسەنگاندنی دوو چیرۆک : "دوو چنگاڵ"و" ئاوازێک" .

فەرهاد شاکەلی ١١٥
ئاوێنە ڕێژ و کەوشەنی مەرگ .

عەبدوڵلا پەشیو ١١٨
تا چرای ئێمە نەسووتێ .

ڕزگار عەبدوڵا ١٢٠
مـن

فیلیپ سووپۆ ١٢١
فیشەکەکانی داوێن .

ئارتوێر ڕامبۆ ١٢٤
وەرزێکی دۆزەخ .

خەلیل دهۆکی ١٢٦
دێ ڕۆژ هەلێت .

ئارام کاکەی فەلاح ١٣١
وەرزی پێنجەم .

ئەلیف تێکینای ١٣٣
" عەلی شێرن " .

ژوان کاکەیی ١٣٦
شەوشام .

لالە عەبدە ١٣٩
دەربارەی هونەری شێوەکاری و وەڵامێکی کاکەعەلی هادی .

دلێر عوبەید ١٤٣
تەقینەوەی یەکەم پێشانگای هونەرمەندێک .

یەکگرتن ١٤٧
هونەرمەندێک : " فوئاد ڕەسوڵ " .

جەزا چنگیانی ١٥٠
بانگەوازێک

ئەحمەدی مەلا ١٥٢
لە شەڕی خاچەوە بۆ شەڕی پاچ .


**بابەتەکانی بڵاودەکرێنەوە دەربڕی بیروڕای نووسەرەکانیانن و مەرج نیە لەگەڵ ڕێبازی گۆڤاری " یەکگرتن "دا جووت بن**

تابلۆی بەرگی پێشەوە هی هونەرمەند ( مالقە )یە و
تابلۆی بەرگی پشتەوە هی هونەرمەند ( ڕەمزی )یە.

نرخی ژمارەیەک = ( ٤٠ ) کرۆنی دانمارکی
+ پارەی پۆست .

هەواڵنامەی کتێب

سەرنووسەر

# ڕاپەڕین
# و
# گۆڕانکاریی پێویست

پاش کۆتاییهاتنی جەنگی کەنداو و تێکشکانی سیاسیی و سەربازیی ڕژێمی فاشیی عیراق ، دوای کاولکردنی بنەمای ئابووری و شارستانی و ئەو زیانە ماڵی و مرۆییەی گەلانی عیراق ، کە هیچ تاوانێکیان نەبوو جگە لەوەی لە ئاست خراپەکارییەکانی دیکتاتۆرێکی لەخۆ باییبوودا بێدەسەڵات بوو کە دەیویست ئاواتی تایبەتی فراوانخوازیی خۆی بهێنێتەدی و ببێتە " پاڵەوانی نەتەوەیی " عەرەب ، پاش ڕاپەڕینی جەماوەری چەوساوە و ستەمدیدەی عەرەبی خوارووی عیراق لەپێناو(ئاشتی ، نان ، دیموکراتیەت)دا ، جەماوەری چەوساوە و ژێردەستی خوارووی کوردستان لە سەرەتای مانگی ئازارەوە ڕاپەڕی و ڕۆژگاری پڕفیداکاریی و بەرەنگاربوونەوەی بێوێنەی لەمێژووی نوێی میللەتەکەماندا تۆمار کرد و بە چەند ڕۆژێکی کەم و توانایەکی سەرەتایی و هەژارانەوە ، کە بەراورد ناکرێت بە زەبر و توانای دام و دەزگا سەرکوتکەرە خوێناوییەکانی ڕژێمی فاشیی عیراق ، زۆربەی ناوچەکانی وڵاتەکەی خستە ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی خۆیەوە .

ئەوەی شایانی باسە ، هیچ مەسەلەیەك لەئاوارەیی‌دا ئەوەندەی ڕاپەڕینەکەی خوارووی کوردستان و ئەو کارەساتە گەورەیەی بەدوایدا هات،دووچاری نائارامی لێکدانەوە و لێڵی فیکری و سیاسی و تێگەیشتنی نازانستی نەبۆتەوە. هۆی ئەوەش زۆرە ، لەوانە : کتوپڕیی ڕاپەڕینەکە و کورتی تەمەنی و مەزنی ئەو تراژیدیایەی بەدوایدا هات وخێرایی گۆڕانی ڕووداوەکان ، جۆر و ئاستی بزووتنەوەی سیاسیی کورد کە ئاقاری ماهێوەندی و دیماگۆگیانە زاڵە بەسەریدا و ڕێگرە لە خستنەڕووی ڕاستی وەك هەیە نەك وەك ئەو مەبەستییەتی ، شلەژاوی و حەپەساوی ڕۆشنبیری کورد و ڕەدووکەوتنی هەست و سۆزی مرۆڤی کورد کە هەتا ئەمڕۆ بۆ شیکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی وئابوورییەکان پەنا دەباتە بەر شێواز و ئامرازی غەیبیی- ئەفسانەیی و بە شیکردنەوەی زانستی واقیع و لێکدانەوەی بابەتی ناناشنا و نامۆیە ، یاخود بێدەنگی لەئاست واقیعدا لەپێناو دەستکەوتی تایبەتی‌دا .

لەڕاستی‌دا ، بایەخدان بە مەسەلەی ڕاپەڕینەکەی خوارووی کوردستان ، هەر لە سەرەتاوە گرێدراوە بە دەربڕینی چەند پرسیارێك و وەڵامدانەوەیانەوە ، وەك : ئایا ڕاپەڕینەکە خۆڕسك بوو یان ڕێکخراو و زەمینە بۆ خۆشکراو ؟ هۆکان و ئامانجەکانی ڕاپەڕینەکە چی‌بوون و نیشانەکانی کامانەن ؟ ئەو ڕاستی و سەرەنجامانە چین لە ڕاپەڕینەکە وەدەستمان هێناون و لەبەرچی تێکشکا و تەمەنی کورت بوو ؟ ڕۆژگاری دوای ڕاپەڕینەکە چۆن دەبینین و چ گۆڕانکارییەك بۆ داهاتوو پێویستە ؟

ئەم پرسیارانە و چەندینی تریش پێویستە بخرێنەڕوو و مشتومڕی بەکۆمەڵ و هەمەلایەن بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکانیان ڕێکبخرێ و نەهێڵرێ هەروا و بێ چارەسەرکردن بەلاماندا تێپەڕن ، چونکە بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە نەك هەر بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوویداوە ، بەڵکو بۆ دەستنیشانکردن و خاڵبەندیکردنی سروشتی ئەوەی چاوەڕوان دەکرێ .

## ڕاپەڕینێکی خۆڕسك یان زەمینە بۆ خۆشکراو ؟

بەر لە هەموو شتێك ئەوە دەردەبڕین کە بزووتنەوەی " خۆڕسك " ی ڕووت لە واقیعدا نیە و هەر لە کتێبی ئەفسانەدا بەرچاودەکەوێ . ئەوەی پێویستە سەبارەت بە بزووتنەوەی جەماوەریی " خۆڕسك " بیزانین ئەوە نیە کە ئەو بزووتنەوەیە " بێ کاریگەریی سیاسیی دەرەکی " ڕوودەدات ، بەڵکو ئەوەیە کە ئەو بزووتنەوەیە لەلایەن ناوەندێك یان سەرکردایەتیەکی دیاریکراوەوە پلان و نەخشەی بۆ دانەنراوە . چونکە جیاوازی نێوان بزووتنەوەی " خۆڕسك " و بزووتنەوەی " زەمینە بۆ خۆشکراو " ئەوەیە کە لەباری یەکەمدا دەستپێوەردان نارێکوپێك و هەڕەمەکی و پچڕپچڕ و بێنەخشەدەبێ ، بەڵام لەباری دووەمدا دەستپێوەردان ڕێکوپێك و هوشیارانە و سەرتاسەریو نەخشە بۆ دانراو دەبێ . بەم پێیەش ، بزووتنەوەی " خۆڕسك" بەئاسانی لەنێودەچێ و کاریگەریی کەمتر و تەمەنی کورت دەبێ و دەشێ کارەساتی گەورەیش بەدوای خۆیدا بێنێ ، بەڵام بزووتنەوەی " زەمینە بۆ خۆشکراو " دەشێ بە ئامانجەکانی خۆی بگات و کاریگەریی بەردەوامی هەبێ و زیانی کەمتر بێ .

پشت ئەستوور بەم سەرەتایە ، ئەگەر بڕوانینە ڕاپەڕینەکەی خوارووی کوردستان ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ڕاپەڕینێکی جەماوەریی خۆڕسك بووە . واتە ڕاپەڕینەکە جەماوەر بەهۆی گرانیی باری چەوساندنەوە و سیاسەتی سەرکوتکردن و لەنێوبردن و پاش لاوازبوونی دەسەڵاتی ڕژێمی فاشی عیراق بە هۆی تێکشکانەکەی لە جەنگی کەنداودا ، لەژێر "کاریگەریی سیاسی دەرەکی "دا - بەرەی کوردستانی و گروپە سیاسییەکانی تر - کە بە نارێکوپێکی و هەڕەمەکیانە و بێنەخشەیەکی ڕوون و ئاشکرا زەمینەیان بۆ خۆشکردبوو ، بێ ی هەڵسا و ئەنجامیدا . هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو بەئاسانی لەنێوبرا و کاریگەریی کاتی بوو و کارەساتی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا . دەبێ لێرەدا هێما بۆ ئەوە بکرێ کە مەبەست لەمجۆرە دەربڕینە ، کەمکردنەوەی بایەخی قارەمانێتی و فیداکاریی بێوێنەی جەماوەری چەوساوەی خوارووی کوردستان نیە ، بەڵکو دانانی ڕاستییەکانە لە جێگەی سروشتیی خۆیان . چونکە ئەو بیروڕایەی ڕاپەڕینەکە تەنیا بەکاری "خۆڕسك" ی جەماوەر دادەنێ ، هەم بەشێوەیەکی ئەفسانەیی لە " خۆڕسك " دەڕوانێ و لەکاری جەماوەرییدا دەیپەرستێ ، هەم ڕۆڵی " کاریگەریی سیاسی دەرەکی " فەرامۆش دەکات کە چەندین بەڵگە لەسەر بوونی بەدەستەوەیە . بەوجۆرەش بەرپرسیاریی پلە یەك بەرامبەر ئەوەی ڕوویدا و هاتەئاراوە دەکەوێتە ئەستۆی جەماوەر و هێزە سیاسییەکان وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن .

## ڕاپەڕینەکە و هۆکانی

بەکورتی ، ڕاپەڕینەکە تەقینەوەی ئاگرێی (بورکان) پەنگخواردووی ڕق و تووڕەیی جەماوەر بوو کە نزیکەی (٢٢) ساڵ بوو بەهۆی ڕەفتارە شۆڤێنییەکانی ڕژێمی فاشی ی عیراقەوە کە زەفەری بەهەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤی کورد و وڵاتەکەی بردبوو ، لەکڵپەسەندن دا بوو . ئەو بومەلەرزە بەتینە بوو کەژیانی لەکوردستاندا گۆڕی و خستییە باری هەڵچوونی ڕۆژانەوە بۆ تێکشکاندنی کۆت و زنجیری داگیرکردن و ڕژێمی فاشی ی عیراق و بیروباوەڕە سیاسی و سەربازییەکەی هەژاند و ڕاستی ی مەسەلەی کوردی گەیاندە هەموو کون و قوژبنێکی ئەم جیهانە . بەو جۆرە ، ڕاپەڕینەکە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان دوو قۆناغی سیاسی ی لەمێژووی کوردستاندا : قۆناغی پێش دەستپێکردن و قۆناغی پاش دەستپێکردنی ڕاپەڕین ، کێشا و دەرگای بەرووی ڕۆژگارێکی نوێی خاوەن سروشت و هاوکێشەی نوێدا خستە سەر گازی پشت . بێگومان ئەم هێڵە جیاکەرەوەیە بەمانای وەرچەرخانی مێژووی سیاسی ی هاوچەرخ یان بڕین لەڕێڕەوی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دا یاخود تێکچوونی بنەمای پەیوەندی هێزەکانی دەرەوە و ناوەوە کە ئەو مێژووە دروست دەکەن ، دەرنابڕدرێ ، بەڵکو وەك ڕووداوێکی ڕەچەشکێن لە سیستەمی مەنگ و بۆگەنی دا کە ماوەیەکی درێژبوو باڵی بەسەر خەباتی گەلی کورددا کێشابوو .

هەروەها ڕاپەڕینەکەی خوارووی کوردستان ڕووداوێکی چاوەڕوانکراو بوو ، تەنیا بەلای ئەوانەوە نەبێ کە ئاگاداری بارودۆخی کوردستان و ڕێڕەوی ململانێکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی نێوان ڕژێم و جەماوەری چەوساوەی کوردستان نین یاخود چاوپۆشی لێدەکەن . چونکە سەرلەنوێ خوێندنەوەی بەڵگە و هۆکارە بەرچاوەکانی بەر لە ڕاپەڕینەکە ، سەبارەت بە بارودۆخی واقیعیو ململانێکە لە هەموو ئاستەکاندا ، ئەوە دەردەخات کە ڕاپەڕینەکە حەتمیبووە . تەنیا شتێك کە لەوانەیە چاوەڕوان نەکراو و جێ ی سەرسوڕمان بووبێ ، ساتەوەختی تەقینەوەکە و

ماوەی ڕاپەڕینەکە و قەبارە و سنوورەکەی بوو .

بێگومان هۆ زۆرە بۆ توندوتیژبوونی ململانێکە و سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکە ، بەلاّم هۆی سەرەکی و بنچینەیی کە هەموو هۆکانی تر لەخۆ دەگرێ ، بوونی ڕژێمی فاشی ی عیراقە - داگیرکەران - کە لەگەڵ بوونی گەلی کورددا ناکۆکە . ئەم هۆیە هەر لە کۆنەوە و لە داهاتووشدا بزوێنەری سیاسی ی هەموو بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە و ڕاپەڕینی جەماوەریی دەبێ لەپێناو تێکشکاندنی پرۆژەی فاشی لە کوردستان و هێنانەدی مافی دیاریکردنی چارەنووس دا . ئەمە بەو مانایە نیە ڕاپەڕینەکە تەنیا لەدژی ڕژێمی فاشی داگیرکەری خوارووی کوردستان بووە ، چونکە شان بە شانی ئەوە دژی ئەو بارە نێگەتیڤ و خامۆشکەرەش بوو کە لە کۆمەڵگای کورددا لە ئارادابوون و ببووە هۆی پەکخستنی زۆر دەستپێشکەریی خەباتکاری و شێواندنی واقیع و چەسپاندنی پرش و بلاوی . بەم پێیەش ڕاپەڕینەکە بانگەوازێك بوو بۆ گێڕانەوەی ڕۆحی خەبات بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان ، واتە ڕۆحی ڕزگاریخوازانە و شۆڕشگێڕانە ، ڕۆحی کارلێکردن و یەکتری تەواوکردنی هەموو ئاقار و فیکرە جیاوازەکان دژ بە دوژمنان ، ڕۆحی بایەخدان بە مەسەلە گشتییەکان و قەبەنەکردن و زەق نەکردنەوەی مەسەلە تایبەتییەکان .

## ئامانجەکانی ڕاپەڕینەکە

لەبەر ئەوەی ڕاپەڕینەکە سروشتێکی خۆڕسکیانەی هەبوو و هێزەکانی بەشدارییان تێدا کردبوو لەسەر بەرنامەیەکی ڕوون و ئاشکرا ڕێك نەکەوتبوون ، بۆیە ئامانجێکی هاوبەش بۆ قۆناغی ڕزگارکردنی شارەکان و پاش ڕزگارکردنەکە لە ئارادا نەبوو و هەر لایەنە بەلای خۆیدا ڕایدەکێشا و بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی دروشمی بۆ بەرزدەکردەوە . سەرەڕای ئەوە دەشێ لەم بوارەدا ئاماژە بۆ دیاردەیەکی سەرنج ڕاکێشەر بکەین ، کە بە هەنگاوێك بۆ پێشەوە لە ئاستی هوشیاریی جەماوەردا دەژمێردرێ ، ئەویش ئەوەیە ئامانجی جەماوەر زۆر لەوەی هێزە سیاسییەکان پێشکەوتووتر بوو و چاکتر ویست و خواستی خۆیانی دەربڕی ، مەبەست ئامانجی : " نان ، کار ، ئازادی ، حکومەتی شوورایی " ە . لەکاتێکدا ئامانجی هێزە سیاسییەکان بریتی بوو لە " دیموکراتیەت بۆ عیراق " - چ جۆرە دیموکراتیەتێك ؟ مەگەر هەر خۆیان بیزانن - و " هێنانەدی مافە ڕەواکانی گەلی کورد " کە دەمێ بە ئۆتۆنۆمی و دەمێ بە ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە و دەمێکیش بە فیدراسیۆن خۆی دەنواند . ئەم جیاوازی تێڕوانینەیش بۆ ئامانجەکانی ڕاپەڕینەکە ، خاڵی ناکۆکی نێوان جەماوەر و هێزە سیاسییەکان بوو و ململانێی زۆری لەسەر بەرپابوو ، دوائەنجام بە زاڵبوونی ئامانجی هێزە سیاسییەکان کۆتایی بە ململانێکە هێنرا ، لەڕێگەی زەبر و تاوانبارکردن و پیلانی تایبەتییەوە . بەو جۆرەیش جارێکی تر جەماوەر لەژێر ناونیشانی " واقیعی بوون "دا و لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتیدا ڕاکێشرایەوە دواوە و ڕۆحی ڕاپەڕینی کپکرایەوە .

## هەندێ نیشانەی ڕاپەڕینەکە

بێگومان لە توانادا نیە دابڕاو لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی ڕابردوو ، سەیری ڕاپەڕینەکەی ئەم دواییەی خوارووی کوردستان بکەین . چونکە ئەم ڕاپەڕینە تەواوکەر و درێژەپێدەری ئەو ڕاپەڕینانەی ساڵی ١٩٨٢ و ١٩٨٤ بوو . بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا نابێ تەنیا وەك کۆپیکردنەوە و دووبارەکردنەوەی میکانیکیانەی ڕاپەڕینەکانی پێشوو و کەڵەکەبوونی چەندایەتی تێی بڕوانین ، بەڵکو پێویستە وەك ڕاپەڕینێکی خاوەن سروشت و نیشانەی جیاکارە سەیری بکەین ، وەك :

١- ئەم ڕاپەڕینە بەخێرایی توانی قۆناغی یەکەمی خۆی تەواو بکات ، واتە ناوچەکان ڕزگار بکات ، کە تیایدا پێکدادانی ڕۆژانەی زیاتر لەگەڵ ڕژێمدا ئەنجامدرا ، ئەگەرچی هەموو جۆرێك تیرۆر و سەرکوتکردنی خوێناوی لەبرەوسەندندا بوو .

٢- ڕاپەڕینەکە خاوەنی سروشتێکی جوگرافی و کۆمەڵایەتی بەرفراوان بوو ، واتە زۆربەی هەر زۆری ناوچەکانی کوردستانی گرتبووەوە و بەشی هەرە زۆری توێژە کۆمەلاّیەتیە جیاوازەکان بەشدارییان تێداکردبوو .

٣- ڕاپەڕینەکە بەئازارترین زەبربوو کە بە ڕژێمی فاشی ی عیراق کەوتبوو بەدرێژایی تەمەنی خۆی ، چونکە بۆ یەکەمین جار بەرەنگاربوونەوەی جەماوەر بۆ ڕژێم ڕاستەوخۆ خۆی نواند و دەسەلاّتی لەبەشی هەرە زۆری خوارووی کوردستاندا سڕایەوە .

٤- ڕاپەڕینەکە خاوەن بیرێکی ڕوون و سروشتێکی ڕێکخراوەیی شێلگیرانە نەبوو ، بەڵکو ڕاپەڕینێکی هەمەلایەن بوو هەموو بیر و تێڕوانینەکان و گشت هێزە سیاسی و

ڕێکخراوە جەماوەرییەکان ـ سەرەڕای جیاوازی و ناکۆکی نێوانیان ـ بەشدارییان تێداکرد .

٥- ڕاپەڕینەکە خاوەن سروشتی ئامانجی گەلاڵەتر و بەرزتر بوو ، بۆ یەکەمین جار بوو ئالای کوردستان و دروشمی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لەلایەن جەماوەرەوە بەرزکرایەوە .

٦- ڕاپەڕینەکە کاری شۆڕشگێڕانەی لەئاستی دەستە بژێرەوە (نخبة) ،جا تاك بێ یان کۆمەڵ ، گواستەوە بۆ ئاستی جەماوەریی بەکۆمەڵ . هەروەها سەرکردەی لە ئاستی بنکەی جەماوەری دا خولقاند و چەندین سەرکردەی جەماوەری لەنێو لاوان و ئافرەتان و چەوساوەکان دا، کە سەر بەهیچ لایەنێکی سیاسی نەبوون، بەشێوەیەکی سروشتی و لەڕێڕەوی خەباتدا سەریان هەڵدا .

٧- ڕاپەڕینەکە خاوەن سروشتی ڕۆحی بەرەنگاربوونەوەی بەرزی بێوێنە بوو و بۆ جیهانی دەرخست چۆن گەلێکی بێ توانا و ژێردەست بەرەنگاری دام و دەزگای گەورەی سەرکوتکردن دەبێتەوە بۆ هێنانەدی مافەکانی خۆی .

٨- ڕاپەڕینەکە نەریت و ڕەفتار و هوشیاریی کۆمەڵایەتی شێواو کە ڕژێم خولقاندبووی شلەقاند و پەردەی لە ڕووی ئەو تێزانە هەڵماڵی کە شلەژانی واقیعی کورد و کوردستان دێننە ئاراوە .

## ڕاستییە وەدەستهاتووەکان

ڕاپەڕینەکەی خوارووی کوردستان لەماوەی تەمەنی کورتی خۆیدا ، چەند ئەرکێکی بنچینەیی جێبەجێکرد و بایەخی بۆ چەند ڕاستییەکی گرنگ گێڕایەوە کە شوێن پەنجەیان بە سروشتی قۆناغی داهاتووەوە دیاردەبێ :

١- لەگەڵ ڕاپەڕین دا ، جارێکی تر گەڕاینەوە بۆ خاڵی سەرەتایی ، واتە بۆ جەماوەر کە مەسەلەی خۆی بەدەستەوە بگرێت و خۆی ببێتە ئەو دەریایەی گشت ڕێکخراوەکان مەلەی تێدا دەکەن نەك پاشکۆیەکی بێ ئیرادە و ویستی ئەو ڕێکخراوانە .

٢- ڕاپەڕینەکە نموونەیەکی شۆڕشگێڕانەی تازە بوو لەسەر زەمینەی کوردستان ، بانگەوازی لەدایکبوونی شێوەیەکی نوێی کاری شۆڕشگێڕانەی ڕاگەیاند ، کە دوورە لە نموونەی ئیرادەگەریی و پیلانگێڕییەوە ، واتە ئەو نموونەیەی لەپشت سەری جەماوەرەوە و لەسەر حیسابی بەرژەوەندییە بنچینەییەکانی زەمینەی بۆ سازدەکرێ ، ئەگەرچی دروشمی بریقەداریش بۆ داکۆکی لێکردنی بەرزبکرێتەوە . هەروەها دوورە لە کاری ڕیفۆرمیستییەوە کە دەستکەوتی سیاسیی سەرەکی لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتیدا دەکاتە قوربانی دەستکەوتی سیاسی ڕۆژانە .

٣- ڕاپەڕینەکە ئەوەی دووپاتکردەوە کە فاکتەری خۆیی ـ ناوەکی بنچینەیە بۆ گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی لە واقیعدا ڕوو دەدەن و فاکتەرە دەرەکییەکان لەڕێڕەوی کاریگەریی فاکتەری خۆیی ـ ناوەکیدا نەبێ بەری خۆیان نادەن . چونکە پشتگیری و یارمەتی دۆستان یان بەتەنگەوە هاتنی مرۆڤ دوستان ـ لەگەڵ گرنگییاندا ـ ناتوانێ ببێتە ئەڵتەرنەتیڤی بەهێزکردن و پتەوکردنی توانای خۆیی و مەسەلەی کورد کێشەی کوردە بە پلەی یەکەم و کەس وەك ئەو ناتوانێ چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە .

٤- ڕاپەڕینەکە کۆتایی بەبێ‌موبالاتی بەرامبەر مەسەلەی کورد هێنا و ڕای گشتی جیهانی بەجۆرێك بزواند کە دەنگوباسەکانی کوردستان لاپەڕەی پێشەوەی هەموو ڕۆژنامەکان و دەستپێکی هەواڵی گشت ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی دنیایان داگیرکرد .

٥- ڕاپەڕینەکە و سەرەنجامەکەی سەلماندیان کەهێزی گەل لە ژمارەی دانیشتوان و توانا بەدەستەوەکاندا نیە ـ لەگەڵ گرنگییاندا ـ بەڵکو لە پلەی کۆشکردن و ڕێکخستنی سیاسییاندایە . واتە هێزی گەل لە بەشداریکردنی هەموو وزە و توانایەکدایە کە لەچوارچێوەی کارلێکردن و پەیوەندیدایە و لە پارچەپارچەیی و جیاخوازی دوور دەکەوێتەوە و لە تێکۆشاندایە بۆ تەواوکردنی ئەرکی قۆناغ .

## تێکشکانی ڕاپەڕینەکە

ئەگەرچی جەماوەری چەوساوەی خوارووی کوردستان لەکاتی ڕاپەڕینەکەدا ئەوەی سەلماند لەگەڵ کاری شۆڕشگێڕانەدایە و ئامادەیە داکۆکی لە دەستکەوتەکانی خۆی بکات و لەپێناو پوچەڵکردنەوەی پیلانەکانی ڕژێمدا خۆی بەخت بکات ، ئەگەرچی فیداکارییەکی بێوێنە و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی مەبدەئیانەی نواند و توانی جوامێرانە بێبەبێ ناوچەکانی وڵاتەکەی ڕزگاربکات ، کەچی بەداخەوە ڕاپەڕینەکە تەمەنی کورت بوو و بەری هەوڵ و کۆششە بێوچانەکەی جەماوەریش هاتنەئاراوەی کارەساتێکی گەورە و ترسناك بوو کە لەمێژووی میللەتەکەماندا بێوێنەیە و بۆتە هۆی شەهیدبوونی هەزاران نەوەی گەلەکەمان و ئاوارەبوون و لەوڵاتی خۆ هەڵکەندنی بەکۆمەڵی کورد . بێگومان ئەمە یەکەمین جار نیە خەباتی جەماوەری چەوساوەی کوردستان

وا بێ سەمەرەبی و کارەساتی گەورەی بەدوادا بێ ، بەڵکو بەدرێژایی مێژووی نوێی گەلەکەمان چەندین ترازیدیای وا رویانداوە .

لێرەدا دەبێ بپرسین : بۆچی راپەرینەکە وای بەسەرهات و ئەو کارەساتە کەوتەوە ؟ کێ بەرامبەر بەوە بەرپرسیارە ؟ بۆ وەڵامی ئەمە ، هێزە سیاسییە تەقلیدییەکانی کورد هەمیشە وەڵامی ئامادەکراویان‌هەبووە : " نەبوونی دۆست و هاوپەیمان " ، " دەست بەرداربونی ئەمریکا و هێزەکانی دی لە پشتگیریکردنمان " ، " درندەیی رژێمی عیراق " و شتی لەو جۆرە . لە راستی‌دا بۆ گەران بەدوای راستی ئەو مەسەلەیەدا ، پێویستە هۆی ئەوەی رووبدا ئاراستەی هێزە سیاسییە تەقلیدییەکانی کورد بگرێت و تەنیا پەنجەی تاوان بۆ هێزە ئیمپریالیستیەکان ـ بەتایبەتی ئەمریکا ـ یان دام و دەزگا درندەکانی رژێمی فاشی عیراق رانەکیشرێ . چونکە ئەگەرچی پیلانی گەورەی هێزە ئیمپریالیستییەکان لەئارادا بوو و درندەیی رژێم لەبەرچاو بوو ، بەڵام خۆ راپەرینەکە خۆی لەناوەرۆکدا لەدژی ئەوانەیە و دەبوایە پێشبینیی شتی لەو جۆرە بکرایە ، بەتایبەتی کە ئێمە خاوەنی ئاقیکردنەوەو بەندی زۆرین لەم بوارەدا . ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی ترەوە هەبوونی پیلانی ئیمپریالیستی مانای‌شیاوی سەرکەوتنی ناگەیەنی ئەگەر خۆمان لەئاستی‌دا وریابین ، درندەیی رژێمیش مانای تێکشکاندنمان ناگەیەنی ئەگەر بەچاکی خۆمانی بۆ ئامادەبکەین .

ئاشکرایە " راپەرین ، وەك جەنگ و هەموو هونەرەکانی دی ، هونەرە و خاوەنی یاسای تایبەتی خۆیەتی کە ئەگەر پشتگوێیان خست ، راپەرینەکە تێکدەشکێ و کارەساتی گەورە دەکەوێتەوە " . لەم بوارەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین ، کە راپەرینەکە بە تەنیا لەبەر ئەوە تێکنەشکا چونکە "پیلان" لەئارادابوو و " درندەیی رژێم " بێ‌سنوور بوو ، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو وەك هونەرێکی خاوەن یاسای تایبەتی رەفتار لەگەڵیدا نەکرا و بایەخ بەسروشتی جەماوەریی نەدرا و دەرك بە نیشانە جیاکارەکانی ئاستی‌نێونەتەوەیی لەجیهان‌دا نەکرا و حیسابی ورد بۆ توانای رژێمی فاشی‌ی عیراق پاش جەنگ نەکرا و ... هتد . ئەمەش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە سیاسەتی کورد تا رادەیەکی زۆر هەستی‌یە و پشت بەشیکردنەوەی زانستی نابەستی . ئەمەش وای لێکردووە لەواقیع دابڕێ و بکەوێتە نێو دەریای برگماتیزمەوە و بەئاسانی ببێتە نێچیری تۆری حیساب نەکردی ورد و تەواو و ستراتیجیەتی ئیمپریالیزم . بەو جۆرەش کاری سیاسی کورد وەك پاڵەوانبازی سێرکی لێهاتووە و ستراتیجیەتی روونی نیە و تەکتیك لەلای بۆتە " تەکتەکە " کە شێلگیری پرۆژەی سیاسی لەناو دەبات و رێگە لە بەردەوامی دەگرێت . هەر لەبەر ئەمەیشە ، شۆرشگێریەتی ئەم جۆرە سیاسەتکردنە هەستی‌یە بەخێرایی دەگۆرێ بۆ بێ‌هیوایی و رەش بینی و هەڵشاخان بەدار و بەردداو تاوانبارکردنی هەرچی دەست بکەوێ .

بە هەرحاڵ ، سەرەرای ئەوانەی باسکران ، دەشێ لێرەدا هێما بۆ هەندێ هۆی تریش بکرێ کە تێکشکانی راپەرینەکە و ئەو کارەساتە گەورەیەیان هێنایەئاراوە :

١- راپەرینەکە زەمینەسازی تەواوی بۆ نەکرابوو و لە کاتی خۆیدا بەپێی یاسا بابەتیەکانی هونەری‌راپەرین ئەنجام نەدرا و زیاتر سروشتی ئیرادەگەریی پێوەدیار بوو تا راپەرینێکی جەماوەری زەمینە بۆ خۆشکراو .

٢- نەبوونی پەیوەندی گونجاو لەنێوان پێکهێنەرەکانی راپەرینەکەدا و بەرنامەیەکی روون و ئاشکرا و شیاو بۆ قۆناغی رزگارکردن و قۆناغی دوای ئەو . لەئەنجامی ئەمەش پێشبرکێی نامەدەنی لەپێناو بەرژەوەندی تەسکدا برەوی سەند و پارچەپارچەیی کەوتەوە و کاری‌هەرەمەکی جێی بەکاری شێلگیرانە چۆڵکرد .

٣- کەنارگیرکردنی جەماوەر لەلایەن هێزە سیاسییە تەقلیدییەکانی کوردەوە و زەوتکردنی بریاری رۆژانە و خنکاندنی سەربەستی‌ی دەربرین و رێکخستنی ، هەروەها بایەخ نەدان بە گۆشکردن و رێکخستن وچەکدارکردنی .

٤- بەردەوام نەبوونی راپەرینەکە و پەند وەرنەگرتن لە وانە و پەندەکانی و بەرزنەکردنەوەی دروشمی راست و دروست لەکاتی گونجاودا .

٥- لاوازیی ئامادەیی سەربازی هێزی پێشمەرگە . ئەمەش بووە هۆی وەرگرتنی شوێنەواری بەرگری و لەدەست دانی دەستپێشکەری و هێرش بردن کە مەرجی سەرەکی سەرکەوتنن .

٦- لە هەمووی گرنگتر ، نەبوونی سەرکردایەتیەکی‌شیاو بۆ راپەرینەکە ، چونکە ئەو سەرکردایەتیە تەقلیدییەی لە ئارادا بوو لەتوانایدا نەبوو رابەرایەتی راپەرینێك بکات کە زۆر لەو گەورەترە .

### " گەمەی مفاوەزات "

دوای ئاقیکردنەوەی راپەرینەکەی خوارووی کوردستان‌و

ئەو کارەساتە تراژیدییەی بەدوایدا هات ، پاش شەهیدبوونی سەدان هەزار کورد و ئەو هەموو تاوانەی رژێمی فاشیی عیراق لە کوردستان ، جارێکی تر دەنگوباس سەبارەت بە " مفاوەزات " بلاوبوویەوە . ئەمجارەیان بەهانەی " مفاوەزات "ەکە لەوەی جاران ناچێ و تارادەیەکیش بەسەر هەندێ خەلکدا تێپەردەبێ و لۆژیکی خۆی دەنوێنێ . بەهانەی ئەمجارەی " مفاوەزات "بریتییە لە : " بوونی نزیکەی ٣ ملیون کوردی پەنابەر و ئاوارە ، کە پێویستە بگەرێنەوە سەر مال و حالی خۆیان ، بۆ ئەوەی کورد نەتوێتەوە و ئەرمینیایەکی تازە نەیەتە ئاراوە" ، " نەبوونی دۆست و هاوپەیمان بۆ پشتگیریکردنی خەباتمان و دەست برینی ئەمریکا وایان کرد هیچ چارەسەرێکی ترمان نەمێنێ جگە لە مفاوەزات " .

لەراستیدا ، کاتێ سەرکردایەتیەک هەلوێستێکی سیاسی وەردەگرێ ، ملکەچی حەتمیەتی فیزیاوی نیە ، بەلکو لەنێو چەند هەلوێستێکدا هەلیدەبژێرێ ، ئەم هەلبژاردنەش ناوەرۆکێکی سیاسی هەیە و دەربری هەلوێستی چینایەتی و فیکرییە ، هەروەها رەنگدانەوەی هەلومەرجی چواردەوری سەرکردایەتیەکە .بەم پێیەش شتێکی سروشتی و رەوایە لێپرسینەوەی ئەو سەرکردانە هەبێ و بەپێی هەلوێستیان سزابدرێن یان خەلاتکرین . جا ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری " مفاوەزات "ەکەی ئەم دواییەی بەرەی کوردستانی بکەین ، دەتوانین بلێین :

شتێکی بەلگەنەویستە کە جەنگ یان راپەرینی جەماوەری ئامرازە بۆ هێنانەدی ئامانجی سیاسی دیاریکراو. لەم بوارەدا ئاشکرایە ئامانجی سەرەکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسە . بێگومان لەرێرەوی پرۆسەی ململانێی نێوان بزووتنەوەکە و رژێمی فاشی عیراقدا ، دەشێ سازشکردن بێتە ئاراوە ، بەلام هەرگیز نابێ سازشەکە جێگەی‌بەرنامەی بزووتنەوەکە بگرێتەوە و ئامانجە ستراتیجیەکەی فەرامۆشکرێ . کەچی ئەوەی لای هەمووان روونە ئەوەیە ، ئەم رێبازەی سازش ، وەك پێداویستییەکی کاتی و تەکتیکی ، لە لای ئێمە قلپ بۆتەوە . چونکە سازش بۆتە بەشێك لەبەرنامەی هێزە سیاسییە تەقلیدییەکانی کوردستان . لەسایەی ئەم قلپبوونەوەیەش ، خەباتی چەکداری و راپەرینی جەماوەری و جۆرەکانی تری خەبات ئامرازی یەکلاکردنەوەی ململانێی نێوان رژێم و چەوساوەکانی کوردستان نیە ، بەلکو ئامرازی کاتییە بۆ بزواندنی پرۆسەی " مفاوەزات ". لە سێبەری ئەم هاوکێشە قلپکراوەیەشدا ، دانیشتن لەگەل رژێم و رێکەوتن لە تەکیا لەسەر " ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بەپێی رێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ "و" دیموکراتی بۆ عیراق " هەمیشەی جێی ئامانجی سەرەکی‌وستراتیجی بزووتنەوەکەی گرتۆتەوە .

لێرەدا ناکۆکی لەسەر ئەوە نیە ، دەبێ سازش بکرێ یاخود نە؟ بەلکو لەسەر ئەوەیە : ١) ئایا سازشەکە بەرنامەی سیاسی‌ی‌هێزەکانە یان پرۆسەیەکی کاتی کە دەشێ لەرێگەی خەباتدا قبوول بکرێ ؟ ٢) ئایا هەلوێست بەرامبەر سازش لەساتەوەختێکی دیاریکراودا بە پێی بریاری خۆییە یاخود بەپێی تەرازووی هێزەکان ؟.

سەبارەت بە خالی یەکەم ، مێژووی نوێی گەلەکەمان هەر لە بزووتنەوەکەی ئەیلولی (١٩٦١)ەوە تا ئەمرۆ ئەوەی دووپاتکردوتەوە کە " مفاوەزات " بەرهەمی بەو بەهانانە نەبووە کە سەرکردایەتی هێزە تەقلیدییەکان دەریان‌بریبووەو پرۆسەیەکی کاتی نەبووە کەدەشێ لەرێگەی خەباتدا قبوول بکرێ ، بەلکو بەرنامەی سیاسی‌ی هێزەکان بووە ، ئەوەتا یەکێك لەسەرکردە تەقلیدییەکانی کورد دەلێ : **" مێژووی شۆرشی کوردستانی عیراق بریتی بووە لە شەری پێشمەرگانە و گفتوگۆکردن و تەقەوەستاندن ، ئینجا شەربوونەوە و گفتوگۆکردنەوە ، دیسان دووپاتکردنەوەی‌شەرو ئاشتی "**. سەبارەت بە خالی دووەمیش ، هەلوێست وەرگرتنی " مفاوەزات "ەکە بەپێی تەرازووی هێزاکان نیە و زیاتر بریاری ئیرادەگەرییانەی هێزەکان خۆیانە. چونکە ئەگەر وا نەبێ ، ئایا نەدەکرا لەکاتی گرتنی شارەکاندا و لەشوێنەواری بەهێزییەوە " مفاوەزات " لەگەل رژێمدا بکەن‌و دەستکەوتی چاکتر بەدەست بهێنن و گەلەکەیشمان لەو کارەساتە تراجیدییە بپارێزن ؟ دیارە کارەساتەکە خۆی پێداویستیەکی گرنگ بوو بۆ بەجیهانیکردنی مەسەلەی کورد لەپێناو" ئۆتۆنۆمی " دا نەك مافی دیارکردنی چارەنووس ، کە نەك هەر مافی رەوای گەلی کورد دەرنابرێ، بەلکو بەکەمتر لە مافی دیاریکردنی چارەنووس قبوولکردن مانای گێرانەوەی بزووتنەوەکەیە بۆ قۆناغی پێش راپەرین و رازی بوونە بە سیاسەتی دابەشکردنی کوردستان و سنوورە دەستکردەکەی داگیرکەران ؟!

## گۆرانکاریی پێویست

بەر لەوەی باس لەم مەسەلەیە بکەین ، بە پێویستی دەزانین هێما بۆ هەندێ تیروانینی نامۆ بکەین کە

دوای کارەساتە تراجیدییەکەی کوردستان سەریان هەلداوە، لەوانە : هانابردن بۆ زلهێزەکانی دنیا ـ بە تایبەتی ئەمریکا ـ بۆ پاراستنی گەلی کورد و رزگارکردنی لەدەستی رژێمی فاشی‌ی عیراق ، پەنابردن بۆ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دابینکردنی مافە رەواکانی میللەتی‌کورد .

لەراستی‌دا ،ئەم مەسەلەیە پێویستی بەلێکۆڵینەوەی قووڵ و زانستی و بەکۆمەڵ هەیە ، ئەمەش نەک تەنیا لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە تێروانینە ئەمرۆ بۆتە مۆدێلێک و حەڵکانێکی زۆری بەدوای خۆیدا وێڵ‌کردووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی چارەنووسی گەلەکەشمان لەدەستی خۆمان دەستێنێ و دەیداتە دەست ئەوی دی ـ الآخر ـ ، بەمجۆرەیش جارێکی دی زەمینە بۆ خستنەوەی کارەساتی گەورەتر و دڵتەزێن‌تر دەکەوێتەوە . لەم بوارەدا بەچاکی دەزانین ئەم چەند تێبینی‌یە راگوزارییە دەربڕین ، بەو هیوایەی لەدەرفەتێکی تردا بەتێر و تەسەلی قسەی لەسەر بکەین :

سەبارەت بە هانابردن بۆ زلهێزەکان ـ بە تایبەتی ئەمریکا : ١) زلهێزەکانی دنیا لەروانگەی تایبەتی و شوێنەواری بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە و بەپێی شیکردنەوەو لێکدانەوەکانیان بۆ دیاردە جۆربەجۆرەکانی جیهان دەڕواننە مەسەلەی کورد و رووداوەکان ، ئەمەش لە زۆر کاتدا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی گەلی کورددا ناکۆک بووە . هەروەها ریزبەستنی کێشەی کورد لە لیستەی ئەو کێشانەی جێی بایەخ‌پێدانی زلهێزەکانە هەمیشە بەو جۆرە بووە کە نەک هەر لەگەڵ کێشەی کورددا هاوتانیە ، بەڵکو هاندەریش نیە بۆ ئەوەی ئەو زلهێزانە راستەوخۆ دەست بخەنە نێوییەوە . بەم پێیەش ئەگەر جاروبار زلهێزەکان بایەخیان بە کێشەی کورد دابێ ، ئەوا بۆ ئەوە نەبووە کێشەکە چارەسەر بکەن ، بەڵکو یان بۆ بەکارهێنانی بووە لە مەیدانی گەمەی سیاسی‌دا یاخود بۆ پاساودانی راستی‌ی رۆڵیان بووە لە خوڵقاندنی کارەساتی گەورەدا کە بەسەر کورددا هاتووە . ٢) ململانێی زلهێزەکانی دنیا لەرۆژهەلاتی‌ناوەراستدا بۆ دەستەمۆکردنی زیاتری گەلانی ناوچەکە و گۆڕینی سروشتی رژێمەکانی هەرێمەکە بوزە،بەو شێوەیەی هەم بەرژەوەندییان بەچاکی بپارێزرێ و تازانجی زیاتر وەدەست بهێنن ، هەم " گرێی ئاڵۆزی "ی ناوچەکە لەرێگەی کۆنترۆڵکردنی سەربازی‌وسیاسی و ئابوورییەوە خاوبکەنەوە . لەم روانگەیەشەوە ، ئەو زلهێزانە دژی رزگاری کوردستانن ، چونکە کاریگەریی سەلبی لەسەر پیلان و بەرژەوەندییەکانیان دەبێ و " گرێی ئاڵۆزی " بەهۆی وروژاندنی رژێمەکانی تورکیا و ئێران و ولاتە عەرەبیەکانەوە گرژتردەکانەوە . ئەمە جگە لەوەی سروشتی سەرمایەداری و ئیمپریالیستانەی ئەو زلهێزانە کە رێگە بە رزگاری تەواوەتی هیچ گەلێک نادات .

دەربارەی پەنابردنیش بۆ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان:

١) لەبەر ئەوەی هەڵوێستی رێکخراوی ناوبراو بەرامبەر بە مەسەلە جۆربەجۆرەکان ـ لەوانە کێشەی کورد ـ لەژێر فشاری چەندین لایەن و کاریگەریی تەرازووی هێزەکان و بەرژەوەندی زلهێزە بڕیاربەدەستەکاندایە ، بۆیە ناشێ هیچ گەلێک چارەنووسی خۆی بە بڕیارەکانی ئەو رێکخراوەوە ببەستێ . ئەمە بەو مانایە نیە کە بڕیارە نێونەتەوەییەکانی سەبارەت بە کێشەی کورد بێ‌بایەخن و دەبێ پشتگوێ بخرێن ، چونکە هێزی مەعنەوی بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان دەدەن و دەرگا داخراوەکانی جیهان بەرویدا دەخەنە سەر گازی پشت و زەمینە بۆ دیالۆگ لەگەڵ مرۆڤایەتیدا خۆش دەکەن ، بەڵکو بەو مانایەی کە نابێ ئەو بڕیارانە جێ بە کۆشش و هەوڵدانی خۆیی چۆڵکەن .

٢) گرنگی بڕیارەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تەنیا لە هێزی مەعنەوی‌دا نیە ، بەڵکو پێویستی بەهێزێکی مادیش هەیە بۆ جێ‌بەجێکردن لەواقیعدا . لەم بوارەدا ، هەتا ئەمرۆ رێکخراوی ناوبراو چەندین بڕیاری بۆ لەنێوبردنی کۆلۆنیالیزم و پشتگیریکردنی بزووتنەوە رزگاریخوازەکان و مافی‌بڕیاردانی چارەنووسی گەلان و پاراستنی ئاشتی‌ی جیهان دەرکردووە ، بەڵام ئایا هیچ کاتێک بەکردەوە و بەهێزی تایبەتی بۆ جێ‌بەجێکردنی ئەو بڕیارانە هەوڵی‌داوە ؟ ئەوەی شایانی باسە، ئەو رێکخراوە مافی سەربەستی بۆ گەلانی وەک ڤێتنام و کوبا و جەزائیر و ئەنگۆلا و ئەوانی تر دابین نەکرد ، بەڵکو ئەو گەلانە بە خەباتی خۆیان رەوایی‌بوونی ئەو مافەیان سەلماند .

بەهەرحاڵ دەشێ بپرسین : چۆن گەلێکی ژێردەستی ولات داگیرکراو دەتوانێ داکۆکی لە ناسنامە و مێژوو و فەرهەنگ و رۆحی خۆی بکات ، ئەگەر پشت بە یەکێک جگە لە خۆی ببەستێ ؟ وە دەشێ بڵێین : ئەو گەلە ژێردەستەیەی خولیای دەربڕینی بانگەوازی فریاکەوتن و پشت بەهێزی دەرەکی بەستنە ـ تەنانەت ئەگەر دۆستیش بێت ـ بۆ رزگارکردنی خۆی ، گەلێکی بەرگریکەر نابێ لە ناسنامە و رۆح و کەرامەتی خۆی و هەمیشە دەبێتە خۆراکی داوی ئەو پیلانانەی بۆ ژێردەستەییکردنی دادەنرێن ، چونکە شان بە شانی ئەوەی گەل هەیە

ژێردەست و پاشکۆیە بەهۆی داگیرکردنەوە ، کەلیش هەیە ژێردەست و پاشکۆیە بەهۆی " ڕزگار " بوونەوە . بەڵام ئەو گەلە ژێردەستەیەی لەکاریگەریی کارەسات ڕزگاری دەبێ و باوەڕ بەخۆی پەیدادەکاتەوە و وزە و توانای بۆ خەبات و بەرەنگاربوونەوە دەخاتە گەڕ و پەند لەئاقیکردنەوەکان وەردەگرێ ، بێگومان لە دوائەنجامدا تێکشکان دەگۆڕێ بە بزوێنەرێکی تێکۆشان و ئاسۆدەربڕێکی ڕێگای ڕزگاری .

* * * *

ڕووداوەکانی سەردەمی ڕاپەڕینەکە و کارەساتەگەورەکەی بەدوایدا هات ، جارێکی تر ئەوەیان دووپاتکردەوە کە بزووتنەوەی سیاسیی کورد تەقلیدییانە و کۆنپارێزە . ئەمەش ڕێگای لەوە گرتووە بتوانێ هوشیاریی گونجاو و تەبا بخەملێنێ و لەدوائەنجامدا دەستەوەستاو بێت لە ئاستی کاری شۆڕشگێڕیدا ، بەتایبەت لە ساتەوەختە لەبارەکاندا . هەروەها بۆتە هۆی ئەوەی نەتوانێ لەڕووداوەکان تێبگات و پێشبینی گۆڕانی تەرازووی هێزەکان بکات . لەبەر ئەوەیش لووتی دای بەبەردی واقیعدا و لەڕۆمانسییەتی شۆڕشگێڕیەوە بازی دایە نێو دەریای خۆبەدەستەوەدانی " واقیعی "یەوە . ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێتەوە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بەو شێوەیەی ئێستا هیچ بەهیچ ناکات و دەبێ لەقۆناغی شۆڕشگێڕییەتی سەرەتاییەوە بگوێزرێتەوە بۆ قۆناغی شۆڕشگێڕییەتی هاوچەرخ و عەقڵانی . بۆ ئەمەش سیاسەتێکی نوێ پێویست و گرنگە ، چونکە تەنیا ئەمجۆرە سیاسەتە لە توانایدا هەیە کارێکی مێژوویی وا ئەنجام بدات کە پرۆسەی پاشەکشە و هەرەسهێنان کۆتایی پێ بهێنێ .

بەم پێیە ناوەڕۆکی ئەرکی هێز و کەسە گۆڕانکاریخوازە ڕادیکاڵیەکانی کوردستان بریتی دەبێ لە: خەملاندنی **هەلومەرجی ئایدیۆلۆژی و سیاسی پێویست بۆ گوێزانەوەی خەبات لە شێوازێکی تەقلیدی و کۆنەوە بۆ شێوازێکی هاوچەرخ و نوێ** . ئەرکێکی وەها مەزن پێویستی بەوەیە هێز و کەسە گۆڕانکاریخوازە ڕادیکاڵەکانی کوردستان ڕووبکەنە بیرکردنەوەی لەسەرخۆ و پاچوونەوەی هەمەلایەن و وروژاندنی کێشەکان لە هەموو بوار و ئاستە جیاجیاکاندا ، دەرگا بەڕووی سەرلەنوێ ناسینەوەی هەموو شتەکاندا بخەنە سەر گازی پشت ، چونکە ئەو شکستەخواردنەی ئەمڕۆ بەدی دەکرێت ،دیاردەیەکی کاتی و ڕواڵەتی و لاوەکی نیە ، بەڵکو هۆی قووڵی هەیە و پەیوەندیدارە لەگەڵ ژیانی کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و سیاسی و ئایینی و ڕۆحیدا کە شاردراوەن و دەبێ بۆ دۆزینەوەیان هەوڵ بدرێ . هەروەها پێویستی بە هوشیارییەکی ڕەخنەگرانە هەیە، ئەو هوشیارییە جەنگاوەرەی لەئاستی سیاسەت دا ڕاناوەستیو توانای هەیە بچێتە قولایی و ناخی کۆمەڵگاوە و پەردە لە ڕووی هەموو جۆرە تێڕوانین و دیاردە و پراکتیکێکی نامۆ هەڵماڵێ و ڕیسوایان بکات . جگە لەوانە، ئەرکێکی وا گرنگ مەحاڵە بەباشترین شێوە ئەنجام بدرێ ، ئەگەر کۆشکردن و بەشداریکردنی بەکردەوەی جەماوەری تێدا نەبێ و پرنسیپی دیموکراتیەت بەردی بناغەی پێك نەهێنێ.

**کۆتایی ئایاری ١٩٩١**

ڕاپەڕینەکانی خوارووی کوردستان

شیروان

# چەواشەبوونی تێڕوانینی سیاسی سەرەتای خستنەوەی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی چەواشەیە

دوای پاشەکشەکەی سۆڤێت و بلۆکی خۆرهەڵات و ریسوابوونی قوتابخانە فیکرییە سۆسیالیستییە نەزۆکەکەی سۆڤێت و هاتنەکایەوەی " گلاسنۆس و پیرۆسترۆیکا " ئەوە سەلمێنرا کە " گلاسنۆس و پیرۆسترۆیکا " ئەنجامێکی لۆژیکی چەواشەکردنی پرۆسەی گەشەکردنی بنەمای ئابووری و کۆمەڵایەتی سۆڤێت و وولاتانی تری بەناو سۆسیالیستییە ، کە ئەمیش خۆی لەخۆیدا لە دەسەڵاتی پارت و دەوڵەت بەسەر ئۆرگانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت و قۆناغێکی تەواوکەر و بەشێکی دانەبڕاوی ئەو پرۆسە چەواشەیەن ، چونکە " گلاسنۆس و پیرۆسترۆیکا " نەك هەر نەیانتوانی ـ وەك دوو فاکتەری سیاسی ـ ئابووری ـ ڕۆڵی پێشکەوتنخوازانە لەو کۆمەڵگایانەدا ببینن ، وەکو لەسەرەتادا بانگەوازی نوێکردنەویان " تجدید " بۆ دەکرد ، بەڵکو تەنیا دوو ئامرازی سیاسی ـ ئابووری بوون بۆ ئاشکراکردنی ئەو کێشانە و هیچی تر .

" گلاسنۆس و پیرۆسترۆیکا " ، وەکو تەواوکەری پرۆسە سیاسییەکەی پێش خۆی ، هیچ گرنگییەکی نەدا بە ڕۆڵی سۆڤیەتەکانی کارگەران لە کارگەکاندا و بەرهەمی ماددیی کۆمەڵایەتی لەژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی پارت و دەوڵەت ڕزگار نەکرد . واتە دابەشکردن و بەرهەمهێنان ، کە بەپلەی یەکەم ئەرکی سۆڤیەتەکانی کارگەرانن ، بۆ ئەوەی پرۆسەی " نوێکردنەوە " کە لەژێرخانەوە بەرەو سەرخان هەڵکشێت ، بە پێچەوانەوە " گلاسنۆس و پیرۆسترۆیکا " ش لەسەرخانەوە بۆ ژێرخان ڕۆچوون . ئەم پرۆسە چەواشەیەی " گلاسنۆس و پیرۆسترۆیکا " بە پێویست تێڕوانینێکی فیکری و سیاسی چەواشەشی لەئاستی جیهاندا خستەوە ، بە گوێرەی ڕۆڵی سۆڤێت و ئەو وولاتانە لەسیاسەت و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی جیهاندا .

لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە ، " گلاسنۆس و پیرۆسترۆیکا " لەژێر دروشمی " **ئاشتی جیهانی ، دیموکراسیەت ، مافی مرۆڤ** " دا خۆی ئاشکراکرد . ئەمە خۆی لە خۆیدا و بەبێ جەغدکردن لەسەر ڕۆڵی ململانێی چینایەتیکە و ناکۆکی نێوان هەردوو شێوە بەرهەمهێنانی کەپیتالیستی و سۆسیالیستی و کاریگەربیان بۆ سەر " ئاشتی جیهانی ، دیموکراسیەت ، مافی مرۆڤ " ئەوە دووپات دەکاتەوە کە " گلاسنۆس و پیرۆسترۆیکا " دوو دیاردەی سیاسین ، دەیانەوێت لەسەرخانەوە بەرەو ژێرخان ڕۆچن . بۆیە هەر لەسەرەتاوە چاوەڕوانی تەبایی لەگەڵ سەرجەم بەرژەوەندییەکانی سیستەمی کەپیتالیستی ئەمڕۆی جیهاندا لێ دەکرا .

" گلاسنۆس و پیرۆسترۆیکا " ئاشتی جیهانی لە دووتوێی سیاسەتی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی سۆڤێت و ئەمریکاوە لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی جیهاندا دەبینێت و هەر لە هەمان سیاسەتیشەوە هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوچەییەکانی جیهان دەنێت . لێرەدا " گلاسنۆس و پیرۆسترۆیکا " ئاشتی بە ئەرکی دەوڵەتان دەزانن و نای بەستنەوە بە دینامیکیتی شێوەی بەرهەمهێنانی

کەپیتالیستییەوە و رەنگدانەوەی بۆ سەر سیاسەتی جیهان. دیموکراسیەتیش ، وەکو هەموو وولاتانی کەپیتالیستی تر ، تەنیا لایەنە یاساییەکەی دەبینن ، بۆیە بە ئەرکی دەولەتی دەزانن و گرێی نادەنەوە بە گەشەکردنی پرۆسە ئابووری و ئۆرگانە کۆمەلایەتیەکانەوە ، هەر لێرەیشەوە شێوە دیموکراسیەتەکەی کۆمەلگا کەپیتالیستەکان لەلایەن "گلاسنۆس و پیرۆسترۆیکا "وە سەرچاوە هەلدەگرێت .

هەروەک چۆن " گلاسنۆس و پیرۆسترۆیکا " دوو دیاردەی چەواشەن ، ئاواش مافی مرۆڤ بە چەواشەی لۆگیکە مێژووییەکەیەوە دەبینن ، واتە مرۆڤ وەک ئامراز لەپێناو قازانجدا نەک وەک کەسایەتییەکی رێزە سەربەست لە کۆمەلگادا کە رۆلی لە دابینکردنی چۆنیەتی گەشەکردنی پرۆسە ئابووری و کۆمەلایەتییەکە هەبێت . لێرەشدا " گلاسنۆس و پیرۆسترۆیکا " تەنیا لایەنی یاسایی مافی مرۆڤ دەبینن ، بۆیە بە هەمان شێوەی سیستەمی کەپیتالیستی دەیانەوێت مرۆڤ وەک ئامرازێکی لاوازی بەرهەمهێنان مافەکەیشی : " مافی مرۆڤ " بە ئاستی تەنگوچەلەمە ئابووری و سیاسییەکانی سیستەمی باوەوە راڤە بکەن . لە ئەنجامی ئەم تێروانینەی " گلاسنۆس و پیرۆسترۆیکا " بۆ مافی مرۆڤ ، کەسایەتی و مرۆڤ و مافەکیشی رەهەندی (بُعد) کۆمەلایەتی خۆیان لەدەست دەدەن . بۆیە " گلاسنۆس و پیرۆسترۆیکا " هیچ پەیامێکیان پێنەبوو جگە لەوە نەبێ **"بۆ ئەوەی نەخنکێین ، دەبێت خۆمان هەلدەینە ناو کەشتیە مۆدێرنەکەی سیستەمی کەپیتالیستی جیهانەوە ".**

ئەم بانگەوازەی " گلاسنۆس و پیرۆسترۆیکا "تێروانینێکی مێژوویی چەواشەی بەرامبەر بەرەوتی مێژوویی سیستەمی کەپیتالیستی و سروشتەکەی خستەوە و کاریگەرییەکی یەکجار نێگەتیڤانەی بۆ سەر خەباتی جەماوەری چەوساوەی وولاتانی تەوەر هەبوو ، بەهۆی ئەو رۆلە گرنگەی سۆڤێت لە پێشرەوایەتیکردنی ئەو خەباتەدا هەیبوو و لەرێگەی رێکخراوە سیاسییە وابەستەکانییەوە لەوولاتانی تەوەر پێی بەخشرابوو . خەباتی جەماوەری رەنجدەری ئەو وولاتانە بەشێوەیەکی کاتی تووشی سەرگەردانی فیکری و بێباوەری و رارایی هەلوێست وەرگرتن بەرامبەر رووداوە سیاسییەکان بوون و فیکری مارکسیزم و بەرنامەی سیاسی چینایەتی و بەرەنگاربوونەوەی راستەوخۆی بەرژەوەندییەکانی زلهێزە جیهانییەکان لەبەشی هەرە زۆری بیروباوەری سیاسیی رێکخراوەکانی وولاتانی تەوەر سڕێنرانەوە . بەمەش " گلاسنۆس و پیرۆسترۆیکا " شەرعیەتێکی کاتیان بۆ سیستەمی کەپیتالیستی لەناو جەماوەری رەش و رووتی وولاتانی تەوەردا خستەوە .

" گلاسنۆس و پیرۆسترۆیکا " نەک هەر نەیانتوانی کاریگەریی پۆزەتیڤانەیان بۆ سەر رەفتاری زلهێزە جیهانییەکان بەرامبەر خەباتی جەماوەری رەنجدەری وولاتانی تەوەر هەبێت ، بەلکو بەپێچەوانەوە لەسەر حیسابی بەرژەوەندییەکانی رەنجدەرانی ئەو وولاتانە ، زلهێزەکان درندانەتر کەوتنە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسی و سەربازییانە کە لەئەنجامی " گلاسنۆس و پیرۆسترۆیکا " لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی جیهاندا دروست ببوون ، بە مەبەستی سەپاندنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان ، وەک لەپرۆسەی هەردوو جەنگەکەی کەنداوی ( عەرەبی - فارسی )دا بۆمان روون دەبێتەوە . ئەگەر بێت و سەیرێکی فاکتەرە سیاسی و سەربازی و ئابوورییەکانی جەنگەکەی ئەم دواییەی زلهێزەکان و رژێمی عیراق دژ بە گەلانی عیراق و ناوچەکە بکەین :

١- پاش قوڵبوونەوەی تەنگوچەلەمە ئابووری و سیاسییەکانی رژێمی عیراق و هێرشەکەی بۆ سەر میرنشینی کوێت و داگیرکردنی و لەبەرچاونەگرتنی هاوکێشە سیاسییە نوێکەی جیهان کە لەئەنجامی " گلاسنۆس و پیرۆسترۆیکا " هاتەئاراوە ، زلهێزەکانی جیهان ئەوەیان بۆ سەلمێنرا کە لەمەودوا لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە گرنگە ناوچەییەکانیاندا ، پێویستیان بە زلهێزی ناوچەیی وابەستە نیە ، بەتایبەتی ئەگەر بێت و ئەو زلهێزە ناوچەییە هەڕەشە لە دەسەلات و بەرژەوەندییەکانیان ، ئەگەر بەشێوەیەکی رێژەییش بێت ، بکات . بۆیە ئەم هەلەیان قۆستەوە بۆ سنووردارکردنی دەسەلاتی سەربازی رژێمی عیراق . لەدووتوێی ئەم هێرشەشەوە گەمارۆدان و کۆنترۆل کردنی هەموو ئەو بزووتنەوە سیاسی و رزگاریخوازانەی ناوچەکە ، کە رەوتی سیاسی و مێژووییان لە بەرژەوەندی ئەواندا نیە . هەر لەبەر ئەو هۆیەشە بەهاتنی ئەو هێزانە بۆ ناوچەکە ، سەرجەمی بزووتنەوە سیاسی و رزگاریخوازییەکانی رەوتی مێژوویی و سیاسییان لەخزمەتی ئەو هێزانەدا نەبوون - ئەگەرچی بزووتنەوەی بۆرجوازیانەش بووبن - گەمارۆ دران .

٢- بە لەبەرچاوگرتنی خالێ یەکەم ، لەبەر ئەوەی کێشە سیاسییەکەی نەتەوەی کورد یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکانی ناوچەکە ، بۆ تێکشکاندنی نەخشەی سیاسی

ناوچەکە کە لەئەنجامی جەنگێکی ئیمپریالیستانە و دژ بە خواست و توانای گەلانی ناوچەکە و لەبەرژەوەندی سیاسی - ئابووری - سەربازی زلهێزە جیهانییەکاندا دارێژراوە، دژەهەڵوێستی ئەم زلهێزانە، لەکاتێکدا خەباتی سیاسی نەتەوەی کورد هەڕەشە لەو نەخشە سیاسییەی ناوچەکە بکات، دەبێت لەپێشچاو بگیردرێت کە ئەم خاڵە لەلایەن هێزە کوردییەکانی کوردستانی عیراقەوە - وەکو پێویست - مامەڵەی لەگەڵ نەکرابوو. سیاسەتی سەددام بەرامبەر بە نەتەوەی کورد و چین و توێژە چەوساوەکانی میللەتی عەرەب لە نێوەند و خوارووی عیراق، وەك تەواوکەری سیاسەتی ئەم زلهێزانە لەناوچەکە و عیراقدا لەپێشچاو نەگیرابوو و ئەو هێزانە هیوایان بە گۆڕانکاری نەخشەی سیاسی ناوچەکە لەلایەن زلهێزەکانەوە هەبوو، هەرچەندە هاتنی زلهێزەکان زیاتر لەپێناو هێشتنەوەی ئەو نەخشە سیاسییەدا بوو بەپلەی یەکەم، بۆ پاراستنی قەوارە سیاسییەکانی ناوچەکە بوو لەو رێگایەوە.

٣- بەهۆی هۆکارە بابەتی و خۆییەکانی ناوخۆی عیراق و جیهانەوە، دابڕینێکی فراوان لەنێوان جەماوەر و سەرکردایەتیە سیاسییەکەی ناوەوەی عیراقدا دروست ببوو، ئەمەش ئەو هەلەی لەدەست ئەو سەرکردایەتیە (بە لەبەرچاوگرتنی ماهیەتیان) سەندبووەوە رژێمی عیراق، پێش هێرشی زلهێزەکان بۆ سەر جەماوەری رەنجدەری گەلانی عیراق، بە راپەڕینێکی جەماوەریی بەرفراوان برووخێنێ و هەلی رەخساو نەداتە دەست زلهێزەکان. بۆیە بە ناچاری لە هەڵوێستێکی هەلپەرستانەوە چاوەروانی ئەنجامی جەنگەکەیان دەکرد، لە دووتوێی ئەم خاڵەشەوە پاشکۆیەتی هێزە سیاسییەکانی ناوخۆی عیراق بۆ سیاسەتی جەنگخوازانەی زلهێزەکان و رژێمی عیراق بەپێویست بەرجەستە دەبێت.

٤- لە ئەنجامی ئەو چەواشەیی و راراییەی لە هەڵوێست و بیروباوەری سیاسی رێکخراوە سیاسییەکانی ناوچەکە بەشێوەیەکی گشتی لە دووتوێی "گلاسنوس و پیرۆسترۆیکا" وە هاتبوونە ئاراوە، زلهێزەکان و رژێمی عیراق توانیان شوێنەواری جەنگخوازانەی خۆیانی پێ بەهێز بکەن، بە پێچەوانەی بزووتنەوە رزگاریخوازی و سیاسییەکانی ناوچەکەوە، کە هەر یەکەیان لەسەر حسابی بەرژەوەندی ئەوی تریان دەیویست ئەم بارە رەخساوە بقۆزێتەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ماهیەتی جەنگەکەو ئەو هێزانەی کە بەشێوەیەکی رێژەیی دژی یەکترن. هەڵوێستی رێکخراوە فەڵەستینیەکان و بەرەی کوردستانی و هێزە سیاسییەکانی تری عیراق، چەواشەییەکی وای خستەوە، کە لەلایەن جەماوەری ناوچەکەوە پەیوەندیە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکان لەنێوان بوونی رژێمی عیراق و داگیرکردنی کوێت و بوونی زلهێزە جیهانییەکان بەو فراوانیە لە ناوچەکەدا، لە روانگەی بیرێکی زانستییانەی رەخنەگرانەوە، پێکەوە گرێ نەدران و وەك یەك پرۆسەی سیاسی - سەربازی لەپێناو گەمارودانی ئەو بزووتنەوە سیاسی و رزگاریخوازانەیەدا نەبینران. بۆیە نەتوانرا بەرەیەکی فراوان دژ بە بارودۆخی جەنگ لەناو جەماوەری رەنجدەری ناوچەکەدا بخولقێنرێ و بەرگری لە داواکارییە شەرعیەکانیان بە ئامرازی راست بکەن.

٥- هێزە سیاسییەکانی عیراق - بە کورد و عەرەبەوە - پاش دانیشتنەکەی (بێروت) نەك هەر ئەوەیان سەلماند کە لە جەماوەر دابڕاون، بەڵکو ئەوەشیان دووپاتکردەوە کە توانای بەرەنگاربوونەوەی چرکەساتە مێژووییەکەیان نییە لەدووتوێی داڕشتنی لایەنی کەمی بیروباوەڕی سیاسی گونجاوەوە بۆ ئەو بارودۆخە. ئەم دیاردەیەش خۆی لە خۆیدا بەرجەستەی ناکۆکییە ئایدیۆلۆجی و سیاسییەکانی ئەوان دەکات. دەبوایە بەرەی کوردستانی رەهەندی (بُعد) ئەم ناکۆکیانەی بە جەماوەر رابگەیاندایە و وەك ئامرازێکی پڕوپاگەندە بۆ هەڵخەڵەتاندنی جەماوەری کوردستان کەڵکی لێ وەرنەگرتایە، تا جەماوەر بیزانیایە لە چ بەرەیەکدایە و بۆچی خەبات دەکات.

٦- زلهێزە جیهانییەکان لەرەوتی جەنگەکەیاندا ئەم خاڵانەیان لەپێش چاو گرتبوو:

ا- تێکشکاندنی بنەمای ئابووری عیراق کە ئامرازی سەرەکییە بۆ گەشەکردن و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، پاش ئەوەش گرێدانی زیاتری ئابووری عیراق بە بازاڕی سەرمایەداریی جیهانەوە و لەم رێگایەشەوە زیاتر خۆهەڵقوورتان لە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوخۆی عیراق و ناوچەکەدا.

ب - هێشتنەوەی سەددام و بەشێکی زۆر لەدەزگا سەربازییەکەی لەلایەن زلهێزەکانەوە، ئەوەی دەگەیاند کە لەبەرژەوەندی ئەواندایە سەددامێکی لاواز و خۆبەدەستەوەداو بۆ داواکارییە ئابووری و سیاسی و سەربازییەکانیان لە هێزێکی تری عیراقی پاش سەددام باشترە، چونکە:

* هیچ هێزێکی سیاسیی عیراقی پاش کاولکردنی ئابووری عیراق و تێکچوونی دەزگا دەوڵەتی و سەربازییەکان

له ئەنجامی ڕوخاندنی ڕژێمی عیراق و جەنگەکە توانای کۆنترۆلکردنی باری سیاسی‌ی عیراقی نابێت ، بە لەبەرچاوگرتنی کێشە سیاسییەکانی ناوخۆی عیراق .

* ئیحتمالی خۆتێهەڵقورتاندنی وولاتانی دراوسێ‌ی عیراق لە کێشەی سیاسی ناوخۆی عیراق و گۆڕینی‌تەرازووی هێز لە ناوچەکەدا .

* نەبوونی ئەڵتەرناتیڤ لەلایەن زلهێزەکانەوە بۆ سەددام و ڕژێمەکەی لەناوخۆی عیراقدا .

ج- هێشتنەوەی سەددام و دام و دەزگا دەوڵەتی و سەربازییەکانی ، ئەگەرچی کاتیش بێت ، تاکتیکێکی زلهێزەکانە کە گونجاوە لەگەڵ ستراتیجیەتیاندا لەپێناو سەپاندنی داواکارییەکانیان‌دا و هەل نەدان بەجەماوەری عیراق بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو داواکارییانە .

تێکڕای ئەو خالانەی دەستنیشانمان‌کردن پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان بە کارەساتەکەی ئەمڕۆی کوردستانەوە هەیە و کارەساتەکە خۆی بەشێکی دانەبڕاوی ئەو پرۆسەیەیە کە بە شێوەیەکی گشتی بە چەواشەیی مامەڵەی لەگەڵدا کرا . ئێستا چەند خالێکی تر دەستنیشان دەکەین ، کە پەیوەندییان بەباری بابەتی و خۆیی کارەساتەکەو هێزە کوردییەکانەوە هەیە .

١) پاش (٣٠)ساڵی ڕەبەق خەباتی خوێناوی لە کوردستاندا ، هێزە سیاسییەکانی کوردستان نەیانتوانیوە تایبەتێتی ئەو کۆمەلگایانە بناسن کە نەتەوەی کورد بە سەریاندا دابەشکراوە و قوناغی گەشەکردنی کۆمەلایەتی و ئابووریان دیاری بکات ، بۆ ئەوەی لێرەوە سەرچاوەی ڕژێمە کۆنەپەرست و دیکتاتۆرەکانیان بە بنەما کۆمەلایەتیەکەیانەوە گرێ بدەن و ڕەوتی چۆنیەتی‌گەشەکردنی سیاسی‌ی ئەو وولاتانە و هێزە سیاسییەکانی دیاری‌بکەن‌و ڕەنگدانەوە تێکڕای ئەمانە لەبارودۆخی بابەتی و خۆیی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی نەتەوەی کورددا دەستنیشان بکەن . بۆیە :ا- تائێستا بەرەی کوردستانی ناتوانێت بە نەتەوەی کوردی بسەلمێنێت ، لەوەها بارودۆخێکی بابەتی و خۆیی ئەو کۆمەلگایانەدا ، ئۆتۆنۆمی ئەتوانرێت مسۆگەربکرێت و دەستنیشانی ئامرازەکانی مسۆگەرکردن و چۆنێتی دابین‌کردنی ئەو ئامرازانە بکات. ب) کەم وکوری لەشێوەی خەباتی گونجاو و لەبار بۆ ئەم داواکارییە سیاسییە ، یاری دەکات بە چارەنووسی نەتەوەی کورد لە دووتوێی هەلوێستە سیاسییە هەلپەرستەکەیەوە ، بەهۆی نەبوونی بیروباوەڕی سیاسی کە دەربڕی تایبەتێتی بارودۆخی بابەتی خەباتی نەتەوەی کورد و چۆنێتی گەشەکردن و دیاریکردنی قوناغەکانی بێت بەگوێرەی گۆڕانکاری لە بارودۆخی بابەتی و خۆیی کۆمەلگای ئەو وولاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە .

٢) ئەگەر بهاتبایە هەلپەرستانە چرکەساتی ڕاپەڕینەکە لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە دیاری نەکرایە ، لەئەنجامی ڕاپەڕینەکە و ڕەوتەکەی دەگۆڕی و لەوانەبوو لەئاستی فراوانکردن و گەشەسەندنی شێوەی خەباتی جەماوەرانەدا داهێنانی نوێی بهێنایەتە ئاراوە . چرکەساتی ڕاپەڕینەکە پێش دەرکەوتنی هاوکێشە سیاسی - سەربازییەکەی ئەنجامی جەنگەکە خەملێنرا و بەئاشکرا مۆرکی پەلەکردنی پێوە دیار بوو و هێشتا سروشت و ڕەفتار و هەلوێستی زلهێزەکان بەرامبەر بە داواکارییەکانی گەلانی عیراق و پلانی دوای جەنگەکەیان بۆ ناوخۆی عیراق و سەرجەمی ناوچەکە نە ئەتوانرا بەئاسانی دەستیان بۆ درێژبکرێت . لەلایەکی تریشەوە ، لەوەها بارودۆخێکدا تەنیا لاوازی ڕژێم بۆ سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکە بەس نابێت ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ماهیەت و مێژوو و خواستی ئەو زلهێزانەی ڕژێمیان تا ئەو ئاستە لاوازکردبوو کە خۆیان مەبەستیان‌بوو .

٣) دەتوانرا ڕاپەڕینەکە بەشێوەی خۆپیشاندان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو درێژەی پێ‌بدرایە ، بەبێ ئەوەی شارەکان لە ڕێگەی زەبرەوە بخرێتە ژێر کۆنترۆلی جەماوەرەوە ، ئەمەش بە مەبەستی : ا- دەستنیشانکردنی دژەهەلوێستی زلهێزەکان بەرامبەر خۆپیشاندانەکان و داواکارییەکانیان . ب - ئەزموونکردنی توانای سەربازی ڕژێم و هەلوێستی زلهێزەکان بەرامبەر بە ڕەفتاری ڕژێم دژی جەماوەری خۆپیشاندەر . ج- سوود وەرگرتن لەکات بۆ باشتر خۆئامادەکردنی ڕاپەڕینی چەکدارانەی جەماوەرییانە ، بە تایبەتی ئەگەر ئەم شێوە خەباتە نوێیە چارەنووسی ملیۆنان کەسی پێوە گرێدرابێت . لەلایەکی تریشەوە ، زەخیرە و پلانی تایبەتی بۆ ڕوودا‌وە کوت و برەکان و ڕاهێنانی جەماوەر لە دووتوێی بۆدەقەی خەباتەکەیانەوە کە بەهیچ شێوەیەك لەبەرچاو نەگیرابوون .

٤) داگیرکردنی شارە گەورەکان بەبێ مسۆگەرکردنی لایەنی کەمی ژیانی جەماوەری ڕاپەڕیو و بەرگری ئاسمانی‌و زەمینی ، کارێکی سەرەڕۆیی بوو . ئەم هەلوێستەش نیشاندەری ئەوەیە کە بەرەی کوردستانی هیوای بەکۆمەکی‌ی زلهێزەکان زۆر بووە ، ئەگەر وا نەبووایە ، پێویست بوو ئەم خالانەی لەبەرچاو بگرتبایە :

ا- به لەبەرچاوگرتنی دژەهەڵوێستی ئێران و تورکیا ، ڕژێم لەڕێگەی ئابڵۆقەی ئابوورییەوە دەیتوانی ئابڵۆقەی ڕاپەڕینەکە بدات و پاشانیش تێکی بشکێنێت .

ب- شارە گەورەکان دەتوانرێت بە ئاسانی لەلایەن ڕژێمەوە بکرێنە نیشانی هێرشی ئاسمانی و تۆپبارانی تۆپی دوورهاوێژ ، بەمەش وورەی جەماوەر بڕوخێنرێت .

ج- ئۆتۆنۆمی گرێدراوە بە سروشت و ڕەفتاری ڕژێمەوە لە بەغدا ، بۆ وەها مەبەستێکی سیاسی ، بیروباوەڕێکی سیاسیی هاوبەش لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ناوەند و خوارووی عیراقدا و دروستکردنی کۆمیتەی هاوبەش پێویست بوو ، بە مەبەستی :

- دیاریکردنی ڕۆڵی هەرناوچەیەك لە ناوچەکانی عیراق و شوێنەواریان لە خەباتەکەدا .
- قورسایی هاوبەش بخرایەتە سەر بەغدا و شارە ستراتیجیەکانی تری عیراق .
- پاراستنی جەماوەری کوردستان لە گەشەکردنی گیانی تۆڵەسەندنەوەی شۆڤێنیستانە لەلایەن ڕژێم و دام و دەزگا سەربازییەکانی و بەشێکی لەبەرچاو گیراوی هاووڵاتیانی عەرەبەوە ، کە لەڕێگەی ئایدیۆلۆجیەتی بەعس و بارودۆخە نوێکەوە چەواشە کرابوون .

بێجگە لەوەی ئەم خاڵانە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە بەرەی کوردستانی سەرجەمی خەڵکی کوردستانی کردۆتە قوربانیی یەك تاکتیکی لاواز ، ئەویش سەلماندنی هێز و توانای خۆیەتی بە مەبەستی ئەوەی زلهێزەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکەن .

٥) پاش داگیرکردنی شارە گەورەکان ، بەرەی کوردستانی بە ڕەفتار و هەڵوێست ئەو ڕاستییەی سەلماند ، کە نە لەئاستی سیاسی‌دا و نە لەئاستی سەربازیدا ناتوانێ ئەرکی خەباتێکی جەماوەریی بەرفراوان لەئەستۆ بگرێت و پێشڕەوایەتی بکات ، چونکە :

ا- هەموو گۆڕانکارییەکی سیاسی دەبێت لەخزمەتی پێداویستیەکانی مرۆڤدا بێت ، ئەگینا لایەنی پۆزەتیڤانەی خۆی لەدەست دەدات . بۆ لە ئەستۆگرتنی وەها ئەرکێك ، پێویستە هێزە سیاسییەکان توانای بەرەنگاربونەوە و مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەو ڕووداوە مێژووییانەدا هەبێت، کە بوون و داهاتووی جەماوەری پێوە بەندە و تاکتیکی سیاسی و سەربازی گونجاو بۆ وەها ڕووداوێك لەپێشچاو گیرابێت ، نەك بەپاشکۆیەتی ڕووداوەکان ڕازی بن و لەئاستی ئەمری واقیعدا ملکەچ بکەن .

ب- پاش ئاشکرابوونی هەڵوێستی زلهێزەکان بەرامبەر خەباتی جەماوەری ڕەنجدەری شارەکانی ناوەند وخوارووی عیراق و سەرگەرمی سوپای ڕژێم بە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەوە ، دەبوایە بەرەی کوردستانی لەپێناو کەمکردنەوەی قوربانی لەنێو جەماوەردا ، زەمینەی چۆنێتی چۆڵکردنی شارەکانی خوشکردایە و داوای لە جەماوەر - بەتایبەتی ئەوانەی توانای بەرگرییان نییە - بکردایە شارەکان چۆڵکەن ، بۆ ئەوەی زەمینەی خەباتێکی سەرسەختانە دژی هێزەکانی دوژمن لەئەستۆ بگرتایە و لە ڕێگەی وەها خەباتێکەوە بوون و داواکارییەکانی بسەپاندایە ، نەك وەك تاکتیك هەزاران ساوای کورد ،کە هێشتا نە بە کوردی ئەدوێن و نەهەستی نەتەوایەتیشیان تێدایە ، بکرێنە قوربانی تاکتیکە دۆنکیشۆتیەکەی بەرەی کوردستانیو پاشانیش لەژێر بیانوی چۆڵکردنی شارەکان و ڕزگارکردنی گیانی جەماوەردا شیرازەی ڕاپەڕینەکە تێك بدرێت و سەرگەردانی و ماڵ وێرانی نەبێت هیچی تر بۆ جەماوەری خەباتگێڕ نەمێنێتەوە .

ج- نەبەستنەوەی ڕاستەوخۆی خەباتە جەماوەرییە بەرفراوانەکە بە ناوەندی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانییەوە و هاندانی جەماوەر بۆ دروستکردنی لیژنەی جۆربەجۆر ، وەك لیژنەی ئابووری ، بەرگری ، کۆمەڵایەتی و... هتد لەپێناو :

- کەمکردنەوەی ئەرکی سەرکردایەتی بەرە و دروستکردنی پەیوەندی ئۆرگانیکی لەگەڵ خەباتە جەماوەرییەکەدا .
- ڕەخساندنی هەل بۆ بەشێکی لەبەرچاوگیراوی جەماوەر ، کە نایانەوێ ڕاستەوخۆ لەژێر سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانیدا خەبات بکەن .
- خەملاندن و پەرەپێدانی گیانی پێکوڵکەری لەنێو جەماوەردا .
- بەشداریکردنی جەماوەر لەبڕیارە سیاسی و سەربازییەکانی پەیوەندییان بە چارەنووسییەوە هەیە .

٦) بەهۆی کەموکوڕی ئاستی سیاسی و فیکریی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی ، بەرە نەیتوانی جەماوەری ڕاپەڕیوی شارەکان بەرامبەر فاکتەرە بابەتی و خۆییەکانی ناوخۆی عیراق و ناوچەکە و جیهان ، کەڕۆڵی گرنگیان لەڕەوتی ڕاپەڕینەکە و ئەنجامەکەیدا هەبوو ، ئاگادارکاتەوە ،

بۆیە جەماوەر تا چرکەساتی چۆلکردنی شارە گەورەکان و کەوتنەوەی کارەساتەکە ، هیوایەکی گەورەیان بە گۆڕانکاریی بۆزەتیڤانە تا دەگات بە دامەزراندنی دەولەت هەبوو . من لەو باوەڕەدام کە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی خۆیشی بەهەمان خەیاڵپلاوەوە خەونی سەوز و سووری دەبینی . کەچی ئێستاکەش کەوتوونەتە گلەیی لەزلهێزەکان ، هەر وەکو ئەرکی ئەوان بێت کورد ڕزگار بکەن و ئەمان پاشکۆیەکی پاسیڤ و ملکەچی فەرمانەکانیان بن و مێژووی ئەو زلهێزانە نەناسراو بێت .

٧ ) ئاشکرایە سەددام پاش دۆڕاندنی دوو جەنگ و کاولکردنی ئابووری عیراق و قەرزاریی و کوشتارێکی زۆر و لەدەستدانی بەشێکی لەبەرچاوگیراوی دام و دەزگا سەرکوتکەر و سەربازییەکانی و ڕیسوابوونی لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوەی عیراق توانای جەنگێکی تری لە کوردستاندا نەماوە و بۆ هەلێکی رەخساو دەگەڕێت درێژە بە تەمەنی کورتی خۆی بدات . لەلایەکی تریشەوە ئاشکرابوونی هەڵوێستی زلهێزەکان و گرنگی‌نەدانیان بە هێزە کوردییەکان و دژ وەستاندنەوەیەکی ناڕاستەوخۆی ئەو زلهێزانە بەرامبەر ڕاپەڕینەکانی گەلانی عیراق و لەئەنجامی هەڵە تەکتیکییەکانی بەرەی کوردستانی و هەڵوێستە هەلپەرستەکانی بەرامبەر جەنگەکە و ئەنجامەکانی‌و ڕاپەڕینەکە ، بەرە چ وەکو سیاسەت ،چ وەکو هێزی چەکداری و چ وەکو ڕای جەماوەری خەباتگێڕی کوردستان پاش چۆلکردنی شارەکان ، خۆی لەبەردەم کارەساتێکی وادا بینیەوە کە بەهیچ شێوەیەك توانای بەرەنگاربوونەوەو گۆڕانکاری لە بارودۆخی خولقاوی نوێدا نەبوو . بۆیە هەردوو لایەن ، واتە ڕژێم و بەرەی کوردستانی بەناچاری لەسەر مێزی گفتوگۆ پێکەوە دانیشتن . ئەم دانیشتنەش ، ئەگەر تاکتیکێك نەبێت لەلایەن بەرەوە بۆ گەشەپێدانی خەباتی جەماوەر لەپێناو بنەبڕکردنی نەك تەنیا ڕژێم ، بەڵکو فیکری فاشیش لەعیراقدا ، ئەوا بێگومان دەبێتە سەرەتایەك بۆ کارەساتێکی تر . چونکە : ا- فیکری بەعس و سروشتی ڕژێم و کەسایەتی سەددام خۆیان لە خۆیاندا دژ بە هەر پرۆسەیەکی دیموکراتین . ب - ئایدیۆلۆجیەتی بەعسی فاشی ، ئایدیۆلۆجیەتێکی ڕەگەزپەرستانەیە و لەستراتیجی دایە کورد وەکو نەتەوە بتوێنێتەوە . ج- ڕژێم لە ئەنجامی ئەو تەنگوچەڵەمە قووڵەی پێوەی دەتلێتەوە ، هیچ چارێکی تری نەماوە ئەوە نەبێت کە ڕاستەوخۆ خۆی هەڵداتە باوەشی زلهێزەکانەوە ، ئەمەش لەگەڵ ڕەفتار و فیکر و ئایدیۆلۆجیەتی بەعسدا گونجاوە - وەك خۆیان دەڵێن ( چەمانەوە لەبەردەم زریاندا )- بۆیە بەرەی کوردستانی پێویستە چەواشەیی تێڕوانینی سیاسی بەرامبەر بە درێژەپێدانی دەسەڵاتی پارتی بەعسی فاشی لەعیراقدا و پەیوەندی ئەم دەسەڵاتە و بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکان لە ناوچەکە و ناوخۆی عیراقدا ، لە بیروباوەڕی سیاسیی داهاتوی‌دا ڕێگە پێ‌نەدات . د- بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەمڕۆی عیراق و داکوتانی ڕەگ و ڕیشەی پارتی بەعس لە هەموو دەزگا دەوڵەتی و سەربازی و کۆمەڵایەتیەکانی عیراقدا ، مەحاڵە تەنیا لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی ئازادەوە بتوانرێت مژدەی سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردنی کۆمەڵگای عیراق بدرێت ، بەبێ هەڵتەکاندنی ئەو دەزگایانە و خولقاندنی زەمینەیەکی دیموکراتی بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەفیکری فاشییانەی بەعس و هۆ و هۆکارە بابەتی و خۆییەکانی لە ناو کۆمەڵگای عەرەبیدا بۆ ناساندنی ئەم فیکرە بە جەماوەری ڕەش و ڕووتی گەلانی عیراق و بەرگریکردن لە دووبارەبوونەوەی دەسەڵاتیان و بەگوێرەی توانا لەناوبردنی هۆ و هۆکارە بابەتی و خۆییەکانی ئەم فیکرە لەکۆمەڵگای عەرەبی‌ی عیراقدا .

ئاشکرایە سەختترین قۆناغی خەبات لەبەردەم جەماوەری گەلانی عیراق بەتایبەتی و ناوچەکەدایە بە گشتی بەهۆی ئەنجامەکانی جەنگی زلهێزەکان و سەددامەوە و دژ بە داواکارییەکانی گەلانی عیراق و لەم ڕێگەیەشە گەمارۆدان و کۆنترۆلکردنی عیراق و ناوچەکە لەلایەن دەستەڵاتی ڕاستەوخۆی زلهێزەکانەوە . ئەو هێزە سیاسی - سەربازییەی ئەمڕۆ لە ناوچەکەدا لەلایەن‌زلهێزە جیهانیەکانەوە کۆکراونەتەوە ، مەحاڵە تەنیا هێزێکی‌سیاسیی ناوخۆی عیراق یاخود ناوچەکە بتوانێ بەرەنگاریان ببێتەوە ( بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی بابەتی و خۆیی ناوچەکە و جیهان ) . بۆیە بەبێ خەملاندنی زەمینەیەکی فراوان بۆ بەرەنگاربوونەوەیەکی جەماوەرییانەی سەرسەختانە لە سەرتاسەری ناوچەکەدا ، لەلایەن هێزە سیاسییەڕزگاریخواز و پێشکەوتووەکانی ناوچەکەوە ، هەلێکی تر دەدرێتە ئەو هێزانە بۆ زیاتر ڕووتاندنەوەی جەماوەری‌ڕەنجدەری ناوچەکە . بۆ وەها کارێك ، پێویستە :

١- ئەو هێزە سیاسییانە بەچاوێکی ڕەخنەگرانەی زانستییانەوە ڕابوردووی خۆیان هەڵسەنگێنن و دەست نیشانی هەڵەکانی پێشوویان بەئاشکرا بکەن .

٢- ببن بە بەشێکی ئۆرگانیی خەباتی جەماوەری ڕەنجدەری ناوچەکە ، نەك وەك دەسەڵاتێکی سیاسی لە ڕوانگەی پارتایەتی تەسکەوە داواکارییەکانی ڕەنجدەرانی ناوچەکە بکەنە قوربانی بەرژەوەندییەکانی پارتەکان و دەستوپێوەندەکانیان .

٣- پێویستە هەر یەکێ لەو هێزانە تایبەتێتی خەبات و واقیعی خەبات و داواکارییە سیاسییەکانی ئەوی تر ، بەبێ تەسك بینی سیاسی و دەمارگیری ، لەبەرچاوبگرێت و بیروباوەڕی خەباتی سیاسیی ئەم قۆناغە بکرێتە سەرەتای پرۆسەیەکی بەدیموکراتیکردنی سەرتاسەریی خەباتی سیاسی ئێستا و داهاتووی ناوچەکە .

٤- دروست نەکردنی پەیوەندی سیاسی لەگەڵ ڕژێمە کۆنەپەرست و فاشی و وابەستەکانی ناوچەکە لەسەر حسابی بەرژەوەندی لایەنێکی سیاسی خەباتگێڕی تر .

٥ - هەل ڕەخساندن و زەمینەخۆشکردن بۆ خەباتی جەماوەرانە و پشتگیریکردنی ڕاستەوخۆی ئەم شێوەیە لە خەبات بەبێ قۆستنەوەی لەپێناو دەسەڵاتی دەستەیەکی دیاریکراودا .

٦- گرنگیدان بە داواکارییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی جەماوەری ڕەنجدەری ناوچەکە و بەستنەوەیان بە یەکترەوە وەك بەشێکی ئۆرگانی یەك پرۆسەی خەبات .

٧- بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتێتی خەباتی ئەو هێزە سیاسییە ڕزگاریخواز و پێشکەوتنخوازانە ، دەبێت تێڕوانینی بە حەقیانەتکردنی خەباتی لایەنێك و ڕەوایەتی پێدانی وەك حەقی خەباتی ناوچەکە لەسەر حسابی بەرژەوەندی خەباتی لایەنە خەباتگێڕەکانی تر و بەرژەوەندی جەماوەری ڕەنجدەری ناوچەکە لەلایەن ئەو هێزانەوە تێك بشکێنرێت .

٨- دروستکردنی پەیوەندییەکی فراوانی نێونەتەوەییانە ، لەسەر بناغەیەکی سیاسی هاوبەش ، لەپێناو گرێدانی خەباتەکە و دانەبڕانی لە بزووتنەوە سیاسییە پێشکەوتنخوازە جۆربەجۆرەکانی جیهان و کەڵك وەرگرتن لەو پێداویستیانە کە لەدەرەوەی ناوچەکە هەن و بۆ گەشەکردنی خەباتەکە گرنگن .

١٠/٥/١٩٩١
فرانکفۆرت

عەوالنامەی کتێب

# چاوپێکەوتنێك لەگەڵ

## ( LISSY SCHMIDT )*

**پرسیار :** دەتوانیت هەندێ دەربارەی چالاکیی ئێستا و پێشووتان بۆ خوێنەرانی گۆڤاری " یەکگرتن " باس بکەیت ؟

**وەڵام :** لە کۆتایی ساڵەکانی حەفتاوە لە بواره جۆربەجۆرەکانی کاری ( هاوکاری ) دا ، وەك باشووری ئەفریقا و ئەمریکای لاتین ، کارم کردووە . ساڵی ١٩٨١ چووم بۆ تورکیا و باکووری کوردستان و لە ساڵی ١٩٨٤وە وەك پەیامنێرێکی ڕۆژنامەنووس بۆ ڕۆژنامە و گۆڤاری جیا جیای تورکی کارم کردووە . لەساڵی ٨٩/٨٨وە هەمیشە لە باکووری کوردستان ( دیاربەکر ) بۆ میدیکۆ ( Medico ) و ڕادیۆکانی ئەڵمانیا و ( FR ) کاردەکەم .

**پرسیار :** بایەخی سیاسیت بۆ کوردستان چۆن پەرەی سەند ؟

**وەڵام :** لەڕێگای بایەخدانمەوە بە تورکیا . لە سەرەتای ساڵەکانی هەشتاوە ، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وا دەبینرا کە یەکێکە لەو ناوچە کەمانەی جیهان کە هێشتا لەلایەن هیچ یەکێك لە دوو بلۆکەکەی جیهانەوە ، واتە بلۆکی ڕۆژهەڵات و بلۆکی ڕۆژئاوا ، ڕاستەوخۆ نەخراوەتە ژێر ڕکێفەوە . هۆیەکی گرنگی خولقاندنی ئەم بارە لە ناوچەکەدا بەرامبەر بە سوپەر هێزەکان ، دەوڵەمەندیی ناوچەکەیە بە نەوت . تورکیا وەك ئەندامێکی ( NATO ) و وولاتێکی بەش دیاریکراو لە لایەنێکی پەیمانەئابوورییەکەی ( EG - بازاڕی ئەورووپی هاوبەش )دا ، ڕۆڵی بازنەی پەیوەندی بە وولاتانی تری ناوچەکەوە دەبینێ . تورکیا بۆ بەهێزکردنی باری ئابووری و سیاسی خۆی ،ویستوویەتی کەڵك لەم سەرمایەیە ، واتە ئەندامێتی ( NATO ) و بەشە دیاریکراوەکەی لە ( EG )دا ، وەربگرێت . بۆیە پرسیاری : ئایا ئەم هەنگاوەی وولاتانی ڕۆژئاوا بەرامبەر بە تورکیا ، لەپێناو بەکارهێنانیدا لە سەرجەمی ناوچەکەدا بووە یاخود ڕاستەوخۆ لەڕێگای تورکیاوە پیلانە داڕێژراوەکانیان داڕێژن ؟ خۆی لە خۆیدا پرسیارێکی گرنگە . لە هەمان کاتدا ئەڵمانیای ڕۆژئاوا پاش کودەتا سەربازییەکەی ساڵی ١٩٨٠ لە تورکیا ، ڕۆڵی شەرعیەت پێدانی بارودۆخی خوڵقاوی ناو تورکیای لەئەستۆ گرتبوو.

هۆ زۆرە بۆ پیاو چاو بە تورکیادا بگێڕێت و نەشیاو بێت ، بەرەنگاری کێشەی کورد نەبێتەوە . لەگەڵ ئەو دۆخەدا ، وەك کۆلۆنیەکی چوار پارچە یان ( پێنج پارچە ) کراوی کوردستان ، باری کورد لە جیهاندا کەم تا زۆر تاکە و پاڵپێوەنەرێکە بۆ جووڵانەوەی نێونەتەوەیی ، کە سەربەخۆ ( Autonom ) لە زلهێزە کێبڕکێکەرەکان کار تێدا کردنی دەوێت .

**پرسیار :** کێشەی فەلەستین وەك چەقە(مرکز) کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چ دەگەیەنێت ؟

**وەڵام :** کێشەی فەلەستین بۆیە توانیویەتی وەك چەقە پرسیار خۆی بخاتەڕوو ، چونکە لە پراکتیکدا ڕۆڵی چەقایەتی کێشەی نێوان عەرەب و ئیسرائیل دەبینێت . وولاتە عەرەبیەکان هەندێ جار ڕاستەوخۆ دژ بە ئیسرائیل

جەنگیون ، بەلاّم لە هەمان کاتیشدا ئەوەندە ئازادییان بە فەلەّستینییەکان داوە وەك نوێنەرایەتی خۆیان لەلایەن خۆیانەوە دژ بە ئیسرائیل خەبات بکەن .

پاش گۆرانکاری لەباری ئابووری جیهاندا ، هەندێ لە وولاّتە عەرەبیەکان - بۆ نموونە میسر - بۆ ئەوەی هەستی خێرخوازانەی ئەمریکا بەلای خۆیاندا راکێشن ، بە ڕەزامەندییەوە خۆیان دا بەدەستەوە ، بەلاّم پیاو دەکارێ لەوە بێگومان بێت کە کێشەکە لە جۆش سەندنی هەمیشەییدایە و بەردەوام بوونی پەنابەرە فەلەّستینیەکان وەك کرێکاری کۆچەری هەرزان یاخود بەکرێگیراو لە وولاّتە عەرەبیەکاندا ، بەبێ ئەوەی توانای شێواندنی هاوسەنگی ئەو وولاّتانەیان هەبێت ، ڕوویەکی تری کێشەکە پیشان دەدات .

هۆ زۆرە بۆ ئەو ئەتمۆسفیرەی بۆ فەلەّستینییەکان خولّقاوە و کوردەکانی لێ بێبەرین ، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا بەڕای من ئەو پشتگوێخستنەی کێشەی کورد لەلایەن جیهانەوە ، پەیوەندییەکی نزیکی بە چەقایەتیکردنی کێشەی فەلەّستینەوە لە ناوچەکەدا نیە . بۆ ئەو بێدەنگییە کوشندەیە بەرامبەر کێشەی کورد هۆی تر هەیە . بارودۆخی رێژە لەیەکچووی کورد و فەلەّستینییەکان دەتوانرێت بە بۆزەتیڤانە کارلێك بکەن و پێکەوە کارکردن و رێککەوتن لەنێوان هەردوو لادا بێتە ئاراوە .

**پرسیار :** ڕۆلّی بزووتنەوەی کورد لە دژایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکان و پەیوەندی بە ماهیەتی بزووتنەوەکەوە چۆن دەبینیت ؟

**وەلاّم :** پێویستە ڕۆلّی ئەم بزووتنەوەیە زۆر بۆزەتیڤانە بێت ، ئەگەر بتوانرێت ئەمڕۆ قسە دەربارەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد بکرێت . لەو وولاّتانەدا کورد بەرەنگاری چەندین شێوەی جیاوازی چەوساندنەوە و بەکاربردن بووەتەوە ، بەمجۆرەش خەباتی کورد بەشێوەی جیاواز گەشەیکردووە . بۆ نموونە ، لە تورکیا لەپاش دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە بە ماوەیەکی کەم، کوردەکان لێبڕاوانە بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی ڕەتکردنەوەی تەواوەتی بوونیان لەئەستۆ گرت و دوژمنی سەرەکی کورد لە تورکیا لە کەمالییەکاندا ، واتە ڕژێمی ناوەندیی لە تورکیا ، بەرجەستە بووە . بەلاّم لە عیراقدا بزووتنەوەی کورد یەکەم جار بە بەرەنگاربوونەوەی زلهێزەکان ڕووبەڕووبووە ، کە خوازیاری بەتالاّن بردنی سامانی نەوتی ناوچەکە بوون . ئەمەش مەرجی شێوەی جیاوازی پەرەسەندنی بزووتنەوەکە دەخەملێنێت و دژوەستاندنەوەی ڕاستەوخۆی بزووتنەوەکە لە عیراق دژ بە دەسەلاّتی ناوەندی پاشان خەملّی . لە قۆناغی دەستپێکردنی جەنگی ساردەوە تا سەرهەلّدانی پیرۆسترۆیکا ، هەر چوار دەسەلاّتە ناوەندییەکە - واتە عیراق ، تورکیا ، ئێران ، سووریا - لەلایەن سیاسەتی کێبڕکێکەرانی بلۆکی ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاواوە کاری تێکرابوو . ئەوەی شایانی باسە ، بزووتنەوەی کورد تێکۆشاوە بە شێوەیەکی پراگماتیستانە کەلّك لە ناکۆکی نێوان زلهێزەکان لەلایەك و ناکۆکی نێوان دەسەلاّتی ناوەندیی ئەو وولاّتانە وەربگرێت . بەم شێوەیە بزووتنەوەکە دەستبەرداری دارشتنی ستراتیژێکی هاوبەش بووە . لەڕاستیدا کورد وەك نەتەوەیەکی چواربەشکراو هەموو کات دەتوانێت ببێتە هۆکارێکی ڕووهەلّمالّەری ستراتیژیەتی زلهێزەکان لە ناوچەکەدا و دژە هەلّوێستی هاوبەش بەرامبەر بەو ستراتیژە پەرەپێبدات ، بەلاّم بەهۆی ئەو خالاّنەی لە پێشەوە باسمانکرد وەها هەلّوێستێکی هاوبەش هێشتا نەهاتۆتە ئاراوە . ئەمڕۆش کورد بۆ وەها ڕۆلّێك نەگونجاوە ، یارییان پێدەکەن ، واتە هێشتا لێبڕاوانە ئەو مەسەلەیەی لای خۆی ساغ نەکردۆتەوە کە لۆگیکی سوودگەرایی و مەرگاوی ( مەرگ ئاوەر ) زلهێزەکان بۆ ئەوان تەلەّدەمێ . کورد پەردەی لەڕووی ئەمریکا هەلّمالّی ، بەلاّم نەك وەك هێزێکی چالاك ، بەلّکو لە ڕێگای ئەو ڕاستییەوە کە بوون بە قوربانی .

ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست ، وەکو ڕووداوەکانی ئەم چەند مانگەی دوایی پێشانیدا ، لە داهاتووشدا جێگای شەڕە کێبڕکێی نێونەتەوەیی دەبێت ، بەلاّم ئەمجارەیان دیاریکەری چۆنێتی کێبڕکێکە هێزە سەرمایەدارە کێبڕکێکەرەکان لەگەلّ یەکتردا دەبن ، واتە کێشەکە لە ناوەڕۆکدا داپۆشراوەو بە شێوازیش پێکەوە کارکردنی نێوان هێزە کێبڕکێکەرەکان لە خۆدەگرێت . کەواتە بزووتنەوەی کورد ئەلتەرناتیڤی جۆراوجۆری هەیە لەم شەڕی دەسەلاّتەدا پلانڕێژیی خۆی بکات . من لێرەدا تەنیا لەسەر بناغەی هۆ بابەتیەکان ئەو پڕوپاگەندەیەی دەربارەی " وەرەقەی کورد لەلایەن ئەمریکاوە " بەدوور دەبینم . واتە ئەوەی گوایە چەندین سالّە ئەمریکا دەیەوێ لە واقیعدا بەرجەستەی بکات - مەبەست دامەزراندنی دەولّەتێکی کوردییە - . ئەم پڕوپاگەندەیە هیچ نەبوو جگە لە پڕوپاگەندەی گروپە ناسیۆنالیستە تورکەکان زیاتر ، کە خۆیان بە سۆسیالیست ناودەبەن . ئەمە بۆچوونی منە

بە لەپێشچاوەنەگرتنی دەوڵەتێکی کوردی لەلایەن ئەمریکاوە بەندە . ئەمە سەگە ئێشکگرە بەوەفا تورکەکەیە ئەوەڕێت ، پێش ئەوەی سەردارەکەی دەمی بەردات یان ئەمە سەددامی ئاخێنراوی پێستەکەی خۆیەتی دەم درێژدەکات.

کورد بەگوێرەی هەلە ڕەخساوەکان ، وەك هەرەشە دژ بە دەسەڵاتە ناوەندییەکانی ئەو وڵاتانە بەکارهێنرا و پاشانیش دووبارە سەرکوتکراوە . کەواتە ئەوەی بۆ کورد ماوەتەوە ، دەستبەرداربوونی ئەم بارەیە ، سووربوونە لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی و نوێنەرایەتی خۆی دژ بەو هێزانەی کە باسیان لێوەکرا .ئەوەی بۆ ئەم کارەش پێویستە ، هوشیارییە بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە ، پێویستی بە باری دژە هەڵوێستە بەرامبەر بە ئیمپریالیزم، بۆ ئەوەی بتوانێ درێژە بەبوونی خۆی بدات . دەبێ ئەم شەڕەی دوایی دەرسێکی چاك بێت ، بەلایەنی کەمەوە بۆ کوردی عیراق و تورکیا . هەرچەندە تورکیا لە شەڕەکەدا بەشداری نەکرد ، بەڵام بەهۆی قەدەغەکردنی مامەڵەی ئابوورییەوە لەگەڵ عیراق ، هەرچی کوردستانی تورکیایە خوێنبەری ئابووری بڕرا ، ڕووداوەکانی کوردستانی عیراقیش بۆ هەموومان ئاشکرایە . بە بۆچوونی من دەبێ سیاسەتی ناوچەگەرایەتی بازی بەسەردا بدرێ و یەك ناسنامە (هویة) بۆ بزووتنەوەکە پەرەپێبدرێ .

**پرسیار :** بۆچی وەك پێویست بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەلایەن چەپی ئەڵمانییەوە بایەخی پێنادرێت ؟

**وەڵام :** بۆ ئەم پرسیارە دوو وەڵام هەیە ، ئاسانەکەیان ئەوەیە کە کەلتووری کورد زۆر نامۆیە، چەپی کورد بە دەگمەن پێشچاودەکەوێت . وەڵامی دووەم ئەوەیە کە پرسیارەکە زۆر ئاڵۆزە . بە لەپێشچاوگرتنی خاڵەکانی سەرەوە ، چەپە ڕادیکاڵە ئەڵمانییەکانی دەرەوەی پەرلەمان لە پرۆسەی مێژوویی خۆیاندا ، جگە لەهەندێکی کەمیان، چوونێتی بابەتی ڕۆژانەیان لەسەر ڕای گشتی (بۆرژوا ) دارشتووە . ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەمان هەڵوێستیان وەرگرتووە ، بەڵام بەشی زۆری هەڵوێست وەرگرتنەکانیان لەسەر ئەو بابەتانە فۆرمۆلەکردووە کە لەلایەن بەشی ڕاگەیاندن و مشتومڕە سیاسییەکانەوە زەق دەکرێنەوە . بابەتی کوردستانیش وەك لەپێ دەست ئاشکرایە بۆچی وەك بابەتی ڕۆژانە ڕێگای پێنەدراوە فۆرمۆلەبکرێت . هاریکاری سەربازانەی ئەڵمانیا لەگەڵ تورکیادا و ناردنی چەك بۆ عیراق و ئێران - هەمیشە و ئەمڕۆش - بەبیانوی خواست و مەبەستی هەمەرەنگەوە ، تایبەتمەندێتی جۆری سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا " دیالۆگە لەژێر سایەی یەکسانی لە مافدا بەبێ بەکاربردن- استغلال- "بەرجەستە دەکات و لەم ڕێگایەشەوە زیاتر جێگا بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆش دەکات . سیاسەتی دەسەڵاتخوازانەی ئەمریکا لەگەڵ وڵاتە تەنگوچەڵەماوییەکاندا ، کە ئەم بارە لەگەڵ بەشێکی زۆری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گونجاوە ، کێشەی کوردی گەیاندۆتە ئاستی بابەتی ڕۆژ و دووبارە کراوەتە قوربانی . دووبارەبوونەوەی کێشەکە بەشێوەی جیاواز بابەتێکی زەقی ئەمڕۆیە کە پەیوەندی بە چەپەکانی ئەڵمانیاوە نیە .

**پرسیار :** ڕۆڵی پیرۆسترۆیکا لە نەخولقاندنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری دژ بە جەنگەکە ، بە بۆچوونی تۆ چی بوو ؟

**وەڵام :** لەسەر کاریگەرییەکانی پیرۆسترۆیکا لەوەڵامی یەکێك لە پرسیارەکانی پێشوودا قسەمکرد . کێبڕکێی ئاشکرای هەردوو لایەن لەڕێگای پیرۆسترۆیکاوە گۆڕا بە کێبڕکێیەکی کاپیتالیستانەی ناوەکی . بەم شێوەیە بۆ نموونە توانرا سەددام بەشەڕبدرێت و پاشانیش لەدەسەڵاتا بهێڵرێتەوە . هەرچەندە ئەو (سەددام) چیتر پیاوێکی گوێ ڕایەڵی بڕواپێکراوی سۆڤیەتی نەبوو ، بەڵام مانەوەی دەسەڵاتی لە خزمەتی سۆڤیەتدایە . نەبوونی هەڵوێستی سۆڤیەتی لەسەرتاسەری ناوچەکەدا ، بۆشاییەکی خولقاندوە، ئەم بارودۆخە نوێیە ، بارێکی گونجاوی لە ئەتموسفیری مامەڵەکردندا بۆ هێزە ڕۆژئاواییەکان خەملاندوە . سۆڤیێت لێبڕاوانە دژی پیلانە داڕێژراوە ئیمپریالیستییەکەی ئەمریکا نەوەستایەوە ، هەتاکو ئەوەشی بۆ ئەنجام نەدرا سەددام لە ئاراستەی بەرەنگاربوونەوەکە وەلابخات . هەوڵە ئاشتیخوازانەکەیشی درەنگ ، زۆر درەنگ ، بوو بۆ ئەوەی بزووتنەوەی ناو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سوودی تەواویان لێ وەربگرتایە . لەسەر ئاستی نێونەتەوەییش دژە هەڵوێست بەرامبەر بە هەردوو لایەنی بەشدار لە جەنگەکەدا نەخولقێنرا . ئێستاش لەوە دەرچێت کە ئەرکی سۆڤێت پاش گۆڕانکارییەکەیشی لە ( تەوەری سیاسی دا ) ، یان ئاشکراتر بێتوانایی لەلایەن ئابوورییەوە، هێشتا مندالە گۆشەکراوە کۆنەکە بەدوای خۆیدا ڕاکێشێت .

**پرسیار :** ستراتیژێتی ئەمریکا لە جەنگەکەداو پێوەندی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردەوە چۆن دەبینیت ؟

**وەڵام :** دەربارەی ڕەوتی بەرەنگاربوونەوەی ئەمریکایی نامەوێ لەوە زیاتر بچمە نێو بابەتەکەوە کە ئەمریکا پێویستی

بەوە بوو بۆ جیهانی بسەلمێنێ ئەو هێشتا مافی پێشڕەوایەتی دەسەڵاتخوازانە جیهانێکەی لەبواری سەربازیدا بەچاکی دەتوانێ بەرجەستە بکات ( بێگومان تەنیا لە بواری سەربازیدا ) . ئەوە بوو بۆ گەورەیی عیراق لە شەڕی هەوایی و زەمینیدا ، سەردەستێتی (تفوق) خۆی سەلماند و پاشانیش جەنگەکەی بەخواستی خۆی لەو ئاستەدا، کە مەبەستی بوو نەک بە ویستی سەددام ، واتە پاش خۆبەدەستەوەدانی سەددام ، ڕاگرت بە هێشتنەوەی هێزی (حرس جمهوری) بەبێ زیانێکی ئەوتۆ . پاش جەنگیش خۆی بەشێوەیەکی کاتی لەکاری ناوخۆی عیراق کێشایەوە ، لەهەمان کاتدا ، بەلایەنی کەمەوە ناڕاستەوخۆ، پشتیوانی جەنگەکەی سەددام لەدژی کوردەکانی کوردستان کرد ، هەتا سەددام توانی شارە ستراتیژییەکان بگرێتەوەو پاشانیش ئەوەی دەرخست کە دەیەوێت کوردەکان لەژیاندا بهێننەوە و دەسەڵاتی سەددامی سنووردارکرد و سەپانی بەسەریدا کە دان بەو سنوورەدا بنێت . جموجۆڵەکەی ئەمریکا ئاشکرایە ، ئەمریکا دەیەوێت لەسەرتاسەری ناوچەکەدا ، بەتایبەتی لەعیرقدا ، سەرەدەزووی هەموو کارەکان بەدەست خۆیەوە بێت . بە بۆچوونی من فەڕەنسا و ئینگلستان لەپێش هەموانەوە بۆ نێو شەڕەکە چوون ، هەتا لە کاریگەریی شەڕەکە و ئەنجامەکەی بێبەش نەبن و هەروەها مەیدان تەنیا بۆ ئەمریکا جێنەهێڵن و بەپێویستیان زانی لەگەڵیدا بن . بەڵام ئەڵمانیا وەک بەهێزترین دەسەڵاتی ئابووری ، توانی لەڕێگای پوڵەوە بەشێوەیەکی سەرەکی بەشدارییەکەی لە ئەستۆبگرێت و لە هاوبەشی ڕاستەوخۆی شەڕەکە خۆی ڕزگارکرد ، بۆ ئەوەی پاش جەنگەکە ڕۆڵی جامبازێتی بۆ هەموو لایەنەکان بگێڕێت، سەرەڕای ئەمەش دۆستایەتی ئێرانی لەنێو هەمووانەدا هەڵبژارد . هەرچی ئێرانیشە هەوڵی گەڕانەوە بۆ سەکۆی دیبلۆماسی دەدات و پلانێکی ئاشتیخوازانەی پێشنیارکرد و لەڕێگای تورکیای ئەندامی ناتۆوە خۆی لە ڕۆژئاوا نزیک کردەوە ، بۆ ئەوەی پێشانیبدات کە دەرگا بۆ هەموو لایەک ئاوەڵەیە . کورد دەتوانێت بەرەو دۆخی هۆکارێکی سەربەخۆ گەشە بەخۆی بدات ، بەڵام ئەمە - بەبۆچوونی من - هێشتا بەچاکی بەرچاو ناکەوێت . هێزەکان یەکەیەکە خوازیاری ئەوەن کە کورد وەک بیانوویەک بۆ پاڵپشتی مەبەستەکانیان بەکار بهێنن . ئەوەبوو کاتێک ڕوون بووەوە کە فەڕەنسا دەیەوێت ساڵەبەشی یارمەتییە مرۆڤایەتییەکان بۆ کوردە ئاوارەکانی نێو تورکیا و ئێران بێت ، ئەمریکا دەستیکرد بە دروستکردنی ناوچەی پارێزراو لە زاخۆ . ئەم جۆرە هەڵوێستانە ناتوانن جێگای هیوای گەشەپێدانی بەردەوام بۆ خەباتی کورد بن ، چونکە هەموو ڕیزە داوێکن بۆ بزووتنەوەی کورد تراونەتەوە .

**پرسیار** : دەتوانیت باسێکی چۆنێتی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی ئەم دواییەی کوردستانمان بۆ بکەیت ؟

**وەڵام** : ڕاپەڕینەکە لە شارەکاندا هەر لەزووەوە لە لایەن بەرەی کوردستانییەوە لەپێشچاوگیرابوو . لەکاتی تەنگوچەڵەمەکەی کوێت دا بە ڕێکخراوی شارەکان ڕاگەیەنرا بوو کە هەستن بە ڕێکخستنی بەشەکانی شار ، بەتایبەتی قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ و گۆڕەپانەکانی تری نێو دانیشتوانی شارەکان . لەگەڵ تەواوبوونی شەڕدا کاتی ڕاپەڕینەکەش ڕاگەیەنرابوو . پارتەکانی ناو بەرەی کوردستانی بانگەوازی جۆرەها گرووپی نێو دانیشتوانیان بۆ ڕاپەڕینەکە کردبوو . خودی ڕاپەڕینەکە لەلایەن جەماوەرەوە کرا . جاشەکان وەکو هێزێکی چەکداری ڕێکخراو هەستان بە گرتنی پۆلیسخانە و ئۆردوگا سەربازییەکان ، ئەمەش سەرەتا و سومبولی بوو بۆ دانیشتوان و هانیدان بچنە سەر شەقام و خەبات بکەن . بێجگە لەشاری کەرکوک کە سێ ڕۆژ شەڕی خایاند ، کاتێ پێشمەرگە دەگەیشتنە شارەکان ، بەرەنگاربوونەوەی نێوان جەماوەری دانیشتوانی شارەکان لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمدا کۆتایی‌هاتبوو . سەربازە عیراقییەکان بەگشتی لە چەند کاتژمێرێکی کەم دا خۆیان دەدا بەدەستەوە . پاشان بەرەی کوردستانی ئیدارەی کاتی لە شارەکاندا دامەزراند . ئەم ئیدارە کاتیانە لایەنی سیاسی ژیان و ژیانی ڕۆژانە و بەرگرییان ڕێک دەخست . بۆ نموونە ، لە چەند ڕۆژێکی کەمدا نزیکەی ٥٠,٠٠٠ پێشمەرگە هاتنە شاری دهۆک ، بۆ شەڕکردن لە بەرەی موسڵ .

لە ڕۆژانی سەرەتای ڕاپەڕینەکەدا ، پێکەوە کارکردنی دانیشتوان و پێشمەرگە زۆر چاک دەچووە پێشەوە . ئەوان کاتی تەواویان نەبوو تا لێهاتوویی خۆیان بسەلمێنن ، چونکە پاش دوو هەفتە هێرشی ئاسمانی دەستی‌پێکرد و دووبارە شارەکان لەلایەن سوپای ڕژێمەوە گیرانەوە . من وای دەبینم ، کە گرتنەوەی شارەکان بەو خێراییە لەلایەن سوپای ڕژێمەوە چاوەڕوان نەکراوبوو . وەک دەوترا ، گرتنەوەی زۆربەی شارەکان زیاتر لە ( ١٠ ) کاتژمێری نەخایاندوە . چرکەساتی ڕاپەڕینەکە خۆڕسکیانە ( عفوی ) دیاری نەکرابوو ، بەڵکو زەمینەسازی بۆ کرابوو . تێکشکانی

سەربازیی سەددام لەبەرەی کوێت دا مەرجی هەستان بە ڕاپەڕینەکەی خولقاند . بێجگە لەمانە ، بە ووتەی خودی بەرە ، بەهۆی سەختی باری کارکردن ،لەژێر سایەی ڕژێمی سەددام دا ،لەنێو شارەکان دا ، بەو شێوەیەی پێویست بوو سەرکەوتو نەبوون لە ڕێکخستنی ڕاپەڕینەکەدا ، واتە ئەوان توانیان شارەکان بگرن ، بەلاّم بۆ هێشتنەوەی شارەکان لەژێر دەسەلاّتی خۆیاندا ، پێویستیان بە خۆئامادەکردنێکی چاکتر هەبوو .

**پرسیار :** ڕۆلی ئافرەت لە ڕاپەڕینەکەدا چی بوو ؟

**وەلاّم :** من لەگەلّ زۆر ئافرەتدا گفتوگۆم کردووە ، گوایە لەکاتی ڕاپەڕینەکەدا ئافرەتان زۆر چالاکانە بەشدار بوون ، نەك تەنیا ڕۆژی ( × ) لەسەر شەقام بوون ، بەلّکو چەك بەدەست ! هەروەها بەشێکی ڕێکخستنی دانیشتوان لە ئەستۆی ئەواندا بووە - بێجگە لەشاری سلێمانی ، کە من بۆی نەچووم - . بێگومان ئەمڕۆ ئەم ئافرەتانە لەهیچ شوێنێك نابینرێن ، نەك تەنیا لە بەرەی جەنگدا ، بەلّکو لە دەزگاکانی بەرەی کوردستانیشدا لەشارەکان هیچ ئەرکێکیان پێ‌نەسپێراوە . بیانووش بۆ ئەم بارە هەمیشە ئەوە بووە کە پێداویستییە کۆمەلاّیەتیەکان بەو شێوەیە یەکانگیرنەبوون بۆ ئەوەی لەبارودۆخێکی وەها ئالّۆزدا ئافرەتان بە ئاسانی ویستی (ارادة) خۆیان بەرامبەر دانیشتوان بسەپێنن .لێرەشدا چاوەڕوانکردنی یەکانگیر بوونی پێداویستییە کۆمەلاّیەتیەکان بۆ من کارێکی بێ‌هیوایە.

**پرسیار :** هەلّوێستی پارتە کوردییەکانی نێو بەرەی کوردستانی لەمڕۆدا بەرامبەر بەڕژێم چۆن دەبینیت ؟

**وەلاّم :** لێبڕاوانە سەددام کابرایەکی ئیستیدادی و گەل کوژە . ئەگەر لەڕووی ئەخلاقیەوە تەماشا بکەین ، پیاو بۆی نیە گفتوگۆ لەگەلّیدا بکات ، بەلاّم ئەگەر لەئاستی ڕووداودا سەیربکەین ، بێگومان وا دیارە لەم چرکەساتە دیاریکراوەدا گفتوگۆکردن لەگەلّیدا لەبنەمادا هەلّە نیە. هێزە هاوپەیمانەکان لەوە لێبڕاوەن سەددام لەدەسەلاّتدا بهێلّنەوە . کوردەکانیش بەلایەنی کەمەوە ئێستا لەو بارودۆخەدا نین ، کە لەڕێگای کاری سەربازییەوە بەسەر سەددامدا سەرکەون . بۆیە بە بۆچوونی من پرسیارەکە سەبارەت بەوە نیە ( ئایا گفتوگۆبکرێ یاخود نە ؟ ) ، بەلّکو دەربارەی ئەوەیە گفتوگۆکە چۆن دەبێ و بەچ جۆرە داواکارییەکەوە بەندە ؟ پێش ئەوەی هاوپەیمانەکان بە نارەوایەتی خۆیان بەدەمڕاستی کوردەکان لە قەلّەم بدەن ، بەهەلّەی نابینم کوردەکان خۆیان گفتوگۆکە بەڕێوەبەرن . ئەم گفتوگۆیە بەهیچ شێوەیەك نابێت بە چەك دانان کۆتایی پێ بێت . بێگومان نابێت گەرانتی بۆ پاراستنی ئەنجامی گفتوگۆکە ، جگە لە توانای خودی کورد ، بەهیچ لایەنێکی ترەوە بەندبێت . گومانی تێدا نیە ، ئەم گفتوگۆیە سەرچلیّ تێدایە ، هەروەها نەکردنەکەیشی بە هەمان شێوە سەرچلیّ تێدایە . چۆن دەتوانرێت بووترێت هاوپەیمانەکان هەلێکی سیاسی لەبار و گونجاو بۆ کێشەکە بەسەر سەددامدا دەسەپێنن !.من ئەوەم ڕوونکردۆتەوە ، ئەگەر بتوانرێت ئەوە بەدەست بێت کە کوردەکان وەك هێزێکی سەرسەختی چەکدار بناسرێن ، ئەوا پاشان لە سەر ئاستی دیپلۆماسی شتێك دەشێ گەلاّلە بکرێت . بزووتنەوەی کورد لەکاتی ئەم گفتوگۆیەدا ، دەتوانێت سوپایەکی ڕێکخراو پێکەوەنێت . ئەوەی من بینیومە، خەلّك ئامادە نین لەسەر بنچینەی ( چی دەبێت با ببێت ) خۆیان چەك داماڵراو بکەن ، من بڕوام وایە زۆرسەختە دانیشتوان بە بڕیاری (چەك داماڵین ) لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە ڕازی بن .

## پەراوێزەکان

• ئەم چاوپێکەوتنە لەڕۆژی ١٩٩١/٥/١٠ دا لەگەلّ ڕۆژنامەنووسی ئازاد ( Lissy Schmidt ) و پاش گەڕانەوەی لە کوردستان لەشاری فرانکفۆرت ئەنجام دراوەو کاك شیروان ئەرکی سازکردنی چاوپێکەوتنەکە و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی گرتۆتە ئەستۆی خۆی .

• ( FR ) ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی بەرفراوانی ئەلّمانییە لە ژێر ناوی ( فرانکفۆرت تەرۆندشەو)دا دەردەچێت .

• وەرگێڕانی دەقی چاوپێکەوتنەکە کەم تا زۆر هەولّدراوە حەرفی نەبێت ، بۆ ئەوەی زنجیرەیی بابەتەکە بۆ خوێنەری کورد ئاسان بکات .

ڕێبوار سیوەیلی

# پیواری

# کامێرای کورد و هێزی سیاسی کورد له واقیعی ئاوارەبوون !

مامۆستا بورهان یاسین ، لەدایك بووی قەڵادزەی خوارووی کوردستانە و ماوەی هەشت ساڵە لە سوێد دەژی . ئێستا لە زانستگای لوند ( Lund ) دکتۆرا لەسەر کورد لەساڵانی (٤٠)دا دەخوێنێ . گەلێك پرۆژەی دیکەیشی ئەنجامداوە ، بۆ نموونە بەشداریکردن لە پرۆژەی ( Samarbejde og konflikt ) و نووسینی باسێك لەبارەی پەیوەندیکورد بەشەری (کەنداو-خلیج )یعەرەبییەوە . هەروەها هەندێلێکۆڵینەوەیبڵاوکراوە لەسەر عیراقی هاوچەرخ بەزمانی ئینگلیزی و سوێدی .

ئەم گفتوگۆیە ئەنجامی دانیشتنی ڕۆژی ٥/٥/١٩٩١ کە لەگەڵ مامۆستا برهان‌دا ئەنجامدراوە ، بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەنی ژیانی ئاوارەکان کە مامۆستا خۆی نزیك بە (٨)ڕۆژێك لەناویاندا ژیاوە . ئەوی‌ڕاستی بێت گفتوگۆیەکە زۆر لەمە زیاتربوو ، بەلام لەکاتی‌تۆمارکردندا بەشێکی زۆری قسەکان نەچوونەتە سەر کاسێت . بە هەرحاڵ دوای ئەوەی نێوبراو خۆی بەسەرجەمی‌گفتوگۆیەکەدا چۆتەوە ، ئەوا بەم جۆرە بڵاودەبێتەوە ، داوای‌لێبوردن لە خوێنەران و کاك بورهانیش دەکەم .

**ڕێبوار** : ئەو ڕێگرانەی دێنە بەردەمی ڕۆژنامەنووس ( کورد یان بێگانە ) چین لەکاتی سەردانیدا بۆ لای کوردە ئاوارەکان ؟

**بورهان**: بێگومان جیاوازی هەیە لەوەی تۆ کورد بیت، یان ڕۆژنامەنووسێکی بێگانە . بۆ کوردێك لەوانەیە هەر لە ئەنقەرە نەهێڵن بچێتە ژوورەوە ، بەلام لەئەنجامی ئەو بارودۆخەی دیتم ، ئەوەم لێئاشکرابوو ، کە تەنانەت ڕۆژنامەنووسی بێگانەش دەستی بەڕووەوە دەنرێ و بگرە کامێراکەیشی دەشکێنن و فیلمەکانیشی لێدەستێنن ، بە مەرجێ ڕەخنەی لە دەوڵەتی تورکیا گرتبێ . ئەوەیان بەندە بەوەی مرۆڤ تا چەندە دڵسۆزی خۆی بۆ ئاوارەکان دەنوێنێ ، دیارە ئەوەش دەبێتە هۆی ڕق هەستانی جەندرمەی تورکی . بۆ کوردێك گەر بیەوێت سەردانی ئۆردوگای ئاوارەکان بکات ، باشترە ئەوەی لەپێش چاو بێت ؛ کە سەرنجی جەندرمەی تورکی بۆلای خۆی ڕانەکێشێ و نەیان وروژێنێ .

**ڕێبوار** :ئەی ئاوارەکان خۆیان ، ئەوان زیاتر حەزدەکەن دەردەدڵیەکانیان لەلای کێ بکەن : کورد ، یان بێگانە ؟ ئایا جیاوازی ئەمە هەست پێدەکرێ ؟

**بورهان**: ڕەنگە بەراوردکردنی ئەو دوو لایەنە ئاسان نەبێت ، چونکە خۆم لەو بارەدا نەژیاوم و تاقیمنەکردۆتەوە ، بەلام دەتوانم بەشێوەیەکی گشتی پێت بڵێم: گۆڕانکارییەکی باشم لە خەڵکەکەدا بەدیکرد ، تەنانەت لەلای ئەوانەیش کە ڕۆشنبیریی سیاسیان نیە . هەر هەموو خەڵکەکە زۆر بە ئیجابی تەماشای کامێرا دەکات . بەردەوام ئامۆژگاریان ئەوەبوو بۆم کە نەچم لە ئەورووپا هەندێ یارمەتی کۆبکەمەوە ، کە بێگومان ئەمەیش شوێنی خۆی دەگرێ ، بەڵکو ئەو وێنە و مەتریالانە بڵاوبکرێنەوە و

بارودۆخی مرۆڤی کوردیان لەبەردەم ڕای گشتی جیهانیدا ڕەنگ پێبدرێتەوە . بە تەواوی خەڵکەکە ئاگاداری ئەوە هەن کە نرخی کامێرای ڕۆژنامەنووسێك ، وتاری نێو ڕۆژنامەیەك ، چەندە لەناساندن و هەرچی زووتر چارە بۆ دۆزینەوەی سەرجەمی کێشەکەدا دەوری خۆی دەبینێ.

سەبارەت بە جیاوازیش ، بێگومان ڕەنگە زمان ڕۆڵێکی گرنگ لە چوونە نێو قووڵایی کێشەی ئاوارەکاندا بنوێنێ . ئەوەندەی کوردێك دەتوانێ هەندێ وردەکاری بەدەست بهێنێت ، بۆ ڕۆژنامەنووسێکی بێگانە ، لەبەر هۆی نەزانینی زمانی کوردی ، ڕەنگە زەحمەت یان نامومکین بێ. من دەتوانم نموونەی ئەو مردووەت بۆ بهێنمەوە ، کە لەکاتی شتنیدا توانیم بە فراوانی وێنەی بگرم بەبێ ئەوەی کەس ڕێگریم بکا و دەست بە ڕووەوە بنێ . خۆت دەزانی مردوو لەلای ئێمە قودسیەتێکی تایبەتی هەیە و گەر دەساڵ لەمەوپێش بتویستایە وێنەی جەنازەیەك لەکاتی شتندا بگری ، ڕەنگبێ بەتوندی ڕەت کراباوە . هەر ئەمەش وام لێدەکا جەخت لەسەر ئەوە بکەم کە بەڕاستی گۆڕانێکی ئیجابی لەلای خەڵکەکە هەیە .

**ڕێبوار** : کاك بورهان ! جەنابت لەوێ هەستت بە غیابی کامێرای کوردی ، یان چاوی کوردی دەکرد ؟

**بورهان**: وەڵلاهی بێگومان .. یەکەم شتی سەرنجی منی بەلای خۆیدا ڕاکێشا ، نەبوونی چاوی کوردی بوو. بێ لەسەر وەستان ئەمەش دەبەستمەوە بە فەرامۆشکاری پارتە سیاسیەکانەوە . دیارە شتێکی ڕاستە ئەوان ناتوانن خواردنی سەدان هەزار ئاوارە دابین بکەن و ڕەنگە ناڕەوایش بێت گلەیی ئەمەیان لێبکرێ ، بەلام خۆ دەکرا بۆ هەر ئۆردوگایەك چەند کامێرایەك بنێرن . بەقەناعەتەوە دەڵێم گەر ( بەرەی کوردستانی ) کارێکی ئەوتۆی بکردایە ئەوا خزمەتێکی زۆری بەو کەسانە دەگەیاند کە لە دواڕۆژدا لەسەر ئەم قۆناغەی مێژووی میللەتەکەمان توێژینەوە دەکەن . ئەمە جگە لەوەی ئەو فیلمانە دەبوونە سەرمایەیەکی نەتەوەیی و هۆی دەوڵەمەندکردنی ئەرشیفی کورد . ئەم غیابە ، لەدواڕۆژدا خەسارەتێکی گەورەیە و شوێنی پڕنابێتەوە .

**ڕێبوار** : ڕۆژنامەنووس و هەواڵنێرە بێگانەکان ، بە تایبەتی ئەوانەی ڕاپۆرتی تەلەفزیونی دەنێرن ، زۆر گرنگی دەدەن بە پیشاندانی ئەو وێنانەی کە ڕەهەندەکانی دی مرۆڤی کورد ئاشکرا دەکەن : بۆ نموونە هێرش بردن ، لێدان و شەڕکردن لە سەر خواردن . ئایا بەڕێزتان چۆن لەمە حالێ دەبێ و دەیبەستێ بە چ هۆکارێکەوە ؟ وای نابینیت ئەو وێنانە ڕووخسارە تراژیدیەکەی کێشەی کورد لەئاستێکی نزمتردا بۆ بینەری ئەورووپی بخەنەڕوو؟

**بورهان**: بە قەناعەتی من ، ئەگەر بینەری ئەورووپی ئەنجامێکی دی لەو حاڵەتانە بەدەست بهێنێت ، نیوەی لەگەڵێدام و نیوەیشی ڕەت دەکەمەوە . ڕاستە ئەو کێشەو هەرا و شەڕکردن و هەندێ جار لەژێر دەست و پێ مردنەشدا بۆ نان وەرگرتن ؛ ڕووخسارێکی شارستانیانەی نیە و بۆ ئەمەش دەبێ لە وردەکاریەکانی کەسایەتی کوردا واتە : بێ‌تەنزیمی و شێوەی ئاکاری‌دا لێی بکۆڵرێتەوە ، بەلام دەکرێ ڕەخنە ئاڕاستەی بەڕێوەبردن و چۆنێتی دابەشکردنی خواردەمەنیەکانیش بکرێ . دەمەوێ ئەوەش بڵێم ، ئەو کەسانەی لەدەوری خواردنەکان کۆدەبنەوە و هەندێ جار شەڕ و ناخۆشی و کێشە دروستبوونیش لە نێوانیاندا پەیدا دەبێ ، هەرگیز سەرجەمی خەڵکەکە نین ، بەڵکو بەشێکن . هەر لەبەر ئەوەشە بەهانە نیە بۆ ئەو ناخۆشی و لێدان و کێشانەی لەنێوانیاندا دروست دەبێ. ڕاستە ئەوان ماندوون ، لەڕێگای دوورەوە هاتوون ،منداڵ و خێزانیان برسین ، بەڵام بەڕاستی هێشتا هەر بەهانە نیە بۆ ئەو کێشانەی لەنێوان ئەم بەشەی خەڵکەکەدا ڕوودەدەن . بەشەکەی تری ئەو خەڵکە ، هەرگیز ئەو شێوە خواردن وەرگرتنەی بەلاوە پەسەند نیە . بەو دیاردەیە بێ‌تاقەتە ، شەرمی لێدەکا ، نایەوێ تێکەڵاوی بێ . لەنێو خێمەکەی خۆیدا چاوەڕێیە تا ئەو خواردنەی بەریدەکەوێ و دەیدرێتێ وەربگرێ .

**ڕێبوار** : وای نابینی برسێتی‌یەکە ئەم کێشەیەی دروستکردووە ، واتە پێویستی بە خواردەمەنی بۆتە هۆی ئەو پێکدادان و نائارامی‌یەی نێو خەڵکەکە ؟

**بورهان** : بەداخەوە ، دەتوانم بڵێم هەر تەنیا پێویستی بە خواردەمەنی نیە و بگرە ململانێکە لەسەر ئەمەیە کێ بەشی زۆری دەستکەوێت و مامەڵەی پێوە بکات، واتە بیفرۆشێتەوە . من کاتێك ئەم قسەیە دەکەم ئازار دەچێژم ، بەلام ئەمە واقیعیەتێکە و لەنێو ئاوارەکاندا هەیە . نرخی سێوێك دینارێکە !! . . . من لەژێر هەندێ خێمەدا کارتۆنی لەسەریەك کەڵەکەبووی پڕخواردنم بینیووە کە بۆ فرۆشتنەوە دانراون . . . شتەکە واقعیەتەو هەیە . دیارە ئەورووپییەك ئەوە ببینێ ، بێگومان تراژیدیایەکە لەسەر ئێمە قورستر دەبێ ، بەدیاردەیەکی ناشارستانی و پاشکەوتوویی دەدرێتە قەڵەم . . .

**ڕێبوار :** لەسەرەتای مانگی چوارەوە هەواڵی یارمەتی و پێکەوەنانی کۆمیتە بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکان لەلایەن کوردەکانی باکورەوە هات . ئایا سروشتی ئەو یارمەتیە ، بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی کوردانی باکوور لەژێر ستەمکاری دەوڵەتی تورکیادا ، چۆنە ؟ چۆن تورکیا ڕێگە بەمە دەدات ؟!

**بورهان:** ئەم خاڵە زۆر شێوەی بە خۆیەوە گرتووە : یەکێك لەوانە مەسەلەی شکاندنی سنوورە . بۆ ئەوەی ئاوارەکان بتوانن بێنە ناو سنووری تورکیاوە، کوردەکانی باکوور ، بەتایبەتی خەڵکی شارەکانی نەسیبین و دیاربەکر هەستاون بە خۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕین لەدژی داخستنی سنوورەکان . شێوەیەکی دی ئەو یارمەتیە، بریتیە لەمانگرتنی خواردنی هەندێ ئەندامی کورد لەپەرلەمانی تورکیادا، بۆ ئەوەی تورکیا ناچاربکەن سنوورەکان بکاتەوە و یارمەتی ئاوارەکان بدات ، بێگومان ئەمە نموونەیەکی کۆنکرێتە و لەئاستێکی بەرزدایە ، دیارە کاریگەری خۆیشی بە سەختی جێهێشتووە . نموونەیەکی دی سروشتی ئەو یارمەتیانە لەڕێگای ئەو پارتانەوەبووە کە کورد تیایاندا ئەندامن، وەك پارتی خەڵقی سۆسیال دیموکراتی تورکیا . بەڵام مەزنترین شێوەی ئەو یارمەتیانە بریتی‌یە لە ناردن و کۆکردنەوەی پێویستی ژیان ، هەر لە خواردن و جل و بەرگەوە بگرە ، تا دەگاتە بەکارهێنانی ماشێنی گەورە و بەکرێگرتنی نانەواخانە . خەڵك هەبووە پارەی داوە ، موچەکەی داوە، تەلەفونەکەی خستۆتە بەردەستی ئاوارەکان تا بەکاری بهێنن و دەنگی خۆیان بگەیەننە خزم و کەسیان لە ئەورووپا .

بە کورتیەکەی دەتوانم بڵێم ، ئەم ڕۆحی یارمەتیەی کورد لە تورکیا بۆ کوردی عیراق نموونەی لەمێژووی کۆن و تازەماندا کەمە . حەز دەکەم ئەوەش دەست نیشان بکەم، کە ئەم گیانی بە تەنگەوەهاتنە باربووکردنەوەی ئەم ژیانە گەورەیە کەدمیان ساڵ بەر لەئێستا شۆڕشی چەکداری هێنایەکایەوە . ئەوەبوو زۆرجار بەهۆی کارێکی تاکتیکی‌یەوە دەبا پەیوەندی کورد و کورد بپچرابایە لەسەر حیسابی پەیوەندی کورد و سەنتەری دواوە کە ڕەحمەتی دەدا بە ئەمە بۆ ڕەتکردنەوەی غەزەبی سەنتەری یەکەم . بەبڕوای من ئەمە گۆڕانێکی چۆنایەتی‌یە کە شتێکی چۆنایەتیش بۆ دواڕۆژ دروست دەکات . واتە لە پرۆگرام و تەکتیکی حیزبەکان و بزووتنەوەی کورد دەپەڕێتەوە . هەمان گۆڕانی ناوبراو لە خۆرهەڵاتی کوردستانیشدا هاتۆتەدی .

**ڕێبوار :** دەنگ‌وباسی دزین و بزربوونی بەشێکی زۆری ئەو کەل وپەلانەی بۆ ئاوارەکان ڕەوانە دەکرێن دێتە گوی ، تکایە لەم بارەیەوە بدوێ ، کێ ئەو کارە دەکا و بەئاگاداری کام دام و دەزگا و دەوڵەت ؟

**بورهان:** بەڕاستی قووڵبوونەوە لە چۆنێتی دزینی کەل و پەل ، یاخود دەست نیشانکردنی ئەوانەی لە پشتی ئەم کارەوەن کارێکی هەروا ئاسان نیە . من‌نازانم سروشتی چۆنە ! بەڵام دەکرێ لەدوو بازنەدا لێی بکۆڵدرێتەوە : یەکەم لەسەر ئاستی دەوڵەتی تورکیا . چۆنێتی مامەڵەکردنی ئەنقەرە لەگەڵ ئاوارەکان و مەسەلە ئیدارییەکانیدا ، ئاشکراکردنی هەندێ زانیاری لەسەر ئاوارەکان یان نەکردنی وە بگرە گلدانەوەی هەندێ دەزگای بەرزی حکومەتی تورکیا بۆ هەندێ یارمەتی هەر کەهێشتا لە ئەنقەرەیە ـ واتە یارمەتیەکە لە قۆناغی یەکەمدا ـ . بازنەی دووەم ، لەسەر ئاستی ناوخۆیی ؛ واتە لە نزیکی ئۆردوگاکان . بۆ نموونە لە دیاربەکرەوە تا شوێنی ئاوارەکان چەند شارەوانی‌یەکت دێتە ڕێگە ، لەم شارەوانیانەدا خواردن و کەل و پەل بزردەبێ ، لێی کەم دەبێتەوە . . . دیارە بۆ دزین و بازرگانی پێوەکردنی ئەو کەل و پەلانە ڕێکخستنێکی پتەو هەیە ، ئەگەرچی ڕۆژنامەگەری جیهانیش تائێستا بۆیان ئاشکرا نەبووە کێ لەپشتی ئەو ڕێکخستنەوە ڕاوەستاوە . (ڕۆبەرت فیسك) دانی بەم ڕاستیەدا هێناوە، بەڵام گوتویەتی سەرچاوەکەی بۆ نەدۆزراوەتەوە و ناتوانێ ئەو لایەنانە دەست نیشان بکات کە دەستیان لەمەدا هەیە .

**ڕێبوار :** ڕژێمی عیراق توانیویەتی بخزێتە نێو ئاوارەکانەوە ؟ چۆن کاردەکات ؟ بەڵگەی ئەوتۆ بەدەستەوە هەیە بەکرێگیراوی بەعسی لە ئۆردوگاکاندا هەبن ؟

**بورهان:** بێگومان شتی وا هەیە . ئەو شتانەم زۆر لە ئاوارەکان دەبیست . ڕەگەزی دەوڵەتی عیراق لە ئاژاوەنانەوەدا دەستیان هەیە ، بۆ ئەوەی ڕقی تورکیا لە کوردەکان هەستێنێ و وێنەیەکی دی لەسەر کورد دروست بکات یاخود پەیوەندییەکی نێگەتیڤانە لەنێوان ئاوارەکان و ڕژێمی تورکیادا دروست ببێ . شێوەی دی ئەو ئاژاوەنانەوانەی بەکرێگیراوەکان ، بریتی‌یە لە ژەهراوی‌کردنی سەرچاوەی ئاو .

**ڕێبوار :** خەڵکی ئاوارە چۆن لە هێزەکانی بێگانە دەڕوانێ ؟ چ ئەوانەی بۆ کاری مرۆڤ دۆستانە لەوێن و چ ئەوانەیش کە وەك هێزی سەربازین ؟

هەواڵنامەی کتێب

**بورهان:** بەڵێ . بەشێوەیەکی گشتی خەڵك لە جەندرمەی تورکی نارەحەتن . دەمێنێتەوە هێزی ئەمریکا و بەریتانیا کە وەك یارمەتیەکی سایکۆلۆژی بۆ خەڵك حسیب دەکران . ئەوان راستەوخۆ دەستیان خستە کاروباری ئیدارییەوە ، بەنێو ئۆردوگاکاندا دەگەڕان و لە رووی رێکخستنی پێویستی‌یەکانی رۆژانە و دابەشکردنیانەوە رۆڵی پێویستیان دەدی . بۆ نموونە ، کەوتنە ئاو راکێشان و ئەمەش وایکردووە خەڵکەکە بەگەرمی‌یەوە پێشوازیان بکات . ئەگەرچی جەندرمە و سەربازی تورکی لەئاست ئەمەدا نارەزاییان دەربڕیبوو . لەم رووەوە خەڵك دووبەشن: بەشێکیان هیچ جۆرە حسیبێك بۆ سەربازی تورکی ناکەن و بەشێکیش دەڵێن گوایە ئەوان لەسەر خاکی تورکیان و لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی تورکیادان ، بۆیە دەبێ کارێك نەکرێ رقی تورکەکان لەخۆیان تیژبکەن . وێڕای ئەمانەیش خەڵکێك هەیە لە ئاستە سیاسیەکەوە دەڕوانێتە تورکیا و هەڵوێستی دەوڵەتی تورکیا لەئاست کوردا وەك مەسەلەیەکی جودا لە ئاوارەبوون و برسێتی و ئەمجۆرە شتانە لێك دەداتەوە .

**رێبوار:** ئەی هێزی سیاسی کورد چ دەڵێن ؟ ئایا تا ئێستا هیچ روونکردنەوەیەك نا ؛ بەڵکو هیچ بەڵگەنامەیەکیان سەبارەت بە بوونی هێزی بێگانە لەسەر خاکی کورد ؛ بلاوکردۆتەوە کە سەرنجی خۆیانیان تیا روونکردبێتەوە بۆ خەڵکی ؟

**بورهان:** هێزە سیاسیەکان ، لە واقیعەکە غائبین . تا ئەو دەمەی من لەوێ بووم ، هیچ سەرکردەی پارتێك ، یان نوێنەرێکی بەرەی‌کوردستانی نەهاتۆتە سەردانی ئاوارەکان . ئەم غیابە وای کردووە خەڵکەکە هەست بە تەنیایی‌یەکی موتڵەق دەکا ، بیری لێ دەکەنەوە ، قسەی لەسەر دەکرێ . . . من بۆ خۆم هەستم بە کورتبینی پلانە سیاسیە کوردییەکە دەکرد . پێویست بوو نەك هەر سەرکردە کوردەکان سەریان لەخەڵك دابایە ، بەڵکو لەناو خەڵکەکەشدا ژیابان و لەنزیکەوە بارودۆخی ئاوارەکانیان تاقی‌کردباوە . بەڵام سەبارەت بە بوونی بەڵگەنامە و روونکردنەوە ، نەخێر ! ئەو دەمەی من لە چکورجە بووم دوو هەفتە بوو کارەساتەکە رووی‌دابوو ، ئەم ماوەیەش بۆ ئەوە دەبێ لایەنە سیاسیەکان بەخۆ کەوتبان و هەندێ روونکردنەوە ، یان بەیانێکیان لەسەر ئەو وەزعە دەرکردبا . جێگەی پرسیارە ، بوونی رێژەیەکی زۆر هێزی ئەمریکی و ئەوروپی لەسەر خاکی کوردستان و ئەو نەخشەیەی هەیانە بۆ دامەزراندنی " ناوچەی ئازاد" یان هەندێ ئۆردوگا لەژێر چاودێری خۆیان یان هێزی نەتەوە یەکگرتووەکان ، پێویستی بەروونکردنەوەی سیاسیانەش هەیە . بەراستی ساتەوەختێکی مێژوویی ناسکە . . . دەبێ لەگەڵی بژین و بەووردی ئاگاداری‌بین . لێی بکۆڵینەوە . کەچی بەداخەوە ، تا ئەو جێ‌یەی من‌ئاگادارم ، تاقە بەیانێکیان لەسەر ئەو مەسەلەیە ، واتە بوونی هێزی‌بێگانە و تێڕوانینی خۆیان لەسەر وەزعەکە بلاونەکردۆتەوە بەناو پەنابەرەکاندا . بەڵام لەلایەکی ترەوە دەبێ ئەوەش بزانین کە هێزە سیاسیە کوردییەکان خۆیان لەقۆناخێکی زۆر ناسکی کارکردن‌دا دەبیننەوە . دەمەوێ بڵێم ، بوونی دوو ئەڵتەرناتیڤ (بدائل) لەپێش ئەم هێزانە : یەکێکیان گفتوگۆ لەگەڵ رژێمی بەغدا و یەکێکیان مەسەلەی " ناوچەی ئازاد " ، ئاسان نیە مامەڵە لەگەڵ هەردووکیان‌دا لە یەك کاتدا بکرێ . رەنگە باشترین شێوە ئەوەبێ کە هەر یەکێکیان بەکاربهێنرێ بۆ بەهێزکردنی هەڵوێست بۆ کارکردن لەگەڵ ئەوی تردا .

**رێبوار:** ئەی خەڵك بەگشتی لەمەڕ گفتوگۆی بەرەی کوردستانی و رژێمی بەعسەوە چ دەڵێن ، ئایا بەرە لەم بارەیەوە هیچی بۆ خەڵك روونکردوتەوە ؟

**بورهان:** ئەمە پرسیارێکی حەساسە ، رەنگە مرۆڤ نەتوانێ وەلامێکی کۆنکرێتی بۆ بدۆزێتەوە ، بەلام بە شێوەیەکی گشتی و بەپێی گوێگرتنم لەئاوارەکان ، (مفاوەزات) بۆ بەشێکیان پرۆسەیەکی رەتکراوەیە ، جا چ روونکردنەوە لەسەری‌بدرێ یان نە؟ . دیارە شتەکە لە سەرەتاییدایەو لایەنە سیاسییەکانیش جارێ بۆ خەڵکی باس ناکەن . خەڵکەکە باری‌قوربانیەکانیان دووجار لەسەر شان سەنگین بووە . بەگشتی و بەجیدیش ئەوە رەت دەکەنەوە جارێکی دی لەژێر سایەی‌بەعسدا بژین . لە لایەکی‌ترەوە خەڵکەکە ئاگایانە هەستیان بەشوێن چۆڵی‌ی رای‌گشتی‌جیهانی‌دەکرد ، یان پێشبینی‌شتێکی‌لەو بابەتەیان دەکرد و دیسانەوە ئازاریان قورستر دەبوو . . . خەڵك ئەگەرچی هەست بە زیانە گەورەکە دەکەن ، واتە ئیبادەبوونی شار و شوێنی حەوانەوەیان و رەنگە کەس نەبێ حەز بکات نەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی ، بەلام تەنانەت بەنرخی گەڕانەوەیش مفاوەزاتیان ناوێ . . .

**رێبوار:** زۆر سوپاس .

* بیوار = غائب = غیاب ( بڕوانە لاپەڕە (٤٩٠) - گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، بەرگی‌یەکەم ، بەشی‌یەکەم / ١٩٧٣) .

# بەڵگەنامە
# لە
# ڕاپەڕینەکانی کوردستانەوە

برای بەڕێز ...

سلاوێکی برایانەی گەرم . هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم .

براکَیان / وەك خۆت ئاگاداری ، ئێستا ئێمە - بەواتای ئێمەی کورد بەگشتی - لەبارودۆخێکی تایبەتیدا دەژین ، هەر کۆمەڵێك ڕووی کردۆتە شوێنێك ، ئێمەش خۆش بەختانە بەر ئەو کوردانە کەوتووین کە لە خاکی کوردستاندا پێمان چەقاندووە و ڕوومان نەکردۆتە هیچ وولاتێکی دراوسێ . ئێستا لە ناوچەی خۆمان...دەژین و دەتوانم بلێم زۆربەی خزمان لەگەڵماندا دەژین .

براگیان / لەکاتی نووسینی نامەدا لەشاری بانە و میوانی کاك (...)م . هەڵبەتە هاتومەتە بانە بۆ کۆکردنەوەی چەند یارمەتی‌یەکی پزیشکی بۆ ئاوارەکانی دیوی کوردستانی خۆمان و دەتوانم بلێم پاش چەند سەعاتێکی تر دەگەڕێمەوە . بۆیە بەهەلێکی باشم زانی بە نامە لەتۆی ئازیز بپرسم و حەزمکرد چەند ڕاستی‌یەکت لەسەر دروست بوونی شۆڕش ، لەسەرەتاوە تا ئەم هەلومەرجەی تیایدا دەژین ، بۆ ڕوون بکەمەوە ، چونکە پێم وایە پێت خۆشە و ئەوەندەش زانیاری تەواوتان دەربارەی نی‌یە .

براگیان / پێش ئەوەی دەست پێ‌بکەم ، پێم خوشە ئەوەت پێ‌بلێم کە حەزم دەکرد بە تەلەفون قسەت لەگەڵ بکەم ، بەلاّم باوەڕ بکە ئەوەی لەدلّی مندایە و دەمەوێ پێتی ڕابگەیەنم لانی کەم بە نیو سەعات تەواو نەدەبوو ، ئەمەش پارەیەکی زۆری دەویست .

براکَیان / با بەکورتی هەندێ زانیاری ڕاست و دروستت بۆ بنووسم .

لەو کاتەدا کە ڕاپەڕینەکانی باشووری عیراق بلێسەی سەندبوو و چەند شارێکی وەکو ناسریە و سەماوە کەوتبوونە دەست شۆڕشگێڕان ، هەر لەو کاتەدا ئاژانسەکانی دەنگوباسی جیهان هەڕەشە و گوڕەشەی (بوش)یان بلاودەکردەوە کە لە سەددامی دەکرد ئەگەر بێت و ملی بکەن بە پەتا نابێت هیچ قسە بکات ، وە سوپای‌عیراق تووشی شکستێکی گەورە بووبوو و وورەی هاتبووە ژێر سفرەوە و دام و دەزگا تۆقێنەرەکانی ڕژێم ئەترەشیان لە خەڵك چووبوو .

بەبێ ئەوەی هیچ جوولانەوەیەك کەم یان زۆر ڕووبدات، پاش چەند ڕۆژێك لە ڕاپەڕینەکانی باشوور خەڵك هێدی هێدی سیوای لەڕژێم بووە و لەناو بازاڕی شاری‌سلێمانی‌دا (قوات خاصة و پیاوانی ئەمن) خەڵك بە جوجەڵەیان دەزانین و هیچ حیسابێکیان بۆ نەدەکرا . ڕۆژی ٣/٧ خەڵکی قارەمان هەر لە سەعات شەشی بەیانی‌یەوە دەستیان‌دایە هێرش بۆ سەر شوێنە سەرەکی‌یەکان و یەکەم شوێن کە ڕزگارکرا " منظمەی عثمان " بوو. بە هەر حال لەماوەی چەند سەعاتێکدا هەموو دام و دەزگای ڕژێم تەفروتوناکران ، تەنیا دائیرەی ئەمن نەبێت ، ئەویش

هەواڵنامەی کتێب

ڕۆژی دوایی گیرا و هەرچی تێدابوو بە تەور و بلۆک سەریان پانکردنەوە و شار بەتەواوی ڕزگارکرا . بەڵێ ! ڕزگارکرا ، بەڵام لەچی ؟ تەنیا لەژێر دەستی پیاوانی ڕژێم ڕزگارکرا ، نەک لەو سیاسەتە پیسەی کە لەشاردا پیادەکرابوو . بۆیە چەند سەعاتێک پاش ڕزگاربوون ،خەڵکی قارەمان دەستی دایە تاڵان و بڕین و دائیرەسووتاندن ، وەک دائیرەی تربیە و تاپۆ و نفوس . هەندێکی تر سەرقاڵ بوون بە تاڵانکردنی کارگەی جگەرەوە و هێندێکە خەڵکیش سەرقاڵی مێز و کورسی دائیرەکان بوون کە بە نارەحەتی بۆیان دەگەیشتە ماڵەوە .

بەڵێ براگیان ، ئەگەر دەپرسی ئەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان چیان دەکرد و بۆ هێمنی شاریان نەدەپاراست ؟ ئەوا دەڵێم ئەوانیش ناحەقیان نەبوو، چونکە تێکرا سەرقاڵی ئەوەبوون کە قوتابخانەکان بکەن بە بنکە و چەند وێنەیەکی گەورەی تێدا هەڵبواسن بۆ جوانی ، پێویستیان بە چەند ژوورێکی ڕێک و پێک هەبوو بۆ ئەوەی تیایدا بەخێرهاتنی جاش و ڕفیق حزبییە قارەمانەکانی تیا بکەن و پیرۆزبایی سەرکەوتنیان لێ بکەن . ڕەنگە بپرسی ئەی جەماوەر کەسی تێدا نەبوو بتوانێ کۆمەڵێک یەکخا و ببن بە پارێزەری ئەم سەرکەوتنە ؟ بەڵێ دوای یەکەمین ڕۆژ کۆمەڵە لاوێک هەستان بە دروست کردنی چەند شورایەکی جەماوەری لەژێر دروشمی " نان ، کار ، ئازادی ، حکومەتی شورایی "دا و توانیان لە زۆر ڕووەوە یارمەتی جەماوەر و خەڵکی ڕاپەڕیوی شاری سلێمانی و کەرکوک بدەن ، وەک دابینکردنی خوێن بۆ بریندارەکان و ئامۆژگاریکردنی خەڵک بۆ ئەوەی دەست درێژی نەکەنە سەر دائیرە و قوتابخانەکان و تەنانەت دەگەڕان بە ماڵاندا و سواڵی نانیان دەکرد بۆ بەرەکانی شەڕی کەرکوک و بۆ ئاوارەکان . بەڵام بەداخەوە تەمەنیان زۆر کورت بوو ، چونکە ڕێکخراوی ( ڕەوتی کۆمۆنیست ) بە ڕێبەرایەتی " مەلا بەختیار " توانی هەندێ لە ئەندامەکانی خۆی بخزێنێتە ناو شوراوە و توانیان وردە وردە دروشمەکانیان بگۆڕن و تەنیا ئامانجی شورا بکەنە مەسەلەی کرێکاری وەک: دەبێت کرێکاران لە یەک هەفتەدا (٣٥) سەعات کار بکەن ، دەبێت کرێکارانی کوردستان و باشوور لەیەک ئاستدا بژین . بەڵێ ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە بەرەی کوردستانی قارەمان توورە بێت و بەهانەیان هاتە دەست بۆ لەناوبردنی شورا ، بۆیە لە چاو تروکانێکدا بەیاننامەیەکی دوورود رێژیان لەسەر

پڕکردنەوە و بە خائین و گێرەشێوێن لە قەڵەم دران و نەعلەت لەو کەسە کرا کە پەیڕەویان دەکات . بەوجۆرەش دیسانەوە مەیدان بۆ دزی خۆش بووە و هەر حیزبەش بۆ خۆی خەریکی ئەوەبوو کەبتوانێ دڵی چەند سەرەکجاشێک بەلای خۆیدا ڕابکێشێت ، بۆ ئەوەی ژمارەیان زیادبکات.

بەڵێ ڕووداو بەم شێوەیە مایەوە هەتا دوژمن دیسانەوە دەستی کردەوە بەهێرش بۆ سەر کوردستان ،ئەو کاتە دەست کرا بەخۆسازدان بۆ بەرگری لەسلێمانی و ئەتوانم بڵێم هەزاران ژوڵە پەیمانیان بۆ پێشمەرگە تازەکردەوە کە پشتیان بەرنەدەن و شار چۆڵ نەکەن ،بەڵام لەشەوی ٣ / ٢ی مانگی چواردا ، کاتێک دوژمن هێرشی کردە سەر شار ، لەسەعات ١٢ ی شەودا گشت بنکەکان چۆڵکران و پاشەکشەکرا ، بەبێ ئەوەی تەنانەت یەک گوللە بهاوێژرێ بەرەو ڕووی دوژمن ، جەماوەری شاریش لەترسی تۆڵەی دوژمن ، هەریەک بەلایەکدا بەبێ خاوس شاریان بەجێهێشت . بەڵێ ترس و هیلاکی بەجارێ تەنگی بە جەماوەر هەڵچنی و بەو شێوەیەی دایک کۆرپەی ساوای خۆی لەرێگا فڕێ دەدا و باوک سەر منداڵەکانی نەدەپەرژا . باوەڕ بکە لەماوەی چەند سەعاتێکدا لە(پاسنێ)تەرمی ١١ کورد نێژران .

براگیان / ئەمە کورتەیەک لەو ڕووداوە کە بۆم باسکردیت . بەڵام وا ئێستا دیسانەوە هەم هەمەی ( حاجی بوش ) کەوتۆتە سەر زمان و ڕۆژنامەنووسەکان دەڵێن دیسانەوە زۆر توورەیە و دەیەوێت ئەم جارە ( ناوچەیەکی ئەمنی )یمان بۆ دروست بکات . هەروەها لێرە دەنگوباس وایە کە ئەم پاشەکشەیە لەشارەکان فێڵێکی سیاسی گەورەیە و ئێمەی کورد توانیومانە لە ڕژێمی فاشی بکەین تا مەسەلەی کورد ببێتە مەسەلەیەکی جیهانی و نێو دەوڵەتی . جا ئەگەر وایە دەستمان دامێنتان ئێوەش ئەم هەموو خەڵکە بێچارەیەتان لەبیر نەچێ و شەو بخەنە سەر ڕۆژ تا زیاتر دڵی ڕەقی گەلانی ئەورووپا بهێننە جۆش ، بەڵکو بتوانرێ یارمەتیەکی پێویست بە مەسەلە ڕەواکەمان بدەن . دڵنیاش بن ئەو یارمەتیانەی کە دەڵێن لەلایەن جیهانەوە بۆ کورد ڕەوانە دەکرێن ، ئێمە لێرە تەنانەت بە تەلەفزیۆنیش وێنەکانیان نابینین و نازانین بۆ کێ دێت و لەکوێ دەخورێت . تەنیا یارمەتیەک کە درابێت ئەوەیە کە ڕۆژی چەند نانێک لەسەر سەیارەوە وەکو بۆ . . . فڕێ دەن دەهاوێژنە خوارەوە لەگەڵ چەند قسەیەکی ڕەقدا و هیچی دی .

هیوادارم لەهەندێ هەڵە ببوریت ، چونکە بەراستی هیلاکم و هیلاکی زۆر شتی لەبیر بردومەتەوە .
ئیتر هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم

برات ( ... )
١٩٩١/٤/١٧
بانە

---

برای بەڕێز ....

... لەکاتی دەست پێکردنی کێشەی کەنداوداوەزعی عیراق گۆڕانکارییەکی زۆر خێرای بەسەردا هات : ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دام و دەزگاکانی دەوڵەت بەرەو هەڵوەشانەوە دەچوون ، سەربازەکان لەکاتی وەرگرتنی ئیجازەدا وایان دەزانی تازە لەدایك دەبن ، هەڵهاتن لەبەرەی کوێت سات لە دوای سات زۆر دەبوو ، پیاوەکانی دەوڵەت خەریکی بەرتیل خواردن بوون و سەربازی وا هەبوو ڕۆژی چەند جارێك دەگیرا و بەپارە ئازاد دەکرا ،دەوڵەت کەوتبووە فرۆشتنی کارگەکان و شوێنە گشتییەکان و خانووبەرە دەوڵەتیەکان و بەنزینخانە و باخچەی مندالان ..هتد، دام و دەزگاکانی وەك پۆلیس و ئەمن و ئیستخبارات و مخابەرات وەکو گورگی برسی کەوتبوونە گیانی خەڵك بە تاوانی جۆراوجۆر خەڵکیان لە زیندانە هەرە سەخت و تاریکەکان تووند دەکرد ، جگە لەوە پروپاگەندەی کوشتن و برینی خەڵکیان بلاودەکردەوە بۆ تۆقاندنی خەڵك و دائیرە و شوێنە دەوڵەتیەکانیان هەفتەی چەند جارێك کۆدەکردەوە و داوایان لێدەکردن کەس و کارەکانیان بنێرنەوە بۆ " بەرەی شەرەف و بەرگری لە عیراق و نەتەوەی عەرەب ) .
جگە لەوانە گرانیەکی وا ڕوویکردبووە ولات کە زۆر کەم کەس دەیتوانی بژی ، بۆ نموونە : ڕۆژانەی فەرمانبەرێك تەنیا بەشی دوو کیلۆ برنجی دەکرد ، ڕۆژانەی کرێکارێك تەنیا بەشی ١٤ نانی دەکرد . خەڵکی ڕەش و ڕووت بێ بەش بوون لە زۆربەی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ ، بینینی پزیشك ( ٥ )دینار بوو ، جل و بەرگ و کالای تر لە کڕین نەدەهاتن ، بەناو خواردەمەنی دابەش دەکرا ، بەلام دوو مانگ بوو نەفەری ٢٥٠ گرام ڕۆن و ٢٥٠ گرام شەکر و نیو کیلۆ برنج و قالبێك سابون و پێنج کیلۆ ئاردیان دەدایە .
هەر لەکاتی کێشەی کەنداوەوە ڕژێم دەستیکرد بە تسریح کردنی ئەو سەربازانەی کە لەکێڵگەکاندا جوتیاریان دەکرد ، بۆ ئەوەی دانەوێڵە بەرهەم بێنن ، بەلام زەوی و زارەکانیان دا بە ( مستشارەکان ) واتە شێخ و سەرەك عەشیرەتەکان کە جاشی ڕژێم بوون لەژێر ناوێکی تردا : ( افواج الدفاع الوطني ) . ئەو مستشارانەی خەریکی پارە کۆکردنەوە و قاچاخ چێتی و ژنهێنان و پێکەوەنانی خانووی بەرزی چەند نهۆمی بوون و بەپارە شەڕیان بۆ ڕژێم دەکرد و ڕژێم بو گرتنی بەرەی ناوەوە پارەی بۆ هەلدەڕشتن . ئەمانە لەکاتی ڕاپەڕینەکەدا بێلایەن مانەوە و هەقی هیچیان نەبوو ، چونکە هێزی خەڵك زۆر گەورە بوو ، ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی ترەوە ئەمانە حەزیان نەدەکرد دلی ڕژێم زویر بکەن .
چەند ڕۆژێك پێش ڕاپەڕینەکە ، ڕژێم کەوتە پروپاگەندە بۆ ترساندنی خەڵك بەوەی گوایە (لیوای حرس جمهوری ) هاتۆتە سلێمانی ، هەرکەسێ جموجۆڵ بکات گەڕەکەکە تەخت دەکەین ، تەقە لە هەر مالێك بکرێت ، هەموو خانووەکانی ئەو ناوە تەخت دەکەین . بەلگەش بۆ ئەو پروپاگەندەیە ، ئەو کوبوونەوەیە بوو کە لەڕۆژی ٩١/٣/٥ بەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانی بە ضابط ئەمنەکانی کردووە و تیایدا دەلێت :" لە حالەتی ڕاپەڕینی خەڵکدا دەست مەپارێزن " ـ ئەمە لەو فایلانەدا بوو کە لە دائیرەی ئەمن گیرابوون ـ .
لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەی کە خەڵکی تێدابوو، پاش ئەوەی هێزی سوێندخواران لەبەر تەماعی خۆیان دەست و قاچی عیراقیان شکاند بە بۆردومانکردنی شارەکان و کاولکردنی کارگە و شوێنە سەربازییەکانی عیراق ، پاش ئەوەی خەڵکی عیراق باوەڕی بەو ڕژێمە دیکتاتۆرە نەما ، هوشیاری خەلك ، بەتایبەتی ڕابەرانی ڕاپەڕینەکە ، دەرکەوت ، ئەویش بە هەلبژاردنی خالی لاوازی ڕژێم کە پێویستە لەو ساتەدا ڕاپەڕین سازبکرێت و جەماوەری ستەمدیدە جۆش بدرێت و بەزوویی پەیوەندی بە خەڵکە دیموکراتخوازەکەوە بکرێت بۆ ڕابەرایەتیکردنی ڕاپەڕین .
شەو کاتژمێری ( ١١ ) جموجۆلێك لەناو کۆلانەکاندا دروست بوو ، نمەنمە باران دەباری ، بەبیانوی‌نەخۆشیەوە چوومە دەرەوە و بۆم دەرکەوت کە جاشەکانن و کەمین دادەنێن . کاتژمێری ( ٥٫٦ )ی بەیانی چوومە دەرەوە بۆ ئەوەی پەیوەندی بە چەند برادەرێکەوە بکەم و کاتژمێری ( ٥٫٧ ) ( ... ) و چەند کەسێکی ترم بینی و ڕوومان کردە مالی مستشارێك بۆ چەك ، خەبەریان دامێ کە برادەران لەسەرووی مالی خۆمانەوە خەریکی قسەکردن

لەگەڵ جاشەکاندا بۆ ئەوەی چەکەکانیان بدەنە دەستەوە . لە ماڵی مستشارەکە دوو پارچە چەکمان دەستکەوت ، یەکێکم دایە ( ... ) . کە گەڕاینەوە ناو برادەران (٢) چەکدار دەبووین ! بەڵام گوێمان لەدەنگی دەستڕێژبوو ، وتومەس پیاوانی ڕژێمە تەقەدەکەن ، ئێمەش کەوتینە بڕوپاگەندە کە گوایە پێشمەرگە و خەڵکی ڕاپەڕیو سەرایان گرتووە . خەڵك لەتووی مەلیك هاتنەدەرەوە و لە (مەجی بەگ) خەڵکێکی زۆر چەکدار هاتنە سەر شەقام و پەلاماری ماڵە مستشارەکانیان دا بۆ چەك ، چەکێکی زۆر دابەشکرا و ئیتر کاتی هێرش هات !! تەقەی ئازادی دەستی پێکرد و لە مەجی بەگ چوونە سەر ( مكافحة الاجرام ، تجنيد ، شرطة الاسكان ) ، لەوێشەوە بەرەو ( منظمة " شهيد " عثمان ) ، پاش شەڕێکی بەجۆش و خرۆشی یەك کاتژمێری ، ئەوانەی وەك ساڵی (١٩٨٤) تەقەیان لە جەماوەر دەکرد کوژران و منظمەکە سوتێنرا - پاش بردنی فایل و ئەوراقەکان - ، دز و خۆفرۆشەکانیش لە پێش شۆڕشگێڕانەوە پارە و ڤیدیۆ و شتی تریان دەدزی .

دوابەدوای ئەوە بەرەو خوار بووینەوە ، خەڵکی ڕاپەڕیو هێرشیانکردە سەر (سەرا) و گیرا . لەچوارباخ و شێخ محی‌الدین بۆ ئەمن و ئیستیخبارات و ئەوانەی لای ( حسیب ساڵح ) ، لەسەرشەقام و سەرکارێز بۆ هێزەکانی ڕژێم هێرش بران - بۆ ئاگاداریت لە هەموو گەڕەکێك منظمەی تایبەتی هەبوو - بەو جۆرە ڕاپەڕین هەموو شاری گرتەوە . کاتژمێری (١١) پێش نیوەڕۆ لەو شوێنەی هەموو جارێك کۆدەبوینەوە - بەرامبەر سانەوی ئاشتی - کەوتینە گفتوگۆ لەسەر پێکهێنانی شوراکان ، چونکە :
١) پێشمەرگە نەگەیشتبوونە شار ، لەبەر ئەوە پێویست بوو هێزێك هەبێت پارێزگاری شار بکات . ٢) نەهێشتنی دزی و شرە خۆری ، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێك چەکدارمان نارد بۆ (معمل الالبسة الجاهزة) و (معمل سمنت طاسلوجه) و بنزینخانە و خەستەخانە و بانق و هەندێ شوێنی تر . ٣) نەهێشتنی هەندێ تاوانی بەدەستی ئەنقەست دەکران .

کاتژمێری (١٢)ی نیوەڕۆ لە بڵنگۆکانی قوتابخانەی ئاواتەوە دەنگێ هەڵسا : " ئێرە دەنگی شورای خەڵکی زەحمەتکێشە " . جەماوەرێکی زۆر لەو شوێنەدا کۆبووەوە و پەیتا پەیتا دیلەکانیان دەهێنا بۆ شورا ، زیاتر لە (٦٠٠) دیل لەلایەن شوراوە وەرگیرا ، لەگەڵ هێنانی هەر دیلێکدا زیاتر خەڵك کۆدەبووەوە و هاوار لەناو خەڵکەکەدا هەڵدەستا ( ئەوە ملازم یان نەقیب یان فیسار ئەمنە بەدیل گیراوە ) . کاتژمێری دووی پاش نیوەڕۆ نزیکەی (٣٠) هەزار کەسێك کۆبووەوە . لەکاتژمێری (٣،٥)دا دادگا دەستی پێکرد ، بەهۆی ( ... ) ەوە بروسکەیەکمان بۆ (نەوشیروان مستەفا)کرد کە ئەو بەعسیانە چی لێبکەین ، یەکەم جار ڕازی نەبوو بەکوشتنی کەس ، بۆ جاری دووەم بەناچاری ڕازی بوو ، چونکە ئاگادارمانکرد کە زیاتر لە (٦٠) هەزار کەسێك وەستاون داوای ئیعدامکردنیان ئەکەن ... پاش ئەوە خەڵکەکە هێرشیان برد و نەیان هێشت بەشێوەیەکی ئوسوڵی ئیعدامیان بکەین ، ئەوەبوو کە ئەمان هێنا ئیعدامیان بکەین ، لێیان دەفڕاندین و خەڵکی خۆیان پارچە پارچەیان دەکردن . بۆ شەوەکەی (٤٨) سەرباز ئازاد کران . بەو جۆرە هەر جۆرە و بەجیا دادەنرا ، ئەمن بەجیا ، مخابەرات بەجیا ...هتد .

شوراکان دەستیانکرد بەکار ، تبلیغات لەسەر ئەوە بوو کە شورا واقعیەکان پێك بێت لە بنکەی سەرەکیدا ، کە ئێمە بووین - واتە بنکەی ئاوات - . ڕۆژی چەندین کۆبوونەوە دەکرا ، ڕووداوەکان زۆر خێرا بوون ، هەر لەبەر ئەوە کەسی وامان هەبوو چەندین ئیشی دەکرد ، ئیتر خواردن و نووستن نەبوو ، تەنانەت ئەگەر گەورەترین کێشەی تایبەتیمان هەبوایە ، نەمان دەزانی ، چونکە ئەوەندە سەرقاڵ بووین . پاش پێنج ڕۆژ ، کۆبوونەوەی گشتی شوراکان لە قوتابخانەی (ئەمین زەکی بەگ) کرا کە لەو شورایەوە بوو توانرا چەند هەنگاوێك بۆ پێشەوە بنێین و کۆبوونەوەکان زۆر دیموکراتی بوون ، هەرچەندە نیوەی خەڵکەکە هێشتا مانای شورا و دیموکراسی و زۆر شتی تریشیان نەدەزانی . لێرەدا هەلپەرست و ڕوخاوەکان دەنگیان بەرزکردەوە و داوای شورای کرێکاری ڕووتیان کرد . ئەمانە بریتی بوون لەو خەڵکە ترسنۆکەی چەندین ساڵێك بوو خۆیان شاردبووەوە و دوورەپەرێزبوون لە جەماوەر و لەکونی ژوورەوە خەریکی دیراسەکردن بوون ، واقیعەن زۆریان قسەی زل‌زل و بریقەدار پێ‌بوو ، بۆیە توانیان هەندێ خەڵکی ناهوشیار بەلای خۆیاندا ڕاکێشن . کۆبوونەوەی گشتی هەموو ڕۆژێك دەکرا ، هەموو کۆبوونەوەیەك زیاتر لە (١٠٠) هەزار نوێنەری تیا بەشدار دەبوون ، چونکە (٥٦) شورا لەسلێمانی پێکهات و چەند شورایەکی کرێکاریش پێکهات لەوانە ( معمل سمنت طاسلوجة ، معمل الالبسه الجاهزة ، .معمل سکایر

سليمانية ، عمال بلدية ، كاسبكاران ) . دووجار لە کۆبوونەوەی گشتی‌دا ـ وەك شەخسی خۆم ـ داوای‌کۆمیتەم بۆ سەرکردایەتی شوراکان و بنکەیەك لەناوجەرگەی‌بازاڕدا و بەناوی سەرکردایەتیەوە کرد ، بەڵام لەبەر ئەوەی‌هەندێ برادەر لەبەر ... بابەتەکانیان دەگۆڕی بۆ شتی تر . وەزعەکە زۆر (فوضیٰ)بوو ، ئیشی لابەلا زۆر دەکرا ، شورای ئاوات ـ واتە بنکەی سەرەکی ئێمە ـ مۆرمان هەبوو، وەرەقەمان هەبوو ، برادەرانی خۆمان هەر خەریکی وەرەقەکردن بوون بۆ خەڵکی و خزم و کەس و ناسیاو ... لەڕۆژی ڕاپەڕینەکەدا زیاتر لە(١٠٠٠) ماڵە ئەمن‌و سەرباز و ئیستخبارات تالآنکران و عەمباری خواردەمەنی و ماشێن و هەموو شتێکی تر تالآنکران . بۆ ڕۆژانی دوایی تریش ( بانق ) و خەزێنەکان لەلایەن (بەرە)وە دەستی بەسەرا گیرا . ئەوەی شایانی باسە ، خەڵکی وا هەیە بە پارە و ئالتون و ماشێنی باشەوە ڕایکردووە ، خەڵکانی تریش بە پێی پەتی .

بەبۆنەی یادی هەڵەبجەوە ، شوراکان هەستان بە سازکردنی کۆڕێکی وتارخوێندنەوە ، کە شوراکان و بەرەی کوردستانی و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان و ئاڵای شۆڕش و ڕێکخراوە چەپەکانی ناو سلێمانی و پیاوە ئایینی‌و نیشتمانپەروەرەکان و شاعیران و نووسەران بەشداریان تیایدا کرد . کاتژمێری (٩)ی بەیانی یەکەمین وتار لە لایەن (دەستەی بەرەوپێش بردنی بزووتنەوەی شورایی)وە خوێندرایەوە ، پاشان کۆڕەکە تا کاتژمێری (٤و٥)ی پاش نیوەڕۆی خایاند و جەماوەرێکی زۆر بەرینی تێدابوو، دەتوانم بڵێم یەکەم جارە تا بەو شێوەیە خەڵك لەبەر دەرکی سەرادا کۆبێتەوە . ئەمە ڕۆژی ٣/١٦ بوو، هەر لەو ڕۆژەدا بەرەی کوردستانی دەستیکرد بەبیانووگرتن ، کە گوایە شوراکان وجوود بۆ بەرە دانانێن‌و دژایەتی بەرە دەکەن ، شوراکان هەرزەکار و خوێن گەرمن و بیر و بۆچوونی تیژڕەو تیایاندا زاڵە . ئەمە لە کاتێکدا هەر شوراکان بوون بەعسی و پیاوخراپیان نەدەگرتە خۆ ، دز و طواریٔ و مستشاری نەدەگرتەخۆ . ڕاستە هەندێك لە شوراکان خەڵکی تیژڕەویان تیابوو ، ڕاستە ئەوەی کەناوی ( ڕەوتی کۆمۆنیست ) بوو خەڵکی ترسنۆك و هەلپەرست بوون ـ بنکەی نقابەی کریکاران شوێنی ڕەوتی کۆمۆنیستی بوو ـ ، کەس نەیدەزانی کادیرەکانیان کێن و خەڵکی کوێن و لەبنچینەدا هیچ هەڵوێستێکی باشیان نەبوو ، بەڵام فرسەت هێنەری وەکو ئەوان تائێستا نەبینراوە و نەناسراوە . ئەمانە کۆمەڵێك گەنجیان لە بارەگاکەیان ، وەك پاسەوان ، دانابوو و چەکوش داسیان هەڵواسیبوو، کەچی تەنیا ووشەیەکیان لەسەر ڕووداوەکان نەنووسی . ئەوانە باسی کرێکاری تورکیا و بەرازیلیان دەکرد ، لە کاتێکدا سلێمانی گۆڕەپانی ناکۆکیەکان بوو .

ڕۆژی ٣/١٧ دەنگی گەلی کوردستان بانگەوازێکی بڵاوکردەوە کە شوراکان نەماون و داوای لەجەماوەری بە شەرەف و تێکۆشەری کوردستان کرد کەکەس پەیوەندی‌نەکا بە شوراکانەوە ... هەر ئەو ڕۆژە کۆبوونەوەی گشتی‌نوێنەران لە قوتابخانەی ( ئەمین زەکی ) کرا و پێنج کەس هەڵبژێران کە گفتوگۆ لەگەڵ بەرەدا بکەن ، لەهەمان‌کاتدا خۆپیشاندانێك سازکرا ، لە بنکەی ئاواتەوە دەستی پێکرد و بەرەو بازاڕ و بەردەرکی سەرا و لەوێوە بۆ سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لە ( ثقافة الجماهير ) ، بەڵام بە ئەنجام نەگەیشتن . لێرەدا هەندێك کەسی هەلپەرست بە قسەی حەماساوی هاتنە سەر بڵندگۆ و دەستیان کردە قسەکردن و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە زۆر کەس وا تێبگەن ئەم شورایانە دژی بەرەی‌کوردستانیە و هەتا دژی کوردیشن ، لەڕۆژی دواییدا وای لێهات بڵێن شوراکان پیاوی ڕژێمن ـ ئەمەی دواییان بە هاندانی یەکێتی نیشتمانی ـ . ڕۆژی دوایی کۆبوونەوەی گشتی سازکرا بۆ هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر "بانگەوازەکەی بەرە"، لە ئەنجامدا بووین بە چەند بەشێکەوە:
١- خوازیارانی دیموکراسی ، ٢- لایەنگیرانی سۆسیالیزم و کرێکاران ، ٣- خوازیارانی تواندنەوەی شوراکان لەناو بەرەی کوردستانی‌دا . کۆمەڵەی یەکەم ، کە خۆم لایەنگری بووم ، لە قسە و گفتوگۆ دەستیان هەڵگرت و بەگشتی وازیان هێنا ، دەستەی دووەم کە بریتی بوو لە( ڕەوتی کۆمۆنیستی ) هەر مانەوە ، دەستەی سێیەمیش بنکەکانی خۆیان کردە بارەگای یەکێتی نیشتمانی .

هەر ئەو ڕۆژە برادەرانی خۆمانم کۆکردەوە بۆ پێك هێنانی هێزێك بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین و خۆئامادەکردن بۆ شەڕی کەرکوك . ئەم شێوە کارکردنە لە زۆر بنکەی تریش کە وازیان هێنابوو بڵاوببووەوە ، چونکە نە (هـ . پ)ی کوردستان و نە جاشەکانیش وەکو پێویست شەڕیان نەدەکرد ، کەرکوك ببووبوو بە یاری منالآنە ، بەیانی بەدەست ڕژێمەوە و نیوەڕۆ بەدەست خەڵکەوە بوو.

... سەرکردایەتی بەرە کەوتە کۆکردنەوەی پێشمەرگە کۆنەکان بۆ گفتوگۆکردن ، منیش یەکێك بووم لەوانە و

دەسەلاتی سەرتیپیان دامێ ، ئەمەم بەهەل زانی کە بلێم: پێشمەرگایەتی ناکەم وەك پیشە ، بەڵکو چەك هەلدەگرم تا ئەو ڕۆژەی کوردستان پاکسازی دەکرێت ، ئێمە دەتوانین ببینە هێزێکی گەورەتر کە پارێزگاری لە دیموکراسیەت بکەین وەیان هەوڵ بدەین لایەنگیری هەر هێزێکی تر بین کە بەرگری لەئازادی خەڵك بکات . لەو ڕوانگەیەوە ئەو جۆرە هێزە زۆر بوو و ڕوومان لە کەرکوك نا بۆ جارێکی تر ، بەلام ئەگەر لەوەوبەر باوەڕێکمان بوو بێ ئەوا ئەمجارەیان باوەڕمان بە هیچ نەمابوو . زۆر برادەریش ئەیان ووت : ئەو کەسە عاقلە کە بۆ خۆی لەماڵەوە دانیشتووە ، چونکە ئەوەی دیمان کەس نەیبینی ، کێ ئازایە ماشێن بدزێ ، کێ کارایە پارە و چەك و کەل و پەل بدزێ .

پاش گرتنی کەرکوك و جێگیربوونی (هـ.پ) ئێمەش بێباوەڕ گەڕاینەوە بۆ سلێمانی - ڕۆژی ٣/١٩ - ، ئیتر لەماڵەوە دانیشتم و لەسەر جادە پیاسەم نەکرد ، چونکە ئەو شارە جێی هەموو کەسێکی تیانەئەبووەوە ، جگە لە خەڵکە هەلپەرست و بوودەڵەکان کە لەشاردا دەستیان دەڕۆیشت و ببڕ و بکوژ خۆیان بوون و خەریکی پارە کۆکردنەوەی دەوڵەمەندەکان و شاردنەوەی ئازووقە و تەقەمەنی و ناردنی بۆ دیهاتەکان بوون . پاش چەند ڕۆژێك مەسەلەی کەرکوك بووە جێی مشتومڕی خەڵك ، کەم کەس سەری لەو وەزعە دەردەچوو تاوەکو ئەو ڕۆژەی مام جەلال هاتە سلێمانی و ئێزگەکە بانگەوازی سەرکەوتنی بلاوکردەوەو دەستیکرد بە سروود لێدان ، نیوەڕۆکەی خەڵکی ئاگادار دەکردەوە کە هەواڵێکی زۆر خۆش بلاودەکەنەوە . کاتژمێری (١٢،٥) بوو، تەقە لەسلێمانی دەنگی بەرزبوبەوە ، گوایە بۆ یەکجاری کەرکوك بە سەربازگەی (خالد)ەوە ، کە پایەگایەکی گەورەی بەعس بوو ، گیراوە . کاتژمێری (٣)ی پاش نیوەڕۆ ئێزگەکە داوای لەخەڵك کرد لەگەڵ "چەکدارە شۆڕشگێڕەکان"دا بچنە (ثقافة الجماهیر) کە سەرکردایەتی بەرەی لێبوو ، بەلام کەس بەدەیم بانگەوازەوە نەچوو و خەڵك مقۆمقۆی چوونە دەرەوەیان بوو لەسلێمانی . هەواڵ هات کە گوایە سوپای سەددام لە(چەمچەماڵ)ە . کاتژمێری (٧)ی ئێوارە مام جەلال لەماڵی (شێخ دارای حفید) بوو بۆ نانی ئێوارە ، بەقسەی یەکێ لەو کەسانەی لەوێ بوو ، گوایە (دکتور عزالدین مستەفا ڕەسول) و (ڕائد دارا تۆفیق)ی ئامۆزای لەلایەن مام جەلالەوە ئاگادار کراونەتەوە کە ڕابکەن . کاتژمێری (٨)ی شەو خەڵك کەوتە ماڵ بارکردن ، ئەوەی ماشێنی هەبوو زوو بۆی دەرچوو ، خەڵکە بێ ئیمکانیەتەکەش ڕژانە سەر شەقام مشوری ئەوەیان دەخوارد چۆن دەرچن . لەسەرەتا داوایان لە خەڵك دەکرد شار چۆل نەکەن ، بەلام کاتژمێری (١٠)ی شەو ئێزگەکە ڕێگەی بە خەڵك دا کە شار چۆل بکەن . ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە هەژارەکان دەستی منداڵەکانیان بگرن و یەکی بەتانیەك و هەندێ نانی تەڕ هەڵگرن بە پێ ڕوو لەشاخەکان بکەن - ئاسمان هەوربوو و باران دەباری - کاتژمێری (٢)ی نیوەشەو شار زۆر چۆل بوو . . . کاتژمێری (١،٥)ی نیوەڕۆ تۆپبارانی سلێمانی دەستی پێکرد - تۆپبارانێکی هەڕەمەکی - پاشان هەلیکۆپتەر بەسەر ئاسمانی سلێمانیدا کەوتە سووڕانەوە ، هەرچەند ئار. بی.جی و دۆشکە تەقەی لێ ئەکرد ، بەلام زۆر بەرز بوو ، پاش نزیکەی سەعاتێك ئیتر هێزی سەددام بە ئاسانی لەسەرچنارەوە بە شەقامی (٦٠) مەتری‌دا هاتە چواردەوری سلێمانی ،لە ناو شاردا بەرگری زۆر کەم بوو - هێزەکە نزیکەی (٦٠) دەبابە و (٥٠٠٠) سەرباز بوو - پاش دوو ڕۆژ گەمارۆدانی سلێمانی ، هێزەکە چووە ناو شار ، بەلام دەستکاری کەسیان نەکرد ، چونکە جگە لەپیرەژن و پیرە پیاو کەسی‌تری لێ‌نەبوو . بۆ ڕۆژی دوایی منیش لە گوێزەوە سلێمانیم بەجێهێشت و ڕووم کردە شارباژێڕ .لە ناوەڕاستی گوێژە خیزانێکم بینی کە پێنج کەس بوون ، دایك و خوشکە گەورەکەیان کەتەمەنی (١٠) ساڵ دەبوو شەهید بووبوون (٣) منالەکەی تریش لەچواردەوری دایك و خوشکەکەیان دانیشتبوون کە لەخوێندا نقوومبوون ، هەلمانگرتنەوە و لە جادەی (دوکانیان) دامانە دەست پێشمەرگە . سەدان منال لەدایك و باوکیان جێمان ، سەدان ژن و منال لە مێردەکانیان بزربوون . بە درێژایی ئەو چەند ڕۆژە بارانێکی وەها دەباری کەهەرگیز شتی وامان نەدیوە . لە چەمی (دۆلە تـوو)دا چەندین منداڵ لە سەرما و برسا مردن یان لافاو بردنی . کار وای لێهاتبوو ، منیش بەزەییم کەمبووبووە ، چونکە ژمارەی منالە مردووەکان زۆر زۆر بوو. ماشێنەکانیش زۆربەیان چەقیبوون ، بۆیە هاتووچۆش تەواو نەمابوو. لە دووەم ڕۆژدا (نان) نەما و برسێتی ڕوویکردە خەڵك ، ئەگەر نانێکت بەدەستەوە بووایە ، سەدان کەس داوای پارچەیەکیان لێ‌دەکردیت . لەو ڕۆژانەدا خەڵك زیاتر لەبرسا دەمردن . تصور کە ڕووم کردە ئاگرێك خـۆم

گەرم بکەمەوە ، ژنێك منداڵێكی گەرم دەكردەوە و منداڵێكی تری لەولاوە مردبوو . . . سەرەرای ئەمانە دەمان بیست:
١ ) لە قەرە هەنجیر خێزانێك لەلایەن هێزەكەی سەددامەوە شەهیدكراوە ٢ ) لە نەخۆشخانەی كەركوك بریندارەكان بە حربە (قەمە) پارچەپارچەكراون ٣ ) چەند ستەرێكی نەخۆشخانەی كەركوك لەلایەن هێزەكەی سەددامەوە براون ٤ ) هەر شوێنێك لەلایەن هێزەكەی سەددامەوە گیرابێ خەڵكەكەشی شەهیدكراون ٥ ) ئەو بەیانیەی هێزی سەددام هاتبوونە سلێمانی زیاتر لە( ٦٠ ) منداڵی بریندار دۆزرابوونەوە ٦ ) كوژراوەكانی هێزی سەددام ناسنامەیان (هوية) پێبووە و هەندێكیان " مجاهدين خلق "بوون كە وەك بەكرێگیراو شەریان كردووە . . .

١٩٩١/٤/٢٠
بانە

## بەرێز كاك . . . .

لەگەڵ راوەستانی شەری عیراق و هاوپەیمانەكان ترس و ناخۆشییەكی زۆر باڵی كێشا بەسەر هەموو كەسێكدا كە لە عیراق دەژیا . لاوەكان لەبەر ئەوەی بەشداری شەریان نەكردبوو ، چاوەرێی تۆڵەسەندنەوەی بەعسیەكانیان دەكرد . دایكەكان لەبەر ئەوەی سەر و شوێنی كورەكانیان نەدەزانی و ئاگادار نەبوون كوژراون یان بەخسیركراون .

شەوێك درەنگانێك چەند برادەرێك خۆیان گەیاندە ناو شارەكان و بەهۆی رێكخراوە نهێنییەكانەوە سەرلەنوێ ئەڵقەی رێكخستنیان رێكخستەوە و تۆی باوەر و نەمریی میللەتیان لەنێو دڵی گەلدا چاندەوە و مژدەیان دانێ كە چیتر چاوەرێی ئەفلەقیەكان ناكەن بیان كوژن و رۆڵە و گەنجەكانیان سەرنگوم بكەن و لەزیندانەكانی بەعسدا لە سێدارەیان بدەن و لەنێو حەوزی تێزابدا بیان تووێننەوە. دوای ئیشكردن و هەوڵدانی بێوچانی چەند رۆژە ، ئازار و ئێشی بەنگخواردوی برینە كۆنە تیمارنەكراوەكان بوون بە رێخۆشكەر بۆ كڵپەی ئاگرێك كە هەرگیزا و هەرگیز لەمێژووی كورددا نەبووە و نابێ .

ئاگری شۆرش سەرەتا شاری رانیەی گرتەوە و هەرچی مۆڵگە و بنكە سەرەكییەكانی درندەكانی بەعس هەبوون بە ماوەی دوو رۆژ كەوتنە ژێر دەستی هێزی لەبن نەهاتووی پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەكان و بەیارمەتی رەشەبایەكی بەهێز و تووڕەی دەشتی گەرمیان ، ووشكە پووشی دەشتی شاربازێر هەرچی زووتر گرێگرت و رقی تووڕەیی و پیرۆزی خەڵكی ستەمدیدە و تلووفاوەی ژێر پۆستاڵە رەشەكانی بەعس بارین بەسەر دائیرەی ئەمن و ئیستیخبارات و كۆڵان بە كۆڵان ، بان بەبان شەر لەگەڵ پیاوانی رژێم و بەكرێگیراوەكانیدا بەرپابوو .لەئەنجامی ئەوەیش هەرچی سیخوورەكانی رژێم هەیە گیران و دران بە دادگا وتۆڵەی هەزاران رۆڵەی بەخۆرایی خوێنرێژراویان لێكرایەوە . هەروەها سەدان زیندانی لاو و پیر و ژن و كچ لە زیندانە نهێنییەكان ئازادكران .

خەڵكی گرگرتوو و دڵسۆز و بەشەرەف بەوەندە كار رازی نەبوون ، بەڵكو ووروژم و لافاوی رق و كینەیان گەیشتە شاری كۆیە . بەو جۆرە شەرێكی خوێناوی و درێژخایان لەگەڵ جاش و خۆفرۆشەكان دەستی پێكرد .پاش شەهیدبوونی ( ٢٠ ) كەس زیاتر ، شاری ستەمدیدە و رەشپۆشی حاجیقادر ئازادكرا و تەپڵی سەركەوتن لەسەر كێوەكانی باواجی و هەیبە سوڵتان لێدرا .

لەشاری هەولێر ، لەهەموو كوچە و كۆڵانێكدا ، خەڵكی دوو دوو سێ سێ لەگەڵ یەك وەستابوون و پیرۆزبایی یەكتریان دەكرد بەو بۆنەیەوە . دوای شەوێك رۆڵە بەشەرەفەكانی هەولێر ، گروپ گروپ خۆیان رێكخست و لە بەرە بەیانی رۆژی ( ١١ )ی ئازاردا گری پیرۆزیشۆرش بە یارمەتی پێشمەرگە هەموو كوچە و كۆڵان و جادەكانی هەولێریان گرتەوە و ژن و منداڵ و پیاو و گەنج بە هوتاف لێدان و بەرزكردنەوەی دروشمی رێكوپێك یەك بە یەك بارەگا و مۆڵگەكانی خۆفرۆشەكانیان پاك كردەوە و دوای شەرێكی جوامێرانە و خوێناوی توانیان بارەگای پارێزگا ئازاد بكەن و بەیەك دەنگ و رێرەوی بەردەوامبەرەو جادەی دائیرەی ئەمن سنگە لە گولە رۆیشتن و دوایسێ سەعات دەستیان بەسەر دائیرەكەدا گرت و زیندانی و گیراوەكانیان ئازادكرد .دوا بەدوای ئەوە ، شەری میللەت لەگەڵ فەیلەقی هەولێر دەستیپێكرد . ئەگەرچی تۆپ و فرۆكەكانی رژێم پشتگیریی فەیلەقیان دەكرد ، بەڵام نەیانتوانی زەبرێكی كاریگەر لە خەڵكی وورە بەرزی هەولێر بدەن ، بەڵكو بووە هۆی ئەوەی وورەیان چەند قات

هەواڵنامەی کتێب

بەرزتر ببێتەوە . ئەوەبوو دوای شەڕێکی چارەنووسییانە بارەگای فەیلەقی هەولێر کۆنترۆڵ کرا و دوا سەربازی رژێم یەخسیرکرا و ئەوانەی بەرگرییان‌کرد کوژران و ئەوی دیکەش ئازاد کرا .

بەو جۆرە شاری هەولێر و قەڵا دێرینەکەی دوای ٢٨ ساڵ ،یەخسیریی تاڵی رەشی سەردەم‌و چاوی خۆی فڕێدا و دایکی‌شەهیدان بەرگی رەشیان فڕێدا و بەرەو گۆڕستانی شەهیدان کەوتنە رێ و بەیەك دەنگ دەیان قیژاند : " **ئەی شەهیدان ، ئەی شەهیدان . .نامرێ ناو و نیشانتان . . ئێوە بوونە رەهبەری مە ، ئێوە بوونە رەهبەری مە ، بوونە پشت و سەنگەری مە** ". کچ و کوڕ و پیاو و منداڵ ئەو ڕۆژەیان بە یەکەمین ڕۆژی خۆیان راگەیاند و دەستیان‌گرت و هاواریان‌کرد : " **بڕوخێ بەعس ، بڕوخێ زۆرداری** " و داوای ئەومیان‌کرد زیندانەکان بکرێنە باخچە و گوڵ و گوڵزاریان لێ بچێنرێ .

بەراستی ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی مێژوویی و نەمر بوو لە مێژووی کورد و بە ڕێپێوانێکی دوور و درێژ لە نەخۆشخانەی کۆماریی هەولێرەوە زیاتر لە (٥٠)شەهید بە یارمەتی خزم و کەسی شەهیدان و خەڵکی ستەمدیدە رێکخرا و بەرەو گۆڕستانی شەهیدانی راپەڕین ـ لە گۆڕستانی ڕێگای کۆیە ـ ڕۆیشتن و شەهیدەکانیان لە کاتژمێری پێنجی ئێوارەدا ناشت و سەری رێز و نەوازشیان بۆ دانەواندن . ئەوەی راستی بێ ، زیاتر لە (١٥٠٠) بریندار‌ی جۆراوجۆر لەگشت نەخۆشخانەکاندا چارەسەر دەکران و دەستە دەستە خەڵکی هیلاك و ماندوو ڕوویان لە نەخۆشخانەکان دەکرد و خوێنیان‌دەدا بە بریندارەکان و یارمەتی پزیشك و سستەرەکانیان دەدا بۆ رزگارکردنی ژیانیان .

ئێوارە داهات و هێمنییەکی تەواو باڵی‌کێشا بەسەر شاردا و خەڵك بەئازادییەکی تەواوە بە جادە و کۆڵانەکاندا ، بەپێکەنین و دڵخۆشیەوە دەچوونە ماڵی یەکتر و پیرۆزباییان لە یەك دەکرد .

هێزی میللی و پێشمەرگە خۆیان رێکخست بۆ هێرشی بەربلاو و رێکخراو بۆ سەر شاری کەرکوکی ئازیز (شاری بابە گوڕگوڕ و دڵە گەورە لێدەرەکەی کوردستان ) .میللەتی دڵ سووتاو و بەشەرەفی کەرکوك بەهۆی ستەم و دڕندایەتی بەعسییە خوێڕێیەکانەوە چاوترسێن کرابوو،چونکە سێ ڕۆژ لەوەوبەر هێزی گاردی کۆماری سەدامی‌دیکتاتۆر شاری کەرکوکی گەمارۆ دابوو و بەناو گەڕەك و ناوچە کوردنشینەکانی کەرکوکدا بڵاوببووە و دەستیکردبوو بەگرتنی لاوی کورد و زیاتر لە(٢٠)هەزار گەنجی کوردیان‌گرتبوو و خێزانەکانیان ترساندبوو ، کە ئەگەر بێتو پێشمەرگە هێرش بەرێتە سەر شاری کەرکوك ، هەموو ئەو گەنجانە دەکوژن و زیندەبەچاڵیان دەکەن .

ئەوەی شایانی باسە، هەموو رەبایە و سەنگەرە سەختەکانی چواردەوری کۆمپانیای نەوتی بابەگوڕگوڕ، بەو هەموو چەکە قورسانەوە ، بە ماوەی چوار سەعاتی شەو کەوتە ژێر دەستی پێشمەرگەوە و بەعسییە ترسنۆکەکانیش ئەوەی رایکرد ، رایکرد و ئەوەی تریش کوژران . دوای ئەوە لە چەند قۆڵێکەوە : قۆڵی گەڕەکی ئازادی‌و ئیسکان، قۆڵی گەڕەکی تەپە و عەرەفە ، قۆڵی ڕێگای هەولێر ، قۆڵی ڕێگای ٩٠ ، هێرشکرا و جادە بە جادە شەڕ لەگەڵ تانك‌و فڕۆکەکانی رژێمدا کرا و میللەت پێش پێشمەرگە غاربان دەدا و بەرەو لووتکەی ئاوات سەردەکەوتن .

بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر دوا سەربازی بەعس لە کەرکوك دەرکرا . گەردەلوولی گەرمیان بەمە وازی نەهێناو داوای زیاتری دەکرد . بۆیە شۆڕش بەرەو تازەخورماتوو گڕی سەند و برا عەرەبەکانیش کە لەم ناوچەیە دەژیان پێشی خەڵك کەوتن و وێنە گەورە شوومەکانی دیکتاتۆری خوێنڕێژو پیاوکوژی بەغدایان دەڕووخاند و بەلوولەی کلاشینکوفەکان نەخشەی کوردستانیان لەسەر دەموچاوی هەڵدەکەند .

ئەی خانەقین ! خانەقینیش کە سەیریکرد هیچ شارو شارۆچکەیەك نەماوە هەڵنەستابێ و داوای ئازادیی نەکردبێ ، بە ماوەی دوو سەعات هەموو پیاوانی‌رژێمیان بە چەپلەی دەست دەرکرد و بەرەو مەندەلی کەوتنەرێ ، هەر لەرێگایش شاری جەلەولای ئازیزیان ئازادکرد . دوای دوو ڕۆژیش مژدەی سەرکەوتنێکی نوێ لەناو خەڵکدا هاتەکایەوە ، ئەویش مژدەی ئازادبوونی شاری زاخۆی مێژوویی و خۆڕاگربوو و بۆ یەکەم جار لەمێژووی کورددا ئاڵای کوردستان لەسەر سنووری کوردستانی عیراق و کوردستانی تورکیا هەڵکرا . . . هەردوای ئەمە بە چەند ڕۆژێك شاری دهۆکی چاونەترس بەژن و پیاو و کوڕ و کچەوە رژانە سەر جادەکان و هاواریان‌کرد : " کێین ئەم " ، " بژی ئازادی و دیموکراسی " . . .هتد .رژێم کەوتە تۆپ بارانکردنی رەشۆکی شاری دهۆك ، بەڵام هیچی پێ نەکرا ، چونکە وورەی پۆڵایینی میللەت هیچ

تۆپ و چەکی کیمیاوی ، تەنانەت ئەتۆمیش کاری تێ ناکات ئەگەر بێتو میللەت یەگرتووبێ . بەو جۆرە شاری دهۆکیش ئازادکرا و هەرچی زیندانی هەبوو کە ڕزگارکران هیچیان نەگەڕانە ماڵەوە و یەکسەر دەستیان دایە چەك و لەگەڵ پێشمەرگەدا کەوتنە ڕاوی خۆفرۆشان .

بەو جۆرە بست بەبستی خاکی کوردستان کەوتە ژێر دەستی پێشمەرگە ، هەر لەزاخووە تا خانەقین و مەندەلی . بەڵام دوای ١٠ ڕۆژ ئازادی و بۆ یەکەمجار هەوای ئازادی هەڵمژین ، ڕژێم بەهەموو هێز و توانایەوە خۆی کۆکردەوە و هێرشی بەربڵاوی چەند قۆڵی هێنایە سەر کوردستان . بۆ یەکەم جار هێرشی سەر کەرکوك هیچی بێ نەکرا ، تەنانەت چەندان کەلاکی بۆگەنیان بەجێهێشت و فڕۆکەخانەی کەرکوکیش ئازادکرا و زیاتر لە(٢٥) فڕۆکەی جۆراوجۆر کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی ئەوانەوە. لەگەڵ هێرشی کەرکوك ، هێرشێکی تریش لە کەڵەکی یاسیناغا وە بۆ سەر هەولێر کرا . لە پردێشەوە ڕژێم هێرشێکی تری هێنا و شەڕ بەردەوام بوو تاوەکو شاری هەولێر دوای ٣ ڕۆژ شەڕی سەخت بەدەستی زۆرداران ڕووخا . . . لە ئەنجامی ئەوە خەڵك ناچاربوو شارەکان بەجێبهێلێ و بەرەو سەرەوەتر هەڵکشێ .

لەسەعات دەی ڕۆژی ٣/٣١ دا ڕژێم دەستی بە خوێن ڕشتن کردەوە و لەشەوی هەڵاتن دا کەوتە تێکدانی باری هێمنی شار ـ بەیارمەتی شیخوڕەکان ـ . ئەو ڕۆژە زیاتر لە(١٥٠٠) کەسی بێتاوانی ناو شاری هەولێری بەتانك سەریان پانکرایەوە . ئافرەتێك بەچەکەوە گیرابوو ، لەبەر چاوی ئەو خەڵکەی لەناو شار مابوونەوە ڕووتکرابووە و دوای ئەتك کردن گولەباران کرابوو . تەنیا لەڕێگەی شاری کۆیە و ڕێگای شەقڵاوە زیاتر لە (٥٠٠) کەس بە بۆردومان و تەقەی فڕۆکەکان ژیانی خۆیان لەدەست دابوو و شەهید کرابوون .

بەهەرحاڵ ، خەڵك خۆیان گەیاندە ناوچەی کۆیە و شەقڵاوە و سەلاحەدین و دیانە و بەسەر ماڵ و مزگەوت و قوتابخانە و دائیرەکاندا دابەشبوون و تەنانەت لەژێر چادر و لە کۆڵانەکانیشدا جێگا نەمابوو . خەڵکی بە شەرەفی ئەم ناوچانە کەوتنە یارمەتیدانی ئاوارەکان و هەرچیەکی لەدەستیان هات کردیان بۆ ڕزگارکردنی ژیانی ئەوان . بەڵام دوای سێ ڕۆژی تر ڕژێمی خوێنڕێژ وازی نەهێنا و بەردەوام بوو لەسەر هێرش بردن ، ئەو کاتە من لە کۆیە بووم کە فڕۆکەکانی ڕژێم کەوتنە بۆمبابارانکردنی شاری کۆیە ، بۆیە خەڵك بەناچاری ئەم شارەشیان بەجێهێشت .لێرەدا دەشێ هۆکانی ڕووخانی شارەکان بەم چەند خاڵە دیاری بکەم :

١) نەبوونی ڕێکخستن لەنێوان میللەت و (پ.م)دا.

٢) دەستپێکردنی پێشبڕکێی سیاسی لەیەکەم هەفتەی ڕاپەڕین دا لەنێوان گروپ و کۆمەڵەکاندا .

٣) دابەزینی ڕێژەی دارایی و ژیانی میللەت بە شێوەیەکی گشتی و بەهۆی گەمارۆدانی ئابووری عیراق لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە .

٤) نەبوونی کادیری جۆراوجۆر بۆ چەکە قورسەکان .

٥) مانەوەی چەندین سیخوڕی ڕژێم لەنێو شارەکاندا کە بەهۆی دەرکردنی لێبوردنی گشتییەوە بوونە (تابووری پێنجەم )ی ڕژێم .

٦) خەریکبوونی چەندان لێپرسراوی سیاسی و سەربازی بە دزی و قاچاخچێتییەوە ، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی بارێکی ناهەموار و ناخۆش لەشارەکاندا .

٧) نەبوونی هوشیاریی سیاسی .

٨) خیانەتکردنی چەندان کەس کە شوێنەواری قورسیان لە ناو شۆڕش دا هەبوو .

٩) پشتگیریی نەکردنی هاوپەیمانەکان ، بەتایبەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئینگلستان ، لە مەسەلەی کورد بەهۆی هەڵسانی شیعەکانی خوارووی عیراقەوە کە وای لە هاوپەیمانەکان کرد مانەوەی سەدامیان پێ باشتر بێ تا هاتنەسەرکاری ڕژێمێکی ئیسلامی ....

ئایاری ١٩٩١

نەجمەددین کەریم

# لە پەراوێزی نووسراوەکاندا

- ١ -

بەر لە هەموو شتێک ، پێویستە جارێکی تریش ئاورێک لە یەکێک لە مەسەلە بنچینەییەکانی فەلسەفە بدەینەوە و سەرچاوەی خاڵی میتۆدۆلۆژی خۆمان دەستنیشان بکەین و لەوێشەوە هەڵوێست لە پێوەندییەکانی نێوان فیکر و بابەت وەربگرین . ئێمە پێمان وایە ، سەرجەم یاساکانی سروشت و کۆمەڵگا بابەتین ، ئەمەیش مانای ئەوەیە کە سەرچاوەکەی بۆ فیکر و ویست و حەزەکانی ئێمە ناگەڕێتەوە ؛ بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەوە ناگەیەنێت کە نەتوانرێت یاسا بابەتیەکان بدۆزرێتەوە و لێیان تێبگەین و بیانگۆڕین . بەهەمان شێوە شت و دیاردەکانی دونیای دەوروبەرمان لەهەبوونێکی بابەتیدان و بەردەوامیش لەجووڵانەوە و گۆڕان و پێوەندییەکی دیالەکتیکیدان .

یەکێک لەدیاردە بابەتییە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردەواریش بریتییە لەدیاردەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان ، کەدیاردەیەکی بابەتی مێژووکردەو سەرەتای سەرهەڵدانی بۆ سەردەمی گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی قۆناغێکی دیاریکراوی کۆمەڵگای کوردەواری دەگەڕێتەوە . هەر هەوڵدانێک بۆ شاردنەوە و بەرپەرچدانەوەی ئەو ڕاستییە مێژووییە و چاونوقاندن لە ئاستیدا ، نقوومبوونە لەدەریای نەزانین و خۆگێلکردندا ، بەڵام قبوڵکردنی دیاردەکە مانای مامەڵەکردنێکی بابەتیانەو ملکەچکردن و تێگەیشتن لەیاسا بابەتیەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و وازهێنان لەتێڕوانینە نابابەتی و کۆن و بەسەرچووەکان دەگەیەنێت ؛ ئەوانەی لەگەڵ ڕاستییەکانی واقیع و ڕاستیە نوێکانی واقیعدا نەگونجاون و ناگونجێن . بێگومان ، هەڵسان و هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی دیواری بیرە بەسەرچووەکان و سڵنەکردنەوە لەنوێ و ڕاستیەکان ، مانای دابەزینە بۆ گۆڕەپانی خەباتێکی بەجورئەت لەپێناو نوێ و لەدژی کۆندا .

ئەوەی شایانی قسەیە ، باسکردن لە هۆکار و مەرجە پێویستە بابەتی و خۆیی و مێژووییەکانی سەرهەڵدان و پەرەسەندن ، یاخود لەپاشەکشەکردن و تێکشکانەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان بۆ کەڵێ مەسەلەی گرنگ دەگەڕێتەوە ، کەپێویستە بەشێوەیەکی فراوان لەهەموو لێکۆڵینەوە و باسکردنێکدا لەبەرچاو بگیردرێن : پلەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ـ لەژێرخاندا ، پلەی شارستانێتی و کولتووری و سروشتی ترادسیۆن ، پلەی هوشیاری کۆمەڵایەتی و تاکەکەس . . . هتد . کەواتە بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو لایەنانە مەحاڵە باسێکی بابەتی دەربارەی بزووتنەوەکە ئامادەبکرێت .

- ٢ -

بەبڕوای من ، یەکێک لەدیاردە ساغ ودڵخۆشکەرەکانی ئەمڕۆی ناو بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کورد خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە زۆر لە ڕۆشنبیران هەوڵی بردنەوەی دەرگای

گفتوگۆ و مشتومڕ لەڕووی زۆر لەلایەنەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەی دەدەن و خۆ لە قەرەی زۆر لەبابەتە مێژووییەکان و ئەزموون و گیروگرفتەکانی بزووتنەوەکە دەدەن ، بەمەبەستی هەرچی زۆرتر بەتیۆریکردنی مەسەلەکان . بێگومان قسەکردن لە سەرکەوتوویی و بابەتی یاخود نابابەتی نووسراوەکان مەسەلەیەکی ترە ، لێ گفتوگۆ و مشتومڕی تیۆریانە و هەڵوێست وەرگرتنی ڕاست دەربارەی زۆر لە مەسەلەکانی مێژوو و ئەزموونەکان و مەسەلە تیۆرییەکان ، لەڕاستیدا ، پێویستییان پتر بەتوانای لێهاتوو و مرۆڤی پسپۆڕتر هەیە ، ئەو مرۆڤەی بتوانێت لەچوارچێوەی گشتیی پرنسیپەکانی میتۆدۆلۆژییەکی زانستییەوە سەرەداوی گیروگرفتەکان بدۆزرێتەوە و خۆ لەنەخۆشی خۆدەرخستن و ئەقڵیەتی گەیشتن بەدەسەڵات ڕزگار بکات و بیر لە هۆ وئاکامەکانی شت و دیاردەکان بکاتەوە ، بۆ گەیشتن بەم مەبەستەیش پێویستە ببێت بەسەربازی وونی سەر ڕێگای ڕاستیەکان . دیارە هەڵسان بەم کارەیش لەبارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و دونیادا ، کارێکی ئاسان و بێ قوربانی نییە .

لەم ساڵانەی دواییدا ، کۆمەڵێ نووسراوی تیۆری لەسەر لاپەڕەکانی زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان ڕۆشناییان بەخۆیانەوە بینیووە . . . پێم وایە ، مەرجەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی دونیا ، دوو هۆی پاڵپێوەنەری بنچینەیی بوون بۆ خێراکردن و توندوتیژکردنی مشتومڕە تیۆرییەکان ، چونکە نەدەکرا هەروا بێوەرام بەجێبهێڵدرێن . بێگومان قسەکردن لە فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیەتی هەر نووسراوێک لەو نووسراوانە ! هەویرێکە و ئاو زۆر دەکێشێ ودەکرێت بۆ بابەتی سەربەخۆ هەڵبگیردرێت . لەهەناوی ململانێیە کۆمەڵایەتی و فیکری و سیاسیەکاندا ، شتێکی زۆر ئاسایی و ڕەت نەکراوەیە ، نووسراوەکان سەر بەڕێباز و شێوازی جیاوازبن و هەر نووسەرێکیش لەگۆڕ بنەما فیکری وهوشیارییە خۆییەکەی خۆیەوە هەڵوێست بگرێت ، لێ ئەوەی لە هەموویان بتر جێگای سەرنج ڕاکێشان و، گەلێک جاریش کۆمیدییانەیە : پەلەکردن و نەگەڕانەوە بۆ سەرچاوە تیۆرییە زانستییەکان و جلەوشۆڕکردن بۆ لایەنی سوبێکتیڤیزم و تێکەڵ و پێکەڵکردنی مانای هێندێ لە چەمك و زاراوە زانستیەکان . بێگومان ئەمەیش زەرەرێکی زۆر لەپرۆسەی پەرەسەندنی بینای فیکری و سیاسی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکە دەدات .

- ٣ -

پێم وایە بەهەڵەدا ناچم ، ئەگەر بڵێم ئەمڕۆکە خوێنەری کورد هەست بەوەدەکات ، لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەکی باش - لەڕووی چەندایەتییەوە - نووسراوی تیۆری هەمەجۆر چاویان بەڕۆشنایی هەڵهێناوە . ئەم دیاردەیەش لەژیانی ڕۆحی گەلی کورددا بۆ گەلێ هۆکاری هەمەجۆر دەگەڕێتەوە و بۆ تێگەیشتنیش لەجەوهەری دیاردەکە تەنێ ئەوە بەس نییە کە بۆ ڕەنگدانەوەی بوونی کۆمەڵایەتی بگێڕدرێتەوە و لایەنەکانی تر فەرامۆش بکرێن .

هەروەك لەپێشەوە پەنجەمان بۆ درێژکرد ، نامانەوێ لەم باسەدا بچینە نێو قووڵایی ئەنالیزەکردنی نووسراوەکانەوە ، هەروەها مەبەستمان باسکردنی ڕاستیو زانستی یاخود ناڕاستی و نازانستی نووسراوەکان نییە ، بەڵام ئەوەی زۆرجار سەرنجم ڕادەکێشێت و دەبێت بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ زیاتر بیرکردنەوە لەزۆر لە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان ، ئەوانەن کە ئەمڕۆکە لەهەموو ڕۆژێك زیاتر پێویستیان بە لێکۆڵینەوە ، بەتایبەتی لێکۆڵینەوەیەکی بەکۆمەڵی زانستی ، هەن و لە پرۆسەی پێکهێنانی هوشیاری کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی و پێداویستیەکانی سەردەمدا تەواو دەبن و پێوەر و خاڵی ناوەندی و لەپێشەوەی سەرجەم نووسراوەکانن و سەرچاوەی ململانێیەکی فیکری توند و لەهەندێك کاتیشدا زێدەڕۆیی ونیهلیزمی - عدمی - بەدوای خۆیاندا دەهێنن . لەژێر پەراوێزی ئەو قسانەی سەرەوەدا بابزانین خاڵە بنچینەییەکانی زۆر لە نووسراوە تیۆرییەکانی ئەمڕۆی سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان ، کامانەن ؟ . . .

١- ململانێ لەنێوان کۆن و نوێ لەکۆمەڵگای کوردەواری دا .

٢- ململانێی نێوان فیکری سەر بەهەبوون ونەبوونی تەنگوچەڵەمە لە فیکری سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا .

٣- ململانێی نێوان تێڕوانینە هەمەجۆرەکانی باڵە چەپڕەوەکانی نێو بزووتنەوەکە .

٤- گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی دونیا و پێداویستیەکانی سەردەم ( ئەمیان بەشێوەیەکی کەمتر ) .

- ٤ -

لەژیانی ڕۆحی هەر کۆمەڵگایەکدا ، ئیدیۆلۆژیەت

شوێنێکی زۆر گرنگ دەگرێت و لە مێژووی هەر کۆمەڵگایەکو لەماوەی هەر قۆناغێکی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی‌دا هەمیشە ڕۆڵی لەبەرچاوی خۆی بینیووە و ، دەکرێت هەست بەوەش بکرێت ، کە لەقۆناغی هاوچەرخیشمان‌دا مانای گرنگ و گەورەی خۆی لەدەست نەداوە ، بەڵکو لەوەش زیاتر سیفاتی گشتی و بەهێزی خۆی بەتەواوی کەم نەکردووە ، ئەگەر زیاتری نەکردبێت .

ئەمڕۆکە لەجیهانی هاوچەرخمان‌دا دەبینین پتر قورسایی دەخرێتە سەر ئەرکی بەرگریکردن لە باروودۆخی ئاشتیانە و بەشێوەیەکی گشتیش لەیەکەم ڕوانین‌دا هەست بەکەمبوونەوەی ڕۆڵی ئیدیۆلۆژیەت و دوورخستنەوەی لەبنەما کۆمەڵایەتیەکانی دەکرێت و هەوڵی بێ‌مانایی ململانێی نێوان بیری ڕاست و چەپ و سەرخستنی بیرەکانی پراگماتیزم دەدرێت . . . ئایا دەکرێت هەروا بەئاسانی بەجێبهێڵدرێت و ئیدیۆلۆژیەتیش وەک بەشێک لەهوشیاری کۆمەڵایەتی و سیستەمێک لەتێڕوانین و بیرەکان وتیۆرەکان لەبوونی کۆمەڵایەتی و پێوەندی و دیاردەکۆمەڵایەتیەکان‌دا وەدووربخرێتەوە و پووچەڵ بکرێتەوە ؟!

ئێمە لەگەڵ ئەو ڕایەدا یەکدەگرینەوە کە دەڵێت : پێویستە بەشێوەیەکی فراوان و ڕیالیستانە بەم بەشەی هوشیاری کۆمەڵایەتی‌دا بچینەوە و لەگەڵ پێداویستیەکانی سەردەمدا بیگونجێنین و لەچوارچێوەی بیری لاهوتی و دۆگماتیستانە بەدووربخرێتەوە ؛ بەڵام ئەمە بەهیچ شێوەیەک مانای پێچەوانەکەی ناگرێتە خۆیەوە . چونکە کێشەی نێوان زۆردار و زۆرلێکراوەکان ، چەوسێنەر و چەوساوەکان ، مان و نەمان ، تەنیا بیری یۆتۆپی نین ، تا کێشەکە تەنیا هەر لەچوارچێوە گشتی‌یە ئەبستراکتەکەی خۆیدا بمێنێتەوە ولەکێشەی چینایەتی ناڕێکخراوەیی و ئیدیۆلۆژی دا ڕەنگنەداتەوە ؛ بەڵکو لەهەمان کاتیشدا لەکاری سیاسی و ڕێکخراوەیی هەر چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی‌دا ڕەنگدەداتەوە . ڕەنگدانەوەی کێشەی چینایەتی ـ کۆمەڵایەتی هەر گەلێک تەعبیر لەخۆی دەکات ، لەدەرکەوتنی ڕێکخستنە سیاسیەکانی‌دا ، کە لەهەمان کاتیشدا پڕۆسەی کۆمەڵایەتی لەنێو ڕیزەکانی گەل‌دا پتەودەکات تا دەگاتە ئەو سنوورەی کە هەر گروپێکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوی خۆی هەبێت ، کە تەعبیر لە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و کەلتوورییەکانی بکات .

ڕەنگە ئەم دیتنەی سەرەوەی ئێمە لای هێندێ کەس بەتێڕوانینێکی کۆنی بەسەرچوو و سەرنەکەوتوو بدرێتە قەڵەم ، بەتایبەتیش لای ڕێبازی تازە لایەنگر و نوێنەرانی ستریبۆتیپی بیری تەکنۆقرات و پراگماتیزمی بەشێکی ڕۆشنبیرانی کورد بە تەواوی ڕەت دەکرێتەوە و لەوانەیە گاڵتەشیان پێ‌ی بێت ؛ لێ بەهەرحاڵ با ئەمە بۆ زیان و پراکتیک و داوڕۆژی ململانێ‌یە کۆمەڵایەتی ـ ئیدیۆلۆژییەکە بهێڵدرێتەوە .

- ٥ -

دابەشکردنی کوردستان بۆ جاری دوهەم و لکاندنی بە چوار دەوڵەتی جیاجیاوە و داگیرکردنی لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە ، باروودۆخێکی نوێی خوڵقاند و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازەکەیشی خستە قۆناغێکی سەختتر لەخەباتی ڕەواو بەردەوامی خۆیدا . ڕاستە ، دابەشکردن و داگیرکردنەکەی دوایی کوردستان تارادەیەکی زۆر مەسەلەی ڕەوای گەلی کوردی ئاڵۆزترکرد و باروودۆخێکی نوێی جیۆپۆلیتیکی لەگەڵ خۆیدا هێنایەکایەوە ؛ بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ، داگیرکەرانی کوردستان لەتوانایاندا نەبوو ڕێگا لەنەشونماکردن و پەرەسەندنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکە بگرن ؛ ئەمەیش خۆی لەخۆیدا دەکرێت بە بەڵگەیەکی ڕوون و زیندوو و پتەوی و ڕەسەنایەتی بزووتنەوەکە دابنرێت ، ئەو بزووتنەوەیەی کەلەدایکبووی واقیعێکی ماددی ـ بابەتی و ویستە ڕەواکانی گەلێکی خەباتگێڕە .

دەکرێت ئەو ماوە دوور و درێژەی مێژووی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەش لە دوو قۆناغی بنچینەیی جیاوازی کلاسیکی و شێوەنوێ و هاوچەرخ‌دا خۆی ببینێتەوە . ئەو قۆناغەی لەکۆتایی سەدەی ڕابردووەوە دەست پێدەکات تاکو کۆتایی ساڵانی چلەکان ، دەکرێت بەقۆناغی یەکەم و ئەوەی لەساڵانی چلەکان بەدواوە هەنگاوهەڵدەگرێت بە قۆناغی دوهەم لەمێژووی هاوچەرخی بزووتنەوەکەدا بدرێتە قەڵەم . ئەوەی شایانی باسە ، دەبێت ئەو بەشەی مێژووی گەلەکەمان ، بەتایبەتی قۆناغی دوهەمی بزووتنەوەکە ، زۆر بەجیدی وەربگرین و هەلومەرجی سەختی ئەمڕۆی میللەت و بزووتنەوەکە و دونیا وامان‌لێنەکات بەچاوێکی ڕەشبینانە و نیهلیزمی‌یەوە سەیری ڕووداوە مێژووییەکان بکەین و جێ‌گۆڕکێ بەدیاردەکان بکرێن و باسەکانیش لە ئاستی ڕادەی مێژوویی و لۆژیکی‌یەوە خۆ بەنامۆ ببینن .

ئاشکرایە ، تێکشکانەکەی ساڵی ١٩٧٥ و ئابی ١٩٨٨ی کوردستانی باشوور بەهەردوو شێوە جیاوازەکەی

خۆیەوە ، برینێکی مەزنی لەجەستەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان و گەلی کورددا جێهێشت ؛ لێ ڕاستیەك هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە: هۆکان و بارودۆخی تێکشکاوی بزووتنەوەکە پتربوون بە هاندەر و زەمینەخۆشکەر بۆ گەڕان بەدوای هۆکانی تێکشکان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی جێگر و دەرچوون لەو بارودۆخە دژوارە ؛ جا ئەمەیش لەچوارچێوەی بیری گروپ و ڕێکخراوی‌سیاسیەوە بێت یاخود لەبواری لێکۆڵینەوە تیۆریەکانی ئەڵقەی ڕۆشنبیرانی کوردستانەوە بێت . بێگومان ئەمەیش ، خۆی لەخۆیدا ، نیشانەی گۆڕانکاریەکی چۆنیەتی‌یە لەپرۆسەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەدا ؛ ئەگەرچی تاکو ئێستا بە شێوەیەکی پێویست و بەرپرسیاریەکی جیدی و فراوان هەستی پێناکرێت .

هەمووومان دەزانین ، کەسەرجەم ڕاپەڕین وشۆڕشەکانی کوردستان لەئاکامدا تووشی پاشەکشەکردن و تێکشکان هاتوون و بەسەرکەوتن شادنەبوون و( ڕاستە کەلێرە و لەوێدا دەستکەوتی پۆزەتیڤانەی وەدەستهێناون ، بەلاّم دەستکەوتەکان لەگۆڕ قورسایی قوربانیەکان نین و لەبەرچاو ونترن ) لەهەر تێکشکان و سەرنەکەوتنێکیشدا دەیان ئەزموونی ترازیدی کەم وێنەیان جێهێشتووە . تێکشکان و سەرنەکەوتنەکانیش نەشتێکی ڕێککەوتن و بەدوورن لەهۆکارە بابەتی و خۆییەکان و هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی بزووتنەوەکە ، ئەوانەی پێویستیان بەپێداچوونەوەیەکی گشتی‌ی بابەتی هەیە و هەڵسان بەوەها کارێکیش سانا نیە و دەستدرێژکردنە بۆ مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و ئاڵۆز و ترسناك ، ئەو مەسەلەیەی کەپابەندە بەچارەنووسی شۆڕشی کوردستان و چارەنووسی گەلی کوردەوە ، ئەو مەسەلەیەی بەلەبەرچاوگرتنی دەم و کاتی ڕووداوەکان و میتۆدی مێژوویی و لۆژیکی تەواو دەبێت ، نەك بەباسکردن لە چارەنووسی ئەو کەس و لایەنانە ، کە بەم شێوەیە یاخود بەو شێوەیە بەشداریان لەشۆڕش و جوولاّنەوەکەدا کردوە . چونکە پیمان وایە ، شۆڕش شەمەندەفەرێکە و بەرەو پێشەوە دەڕوات و خەڵکیش سواری فارگۆنەکانی بوونە و حەتمیشە لە وێستگەکاندا ڕادەوەستێت ، چونکە هەندێك دەیانەوێ لێی بێنەخوارەوە و هەندێکی تریش دەیانەوێ درێژە بەسەفەرەکەیان بدەن . کەباس لەشەمەندەفەری شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردستانیش دەکرێت ، پێویستە لەگشت وێستگەکانی بکۆڵرێتەوە و باس لەڕۆڵ و بیری سەرجەم هێزە جووڵێنەرەکانی بکرێت ؛ دەنا هەر هەوڵدانێکی تری ناهوشیارانە بەزەرەری خۆمان و بە قازانجی بەرەی دوژمن تەواو دەبێت و خۆشمان لەڕاستی ووتن دەدزینەوە .

• • • •

لەلاپەڕەکانی پێشوودا گووتمان ، ئەمڕۆکە بازنەی هوشیاری تیۆری و لێکۆڵینەوە تیۆریەکان فراوانتربووە و بەرەو ڕۆحی مێژوو و گیروگرفتەکانی ئێستای بزووتنەوەکەمان دەچێت و کۆن و نوێش لەکۆمەڵگای کوردەواری‌دا لە زورانبازیەکی بەردەوام و توونددایە . خاڵی گرنگ و زیندووی واقیعی ئەمڕۆی ئەو زۆرانبازیەی ناو پرۆسەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان - پێموایە - خۆی لە ململانێ‌ی نێوان لایەنگرانی بیری هەبوونی تەنگوچەڵەمە و بەرەی لایەنگرانی بیری نەبوونی‌تەنگوچەڵەمە لەبزووتنەوەکەماندا دەبینێتەوە . ئەم مەسەلەیەش بە بەردەوامی خۆ پتر ڕەپێش دەکات ، چونکە لەجەوهەردا دەکرێت بگووترێت ئەو ململانێیە بریتی‌یە لەململانێی‌نێوان شێوەبیرکردنەوە و ڕەفتاری کۆن لەلایەکەوە و شێوەبیرکردنەوە و ڕەفتاری نوێ لەلایەکی ترەوە . ئەم مەسەلەیەش ، لەڕاستی‌دا ، پێویستی بەوەلاّمدانەوە و ڕێگای چارەسەر هەیە ، وەلاّمدانەوە و ڕێگای چارەسەرێك کە لەپێوەندی‌دا بێت لەگەڵ واقیعی مەسەلەکەدا ، نەك لەتێڕوانینی ئایدیالیستانە و ڕەشبینانە و ئەنارشیستانەوە سەرچاوە هەڵبگرێت .

بێگومان سووکە بەشداریکردنێکی ئێمە لەلێکۆڵینەوە و هەڵوێست وەرگرتن لەم مەسەلە گرنگەدا ، کورتە هەوڵدانێکە بەمەبەستی ڕۆشنایی‌خستنە سەر هێندێ لایەنی مەسەلەکەو دەستنیشانکردنی پێوەری گفتوگۆ و مشتومڕەکانە ؛ چونکە پێمان وایە پرۆسەی شۆڕشگێڕی واقیعی ئاڵۆزاوی ئەمڕۆی بزووتنەوەکەمان پێویستیان پتر بە بەئەنجامگەیاندنی ئەم جۆرە کارانە هەیە . بۆیە هەر هەوڵدان و گەڕانێك بە دوای دۆزینەوەی وەلاّمی ڕاست دا بۆ مەسەلەکە ، دیارە بەرهەمی خۆدواندنی بەردەوام و بیرکردنەوەی جیدی و بەرپرسیارانە بەرامبەر بەمەسەلەکە دەگەیەنێت .

بەشێك لە گیروگرفتی گفتوگۆ و مشتومڕە تیۆریەکان لەم بارەیەوە ، پێم وایە ، لەتێگەیشتن و دەستنیشانکردنی چەمکەکەوە ( تەنگوچەڵەمە ) دەست پێدەکات ، بۆیە من لێرەدا بەپێویستی دەزانم کە لەپێش چوونە نێو

باسەکەوە ، چەند ووشەیەك لەو ڕووەوە بخەمە نێو باسەکەمانەوە :

تەنگوچەڵەمە یاخود قەیران ، دوو چەمکی نوێن لە زمانی هاوچەرخی کوردی‌دا ، کەهەردووکیان لەبری‌یاخود لەبەرامبەر چەمکی - کریزە - ی لاتینی و - الازمة - ی عەرەبی‌دا بەکاردەهێنرێن . ئێمە پێمان وایە کە تەنگوچەڵەمە : چەمکێکی ئابووری - سیاسی‌یە و لە بوارە کۆمەڵایەتیەکانی‌تردا ڕەنگدەداتەوە ؛ لەهەمان کاتیشدا بەشێکە لە چەمکەکان و ئەوانیش لەشوێنەواری خۆیان‌دا بەشێك لەفۆرمەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ پێکدەهێنن و چەمکەکانیش ئاکامی ئەزموون و چالاکی و زانیارییەکی دوور و درێژی مرۆڤن و مرۆڤیش لەچالاکی‌و پێوەندی لەگەڵ شت و دیاردەکانی جیهانی دەوروبەری خۆیدا وەدەستیاندەهێنێت .

تەنگوچەڵەمە ، لەخودی خۆیدا ، پرۆسەیەکە و لە ڕەوتی خۆیدا بەسەر چەندین پلە و شێوەدا دابەش دەبێت . ئەو تەنکوحەلەمەیەی کە هەموو سیستەم یاخود بوارە کۆمەڵایەتیەکانی وەك ( ئابووری - سیاسی ، کەلتوور ، ئیدۆلۆژی ، مۆراڵ . . . هتد ) دەگرێتەوە ، بە تەنگوچەڵەمەی گشتی پێناسە دەکرێت ، لێ ئەوەی تەنیا بوارێك لەبوارە کۆمەڵایەتیەکان دەگرێتەوە ، بەتەنگوچەڵەمەی یەك لایەنی پێناسەدەکرێت . تەنکوچەڵەمەش بریتی‌یە لە : فراوانبوون و قووڵبوونەوەی گیروگرفتەکان و لەئاکامیشدا کەوتن و دابڕانێکی مێژوویی لەو بوارە یاخود لەگشت بوارەکان‌دا دەستپێدەکات و پێداویستی ڕێگا چارەسەرو جێگر دێتە پێشەوە ، کە ئەوەیش هەمدیسان لەپرۆسەیەکدا تەواو دەبێت . جا بالێرەدا بزانین تەنگوچەڵەمەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان لەکوێدایە و ڕێگای چارەسەری لەکوێوە دەستپێدەکات . . .

من وای بۆدەچم ، کە دەستنیشانکردنی‌تەنکوچەڵەمە لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستانی‌دا کارێکی ئاسان و ڕوون نییە ، چونکە بزووتنەوەکە لەشوێنەواری دەسەڵاتێکی سیاسی بەدووره و هێشتا هەر لەسەر ڕێگای گەیشتن بەو ئامانجەدایە ؛ بەڵام ئەمەیش مانای ئەوە نییە کە نەتوانرێت وەها کارێك ئیدی ئەنجامبدرێ ، تەنیا ئەوە دەگەیەنێت کە مەسەلەکە ئاڵۆزترە .

هیچ گومانم لەوە نییە ، ئەمڕۆکە تەنگوچەڵەمە لەبیری سەرکردایەتی‌بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەدا هەیە ، کە تەنگوچەڵەمەی ئیدۆلۆژی و سیاسی‌یە و نیشانەکانیشی بە ڕوونی لەبواری پراکتیکدا دەرکەوتوون . ئاڵۆزی مەسەلەکەش لەوەدایە ، کە بگوترێت تەنگوچەڵەمەیەکی گشتی‌یە و هەموو بوارە کۆمەڵایەتیەکانی گرتۆتەوە ، چونکە دیاریکردنی‌نیشانە تەنگوچەڵەماوییەکەی بواری ئابووری - کۆمەڵایەتی وکولتووری کارێکی ئاسان نییە ( ئەگەر مەحاڵ نەبێت ) ، ئەمەیش بۆ قسەکانی سەرەوەمان دەگەڕێتەوە .

سەرەنجامی ئەم قسانەیش ئەوە دەگەیەنێت کە : بیری زاڵ و باو لەتوانای‌دا نییە ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی‌بنەما نەتەوایەتی کۆمەڵایەتیەکانی واقیعی ئەمروی کۆمەڵگای کوردەواری و سەردەم بێت . کەواتە بیرە سازشکار و بیرە هەرەسهیناوەکەش وەك بیرێکی کۆن لەململانێیەکی توونددایە لەگەڵ سەرهەڵدانی بیرە تازە لەدایکبووە نوێکەدا . لەگەڵ ئەمەیشدا ، تاکو ئێستا مەسەلەی ناوبراو لەڕێگای چارەسەری خۆی دوورە ، مەبەست ڕێگای چارەسەرێکی وورد و تەواو و کۆنکرێت و فراوانە . خەباتگێڕان و ئیدۆلۆگەکانیش لەتێڕوانین و دیتنی‌جیاوازەوە بەشێوەی جیاجیا هەوڵی چارەسەرکردنی مەسەلەکە دەدەن. ترسناکییەکە لەپلورالیزمی شێوازی تێڕوانین و لێکدانەوە و بیرکردنەوە و حوکمدانەکان‌دا نییە ، لێ مەسەلە بنچینەییەکە بۆ سەرەنجامی حوکمدانە لۆژیکییەکە دەگەڕێتەوە .

ئێمە لەتوانامان‌دا نییە لەم باسە کورتەدا سەرجەم تێڕوانینە جیاوازە زۆرەکان بخەینەڕوو ، بەڵام ئەوەی لە توانامان‌دایە و پێشمان وایە سەرەکین ، هەوڵدەدەین ئەوان بخەینەڕوو و هەندێك گفتوگۆ و مشتومڕیشیان لەگەڵ سازبکەین .

- تێڕوانینی یەکەم لەشیکردنەوەکانی خۆیدا ، لە چەمکی تایبەتییەوە بۆ گشتی (وەك بنچینەیەکی مەنهەجی ) هەنگاو هەڵدەگرێت .

- تێڕوانینی دووەم لەشیکردنەوەکانی خۆیدا ، لە چەمکی گشتی‌یەوە بۆ تایبەتی (وەك بنچینەیەکی‌مەنهەجی ) هەنگاو هەڵدەگرێت .

ئێمە هەوڵدەدەین لەوەڵامدانەوەی مەسەلەکەدا ، پێوەندییەکی دیالەکتیکی گونجاو لەنێوان هەردوو چەمکی تایبەتی بۆ گشتی و چەمکی گشتی بۆ تایبەتی دەستنیشان بکەین .

لەژێر ڕۆشنایی تێڕوانین و بیرکردنەوەکانی ڕێبازی یەکەمدا ، دەکرێت بەو سەرەنجامە بگەین و بڵێین ، کە

ڕێبازی یەکەم لەشیکردنەوەکانی خۆیدا پتر بۆ ناوەڕۆکی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەچێت :

١- نەبوونی پارتێکی کۆمۆنیستی کوردستانی .

٢- هەبوونی ئەم پارتە و سەرکرایەتیکردنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکە .

٣- بەسەرچوونی ڕۆڵی مێژوویی بۆرژوای کوردستان و تەسکبوونەوەی ڕۆڵی لەبزووتنەوەکەدا . . . هتد .

**سەرەنجامی یەکەم :**

---

هەبوونی تەنگوچەڵەمە لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان‌دا دەگێڕێتەوە بۆ نەبوونی پارتێکی کۆمۆنیستی کوردستانی و سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەکە لەلایەن بۆرژوای کوردستانەوە . . . پێچەوانەکەیش تاقە ڕێگای چارەسەرە بۆ دەرچوون لەتەنگوچەڵەمەکە .

لام وایە ، پێویست بە بەڵگەهێنانەوە و خزانە نێو گەرمەی گفتوگۆ و مشتومڕ ناکات ، چونکە نەک تەنیا ئەم تێڕوانینە باسکردنێکی زۆر هەڵدەگرێت ، بەڵکو لەوەیش زیاتر لەبارودۆخی نوێی ئەمڕۆی دونیا و بزووتنەوەی کرێکاری جیهانی‌دا پێویست بە پێداچوونەوەیەکی فراوانی خۆیی و وەلامدانەوەی زۆر پرسیاری نوێ دەکات .

ڕێبازی بیرکردنەوەی دووەم تارادەیەک لەڕووی فۆرمەوە دژ بەوەی یەکەمە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکە و لە مەنهەجی گشتی‌یەوە بۆ تایبەتی هەڵوێست وەردەگرێت . ڕوانینی ئەم لایەنە بۆ بزووتنەوەکە و هەوڵدان بۆ دەرچوون لە تەنگوچەڵەمەکە ، هەمەلایەن و فراوانترە ، ئەگەرچی بەناتەواویشەوە لەپرۆسەی پەرەسەندنی بزووتنەوەکە و تەنگوچەڵەمەکەی دەنوارێت . دەکرێت تێگەیشتن و تێڕوانینی ئەم لایەنە لەم چەند خاڵە سەرەکییانەی خوارەوەدا گەڵاڵە بکرێت :

١- وازهێنان لەبیرە سازشکار و هەرسهێناوەکان و گرتنەبەری شێوە بیرکردنەوەیەکی بابەتی و هاوچەرخانە.

٢- تێکشکاندنی بیری تەمومژاوی و گرتنەبەری تێڕوانینێکی ڕوون دەربارەی ستراتیژ و تاکتیکی بزووتنەوەکە .

٣- گرنگی‌دانی پتر بەبیری بوعدی نەتەوەیی و پەلەکردن لەدامەزراندنی ڕێکخراوێکی چەتر بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ، واتە ڕێکخراوێکی ئەوتۆ کە سەرجەمی حیزب و هێزە سیاسییەکانی بزووتنەوەی گەلەکەمان لەباوەش بگرێت.

٤- بیرکردنەوە لەشێوە خەباتی چەکداری وبایەخدان بەهەموو شێوەکانی خەبات .

٥- بەدیموکراسی‌کردنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکە . . هتد.

**سەرەنجامی دووەم :**

---

لەبەرچاوگرتنی هێڵی گشتی ئەرك و ئامانجەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان وەك بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخواز و دیموکرات لەم قۆناغەی ئێستای بزووتنەوەکەدا. قورسایی‌خستنە سەر لایەنە گشتی‌یەکەی بزووتنەوەکە و ڕەچاونەکردن یاخود هەوڵدان بۆ فەرامۆشکردنی بنەما کۆمەلایەتیەکانی هێزە جووڵێنەرەکانی بزووتنەوەکە - بە پێچەوانەی تێڕوانینەکەی یەکەمەوە .

**سەرەنجام بۆ هەردوو تێڕوانینە فیکرییە- سیاسییەکە :**

پاش ئەو کورتە باسکردنە خێرایە ، ئێستایش وا هەوڵدەدەین کە تێڕوانینی خێرا و گشتی خۆمان لەم بارەیەوە بخەینە ڕوو . . .

ئێمە پێمان وایە، کە هەردوو تێڕوانینەکە لەڕاستی‌دا ، لەچوارچێوەی تێگەیشتنێکی لۆژیکی ڕواڵەتکارانە دەرناچن؛ بانووسەرانی هەر لایەنێکیش لەنووسینەکانیان‌دا خۆیان بەلایەنگیری لۆژیکی‌دیالیکتیکانە بزانن ، بەلام لەسەر زەمینەی شیکردنەوەیەکی لۆژیکی ڕواڵەتکارانەوە هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکە هەڵدەگرن ، یاخود لەوە زیاتر پەی بەمەسەلەکە نابەن ، ئەگەر ئەم دەربڕینە لەشوێنی خۆیدا بێت .

ئێمە هەوڵدەدەین لەتێگەی مەنهەجی لۆژیکی دیالەکتیکی مەتریالیستانەوە پێوەندی لەنێوان هەردوو بیرکردنەوە و تێڕوانینەکەدا بدۆزینەوە ، لەهەمان‌کاتیشدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە شێوە مەنهەجی لۆژیکی‌ڕواڵەتکارانە لەبزووتنەوەکەدا ڕەت دەکەینەوە . کەواتە پێمان وایە ، نەشێوە ڕوانینی یەکەم بەبێ دووەم دەبێت ، نە شێوە ڕوانینی دووەم بێ یەکەم دەبێت . ئا بەم شێوەیە قسەکانمان بەپێویست بۆ ئەم مانا بەرجەستەییە دەگوێزینەوە: نەبزووتنەوەیەکی ڕزگاریخواز و دیموکرات بێ پارتێکی کۆمۆنیست ( یاخود بزووتنەوەیەکی بەهێزی چەپڕەوی ) مومکینە ، نە پارتێکی کۆمۆنیستیش لەوەها بارودۆخێکدا بێ بزووتنەوەیەکی ناوەڕۆك ڕزگاریخواز و دیموکرات دەبێ . دۆزینەوە و گۆڕانی پارسەنگیش لەمیانەی هەردوو لاکەدا بۆ جەوهەری بنەما بابەتیەکانی واقیعی بزووتنەوەکە دەگەڕێتەوە . لەکۆتایی سەرەنجامی ئەم باسەشدا ، ئەوەی

زیاتر سەرنجمان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت بریتی‌یە لە چونیەتی هەوڵدان بۆ پێکهێنانی وەها پارتێك (پارتی کۆمۆنیست). لێرەشدا دیسان بۆچوون و تێڕوانینی دژ بەیەك دێنە پێشەوە، کەهەرچی زووترە پێویستیان بە ڕێگای چارەسەر و شێوازی بیرکردنەوەی نوێ و دۆزینەوەی میکانیزمی نوێ هەیە.

لەمەرجەکانی ئەمڕۆی کێشەی ناوخۆ و لەمەرجەنوێکانی ئەمڕۆی دونیادا، دۆزینەوە و داهێنانی شێواز و شتی نوێ پێویستن: شێوازی نوێی بیرکردنەوە و ڕەفتار، ئەوانەی لەگەڵ پێداویستیەکانی سەردەمدا دەگونجێن... یەکێك لەدیاردە ساغ و ڕیالیست و ئاسۆکراوە و هەست پێکراوی ئەمڕۆی ناو بزووتنەوەی چەپڕەوی کوردستانی، خۆ لەدیاردەی هەوڵدان لەپێناو کۆکردنەوە و یەکگرتنی باڵە چەپڕەوە جیاوازەکانی کوردستاندا دەبینێتەوە؛ پێم وایە ئەم دیاردەیەش لەدایکبووی پێداویستی خودی بزووتنەوەکە و سەردەمەکەیە. بۆ گەیشتن بەوەها ئامانجێکیش پێویست بەکاری جیدی و گفتوگۆ و مشتومڕی هەمەلایەنی دیموکراسیانە و پەلەنەکردن و خۆدوورخستنەوە لەگیانی مۆنۆپۆلی و مۆنۆپۆلکردنی ڕاستیەکان و دۆزینەوەی میکانیزمی نوێ دەکات.

**لەبری سەرەنجام:**

زیاتر لەنیو سەدە بەسەر خەباتی هاوچەرخی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستاندا تێپەڕیوە و ئەم ماوەیەش ئەگەر بەنیسبەت مێژووەوە کەم بێت، ئەوا بەنیسبەت ئێش و ئازار و کوێرەوەرییەکانی گەلی کورد و وێرانکارییەکانی کوردستانەوە کەم نییە؛ بۆیە گەرەکە لەمەوبەدوا پتر بیر لەئاسۆ و ئامانجەکانی خەباتی بزووتنەوەکەمان بکەینەوە و بزانین بەرەو کوێمان دەبات؟

ئەمڕۆ سەرجەم گەلەکەمان لەمەترسی‌دایە و چارەنووسی نەوەکانیشمان لەدەست خۆمان دەرچووە و بزووتنەوەکەشمان لەپاشەکشەکردن و تێکشکان و تەنگوچەڵەمەیەکی قووڵدایە. کلیلی کردنەوەی قفڵی نهێنی ئەم دەرگایەش تارادەیەکی زۆر بەدەست خۆمانەوەیە، بۆیە بازیاتر هەوڵی ڕزگاری ئەقڵ و هوشیاری خۆمان و کاری جیدی بەکۆمەڵ بدەین و بەشێوەیەکی هەمەلایەنیشەوە گفتوگۆ و مشتومڕی بابەتیانەیش دەربارەی هەموو لایەنەکانی نوێکردنەوەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەمان سازبکەین.

١٩٩٠/١١/١٠
سوفیا

رەفیق سابیر

# تەنگوچەڵەمەی فیکریی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و ئاسۆی ڕوون

(١)

ئاشکرایە تەنگوچەڵەمەی فیکریی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ، وەك بەشێك لە تەنگوچەڵەمەیەکی فراوانتر ، لەبارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کولتووری کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە . پرۆسەی داگیرکردن و وێرانکردنی سەدان ساڵەی کوردستان ، سەرجەمی ژیانی مادی و رۆحی نەتەوەکەمانی شێواندووەو ، دەرفەتێکی لەباری بۆ گەشەکردنی شێوازەکانی بەرهەمهێنان و پێگەیشتنی سروشتیانەی توێژ و چینی نوێی کۆمەڵایەتی نەهێشتوتەوە.

کوردستانی خواروو کە تەنگوچەڵەمەی فیکری بزوتنەوەی کوردی تێدا دەرکەوت ، لەسەردەمی بابانەکانڕا سەرەتای بوژانەوەیەکی نوێی ئابوری و سیاسی و کولتووری بەخۆیەوە دیت ، بەلاّم هەر زوو هێرش و پەلاماری عوسمانییەکان و ئێرانییەکان و جەنگی نێوخۆی بابانەکان وێرانیانکرد . ڕوداوەکانی یەکەمین جەنگی جیهانی و هێرشی لەشکری کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا و ڕوخاندنی حوکمداری شێخ مەحموود کارەساتێکی ساماکی ئابوری و کۆمەڵایەتییان نایەوە . هەروا کاتێ ئینگلیزەکان ئەم بەشەی‌کوردستانیان بەعیراقی عەرەبەوە گرێدا ، بەدرێژایی دەیان ساڵ هیچ جۆرە پرۆژەیەکی گرنگی ئابوری ، پیشەسازی و کولتووری ئاوەدانکردنەوەی بەخۆیەوە نەدی . بەپێچەوانەوە وەك هەر وڵاتێکی داگیرکراو بەسەدان سەربازگە و پۆلیسخانە و قشلە و بنکەی تری عەسکەری گەمارودرا (١) . تەواوی ئەم هۆکارانە و تاڵانکردن و دادۆشینی ئابوری‌کوردستان ڕێگەی پێشکەوتنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییان بڕی و بوونە هاندەری مانەوەی پەیوەندییەکانی فیۆداڵی و داب و نەریت و ترادیسیای عەشیرەتگەری لەکوردستانی خوارووداا . لەوەش زیاتر کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا دەیەویست ئەم پەیوەندی ونەریتانە زیاتر بچەسپێنێ ، بۆ ئەم کارەیش پێگەی ئابوری وسیاسی ئەو سەرۆك هۆز و فیۆدالانەی خیانەتیان لەبزوتنەوەی‌کورد کردبوو بەهێز دەکرد و بەمەیش بەرژەوەندی چینایەتییان زیاتر بەکۆلۆنیالیزم و ڕژێمی عیراقەوە دەبەسترایەوە .

بەم جۆرە دوای ڕزگاربوونی عیراق لەکۆلۆنیالیزمی بەریتانیا ، کۆمەڵگای کوردستان هێشتا کۆمەڵگایەکی فیۆداڵی بوو . **" یاسا و پەیوەندییەکانی خێڵەتی و دەرەبەگایەتی تیادا زاڵ بوو کە ستریۆتیپی چەسپاوی خۆیان هەبوو و ڕەگەکانیان لەناو کوردەواریدا قووڵ داکوترابوون و لەجۆری بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و ژیان‌و ترادیسیا و هەروەها لەرێبازی خەباتی نەتەوەییشدا ڕەنگی خۆیان دابووەوە "(٢)** .

لەم بارودۆخە ئاڵۆزە ئابوری و کۆمەڵایەتی‌و کولتوورییەدا بوو کە تەنگوچەڵەمەی فیکریی بزوتنەوەی کورد ،وەك بەشێکی تەنگوچەڵەمەی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی نێو بزوتنەوەکە و سەرکردایەتییەکەی بەزەقی دەرکەوت . هەروا وەك هەر دیاردەیەکی فیکری کاری خۆی کردەوە سەر دەوروبەرە بابەتییەکەی و تەنگوچەڵەمەکانی تری بزوتنەوەکەی ئاڵۆزترکرد.

چونکە هەر دیاردەیەکی فیکری تەنیا بەرهەم ، یان ڕەنگدانەوەی دەوروبەر نییە ، بەڵکو هۆکارێکی کاریگەریشە بۆ کارکردنە سەر دەوروبەر . بۆیە بەڕای من ناکرێ و بگرە هەڵەیە کە چارەسەرکردنی ئەم تەنگوچەڵەمە فیکرییە ، بە گۆڕینی بارودۆخی بابەتی کوردستانەوە ، یان بەجۆرێکی ئۆتۆماتیکییانە بەچارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەکانی تری بزوتنەوەکەوە گرێ بدرێ . چونکە ئەم جۆرە بۆچوونانە لەقاڵبدانی فیکرە ، یان نکوڵیکردنە لەو ڕۆڵە کاریگەرەی کە فیکر ، بەهۆی سەربەخۆییە نیسبییەکەی ، لەگۆڕینی دەوروبەردا دەیگێڕێ .

**(٢)**

تەنگوچەڵەمەی فیکری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لەو ناکۆکییەدایە کە لەنێوان ناوەڕۆك و ئامانجی بزوتنەوەکە و ، لەنێوان بەرنامە و ئامانجی لایەنە خۆییەکەیدا هەیە . بەواتایەکی دی ئەو ئامانجەی هێزەکانی نێو بزوتنەوەکە خەباتی بۆ دەکەن لەگەڵ ناوەڕۆك و سروشتی بزوتنەوەکەدا ناتەبا و ناکۆکن و ، بگرە کۆسپێکی خۆیی ڕاستەقینەن لەبەردەم گەشەکردنی بابەتییانەدا . چونکە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ، وەك هەر بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی ، بەو ئامانجە مێژووییە دەرکەوتووە تا ناکۆکی نێوان کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و دەسەلاتی چەوسێنەری بێگانە چارەسەر بکات . واتا بەهانەی مێژوویی سەرهەڵدان و مانەوەی بزوتنەوەکە لەو سروشت و ناوەڕۆکە ڕزگاریخوازییەیدایە کە نەتەوەی کورد بەمافی بڕیاردانی چارەنووس و نیشتمانە داگیرکراو و (الحاق)کراوەکەی بەسەربەخۆیی بگەیەنێ .

بەلام کاتێك بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی لەم ڕێباز و ئامانجە مێژووییەی خۆی وەردەچەرخێندرێ و ڕووەو ئامانجێکی لاوەکی چەواشەدەکرێ ، ئەوا ئەم بزوتنەوەیە سروشت و ناوەڕۆکە ڕزگاریخوازییەکەی لێدادەماڵرێ ، یان دەشێوێندرێ ، یان بەسروشت و ئامانجە مێژووییەکەی خۆی و خواستی کۆمەلانی خەڵکەکەی نامۆدەکرێ . دەشێ ئەم پرۆسەیە لەبەر هەر هۆکارێکی نێوخۆیی یان دەرەکی بێ بەسەرەتای تەنگوچەڵەمەی فیکری ، دواتریش سیاسی بزوتنەوەکە دابندرێ .

ئاشکرایە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا نێوەڕاستی ئەم سەدەیە بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان خەباتی دەکرد . تا ئەو کاتە هەموو خەبات و ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی نەتەوەی کورد بۆ خۆ ڕزگارکردن و سەربەخۆیی کوردستان بوو . بەلام دوای زنجیرەیەك تێشکان و نسکۆ و ، دوای لەدەستدانی چەندان هەل و دەرفەتی مێژوویی ، کە ڕوداوەکانی هەردوو جەنگی جیهانی ڕەخساندیانن ، هەروا لەسایەی بارودۆخێکی نێوخۆی پڕ لەتێشکانی ڕۆحی و ، دەرەکی پڕ لە کێشەی زلهێزەکاندا ، مەسەلەی ڕزگاربوونی کوردستان ، وەك بەرنامە و ئامانجی هێزەکانی نێو بزوتنەوەکە ، جێگای بۆ ئۆتۆنۆمی چۆڵکرد . بەمەیش هەموو وزە و خەباتی نەتەوەی کورد ئاڕاستەی ئەم ڕێبازە چەوتە ، یان سەرابی ئۆتۆنۆمی کرا . لێرەوە لام وایە قۆناخێکی چۆنایەتی سەرجەم نوێ لەتەنگوچەڵەمەی فیکریی - سیاسی بزوتنەوەی گەلی کوردستان دەستپێدەکات کە تا ئیمڕۆ بەردەوامە .

چونکە لەو کاتەوە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ( کە ئەو کاتە مەڵبەندەکەی کوردستانی عیراق بوو ) کەسایەتی و سەربەخۆیی خۆی لەدەست دا و ، سروشت و ناوەڕۆك و ئامانجە ڕزگاریخوازییەکەی لێداماڵرا و کرایە بەشێك لە بزوتنەوەی دیموکراسی بۆرژوازی عیراق و دواتریش ئێران ، کە لەبنەڕەتدا ئامانجیان گۆڕینی ڕژێمی سیاسی ئەم وڵاتانە ، یان چەسپاندنی دیموکراسی بۆرژوازییە نەك ڕزگارکردنی مرۆڤ و خاکەکەی لەدەسەلاتی چەوسێنەری بێگانە

ئەگەر ئۆتۆنۆمی وەك دروشم و ئامانجی بزوتنەوەی کورد بەرهەمی ، یان ئەنجامی فیکری لاوازی و تێشکان و تەنگوچەڵەمەی هێزەکانی نێو بزوتنەوەکە و سەرکردایەتییەکەی بێ ، ئەوا پێداگرتن و بەردەوامبوون لەسەر ئەم دروشم و ئامانجە ، هۆکاری فیکری ئاڵۆزبوون و قوڵبوونەوەی تەنگوچەڵەمەکە و تێشکانە نوێیەکانیەتی . بەم مانایە دروشم و ئامانجی ئۆتۆنۆمی لەیەك کاتدا ئەنجام و هۆکارە . واتا ئەنجامی تەنگوچەڵەمە و تێشکانی بزوتنەوەکەیە ، لەهەمان کاتدا هۆکاری قوڵبوونەوەی تەنگوچەڵەمەکانی بزوتنەوەکە و تێشکانەکانییەتی .

لەم بۆچوونەوە ، لام وایە ، دەشێ هەر دوو هەرەسەکەی ساڵی ١٩٧٥ و ١٩٨٨ ، کە لەبنەڕەتدا تێشکانی فیکری بوون و لەشێوەی هەرەسی سیاسی و عەسکەریدا دەرکەوتن ، وەك ئەنجامێکی حەتمی ئەم تەنگوچەڵەمە فیکرییە سەیر بکرێن .

دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ یەکەم جار لەنێوەڕاستی چلەکان

بەدواوە لە دەرەوەی بزوتنەوەی کورد راهات . هێزە مارکسیەکانی عیراق و ئێران ، کە تائێستاش کوردستان بە بەشێکی ئەبەدی ولاتەکەی خۆیان دەزانن ، گەورەترین رۆلیان لەسەپاندنی ئەم دروشمەدا هەبوو . ئەوان تا ئێمرۆیش هەر خواست و ئاواتێکی کورد بۆ رزگاربوون لە ژێردەستەیی بە گومانلێکراو و کۆنەپەرستی و پلانی ئیمپریالیزم دەزانن . بەلام لەگەل ئەمەیشدا ئەگەر زەمینەی بابەتی نێو کۆمەلگای کوردستان لەبار نەبوایە ، ئەوا نەدەتواندرا هێندە بەئاسانی ئەم دروشمەئامانجە بەسەر نەتەوەی کورد و بزوتنەوە رزگاریخوازیەکەیدا بسەپێندرێ .

ئاشکرایە دوای شۆرشی تەمووزی ١٩٥٨ گەلی عەرەبی عیراق بەتەواوی لەکۆلۆنیالیزمی بەریتانیا دەرباز بوو ، بەلام گەلی کوردستانی خوارو و هەر بەژێردەستەیی مایەوە و ، تەنیا جۆری کۆت و پێوەندەکەی ، یان جۆری دەسەلاتە بێگانە چەوسێنەرەکەی گۆردرا . چونکە دەسەلاتی بۆرژوازی عەرەب بەجۆرێکی ئۆتۆماتیکیانە جێگای دەسەلاتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیای گرتەوە ، بگرە بە جۆرێکی دڕندانەتر درێژەی بە(الحاق)و داگیرکردنی کوردستان دا . **کوردستانی بەعیراقەوە لکێندراو میراتێکی دزراو و ناشەرعی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیایە کە بۆ بۆرژوازی عەرەبی عیراق ماوەتەوە** . ئەوانەی نکۆلی لەم راستییە مێژووییە دەکەن ، بەمارکسییەکانی عیراقیشەوە ، ئەوا بیانەوێ و نەیانەوێ ، لەرووی یاسایی و سیاسی و ئەخلاقییەوە پاکانە بۆ بۆرژوازی عیراق و رەفتارە رەگەزپەرستەکانی بەرامبەر بەکورد دەکەن .

لەبەرچاونەگرتنی ئەو راستییە بابەتییەی کە کۆمەلگای کوردستان ، دوای تەمووزی ١٩٥٨ هەر بە کۆمەلگایەکی رزگاریخوازی نیشتمانی مایەوە و، سەربەخۆیی سیاسی عیراق تەنیا سەربەخۆیی سیاسی هەرێمە عەرەبییەکەی عیراق بوو نەك کوردستان ، لەبەرچاونەگرتنی ئەم راستییە تەنگوچەلەمەی فیکریی بزوتنەوەی کوردی لەتەنگوچەلەمەیەکی تیئۆری ـ فیکرییەوە گۆری بە تەنگوچەلەمەیەکی پراکتیکی ـ سیاسی . لە ئەنجامدا سەرجەمی بزوتنەوەی کورد ، کە بەدرێژایی چواردە سال ، لە راپەرین یان (شۆرش) ی ئەیلولدا بەرجەستە بوو ، لە ئەلقەیەکی داخراو دا دەسورایەوە . چونکە بزوتنەوەیەك بوو لەپێناوی هەندێ داخوازی ریفۆرمیستانە(اصلاحی) نەك بۆ رزگارکردنی خاك و مرۆڤ . **ئەمەش یەکەمجار بوو لە مێژووی نوێدا کە کورد بۆ ( ئۆتۆنۆمی ) ، نەك بۆ رزگاری کوردستان شۆرش بکات !!** ئەم رێبازەش چەوتترین و دزێوترین شوێنەواری ( شۆرشی ) ئەیلولە کە بەسەر بزوتنەوەی نەتەوەکەمان لەکوردستانی عیراق و کوردستانی ئێراندا سەپێندرا . بۆیە بەرای من ئەگەر راپەرینی ئەیلول و راپەرینەکەی ئەم دواییەی کوردستانی عیراق ، بەم ئەنجامە تراژیدیەش نەگەیشتبان ئەوا مەحالبوو بتوانن دەستکەوتێکی چۆنایەتی نوێ بۆ گەلی کورد بێننەدی . (شۆرش) بۆ ئۆتۆنۆمی جگە لەبەفیرۆدانی باشترین وزەی فیکری و فیزیکی نەتەوەکەمان و بەوێرانکردنی ولاتەکەمان شتێکی باشتر لەوەی هەیە ناهێنێتەئەنجام . چونکە بزوتنەوەی رزگاریخواز و ئامانجی ئۆتۆنۆمی وەك ئەوە وایە هەول بدرێ لە هایدرۆجینێك و دوو ئۆکسجین ، خورما ، یان سەمەنی ، نەك ئاو دروست بکرێ .

ئەم رێبازەی بەسەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا سەپێندرا ، کۆتایی بەو قۆناخە مێژووییە دوورودرێژە و بەو خەباتە رزگاریخوازییە هێنا کە نەتەوەی کورد لە کوردستانی خواروودا لەسەردەمی بابانەکانەوە تا شۆرشەکەی شێخ مەحموودی نەمر و دواتریش بۆ رزگاربوون و سەربەخۆیی کوردستان دەستی پێکردبوو . لەجێگەیدا خەبات و (شۆرش) بۆ ئۆتۆنۆمی بوو بەپیشەی نەتەوەی کورد و بزوتنەوەکەی . هەر لەم رێگەیەشەوە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان کە بەئامانجی رزگارکردنی خاك و مرۆڤەکانیلەدەسەلاتی چەوسێنەری بێگانە لەدایك بووە ، بە تەواوی و تائێمرۆ کرایە بزوتنەوەیەکی ریفۆرمیستی و بەشێکی کەم نرخی بزوتنەوەی دیموکراسی عیراق کەهەمیشە لەپێناوی ئەمدا قوربانی پێدەدرێ ، هەروا سەرجەمی ئاواتی گەلی کورد لەچوارچێوەی ئۆتۆنۆمی و دواتریش لە چوارچێوەی جۆری ئۆتۆنۆمیەکەدا ( ئەمرۆ راستەقینە و سبەینێ راستەقینەتر !! ) تەنگەبەرکرا . لەکاتێکدا مافی ئۆتۆنۆمی و نەتەوەیەکی خاوەن خاك و نیشتمان ، ئامانجی ئۆتۆنۆمی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی هێندەی زەوی و ئاسمان لەیەکترەوە دوورن . هەر بۆیە لەدنیادا بزوتنەوەیەکی تری رزگاریخوازی نیشتمانی نادۆزینەوە خەبات و (شۆرش) بۆ ئۆتۆنۆمی بکات . بگرە نەتەوەیەکی تری ژێردەستە و خاوەن نیشتمان نادۆزینەوە( مەگەر لەئێران ! ) کە ئۆتۆنۆمی بە تەوهین و سوکایەتی نەتەوەیی نەزانی !! . ئەوە هەر ئێمەین لەبەر باوەر بەخۆ نەبوونمان و لەترسی شۆڤێنیزمی هێزە چەپەکانی

عیراق و ئێران دەستبەرداری ئامانجی سەربەخۆیی نیشتمانەکەمان بووین و شوێن سەرابی ئۆتۆنۆمییەك کەوتین کە ناوێرین لای (دۆستەکانیشمان !) سنوورەجوگرافییەکەی دیاری بکەین .

## (٣)

ئەگەر تەنگوچەڵەمەی فیکریی بزوتنەوەی کورد لەناکۆکی نێوان سروشت و ناوەڕۆکی ڕزگاریخوازنەی بزوتنەوەکە و لەنێوان بەرنامە و ئامانجەکانی لایەنە خۆییەکەیدا کۆبوبێتەوە ، ئەوا هەوڵێن هەنگاوێکی فیکری بۆ دەرباز بوون لەم تەنگوچەڵەمەیە دەبێ بەچارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییە نێوخۆییەی بزوتنەوەکە دەست پێبکات . واتا دەبێ ئامانج و ڕێبازی ئیمڕۆی لایەنە خۆییەکەی بزوتنەوەکە بەناوەڕۆك و سروشت و ئامانجی مێژوویی ڕزگاریخوازانەی بزوتنەوەکە ئاشنا (یان ئاشت) بکرێنەوە و، خەبات و ئامانجی ئیمڕۆی نەتەوەکەمان وهێزەکانی نێو بزوتنەوەکەی ، لەهەر بەشێکی کوردستاندا ، بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس بێ نەك بۆ ئۆتۆنۆمی .

لەپرۆسەی چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییە تەنگوچەڵەمەیەدا دەشێ گۆڕانێکی چۆنایەتی بەسەر بزوتنەوەکە و مەسەلەی گەلی کوردستاندا بێ و هێزی نوێی کۆمەڵایەتی سیاسی ڕۆڵی سەرەکی لەم خەباتە ڕزگاریخوازییەدا ببینن ، کە لەئەنجامدا :

١) بەرنامە و ئامانجی بزوتنەوەی گەلی کوردستان جارێکی تر دەبێتەوە بە بەرنامە و ئامانجێکی ڕزگاریخوازانەی نیشتمانی ، کە لەناوەڕۆکدا گەیاندنی نەتەوەی کوردە بەمافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆی . بەمەیش ئەو ئەفسانە پوچەڵ و خەڵك هەڵخەڵەتێنەرە دوایی دێت کە گوایە بزوتنەوەی کورد بەشێکە لەبزوتنەوەی دیموکراسی عیراق و ئێران و تورکیا و سوریا . بەپشتبەستن بەم بنەما فیکرییە دەشێ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لەهەر بەشێکی کوردستاندا بەرنامەیەکی ڕزگاریخوازانەی نوێ دابڕێژێ کە مەسەلەی ڕزگارکردنی مرۆڤی کورد و نیشتمانەکەی بکاتە ئامانجی سەرەکی خۆی . هەروا بەرژەوەندی ڕزگاری نیشتمانی لەسەرووی بەرژەوەندی هەموو چین و لایەن و حزب و دەوڵەت و زلهێز و لایەنی ترەوە بگرێ .

٢) مەسەلەی گەلی کوردستان لە هەر بەشێکدا ، لەوە زیاتر بە مەسەلەیەکی نێوخۆیی ئەو وڵاتانە نامێنێتەوە کە کوردستانیان پێوە لکێندراوە . بەڵکو دەبێتەوە بە مەسەلەی وڵاتێك کە داگیر و (الحاق) کراوە . مەسەلەی نەتەوەیەك کە کۆیلەکراوە و دوچاری لەناوبردنی بەکۆمەڵ هاتووە . نەتەوەیەك کە نیشتمان و زمان و کولتوور وداب و نەریت و مێژووی تایبەتی خۆی هەیە و ، بەپێی هەر یاسا و لۆژیك و دەستوورێکی ئینسانی و جیهانی مافی ئەوەی هەیە خۆی چارەنووسی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆی دیاری بکات . **مەسەلەی کورد هەر لەپەیماننامەی (سیڤەر) را بەجۆرێکی یاسایی بوو بە مەسەلەیەکی نێودەوڵەتان . بەڵام ئامانج و داخوازی ئۆتۆنۆمی ، کەخۆمان چۆکمان بۆ داداوە ، مەسەلەی ئێمەی ، لەمەسەلەی نەتەوەو وڵاتێکەوە کردە مەسەلەیەکی نێوخۆیی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان .** ئەمەیش چەکێکی یاسایی ! بەو دەوڵەتانە داوە تاوەك مەسەلەیەکی نێوخۆیی وڵاتەکانیان ڕەفتار لەگەڵ نەتەوەی کورد بکەن و لەناوی بەرن .

٣) مافی بڕیاردانی چارەنووس و سەربەخۆیی نیشتمانی ئامانجێکی ڕوون و ئاشکرایە ، بۆیە بە پێچەوانەی ئۆتۆنۆمی دەرفەتی سازشکاری نارەوا نادات و، سنوورێکی بەهێز بۆ ئەو سەودا و مامەڵە هەرزان بەهایە دادەنێ کە ئاتێستا بەمەسەلەی نەتەوەکەمانەوە دەکرێ .

لەبارودۆخی ئیمڕۆی جیهاندا کە سنوورە (پیرۆزەکان) و دیوارە ئایدیۆلۆژییەکان لەبەر پێی نەتەوە دابەشکراوەکاندا هەرەس دێنن ، مەسەلەی مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان ، وەك مەسەلەی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ ، بۆتە ڕاستییەکی جیهانی و، بگرە وەختە ببێتە پێوەرێك بۆ دیاریکردنی ئاستی شارستانی و پلەی دیموکراسی دەوڵەتان . ئالەم کاتەدا دەرفەتێکی جیهانی لەبار ڕەخساوە تا مەسەلەی نەتەوەکەمان وەك مەسەلەی وڵات و نەتەوەیەکی ژێردەستە و دابەشکراو .. وەك مەسەلەی (٣٠) ملیون مرۆڤ کەدەبێ خۆیان چارەنووسی شەخسی و نەتەوەیی خۆیان بڕیاربدەن، بخرێتە بەردەم ڕای گشتی جیهان و سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان و، هەموو هێز و لایەن و کەسە نیشتمانپەروەرەکان ، بەیەك دەنگ و یەك ئیرادەوە **داوا بکەن تا ڕاگیری گشتی (ریفراندۆم) لە کوردستاندا و، لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا سازبکرێ ، تا نەتەوەی کورد چارەنووسی خۆی بەمانەوە لەگەڵ ئەم وڵاتانە ، یان بەجیابوونەوە بڕیار بدات .**

بەکورتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان هەر لە سەرەتارا بە ئامانجی ڕزگارکردنی خاك و مرۆڤە

زێردەستەکانی کوردستان دەرکەوتووە . ئەو کاتەیش دەتوانێ بوون و ئەرکی مێژوویی خۆی بسەلمێنێ و سەرکەوتن وەدەست بێنێ کە بۆ هەمان ئامانجی مێژوویی خۆی درێژە بە خەبات بدات . وەرچەرخاندنی بزوتنەوەکە لەم ئامانجە مێژووییەی خۆی ناوەڕۆك و فیکر و ئایدیۆلۆژیاکەی شێواندووە . لەئەنجامدا خەبات و قوربانی‌دانی ئەم دەیان ساڵەی نەتەوەکەمان بەفیڕۆدراوە. لەوەش زیاتر مەسەلەی نەتەوە و نیشتمانەکەمان کراوەتە مەسەلەیەکی نێوخۆیی هەرکام لەدەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان . ئەمەیش تراژیدیایەکی نیشتمانییە و دەبێ لێی دەرباز بین . دەشێ چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەی فیکریی بزوتنەوەی کورد هەوڵێن هەنگاوێك بێ بەم ڕێگایە سەختەدا .

لەپرۆسەی ئەم گۆڕانکارییە فیکرییەدا ، دەشێ بزوتنەوەکە لەهەر بەشێکی کوردستاندا ، بەرنامەیەکی ڕزگاریخوازانەی ئەوتۆ دابڕێژێ کە فراوانترین خەڵکەکانی کوردستان ،لەسەر بنچینەی دیموکراسییەکی نوێی دوور لە کلێشە و قالبە حیزبیە باوەکان کەئیرادەی ئینسانی مرۆڤ زەوت دەکەن ، لەدەورەوەی ئەم بەرنامەیە کۆببنەوە . چونکە مەسەلەی ئازادکردنی خاك و مرۆڤ لەژێردەستەیی و کۆیلایەتی هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە بەرژەوەندی و ئایندەیان ، مان و نەمانیان بەسەربەخۆیی و ڕزگاربوونەوە بەستراوە. مەگەر دەسەڵاتی شۆڤێنیست و ڕەگەزپەرستی بێگانە ، لەهەر بەشێکی کوردستاندا ، مەترسی تواندنەوەو لەناوبردنی فیزیکی و ڕۆحی بۆ سەر هەموو لایەك و بۆ سەر تەواوی بوونی نەتەوەییمان نییە ؟!

دواجار ئەگەر وەرچەرخاندن و چەواشەکردنی بزوتنەوەی کورد ڕووەو ئۆتۆنۆمی تا ئێستا هەڵەیەکی مێژوویی و تەوهینێك بێ بە نەتەوەی کورد کرابێ ، ئەوا لەمەودوا هەڵەیەکە لەئاستی تاواندایە .

دیسامبری ١٩٩٠

# پەراوێزەکان

١- بۆ نموونە بەپێی ئەو زانیارییانەی مامۆستا محەمەد ئەمین زەکی لە نامیلکەی (محاسبەی نیابەت ) دا دەیخاتە ڕوو ، لەساڵی ١٩٢٥ تا ساڵی ١٩٢٨ ، هەمووی بەسەر یەکەوە تەنیا ٣٦ هەزار ڕوپیە بۆ کردنەوەی قوتابخانە لەسلێمانی و ناوچەکانیدا خەرج کراوە . کەچی بەرامبەر بەم پارە کەمە ٨٤٥ هەزار ڕوپیە بۆ دروستکردنی قشلە و پۆلیسخانەکانی سلێمانی و ناوچەکانی خەرج‌کراوە .( بڕوانە د . کەمال مەزهەر ئەحمەد ، مێژوو ، بەغدا ١٩٨٣ ،ل ١٥٥ ).

٢- د . ڕەشاد میران : مێژوو چیە و مێژووکرد چۆن دەبێ . یەکگرتن ، ژمارە(١١) ، بەهاری ١٩٩٠ ، ل ١٦ - ١٧ ) .

# تێبینی

ئەم باسە زیاتر پەیوەندی بە کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵاتەوە هەیە . چونکە لە کوردستانی باکووردا ، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ، ئامانجی مافی بڕیاردانی چارەنووس و سەربەخۆیی کوردستانی هەڵبژاردووە.

* * *

کەمال میراودەلی

# بیرێکی ڕاگوزاری لەمەڕ فەلسەفە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا

ئایا ڕۆژگاری فەلسەفەش ، وەك ڕۆژگاری شیعر، لە جیهانی ئەمڕۆدا بەسەرچووە ؟!

ئایا ، بیر دەکارێ باوەش بەڕووداوەکان و گۆڕانەکاندا بکا و لەناو گۆشەیەکی لێکدانەوەدا دەست بەسەریا بکا ؟

ئایا تەوژمی خێرای گۆڕانەکان ، بەتێڕامانی ورد و هێمنی زەینە زیندووەکان ، ڕام دەکرێ ؟!

باشە ، ئەوە فەلسەفە ئەمانەشی بێ کرا ، هەموو شتێکی لێکدایەوە ، جیهان‌بینییەکی نوێ هاتەکایەوە ، ئەم جیهان ـ بینییە خۆی تا چەند بردەکا ؟! چ کەڵك و دەورێکی هەیە ؟ هیچ دەگۆڕێ ؟ یان هەر هیچ دەخاتە سەر هیچ ؟!

• • •

ئەوەتا ـ هەر لەڕیزکردنی ئەم چەند وشەیەدا ، پرسیارەکان بەرەو جۆرە ( فەلسەفەیەکی ) ناهیلیستی " عەدەمی " مان دەبەن ؟! بەرەو ئەوەمان دەبەن بڵێین : فەلسەفە و مەلسەفەی چی ؟!

ئەگەر ئەرکی فەلسەفە لێکدانەوەی دنیا بێ ، ئەوا لێکدانەوەی دوای ڕووداو ، دوای کارەسات ، چی بەچی دەکا ؟!

ئەگەر ئەرکی فەلسەفە گۆڕینی دنیا بێ ، یان یارمەتیدانی مرۆڤ بێ ، لەگۆڕینی دنیادا ؛ ئەوە ( هوشیاری ) لەسەردەمی شۆڕشی بەردەوامی‌تەکنۆلۆژیا و لێشاوی زانین و مەعلوماتدا ، چ کەڵێنێکی بۆ ماوەتەوە ؟ چۆن خۆی دەردەخا ، چۆن خۆی دەناسێنێ ؟ کام هوشیاری ؟ بۆ کام مەبەست ؟! هتد .

• • •

بەکورتی ، هەر کردنی پرسیارەکە ، دەوری فەلسەفە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا چییە ؟! ناساز و نائاسایی‌دەردەکەوێ.

فەلسەفە : هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی تێگە و تیئۆری لێکدانەوە . . . بۆ دەرخستنی سەرەتاگە و پرینسیپەکان لەبن و لەودیوی ڕووداو و ڕواڵەتەکانەوە .

ئەمانەش پێویستیان بە کات ، بەدرێژخایەنی ، بە بەردەوامی سەرنج و بەردەست کردنی زانیارییەکان و فاکتەکان هەیە . بەڵام دەستمان بەلێشاوە فاکت و زانستێکدا ڕاناگا ، کە لافاوێکی دیکەی بەدووادا دێ .

بەڕواڵەت وا دەردەکەوێ کە سبەینێ ئەمڕۆ دەسڕێتەوە. ئەمڕۆ هەمیشە دوێنێی سبەینییەکی بەگوڕتر و بەتین‌تر و بەتاوترە . لەلایەکی دیکەشەوە ، لەهێزی گۆڕانەکاندا ، لە تەوژمی ڕووداوەکاندا ، لەهۆکاری وەرچەرخاندنەکاندا: حەقیقەتەکە ئاشکرایە :

هێز : باوکی گۆڕانە .
هێز : دایکی حەقیقەتە .
هێز : پێناسەی ڕاستی و ناڕاستی، هەق و ناهەق، مرۆڤانە و نامرۆڤانە. . . (هتد ) یە .
هێزی تەکنۆلۆژیا ـ تەکنۆلۆژیای چەك و تەکنۆلۆژیای

هەواڵنامەی کتێب

ئابووری . زەبری کوشتن و بڕین و وێرانکـــردن .
دەسەڵاتی تێرکردن و گیرفان پڕکردن .

جا گەر ئەم حەقیقەتە وا ئاشکرا بێ ، لێرە و لەوێ ، بەچەندەها شێوەی زەق و ڕەق ، خۆی بنوێنێ ، ئیدی پێویستیمان بەفەلسەفە چییە ، تا تارمایی گرمان بـــۆ بگرێ ؟ تا مانگی چواردەمان بۆ ڕاوکا ؟ تا چرا لـــە مەیدانێکی هەتاویدا هەڵکا ؟!

* * *

کەوایە : دوو هۆمان ناوبردن کە وا دەکەن فەلسەفە بەتێشکاوی ، بکشێتەوە : ڕووداوەکان لە هەنگـــاوە خاوەکانی ئەو خێراترن ، حەقیقەتەکان لە بۆچوونـــە ئالۆزەکانی ئەو ئاشکراترن .

* * *

بەڵام ئەو حەقیقەتانە بۆ کێ ئاشکران ؟

ئەم تێگەیشتنەی جیهانی ئەمڕۆ ، تا چ ڕادەیـــەك سەرانسەری و دنیاگیرە ؟

منداڵێك ، لاوێك ، تازە ڕووناکبیرێك ، بیرکارێك ، نووسەرێك ، سەربازێك ، جووتیارێك ، کرێکارێك ، چۆن سەرنجی دنیا دەدەن ؟ چۆنی تێدەگـــەن ؟ چ وەلامێکیان ، کاردانەوەیەکیان ، بۆ ڕووداوەکان پێیە ؟!- دەشێ وەکو یەك لەحاڵ و مەحاڵ حاڵی بن ؟ یـــان دەشێ فەیلەسوفان پێیان بڵێن : ئەوە ئاوایە و هیچــی تر .... دەشێ ئامۆژگارییان بکەن : خۆت لەگـــەڵ هێزدا ڕێك دە و هیچی تر ... هێز خوایە و بـــۆ هیچ خوایەکی دی خۆت هەڵمەخەڵەتێنە ؟!

یان ، خۆیان ، بیانەوێ و نەیانەوێ ، سەریان لـــە بەردی ئەلحەدی ئەم حەقیقەتە دەدەن ؟! تێی بگەن یا تێی نەگەن ، پێی دەگەن .

ئەنجامەکە یەکە .

ڕێبازەکان جیان ..

ئەمە دنیای ئێمەیە . ئەمە هەنگاوی ئێمەیە لەســـەر مەرزی سەدەی بیست و یەکەمدا .

حاڵیبوون دادت نادا .

هوشیاری هێزت ناداتێ .

یەك بوون ( وەك پەندی کلاسیکی یەك دارە تەنیاکە و حەوت دارەکە بەیەکەوە : ئامۆژگاری باوکە داناکە بـــۆ حەوت کوڕەکەی ) لەشکان بەدەرت ناکا .

کۆمەڵ هێزی زێدەت ناداتێ ..

خەڵکی زیاتر: دەمی زیاتر بۆ تێربوون ، ئامانجی پتر بۆ قڕبوون ..

* * *

ئەوەتا جارێکی دی جلەوشلکردنمان بۆ پرسیفەلسەفە ، بەرەو " فەلسەفە " ڕەشبینییەکەی ڕاکێشاینەوە :

هێـز : خوایە .. زانگەی * زانینە .. ماکـــی مێژووە .. ڕاوگەی ڕاستییە ..

هێـز : خۆی لە تەکنۆلۆژیادا دەردەبڕێ : تەکنۆلۆژیـا باوکی هێزە ... لەوە بترازێ ڕاز نییە .. لەوە بەدەر دەروازە نییە .

لێرەوە دنیا دابەش دەبێ ، یەك دەبێ بەدوو ، لە دوو بەولاوە نییە : هەدار و نەدار ...هێزدار و بێهێز .. هێزیش یەکە و نابێ بەدوو .. بێهێـــز نابێ بەهێز ... تەکنۆلۆژیکڕ ، نابێ بەتەکنۆلۆژی کۆز . نۆکەر نابێ بەئاغا ..

دوو : دژەکار (نقیض) نییە...دوو هەلومەرجیبوونی یەکـە ..!

* * *

لە تەکنۆلۆژیادا : عەقڵ ، زانست ، یاسا ، ڕەوشت ، دڕندەگەری ... کۆدەبنەوە .

لە دەرەوەی تەکنۆلۆژیادا : عەقڵ ، زانست ، یاسا ، ڕەوشت ، دڕندەگەری .. لەدنیایەکدا دەژین پـــێی دەوترێ دواکەوتن ...

دواکەوتن : کەلتووری خۆی هەیە ، یاسای خـــۆی هەیە ، عەقڵی خۆی هەیە ، ئایدیۆلۆژیەتی خۆی هەیە.. دڕندەگەرێتی تایبەتی خۆی هەیە . لەوێدا ، هێـشتا خوا لەئاسمان نەهاتۆتە خوار ... هێشتا مرۆڤ : بە هێزی ناوەوەی دەجووڵێتەوە و گەر لێی قەوما قـــەدەر بەفریای دێ ، گەر نەیتوانی دین دڵی دەداتەوە، گەر نووچی هێنا ، نووڕانی ناوچەوانی ماچ دەکا ، گـــەر مەرگی نۆشی شەهادەت شانازی دەداتێ .

لەم دنیایەدا ، هاووڵاتیان ، هیچیان (یەك)نین ، هەموو یەکتری تەواو دەکەن ، بەڵام هەموو عەودالـــی (یەك)ێکن :

یەکێك ، کە (یەکێتی) هەموویان بێ .

یەکێك ، کە (یەك بوونی) هەموویان بێ .

---

* واتە شوێنی زان .. لەدایك بوون .

یەکێك ، کە بیری خوا بخەملێنێ : یاداشی ببەخشێ ، سزا بسازێنێ .

" تاك " ێك کە تاکێتی یەك بەیەکیان دەشێوێنێ ،

" تاك " ێك کە تاقانەیە ، نموونەیە ، نیشانەیـــە ، ڕەمزە ، ڕوانگەیە ، ڕێبەرە ، قارەمانە ، مێژووە دروستکەرە .

لەو تاکەدا ، تاکەکان دەتوێنەوە ، هەوێتی و تاکێتی ون دەکەن ، دەبنە بەردەست ، پاشکۆ ، یەك ـ کۆ ، لە " ئەو "دا ، لە تاکی هەمووادا ، لەخۆیان دەگەڕێن ،

. . . ترس و تەما دەیان جوولێنێ . . . لەگەڵ " گەلە " کەوتن ، دەیان ( مەڕ )ێنی * . "بیروباوەڕ" ، "شانازی" ، " شەرم " ، "شەهادەت " دەیان مەێنێ ، یان دەیـــان جۆشێنێ .

گەلە : بێ شوان گومڕایە ، بێ " ڕەهبەر "نابینایە؛ بێ سەرکردە سەرلێشێواوە : تاك ، تاکی ڕەهبەر ، تاکی خوا ـ نوێنەر ، خاوەن هێزە . هێزەکەی ئەوانـــن . . ئەوان کەرەسەی خاون . بەرخی نێرن بۆ سەربڕیـــــن . مانگای مێن بۆ دۆشین .

" ئەو " ـ ئەوێتـی هەموو ئەوانە .

ئەوان : هێزێك نین دەرەوەیی کرابن . گۆشـــت و خوێنەکەن . بابەتی خاون . خۆیانن لـــە خۆیاندا . تەنیا "ئەو" دەتوانێ "ئەوان " وەك ئالەت ، چەك ، هێز ، بەکاربێنێ. . . ئەو "عەقڵە " بۆ ئەوان . . بابە . . ڕزقە .

• • •

لەدنیای تەکنۆلۆژیدا ، وێنەکە تەواو پێچەوانەیە .

ئەو : وەك سەرداری ئەوان نییە .

ئەوان : هەموو تاکن . . . تاکێتی ئەوان لەتوانـای دەرەوەییکردنی " خۆ " دێ .

هێز : هەستی ناوەوە نییە . . (بیروباوەڕ) نییە . . خوێن جۆشان و مەچەك ئاوسان نییە .

هێز : هۆشێکی دەرەوەییکراوە ، لە ئەزموونێکـــی مێژوویی درێژخایەندا ، لەتەکنۆلۆژیـــادا بەرجەستەکراوە .

تاك ، بەڕاستی بێ ، یان بەوەهمی ڕاستی ،هەست بە تاکێتی خۆی دەکات .

تاکەکان ، خۆیان ، لە ئەودا ، نادۆزنەوە ، تێیدا ناتوێنەوە ، بەڵکو تەواو لێی دابڕاون .

ئەو ، " ڕەهبەر " ، بەڕاستی یان بەوەهمی ڕاستی ، هەڵبژێردراوی ئەوانە .

ئەو ، ئەوان ، کردوویانە بە ئەو . ئەوانیش لەئەوێتی دەخەن .

هێز لە یەکگرتنی ئەو و، ئەوان ـ دا دروست نابێ. هێز تەکنۆلۆژیایە . . تەنیا بەکارهێنانی مەبەستەو پێویستە. هێز لەدەرەوەیە . مەچەکی ڕاهێنراو ، هۆشی ڕاهێنراوی دەوێ بیخاتە کار . .

خستنەکاری هێز ، کارێکی ئایدیۆلۆژی نییە. فەرمانێکی خوایی نییە. خۆشەویستی و پەرستنی " ئەو " نییە . . بەڵکو کارە و هیچی تر ـ پیشەیە و ئا . . ."وەزیفە" یە و وەك هەر وەزیفەیەکی دی ، دەبێ ئەنجام بـــــدرێ. بەکارهێنانی ئالەتە ، وەك پسپۆڕ و شارەزا و تەواو. جا با دنیا وێرانکا یان ملیۆنەها قڕانکا . . ئەم کـــارەش ، " ئەوانی " زۆر و بۆری ناوێ ، " گەلە "ی نـــاوێ ، پسپۆڕ و زانا و وەستای دەوێ . . پەنجەی سەر دوگمەی دەوێ .

• • •

نێوانی یەك و دوو : کەوابە ـ نێوانێکی مێژوویی ، جوگرافی ،عەقڵییە . عەقڵ وەك " تێگەیەکی ڕووت نا ـ بەڵکو وەك هێزی تەکنۆلۆژی . تەکنۆلۆژیش خۆی بەرجەستەی سەرجەمی گۆڕان و پێشکەوتنە مێژوویییەکەیە .

تەکنۆلۆژی : لە کۆمەڵی تەکنۆلۆژی دروست کـــەر جیاناکرێتەوە . بۆیە دەشێ وەك " سیستم " تێیبگەین . سیستمێکی فراوان : ئابووری ، سەربازی ، سیاســـی ، ئایدیۆلۆژی ، ئەخلاقی ، پەروەردەیی .

مرۆڤی ئەو سیستمە ـ بیری وەزیفە " وەك پێوەنـــدی لەگەڵ تەکنۆلۆژیاکەدا " و ئەنجامی ئەو پێوەندییە ، وەك بابەتێکی دەرەوەیی کە نوێنەری هێزەکەیە : واتە "پارە" ـ دەیجوولێنێ و بەس . واتە بەشێکی جیانەکراوەیە لـــە بزووتنەوەی تەکنۆلۆژیاکە . هەڵچوون و داچوونی ،سەرکەوتن و نووچدانی ، شادی و کەسـاسی : بەو بزووتنەوەیـــەوە بەندە .

پارە : ئاکە پێوانەیە : لەو بەدەر هەموو پێوانەکـــان زەنگێکی ئایدیۆلۆژین کە لەیەکەم ڕاوەشاندندا هەڵدەوەرن.

پارە : حوکمی ئەخلاق دەکا : نەك بەپێچەوانەوە .

پارە : حوکمی ویژدان دەکا : نەك بەپێچەوانەوە .

---

* مەڕاندن : کردن بە مەڕ .

پارە : حوکمی هەڵوێستی سیاسی ئاکەکەس دەکا ، نەك بەپێچەوانەوە .
پارەش : هێزە : خەستکراوە و تەجریدی : پرۆسە تەکنۆلۆژیەکەیە .
بۆیە هەموو پارەیەك : پارە نییە !!
مەبەستم ئەوەیە : هەموو پارەیەك دۆلار نییە !

پارەی تەکنۆلۆژی ، بە بەراوردی یا گۆڕینەوەی بە پارەی ناتەکنۆلۆژی ( هەرێمە " دواکەوتووەکە " ) ، نێوانە مێژوویی‌یەکە بە تەعبیرێکی ماددی ڕاستەوخو نیشان‌دەدا :
- دۆلارێك چەند ڕۆبلە " لە بازاری ڕەشا گەر بازاری ئازاد نەبێ " .
دۆلارێك چەند لیڤەی بەلگارییە ، چەند لیرەی تورکییە ، چەند .. چەند .. هتد .
ئەمە نێوانە تەکنۆلۆژیەکەی هێزە : بەشێوەیەکی سادەو ڕاستەوخۆ ..

* * *

باشە ، چۆن هەروا - هەرێمی دواکەوتن - بەسەر " ناتەکنۆلۆژیدا " دەسەپێنێ - ئایا ئەمە گەڕانەوە بۆ بیرە ئایدیالییە نامێژوویی‌یەکان نییە ؟! بۆ بیری هێگڵی ، بۆرۆناوەندی منال / دواکەوتوو بەرامبەر شارستانی و پێشکەوتوو ؟! ئایا ، " دواکەوتن " سیفەتێکی ئەزەلییە ، مۆرێکی زگماکی ناوچەوانە ؟
- نەء . ئایدیالی لێکدانەوەی جیهانە بە "بیر " -
هەر بیرێك - بەر لە سەرنجدان و تێگەیشتن و شیکردنەوە و ئەنجام لێ‌دەرهێنانی ڕووداوەکان ، ڕاستیەکان ، چلۆنایەتییەکان ، گۆڕانەکان .
تەکنۆلۆژی : بیرێکی ئایدیالی وەستاو نییە .هەروەها سیفەتی ئەزەلی جوگرافیایەکی دیاریکراو نییە .
بەلام ، بمانەوێ و نەمانەوێ ، " نێوانەکە " هەیە ، فراوانە ، کاریگەرە .
لە تەکانێك لە تەکانەکانی مێژوودا ، گۆڕان - گۆڕانی سنعەتی ڕادیکالی ، بەشێکی ئەم دنیایە "ڕۆژاوا" ی گرتەوە و زۆر بەشی دی بوارد .
لەو ساوە یەك پرۆسەی مێژوویی کاریگەر خۆی سەپاند - مارکس زانایانە ناوی ناوە : گۆڕینی شوێن بۆ کات !! یان هاڕینی شوێن بەکات ! .
ئەم دەربرینە تەواوی ڕێکاری مێژوو خەست دەکاتەوە .. هەموو خاسیتە ماددیەکان دەردەبڕێ . هەموو بنکە ئایدیالییەکان هەڵدەوەشێنێ ..
گۆڕینی شوێن بۆ کات .. ئەمە یانی چی ؟!
لێکدانەوەی قورس و زۆر لایەنە .. بەلام بابەنموونە ڕوونی کەینەوە ..
لە لەندەنەوە بۆ بەغدا بەپێ‌بڕۆی چەند دەخایەنێ ؟!
بابلێین ساڵێك یان ٨٧٦٠ سەعات !! بەسەیارە ،با بلێین ٢٤٠ سەعات !! بەفڕۆکە ٦ سەعات !! بەفڕۆکە سەرووی خێرایی دەنگ ، دوو سەعات ! بەساروخی کیشوەربڕ : ١٠ دەقیقە .. هتد .
کەوایە شوێن واتە ئەو مەودا ماددییە/جوگرافییەی لە نێوان ئەوروپا و کوردستاندا هەیە : بەپێی ئەو ئامرازە تەکنۆلۆژییەی بەکاری دەهێنێ ، شوێنێتی خۆی وەك داگیرکەری کات لەدەست دا و دەگۆڕێ بە کات ...
واتە :

شوێن / کات × تەکنۆلۆژیا = ڕادەی گۆڕانی شوێن بۆ کات

ئەم نموونەیەمان بۆ ئاسان‌کردنی تێگەکە هێنایەوە .
دیارە پرۆسەکە تەنیا ( مەودای بڕین ) - یا سەفەر نییە - پرۆسەی گۆڕینی شوێن بۆ کات خۆی جەوهەری پرۆسەی مێژوویی‌یە ، مێژوو خۆیەتی .
ئەم پروسەیە بەتایبەتی لە بەرهەمهێناندا بەفراوانی خۆی دەردەخا :
پارچەیەك زەوی مرۆڤێك بەپاچ و خاکەناز بیکێڵێ : ١٠ ڕۆژی دەوێ . بەگاجووت و ئاسن : ٤ ڕۆژی دەوێ بە تراکتوری ئاسایی : یەك ڕۆژی دەوێ . بەتراکتۆری پێشکەوتوو : ٢سەعاتی دەوێ . ئەمەش دیسانەوە نموونەی گۆڕینی - شوێنە بە کات .
ئەو شۆڕشە سنعەتییەی ئەوروپا کە لە شەستەکانەوە بە شێوەیەکی فراوان بۆتە شۆڕشی تەکنۆلۆژی و کە بەشێوەیەکی توندوتیژ و بەرفراوان و کاریگەر خۆی لەهاڕینی شوێن و خەست کردنەوە و دەربڕینی لەکاتدا دەردەبڕێ ، هەموو لایەنێکی ماددی و بیری ژیانی خۆراوا و دەوڵەتە تەکنۆلۆژییەکانی دی وەك یابان و دەوڵەتانی تازە پەرەسەندوو وەك کۆریا و سنگاپورە و.. هتد گرتۆتەوە .. ئەنجامەکەشی هێزێکی زاڵە کەخۆی خۆی درووست دەکاتەوە و وەکو ئاشێکی هەمیشە لەگەڕ گەرەکیەتی جیهان ،هەموو جیهان ، بکاتە کەرەسەی پرۆسەکەی : واتە شوێن بکاتە بابەتی پرۆسەکەی خۆی : گۆڕینی بەکات !!

کات : لێرەدا بەرهەمهێنانە و خۆی لە دووشێوە هێزی کاریگەردا دەردەبڕێ : پارە و زانین :

پارە : لە عوملەی کاغەز و وردەدا خۆی دەردەبڕێ :
" واتە : دۆلار ، پاوەند ، مارك ، دینار . . هتد نیشانەیەکە بۆ چۆنێتی و ڕادەی هێزدارێتی پرۆسەکە " .

زانین : لە وشە و ژمارەدا خۆی دەردەبڕێ .

بۆ ئەوەی هیچ کام لەو دەربڕینانە سنووریان بۆ دانەندرێ بەشێوەیەك کە پرۆسەکە هێواش بکەنەوە ، هەر یەکە " بازاڕی " ئازادی خۆی ـ لەولاتانی سەرمایەداریدا ـ هەیە . لەبەر ئەوەی ( پارە و وشەش ) ئەو هۆ و مەودایەن کە خواستی ماددی و ڕۆحی مرۆڤ دابین دەکا " هەرچەند بەهەندێ بۆچوون بەشێوەیەکی شێواویش بێ " ئەوا ئەو ئازادییە بە پێداویستی دەبێتە فەزای ئازادی مرۆڤ ! پرۆسەی گۆڕینی شوێن بەکات : شێوەی بەرهەمهێنانە ، شێوەی ژیان ، شێوەی ڕەفتار و بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی و مەودای ئیختیارەکانی ئیش و وەزیفە دیاری دەکا : خۆدزینەوە و دوورەپەرێزی و دژایەتی پرۆسەکە مەحاڵە . چونکە " بەدیلی " نەهێشتۆتەوە .

باشە ، لەولاتێکی سەرمایەداریدا بژی و مەبە بە بەشێك لەپرۆسەکە ؟

چ کارێك ، پیشەیەك ، وەزیفەیەك دەکەی نەتخاتە خانەی پرۆسەکەوە ؟! ئیشنەکردن و سۆشیالیش لەم یاسایە بەدەر نییە .

• • •

کات : کاتی تەکنۆلۆژیە ، هێزە . هەمیشە لەخۆ بەرهەمهێنانەوەدایە . وەستان " وەستانی کات واتە بوونەوەی بەشوێن ، بەڕاکشان ، بەخاوێتی ، بەوەستان " مانای پاشەکشێ و شکستەیی و کزی و مردنە !!

بۆیە " بازاڕاندنی " دنیا ، واتە کردنی دنیا بە بازاڕی بەرهەمە تەکنۆلۆژییەکە ، بە هەل ومەرجی خۆ بەرهەمهێنانەوەکە ، هەلومەرجی ژینبەخشانەی سەرکەوتنی پرۆسەکەیە .

لێرەدا دەوری لایەنێکی تەکنۆلۆژییەکە بەزەقی و بە توندوتیژی خۆی دەردەخا : چەك و چەك دروستکردن و چەك فرۆشتن و بەکارهێنانی چەك .

چەکی نوێ لوتکەی ئەوپەڕی گۆڕینی شوێنە بەکات : شوێن ـ لەشێوەی هەموو دنیادا ـ لەناوبردن وکۆتایی پێهێنانی " کیلانی بە بۆمبا " ( ٥٠ ) ساڵێك لەمەوبەر ، واتە بەر لەچەکی ئەتۆم ، چەندان ساڵی دەویست ، ئێستا سات یان تەنانەت سانیەی دەوێ .

ئێران و عیراق ( هەشت ساڵ ) جەنگان تا ئەنجامێکی بێ ئەنجامیان بەدەست هێنا .

ئەمریکا ( + بەریتانیا و فەرەنسا ) بە ( ١٠٠ ) سەعات زیاد لە ( ١٠٠ ) هەزاریان کوشت و هەموو ئامانجێکی خۆیان بەدیهێنا . ئەم ئەنجامە گەورەترین هێزی خۆ دروستکردنەوە و گەشەپێدانی تەکنۆلۆژیای جەنگی دروست کرد .

بازارەکان گەرمتر و داخ‌تر دەبن .
شەڕەکان ئاسانتر و کورت تر و ناخوێناوی ! ! تر دەبن !
شوێن بەخێرایی‌تر دەهاردرێ و دەبێ بەکات !
کاتی تەکنۆلۆژیا . . کاتی ڕۆژاوا . . کاتی ئەمریکی ! !
ئەمە بمانەوێ و نەمانەوێ ئێستا وایە . کێ ماوە بڵێ : من ئەو کاتە دەبڕم ! ئەوانەی هەنگوینی شەهادەتیشیان دەنۆشی ، بەزەبرێکی کەم ژەهریان نۆشی .

ئێستا دوای ئەم پێشانگایەی قەسابخانەی کوێت و ( عەنتیکەیی ) پاتریۆت و ستیلث و تۆرنادۆ و . . هتد کێ هەیە بڵێ : لەل !

• • •

پرۆسەکە دەبێ دەورەی خۆی تەواو کا ـ کاتێ شوێن نامێنێ ببێ بەکات ، ئەوسا کات چی دەکا ؟ یان ئەگەر چەك پێویستی بەدژ بێ " چەکی دژ " بۆ بازاڕی فرۆشتن و خۆ بەرهەمهێنانەوە و خۆ نوێکردنەوە : ئایا یارییەکە هەر بەو شێوە صەددامیە دووبارە دەبێتەوە ؟! ئایا . . . گۆڕینی شوێن بەکات ، لەلوتکە هەرەسیەکەیدا ـ چەکی ئەتۆمی ـ هەر یەك لایی دەبێ ؟ ئایا . . ئەو کاتە شوێن هارە ، هەر کاتی ئەمریکی دەبێ ؟!

نە ! ـ ئەمریکا نەدەشیا ئەم کارە بەرامبەر ولاتێکی ئەتۆم ـ دار بکا .

هەر کاتێ ولاتێکی دنیای " ناتەکنۆلۆژی " دەستی بە ئەتۆم ڕاگەیشت و ویستی بێتە مەیدانی بەرامبەرییەوە ، ئەوسا یاسای یارییەکە دەگۆڕێ : ئەوسا ( یەکەی ڤیتۆیی ) دروست دەبێ ، بەڵام پرۆسەکە ، گۆڕانی شوێن بەکات : هێشتا بەردەوامە و بەردەوامە .

فەلسەفەش نەك تەنها ناتوانێ دنیا بگۆڕێ ، لە لێکدانەوەشیدا دوا دەکەوێ .

سەرەتای . مارتی ١٩٩٢

# دیدارێك
# سەبارەت بەباری ڕۆشنبیریمان لە دەرەوەی وڵات

**هەڵکەوت عەبدوڵڵا** : زۆر خۆشحاڵین بەوەی لەم دیدارەدا* پێکدەگەینەوە بۆ گفتوگۆ و مشتومڕکردن لەسەر چەند مەسەلەیەکی گرنگی تایبەت بە باری ڕۆشنبیریی کورد لە ئاوارەیی . ئەگەرچی ئەم دیدارە کتوپڕ و بێ خۆ ئامادەکردن و زەمینەسازی ڕێکخرا ، بەڵام هیوادارم پێکەوە بتوانین ، ئەگەر بەکورتیش بێ ، باس لە مەبەستە تایبەتیەکانی دیدارەکەمان بکەین . لەمەڕ ئەو مەسەلەیەش پێشنیاری ئەوە دەکەم قسە لەسەر چەند لایەنێك بکرێ کە دەشێ بەم شێوەیە دەربان برم :

ئاشکرایە بۆ چەند ساڵێك دەچێ ژمارەی ڕۆشنبیرانی کورد بەگشتی و نووسەران بەتایبەتی لەدوورەوڵاتی زۆر بووە و ئەمەش ئەتمۆسفێرێکی ڕۆشنبیریی تایبەتی خوڵقاندوە کە جیاوازە لەوەی ساڵانی سەرەتای ئاوارەبوونی کورد و هاتنی ڕۆشنبیرانی کورد بۆ دەرەوەی وڵات . ئایا دەشێ لەم بوارەدا باس لەباری ڕۆشنبیریی کوردی لە ئاوارەیی و گیروگرفتەکانی بکەین و ڕۆشنایی بخەینە سەر هۆوهۆکارەکان و ئەنجام و بەرهەمەکانی ئەو گیروگرفتانەو چۆنیەتی چارەسەرکردنیان ؟ ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی ترەوە زۆربوونی ژمارەی ڕۆشنبیرانی کورد - بەتایبەتی نووسەران- لەدەرەوەی وڵات هانی گەشەکردنی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی چاپەمەنی کوردی داوە ، واتە زۆر بوونی گۆڤار و ڕۆژنامە و بەرهەمی چاپکراوی دی بەکاریگەری هەلومەرجی ڕەخساو لەم وڵاتانە و هەبوونی دەرامەت بۆ چاپکردن ، لەنێو ئەو چاپکراوانەدا هەم بەرهەمی بەپێز و چاك هەن هەم بەرهەمی بێ پێز و خراپ . ئایا دەشێ ڕۆشنایی بخەینە سەر ئەم دیاردەیە و هۆ و سەرئەنجامەکانی و چۆنیەتی پەرەپێدانی بڵاوکردنەوەی کوردی لەئاوارەیی ؟

**شێرکۆ بێکەس** : بەلای منەوە دەبێ لەوێوە دەست پێ بکەین کە گیروگرفتی ڕۆشنبیرانی کورد - واتە ئەدیب و نووسەر و توێژاڵی تر لە مەیدانی ڕۆشنبیریی کوردیدا- لەدەرەوەی وڵات بەشێکە لە گیروگرفتە هەرە گەورەکە ، ئەویش گیروگرفتی مەسەلەی کورد خۆیەتی . ئەو هەموو ڕۆشنبیر و ئەدیبانەی کە لەساڵانی دواییدا بەناچاری ڕێگەیان کەوتۆتە دەرەوەی وڵات ئێستا خۆیان لە چەندین وڵاتی پان و بەرینی ئەم دنیایە ئەبیننەوە ، کە نە دەسەڵاتێکی ماددی وایان لەبەردەستدایە بۆ کۆکردنەوەی تەواو ، نە بۆ دەربڕینی بیروڕای خۆیان ئەتوانن وا بەزوویی یەك بگرنەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆیان . پێم وایە ئەمەش بە تەنیا پارچەیەکی وڵاتی کورد ناگرێتەوە ، لەبەر ئەوەی ئێمە ئێستا باس

* لەکاتی سەردانەکەماندا بۆ سوێد ، دەرفەتمان بۆ ڕەخسا دوو دیدار لەگەڵ ڕۆشنبیرە نووسەرەکانی کوردی ئاوارەی ئەم وولاتەدا ڕێك بخەین . ئەمە دەقی دیداری یەکەمە ، بەو هیوایەی لەژمارەی داهاتوودا (ژمارە ١٤ ) دەقی دیداری دووەمیش بڵاوبکەینەوە کە بەڕێزان فەرهاد شاکەلی و شێرکو بێکەس و ئاسۆس کەمال ، وێڕای هەڵکەوت عەبدوڵلا بەشداریان تێدا کردووە .

له ئاوارەبوونی تێکڕای هەموو ئەو ڕۆشنبیر و نووسەرانە ئەکەین کە لەسەرانسەری کوردستان‌دا ناچاری ئەوە بوون وڵات بەجێ‌بهێڵن و لەدەرەوە بژین ، جا کوردستانی تورکیا بێ ، ئێران بێ ، عیراق بێ ، سووریا بێ . بەڵام دیارە ئەتوانین بڵێین لێشاوە گەورەکە لە دوای (٧٥) ەوە : دوای هەرەسەکەی شۆڕشی ئەیلول ، وە لەسەردەمی شەڕی عیراق - ئێراندا ڕوویانکردۆتە دەرەوە . بێگومان بەشێکی زۆری ئەو نووسەرانەی ڕوویانکردۆتە دەرەوە و لە کوردستانی‌عیراقەوە هاتوون ، ڕەنگە جیاواز بن لە بەشێکی ئەو نووسەرانەی لە پارچەکانی ترەوە هاتوون ، واتە یەك هۆ نەبووبێ بۆ ئاوارەبوونیان . چونکە زۆربەی ئاوارەبوونەکانی لای‌ئێمە پەیوەندی بە باری سیاسی‌یەوە بووە ، بەڵام هەندێ ئاوارەبوونی تر هەیە ، لەوانەیە ، زیاتر ئیختیاری بێ لەلای ڕۆشنبیران و قەڵەم بەدەستانی تری کورد - ئەوەش بۆ خۆی پێویستی بەباس لێکردنی تایبەتە -.

لەبارودۆخێکی وادا ، ڕەنگە لەسوێد نموونەیەکی تۆزێك باش بدۆزینەوە بۆ جۆرێك لێك نزیکبوونەوە - دیارە ئەوەش بەستراوەتەوە بە بارودۆخی ڕژێمی ئەم وڵاتەوە - بەڵام ڕەنگە ئەوە بەو جۆرە لە ئەڵمانیا یان ئینگلستان دا نەبینینەوە . بێگومان دامەزرانی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە کوردستانیەکان و یەکێتی نووسەران و ئەوانی دی شتێکی کردووە ، بەڵام ئەمانە کۆکردنەوەی تەواو نین ، ئەو کۆکردنەوەیە نی‌یە کە بتوانێ هەموو کێشە و گیروگرفتێکی ڕۆشنبیران بخاتە بەرچاو و لەهەمان کاتیشدا چارەسەری بۆ دابنێ . پێم وایە ئەو چارەسەرانە تەنانەت لە کێشەی (توانای) ئەواندا نی‌یە . لەبەر ئەوە زۆربەی ئەو شتانەی ئەکرێن شتی سەڵتەزەلامی‌یە . بێگومان دەشێ ڕۆشنبیران دەستنیشانی کێشەکان بکەن ، بەڵام چارەسەری بە کۆمەڵ لەدەرەوەی دەسەڵاتی ئەوانەوەیە .

بۆ بەشی دووەم ، مەسەلەی زۆربوونی گۆڤار و ڕۆژنامەیش ، هەر پەیوەندی بەو پرش وبڵاوی و ئاڵۆزی‌یەوە هەیە کە لەخاڵی یەکەمدا باسمکرد . پێویستە لێرەدا پرسیار بکەین : ئایا زۆری ڕۆژنامە و گۆڤار خۆی نیشانەیەکی چاکە بۆ باری ئێستای ڕۆشنبیریی کوردی؟ یان بە شێوەیەکی تر ، ئایا ئەمە شتێکە زیاتر زۆر و بۆرە یان پێویستە هەموو هەبن بەڵام قسەیان لەسەر بکرێ ، یان وا چاکە وزەی خۆمان ، ئەو وزەیەی کە کورد هەیەتی بۆ مەسەلەی پێشکەشکردنی مەسەلە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان بەو جۆرە بەکاربێ کە بەقەدەر بەرەکەی خۆمان پێ ڕابکێشین ؟ بۆ نموونە : ئایا وزەی ڕۆشنبیران و ئەدیبانی کورد لەشوێنێکی وەکو ئەورووپا لەوە زیاتری پێدەکرێ کە دوو گۆڤاری چاك دەربکات ؟ وەك باس دەکرێ ، تەنیا بەکرمانجی سەروو زیاتر لە(٤٠) ڕۆژنامە و گۆڤار بڵاودەبێتەوە ، ئەمانە چەندیان ئەو قورساییە ڕۆشنبیری‌یە یان ئەدەبی‌یەیان هەیە کە ئێستا ئێمە قسەیان لەسەر ئەکەین ؟

ڕەفیق سابیر : لەڕاستی‌دا ، ئەوەی پەیوەندی بە ڕۆشنبیریی و کولتووری کوردەوە هەیە - سەرەڕای ئەوەی کاك شێرکۆ باسیکرد - سەرچاوە ڕاستەقینەکەی بۆ بارودۆخی گەلی کورد دەگەڕێتەوە ، بەو پێ‌یەی کە بوونی ئێمە لەدەرەوە بەپلەی یەکەم بەستراوەتەوە بەبارودۆخی نەتەوەکەمانەوە . ئەمە لایەنێکی زۆر گرنگە ، بەڵام لەپاڵ ئەوەدا بەهەر شێوەیەك بێ ئێمە بارێکمان بە سەردا سەپاوە ، ئەویش ئەوەیە ئێمە بەویست و خواستی خۆمان لەوڵاتێك یان کۆمەڵگایەك دا دەژین کە ئێمە لە بنەرەتدا نە بۆ ئەو کۆمەڵگایە لەدایکبووین و نە بۆ ئەو کۆمەڵگایە خۆمان پەروەردەکردووە و نە ئەو شتانەی ئێمە دەیان نووسین گیروگرفتی کۆمەڵەکەی ئەو کۆمەڵگایەیە بۆ ئەوەی ئێمە لەگەڵ کۆمەڵگاکەدا کار لە یەکتر بکەین . بە واتایەکی دی ، دەمەوێ ئەوە بڵێم : ئێمە وەکو نووسەری کورد لەدەرەوەی وڵات لەڕاستی‌دا دوو جار نامۆین و دەتوانم بڵێم ئەم دووجار نامۆبوونەی بەسەر ئێمەدا سەپێنراوە بەشێکی سەرەکی گیروگرفتەکانمانە.
یەکەم نامۆیی ئێمە لە وڵاتێکی ئاوارە و بێگانە و کۆمەڵگایەکی دوور لە خەڵکی کۆمەڵگای خۆمان کە ئێمە بۆیان دەنووسین و ئەوان نرخی شتەکەی ئێمە بزانن و لەڕێگەی پەرچەکرداری ئەوان بەرامبەر بە نووسینەکانمان ئێمەش چاویان پیابگێڕینەوە . یانی ئەگەر ئاو بۆ ماسی پێویستی‌یەکی ژیاری بێت ئەوا خەڵکەکەی خۆمان ، خوێنەرەکەی خۆمان لەناوەوە هەمان شت و پێداویستین بۆ ئێمە . لەو ڕووەوە ، بەڕاستی ئێمە لە کۆمەڵگایەك دا ژیان بەسەر دەبەین کە پێی نامۆین . لایەنی دووەمی نامۆیی ئێمە لەوەدایە ، زۆربەی هەرە زۆری نووسەران لەم کۆمەڵگایە ناچارین بۆ ئەوەی بژین لەبارودۆخێکدا کار بکەین ، جۆرە کارێك بکەین ، کە پەیوەندی بە بواری کولتووری و نووسینەوە نی‌یە ، یان زۆربەی

نووسەران کارێك دەکەن وزە و توانا و هێزی نووسەرەکە بۆ خوی دەبات و وا لە نووسەر ـ کە نووسین بەشێکە لە بوونی ـ دەکات ئەو باری نامۆبوونەی بەسەردا بێ . واتە چەندین گێژاوی جیاجیا دەیهێنێ و دەیبا ، هەمووشی لەسەر حیسابی نووسینەکەی و خۆ پەروەردەکردنەکەی دەبێ . یانی ئەگەر ئێمە لەهەرەتی لاویدا و بۆ خوێندنی ٣-٤ ساڵێ بێینە دەرەوە و ژیانی ئاوارەیی بەسەر بەرین ، کاری خوێندنەکە دەبێتە هۆی ئەوەی لەگەڵ باری کولتووری و ئەدەبی ئەم وڵاتەی تیایدا دەژین بکەوینە کارلێککردنەوە ، بەڵام لە بارێکی وەك ئەوەی ئێمەدا ، لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ ژیانی ئەدەبی و کولتووری ئەم وڵاتەدا بکەوینە کارلێککردنەوە ، وەك هێزێکی کار راپێچی هەندێ شوێن دەکرێین کە پەیوەندی دوور و نزیکی لەگەڵ ئێمەدا نییە . جا من گیروگرفتی سەرەکی لەو باری لەخۆنامۆبوونەدا دەبینم .

**شێرکۆ بێکەس** : دەتوانین بەدیاریکراوی باسی ئەوە بکەین مەبەستمان لە ڕۆشنبیر چییە ؟

**ڕەفیق سابیر** : لەراستیدا مەبەستم ئەو کەسانە بوو کە نووسەرن ، ئینجا ئەو کۆمەڵە خەڵکەی لەبوارێکی زانستی مێژوویی ـ کۆمەڵایەتی دا شارەزا و پسپۆڕن . ئەمانە کارەکەیان بەکەڵکی ئەم وڵاتانە نایەت و پێویستە لەدەزگایەکی تایبەتیدا لەکوردستان کاربکەن .

**شێرکۆ بێکەس** : واتە یەکسەر پیاو وای دێ بە خەیاڵدا ، مەسەلەی کۆبوونەوە و گرتبوونەوە لە دەوری شتێك یان چەند شتێك ڕەنگە بۆ چارەسەرکردنی ئەو نامۆییە و گیروگرفتەکانی هەن لەهەوڵدان بۆ دوزینەوەی ڕێگە ، ڕەنگە ئەوە بەشێك بێت لەباسەکەمان .

**ڕەفیق سابیر** : دەربارەی مەسەلەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان ، لەراستیدا من بەش بەحاڵی خۆم تێڕامانێکی تێر و تەسەلم دەربارەی چارەسەرکردنی ئەوە نییە ، چونکە چارەسەرەکە لەسەروو دەسەڵاتیئێمەوەیە ، بەڵام پێم وایە دەتوانرێ لەرێگەی دروستکردنی یەکێتی نووسەران و تەباییەکی ئەدەبییەوە ئەوە ئەنجامبدرێ .

**شێرکۆ بێکەس** : بەبڕوای من ، ڕەنگە هیچ نەبێ لەوێوە دەست پێبکەین ئەو شتانەی زیاتر لە یەکەوە نزیکن بەو پرش و بلاویەیان نەیانهێڵینەوە و زیاتر کۆیان بکەینەوە . بۆ نموونە ، ئێمە ٣-٤ گۆڤارمان هەن کە لەڕووی مەسەلەی ئامانجی فیکری یان ڕێبازی ڕۆشنبیریی خۆیانەوە نزیك بن لەیەکەوە ، لەباتی ئەوە پێم وایە لەو ڕێبازەدا گۆڤارێکمان هەبێ باشە. کۆمەڵێك ناوەند یان دەزگای ڕۆشنبیری یان ئەدەبی لە ئەورووپا هەن کە لەیەکەوە نزیکن و دەشێ یەك بخرێن . بەبڕوای من یەکێك لە چارەسەرکردنەکان ، چارەسەر نەك بەمانای ئەوەی ئێمە ئەو کێشەیە نەهێڵین ، چونکە وەك باسمانکرد ئەوە لەسەرووی دەسەڵاتی ئێمەوەیە ، بەڵکو بەو مانایەی ئێمە دەتوانین کۆمەڵێك کار بکەین چ بۆ یەکخستنی ئەو ناوەند و دەزگایانەی ئامانجیان لەیەکەوە نزیکە ، چ وەك ناوەندی ئیشکردن یاخود گۆڤار و ڕۆژنامە . واتە هەنگاوی یەکەم ئەبێ ئەوەبێ شتە زۆرەکان کەم بکرێنەوە و بەرەو لایەنە باشەکە .

**حەمەسەعید حەسەن** : من لەو بڕوایەدا نیم ژمارەی ئەو بلاوکراوانەی لە ئەورووپا هەن زیاترە لەوەی پێویستە هەبێ . ئەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێ ئێمە لەوڵاتێکەوە هاتووین کە بەهیچ شێوەیەك دیموکراتیەتی لێ نەبووە ، هەر لەبەر ئەمەش بلاوکراوە لەوڵاتی ئێمەدا زۆر کەم بووە. بۆ نموونە ، لەئێراندا لەم دواییەدا گۆڤاری (سروە) بلاوبوتەوە ، تاکو ئێستا گۆڤارێك لە کوردستانی تورکیا بلاونابێتەوە ، لەکوردستانی عیراق چەند گۆڤارێك هەبووە کە زیاتر خەڵکانی سەر بە ڕژێم ـ کەم و زۆر ـ دەسەڵاتیان بەسەریاندا هەبووە . جا لەبەر ئەوە ئەو خەڵکانەی چ نووسەرن و چ ڕۆشنبیرن لێرە هەست ئەکەن جەوێکی دیموکراتی هەیە و حەزئەکەن ئەو شتانە کە خۆیان بیری لێ ئەکەنەوە ، بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان بلاوی بکەنەوە . من خۆم لەگەڵ ئەوەشدا هەست ئەکەم گۆڤار و ڕۆژنامە زۆرن یان کتێبی کوردی بە شێوەیەکی فراوان بلاوبۆتەوە و بەشێك لەو کتێبانە لاوازن ، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئەو مافە بەخۆم ڕەوا نابینم کۆسپ لەبەردەمی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا دابنێم ، یاخود تەگەرە بخەمە سەر ڕێی ئەو نووسەرانەی دەیانەوێ شتەکانیان بلاوبکەنەوە هەرچەند لاوازیش بێ . چونکە بەراستی لەدواییدا مێژوو هەقی ئەو گۆڤارانە و ئەو

هەواڵنامەی کتێب

نووسەرانە بەسەر خۆیەوە ناهێڵی . ئەگەر ئێستا چاوێک بەو ئەدەبیاتانەدا بخشێنینەوە کە لەڕابردوودا لە کوردستان بڵاوبوونەتەوە ، ئەوەمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە کە ئەوانەی لاوازبوون بەرەو نەمان و لەبیرچوونەوە ڕۆیشتوون و تۆزیان لێ نیشتوە ، بەڵام ئەو شتانەی لەئاستێکی هونەری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری بەرزدابوون ، ساڵەکان نەیانتوانیوە کاریان تێبکەن و لەبیر خەڵکیان بەرنەوە . سەبارەت بە ناوەند و دەزگاکانیش ، ئەمڕۆ لەزۆربەی وڵاتەکانی ئەوروپا بنکەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵەی کوردی و کوردستانی و ئەو شتانە هەن ، ئەمانە هەریەک لە لای خۆیەوە بوونی خۆی بەپێویست ئەزانێ و ئێمە ناتوانین داوا لەفیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکانی سوێد و کەنەدا بکەین یەک بگرن . سەبارەت بە ئەدیبەکانیشمان ، بەڕاستی بەو ئەزموونە کورتەی نووسەرانی کورد لە ئەوروپا بۆمان دەرکەوتووە کارێکی زەحمەتە . ئێمە لەسوێد هەوڵمان لەگەڵ نووسەرانی ئەڵمانیا و ئینگلستاندا جۆرێک تەبایی دروست بکەین و یەکێتییەکی ئەدیبانی هاوبەشمان هەبێ ، بەڵام بەهۆی دووری و کۆمەڵێک شتەوە سەرکەوتوو نەبووین .

**شێرکۆ بێکەس** : مەبەستم لە قسەکان زیاتر چۆنیەتی ئەو گۆڤارانەیە کە هەن نەک چەندێتییان . ئێستا ئەگەر ئێمە تەماشای ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە بکەین هەست ئەکەین ئاستی ڕۆشنبیری و فیکری و ئەدەبی بەشێکی زۆریان بەو ڕادەیە نییە ئەو ناوەی لێ بنێین . بێگومان کەس نکۆڵی لەپێویستی فراوانبوونی دیموکراتیەت و بە ئازادی دووان لەهەموو شتێک ناکات ، بەڵام دەبێ ئاگاشمان لەوە بێ کە وزەی خۆمان چەندە . مەسەلەکە ئەوە نییە چەند گۆڤار و ڕۆژنامە بڵاودەبنەوە ، بەڵکو ئەوەیە ئێمە ئەتوانین چەند ڕۆژنامە و گۆڤار بە چاکی بژێنین و ناواخنی ئەو گۆڤارانە و ئاستی فیکری و ئەدەبیان چۆنن . هەر لەم ڕووەشەوە هەست بەجیاوازی گۆڤارێک و گۆڤارێکیتر دەکرێ لەڕووی ناواخنی دەوڵەمەند و بەپێزی گۆڤارێک لەچاو گۆڤارێکی تردا . بەکورتی ئەوەی مەبەستمە بیڵێم و لەسەرەتاشدا وەک پرسیار دەرم بڕی نەک وەک ئەوەی ڕێگەم دانابێ ئەوەیە : ئایا ئەوەی کە هەیە زۆر و بۆرییەک نیە بەقەدەر ئەوەی کە ئێمە چاوی هیوای تێئەبڕین و ئەوەبێ شتێک بدەین بەدەستەوە پوخت و چاک بێ ؟

**حەمەسەعید حەسەن** : بەڕاستی ئەو لاوازییەی باس ئەکرێ هەر گۆڤاری نەگرتۆتەوە ، بەڵکو هەموو بوارێکی ڕۆشنبیری لەدەرەوە گرتۆتەوە . بۆ نموونە لە ئەوروپا ، بەتایبەتی لە سوێد زۆر کەس هەن خەریکی ئەدەبی منداڵن ، بەڕاستی ئەو ئەدەبەی بەناوی ئەدەبی منداڵەوە بڵاوئەکرێتەوە ، جا چیرۆک بێ یاخود شیعر ، زۆربەیان لاوازن . ئەم مەسەلەیە لەزۆر ڕووەوە وایە و لەهەموو بوارێکدا لاوازی هەیە . بەڵام کاک شێرکۆ تۆ باسی ئەوەت کرد کە ئەمڕۆ چەندین گۆڤار هەن لەوە دەچن هاوئامانج بن ، یاخود لەوە دەچێ لە ڕووی ئایدیۆلۆجییەوە دوورنەبن لەیەکتری ، من لێرەدا وام پێ باشترە ناو بێنین و باسی ئەوە بکەین فلانە گۆڤار لە فیسارە گۆڤارەوە نزیکە .

**شێرکۆ بێکەس** : ئەوە نەخشەکە دەگۆڕێ ، چونکە لەوانەیە چەندین گۆڤار هەبن بەکرمانجی سەروو بڵاوبنەوە و ڕەنگە لای ئێمە کەمتریش بن . بەکورتی قسەکانی من بۆ ئەوەیە دیموکراتیەت بۆ چۆنایەتی باش بەکاربهێنرێ نەک بۆ جیابوونەوە ـ بە واتای لەیەکتر دوورکەوتنەوە ـ ، چونکە ڕۆشنبیری لەئاوارەییدا پێویستی بە کۆکردنەوە هەیە ، بۆ ئەوەی وزەیەک بێ بۆ پاشەڕۆژی ڕۆشنبیریی کوردی . بۆ نموونە ، بەبڕوای من نووسەرانی کورد لەدەرەوەی وڵات ئەتوانن گۆڤارێکی مانگانەی زۆرچاک لەئەوروپا دەرکەن ، بەڵام بڕوام نیە بتوانن چوار گۆڤاری چاک دەربکەن . ئەمە لەکاتێکدا کە من و تۆ و ئەدیبێکی دیش لەشوێنێکی تر گیروگرفتێکی وا لەنێوانمان‌دا نییە بۆ دەرکردنی گۆڤارێکی وا . ئەگینا من مەبەستم ئەوە نییە دەرگا دابخرێ ، بەڵکو من بڕوام وایە ئەبێ پەنجەرەی ڕۆشنبیری لە ماڵی دیموکراتیەتدا زۆرتر بێ . بەڵام خۆ ئێمە ئەبێ ئاگاشمان لەوەبێ مەبەستمان زۆرکردنی ژمارە نەبێ بەقەدەر ئەوەی مەبەستمان بێ شتێک بخەینە سەر خەرمانەی ئەو ڕۆشنبیرییەتەی بمانەوێ و نەمانەوێ بۆتە دیاردەیەک . کۆمەڵێک نووسەر و ئەدیبی کورد هاتوونەتە دەرەوەی وڵات کە بەرهەمیان هەیە و شت بڵاوئەکەنەوە و بەناچاری ئێرە بۆتە جێی ژیانیان و تەنانەت بەرهەمەکانیشیان و ژیانی ڕۆژانەشیان بەستراوەتەوە بەو وڵاتانەی تیایدا ئەژین ، هەتا ئەگەر بە خەو و خەیاڵیش هەمیشە لەوڵات بن ، ئەوا ئێرە واقیعێکە . جا ئەگەرچی بەناچاری تووشی ئەوە بووین ،

با لەبوارە ڕۆشنبیرییەکەدا کارێك بکەین شوێن دەستی دیار بێ . دیسانەوە دەتوانین نموونەیەکی نزیکتر بهێنینەوە ، ئێستا یەکێتی نووسەرانی کورد لە سوێد و ئینگلستان هەن و چەند برادەریکی پرش و بلاویش لە ئەڵمانیا و شوێنی تر هەن ، ئایا بیرکردنەوە بۆ ئەوەی ناوەندێکی یەکگرتنەوە لە هەموو ئەوروپادا دروست بکەین بۆ نووسەران و گۆڤاریکمان هەبێ چاکترە و جێ‌دەستی باشتر دیاردەبێ یان چەند گۆڤارێکمان هەبێ لەگەڵ چەند ناوەندێکدا . باوەڕەکەی من لێرەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ ، نەك دەربڕینی هیچ جۆرە بەربەستێك . تەنانەت ئەگەر ئێمە یەك دوو گۆڤاریشمان هەبێ ، ئەوە ئەتوانین دەیان پەنجەرە لەسەر دیموکراتیەت لەهەمان گۆڤاردا بکەینەوە .

**خەبات عارف** : وا بزانم هەموومان لەسەر ئەوە یەکین کە باری ڕۆشنبیریی ئێمە لە دەرەوەی وڵات ئەگەر دواکەوتوو نەبێ ئەوا لاوازە . بێگومان ئەوەش وای‌کردووە کە زۆر دیاردەی لاواز هەبن یاخود کارەکان زیاتر ئەنجامی وایان نەبێ کە مەبەستمانە . بێجگە لەوەش بەبۆچوونی من مەسەلەی ئەو ڕۆشنبیرییەی ئێمە دەمانەوێ لێی بدوێین ، زیاتر دەرگا لەبەردەمی ئەو پرسیارەدا دەخاتە سەر گازی پشت کە کێ ڕۆشنبیرە؟ بەبڕوای من ڕۆشنبیر تەنیا ئێمە ناگرێتەوە ، بەڵکو بێجگە لەئێمە ئەو خەڵکانەی لەدەوروبەری ئێمە و ئەو شتانە گرتبوونەتەوە کە تا ئێستا ئەنجامیان داون . ئێمە تا زیاتر و قووڵتر پەیوەندیمان لەگەڵ ئەواندا پتەو بێ زیاتر ئەتوانین گۆڕێك بەباری ڕۆشنبیری بدەین .

ئەگەر نووسین بەپێی بۆچوونی هەر لایەکمان ئەوەی خستبێتەوە کە چەند گۆڤارێك هەبێ ، بەبڕوای من ئەوە تەنیا تایبەت نیە بە میللەتی ئێمە ، بەڵکو مەسەلەکە هەر وا بووە . لەبەر ئەوەی ئێمە هەر یەکێکمان لەگەڵ نزیکیشماندا هەر یەکەمان لای خۆیەوە جۆرێکی تایبەتی لەتێڕوانینی هەیە کە وایکردووە زۆرجار من و تۆ لەیەکتر دابڕێین . من بەش بەحاڵی خۆم ئەو لێك دابڕانە هەم بەباش و هەم بەخراپ دەزانم . کاتێك نەتوانین لە شوێنێکدا یەك بگرینەوە یاخود بنکەیەك دامەزرێنین بۆ ئەوەی دەنگمان بگاتە ڕۆشنبیران و ئەو خەڵکانەی مەبەستمانە، بەکارێکی خراپی نازانم لەدوو بنکەوە بگەینەوە ڕۆشنبیران . دیارە لەو کاتەدا ئەو خەڵك‌و ڕۆشنبیرانەی دەمانەوێ پێیان بگەینەوە وایان لێ دێ کە تایبەت بن . ئەو تایبەتێتیەش خۆی دیاردەیەکی خراپ نی‌یە، چونکە دیاردەکە ئەو کۆمەڵگایە دروستیکردووە کە ئێمە و ئەوانیش تیایدا ئەژین . سەرەڕای ئەوەش ئەگەر لەلایەنی چۆنێتیەوە ـ وەك کاك شێرکۆ باسیکرد ـ بتوانین گۆڕێکی تری پێ بدەین و پێشی بخەین ، بەوەی هەموومان پێکەوەو بەبێ گوێدانە بۆچوون ـ واتە چۆن هەر یەکێك لای خۆمانەوە بۆ ئەو شتانە ئەچێ ـ . ئەمەش کارێکی زیندووە و لەوانەیە بارێکی وامان بۆ هەڵبکەوێ پێکەوە لەگەڵ جیاوازی بۆچوونماندا ، لە گۆڤارێك یان بنکەیەکدا خۆمان ببینینەوە ، کە ئەمەش یەکێکە لە شتە باشەکان . بەلام لەهەمان کاتیشدا من هەر بڕوام وایە بوونی ئەو هەموو بنکە جیاوازانە بۆ گەیاندنی ڕۆشنبیریی کوردی خۆی لە خۆیدا ڕەنگدانەوەی ئەو بارە لاوازەیە کە ئێمەی تیاین ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگدانەوەی بوونی چەند زەمینەیەکی جیاوازە بۆ سەیرکردنی شتەکان .

لەڕووی ئەوەی چەند گۆڤار یان چەند بنکەیەك هەن بۆ گەیاندنی ئەو دەنگانە شتێکی سروشتی‌یە و بە بڕوای من نەبوونی ئەو دەنگانە یان هەوڵدان بۆ لەناوبردنیان شتێکی ڕاست نی‌یە ، بەلام نزیکخستنەوەی ئەو پرش و بلاوی‌یە لەیەکتر بەپلەی یەکەم ئەکەوێتە ئەستۆی ئێمە ، ئێمە لەڕێگەی خۆمانەوە پەیوەندی بتەوتر لەگەڵ ئەو ڕۆشنبیرانە دروستکەین کە ئەو بنکانە بەڕێوەئەبەن ، دیارە لەو ڕێکەیەشەوە هەم تاقیکردنەوەو بۆچوونی ئەوان ئەزانین و ئەوانیش هی ئێمە ، ئەوەش هەنگاوێکە بۆ ئەوەی چارەسەر بۆ گیروگرفتەکان بدۆزینەوە و لەداهاتوودا ئەم بارەی ئێمەی تێدایین بکەینە بارێکی چاکتر .

**جەمشید حەیدەری** : کاك شێرکۆ لەقسەکانیدا باسی ئەوەی‌کرد کە ئاوارەبوونی ڕۆشنبیرانی کورد هۆی سیاسی هەبووە لە کوردستانی ئێمە و لەگەڵ بەشەکانی دیدا جیاوازی هەبووە . بێگومان لەکوردستانی‌خۆشمان پاش هەرەسی (٧٥) هەندێك وابوون ، بەلام لە هەشتاکاندا بەو شێوەیە دەست پێدەکات . لەکاتێکدا لە کوردستان بزووتنەوەیەکی چەکداری یان شۆڕشێك هەبووە ، نووسەران بەزۆری هاتوونەتە ناوی‌یەوە ، بەلام پاش ماوەیەك جێ‌یان‌هێشتووە و ئاوارە بوون . دیارە مەسەلەکە تەنیا هەر پەیوەندی بەهۆی سیاسی وڵاتەوە

نی یە ، بەڵكو بەباری سیاسی ناو هێزە سیاسی یەكانی كوردستانیشەوە . ئەو نووسەرانەی نەیانتوانیوە لە كوردستان یان لەو شوێنانەی ئابڵوقەدراون بمێننەوە زۆر زیاترە لەوەی كەماونەتەوە ـ لەوانەیە ٣٠٪ لە كوردستان مابنەوە و ئەوی دی هاتوونەتە دەرەوە ـ . بێگومان ئەوەی پەیوەندی هەیە بە دیموكراتیەت و ئازادی بیروباوەڕەوە لەكوردستان ، نووسەران كاتێ لە ژێر دەستی ڕژێمدا بوون لێی بێبەش بوون ، بەڵام كە هاتوونەتە دەریشەوە ـ ناوچە ئازادكراوەكان ـ لەوێش بەدییان نەكردووە . بۆیە كەهاتوونەتە دەرەوەی وڵات ، وەك بڵێی لە قەفەزێك ڕزگاریان بووە و هەر كەسێكیش بۆ لایەك ڕایان كێشاون . لەسوێد سەرەڕای بۆچوونی جیاواز توانرا لەسەر هەندێ شت یەك بین ، بەڵام دیسانەوە تێگەیشتنمان بۆ دیموكراتیەت و ئازادیی بیر و باوەڕ بووە هۆی ئەوەی لێك جیابینەوە و لێك دووركەوینەوە .

ئیستا مەسەلەكە ئەوەیە ڕۆشنبیران و نووسەرانی كورد تا چ ڕادەیەك دەتوانن لەدەرەوە و پاش ئەو هەموو ساڵەی لە هەڵوێستی دیموكراتیانە و ڕێزگرتنی بیروباوەڕی یەكتر، سەرەڕای جیاوازی بۆچوون، تێ بگەن و بتوانن پێكەوە دابنیشن و مشتومڕ و گفتوگۆ بكەن، بێ ئەوەی مەسەلەی تەسكبینی بیروباوەڕ و حیزبایەتی ببێتە هۆی ئەوەی ئێمە نەتوانین لێك نزیكببینەوە . چونكە ئەگەر ئێمە لەیەكتر نزیكببینەوە ئەوا مانای ئەوەیە هەنگاوی گەورەمان ناوە . لەسوێد لەگەڵ هەموو كەم و كوڕییەكاندا تا ڕادەیەك لەو دوو ساڵەدا هەنگاو نراوە ، ئێمە هیوادارین ئەو هەنگاوە نەك هەر لەسوێد، بەڵكو لەهەموو ئەوروپا بنرێ . لام وایە ئەمەی سوێد نموونەیەكی بچووكە بۆ ئەو نزیكبوونەوەیە و دەكرێ لەوێوە هەنگاو بنێین . لە سوێد ،بۆ نموونە ، زۆر نووسەر و ڕۆشنبیر هەن كە دوورن لە یەكتری . مەسەلەی زۆری گۆڤاریش پەیوەندی بەوەوە هەیە ، ئەگەر ئەوە چارەسەر بكرێ ، ئەوسا پێویستیمان بەوە نابێ كۆچەر ، خەرمانە ، مامۆستا ، شانۆ و دوو گۆڤاری تر كە بەڕێوەن ، دەربچن . ئەگەر هەموو پێكەوە و تۆزێك بە لەخۆبووردووییەوە لەگەڵ یەك دابنیشین و هەست بەوە بكەین ئەركێكی گرنگ لەسەر شانمانە ، دەتوانین شتێك بەشتێك بكەین . بەڵام تا ئێستا لەبەر خۆپەرستی خۆمان، نەك بیروباوەڕ، نەمانتوانیوە ئەوە بكەین . لێرەشدا بەبڕوای من ڕۆشنبیران واتایەكی فراوانتری هەیە لە نووسەران ، چونكە نووسەران بەشێك لە ڕۆشنبیران پێك دەهێنن . یەكگرتنەوەی ئەوانە گرێدراوە بەوەی چۆن هەر تاقم و دەستەیەك لەنێو خۆیاندا بگەنە یەكدی ، واتە نزیكبوونەوەی مێژوونووسەكان ، سۆسیۆلۆگەكان . . . هتد لە دەوری یەكتری و پتەوكردنی پەیوەندی نێوان هەموو لایەنە جۆربەجۆرەكان . بۆ نموونە لە سوێد مامۆستایان ڕێكخراوی خۆیان هەیە ، نووسەران ڕێكخراوی خۆیان هەیە ، بەڵام چ پەیوەندییەك لەنێوان ماموستایان و نووسەراندا هەیە ؟ ئیمە ئەگەر توانیمان ئەو ڕێكخراوانە لە هەر وڵاتێكدا هەن لە یەكتریان نزیك بكەینەوە و وایان لێ بكەین پێكەوە دانیشن و بە ڕاشكاوی قسە لەسەر مەسەلەكان بكەن و بێ لەهەندێ پرنسیپ دابگرن كە كۆیان دەكاتەوە ، ئەوا هەنگاوێكی باشمان ناوە . بەڵام بەداخەوە ئێمە هەمیشە لەو بارانەدا لەو خاڵانە ناگەڕێین كە كۆمان دەكاتەوە ، بەڵكو لەو خاڵانە دەگەڕێین كە جیامان دەكاتەوە . ئێمە ئەگەر توانیمان ئەم نەخۆشیە چارەسەر بكەین ، دەتوانین زۆر شت بكەین . مەسەلەی گۆڤارەكانیش دیارە هەر ڕەنگدانەوەی ئەو بارەیە كە لەئارادایە . بۆ نموونە ، پەیڤ و هەڵوێست لەكاتێكدا یەك گۆڤار : هەڵویست ، دەردەچوو و دوو نووسەر پێكەوە دەریان دەكرد ، دووەمی ژمارەی دەرنەچوو ئەو دوو نووسەرە لە یەك جیابوونەوە ، یەكێكیان پەیڤی دەركرد و ئەوی دیش هەڵوێست ، ئێستاش پەیڤ بەڕێوەیە ببێتە دووان . ئەوە چی نیشان دەدات ؟ ئەوە نیشان دەدات كەتاكو ئێستا بەداخەوە هەندێ شتی خۆپەرستی زاڵە لە نێوماندا . هەروەها مەسەلەی مەڵبەند و دەزگاكان ، ئێستا دوو ئەكادیمیا هەن كە بۆ چوار ساڵ دەچێت دروست بوون ، كەچی هەتا ئەمڕۆ نەگۆڤارێكیان دەركردووە و نەشتێكیان پێشكەشكردووە شێوەی ئەكادیمی پێوە دیار بێ . ئەنستیتوتی كورد لەپاریسیش بەهەمان شێوە . ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تائێستا خۆپەرستی ڕۆڵی خۆی دەبینێ ، واتە خۆپەرستیی ئەوانەی بەو كارە هەڵدەستن . ئێمە ئەگەر لەگیانی تاكەكەسی ڕزگار بین ، دەتوانین كۆتایی بەناكۆكی نێوانمان بێنین .

**خەبات عارف :** ئەوەی كاك جەمشید دەستنیشانی كرد ، واتە مەسەلەی خۆپەرستی ، من زیاتر وای

دەبینم زۆربەمان وا بیر ئەکاتەوە یان هەڵسوکەوت ئەکا کە ئەوەی لە توانای ئەودایە لەتوانای کەسدا نی‌یە . ئەوەش وای‌کردووە ئەو جیاوازییە بخولقێت کە ئێمە باسی لێوە ئەکەین . زۆربەمان وا بیرئەکەینەوە کە لەبەری ئەوەی ڕوو بکەینە یەکتری و لەدەوری یەکتری کۆببینەوە، وا بیر ئەکەینەوە کە بە تەنیا ئیشکردنمان ئەنجامێکی باشتری ئەبێ . ئەوەش بەبڕوای من خۆی لە خۆیدا دەربڕی گیانی دواکەوتوویی و باری ڕۆشنبیری ئێمەیە و یەکێکیشە لە کێشەکانمان .

**شێرکۆ بێکەس** : وا پێدەچێ باری ڕۆشنبیریی و ڕۆشنبیران لەدەرەوەی وڵات ڕەنگدانەوەیەکی واقیعی کوردستانە کە پارچەپارچەبوون و بەرەنگاربوونەوەی سەختی ساڵانێکی دوور و درێژ لەئارادا بووە ، ئەوەش بەشێوەیەکی سروشتی ڕەنگدانەوەی خۆی ئەبێ . بەڵام من پێم وایە ئەو ئەزموون و تاقیکردنەوانەی ساڵانی دوایی کەم شتی هێشتۆتەوە بۆ ناکۆکی بەقەدەر ئەوەی زۆرشتی هێشتۆتەوە بۆ ئەوەی لەدەوری کۆببینەوە . بۆ نموونە ، ئەگەر چوار پێنج خاڵێك هەبێ لەمەسەلەیەکی فیکریدا دەربارەی ئەمڕۆی کوردستان ـ مەسەلەی کورد و چارەنووسمان ـ کە جیاوازی نێوانمان بێ ، ڕەنگە (٢٠) خاڵی یەکگرتنەوە هەبێت کە ئەتوانین لەسەریان یەکتری بگرینەوە . وەك برادەران هێمایان بۆ کرد ، ئێمە هەمیشە لە خاڵی جیاوازی و یەك نەگرتنەوە دەست پێ‌ئەکەین ، نەك لەو خاڵانەوە کە دەبنە هۆی بەستنی پرد لەنێوانماندا . بێگومان ئەمە بەو مانایە نی‌یە با هەموومان فیکرمان یەك بخەین و هەموو یەك فیکرمان هەبێ ، بەڵکو بە مەبەستی ئەوەی چۆن ئەتوانین لەناو جەوێکی دیموکراتیانەدا ، کە ئەزموونەکانی ساڵانی ڕابردوو دەرسی گەورەی داوینێ ، فێری زیاتر گوێگرتن بین لە یەکتری ، وە بتوانین چاکتر لەگەڵ یەکتردا قسەبکەین و لە ئەنجامی ئەوە جۆرێك لەو دیموکراتیەتە لەناو خۆماندا جێ‌گیربکەین ، بە پێچەوانەی ساڵانی پێشوو کە بەرامبەر یەکتر گرتن و بەرەنگاربوونەوە لە نێوانماندا زۆرتر بوون . من پێم وایە ئەوە پەیوەندی هەیە بە ئەزموونەکانی دواییەوە ، یانی بارودۆخی ئێستای کوردستان و ئەو سەختی‌یەی میللەتی کوردی کەوتۆتە بەردەم،بە هەموو کۆمەڵ و ڕێکخراوێکی سیاسیی‌و فیکرێکی جیاجیاوە و،ڕاوەستانی لەبەردەمی چارەنووسێکی نادیار و مان و نەمان‌دا . بێگومان ئەوە کاریگەریی‌خۆی هەیە بۆ ئەوەی ئێمەش لێرە و لەئێستادا خۆمان لە جۆری پەیوەندی تازەتردا ببینینەوە . لەو بڕوایەدام ئەبێ ئێمە هەوڵدەین بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندی‌یە تازانە بەهێز بکەین ،تەنانەت لەسەر بنچینەی بیرکردنەوەی‌جیاواز بەڵام بە ڕێزگرتنی بیروڕای یەکتری‌یەوە . هەروەکو ووتراوە و زۆر جاریش ئەوە ئەڵێم : حەقی جیاوازی بە حەقی ڕێزگرتنی یەکەوانێ بۆ جێگیرکردنی ئەو دیموکراتیەتە و بۆ ئەوەی ئەو بارە ڕۆشنبیری‌یەی ئێستا لە دەرەوەی وڵات هەمانە بەرەو شوێنێك وەرچەرخێنین کە زیاتر سوود بە کولتووروئەدەب و ڕۆشنبیریی گەلەکەمان بگەیەنێ .

**هەڵکەوت عەبدوڵا** : منیش حەزدەکەم ئاماژە بۆ هەندێ لایەنی تری مەسەلەکە بکەم . من وا هەست دەکەم هۆی ئەو پرش و بڵاویەی ڕۆشنبیرانی کورد لە دەرەوەی وڵات ـ وەك ئێوە هەندی لایەنی باشتان ڕوونکردەوە ـ گرێدراوە بە بارودۆخی ناوەوەی وڵات . من لێرەدا دەمەوێ بەجۆرێکی دی ئەو مەسەلەیە دەربڕەم دەڵێم هۆی ئەو پرش و بڵاویە دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی نێوان ڕۆشنبیر ـ دەسەڵات ، ڕۆشنبیر ـ دوگما . بوونی ئەو کێشەیە هۆیەکی سەرەکی بووە بۆ ئەوەی ڕۆشنبیرانی کورد لەدوورەوڵاتی‌دا نەگەنە یەك . کە دەڵێین نەگەنە یەك ، مەبەستمان ئەوە نی‌یە ببنە یەك و ڕەنگی یەك بگرن ، چونکە ڕۆشنبیران بە حوکمی جیاوازی تیرِوانین و بنچینەی چینایەتییان مەحاڵە ببنە یەك و ڕەنگی یەك بگرن .

مەبەست لە پەیوەندی ڕۆشنبیر و دەسەڵات،پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیرەکان و هێزە سیاسی‌یەکانە کە لە دەرەوەی وڵات بەشێوەیەکی زەق خۆی دەنوێنێ . بۆ نموونە زۆرجار ئەو ناکۆکیانەی لەدەرەوەی وڵات لەنێوان ڕۆشنبیران‌دا دروستبوون لەبەر ئەوە بووە ڕۆشنبیری (أ) لەگەڵ ڕۆشنبیری (ب)دا لەئاستە ڕۆشنبیری‌یەکەدا جیاوازی‌یەکی ئەوتۆیان نەبووە ، بەڵام لەئاستە سیاسی و ئایدیۆلۆجیەکەدا پێکەوە نەگونجاون . یاخود هەندێ جار دوو ڕۆشنبیر توانیویانە پێکەوە بگونجێن ، بەڵام دەسەڵات لە سەرەوە ڕێگەی ئەوەی پێ‌نەداون لەئاستی ڕۆشنبیری‌دا پێکەوە کاربکەن . بەڕای من لەدەرەوەی‌وڵات هەر وەکو لەناویشەوە ، دەسەڵات هەتا ئێستا ڕێگەی

بەوە نەداوە کە ڕۆشنبیر سەربەستی هەڵبژاردن و ئازادی دەربڕینی هەبێ ، جگە لەوە سەربەستی یەکبوونیشی پێ ڕەوا نەبینیوە . جا من لێرەدا نامەوێ بچمە سەر باسکردنی مەسەلەکە لەئاستە سیاسی یەکەیدا ، چونکە لەوانەیە ئەوە ببێتە هۆی قووڵبوونەوەی زیاتری جیاوازی لە نێوانمان‌دا .

کێشەی ڕۆشنبیر و دۆگماش بەو مانایەیە کە زۆر لە ئێمە لەسەر ئەو باوەڕە سوورین کە ڕاستی (حقیقة) هەمووی لای خۆمانە و لەدەرەوەی ئەو ڕاستی یە ڕاستی یەکی تر نی یە . ئەمەش بێگومان بنچینەی تایبەتی خۆی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك : یەکەم / ئێمە لەکۆمەڵێکدا ژیان بەسەر دەبەین کە باوکسالاری تیایدا زاڵە و هەر لە منداڵیەوە لەژێر کاریگەری ئەو باوکسالاریەدا بە یەك دیدەیی (احادیة النظر) پەروەردە دەکرێین و فێری ئەوە دەکرێین لەنێوان ڕەش و سپی‌دا شتێکی دی نی یە .ئەمەش لەڕێگەی خێزان ، قوتابخانە ، حیزبەکان ، سیستەمی بیری دەسەڵاتدارەوە کە خۆی لە ڕەهاپەرستی‌دا (مطلق گەرایی) و دۆگمایيەتی بیری ناسیۆنالیزم و ئەو کۆمۆنیزمەی بە ئێمە گەیشتووە کاری خۆی کردووە . ئەمە وای کردووە هەر یەکێك لە ئێمە خۆمان بە سەرچاوەی ڕاستی و دانای بلیمەتی بێوێنە و کانی زانست و زانیاری بزانین .

شان بە شانی ئەو دوو کێشەیە گیروگرفتی دیموکراتیەتیش لەئارادایە کە دەردێکە و هەموومان بە دەستی یەوە دەناڵێنین . یەکێك لەو تێڕوانینە نامۆیانەی لەم بوارەدا دەبینرێ ئەوەیە هەندێك وا دەزانن لە ڕێگەی پەیوەندی بەستنەوە لەگەڵ خەڵکی ئەورووپی یان حیزبی ئەو وڵاتانەی تیایدا ئاوارەین و لەژێر کاریگەری پروپاگەندە و ڕاگەیاندنی ئەم وڵاتانەدا دەتوانین ببینە مرۆڤێکی دیموکراتخواز . بەڕای من مەسەلەکە زۆر لەوە قووڵترە و پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و پێویستی بە پەروەردەکردن و کاری جیدی هەیە . بێگومان ئەو پەروەردەکردنە لە ڕێگەی پەیوەندی یەوە نەك گۆشەگیری یەوە دروست دەبێ .

**شێرکۆ بێکەس** : بەڵام هەندێ شتی تر هەیە جگە لە ئەوەی تۆ باست کرد ، ئەویش پەیوەندی بە ئەدیب و ڕۆشنبیرەکان خۆیانەوە هەیە . بۆ نموونە ، ئێمە جورئەتی کۆمەڵایەتی تەواومان لەگەڵ یەکدا نی یە ، بەڵام لەوانەیە لەگەڵ دوژمنەکانماندا زۆر گەورە بێ . لەکاتێکدا ئەدیبێك یان ڕۆشنبیریك لەبەردەمی دەسەڵاتدا زۆر بە جورئەت و گەورەیە ، تەماشا دەکەین لەگەڵ هاوڕێی خۆیدا ئەو جورئەتەی نی یە . مەبەست جورئەتی لێك نزیکبوونەوەیە بۆ دەربڕینی فیکری خۆمان بە بێ پەردە .ئێمە زۆر کەم جار و خۆشم هەوڵی ئەوەمان داوە لەڕێگەی نزیکبوونەوەوە بەو جورئەتە ئەو شتانە لەگەڵ یەکتردا باس بکەین . من هەمیشە دوورەدوور و لە پشت پەردەوە بەدیمکردووە .

**هەڵکەوت عەبدوڵا** : خاڵێکی تر کە جیاوازیمان لەنێوان‌دا دروست دەکات و یاریدەدەری دیاردەی پرش و بڵاوی‌یە،بریتی‌یە لە جیاوازی تێڕوانینمان بۆ ئەرکەکانمان لە ئاوارەیی‌دا . بەڕاستی ئێمە لە دەرەوەی وڵات چەند دیاردەیەکی نێگەتیڤانە بەدی دەکەین ،یەکێ لەوانە ئەوەیە هەندێ ئەدیب و نووسەر لەدەرەوە خۆیان بە بەدیلی (ئەڵتەرناتیڤ) ئەدیب و نووسەرانی ناو وڵات دەزانن و لەو بڕوایەدان ئەوەی ئەوان لێرە پێی هەڵدەستن لەوە چاکتر کە ئەدیب و نووسەرانی ناوەوە ئەنجامی دەدەن و مەحاڵە ئەوان وەك خۆیان داهێنان بکەن . یەکێکی دی ئەوەیە کە هەندێ‌ئەدیب و نووسەر لەدەرەوە خۆیان بەپاشکۆی ئەدیب ونووسەرانی ناوەوە دەزانن و لەو بڕوایەدان تەنیا ئەوانەی ناوەوە لەوزەیان‌دایە داهێنان بەرهەمبێنن . ئەوی تریش ئەوەیە کە ئەرکەکانی ئەدیب و نووسەران لە ناوەوە و دەرەوە تێکەڵ بەیەك دەکرێ و تایبەتێتی هەر یەکێکیان ناپارێزرێ .

بەڕاستی ئێمە لەئاوارەیی هەتا ئێستا نەخشەیەکی ڕوونمان بۆ ئەرکەکانی ڕۆشنبیرانی دەرەوەی وڵات نی یەو نازانین چ جۆرە ڕێکخستن و کۆکردنەوەیەکیشمان گەرەکە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانمان . ئەوەتا دەیان مەڵبەند و ئەنستیتوت و کۆمەڵەی دیموکراتی و ڕێکخراوی خوێندکاری و لاوان و شتی تر هەن ، بەڵام ئەمانە هەتا ئەمڕۆ وەك دەزگا کولتوورییەکانی هەندێ لە ئاوارەکانی میللەتانی تر کە ڕۆژگارێکی دوورودرێژە لەم وڵاتانەن ، کارێکی وایان نەکردووە بۆ دروستکردنی دەنگێکی هاوبەش لە بەرامبەر ئەو کۆمەڵگایانەی تیایاندا ئاوارەین . بۆیە پێویستە ڕۆشنبیرانی کورد لەئاوارەیی هەوڵی ئەوە بدەن وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە و کاریان بۆ بکەن : ئایا ئەرکی ڕۆشنبیرەکان لەدوورەوڵاتی‌دا چی‌یە و چ جۆرە

دەزگا و ڕێکخراوێکیان پێویستە بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانە ؟ ئایا جیاوازی ئەرکی ڕۆشنبیرانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات و جۆری پەیوەندی نێوانیان چۆنە ؟

**حەمەسەعید حەسەن** : تۆ باسی ئەرکت کرد . ئێمە باسی ئەوەمان کرد نووسەر و ڕۆشنبیرانی دەرەوەی وڵات خاوەنی دید و بۆچوونی جیاوازن . . . بێگومان جیاوازی لەبارەی بۆچوون و تێڕوانینەوە ئەرکی جیاوازیش دەهێنێتە ئاراوە ، بابڵێین من ئەرکی نووسەر لە دەرەوەی‌وڵات بە هەمان شێوەی نووسەرێکی تر نەبینم . هەر لەبەر ئەوەشە ئەگەرچی من لەگەڵ هەموو ئیشێکی هاوبەشدام ، بەلاّم ئەگەر ئەو کەسانەی کاریان لەگەڵدا ئەکرێت ڕێزیان نەبێ بۆ بۆچوونەکانی تۆ ناتوانی کاری هاوبەشیان لەگەڵدا بکەی ، هەروەها ئەگەر نووسەرێك ڕێزی بەرهەمەکانی‌خۆی نەگرێت ، ئەوانەی کاری لەگەڵدا ئەکەن ناتوانن کاری لەگەڵدا بکەن .

بەبۆچوونی من مەسەلەی ناوەوە و دەرەوە جیاوازییەکی زۆریان هەیە . من خۆم یەکێکم کە لەناوەوە نووسەر بووم و وا هەست ئەکەم ئەگەر لەوێ شیعرێکم ووتبێ بەرەنگاری تیادا بووبێ بەلای منەوە بەقەدەر دە دیوانە لێرە بینووسم . لێرە نووسەر هەرچییەك بکات لەبەر ئەو مەزایەی هەیە ڕووبەڕووی مەرگ نابێتەوە . لەناوەوە جاری وا هەبووە نووسەر لەسەر شیعرێك تووشی ڕاونان و گرتن بووە .

تۆ باسی ئەوەت کرد کەئێمە لە کۆمەڵگایەکەوە هاتووین کە دیموکراتیەتی تیانەبووە . بەڕاستی ئێمە فێری دیموکراتیەت نەبووین ، چونکە هەموو پەروەردەی ئەو کۆمەڵگای کوردەوارییەین ، لەناو ئەویشدا لایەنی سیاسی دەسەلاتیان هەبووە کە لەڕاستی‌دا ئێمەش لەژێر کاریگەریی ئەوانەدا بووین کە دیموکراتیەتیان تێدا نەبووە و لە نێوان خۆشیان‌دا دیموکراتی نەبوون . حیزبەکانی لای ئێمە هەتا شەڕە تەقەیان‌کردووە ، شەڕی ڕاگەیاندنیشیان بەرامبەر یەك درێژە پێداوە ، هەر ئەو ڕۆژەش کە شەڕی تەقەیان وازلێ‌هێناوە ، شەڕی ڕاگەیاندنیشیان ڕاگرتووە . هەر لەبەر ئەمەش بووە خاڵی یەکەمی هەموو ڕێکەوتنامەکان ئەوە بووە هەردوولا شەڕی ڕاگەیاندن لەدژی یەکتری ڕابگرن . بەڕاستی ئێمە لەجەوێکی واوە هاتووین کە ئەو جەوە دیموکراتیەتەی لەدەرەوە ئەیبینین زۆر پێمان نائاشنایە . هەر ئەم مەسەلەیەش وای‌کردووە کۆمەڵێك گۆڤار هەن ، بەلاّم کۆمەڵێك شتی ئیجابیشی تیا هەیە ، بۆ نموونە ، کاتێك ئەبینین نووسەرێك گۆڤار بلاّوئەکاتە و کاتێکی زۆر لەژیانی خۆی تەرخان ئەکات و ماندووبوونێکی زۆر ئەگرێتە ئەستۆی خۆی ، هەر لەبەر ئەوەیە شتی خۆی بلێ ، ئەو شتەی دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی تر یاخود گۆڤارو ڕۆژنامەکانی کە بواری بلاّوکردنەوەی بەڕوودا دائەخەن . لایەنێکی سەلبی کە هەیە ، ئەوەیە ئێمە لە سوێد بۆ نموونە بەکرمانجی سەروو چەندین گۆڤار دەرئەچێت ، ئەو بابەتانەی لەو گۆڤارانەدا بلاّوئەکرێنەوە لە کوردستانی عیراق لە پۆستەی خوێنەرانیشدا جێگەیان نابێتەوە ، بەلاّم ئەوانە کە هاتوون و هەستیان‌کردووە کۆمەڵێك پشتگیری و پاڵپشت هەیە و ئەتوانن گۆڤارێك لە ڕووی مادیییەوە دەرکەن ، ئیتر گوێیان بەهیچ شتێکی تر نەداوە .

**هەڵکەوت عەبدوڵا** : خاڵێکی تر کە پەیوەندی بە ئەرکی ڕۆشنبیرەکانەوە هەیە - بەر لەوەی بچمە سەر مەسەلەی گۆڤارەکان و گیروگرفتەکانیان - بە واتایەکی‌تر پەیوەندی بە مەسەلەی جیاوازی ئەرکی ڕۆشنبیرانی ناوەوەو دەرەوە هەیە ، ئەوەیە هەتا ئێستا زۆربەی گۆڤارەکان ئەو شتانەی ووتویانە و بلاّویان‌کردۆتەوە جیاوازیەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ئەوانەدا نەبووە کە لەناوەوە ووتراون و بلاّوکراونەتەوە ، لەئاستێکی دیاریکراودا نەبێ . بۆ نموونە ئەگەر بێت و لەئاستی ئەدەبی‌دا سەیری بکەین ، ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی بلاّوکراونەتەوە ڕەچەشکێن نەبوون ، یان بەلای کەمەوە نەیانتوانیوە ئەو شتە بلێن کە ناشێ لە ناوەوە بگوترێ . لەناوەوە زۆرجار نووسەر سومبولی‌تایبەتی بەکاردەبا بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی خۆی ، هەندێ جاریش وێنە بۆ هەمان مەبەست بەکاردێنی ، دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە لەدەستی ڕەقیب ڕزگاری بێ و بگاتە خوێنەر . ئێمە لەدەرەوە ئەو سانسۆرەمان نی‌یە ، بەلاّم تەماشا دەکەین لەدەرەوە زۆربەی ئەوانە دووبارە دەکەنەوە کە دەشێ لەگۆڤارەکانی ناوەوەیش بلاّوبکرێنەوە ، چەند شیعر و حیرۆکێك نەبێ کەڕاستەوخۆ خۆیان لەسیاسەت دەدەن و دەچنە ئەو ململانێ‌یەوە کە لەوێ لەئارادایە . ئینجا ئەمە خۆی لەخۆیدا پرسیار لای ئێمە دروست دەکات: ئایا لەدەرەوە ناشێ هەر یەکە بەئاستی‌خۆی و لەبواری شارەزایی خۆیدا شتێك بلێ کە ڕۆشنبیرانی ناوەوە ناتوانن بیلێن ؟ ئایا ناتوانین هەوڵ بدەین لەئاستە

جۆربەجۆرەکاندا شتێك بهێنینە ناو گۆڤارەکانەوە یان شتێك بە ناسیلکە بڵاوبکەینەوە کە نووسەران و خوێنەرانی ناوەوە دەست خۆشیمان لێبکەن ؟ ئێمە دەیان کەسمان لە وڵاتە جۆربەجۆرەکاندا هەن کە زمانی بێگانە بەباشی دەزانن ، ئەمانە دەیان دەقی فەلسەفی و فیکری و ئەدەبی تازەیان لەبەردەستایە کە دەشێ وەریگێڕنە سەر زمانی کوردی و کتێبخانەی کوردیی پێ دەوڵەمەند بکەن ، کەچی هاتوون خۆیان بەو شتە لاوەکیانەوە خەریك کردووە کە دەشێ خزمەتی کەسێتی خۆیان بکات ، بەڵام نە خزمەتی ڕۆشنبیریی کوردی لەدەرەوەی وڵات دەکات و نە شتێکیش دەخاتە سەر گەنجینەی ڕۆشنبیریی کوردی لە ناوەوەی وڵات .

بێگومان ـ وەك کاك حەمە سەعید ووتی ـ ئێمە تێڕوانینی جیاوازمان بۆ ئەرکەکانی ڕۆشنبیرانی دەرەوە هەیە ، بەڵام خۆ زۆر شتی هاوبەش هەن کەدەشێ ببنە پردی نێوانمان . بۆ نموونە ئەگەر چەند نووسەرێك بێن بابەتی تایبەتی دەربارەی ڕەخنە لەتێڕوانینی جیاوازەوە بنووسن ، ئەوانە ئەگەر لەئاستە ئەکادیمیەکەدا مەسەلەکانیان دەربڕن ، بێگومان بەرهەمەکانیان خزمەت بە کەلتوور و ڕۆشنبیریی کورد دەکەن ، با ئەو بەرهەمانە لەتێڕوانینی فەلسەفی و چینایەتی جیاوازیشەوە نووسرابن.

ئەوەی پەیوەندی بە گۆڤارەکانەوە هەیە ، بەڕای من زۆربوونی گۆڤار لەدەرەوەی وڵات دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك ، بەر لەوەی هێما بۆ ئەو هۆیانە بکەم دەمەوێ ئەوە بڵێم هەر لەکۆنەوە کۆمەڵێك گۆڤاری جۆربەجۆر لە دوورەوڵاتیدا دەرچوون ، هەندێك لەوانە پاش ماوەیەك وەستاون و لەجێیان هەندێکیتر سەریان هەڵداوە . بۆ نموونە گۆڤاری ڕێکخراوە خوێندکارییەکان کە لەسەرەتادا یەکێك بوو و پاش پارچەپارچەبوون بووبەچەند دانەیەك ، گۆڤاری مەڵبەند و ئەنستیتوت و دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی تر . هەروەها ئەو گۆڤارانەی لەلایەن کۆمەڵێك ڕۆشنبیری جیاوازەوە کە لەڕێکخراوە سیاسیەکان پەرتەوازە بوون لەبەر جیاوازی بیروڕا ، بڵاودەکرێنەوە ، بۆ دەربڕینی بیروڕا و تێڕوانینی خۆیان کە یەکگرتن یەکێکە لەوانە . بەهەر حاڵ دەشێ هۆکان لەم چەند خاڵەدا پوخت بکەینەوە :

یەکەم / جیاوازی تێروانین و بۆچوون بۆ ئەو مەبەستانەی دەردەبردرێن . بۆ نموونە بەپێی جۆری تێڕوانیمان بۆ مەسەلەکان ، لەوانەیە ئێمە زیاتر بایەخ بەو مەسەلانە بدەین کە بەلامانەوە گرنگی ڕاستەوخۆیان هەیە بۆ ڕۆشنبیریی کوردی ، بەڵام دەشێ کاك ڕەفیق سابیر بایەخ بە مەسەلەی تر بدات کە بەلایەوە گرنگی تایبەتی و ڕاستەوخۆی هەیە ، جا لەکاتێکدا نووسینەکانی کاك ڕەفیق لای ئێمە ڕێگەی پێنەدرێ و دەرگای گۆڤاری تریش بەڕوویدا دابخرێ ، بێگومان ئەویش هەوڵدەدات بۆ بڵاوکردنەوەی گۆڤارێك بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی . دووەم/ جیاوازی زمانی گەیاندن . بێگومان هەر گۆڤارە زمانێکی تایبەتی هەیە بۆ گەیاندن ـ مەبەست شێوەی زمانەوانی نییە بەڵکو ئەو جۆرە ئاخاوتنەی بابەتەکەی پێ دەردەبڕێ . بۆ نموونە لەوانەیە ئەو زمانەی کاك حەمە سەعید بابەت و نووسراوەکانی خۆی پێ دەردەبڕێ لە " یەکگرتن "دا جێی نەبێتەوە و گۆڤاری تریش ڕازی نەبێ بیگرێتەخۆی ، لەم کاتەدا کاك حەمە سەعید ناچاردەبێ پەنابەرێتە بەر دەرکردنی گۆڤارێك بۆ گەیاندنی بیروڕای خۆی . سێیەم/ هەبوونی سانسور لەگۆڤارەکاندا . بۆ نموونە ئەگەر هەر نووسەرێك بۆی بلوابا بەرهەمەکانی خۆی لەگۆڤارێك یان چەند گۆڤارێکدا بڵاوبکاتەوە ، ئەوا باوەڕ ناکەم بیر لەوە بکاتەوە گۆڤارێکی تر دەربکات و قورسایی دارایی زۆر و ماندووبوونی زۆر بخاتە ئەستۆی خۆی .

سەرەڕای ئەوانەی سەرەوە دەمەوێ لە کۆتایی قسەکانی خۆمدا پەنجە بۆ چەند خاڵێك ڕابکێشم : ١) ڕاستە هەبوونی ئەو هۆیانە و چەندینیتر کە ئێوە باستانکرد بوونەتە هۆی هاتنەئاراوەی چەندین گۆڤار ، بەڵام خۆ لەبوارێکی وەك ئەدەبیاندا دەشێ لەگەڵ جیاوازی بیر و ڕادا گۆڤارێك هەبێ کەوا دەربڕی هەموو ئەدیبانی کورد بێت لەدەرەوەی وڵات ، بە مەرجێك بنچینەی دامەزرانی ئەو گۆڤارە دیموکراتیەت بێ . ٢) ئەگەرچی ئەمڕۆ چەندین گۆڤار لەئارادان ، بەڵام خۆ دەشێ جۆرێك پەیوەندی لەنێوانیاندا هەبێ بۆ ئەوەی کاریگەریی خراپیان بەسەر خوێنەراندا نەبێ و ئیمپرێشنێکی چاك دەربارەی پەیوەندی نووسەران بدەنە ئەوان . بۆ نموونە ، بەڕای من بەڕێوەبەر و نووسەری گۆڤارە جیاجیاکان کارێکی چاك ئەکەن ئەگەر بابەت بۆ گۆڤارەکانی تر بنێرن و بەو شێوە زمانەی لەگەڵیاندا دەگونجێ . ٣) ئەمڕۆ ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە نوێکارییەك لە شێوازی ڕاگەیاندندا بکەین ؛ نوێکاری بکەین لە هەڵبژاردنی ئەو بابەتانەی بڵاویان دەکەینەوە یان دەیان نووسین و وەریان دەگێڕین . .

**شێرکۆ بێکەس** : تۆ باسی ئەوەتکرد هەندێ بابەت لەدەرەوە بڵاودەکرێنەوە کە دەشێ لەناویشەوە بڵاوبنەوە ، بەڵام ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێ کەشتێك لەوێ بڵاوکرایەوە ناشێ لێرە بڵاوبکرێتەوە ، واتە ئەو بابەتە نرخی ئەدەبی و هونەریی نیە ، بە تایبەتی لە مەسەلە ستاتیکی و هونەرییەکاندا . بۆ نموونە ، شیعرێك یان چیرۆکێك ، جاری وا هەیە ئەو بەرهەمە لەوانەیە پەیوەندی بەشتێکی زەقەوە نەبێ ، بەڵکو پەیوەندی بەشتێکی مرۆڤایەتی یەوە یان بارێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە هەبێ کە دەشێ لە هەموو شوێنێك بڵاوبێتەوە . بەڵام تا چەند ئەو بەرهەمە بەپێوانەی هونەری و ستاتیکی گەورەیە ، لەوانەیە لێرەدا ئەوە ببێتە پێوانەیەك . ڕەنگە ئێستا زۆر چیرۆك یان شیعر هەبێ لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی وڵاتیشدا بڵاوببنەوە و بەرەنگاربوونەوەی سیاسی یان ئایدیۆلۆژییان تیدا نەبی بەڵام ئەدەبێکی بەرزیشن .

**ڕەفیق سابیر** : لەڕاستیدا برادەران لەگەڵێك قووڵ و لاوە باسی مەسەلەکەیان کرد و هەندێ خاڵی جیدیشیان دەستنیشان کرد . پێم وایە ئەوەندەی پەیوەندیی بە بابەتی هونەری و نووسینی ئەدەبی و داهێنانەوە هەبێ ، دەکرێ گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کورد بکرێتە سەکۆیەکی زۆر بەهێز و کۆششێکی زۆر جیدییانەی تێدا بکرێ بۆ ئەوەی ئاستی گۆڤارەکە و شێوەی دەرکردن و بەردەوامیی مسۆگەربکرێ . بەتایبەت لەو بوارەدا ، ڕەنگە وەك هەنگاوی یەکەم و سەرەتایەك ئاسانتر بتوانرێ کۆببنەوە ، بەو پێیەی کە بابەتەکان ئەدەبین و ئاستی هونەریی بابەتەکان دیاری ئەوە دەکەن ئەو بابەتە ئەدەبییە بڵاوبێتەوە یاخود نە" . کە لەو بابەتە دەرچووین و هاتینە لایەنەکانی دیکە ، گۆڤارێکی وەك یەکگرتن ، پەیڤ ، مامۆستای کورد بگرین ، بەشە ئەدەبییەکەی وەك پاشکۆی شەمەندەفەرێك سەیری دەکرێ و شتەکانی دیکە زیاتر بابەتی ئایدیۆلۆژی شێوە دیراساتی هەیە . من پێم وایە لەو بوارەشدا هەر گۆڤارە جۆرە هێڵ و ڕێبازێکی وا دیاری بکات کە لەبوارێکی " تخصص " ەوە نزیك ببێتەوە . بۆ نموونە ، ئێمە دەیان مێژوونووس و لێکۆڵەرمان لەدەرەوە هەیە ، بەڵام گۆڤارێکمان نییە تایبەت بێ بەمێژوو یان دیراساتی تر کە پەیوەندی بە بابەتەکانی مێژووییەوە هەبێ . جا لەو بوارەدا ، بۆ نموونە ، گۆڤارێکی وەك یەکگرتن دوای ئەوەی (١٢) ژمارەی لێ دەرچووە ، ئیتر دەبێ ڕێبازەکەی خۆی دیاری کردبێ بۆ ئەوەی زیاتر قورسایی خۆی بەسەر لایەکدا بخات . لەهەموو بارێکیشدا پرنسیپە دیموکراتیەکە زۆر زۆر گرنگە و پێویستە بۆ ئەوەی کۆمەڵە خەڵکێك لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە ، واتە گۆڤارەکە دەستپێشخەری بکات و ئەو خەڵکانە بدۆزێتەوە کە لە بواری " اختصاصی " ئەوەوە نزیك بن .

ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان کە بەتەماین گۆڤارێك : ڕابوون ، دەربکەین ، ڕاستە لەوانەیە سێ چوار بابەتی لێ دەرکەیت شتەکانی تری دەشێ لە گۆڤاری تریشدا بڵاوببنەوە ، بەڵام ئێمە هەست دەکەین کۆمەڵێك شتی تایبەتیمان هەیە وەکو مەسەلەی فیکری ـ ئەو فیکرەی لە بارە تەکتیکی یەکەیدا لەسیاسەت نزیك دەبێتەوە . جا لەبەر ئەوەی ئەم بابەتانە لەوانەیە جێی سەرنج و بایەخ پێدانی گۆڤارەکان نەبێ ، بۆیە بیرمان لەوە کردەوە گۆڤارێکی تایبەتی هەبێ و بەپەرۆشەوە بەرەو پیری کارەکە چووین . بەڵام کاتێك چووینە نێو کارەکەوە بینیمان کۆمەڵێك کۆسپ دێنە ئاراوە کە ڕەنگە ببنە هۆی ئەوەی گۆڤارەکە درەنگ دەربچێ یان نەتوانرێ دەربکرێ . بە هەر حاڵ من دیسانەوە ئەوە دووپات دەکەمەوە کە ئەگەر ئێمە هەوڵ بدەین لەسەر پرنسیپی دیموکراسی و ڕێزگرتنی بیروڕای یەکتر و قوڵبوونەوە لەدەوری ئەو شتانەی هاوبەشن و کۆمان دەکەنەوە ، کار بکەین ، پێم وایە دەشێ هەنگاوێك بنرێ ، بەتایبەتی مەبەستم لەو گۆڤار و بڵاوکراوانەیە کە ڕۆڵێکی ئەدەبیی ڕووتیان هەیە .

**شێرکۆ بێکەس** : کاك ڕەفیق ، من ژمارەیەك لەو گۆڤارانە بەدی ئەکەم کە لەڕووی ئایدیۆلۆجیشەوە بەقەدەر حیزبەکانی کوردستان لێك نزیکن . ئێستا زۆر حیزب هەیە ئەگەر بشبنە یەك ج شتێك لە مەسەلەکان ناگۆڕێ ، من لەگۆڤارەکانیشدا شتێکی وا بەدی دەکەم .

بۆ مەسەلەی ئەو نوێکارییەی بابەتەکانی لە دەرەوەی وڵات دەربڕینیان بۆتە پێداویستی یەك . بەبڕوای من هەندێ لەو گۆڤارانەی ئەمڕۆ بایەخ بەو مشتومڕە فیکریی و شارستانیانەی دنیا ئەدەن ، پێویستە ئاگایان لە تەییاراتی فیکری تازەی دنیاش بێ . ئێستا کۆمەڵێك تەییاراتی فیکری جیاجیا لەدنیادا هەیە ، ئەگەر ئەم گۆڤارانە بتوانن بەشێك لەو تەییاراتانە بە ڕۆشنبیری کورد بناسێنن ، کارێکی چاك دەکەن . بۆ نموونە ئێستا

لەبواری ئەدەب و زمان‌دا مەسەلەی زانستی زمانەوانی (اللسانیات) ،کە عەرەب ئەمڕۆ بایەخی پێدەدەن ، لەلای ئێمە ناسراو نی‌یە و شتێکی زۆر کەم دەربارەی دەزانین ، لەکاتێکدا ئەمڕۆ و ماوەیەکی زۆریشە ئەوروپا پێوەی سەرقاڵن . بەواتایەکی دی ، لێرەدا یەکێک لە کارکردنەکان بۆ نوێکاری ، بەستنی ئەو پردانەیە لەگەڵ ئەو تەیارانەدا کە تائێستا بەئێمە نامۆن و خوێنەر و وەسەتی ڕۆشنبیریی کورد نایزانن . لێرەشدا ئەرکی یەکەمی ئەم کارە دەکەوێتە سەر شانی ئەو ڕۆشنبیر و ئەدیبانەی بۆ ئەم مەیدانە شارەزای زمانەکانن و ئەتوانن قەڵەمی وەرگێڕانیان بخەنە کار . ئەمە یەکێکە لە بوارە هەرە گرنگەکان چ لەبواری ئەدەب دا و چ لە بواری ڕۆشنبیری و فیکری‌دا .

خاڵێکی تر ماوە کە حەزئەکەم دەستنیشانی بکەم ، ئەویش باسکرا . مەسەلەی ئەو ڕەش و سپی‌یەی باسکرا من بە تەواوی لەگەڵیدام ، وەك ئەوەی ئێمە زۆر فراوانتر تەماشای ژیان بکەین و فراوانتر بڕوانینە دیموکراتیەت و لە قوژبنێك یان چەند قوژبنێکدا زیندانیان نەکەین بەڵام بەبڕوای من ئەبێ ئاگاشمان لەوە بێ ، لەکاتێکدا باسی دەرەوەی خۆمان ئەکەین ، نەکەوینەوە هەمان هەڵەوە . بۆ نموونە ، لەکاتێکدا ئێمە باسی حیزبەکان ئەکەین ، ئەبێ ئاگامان لەوەبێ هەمان سەنگەر نەگرینەوە و بەقەدەر ئەوەی شتی ڕەخنەمان هەیە بیلێین ، بەڵام بەقەدەر ئەوەی شتی ئیجابیش هەیە باسی‌بکەین ،چ لە هەڵوێستی سیاسییان‌دا یاخود هەڵوێستی فیکرییاندا. چونکە من پێم وایە هەردوو ئەو شتانە لەهەر حیزبێك لەو حیزبانەدا ، کە خاوەنی ڕابردوویەکی تێکۆشانن ، هەیە و لەهەردوو بوارەکەدا ئەتوانین کەم و زۆر ئەو خاڵە بدۆزینەوە . واتە ، مەبەستم ئەوەیە ئێمە خۆمان نەکەینە بەدیلێك بۆ حیزبێك کەنابین ، لە هەمان کاتیشدا سنوور و دیوارێکی ئەوەندە گەورە دانەنێین کە وا بزانین ئەوان هەر لە ئێمە نین .من پێم وایە هەموو یەکتری تەواو ئەکەین ـ بەرەخنەی دیموکراتیانەوە و لە هەمان کاتدا بەدەستنیشانکردنی شتە ئیجابی‌یەکانی ئەو مەیدانانەشەوە ـ . من بەقەدەر ئەوەی پیاهەڵدان هەر هەمووی بەکارێکی نەگونجاو و ناتەواو ئەزانم ، پێشم وایە بەتەنیا سەرکوتانەوە یان ڕەخنەگرتن کارێکی نارەوا و ناتەواوە .

**خەبات عارف** : ئەوانەی کاك شێرکۆ دەستنیشانی‌کرد و زۆرجار باسیان لێوە ئەکەین و ئەیگێڕینەوە بۆ جیاوازی ئایدیۆلۆجی و جۆری بیرکردنەوە ، من بەش بەحاڵی‌خۆم ڕۆشنبیر ـ با من ڕوانگەیەکی چینایەتیم هەبێ‌و یەکێکی‌تر نەتەوایەتی ـ تێکەڵە لە هەموو ڕوانگەکان . لەم دنیایەدا ئەدیبێکی گەورە نادۆزیتەوە ناسنامەیەکی تایبەتی هەبێ‌و لەو ڕوانگەیەوە سەیری شتەکانی بکرێت . پرۆسەکە خۆی هەر وایە ، من و تۆ و برادەرێکی تریش ئەنجامی ئەو دیاردانەین کە لەکۆمەڵدا ڕووئەدەن . زۆربەی جاریش مەسەلە ئایدیۆلۆجیەکان قەبەئەکرێن و ئەڵێین مەسەلەکە ئایدیۆلۆجی‌یە ، بەڵام لەڕاستی‌دا وا نی‌یە و زیاتر هەندێ خاسیەتی تایبەتە بەمرۆڤی کوردەوە ، بەتایبەتی ڕۆشنبیری کورد . وەك لەپێشەوە باسکرا ، زۆربەمان وا بیرئەکەینەوە ئەوەی بەئێمە ئەکرێ کەسی تر ناتوانێ بیکات. ئەمە بێجگە لەزۆر دیاردەی تر کە بەبڕوای من نەخۆشین ، وەك خۆ دەرخستن . ئەوە بەبڕوای من زۆربەمانی گرتۆتەوە ، من بەش بەحاڵی خۆم لێ‌ی‌بەدوور نەبووم و ئێستا زیاتر وەك ڕۆشنبیرێك سەیری خۆم ئەکەم نەك وەك شتێکی تر جاران ناسنامەیم دابووە خۆم یان پێم درابوو . من لەو بڕوایەدام نەك هەر ڕۆشنبیر ، بەڵکو هەموو مرۆڤێك تێکەڵە لەو شتانەی لەدەوروبەری هەیەو لەوانەیە لە یەکێك لەو لایەنانەدا : هەڵس و کەوت و بیرکردنەوە و نووسین ، زیاتر ڕەنگی دابێتەوە ، بەڵام لەڕاستی‌دا نابێ وا سەیری ڕۆشنبیر بکەین کە ئەمیان هەڵگری بیری چینایەتی‌یە و ئەویان نەتەوایەتی و بە هەمان شێوە ، ئەمەش وامان لێ‌بکات یەك نەگرینەوە. بۆ نموونە ، شتێکی ڕاست نی‌یە بڵێین شێرکۆ بێکەس و ڕەفیق سابیر لەبەر ئایدیۆلۆجیەت ناتوانن پێکەوە کار بکەن . ئەگەر ئێمە فێری دیموکراتیەت نەبووبین یان فێری دیموکراتیەت نەکرابین ، ئەوا ماوەیەکی زۆری دەوێ بۆ ئەوەی فێری پێکەوە دانیشتن بین . مەسەلەکە لێرەشدا ئەوە نی‌یە ئێمە دیموکراتین یاخود نە، بەڵکو کێشەکە لەوەدایە من ئەو قەفەزە بشکێنم کەتیایدام بێمە دەرەوە ، تۆش لەقەفەزەکەی خۆت بێیتە دەرەوە ، بۆ ئەوەی بتوانین لەشوێنێکی تردا بەیەك بگەین و ئەگەر یەکتریش نەگرین ئەوا بتوانین قسە لەگەڵ یەکتر بکەین .

**شێرکۆ بێکەس** : دیوارێك هەیە کە پێویستی بە ڕوخاندنە ، ئەویش ئەوەیە ئێمە وامان سنوورەکان لە

مەسەلە فیکری و ئایدیۆلۆجی و سیاسی‌یەکانمان‌دا دائەنا کە ئەگەر تۆ لەگەڵمدا نەبی ئەوا دوژمنی . واتە لەنێوان دوژمنایەتی و دۆستایەتی‌دا شتێکی ترمان نەئەدی . ئێمە پێویستمان بەوەیە کە لە یەك دیدەبی رزگارمان بێ. واتە دەشێ من و تۆ لە چەند شتێکدا یەك نەبین ، بەلام با دوژمنیش نەبین ـ بەبۆچوونە تەقلیدی‌یەکە ـ با بتوانین پێکەوە دابنیشین و قسەش بکەین . ئێمە جاران ،رەنگە تا ماوەیەکی زۆری تەمەنیشمان وابووبێ ، ئەگەر لەفلان حیزب بووبین ، ئەگەر یەکێکی سەر بە حیزبێکی ترمان بدیبایە ، ئەبووایە مەرحەباشی نەکەین. ئەمە بەشێکە لەو نەریتەی ئەبێ نەهێڵرێ

**جەمشید حەیدەری** : ئێوە باسی سێ خاڵتان‌کرد ، یەکێکیان رەش و سپی‌یەکەیە کە لەژیانماندا چەسپاوە.هەتا ئێستا پەروەردەیەکی وەها کراوین ئەوەی لەگەڵماندا جیاواز بوو ، هەر شتێکی ووت رەتی بکەینەوە . لە ساڵی ١٩٥٩دا کامەرانی شاعیر و گۆرانی شاعیر سەر بە دوو ئاقاری جیاواز بوون . دیارە ئێستا زۆر شت گۆڕاوە ، دنیا گۆڕاوە و دیتنیش گۆڕاوە ، بەلام ئێمە تا چ رادەیەك خۆمان گۆڕاوین و تاچ رادەیەك بە بۆچوونەکانی خۆماندا چووینەتەوە . دیارە زۆر شت گۆڕاوە کە خەڵك نزیك دەکاتەوە ، ئەگەرچی لە ئاقاری فیکری جیاوازیش بن . بۆ نموونە ، بۆچوونمان لەسەر کورد و حیزبەکان و ئینتەرناسیۆنالیزم جۆرێك بوو، ئەمرۆ بەجۆرێکی ترە . بەهەرحاڵ ئەگەر ئێمە بتوانین بەخۆماندا بچینەوە و پێرەوی ئەو خاڵە بکەین کە دەڵێ : ئەوەی لەگەڵمدا نی‌یە مانای ئەوە نی‌یە دوژمنمە ، ئەوەش نەك هەر بەقسەکردن بەڵکو لەپراکتیکیشدا ، ئەوا شتێکی چاکمان کردووە .

خاڵێکی تر کاك حەمە سەعید و کاك هەڵکەوت بۆ ئەرکی رۆشنبیران باسیان‌کرد . دیارە باری رۆشنبیران‌لە دەرەوە و ناوەوە جیاوازە ، بەلام ئەوەی کە کۆمان‌دەکاتەوە خاڵێکە ، چونکە هەردوولا خەبات بۆ یەك شت دەکەن ، ئەگەر ئەوان لەناوەوە بۆ دروستکردنەوەی باری رۆشنبیریو ژیانی ئەدەبی و زمان و هەموو لایەنێکی کولتووری‌کوردی هەوڵ دەدەن و بەپێی ئەو ئیمکانیەتەی هەیانە، ئێمەش لەدەرەوە ئەوە دەکەین ، بەلام ئەو ئیمکانیەتەی لەبەر دەستی ئێمەدایە لەوەی ئەوان فراوانترە ، چونکە ئەو سانسۆرەی لەوێ هەیە ، لەلایەن دەسەلاتەوە هەیە، لای ئێمە نی‌یە . کەچی ئەوەی جێگای داخە ، ئەگەر بەراوردی ئەو بەرهەمانەی لەدەرەوە بلاودەبنەوە لەگەڵ ئەوانەی ناوەوەدا ـ لەو گۆڤارانەی لەسایەی‌رژێمەوە بلاودەبنەوە ـ ئەوە بەدی‌دەکەین ئەوانەی ناوەوە ئاستیان لەوانەی دەرەوە بەرزترە ، هەرچەندە ئەوانە لەبارێکی ناخۆشتردا دێنەئاراوە .

مەسەلەی گۆڤارەکەی کاك رەفیق باسی‌کرد . من لام وایە ئەدەب و فیکر لە یەکتر جیاناکرێنەوە ، چونکە مرۆڤ لەروانگەیەکی فیکری‌یەوە دەنووسێ ، بەتایبەتی ئەگەر لە رووی رەخنەی ئەدەبی‌یەوە بێت ، چونکە ئەدەب شتێکی رووت و ئەبستراکت نی‌یە و گرێدراوە بەفیکری نووسەرەکەوە. من لەو بروایەدام ئەگەر هاتو ئێمە هەموو هێز و توانامان یەکخست ، ئەوا دەتوانین شتێکی وەك ئەم گۆڤارە : " الفکر الدیمقراطي "،دەربکەین کە چەندین نووسەر سەرەرای جیاوازی بیروڕا و تێڕوانین تیا دەنووسن .بەلام بێگومان ئەوەش پەیوەندی بەوەوە هەیە هێزە سیاسی‌یەکان و مەڵبەندە کولتووری‌یەکان تا چ رادەیەك پشتگیری لێ دەکەن .چونکە دەرکردنی گۆڤارێکی وەها پێویستی بەو جۆرە پشتگیری‌یە هەیە ، بەلام بەداخەوە هەتا ئەمرۆ ئەو پشتگیری‌یە بۆ رۆشنبیران و نووسەرانی کورد نی‌یە. جگە لەوە هێزە سیاسی‌یەکان هەوڵیان نەداوە هانی گەشەپێدانی شتی فیکری و رۆشنبیری بدەن . بۆ نموونە، نووسەرانی کوردستان لە پێشەکی ژمارە (١٧و ١٨)دا دەربارەی بلاوکردنەوەی گۆڤارەکەیان ، کە بە جۆرێکی وا چاپکراوە زۆر جیاوازە لەوەی ژمارە (١٦) ـ بەرۆنیۆ راکێشراوە ـ گلەیی لەو هێزانە دەکەن کە یارمەتیان نادەن . دیارە لێرەدا ئەرکی رۆشنبیران و نووسەرانی دەرەوەیە بروا بەوانەی ناو هێزەکان بێنن کەتا کولتوور و ئەدەب و زمان خزمەت نەکرێن ئەرکی ئەوانیش جێ‌بەجێ ناکرێ ، چونکە ئەوانیش بەشێکن لەوان ،بەلام ئەوەی جێی داخە هەتاکو ئێستا ئەوان هەست بەو شتە ناکەن . بۆ نموونە ، ئەگەر بروانینە کوردستانی خومان، هەشت نۆ رۆژنامە لەلایەن هێزەکانەوە بلاودەکرێنەوە ،ئەگەر سەیریان بکەین ، دەبینین ئاستیان زۆر نزمە ، نەك هەر لەرووی شێوەوە ، بەڵکو لەرووی ناوەرۆکیشەوە . دەبێ ئێمە نووسەرانی ناو ئەو هێزانە و هێزەکانیش بگەیەنینە ئەو بروایەی کولتوور موڵکی هیچ لایەنێك نی‌یە و موڵکی میللەتێکە ، شیعری شاعیرێك و چیرۆکی چیرۆکنووسێك موڵکی ئەو کەسانە نی‌یە،بەڵکو موڵکی میللەتێکە . بۆ

نموونە گۆران و هەژار موڵکی حیزبێک نین ، بەڵکو هی میللەتێک . بەداخەوە ئێمە تاکو ئێستا لەوە ڕزگارمان نەبووەو خۆشمان وەهاین . جا ئەگەر ئێمە توانیمان خۆمان ڕزگار بکەین ئەو کاتە پێمان دەکرێ هەنگاو بۆ شتی تر بنێین .

**شێرکۆ بێکەس** : ئەوەش هەر دەمانباتەوە سەر ڕەهایی‌بوونی تێڕوانین کە من لێرەدا تێبینی‌یەکی کەم لەسەری هەیە . بەبڕوای من هەڵوەستەکردن بەرامبەر بە ڕەهایی‌بوونی ڕوانین ئەبێ وامان لێ‌بکات چاو بە ڕەهایی‌بوونی زاراوەکانیشدا بگێڕینەوە . واتە کۆمەڵێک زاراوە هەیە ئەنجامی ڕەهایی‌بوونە ، وەك ترسنۆك و پاڵەوان یان هەرچی‌یەکی لەمانە . پێویستە سەر لەنوێ چاو بەزۆربەی زۆری ئەو زاراوانەدا بگێڕینەوە کە لای ئێمە تەواوبوون و چەسپاون . بۆ نموونە پێویستە ئێمە بەزاراوەی وەك پێشکەوتنخواز ، کۆنەپەرست ، چەپ و ڕاست دا بچینەوە ، چونکە ئەگەرچی ئەمانە کۆڵەکەی خۆیان هەر مابێ ، بەڵام ڕەنگە لەسەردەمی ئەو گۆڕانە گەورەیەی لەدنیای فیکر و شارستانیەت دا هەیە، کەڵێك یان هەندێك لەوانە جێگەیان پێ‌لێژبووبێ . مەبەستم ئەوەیە بە ڕەهایی‌بوونی زاراوەدا بچینەوە ،ج لەئەدەبدا ، ج لە مەسەلە سیاسی و فیکری‌یەکاندا .

**هەڵکەوت عەبدوڵا** : من تێبینی‌یەکم لەسەر تێڕوانینی نوێکردنەوە و خۆگۆڕین هەیە . بەڕاستی لەم دووساڵەی دواییدا زۆر باس لە نوێکردنەوە و خۆگۆڕین دەکرێ . بێگومان من خوازیاری ئەو نوێکردنەوە و خۆگۆڕینەم و هەوڵیش دەدەم لەژیان و کار و نووسینەکانی خۆمدا لەبەرچاویان بگرم ، بەڵام لێرەدا دەپرسم : نوێکردنەوە و خۆگۆڕین بە ج ئامرازێك ؟ ئایا ئێمە دەتوانین بە عەقڵی کۆن ئەوە ئەنجام بدەین و کۆن نوێ‌بکەینەوە ؟ئایا ئێمە دەتوانین ئەو نوێکردنەوە و خۆگۆڕینە بەو ئامرازانە ئەنجام بدەین کە لەرابردوودا هەبوون ؟ ئایا نوێکردنەوە و خۆگۆڕین دیاردەیەکی میکانیکین و دەشێ بەگۆڕینی چەند شتێکی ڕواڵەتی بهێنرێنە ئاراوە ؟ من لەو بڕوایەدام ئەو میکانیکیەتی بیکردنەوەیەی ئەم دووساڵە تەنانەت بەسەر ئاستی فیکریی دنیاشدا زاڵە وای‌کردووە لەو بڕوایەدا بین ئەگەر لەحیزبێکی دیاریکراو هاتمەدەرێ و کۆتاییم بەئەندامێتی خۆم هێنا و پشتگیریکردنی خۆم بۆ ئایدیۆلۆژیەتی حیزبەکە وەستاند و خواستی نوێکردنەوە و خۆگۆڕینم ئاشکراکرد ، ئیتر من گۆڕاوم . لەراستیدا ئەوە گۆڕان نیە ، چونکە زۆرجار ئەو گۆڕانە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و درێژخایەن دەبێ و گەڵێك جاریش کۆن بەژێرانە لەقاڵبی نوێدا خۆی دەنوێنێ و بەجەماوەر دەفرۆشرێتەوەو سەردەمێکی دی پێوەی سەرقاڵ دەبنەوە .

کاك شێرکۆ باسی ئەوەی کرد کە دەبێ ئێمە پرسیار بەرامبەر ڕەهایی‌بوونی زاراوەکان دابنێین ، من دەڵێم کاتی ئەوە هاتووە پرسیار بەرامبەر هەموو شتێك دابنێین. بۆ نموونە ، پێویستە ئێمە پرسیار بەرامبەر عەقڵیەتی کورد لەهەموو بوارەکاندا و فیکری زاڵ لەناو کورددا دابنێین . چونکە وەك ئاشکرایە میللەتی کورد" دواکەوتووە" ، ئەو دواکەوتنەش پێویستی بەوە هەیە کە بۆ چوونە پێشەوە (نهضة) یەکی ڕۆشنبیریی بەرپابکرێ . بێگومان هەر شۆڕشێك یان بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێری مەزن بەبێ بوونی ڕۆشنبیری‌یەکی هاوچەرخ و فیکرێکی دەوڵەمەند مەحاڵە بەرپابکرێ و سەرکەوێ . یەکێك لەو شتانەی بۆ ئەم کارە مەزنەش پێویستە ، پەرەپێدانی بزووتنەوەی وەرگێڕانە، واتە هەوڵ بدەین شان بەشانی ئەو گۆڤارانەی هەن و جار بەجار بابەتی وەرگێڕدراو بلاودەکەنەوە ، گۆڤارێکی‌تایبەت بە وەرگێڕان لەهەموو بوارەکاندا بێنینەئاراوە و گروپێکی کاری بۆ تەرخان بکەین کە هەڵسن بە وەرگێڕانی هەموو ئەو شتە تازانەی لەدنیای ئەمڕۆدا هەیە . بۆ نموونە ئێمە زۆر پشتمان بە عەرەبی و فارسی بەستووە بۆ بواری ڕۆشنبیریمان . بەڕاستی ئەگەرچی ئەو دوو سەرچاوەیە لە ئێمە دەوڵەمەندتر و پێشکەوتووترن ، بەڵام لە چاو ئاستی جیهانی‌دا دوو سەرچاوەی هەژارن .ئێمە لە دوورەوڵاتی‌دا چەندین گۆڤار و سەرچاوەی ئەدەبی و هونەریی و فیکریمان لەبەردەستدایە کە چەندین بابەتی نوێیان تێدایە ، ئەگەر چاوەڕوانی ئەوەبین لە عەرەبی و فارسی‌یەوە وەریان‌گێڕن، ئەوا زۆر دوادەکەوین و ئەو بابەتانەش نرخی ڕاستەوخۆیان نامێنێ و کۆن دەبن . بۆ نموونە کاك شێرکۆ لەقسەکانی خۆیدا هێمای بۆ زانستی زمانەوانی کرد کە بەشێکی بنەماگەری پێك دێنێ، ئەم تەبیارە فیکری‌یە لەکۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا لە فەرەنسا بالادەست و زاڵ بوو ، کەچی تازە عەرەبەکان بابەتی جۆربەجۆریان لەسەر دەنووسن و سەرچاوەکانی دەکەنە عەرەبی . بۆیە ئەگەر بمانەوێ زەمینە بۆ نوێکاری خۆش بکەین ، پێویستە شت لەدەستی

بەکەمەوە نەك دووەم و سێیەمەوە وەربگرین و سوودیان لێ وەربگرین . هەروەها پێویستە نووسینەکانیشمان دەربارەی ئەو بابەتانە بن کە زیندوون و زیاتر پەیوەندییان بە بنچینەکانی کۆمەڵگای کوردەوە هەیە .

خاڵێکی تر کە دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم وپەیوەندی بە نوێکردنەوەکەشەوە هەیە ، مەسەلەی ڕەخنەگرتنە ، واتە بوونی هوشیاری‌یەکی ڕەخنەگرانە . ئەوەی ڕاستی بێ ئەمڕۆ ئێمە لە هەموو ڕۆژێك زیاتر پێویستیمان بەهوشیاریی ڕەخنەگرانە هەیە ـ مەبەست لە ڕەخنە لێرەدا ئەو جۆرە نی‌یە کە سەردەمێکی دیاریکراو لەژێر کاریگەریی ڕەهایی بووندا زاڵ بوو بەسەرماندا ـ لە هەموو بوارەکاندا : مێژوو ، سیاسەت ، فیکر ، ئەدەب و ئەوانی تر. جگە لەوە پێویستیمان بە جورئەتی ڕەخنەگرانە هەیە کە بە داخەوە لەناو ڕۆشنبیرانی ئاوارەیی‌دا بەدی ناکرێ ـ ڕەخنەمان هەیە ، بەڵام جورئەتی ڕەخنەگرانەمان نی‌یە کە هوشیارییەك بنیات بنێ ـ .

**شێرکۆ بێکەس** : من یەك دوو شتم هەیە بەرامبەر قسەکانی تۆ . دیارە مەسەلەی ناسینی ئەو تەییارە فیکری و شارستانیانەی ئەم سەردەمە و وەرگێڕانیان وەك هیوایەك کە چاومان تێ بڕیوە ، ڕۆژگارێکی دوور و درێژی دەوێ ، با قسە لەسەر ئەوە بکەین کە ئێستا بە ئێمە دەکرێت . ئەو نووسەرانەی شارەزای زمانن بە مەبەستی ناسین سەرتوێژی ئەو تەییارە فیکرییانە لەڕێگەی ئەو گۆڤارانەی هەن بە خوێنەر بناسێنن ، ئینجا لە دواییدا بایەخ بە دیراسەت بدرێ بۆ قوڵبوونەوە تیایاندا .

**حەمەسەعید حەسەن** : من لەسەر سەرجەمی ئەو شتانەی باسکران تێبینیم هەیە . بۆ نموونە کاك هەڵکەوت و کاك جەمشید باسی مەسەلەی خزمەتی ڕۆشنبیریی کوردیان کرد . بەڕاستی ئێمە نابێ مەسەلەکە وا بە ڕەهایی باس بکەین ، چونکە کۆمەڵێك بیر و بۆچوونی جیاواز بەرامبەر مەسەلەی ڕۆشنبیری هەیە و ڕۆشنبیر تەنیا یەك لایەن نی‌یە ، روشنبیری پیشکەوتنخواز هەیەو ڕۆشنبیر هەیە لەخزمەتی چینی دەسەڵاتداردایە . بۆیە ڕاست نی‌یە بڵێین لەخزمەتی ڕۆشنبیریی کوردیدا . من بۆ خۆم لەڕوانگەیەکی چینایەتی‌یەوە ئەڕوانمە ڕۆشنبیری و ئەوەندەی پێم بکرێ هەرچی توانایەکم هەیە بیخەمە خزمەتی ئەو ڕۆشنبیری‌یەوە کە خزمەتی چینی زەحمەتکێش و چەوساوەکان ئەکات و لەخزمەتی داهاتووی ئەواندا ئەبێت .

کاك شێرکۆ باسی ئەوەی‌کرد کە مرۆڤ ڕەخنە لە لایەنێکی سیاسی ئەگرێ ، تەنیا باسی لایەنە تاریکەکان ئەکات . بەڕاستی دەمێکە ئەوە ئەوترێت کە نووسەر ڕەخنەئەگرێت ، ئەبێ لایەنی ئیجابی و سەلبی باس بکات . من وای بۆ ئەچم کۆمەڵێك ڕێباز و قوتابخانە هەیە لەبارەی ڕەخنەوە ، واتە ڕەخنەگری وا هەیە لەڕووی سایکۆلۆژی‌یەوە ئەڕوانێتە بەرهەمە ئەدەبی‌یەکان ، هی‌تریش هەیە لەڕووی ماددی‌یەوە تێیان ئەڕوانێ ، بنەماگەریش لەنێوانیاندایە ، نە ئەمیشیانە و نە ئەویشیان . جا مەرج نی‌یە ئەوەی ڕەخنەی‌گرت ، خشتەیەك دروست بکات و لایەنە ئیجابی‌یەکانی ئەو لایەنە سیاسی‌یە یان ئەدیبە لەم لاوە بنووسی و لایەنە سەلبی‌یەکانیش لەو لاوە .

سەبارەت ئەوەی ڕۆشنبیران و نووسەران بەهاوکاریی حیزبە کوردستانیەکان لەڕاژەی ڕۆشنبیریی کوردی‌دا بن . من وا هەست ئەکەم ڕۆشنبیر چ لە کوردستان و چ لە ئەورووپا لەناو حیزبە کوردستانیەکاندا خۆی بەنامۆ ئەزانێ و بۆچوون و تێڕوانینی ڕۆشنبیر لەگەڵ بۆچوون و تێڕوانین و ئایدیۆلۆجیەتی‌ئەو حیزبانەدا نزیك نین و هەر یەکێ لە دۆڵێکدان . ڕۆشنبیر ، بێجگە لەچەند جۆری‌نامۆیی کە لێرە یان کوردستان تووشی بووە ، تووشی ئەو نامۆییەش بووە کە هەست ئەکات بۆشاییەکی گەورە لەنێوان خۆی و ئەو حیزبە کوردستانیانەدا هەیە .

کاك هەڵکەوت باسی جورئەتی ڕەخنەگرانەی کرد . بە ڕاستی لەوانەیە لێرە (لەئەورووپا) مەسەلەی نووسین پێویستی بە جورئەتێکی وا نەبێ ، چونکە خەڵك ئەتوانێ ئەو شتانەی ئەیەوێ ،لێرە بیڵێ و ئەگەر گۆڤارێك بڵاوی نەکردەوە بە نامیلکەیەك چاپی بکات . بەڕاستی ئەو جورئەتە لەژێر سایەی ڕژێمە سەرکوتکەرەکاندا ، لەژێر سایەی حیزبە کوردستانیەکاندا ، کە کەم تا زۆر سەرکوتی ڕۆشنبیر ئەکەن ، بەتایبەتی کە لەو سنوورەی تێپەڕکرد کە ئەوان بۆیان هەزم ناکرێ ، کارێکی سەختە .

**هەڵکەوت عەبدوڵڵا** : لێرەدا بەچاکی دەزانم خاڵێك ڕوون بکەمەوە . مەبەستم لە جورئەتی ڕەخنەگرانە ئەوە نەبوو مرۆڤی ڕەخنەگر ترسی هەبێ لەڕەخنەگرتن بەهۆی سەرەنجامەکانی‌یەوە ، بەڵکو مەبەستم ئەوە بوو جورئەتێکی

فیکری تەواوی هەبێ بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی خۆی و سڵ لەوە نەکاتەوە بیروڕا لەسەر بەرهەمەکەی چی دەبێ. چونکە ئەم جۆرە ڕەخنەیەی پشت ئەستوورە بەفیکر و لە بنچینەی فیکری پتەوەوە ئاڕاستەدەکرێ،لەناو ئێمەدا نەبووە .

**حەمەسەعید حەسەن** : ئەوە ڕاستە لەهەموو بوارێکدا، بابڵێین لە بواری مێژوودا (بۆ نموونە) زۆر کەس لەسەر کۆماری مەهاباد نووسیویانە ، کە هاتوونەتە سەر هەڵوێستی سۆڤیەت ، نەیانتوانیوە بەجورئەتەوە بڵێن هەڵوێستی سۆڤیەت ئاوەها بووە . لایەنێکی تر کە هەر تۆ باستکرد ، زمانی دەربڕینە کە نەبێتە تەگەرە بۆ بڵاوبوونەوەی بابەتێك لەگۆڤارێکدا . بەڕاستی مەسەلەی زمانی دەربڕین بەبیانوو ئەزانم ، ئەگینا نووسەری ڕاستەقینە ئەگەر بیەوێ شتێ بڵێ ، نابێ سڵ لەوە بکاتەوە ئەو شتە لایەنێکی پێ بریندار ئەبێ یان لایەنێکی پێ تاوانبار ئەبێ . هەندێ جار نووسەر پێویستی بەوەیە شت بەرەقی و زەقی بڵێ . زۆرجار تۆ حەقیقەتێك دەڵێیت لایەنێك پێی بێزار ئەبێ و پێی ناخۆشە .

**هەڵکەوت عەبدوڵا** : من تێبینی‌یەکم لەسەر ئەوەش هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێ بە دەیان شێوە مەبەستەکانی خۆی بگەیەنێ و هەمان جورئەتیشی تێدابێ و هەمان مەبدەئیەتیش بپارێزێ ، بەڵام کاریگەریی جیاوازی هەبێ . بۆ نموونە ، ئەگەر من بمەوێ ڕەخنە لەچینی دەسەڵاتدار بگرم ، دەشێ ڕەخنەکە بە شێوەیەکی وەها بگرم کە هەمان ئامانجی مەبدەئی و فیکری هەبێ،بەڵام پێویست بەوە نەکات هەندێ ووشە بەکاربهێنم ، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی حیساب بۆ دەسەڵاتدارەکان دەکەم ، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ڕێزی خوێنەر دەگرم و حیساب بۆ ئەوە دەکەم ئایا خوێنەر بەشێوازێکی گونجاو ڕابکێشم بە لای ئەو هوشیاری‌یەدا کە هەوڵی هێنانەئاراوەی دەدەین یاخود بەو ووشانەوە سەرقاڵی بکەین کەهیلاکی‌دەکەن؟من لەدوورەوڵاتی ئەوەم بەدی‌کردووە ئەو شێوازە نووسینەی کە دەشێ لەناوەوە قبوڵ‌بکرێ لێرە ئەو کاریگەرییەی نی‌یە . هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خوێنەر لەژێر کاریگەریی ڕاگەیاندن و باری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتانەدایە و زیاتر شێوازی ئەمانی بە دڵە بۆ مامەڵە

کردن و دەربڕین . جا ئەگەر ئێمە هەر سووربین لەسەر ئەوەی بەو شێوازەی ناوەوە بۆ ئێرەش بنووسین ، ئەوا دیوارێك لەنێوان خۆمان و خوێنەردا دروست دەکەین . من دەمەوێ ئەوە دووپات بکەمەوە کە مەبەستم لەوانەی دەرمبڕین نەرمی‌نواندن نی‌یە بەرامبەر دەسەڵاتداران کە هەمیشە دەبێ مەبدەئیانە بەرامبەریان بوەستین، بەڵکو دۆزینەوەی چاکترین ئامرازە بۆ کارکردنە سەر خوێنەر و ڕاکێشانی بەلای ئەو هوشیاری‌یەی پێویستی‌یەتی .

**شێرکۆ بێکەس** : دووسێ شت هەن ئەمەوێ بەخێرایی باسیان بکەم . یەکێك لەو مەسەلانە کە باسمان نەکرد و پێویستە گۆڤارەکان بایەخێکی تایبەتی و تازە و نوێکاری پێبدەن ، مەسەلەی مێژووی میللەتی کوردە . چونکە لەشوێنێکی وەکو ئەوروپادا و بەهۆی ئەوەی کۆمەڵێك ڕۆشنبیر و ئەدیب کەوتوونەتە ئەم وڵاتانە و ڕەنگە بەشێکی باشی زمانی ئەو وڵاتانە بزانێ . ئێمە گەڵێك سەرچاوەی مێژوویی‌مان وونە ، یان دەستمان نەکەوتووە و ئەتوانین ئەوە بکەینە دەرفەتێك بۆ ئەوەی ئەوانە چ وەك بەڵگەنامە و چ وەك دیکۆمێنت، کە پەیوەندییان بە مێژووی دوور و نزیکی میللەتەکەمانەوە هەیە،دەستمان بکەون و جارێکی‌تر لێ‌یان بکۆڵینەوە .

مەسەلەی ئەو شتەی کاك‌حەمەسەعید هێمای بۆ کرد ، مەسەلەی ڕەخنە ، منیش لەگەڵ ئەو ڕایانەدام کە کاك هەڵکەوت دەریبڕی و جوانیشی دەربڕی ، بەڵام کە ئەوتری فلانە ڕەخنەی سایکۆلۆژی ئەگرێ ، خۆ لە سایکۆلۆژی خۆشی‌دا بەشی زۆر هەیە و ئەو ئیجابی و سەلبی‌یەی باسیش ئەکرێ،لەویشدا هەیە . کە باس لە حیزبێ یان ئاکەسێ ئەکەین ، با هەوڵ بدەین ئەوەندەی ئێمە بە ڕاستی‌ی ئەزانین بیلێین و خۆمان لە ڕاستی‌ی نزیك بکەینەوە ، واتە ڕاستی‌یەکان بڵێین بەقەدەر ئەوەی لەم لایەنە یان مرۆڤەدا ئەم شتە ئەبینێ شتی تریش ببینێ . چونکە بە ووتنی هەردوولایەنەکە ڕەخنەکەمان کامڵ دەبێ .

مەسەلەی حیزبەکان و ناوۆیی و خەڵکەکان ، ئەمە پێویستی بە گفتوگۆی زۆرە و دەشێ هەندێك ڕایان وابێ و هەندیکێ تر وا بیرنەکەنەوە ، بەڵام ڕەنگە سەرجەمی هەموو ئەو حیزبانەی ئێمە لەگەڵیانداین یان لەگەڵیاندا نین ، سەرجەمی ئەو ڕیانە ، ڕای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دروست بکات . لەوڵاتێکی وەك سوێددا هەر

حیزبەکانی ئێرە ڕای خەڵکی ئەم وڵاتەن . ئەمە بەو مانایە نی‌یە بۆمان نی‌یە بەرامبەر ئەو حیزبانە ڕای‌خۆمان دەربڕین و بیروبۆچوونی خۆمان نەبێ.

**ڕەفیق سابیر :** بەڕاستی باسکردن لە گیروگرفتی کولتووری کوردی ڕامان دەکێشێتە نێو باسکردن لە گیروگرفتی فیکری بزووتنەوەی کورد ، باسکردنێك کە پەیوەندی هەیە بەژیانی چەوساندنەوەی گەلەکەمانەوە و لەلایەنێکی پراکتیکی‌یەوە دڕێژبوونەوەی هەیە بۆ لایەنە فیکری‌یەکان . من پێم وایە فیکری کورد کۆمەڵێك ڕێباز و بۆچوونە ، ئەوەی کاك حەمەسەعید هێمای بۆ کرد ، ئاقارە فیکری‌یە کوردستانیەکەی پشت بەمارکسیزم دەبەستێ و نەتەوەییەکەی پشت بەفیکری دیموکراتخواز دەبەستێ . لەڕاستی‌دا تەنگوچەڵەمەکە هەر هەموویانی گرتۆتەوە . ئەمەش کۆمەڵێك هۆکاری تایبەتی هەن کە بەبەراوردی ئەو هۆکارە لەگەڵ ئەم واقیعە ، چ واقیعە کوردستانیەکە بگرین یان واقیعە جیهانی‌یەکە ، تەنگوچەڵەمەی فیکر و کەلتوورەکە لەوێ وە دەردەکەوێ یان قرچۆکی هەندێ فیکری دۆگما و ئایدیا و بۆچوون کە چ بە بەراوردکردن لەگەڵ واقیعە کوردستانیەکە و ئەنجامەکانی ئەو فیکرە و چ بە بەراوردکردن لەگەڵ ئاستی گەلی تر زۆر بەزەقی دەرك بەو تەنگوچەڵەمەیەی دەکرێ . جا لێرە هەندێ‌لایەنی گرنگ‌باسکرا کە بەهەنگاوێکی جیدی دادەنرێ بۆ دەربازبوون یان هەوڵدان بۆ خۆدەربازکردن لەو تەنگوچەڵەمە و قاوخەی کە بەداخەوە نەئێمە دەتوانین بە تەنیا چەرەسەرێکی جیدی بۆ بدۆزینەوە و نە دەزگایەکی کولتووری و فیکری واش هەیە کە ئێمە بتوانین توانای خۆمانی تێدا بخەینە گەڕ و بتوانین ئەوە بکەین . ئەوەی پەیوەندی بە لایەنە سیاسی‌یەکانەوە هەبێ ، لەڕاستی‌دا یەکێك لە تراجیدیای بزووتنەوەی کورد لەوەدا دەبینم کە هیچ بەرنامەیەکی کولتووریی گشتی ، چ لە لایەنە ڕاگەیاندنەکە یاخود لایەنی ترەوە ، نی‌یە ، بەڵام زۆر لە سەر ئەم لایەنە ڕاناوەستم .

سەبارەت بە گۆڤارێکی تایبەت بە وەرگێران ، کە کاك هەڵکەوت باسی کرد . من ئەوە بەکارێکی زۆر پێویست دەزانم ، بەڵام دیسانەوە دێینەوە سەر ئەوەی کێ دەری دەکات ؟ چۆن ئێمە ئەو کۆمەڵە خەڵکەی لەو بوارەدا توانایان هەیە کۆبکەینەوە بۆ هەڵسان بەو کارە؟ لەڕاستی‌دا ئێمە کۆمەڵێك شت دەبینین ، بەڵام هەر یەکێك لەئێمە خاوەنی توانایەکی دیاریکراوە . ئەو چاوپیاداگێڕانەوە ڕەخنەگرانە و هوشیارنەیەش بۆ سەرجەمی فیکری کورد ، بەڵام وەك کاك هەڵکەوت ووتی بە میتۆدێکی تر و لەڕوانگەیەکی نوێ و بەعەقڵێکی شارستانیانەی نوێ ، ئەمەش پێم وایە ئەوەندەی کارێکی بەکۆمەڵە (کۆلێکتیڤی) لەهەمان کاتدا کارێکیشە لە هەر یەکێکمانەوە دەست پێدەکات . جا لەو ڕووەوە هیوادارم ئەم دیدارە ( دانیشتنە ) سەرەتایەك بێ بۆ ئەوەی‌ئێمە لەئاستی نووسەران‌دا بتوانین لەچوارچێوەی یەکێتی نووسەران دا بیر لەوە بکەینەوە و پلان دابڕێژین بۆ ئەوەی ئەوەی پەیوەندی بە ئەدەب و کەلتوورەوە هەیە ئەنجامیان بدەین .

**شێرکۆ بێکەس :** ئەوەی تۆ مەبەستتە ، جێ‌بەجی‌کردنی پەیوەندی بەبوونی کۆمەڵێك دامەزراوەوە هەیە نەك بە توانای تاکەکەسەوە .

**ڕەفیق سابیر :** من پێم وایە لایەنە داهێنانە ئەدەبی‌یەکەی ، ئێمە (یەکێتی نووسەران) دەتوانین ـ ئەگەر بەکۆمەڵ بیر لەوە بکەینەوە چ هەنگاوێك پێویستە بنرێ ـ شتێك بۆ لایەنە ئەدەبی‌یەکە بکەین . لایەنەکەی تریش ، هیوادارم ئەم دیدارە ببێتە سەرەتایەك بۆ کردنەوەی مشتومڕێکی جیدی لەنێوان ڕۆشنبیران‌و ئەوانەی لەبواری زانستی کۆمەڵایەتی و مێژوو و فیکردا کاردەکەن .

**خەبات عارف :** من لەو بڕوایەدام ئەوەی لایەنی دەسەڵاتە و تا دوێنێ نەیهێشتووە دەنگمان دەربچێ ، لێرە بەشێوەیەك لە شێوەکان لە سانسۆردا ئەیبینمەوە . زۆربەمان بەر گوێمان کەوتووە فلان بابەت لاوازە بۆیە بلاوناکرێتەوە . من باوەڕم وایە ئەمە خۆی لەخۆیدا سانسۆرە . ئەمەش پەیوەندی بە ناوەوە و دەروونی زۆربەمانەوە هەیە کە لەشوێنێکدا ، پلەیەکدا ڕاوەستاوین‌و بەچاوی هەڵۆ سەیری دەوروبەرەکەمان ئەکەین . ئەوە وای کردووە کە خۆمان بەخاوەنی سەرەکی ئەو کارە ڕۆشنبیری‌یە بزانین ، بێجگە لەوەش وای‌کردووە کە هەندێك دەنگی تازە ، هەندێ خەڵك نە لەناوەوە و نە لەدەرەوە زەمینەی بلاوبوونەوەی بەرهەمەکانیان بۆ نەڕەخسێ کە ئەشێ ئەمڕۆ کاڵ وکرچ بن، بەڵام لەداهاتوودا بەپێزترین . بەڕای من هەر گۆڤارێك پاکانە بۆ ئەمە بهێنێتەوە ، خۆی لە

خۆیدا سانسۆر ئەچەسپێنێ . لێرەشدا من بڕوام بەوەیە کە سانسۆر تەنیا پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە نی‌یە، بەڵکو زۆرجار لەسنووری دەسەڵات ئەچێتە دەرەوە و پەیوەندی بە ناوەوە و دەروونی ئەو کەسانەوە ئەبێ کە دەسەڵاتیان بەسەر کارەکەدا هەیە .

لە قسەکاندا باسی ڕۆڵی ئەدیب لەناوەوە و دەرەوە کرا و پرسیار دەربارەی ڕۆڵی هەر یەکێکیان کرا . من هیچ پەیوەندی‌یەکم بە ئەرکی ئەدیب لە ناوەوە نی‌یە، چونکە ئەوە خۆی دیارە و لەلایەن ئەدیبانی ناوەوە خۆیان دیاری ئەکرێت . بەبڕوای من ئەرکی ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورد لە دەرەوە بەپلەی یەکەم گەیاندنی دەنگی هەم ئەوانەی ئێرە و هەم ئەوانەی ناوەوەیە بە دنیا ، بەهەمان شێوەش گەڕانەوەیە لەلای ئەوانەوە بۆ لای‌خۆمان، واتە هەبوونی پەیوەندی‌یەکی دوولایەنە لەنێوان ڕۆشنبیریی جیهانی و ڕۆشنبیریی میللەتی کورددا .

**حەمەسەعید حەسەن** : دەربارەی ئەوەی کاک هەڵکەوت سەبارەت مەسەلەی گۆڤارێکی تایبەت بەوەرگێران دەریبڕی . بەڕاستی من پێم باشە باسی ئەو ئەرکانە بکەین کە ئەتوانین جێ‌بەجێیان بکەین . بەڕاستی ئێستا ئەو تەنگوچەڵەمەیەی ڕۆشنبیریی کوردی تیایە ئەوە نی‌یە کە گۆڤارێك نی‌یە شتی وەرگێڕانی تیا بلاوبێتەوە، بەڵکو هۆی تەنگوچەڵەمەکە ئەوەیە گۆڤار زۆرە، بەڵام شتی‌وەرگێڕدراو نی‌یە بلاوبکرێتەوە . یەکێك لەو هۆیانەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانمان ناچارئەبن شتی لاواز بلاوبکەنەوە ئەوەیە ئەوانە زۆرن و نووسەر و ڕۆشنبیری ڕاستەقینە کەمن . بۆ نموونە گۆڤاری " الثقافة الأجنبية " کە لەعیراق دەرئەچێ گۆڤارێکە لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە ، بەڵام ئەمە دەزگای گەورە بەڕێوەی ئەبات و ڕۆشنبیرەکانی عەرەب لە هەموو وڵاتە عەرەبیەکانەوە بەشداری تیائەکەن، ئەو هەموو توانایە ئینجا ساڵێ تەنیا چوار ژمارەی بلاوئەبێتەوە . ئەشێ مەسەلەکە پەیوەندی بە کەمتەرخەمی‌ی ڕۆشنبیرانی کوردەوە هەبێ ، بەڵام بەڕاستی بەشێکی زۆریشی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە نووسەران لەدەرەوەی وڵات ، بەدەر لە ویستی خۆیان ، ناچار ئەکرێن کارێکی تر بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بژین . بەڕاستی ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکەش پێویستی بە کات هەیە ، وەك کاك ڕەفیق ووتی ، ئەگەر دەزگایەکی وا هەبێ بتوانێ کۆمەڵێك ڕۆشنبیر بژێنێ، ئەو کاتە ئەو نووسەرانە ئەتوانن گۆڤارێکی وا بەڕێوەبەرن .

**جەمشید حەیدەری** : کاك ڕەفیق باسی ئەوەی کرد بزووتنەوەی کورد پڕۆگرامێکی کولتووری نەبووە ، جگە لەوە باس لەوە کرا کە دەزگایەك نی‌یە ئەو کارانە لەباوەش بگرێ . ئێستا ئێمە دەوڵەتێکمان نی‌یە کە بتوانێ ئەو جۆرە دەزگایە دامەزرێنێ . بەڵام لەگەڵ ئەوشدا ئەگەر حیزبەکان هەوڵیان بدابایە ، دەیانتوانی دەزگایەکی وەهایان هەبێ یارمەتی ئەو شتانە بدات .

هەروەها باسی ئەدەبی حیزبیمان (ملتزم) کرد . ئەوەندەی بێتەوە خەیاڵم مشتومڕی نێوان ڕوانگە و نووسەرانی تر بەشێکی پەیوەندی بەوەوە هەبوو. ئێستا زۆربەی ئەو ڕووناکبیر و نووسەرانەی لەناو حیزبەکاندا کاریان دەکرد لەو نەخۆشیە کۆنە ڕزگاریان بووە و ئەو زنجیرەیان پساندووە کە دەبێ ئەدەب حیزبی بێ وسەر بە هێڵی حیزبی بێت . پاشان کاك حەمەسەعید باسی ئەوەی کرد مرۆڤ لەڕوانگەی چینایەتی‌یەوە دەڕوانێتە نووسین . بێگومان هەموو کەسێك لەڕوانگەی فیکریی‌خۆیەوە دەڕوانێتە نووسین ، بەڵام هیچ نووسەرێك ناتوانێت پێش وەخت دیاری ئەوە بکات بەچ جۆرێك دەنووسێ ، چونکە داهێنەر کە شتەکەی دەست پێدەکات لەو لۆژیکە فیکری‌یەوە دەست پێدەکات ، بەڵام ناتوانێ قەوارەی بۆ دابنێ و دەستکاری بەرهەمەکەی بکاتەوە . لەوەوبەر وابوو قەوارەیەك دادەنرا و بۆ ئەوەی ئەدەبەکە لایەنی‌چینایەتی بسەلمێ ، دەبوایە هەندێ شتی وەك ووشەی کرێکار و جوتیار و هەژار و سەرمایەدار دووبارەبکرێتەوە . لام وایە مەسەلەی چینایەتی شوێنەواری فیکریی نووسەر دیاری دەکات .

مەسەلەیەکی تر کەباسکرا ، ڕەخنەگرتن بوو - ڕەخنەی ئەدەبی - کە چەندین قوتابخانەی هەیە . بەلای منەوە ڕەخنە تەنیا ئەوە نی‌یە لایەنی سەلبی و ئیجابی بەرهەم نیشان بدەین ، بەڵکو شیکردنەوەی بەرهەمەکەشە. چونکە ڕەخنەی ئەدەبی لەسەدەی نۆزدەدا (بیلنسکی) هەندێکی لە هیگڵەوە سەرچاوەیان دەگرت ، هەندێکی دیش لە نەهلیستی‌یەوە ، بەڵام مەبەستێکی فیکرییان هەبوو . بێگومان لەو لایەنەوە شتی ئیجابی و سەلبی نیشان دەدات . بەکورتی من لەو بڕوایەدام ڕەخنە شیکردنەوەی بەرهەمەکەیە لەگەڵ دەرخستنی لایەنی سەلبی‌وئیجابیشی .

**٣٠ ی ئازاری ١٩٩١**

**بورهان یاسین**

# کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم بۆ مافە مرۆڤایەتیەکانی کورد

لە ماوەی نێوان ١٥-١٧ی مانگی ئازاری ١٩٩١ دا کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم لەلایەن "کۆمیتەی سویدی بۆ مافە تایبەتیەکانی کورد "ەوە ڕێکخرا . ئەوەی ڕاستی بێ ئەمە دووەمین کۆنفرانسی لەو جۆرەیە و یەکەمین کۆنفرانس بۆ هەمان مەبەست ساڵی ١٩٨٩ لەپاریس بەسترا . سەرەڕای ئەوە ، لەماوەی ئەم سێ ساڵەی دواییدا چەند کۆنفرانسێکی مەزن بەشێوەی جۆراوجۆر لە بریمن ، لۆزان ، مۆسکو سەبارەت مەسەلەی کورد بەستراون .

ئامادەبووانی کۆنفرانسەکە هەمەجۆر بوون : نوێنەرانی پارتە سیاسییەکانی کورد ، ڕێکخراوە کەلتوورییەکانی کورد لە دەرەوەی وڵات ، ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی کورد ، کەسایەتی ئەکادیمی و سیاسی بیانی - ڕەسمی و نا ڕەسمی ، کەسایەتی کوردی . لەو کەسایەتیە ئەکادیمییە گرنگانەی سەنگێکیان بە کۆنفرانسەکەدا - بەهۆی ناسراویان لەئاستی جیهانیدا و ئەو بابەتانەی پێشکەشیان کرد - پرۆفیسۆر ( Johan Galtong ) و پرۆفیسۆر ( Richard Falk ) بوون ، کە یەکەمیان لە بواری ( ئاشتی و ناکۆکی - Peace & Conflict )دا شارەزایە و ئەویتریان بواری نێونەتەوەیی .

لەم کۆنفرانسەدا بابەتی ئەو دوو پرۆفیسۆرە و هەندێ بابەتی تریش لەلایەن کەسانی شارەزای ترەوە پێشکەشکرا . هەروەها هەندێ ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوە لەسەر هەموو پارچەکانی کوردستان خرایە بەردەم بەشدارانی کۆنفرانس . لێرەشدا بەدرێژایی ماوەی کۆنفرانس گفتوگۆی جۆراوجۆر کرا ، کە بێگومان ئاستی جیاوازی وەرگرتبوو ، ئەمەش بەپێی جۆری بەشداربووانی کۆنفرانسەکە کە لەئاستی جیاوازەوە هاتبوون .

لەسێیەمین ڕۆژی کۆنفرانسەکەدا پێنج بەش (لیژنە) پێکهێنران ، کە هەر یەکەیان تایبەت بوو بە بابەتێك . بۆ نموونە ، بەشی (لیژنەی) نەتەوە یەکگرتووەکان ومەسەلەی کورد و ئەوانی تر . هەر یەکێ لەم بەشانە(لیژنانە) پاش لێدوانێکی سێ سەعاتی لەسەر هەر یەکێك لە بابەتەکان ، ڕاپۆرتی خۆی خستە بەردەم کۆنفرانس و دیسانەوە لەلایەن بەشدارانی کۆنفرانسەکەوە بەشێوەیەکی گشتی گفتوگۆیان لەسەر کرا .

کۆنفرانسەکە بە ڕاگەیاندنێك کۆتایی پێهات کە دەشێ بەدوو بەش بناسێنرێ : بەشی پرنسیپەکان ، بەشی کارەکان . بەشێوەیەکی گشتی پرنسیپە تەوەرییەکانی ئەو ڕاگەیاندنە دەربارەی مافی چارەنووس بوو بۆ میللەتی کورد .

## گرنگی کۆنفرانسەکە :

یەکێك لە بەرهەمە گرنگەکانی ئەم کۆنفرانسە ، وەك کۆنفرانسەکانی دی ، ئەوەیە شێوەیەکی ئینتەرناسیۆنالیستی دەگرێتە خۆی و دەبێتە پاڵپێوەنەرێك و هۆکارێك بۆ بە ئینتەرناسیۆناڵکردنی مەسەلەی کورد . ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئامرازێکە بۆ دەربازکردنی کێشەی کورد لە دەست قاڵبی ناوچەیی . لێرەشدا شێوەکانی ئەو بە ئینتەرناسیۆناڵکردنەی مەسەلەیەکی سیاسی زۆرن و

دوو شێوەی سەرەکی دەگرنە خۆیان ؛ هەندێکیان بەرەسمی و هەندێکیشیان بە نارەسمی دەناسێنرێن . ئەوەی شایانی وتنە ، کۆنفرانسی ستۆکهۆلم زیاتر شێوەی نارەسمی گرتبووە خۆی . دەشێ ئەوە دەرببردرێ کە دەستکەوتێکی ئەمجۆرە کۆنفرانسانە ، پتەوکردن و بەهێزکردنی لایەنە جیهانیەکەی خەباتی گەلی کوردە ، چونکە خەبات لەدەرەوەی وڵات تەواوکەری خەباتی گەلی کوردە لە ناوەوە .

هەروەها لە کۆنفرانسێکی ئاوادا دەرفەتێکی باش دەخەملێ بۆ سازدان و گۆشکردنی هێز و کەسە رەسمی و نارەسمیەکانی دۆستی کورد ؛ بۆ ئاگادارکردنەوەیان دەربارەی مەسەلەی کورد بەشێوەی باشتر و لەنزیکەوە و بۆ سوود وەرگرتن لە توانا و تێڕوانینەکانیان سەبارەت بە مەسەلەی کورد .

جگە لەوانە ، کۆنفرانسێکی ئاوا چوارچێوەیەکی زۆر گونجاوە بۆ خستنەوەی مشتومڕی پڕسوود لە نێوان خەڵکانێکی کورد و دۆستە بیانیەکان‌دا . ئەم مشتومڕە پێویستە لایەنێکی بەهێزکەری بەرەی کوردە . هەروەها باشیەکی ئەم کۆنفرانسانە کە لەدەرەوەی وڵات ، بەتایبەت لە جیهانی خاوەن هێزی ئابووری و سیاسی و سەربازی و دیپلۆماسی‌دا ، هێزێکی زیاتر دەداتە خەباتی گەلی کورد . هەر لەم دەرفەتانەشدا خەڵکانی کورد لە دەرەوەی وڵات ، چ وەك ڕێکخستن یان تاکەکەس ، دەرفەتیان بۆ دەرەخسێ زیاتر فێری شێوازی کارکردنی دەرەوەی وڵات بن و شارەزای ئەوە بن چۆن هەزاران مرۆڤی کورد لەڕێگای ئەم کارەوە دەتوانن خزمەت بە گەلەکەیان بگەیەنن .

گرنگییەکی تری ئەم شێوە کۆنفرانسە ئەوەیە کەنوێنەرایەتی کورد تیایدا شێوازی جۆراوجۆر وەردەگرێ ؛ نوێنەری پارتە سیاسییەکان و کۆمەڵە جەماوەریەکان و کۆمەڵەوناوەندە کەلتوورییەکان و کەسایەتیەکان . لەدەرفەتێکی وادا کارپێکردنی دیموکراتی سەبارەت بەهەندێ بڕیار لەمەڕ مەسەلەی کورد شیاو و لەبارە . هەر بەم شێوەیەش قاڵبە تەقلیدییەکان ، کە مەسەلەی کورد لەڕووە سیاسییەکەوە مۆنۆپۆڵ (احتکار) دەکرێ لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە ، گۆڕانی بەسەردا دێ و ڕووەو ئاقارێکی ڕاست دەچێ .

هەر لەبەر ئەوەش پێویستە لەگەڵ بەستنی کۆنفرانسی وادا دەرفەت برەخسێ بۆ درێژەدان بەکۆنفرانسی تایبەت بە کوردەکان خۆیان پاش تەواو بوونی ئەو کۆنفرانسانە بە پێی پلانە " رەسمی‌یەکەی " . یاخود ، بەپێچەوانەوە ، بەر لەدەستپێکردنی ئەو کۆنفرانسانە دەتوانرێ دەرفەت بە ئامادەبووە کوردەکان بدرێ دانیشتنی تایبەتی خۆیان بکەن بۆ باشتر خۆئامادەکردن و کەڵاڵەکردنی هەندێ بیروڕا و بازدان بەسەر هەندێ جیاوازی و ناکۆکی‌دا کە لەوانەیە خۆی بخاتەڕوو لەبەردەم ئامادەبووانی بیانی‌دا .

## ئامادەبوونی کەسە ئەکادیمیەکان :

بینینی ئەکادیمی و بیناکراو لەسەر بنچینەی هەندێ ڕاستی‌ی زانستی و ئامار دەربارەی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەکوردستان و لێکۆڵینەوەیەکی بابەتیانە دەربارەی مەسەلەکە دوور لەکاریگەرێتی سیاسی یان‌هەستی ، ڕێگا بۆ ئەوە خۆش دەکات نەك هەر تەنیا دۆستانی کورد لە مەسەلەی کورد شارەزا ببن ، بەڵکو بگرە ئێمە ( کوردیش) خۆیشمان پێویستی زۆرمان بەمجۆرە توێژینەوە ئەکادیمیانە دەربارەی مەسەلەکەمان هەیە . بۆ نموونە ، لە گوفتاری ( Johan Galtong ) و ( Richard Falk ) دا زورشتی بەنرخ دەتوانرا دەستنیشان بکرێ . لەم نووسینەدا ناکرێ باس لەهەموو ئەو شتانە بکەین و تەنیا بیرەکەی( Richard Falk) بەنموونە دەهێنمەوە کە دەربارەی تێرمێکی تازە ، کە لەوانەیە بۆ یەکەمین جار لە وەسەتێکی کوردی‌دا بخرێتە پێشچاو ، دەربڕیبووە . ئەم تێرمەی ( Falk ) ـە ( Trans - National Autonomy ) کە دەتوانرێ وەك خۆی پەنجەی بۆ ڕاکێشا ڕوونبکرێتەوە: لەم قۆناخەدا دەکرێ کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا بیر لە ئۆتۆنۆمی بکەنەوە و لەنێوان ئەو ئۆتۆنۆمیەی پارچەکەدا شێوە پەیوەندییەك بخەملێ کە لەقۆناخی یەکەمدا ناوەندێکی کەلتووری هاوبەش بۆ ئەم ئۆتۆنۆمیە کوردستانیە دابمەزرێت . من لەو بروایەدام دەربڕینێکی لەمجۆرە پێویستی بەلێکۆڵینەوەی قوڵتر هەیە ، بەڵام گرنگ ئەوەیە لێرەدا بزانرێ ئەم بیرە (تێرمە) بۆ یەکەمین جار لەلایەن ئەکادیمیستێکی بیانی‌یەوە خراوەتەوە ڕوو نەك لەلایەن کەسێکی کوردەوە .

لەبەر گرنگی ڕۆڵی ئەکادیمیستە بیانیەکان بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی مەسەلەی کورد بە هەموو لایەنێکییەوە ، من پێم وایە دەبێ لەلایەن خەڵك و لایەنە سیاسییەکانی کوردەوە گرنگییەکی زێدەتر بدرێ پێیان . ئەمەش لەڕێگای زێدەکردن و پتەوکردنی پەیوەندی پێیانەوە و پێشکەش

کردنی هەندێ دیاری ڕەمزی بەنێوی کوردەوە. لە هەمووی گرنگتر ، سوود وەرگرتن لێیان و خستنەگەڕیان وەك ڕاوێژکار ، هەر نەبێ لەو کاتانەدا کە ڕووداوی زۆر دراماتیکی لە ناوچەکە و کوردستاندا دێتە پێشەوە .

دەبێ ئەوەش دەربڕم کە گرنگی ئەم جۆرە کۆنفرانسانە جگە لەوەی لەوەو بەر باسمکردن ، بریتی‌یە لەوەی " دیواری " دروستکراو لەدەرووبەری پارتە سیاسییەکان - چ کەم‌یان زۆر - کە دەشێ بەلای خەڵکانێکەوە دیواری " پیرۆز " بێت ، تێکدەشکێ .

بەپێی پلانەکانی کۆنفرانس ، یەکێك لە بەشداربووان دەبوایە سەرکردە : جەلال تاڵەبانی، بوایە ، بەلام بەداخەوە ناوبراو لە کۆنفرانسەکەدا ئامادە نەبوو و لە بری ئامادەنەبوونیشی نووسینێك نەخوێنرایەوە یان نەخرایە پێش بەشدارانی کۆنفرانس . ئەمەش خۆی لە خۆیدا هۆیەك بوو بۆ ئەوەی زۆربەی بەشدارانی بیانی نووشی جۆرێك لەبێ‌هیوایی بین . ئەم ئامادەنەبوونە لەوانەیە سەرەنجامێك بداتە دەست چاودێر : تا ڕادەیەك لایەنە جیهانییەکەی ( ئینتەرناسیۆنالیەکەی ) مەسەلەی کورد هێشتا سەنگی خۆی وەك پێویست وەرنەگرتووە لە فەلسەفەی هەر نەبێ هەندێ لە سەرکردە کوردەکاندا . لێرەشدا دەشێ ئامادەنەبوونی سەرکردەی ناوبراو هۆی تایبەتی هەبێ کە ئێمە نەیزانین ، بەلام خۆ دەکرا بە نووسراوێك کۆنفرانسەکە بەسەر بکاتەوە .

* * *

هەواڵنامەی کتێب

ئەمجەد شاکەلی

# گیروگرفتی ئەلفوبێ و دیالێکت لە زمانی کوردیدا و چەند سەرنجێک

پاییزی ۱۹۸۵ لەیەکێک لە کتێبخانەکانی شاری ستۆکهۆڵمدا گۆڤارێکی ( خوێودۆ )م بەرچاوکەوت کە بەزمانی عەرەبی ، ئاشووری و سوێدی دەردەچێت ، لە وێدا لە بەشە عەرەبییەکەیدا و لەگوتارێکدا سەبارەت بە کۆنگرەی یەکێتی ئاشوورییان لەسوێد کەپێشتر گیرابوو ، ئاوەها نووسرابوو " .. بابەتی دووەم کە کۆنگرە گرنگییەکی تایبەتی پێ‌دا ، لێدوان و دەستەقەبوو لەسەر ئەو بڕیار و ئاگادارییەی کە دەزگەی دەوڵەتیی کاروباری بێگانان لە۱۹۸۳دا دەریکردبوو بەدانانی ئێوی نوێ بۆ زمانی سریانی ، کە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەوفێرکردن پەیڕەوی کردووە و، دەیەوێ ئەلفوبێی سریانی بگۆڕێ بۆ ئەلفوبێی لاتینی و وەکوو هەنگاوی یەکەمیش کتێبی ( توخوخوورنیا ) کەتایبەتە بۆ فێرکردنی منداڵان لەچاپ درا . وەکوو ئاشکرایشە ، یەکێتی لەکاتی خۆیدا بەهەموو شێوەیەک هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری دا بۆ بەرپەرچدانەوەو وەلاتانی ئەو هەوڵ و کۆششە کەدەکرا بۆ لێدانی شوێنەواری ژیاری و زمانە پیرۆزەکەمان بۆ نموونەش ( پێوەندی‌کردن لەگەڵ مامۆستایان و خێزانی منداڵاندا و ڕەفز و ڕەتکردنەوەی کتێبەکە و گرتنی پارێزەرێک بۆ شکاتکردن لەدەزگەی دەوڵەتیی کاروباری بێگانان ) . کۆنگرە هەڵوێستی ڕاست و نەگۆڕی خۆی نوێ و دووپات کردەوە بەرامبەر بەهەر کەسێ کەرێگە بەخۆی دەدات و دەیەوێت لەپایە و ڕۆڵی زمان و کەلەپوورەکەمان لەژیاریی مرۆڤایەتیدا کەم بکاتەوە و لێڵ و تەماوی بکات و تێکدات. ئێمەیش هاواردەبەین بۆ ئەو برا و هاوڕێیانەی کەرەنگە پێشکەوتنی ژیاریی ئەورووپا ( کەئێمەیش ئینکاری ناکەین ) مەستیان بکات ، داوایان لێ‌دەکەین کە لەڕووخاندنی گرنگترین پایە و بنکەی شوێنەوارماندا بەشداری نەکەن و منداڵەکانمان لەو ئیپانەی کەشوێنەوار و بیری باوباپیرانی پێ‌نووسراوەتەوە ( لێرەشدا بروار کەمە کە لەو ڕۆڵە مەزنە بدوێین کە ئەم ئیپە و ئەم زمانە لەژیاریی مرۆڤدا بینیویانە ) بێبەری بکەن . کۆنگرە نارەزایی دەربڕی و بڕیاری ڕەتکردنەوە و ڕەفزی کاری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو فێرکردنی دا و لەسەر داوای قانوونی خۆیشی بەردەوام دەبێ "(۱) .

ئەم نووسینەم بۆیە بەنموونە هێنایەوە ، چونکە زمانی کوردی ماوەیەکە دووچاری ئیپی لاتینی بووە و کوردێکی زۆر و زەبەندەش هەن کە بەکارهێنانی ئیپی لاتینی بە چارەسەر و دەرمانی هەموو گیروگرفت و دەردەکانی زمانی کوردی دەزانن . دەنا منیش ئەوە دەزانم کە" مەسەلەی زمانی ستانداری کوردی ( زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی )، مەسەلەیەکە : لەوە ئاڵۆزتر و پڕ گرێ و گۆڵترە کەلێرەدا " ئاقە وتارێک " بتوانێ لێی‌بکۆڵێتەوە و تەنگوچەڵەمەکانی بخاتەڕوو و دەستنیشانی هەر هەموو خاڵەکانی چارەسەرکردنی بکات .. "(۲)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئاقە وتارە و وتارێکی دیکەو یەکێکی دیش دەبنە هۆی کردنەوەی دەرگەی موناقەشە و بیروڕا گۆڕینەوە و گەیشتن - بەلایەنی کەمەوە - بەهەندێ‌ئەنجام

و لەیەك تێگەیشتن و مەبەستی سەرەکی منیش لەم باسە ئەلفوبێی کوردییە ، کە ئەوڕۆکە گەورەترین و خەتەرترین گیروگرفتی زمانی کوردی و فەرهەنگی کوردییە. بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و بۆ ئەوەی بێگانە فێری کوردی بکەن تیپی لاتینی دەکرێتە دەرمان و چارەسەر "**زمانی کوردی فێربوونی کەمێك هاسانە و ئەگەر پیتی لاتینی بەکاربهێنرێ ، نەخوێندەواری زووتر لەناودەچێ وبێگانەش زمانەکە هاسانتر فێردەبێ** " (٢) . پێش هەموو شتێك زوو و دەرەنگی لەنێوچوونی نەخوێندەواری چ پێوەندییەکی بەرێنووس و تیپەوە نییە . ئەو کارە ـ نەهێشتنی نەخوێندەواری ـ پێوەندی بەهوشیاری و دەستەلات و دڵسۆزی و خۆتەرخانکردنەوە هەیە و بەوانە وەدی دێت.

ئەگەر نەهێشتنی نەخوێندەواری نیاز و مەبەست نەبێت و نەبێتە ئامانجێك ، با تیپەکەش لاتینی بێت ، ئەوە هەرگیز کارەکە هاسان ناکات و هیچیش لەمەسەلەکە ناگۆڕێت . تورکیا ، ئیسپانیا ، پورتوگال ، یۆنان و ئەلبانیا و زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای خۆرهەڵات و تەواوی ئەمریکای لاتین (خواروو) ئەمڕۆ بەتیپی لاتینی دەنووسن ، هندستان لەساڵی ١٨٣٩ وە زمانی ئینگلیزی بووە بە زمانی ڕەسمییان و پاکستانیش هەر ئینگلیزی زمانی ڕەسمییەتی و زۆربەی وڵاتانی ئەفریقایش هەر بەزمانی ئینگلیزی یا فرانسەیی دەنووسن و دەخوێنن و زمانی ئینگلیزی و فرانسەییش بەتیپی لاتینی دەنووسرێن ، کەچی هێشتا ملیۆنان نەخوێندەوار لەو وڵاتانەدا هەن و نەخوێندەواری دەردێکی کارییە لەو ناوە و ئەگەر بەتیپ بووایە دەبوایە نەخوێندەواری زۆر لەمێژە لەنێوچووبا ،کەواتە تیپ چ ڕۆڵێك لەزوو لەنێوبردنی نەخوێندەواریدا نابینێ .

ئەگەر مەسەلەکە فێربوونی بێگانەیش بێت ، خۆ ئەگەر بێگانەیەك بیەوێ زمانێك فێربێت ئەوا زۆر بەهاسانی فێری دەبێت سائیدی تیپەکەی هەرچی بێت . بە هەزاران بێگانە ( بەتایبەت ئەوروپایی و ئەمەریکایی ) هەن کە عەرەبی ، فارسی ، هیندی ، عیبری ، چینی و ڕووسی و دەیان زمانی دیکە کە بەتیپی لاتینی نانووسرێن ، زۆر چاك دەزانن و بەهاسانیش فێری بوون . مەسەلەی فێربوونی زمانی کوردی لەلایەن بێگانەوە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیی کورد بۆ خۆی وەکوو میللەت و ڕۆڵی کورد لە پرۆسێس و ڕووداوە ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییەکانی ئەمڕۆی جیهاندا . لەچاوی ئەوروپایی و ئەمەریکاییشەوە بەتایبەت ئابووری ڕۆڵ دەبینێ . ئایا کورد چ گرنگییەکی ئابووری هەیە و لەسیاسەتدا چ دەکات ؟ پێم وایە هەموومان وەرامی ئەو پرسیارەمان پێدەدرێتەوە و گرنگیی ئابووری و سیاسی خۆیشمان دەزانین . بەڵام با تەماشایەکی دەوروبەری خۆمان بکەین و با دوور نەڕۆین ، خۆ هاوسێکانی کورد ، عارەب و فارسان ـ کە کوردی عیراق و ئێران بەتیپێك دەنووسن کە هەمان تیپی ئەوانە بەتۆزێك دەستکارییەوە ـ تاچ ڕادەیەك فێری کوردیبوون ؟! من پێم وایە هەرگیز هێندەی ژمارەی پەنجەی دەست عارەب و فارس نابینینەوە کەزمانی کوردی بەنووسین و خوێندنەوە بزانن . هەروەها لایەنەکەی دی و هاوسێکەی دیکەشمان ، تورك ، ئەوڕۆکە کوردی تورکیا تیپی لاتینی بەکاردێنن و تورکیش هەمان تیپ ، چ تورکێك هەیە کوردی بەنووسین و خوێندنەوە بزانێت ؟ لام وایە مەسەلەکە هەرگیز کاری بەسەر تیپەوە نییە ، بەڵکو بەرژەوەند و ڕۆڵی ئەو زمانە لەجیهاندا کارەکە ساغ دەکاتەوە . جگە لەلایەنی ئابووری و سیاسی ، ئایینیش ڕۆڵێکی مەزنی هەیە . خەڵکێکی زۆر بۆ ناسین و تێگەیشتن لەئیسلام خۆ فێری عەرەبی دەکەن و قورئان دەخوێننەوە . بۆ تێگەیشتن لەجوولەکە چ وەکوو ئایین و چ وەکوو بیر و سایکۆلۆژییەت خەڵك خۆ فێری عیبری دەکەن . بۆ تێگەیشتن لە " باگاڤەگیتا "ی کریشنا و ئایینی هیندۆیزم خەڵك خۆ فێری زمانی سانسکریت دەکەن و بۆ تێگەیشتن لە ئایینە کۆنەکانی ئێرانیش خەڵك خۆ فێری ئاڤێستا و پەهلەوی دەکەن . بەڵام کورد لەو بارەیەشەوە کڵۆڵە و خاوەنی ئەو جۆرە شتانە نییە ، هەرچەندە ڕەنگە بگوترێ کە کوردیش نووسراوی ئایینی تایبەتی خۆی هەیە وەکوو " مسحەفی ڕەش " و " جلوە " و "سەرەنجام " ، بەڵام ئەو نووسراوانە نەك هەر بیانی بەڵکو کورد بۆ خۆیشی نەیننیوە و لەنێو خەڵکدا بڵاونەبووەتەوە .

جاری واش هەیە خەڵکی لەبەر سیاسەت و بۆ چوونە ناو کۆمەڵگەی کۆمۆنیستییەوە زمانی چینی و ڕووسی فێر دەبن . من پێم وا نییە فێربوونی عەرەبی و عیبری و سانسکریت و چینی ـ بۆ ئەوروپاییەك ـ بەو تیپانەی کە هەیانە ، هەرگیز لەفێربوونی کوردی بەم تیپانەی کە هەیەتی هاسانتر بێت . بەڵام سێکۆچکەی ئابووری ـ سیاسی ـ ئایین کارەکە سەختتر یان هاسانتر دەکەن .

جاری وا هەیە جوانیی و ئاسان و ڕەوان نووسین دەکرێتە بیانوو بۆ بەکارهێنانی تیپی لاتینی " **زمانی کوردی کە یەکێکە لەزمانە ئارییە نەژادەکان و لەبنچینەدا**

**شان بەشانی زمانە هەرە پێشکەوتووەکانی ئاریەیەکان دەوەستێ ، بەتیپی لاتینی نەبێ ، جوان و دروست و ئاسان و رەوان نانووسرێت "(٤).**

ئەگەر زمانی کوردی یەکێك بێ لەزمانە ئارییەکان و لەنێو هەرە پێشکەوتووەکانی ئەوانیشدا بێت چیداوە بەسەر ئەوەی بەچ تیپێك بنووسرێ جوان و ئاسان و دروست و رەوانە ! خۆ زمانی فارسیش لە زمانە هەرە پێشکەوتووەکانی ئارییە و بەتیپی غەیرە لاتینیش دەنووسرێت کەچی زۆر جوان و دروست و ئاسان و رەوانیشە . رێنووسی کوردی گەلێك لەرێنووسی فارسی پێشکەوتووتریشە، بەتایبەت لەرووی چارەسەرکردنی بزوێن (ڤاول) ولابردنی هەندێ کونسونونانت کە تایبەتن بەزمانی عەرەبییەوە و هێشتا لەفارسیدا ماون - و فارسان هەرگیز گلەیی لەبەختی خۆیان ناکەن و قایلن بەو رێنووسەی خۆیان و هەر بەو رێنووسەش سەدان شاکار نووسراوە و دەشنووسرێ و هەرگیز پێشم وا نییە کە بەتەمای گۆڕینی بن !

جگە لەجوانی و دروستی و رەوانی ، ئابووری و کاتیش دەکرێتە بیانوو و داوا لەعەرەبیش دەکرێ کە ئەلفوبێی خۆیان بکەن بەلاتینی " **جا ئەم جۆرە نووسینە چ لەرووی ئابوورییەوە ، چ لەرووی کاتەوە ، چ لەرووی ئەرکەوە ، زۆر دەکەوێتە سەرمان . بەلام لەبەر هەندێ هۆی زرنگکاری و ئایینی کە لەئارادان، ئێستاکە ناتوانین ( ئەلفوبێی کوردی ) بەلاتینی بنووسین، تا برا عەرەبەکانیشمان دەکەونە سەر ئەو بیروباوەرە و جێبەجێیشی دەکەن "(٥).**

مرۆڤ لەوە تێناگات کە بۆ ئەمجۆرە ئەلفوبێیە لەرووی کات و ئەرکەوە زۆر دەکەوێت لەسەرمان . دەبێ ئەو لەسەرکەوتنە چ پێوەندییەکی بەشێوەی تیپەوە هەبێت ! خۆ ئەو تیپانەی کە کورد پێی دەنووسی (تیپیعەرەبی) لە تیپی چینی و زایۆنی و ئەرمەنی و تیگرینی و ئاشووری و عیبری سەختترنین . مەسەلەی ئابووری و کات وئەرکیش دەگەڕێتەوە بۆ لەبارابوونی خۆمان و کەسانێك کە بەچاپ و چاپەمەنییەوە خەریکن و بەشێوەیەکی سەرەکیش بۆ تەکنۆلۆژیا. هەرچی چاوەنوارکردنی ئەوە بێ کە برا عەرەبەکانمان ئەلفوبێی خۆیان بگۆڕن و بیکەن بەلاتینی بۆ ئەوەیسەختی لەسەر ئێمە لابەن و رێگەش بۆ ئێمە خۆشکەن و گرێدانی ئەو کارەش بەهەندێ هۆی زرنگەکاری و ئایینییەوە کە ئێستا رێگەیان لەکوردی گرتووە کە بەلاتینی بنووسرێت ، بەلای منەوە بۆچوونێکی چەوت و نادروستە . چونکە پێش هەموو شتێك ئەو هۆ ئایینییانەی کە مامۆستا شاکیر فەتاح دەیلێ ، هۆگەلێکی هێندە پتەو و قایم و قوولّ کەتەنێ بەهۆی ئەوانەوە عەرەب زمان و فەرهەنگ و بوونی خۆیان پاراستووە و سەرچاوەی ئەوەش قورئانە کە بەو تیپانەیە . عەرەب ئەگەر ئیسلامی لێبستێندرێتەوە چی دەمێنێتەوە ؟ کەواتە ئەوە خەیالّ و چاوەنوارپی ئەوەش بێهوودەیە(٦) . بۆ کوردیش لام وایە ئەو هۆ ئایینیانەی کە ئێستاکە لەئارادان هەروا لەئارادا دەبن و رەنگە بەهێزتریش بن .

بیانوویەکی دیکە بۆ بەکارهێنانی تیپی لاتینی ئەوەیە کە تیپی کوردی ( عەرەبی - فارسی دەستکاریکراو) تەنێ بۆ دیالێکتی سلێمانی و سۆرانی دەست دەدات و لاتینێکە بۆ کرمانجی سەروو چاکترە " **ئەڤ رێنڤیسینا نهول کار (ب کاردێت ) بێگومان بزاڤ و کۆشش ژ بۆ هاتینەکرن کو زمانێ کوردی زاری سلێمانێ پێ بێتە نڤیسین ب درستی . ژ بەر هندێ ژ رێنڤیسینا کوردیب تیپێت لاتینی کو کرمانجی ژ دەرڤەی عیراقێ و ئیرانێ پێ تێتە نڤیسین جودایە . ئەڤ جودایە ژی دڤێ چەندیدایە کو زمانێ کوردی ب تێکڕایی پێتێتە نڤیسین ، بەروڤاژی رێنڤیسینا بتیپێت عەرەبی یا جهێ پێ ئاخافتنا مە . رامان و پەژن ئانکو مەبەست ژڤێ دەست نیشانکرنێ ژی ئەو نینە کانێ کی ژ هەر دوو رێنڤیسینا باشترە ... بەلی رامان و پەژن ژێ ئەڤبە زمانزانێت کورد ل عیراقێ ئەڤ رێنڤیسینە بۆ زاری سلێمانێ ب تنێ یان ژی سۆرانی دانایە کو پێ بێتە نڤیسین : هەر ژ بەر هندێ ژی چەند لایێت کێم ب هزرا من تێدا هەن دێ دەست نیشان کەم کو دکێمن ..."(٧)** . ئەو کەمایەسییانەش کە مامۆستا ئامێدی دەستنیشانیان دەکات ئەمانەن :

١- نەبوونی دەنگی ( وی - Ü ) وەکو ئەوەی کە لە تورکی و ئەلمانیدا هەیە ، بۆ نموونە شێوەی دەربڕینیئەم وشانە : سوور ، دوور ، موو ، خەسوو ، خەزوور ، کوو ..هتد ، کە لەناوچەی بادینان (نەك هەمووی) و لە دیالێکتی لوڕی و لەهێندی ناوچەی گەرمێندا لە خوارووی کوردستان دەبنە : سویر ، دویر ، موی ، خەسوی ، خەزویر ، گوی ..هتد ، کە بەتیپی کوردی ( عەرەبی - فارسی دەستکاریکراو ) نانووسرێن .

٢- دەنگی ( i ) ی تیپی لاتینی کە بەتیپی کوردی نانووسرێت .

٣- دەنگی ( ز ) بۆ : بەز ، پەز ، زاڤا . . کە لەهەندێ ناوچەی بادینان بە (ظ) دەردەبردرێ .

٤- دەنگی (ت) بۆ : تاڤ ، تۆڤ ، تەڤ ، تاری . . کە لەهەندێ ناوچەی بادینان بە(ط) دەردەبردرێ.

٥- دەنگی (س) بۆ : ساڵ ، ساڤا ، ساماڵ ، سوور . . کە لەهەندێ ناوچەی بادینان بە ( ص ) دەردەبردرێ . (٨)

مامۆستا ئامێدی لەهەمان گوتاردا دەڵێ " **بێگومانە کو زمانێ کوردی ، هۆزان و چیروك و رێزمان ژی ژ کەڤندا ژ سەدی چارێ و پێنجێ مشەختی هەڤبەری دەهی یازدێ زاینی وەرە کو ب عبدالصمد بابك یێ هەکاری یێ سالا (٣٦٢)ێ مشەختی هەڤبەری (٩٧٢-٩٧٣)ی زاینی ، هەتا سالا (٤١٠)ێ مشەختی هەڤبەری (١٠١٩-١٠٢٠) زاینی ژی هۆزان ب کوردیو عەرەبی ڤەهاندین دەست پێدکەن ب زارێ کرمانجی و ب تیپێت عەرەبی** "(٩) . هەروەها لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ " **رەنگە کرمانجی ژ زارێت کوردیێت ژ رێڤە ( پێشیێ ) بیت کو روشەنبیری یا کوردی پێ هاتیتە نڤیسین ، ل دوی شوینەوار و دەستنڤیسێت کوردی یێت نهو د دەستدا ، کو هۆزانێت هۆزانڤانێت کلاسیکی نەوەکی ، عبدالصمد بابەکی ، تەرموکی- تەرماخی ، جزیری ، علی حەریری و فەقێ تەیران ، هتد .وچیرۆکێت ئەلکزەندەر ژابای سالا (١٨٦٠)ێ ل پترۆگرادی - لینینگرادێ چاپکرین ، صرف و نحوا کوردی تەرماخی . مەموزینا سەیدایێ خانی ، مەولیدا باتەیی و نهج الانام یا سێرتی . د سەرێ سەدێ بیستێ چەند کتێب لە ستامبولێ وەکی مەموزینێ چاپبون ب تیپێت عەرەبی** .(١٠)

ئەگەر - وەکوو مامۆستا صادق ئامێدی - دەڵێ ئەو هەموو شتانە بەتیپی عەرەبی نووسرابن و دیالێکتی کرمانجی (ژووروو) لەپێش زاراوەکانی دیکەی کوردیدا پێی نووسرابێ و ئەو تیپانەش لەسەدەی دەیەمی زایینەوە پێی نووسرابێت و پاشان گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت ، بۆ دەبێ تەنێ بۆ دیالێکتی سلێمانی و سۆرانی بێت ؟ ئەو تیپە لاتینییەی کە ئەو باسی دەکات کە گوایە لەدەرەوەی عیراق و ئێران کوردی پێ دەنووسرێت ، تەنێ لە ئەوروپا بەکاردەبرێت و لەکوردستاندا نییە . جگە لەوەش بەشێك لەو کرمانجەش کە ئەو دەیلێ ئەو تیپە نازانێت ، بەڵکو بەتیپی کریلیك دەنووسێت ( کوردی سۆڤیەت ) . ئەو دەنگانەی کە مامۆستا ئامێدی بەکەمایەسی دادەنا و لەئەلفوبێی کوردی ( عەرەبی - فارسی دەستکاریکراو )دا بەکاردەبرێت ، بەرهەمی پرۆسێسێکی دوورودرێژە و لەئەنجامدا وای لێهاتووە . دەنگی ( وی - ü ) کە هەندێ ناوچەی بادینان و لوڕ و چەند ناوچەیەکی گەرمێن بەکاری دێنن ، هەموو کورد بەکاری ناهێنێ ، منیش پێم وایە هەبوونی باشە ، بەڵام کە نیشە لوڕێك و گەرمێنییەکیش ناتوانن بەتیپی کوردی (عەرەبی - فارسی دەستکاریکراو ) و بەدیالێکتی خۆیان ئەو دەنگە بنووسن لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان قایلن بەوەی کە نییە و نانووسرێت و وەکو خەڵکەکەی دیکە دەنووسن و رەخنەش ناگرن . لەهەمان کاتدا ئەو دەنگە لەو تیپە لاتینییانەی کە ئەوڕۆکە کوردیش بەکاری دێنێ ، نییە . دەنگی (ظ ، ط ، ص ) عەرەبین و تەنانەت فارسیش کە بەکاری دەبەن و وەکو کوردی دیکەنە ( ز ، ت ، س ) هەرچەندە ئەوان - فارس - دەینووسن ، بەڵام وەکو عەرەب نایخوێننەوە ، ئیدی ئەگەر بەتەنێ لە ئامێدی وا بگوترێ خۆ هەموو کورد وا نالێ . ئەگەر بەو پێوەرە بێت خۆ دەبێ کوردێکی هەورامیش داوای ئەوە بکات کە دەنگی (ذ ) کە لەهەورامیدا هەیە و زۆریش بەکاردەبرێ و لەرێنووسی کوردی ئەمڕۆدا بووە بە ( ز )- فارسیش دەنووسن (ذ ) بەڵام بە( ز ) دەیخوێننەوە - بنووسرێت .

کوردگەلێك کە بەدیالێکتی گۆرانی - دملی /زازایی لێ دەرچێ - و لوڕی گفتوگۆ دەکەن ، ئەمڕۆ هەر بەو رێنووس و زمانە ئەدەبییە یەکگرتووەی کوردستانی عیراق و ئێران دەنووسن و کەس لاری لەوە نەبووە . (١١) مامۆستا ئامێدی لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ " **بێگومانە کو کرمانجی ب دروستی ب تیپێت عەرەبی ناهێتە نڤیسین ؛ گروڤ ژی ئەڤەیە ، زانایێت عەرەب ب خو لسەر وێ باوەرێ نە کو زمانێ عەرەبی یێ ئەڤە چەند هزار سالە پێنڤیسی ، هێژ ڤینکاراکەن ب لاتینی بنڤیسن . ژبەر هندی ئەز ل سەرڤێ بیروباوەرێ مە کو زمانی کوردی نەمازە کرمانجی ب تیپێت لاتینی نەبیت ب راستی دەنگێت وی ناهێتە نڤیسین ب تیپێت عەرەبی** "(١٢) . مامۆستا ئامێدی - وەکو مامۆستا شاکیر فەتاح - دەیەوێ عەرەبیش خوا لێیان تێکدات و واز لەتیپی خۆیان بێنن و رێنووسی لاتینی هەڵبژێرن . جا کەوای لێهات دەنگی (ث ، ح ، ذ ، ص ، ض ، ط ، ظ ، ع . . . هتد ) چۆن بە لاتینی دەنووسرێن ! خۆ هەر ئەو دەنگانەش کە مامۆستا ئامێدی لە ئەلفوبێی کوردی ( عەرەبی - فارسی

دەستکاریکراو )دا نانووسرێن و ئەو بەکەلێنیان دادەنا وەکو ( وی ـ Ü ، ط ، ظ ، ص ) لەو تیپە لاتینییەشدا کە ئەو بەلایەوە پەسەندە و لە ئەوروپا کوردی ( کرمانجی ژووروی ) پێ‌دەنووسرێ نین . ئەمڕۆ کە شیعری مەلای جەزیری و خانی و نالی و تەنانەت گۆرانیش دەکرێتە تیپی لاتینی ناتەواوییەك و کەلێنێکی زۆر گەورە وەپێش دێت ، ئەویش نەبوونی ئەو تیپانەیە کە لە عەرەبیدا هەن و لەلاتینیدا نین . ئەو دیاردەیە بەزۆری لەشیعری کلاسیکدا وەپێش دێت . جگە لەوانەش، تیپی (ح ، ع) کە لە ئەلفوبێی کوردی ( عەرەبی ـ فارسی دەستکاریکراو)دا هەن لەلاتینییەکەدا دەبنە ( H و E ) کە لەگەڵ ( هـ ، ئە ـ ە )دا ج جیاوازییان نییە . دەنگی ( ڵ ، ڕ ) کە لەکرمانجی خواروودا هەن ، لە لاتینییەکەدا نانووسرێن . ئەگەر عەرەب ـ وەکو مامۆستا ئامێدی پێشنیاز دەکات ـ تیپ بگۆڕن و بیکەن بەلاتینی کە ئەمە عەقڵ ناتوانێ قەبووڵی بکات و کارێکی یەکجار خراپیشە ، دەبێ قورئان چۆن بکەن بەلاتینی! ئەگەر مرۆڤ زۆر شارەزا و کەلێك کونجکاوی و ورد نەبێت ناتوانێت قورئان ـ بەو تیپانەی ئێستایشی ـ بخوێنێتەوە. جا ئەگەر کرا بەو لاتینییەی مامۆستا ئامێدی ئەوا چ جیاوازییەك لەنێوان ( رحمن ) ـ ڕەهمان و ( رحیم)ـ ڕەهیم و ( عبَس ) ـ ئەببەسە و (والضحیٰ)ـ وەززوهادا نامێنێت و ئەو دەمەش قورئان لەقورئانێتی دەکەوێ و دەبێتە شتێکی دیکە . بۆ ئێمەی کورد دانانی تیپی (ز) لەبری (ذ ، ز ، ض ، ظ ) و دانانی تیپی (س)لە بری (ث ، س ، ص ) و دانانی (ت) لە بری (ت ،ط) کە لەعەرەبیدا هەن بارێکی گەورەمان لەسەر شان لادەبا و دەبێ نەمانی ئەو دەنگانە و کردنیان بە یەك دەنگ؛ بەپێشکەوتن و سەرکەوتن بدەینە قەڵەم، چونکە **" ئێمە ئەگەر بێتو بۆ هەموو دەنگێکی شێوە جیاجیاکانی زمانی کوردی پیتێکی تایبەتی دابنێین کاتێك دەزانین پیتەکانی ڕێنووسی زمانی کوردی دەبن بە(سەد ) پیت و بگرە زیاتریش ، کە ئەمەش کارێکی ناپەسەندە و نەشیاوە ، چونکە ئێمە کەنەتوانین لەپیتەکانی ڕێنووسی کوردی کەم بکەینەوە بۆچی زیادیان بکەین و ئەرکی سەرشانی منداڵ و نووسەر بکەین بەدووقات "**(١٣) . مامۆستا عومەر عەبدورڕەحیم باس لەئەلفوبێی کوردیی عیراق و ئێران دەکات . بەڵام ئەگەر بەو شێوە بکرێت کە مامۆستا ئامێدی دەیەوێ ئەلفوبێیەکە بەدڵی خەڵکی ئامێدی بێت و ( ط ، ظ ، ص ) و ئەوانە بگێڕدرێتەوە بۆ ئەلفوبێی کوردی ( عەرەبی ـ فارسی دەستکاریکراو ) ئەوا دەبێ ( ث ، ذ ) یشی بۆ زیاد بکەین ، چونکە لە هەورامان بەکاردەهێنرێن و لەبەر خاتری خەڵکی هەولێریش هەرچی (ڵ )ە بکرێن بە(ر) و لەبەر سلێمانیان هەرچی (ـەند ، ـەن )ە بکرین بە (نگ) و لەبەر موکریان و ئەو ناوەش هەرچی (ر)ە بکرێ بە(ڕ) ، ئیدی ئێمە ئەو حەلە مەسەلەکە وەکو ئەوەی لێ‌دێت کە مامۆستا عومەر عەبدورڕەحیم باسی دەکات . ئەگەر نەبوونی ئەو تیپانە ـ وەکو مامۆستا ئامێدی دەڵێ ـ کەموکووڕی بێ‌و زیادکردنیان پێویست بێ ئەوا نەك هەر لە ئەلفوبێیە ( عەرەبی ـ فارسی دەستکاریکراو )ەوەکەدا وایە ، بەڵکو لەو ئەلفوبییە لاتینییەیشدا کە کوردی کوردستانی تورکیا و سووریایش بەکاری‌دێنن لەوێشدا هەروایە . کە ئاوهایش بێت ئیدی چۆن کرمانجی بەتیپی لاتینی ڕێك وپێك نانووسرێت ! مامۆستا ئامێدی زۆرجاران ئەوە دووپات دەکاتەوە و سوورە لەسەری کە دیالێکتی کرمانجی ژوورو بەلاتینی باش دەنووسرێ و بەڕای ئەو ئەلفوبێی کوردیی عیراق و ئێران هەر بۆ زاری سلێمانی و سۆرانی دانراوە . ئەو دەڵێ **" بەلێ زمانێ کوردی کو زمانەکی هندوئوروپییە ب تیپێت عەرەبی نەمازە زارێ کرمانجی ناهێتە نڤیسین ب درستی و هوببوین ( فێربوین ) ژی ب ساناهی ناهێتەدەست . . ."**(١٤) ، ئەگەر بەوردی و ڕەخنەگرانە بنوارینە نووسینەکانی مامۆستا ئامێدی ، بۆمان‌دەردەکەوێ کە ئەو ڕێك و ڕەوان بڕوای بەوە هەبووە کە تەنێ دیالێکتی کرمانجی ژوورو بە تیپی لاتینی بنووسرێت ، چونکە ئەم ئەلفوبێ کوردییەی کە هەیە ـ بەڕای ئەو ـ هەر بۆ زاری سلێمانی دانراوە . بەقسەی ئەو زاری سلێمانی یان سۆرانی پێویستی بەلاتینی نییە. زۆرباشە، بۆ ئەمەیان ئێمەش لەگەڵێداین ، بەڵام نەك زاری سلێمانی و سۆرانی ، بەڵکو کرمانجی ژووروویش پێویستی بەلاتینی نییە . ئەو ڕایانەی مامۆستا ئامێدی نەك هەر خزمەتی مەسەلەی یەکگرتنی زمانی ئەدەبیی کوردی و یەکێتی کورد ناکەن ، بەڵکو زێتر ڕێگەی دوورکەوتنەوە و جیاوازی خۆش دەکەن . ئەگەر ـ حاڵ وەکوو ئێستاکە بێت ـ کرمانجی سەروو بە تیپی لاتینی بنووسرێ و کرمانجی خواروو بە تیپی عەرەبی و کرمانجی سۆڤیەت بەتیپی کریلیك و دەلی (زازایش) بەدیالێکتی خۆیان بنووسن ، ڕەنگە سبەینێش هەورامی یان لوڕ یان هەر دیالێکتێکی. دیکەی کوردی

ئەلفوبێی چینی ، پەهلەوی یان عیبری هەڵبژێرن بۆ نووسین ، ئەوجا دەبێ کورد چی بەسەر بێ ، بەلای کەمەوە دەبێتە چوار پێنج میللەت و هەر کەچە دیالێکتیکیش لەزمانی کوردی دەبێتە زمانێکی سەربەخۆ(١٥).

سەبارەت بەوەی ـ وەکوو مامۆستا ئامێدی دەڵێ ـ کە کوردی زمانێکی هندوئوروپی یە و ب تیبێت عەرەبی نەمازە زارێ کرمانجی ناهێتە نڤیسین دەکرێ بگوترێ کە " ئێمە سەردەمێکمان بەسەردا تێپەڕی ئەوەی داوای بە لاتینی نووسینی کوردیی نەکردایە لەلایەن زۆر کەسەوە بە زوڵە کورد و کوزمۆپۆلیت وشتی وا دائەنرا ، وەك بڵێی گەلی کورد یەکێك بێ لەگەلە لاتینییەکان . ئەو هەموو گۆڕانە سیاسی یانەی بەسەر وڵاتەکەماندا هاتن ، کارێکی ئەوتویان‌کرد زۆر کەس چاو بەهەلوێستی خۆیدا بگێڕێتەوە و ڕەخنەیەك لەخۆی بگرێ "(١٦). هەر هەڵفوبێیەك و تایبەت بێ بەدیالێکتێکەوە ، وەکو مامۆستا ئامێدی دەیەوێت ، جگە لەکوتکوتکردنی زمانی کوردی و جوێکردنەوە زێتر هیچی دیکە نییە ، وەکو ئێستا بەچاوی خۆمان دەیبینین ، ئەوەش بەرهەمی کۆششی سەیداصادق و کەسانی دیکەی هاوبیری ئەون . " ڕێنووس دەفتەری نووسین و خوێندن و ڕۆشنبیرییە و هەر تەقەڵێکی هەڵوەشێنەوە کەلێن دەدا بۆ فرەوان‌بوونی مەودای لەگەڵ یەکدیدا و نەگونجانی نووسەران . میللەتێك هێندەی‌کورد پێویستی بە یەکیەتی هەبێت ناشێ خوێندەوارەکانی لە هەموڵ هەنگاوی خامەگێڕییانەوە ، کە ڕێنووسە، لەیەکدی بترازێن . ئێمە کەلەسەر چۆنیەتی نووسین (کەرەباب) ی بەری سۆران و (ئەفەنگی) بەری بابان پێك نەییەن چۆن لەئاست شتە زیوەریە گرنگەکان تێك دەگەین "(١٧)

بێم وایە گیروگرفتی کەرەباب و ئەفەنگی نێوان بەری سۆران و بەری بابان و گیروگرفتەکانی دیکەش لە نێوان زاراوە کوردییەکاندا کە بەتیپی عەرەبی دەنووسن ئیدی چ سۆران و موکریان و گەرمیان و سلێمانی بێت یان لور و هەورامی ، تارادەیەك ، چارەسەربووە و هەموو بەو ئەلفوبێ و ڕێنووسەی کە لەکوردستانی عیراق و ئێراندا هەیە قایلن و پەیڕەوی دەکەن ، بەلام گیروگرفتەکە لە نێوان تەواوی ئەو دیالێکتانەی کە بەتیپی عەرەبی‌دەنووسن و کرمانجی ژووروودایە کە بەتیپی لاتینی دەنووسرێت . جگە لەوەش ئەو دیالێکتانەی کە بەتیپی عەرەبی دەنووسن هەموو لەدەرەوەی " لەهجەی سلێمانی کەجێی خۆیەتی ببێتە بنەمای نووسینی ئەدەبی کوردی ئەوەندە لایەنی بەهێز و جوان و ڕاست و ڕەسەنی تێدا هەیە کەپێویستی بە سەپاندنی شتی نارەسەن نەبێت . خزمەتی شێوە نووسینی ئەدەبی و شێوەی ئاخاوتنی سلێمانی خۆیشی لەوەدایە کە هەر وشە و تەعبیر و دارشتنێکی کوردی لە ڕەسەنایەتی و ڕاست بووندا بەسەر هی دیکەدا کەوتەوە ئەویان قبووڵ بکرێ نەك جوانی و ئاورینگی لەهجەی بنەمای ئەدەبی شەفاعەت بکەن بۆ ئەو بەکارهێنانەی نادروستن و لەگەڵ خۆیدا بەسەر هەموو زمانەکەیدا بسەپێنێ "(١٨) کۆبوونەتەوە و بەو " زمانە ئەدەبی یە یەکگرتووەی کوردی کە لەسەردەمی بابانەکەوە، ( نالی )ی مەزن و هاوکارەکانی کردیان بەزمانی شیعر وئەدەبیاتی کوردی و ڕۆڵێکی سەرەکییان لەگەشەپێکردن و دەوڵەمەندکردنی‌دا بووە . . "(١٩) دەنووسن چونکە " ناتوانین بڵێین ئێستاکە کورد پتر لەزمانێکی ئەدەبی یەکگرتووی هەیە . چونکە ئەم زمانە ئەدەبییە لە دەوری بابانەوە تا ئێستا هەر زمانی ئەدەبی ناوچەیەکی گەورەی کوردستانە و ، لەساڵی (١٩٢٢)ەوە تاکو ئەمڕۆ زمانی خوێندن و نووسینی بەشێکی زۆری ئەو ناوچەیەیە . هەر لەو کاتەدا شێوە زمانێکی تر نابینین کە لەدەوری بابانەوە تائێستا بەو شێوە فراوانە و بەو بەردەوامی‌یە زمانی ئەدەبیاتی بێت "(٢٠). ئەگەر ماڵ‌جیایی نەکرایا و هەموو کورد لەدەوری ئەو ڕێنووس و زاراوەیە کۆبووایەوە، بێگومان‌گەورەترین دژوارترین گیروگرفتی نەتەوەی کورد چارەسەردەکرا و ڕێگەی یەکگرتن و یەکێتی خاك و نەتەوەکە هاسانتر و کورتتر دەکرایەوە، چونکە " ئەو ڕێگایەی کە بنچینەی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی نەتەوە لەدیالێکتێك یا لەبەشە دیالێکتێکی زیندووی زمانەوە وەردەگرێت ، بۆ کورد لەهەموو ڕێگایەکی تر دروستتر و گونجاوترە، بە مەرجێ بەوشەی جوان و پتەوی دیالێکتەکانی دیکە موتوربە بکرێت "(٢١) .مامۆستا هەژاری شاعیریش لەسەر ئەو ڕایەیە کە تیپی لاتینی تیماری دەردی کورد دەکات و دەڵێ " پیتەکانی کە ئەمڕۆ پێ‌ی دەنووسین کە پاشماوەی خەتی ئارامی چەندین هەزار ساڵەیە هەرچەندە ئێمە بە ئیعراب بەحروفەوە دەینووسین و لەعەرەب و فارس وارد و باشتر و هاسانترمان کردوە ، بەلام ئەگەر ناچاری نەبێ ئەبەد بەکاری کوردی نووسین نایە . چاکترین خەت بۆ کوردی نووسین ئەو خەت و ئەلف و بایەیە کەئێستا لە کوردستانی تورکیا باوە . . . لەڕاستی‌دا لاتینی نەبێ بۆ کوردی لەنووسینی بێ گرێ و گۆڵ بەمراد ناگەین"(٢٢).

لەڕاستیدا پێم سەیرە کە زانایەکی وەکو مامۆستا هەژار بەو شێوەیە بنوارێتە مەسەلەکە . ئێمە کەرێنووسی کوردیمان لەعەرەب و فارس وارد و باشتر و هاسانتر کردبێت،ئیدی بۆ دەبی هەر بەناتەواو و خراپی بزانین ، لەکاتێکدا کە عەرەبی زمانی پتر لەبیست دەوڵەتە و زمانی قورئانیشە کە زمانی ئیسلامە کە ئایینی چواریەکی هەموو مرۆڤی سەر زەمینە . فارسیش زمانی دەوڵەتێکی مەزن و کۆنی سێ چوار هەزار ساڵەیە و زمانی ئەدەبی چەندین گەل و نەتەوەی دیکەی ڕۆژهەڵاتە . جگە لەوەش هەم عەرەب و هەمیش فارسی دوو زمانی ئەدەبیی هەرەپێشکەوتوون و لەنێو ئەدەبی مرۆڤایەتیدا گەلێك دیارن و گەلێکیشیان خزمەت بە فەرهەنگی مرۆڤایەتی کردووە و بەبەراورد لەگەڵ ئێمەی کورددا زۆر زۆر لەپێشەوەن و ئێمە بەواندا ناگەین. کە ئەوان بەو حاڵەی خۆیانەوە بەو ئەلفوبێیە ڕازی بن - بەمەرجێکیش توانستی گۆڕینیان هەبێ بەڵام هەرگیز هەڵەی وا ناکەن - ئیدی بۆ دەبێ لاتینی تیماری دەردەکانی ئێمە بکات و ئەلفوبێیەکەی خۆمان پڕبێ لەگرێوگۆڵ !

هەندێك پێیان وایە کە بەتیپی لاتینی نەبێت زانین لەنێو میللەتی کورددا ناچێتە سەر و لەبەر ئەوەی مندالی کورد لەتورکیا بەتیپی لاتینی ڕاهاتوون و ڕادێن ئیدی لاتینی چاکە " **بەلاڤکرنا زانینێ ژی بۆ ملەتێت وەکی ملەتێ کورد ب ڕێکا نڤیسینا زمانی کوردی ب تیپێت لاتینی نەبت ناچتە سەری ! ژبەر کو نڤیسینا زمانێ کوردی ب تیپێت لاتینی زوێتر و باشتر ب دەستڤەتێت ، چکو دەنگێ یا فۆنێم د زمانێ کوردیدا ب تیپێت عەرەبی ناهێتە نڤیسین و زارۆکێت کورد ژی ل تورکیای ب تیپێت لاتینی دخوینن و دنڤیسن ، نەشێن کتێبێت کوردی یان ڕۆژنامە و کۆڤارێت ب تیپێت عەرەبی تێنە نڤیسین بخوینن . هەکە هات و وەکی بەرێ ب تیپێت عەرەبی هاتنە نڤیسین وێ ڕوشنبیرێت کورد ب درستی بێ بەهرە بن خاسما ناڤی (کورد)ئینان لەتورکیا لەسەر دچیت . هەر ژبەر هندێ ژی بەهەشتی ئەلفابێ یا ڕاست دانایی ژینێ گوهی نێزیکی ئەلفبێیا تورکیکر داکو کوردێت تورکی بخوینن و تێبگەهن . هەر ژبەر هندێیە ژی کوردێت تورکی ژ چاپەمنی یێت کوردی لەعیراقێ زربەهرن** "(٢٢) . پێم وایە ئەگەر خەڵك لەبڵاوکردنەوەی زانیاری بن و ئەوەیان لا مەبەست و گرنگ بێت ئەوا بە تیپی بزماریش بێت دەتوانن بڵاوبکەنەوە . میللەتانێك کە بەتیپی عەرەبە لاتینی دەنووسن پێم وا نییە کە لەمیللەتانی

کە بەتیپی لاتینی دەنووسن کەمتر شت بڵاوبکەنەوە ، ئەگەر بەراوردێکی وەك یەك و دوولایەنی هاوتا بگرینەبەرچاو ، دەنا ئەو مەسەلەیەش بەڕادەی خوێندەواری و پێشکەوتنی هەر میللەتێکەوە بەندە ، و چۆنیەتی تیپەکە هیچ ڕۆڵێکی نییە . کەمندالی کوردی تورکیا ناتوانن کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردیی عیراق بخوێننەوە لەبەر ئەوەیە کە بە تیپی کوردیی عیراق ڕانەهاتوون و نایزانن لەلایەکەوە و لەلایەکی دیکەیشەوە ئەوان هەر لەزاراوەکەش تێناگەن . ئەمە جگە لەوەی کە ئەو کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارەکوردییانەی کوردستانی عیراق هەرناگەنە ئەوان بەهۆی سنوور و سیاسەتی تورك و عیراقەوە . مندالی کوردی تورکیا نەك هەر شتی کوردستانی عیراق ناخوێننەوە ، بەڵکو بە خوێندنەوەی کوردی لاتینیش هەر ڕانەهاتوون ، چونکە ئەوان بەکوردی ناخوێنن و زمانی خوێندنیان تەنێ تورکییە . ئەو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییانەی کە بەتیپی لاتینی دەنووسرێن ، لە ئەورووپا و دەرەوەی کوردستان دەردەچن و بەدەگمەنیش ناگەنەوە کوردستان ، یانی زارۆکی کوردی تورکیا مەگەر لەئەورووپا - ئەویش ئەگەر زۆر بەتەنگییەوە بن - فێری ئەو زمانە کوردییە بێت . مامۆستا صادق ئەوەی لەبیرکردووە کە ئەو نووسینەکوردییە لاتینییە بۆ کوردی عیراق و ئێران هەمان شێوەی کوردییەکەی ئێران و عیراقە بۆ کوردی تورکیا ، ئەوانیش نەدەیزانن و نەش دەگاتە دەستیان . هەروەها هەردوو شێوە نووسینەکەی عیراق/ئێران و تورکیا/سووریا بۆ کوردی سۆڤیەت نامۆن و لێی نازانن ، خۆ کوردییە کریلیکەکەی ئەوان بۆ سەرتایای کوردستان نامۆیە و کەس سەری لێ دەرناکات .

بڕیاری یەکلایەنە و بێ سێودوولێکردن و بێ ڕاوێژکردن بەخەڵك زۆرجاران بڕیارێکی سەرکەوتوو نابێت. هەندێ کەس لەخۆیەوە وای بڕیارداوە کەتیپی لاتینی ببێ بە ئەلفوبێی زمانی کوردی " **یەك ژ ڤانێن ، کوییێ ب کاربە ڕۆلەك گەورە بۆ یەکتیا گەلێ کورد بلیزە . یەککرنا نڤیسا زمانی کوردییە . ڤاڤێتنا ڤێ ڤاڤێ ل بەرچاڤێن هنان ، ب تایبەتی ل بەر چاڤێن هن هەڤوە لاتینێن مەێن سۆران ، ژ دەرکەتنا سەر هیڤێ دژوارتر بوویە ..** "(٢٤) . لام وایە هەموو کوردێك لەگەڵ ئەو ڕایەی کاك شاهیندایە کە یەکخستنی ڕێنووسی کوردیو بەکارهێنانی یەك ئەلفوبێ هەنگاوێکە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ لە یەکێتی گەلی کورددا و کەس لاری لەوە نییە.. بەڵام

که لەبەرچاوی هەندێ هاووڵاتیيانی سۆران لەسەرکەوتتە بان مانگ دژوارترە ئەمەيان جێی خۆی نييە ، چونکە ئەگەر مرۆڤ تيپی لاتينیکردە بنکە و بنەما و ڕاستييەك و چ موناقەشەی لەسەر نەکرێ ئەوە حەتمەن مەسەلەکە وەکو کاك شاهين دەيلێ ، وا دەشکێتەوە . بەڵام بۆ دەبێ تيپی لاتينی بکرێتە ئەساس بۆ ئەلفوبێی کوردی! لام وايە ئەگەر بشگوترێ کە هەر دەبێ ئەلفوبێی ( عەرەبی - فارسی دەستکاريکراو ) بکرێتە ئەلفوبێی هەموو کورد ، ئەو دەمە هەڤوەلاتيێن مەبێن کرمانجيش بەلايانەوە لە سەرکەوتنە سەر مەريخ دژوارترە . لەهەمان گوتاردا کاك شاهين داوا لەپارتييە سياسييەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان دەکات کە کۆميتەيەك سازبکەن بۆ وەی " بەيعەت " بەتيپی لاتينی بدرێت و بيکەن بە ئەلفوبێی زمانی کوردی . جارێ پێشەکی کەنگێ پارتييە سياسييەکانی کوردستان ئارەزووی کاری فەرهەنگی و زمانەوانی و کۆمەڵايەتييان هەبووە و هەيە و چیلێدەزانن. ئەوان دەيان ساڵە و تائێستاش لەسەر ئامانج و ئاوات و خواستەکانی نەك هەر گەلی کورد بەڵکو هی خۆيشيان ، لەسەر دروشمەکان و دەستنيشانکردنی دۆست و دوژمنی خۆيان و لەسەر مانا و يەکلاکردنەوەی هێندێ دەربڕينی سەرەتايی وەکو ئۆتۆنۆمی ، ئۆتۆنۆمی ڕاستەقينە ، خودموختاری ، مافی چارەنووس ، سەربەخۆيی ، ديکتاتۆری ، فاشی ، شۆڤێنی ، چەپ و ڕاست و . . . هتد پێك نەهاتوون . ئەوان تائێستاش ٧٥٪ی نووسين و بڵاوکراوەکانيان بە عەرەبی و فارسی و تورکی دەنووسن و بڵاودەکەنەوە و ئاخر زمان کەبيری لێدەکەنەوە کوردييە ، ئيدی دەبێ چەند تامەزرووی زمان و نووسينی کوردی بن ! پاشان وا کۆميتەيان سازکرد و بەيعەتيشيان دا دەبێ لەچ قوژبنێکی کوردستاندا بتوانن ئەو بڕيارە ئەنجام بدەن و بيخەنەگەڕ . چونکە ئەسلەن هيچ شوێنێکيان بەدەستەوە نييە و گەر هێندەی ساجێکيش خاکيان بەدەستەوە بێت ئەزەلی و ئەبەدی نييە و قابيلی گۆڕان و لەدەست چوونە .

کاك شاهين ئەلفوبێکەی کۆڤاری هاوار دەکاتە پێوەرو داواش دەکات کە " **ددەستپێکی دەب زاراڤێن زازاکی (دنبلی) ، سۆرانی و کورمانجی وەرن وەشاندن و بەلاڤ کرن . .** "(٢٥) . بەو سێ زاراوەيەی کە کاك شاهين ناويان دەبا لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا نووسينی کوردی بڵاودەبێتەوە ، زاراوە سۆرانيکە وەکوو زاراوە و بەئەلفوبێش لەو دوو زاراوەکەی دی جوێيە . بەڵام هەر کرمانجی " ژووروو" بۆ خۆی کە بەسێ ئەلفوبێی جياواز عەرەبی ، لاتينی و کريليك دەنووسرێ و ماوەی پەنجا شێست ساڵێکيشە بەو شێوەيە ڕۆيشتووە و تاکو لاتينی و کريليك پەيدا نەبووبوون ئەلفوبێ عەرەبييەکە هەموو زمانی کوردی گرتبووە خۆی ، بەڵام لەوەتی ئەو دووە هاتوونەتە مەيدانەوە ئايا وا ڕوویداوە کە هەر کرمانجييە ژوورووەکە بۆ خۆی بەيەك ئەلفوبێ بنووسرێ ؟ يان هەوڵێ ئەوە دراوە يان کارەکە بۆخۆی بەرەو ئەوە چووە کەببێتە يەك ئەلفوبێ ؟ هەرگيز نەخێر . . . ! ! بەهەرحاڵ پێم وايە کارەکە نەبە (هەردەبێ ) و نەبە( ئەلفوبێی هاوار ) و نەش بەپارتييە سياسييەکان مەيسەر دەبێت ! ئەگەر چاوەنواڕی پارتييە سياسييەکان بين مەسەلەی زمانمان بۆ چارەسەربکەن ، پێم وايە بەبێ زمان و بێ ئەلفوبێ سەردەنێينەوە . ئەوان باپێشتر چارەسەری چەوتی و هەڵە و پەلەی دەيان ساڵەی سياسەتی خۆيان بکەن . بۆ شارەزاييەکی باشتر و تێگەيشتنێکی زێتر لەڕێنووسی کوردی وا چاکە ئاوڕێك لەمێژووی ڕێنووسی کوردی بدەينەوە . لە کتێبی " زمانی يەکگرتووی کوردی " دا مامۆستا جەمال نەبەز لەبارەی ڕێنووسی زمانی کوردييەوە بەدوورودرێژی دەدوێ و قۆناغەکانی پێشکەوتن و گۆڕانی ڕێنووسيش باس دەکات . لەمەڕ مێژووی بەکوردی نووسينەوە دەڵێ " **هەرچەندە بەداخەوە نازانرێ لەکەيەوە بەکوردی دەنووسرێ ، بەڵام ئاشکرايە ؛ پاش ئەوەی ئايينی ئيسلام لەکوردستاندا بێخی خۆی داکوتا ، کوردەکانيش وەك فارسەکان ، دەستيانکرد بە بەکارهێنانی ئەلف وبێی عەرەبی بۆ نووسينی زمانەکەيان . هەرچەندە ئەو بەڵگانەی ئائێستە لەچەند سەد ساڵێك تێپەڕ نابێ ، بەڵام ئەز لەو باوەڕەدام کەمێژووی نووسينی کوردی گەلێك لەو تێکستانە کۆنترە کەبێمان گەيشتوون** "(٢٦) . بەمەدا ئێدەگەين کە بەهاتنی ئيسلام بۆ کوردستان ئيدی کورديش ئەلفوبێی عەرەبی بۆ نووسين بەکارهێنا . ڕەنگە پێش ئيسلاميش کورد هەمان ئەلفوبێيەك کەفارس بەکاریهێناوە ئەويش بەکاریهێنابێ ئەگەر ئەسلەن بەکوردی شت نووسرابێتەوە ، چونکە بەگشتی زمانی خەڵکی حوکمڕان - ئيدی هەرکەسێ بووبێت - زمانی نووسين بووە . سەبارەت بەهاتنی ئيسلاميش بۆ کوردستان مامۆستا نەبەز دەڵێ " **ئايينی ئيسلام لەدەوروبەری ٦٣٩ی زايندا هاتە کوردستانەوە ، بەماوەيەکی کەم ئايينی زەردەشتیی لەهەموو کوردستان و**

**هەموو ئێراندا لەنێوبرد و کتێبە پیرۆزەکەی کە قورئانە و بە عەرەبی نووسراوەتەوە بەتەواوی جێی ئاڤێستای گرتەوە. کوردەکان هەرچەندە لەسەرەتاوە بەربەرەکانی ئەم ئایینەشیان کرد ، بەڵام لەئەنجامدا و لەبەر گەلێك هۆ بەزۆری بوونە موسوڵمان و دەستیانکرد بەخزمەت کردنی ئایینی ئیسلام و زمانی عەرەبی** "(٢٧) ، کەواتە ئەگەر کورد لەپێش ئیسلامدا نووسینێکی بووبێ ، ئەوا نەماوەتەوە ئێستا و تەنانەت نووسینەکانی پاش هاتنی ئیسلامیش - وەکوو مامۆستا نەبەز دەڵێ - هەر هی چەند سەدەیەکی لەبەردەستدایە ، بەڵام ئەوە روونە کە ئەلفوبێی عەرەبی لەدوای هاتنی ئیسلامەوە بۆ کوردستان بووە بەئەلفوبێی کوردیش . هەرچەندە جگە لەتیپی عەرەبی " **کەمێکی کەمی ئەو نووسینانە بەخەتی سریانی و کەمتریش لەوە بە خەتی ئەرمەنی نووسراونەتەوە** "(٢٨) ، یانی تا ئەو کاتە سێ ئەلفوبێ بۆ نووسینی کوردی لەئارادا هەبوون : عەرەبی ، سریانی و ئەرمەنی . جگە لەوانەش وا پێدەچێ زمانی کوردی بە ئەلفوبێیەکی دیکەش نووسرابێتەوە ئەویش ئەلفوبێی ئێزدی "یەزیدی" یە " پرۆفیسۆر قەناتێ کوردۆ ، راستییەکی دیرۆکی پیشانددە لەبەندا " **ل بابەت نڤیسکار ، زمان و ئەلفابێ یا پرتووکێت ئێزدییان " و بەلگەیێن بەرچاڤ نیشاندکە ، کو ئەلفابێ یا پرتووکێن وا ئێزدییان بێهاتییە نڤیساندن ، ئەلفابێیەکە کوردی سەربخۆ ، نەتەوەیییە ، نەنەستوورییە و نەجهووکییە . لێ " پێویستە بێگوتن ، کو ئەلفابێ دین ئیتاعەتا بنکە و رێبازا عەرەبیدا هاتییە رێك وپێككرنێ" ئەو ئەلفابێیا کوردی " ب تەمامی یاخو قا ژ ئەلفابێیا عەرەبی جیاوازترە** "(٢٩) . مامۆستا جەمال نەبەزیش لەبارەی ئەو ئەلفوبێی ئێزدییەوە دەڵێ " **ئەلف و بێی ئێزدی ئەو ئەلف وبێیەیە کە هەردوو کتێبە پیرۆزەکەی ئێزدییەکان بەوە نووسراونەتەوە ، واتا " مصحف رش " و " کتێبی جلوە " . هەرچەندە نازانرێ کەی ئەم ئەلف و بێیە دانراوە ؛ بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەو کەسەی دایناوە شارەزاییەکی تەواوی لەئەلف و بێی عەرەبیش و فارسیشدا بووە** "(٣٠) . کە ئەلفوبێی ئێزدی - وەکو مامۆستایان کوردۆ و نەبەز باسیدەکەن - لەژێر کارتێکردنی ئەلفوبێی عەرەبی و فارسیدا بووبێت ، مانای وایە کە ئەو ئەلفوبێیەش هەردوای هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان چێکراوە ، چونکە ئێزدییەکانیش کە هەر لە کوردستاندا بوون بەهاتنی ئیسلام بۆ کوردستان شارەزای ئەلفوبێی عەرەبی بوون دەنا خۆ پێشتر ئەلفوبێی عەرەبی لەکوردستاندا نەبووە . تا ئێرە ژمارەی ئەلفوبێی کوردی دەکاتە چوار : عەرەبی ، سریانی ، ئەرمەنی و ئێزدی .

ئەگەر بگەرێینەوە بۆ سەرەتای پەیدابوونی ئەلفوبێی عەرەبی کە کورد و فارسیش لەپاش هاتنی ئیسلامەوە بەکاریدێنن ئەوا دەبینین کە دەوروبەری دووهەزار ساڵێك پێش زایین ، فینیقییەکان ، ئەلفوبێیەکیان بەکارهێناوە کە لەراستەوە بۆ چەپ پێیان نووسیووە و لەو رێنووسەوە ئەلفوبێی عەرەبی و گریکی و لاتینی گەشەیکردووە ، تەنانەت گریکییەکان کە لەرۆژهەڵاتەوە فێری نووسین بوون هەر لەراستەوە بۆ چەپ دەیاننووسی تا دووسەد ساڵێك پاش زایین و ئیدی لەو دەمەوە وردەوردە بەرەو ئەوە چوون کە لەچەپەوە بۆ راست بنووسن ، ئەویش رەنگە بەهۆی ئەوەوە بێت - وەکوو " دۆناڵد باکسۆن " لە کتێبی مێژووی هونەری نووسین ( Skrivkonstens historia )دا دەڵێ - کە ئەگەر وەکو عەرەب لەلای راستەوە بۆ چەپ بنووسرێ ئەوە دەبێتە هۆی شاردنەوەی وشەکان لەپشتی دەستەوە و جێنەهێشتنی چۆڵایی بە رێك وپێکی لەنێوان وشەکاندا بەڵام لەلای چەپەوە نووسین ئەو دەرفەتە دەرەخسێنێ ، ئەوجا رەنگە گریکییەکانیش لەبەر ئەوە لە چەپەوە بۆ راست نووسینیان هەڵبژاردبێ(٣١) بێگومان کوردیش ئەلفوبێ عەرەبییەکەی وەرگرتووە ، بەڵام پاشان تێکەڵ بەفارسیکراوە و پاش کۆمەڵێك دەستکاری و گۆرانکاری گەیشتووەتە ئەمەی کە ئێستا لەئارادایە . مەسەلەکە لەوەدا نەوەستا بەڵکو تیپی لاتینیش هاتەئاراوە کە ئەویش بەچەند قۆناخێکدا تێپەربووە و گەیشتووەتە ئەمەی کە ئەورۆ هەیە . لەپاش جەنگی جیهانییەکەمەوە لەلایەن ( میجەر سۆن )ەوە هەوڵی دانانی ئەلفوبێیەکی لاتینی دراوە ، بەڵام ئەو ئەلفوبێیە بڵاونەبووەوە . لە ساڵی ١٩٣٠دا زانای ئەرمەنی (ئیسحاق مورگولۆڤ )و (عەرەبی شەمۆ) ئەلفوبێیەکی لاتینییان دانا و لەنێو کوردەکانی سۆڤیەتدا تاکو ساڵی ١٩٣٨ بەکاربراوە . بۆ نموونە رۆژنامەی (رێیا تەزە) کە بەکوردی دەردەچێ لە ژمارەی یەکەمیەوە لەساڵی ١٩٣٠-١٩٣٨ بەلاتینی دەرچووە . ساڵی ١٩٣٨-١٩٥٥ رێیا تەزە دەرنەچووە و لە ١٩٥٥ بەشەوە تا ئێستا بەتیپی کریلیك دەردەچێ . بەڵام مامۆستا جەمال نەبەز دەڵێ " **ئەلف و بێی سریالی بەزۆری لەساڵی ١٩٤٦ وە بەکاردەبرێ** "(٣٢) . لەساڵی ١٩٣٢ یشدا (جەلادەت بەدرخان ) ئەلفوبێ لاتینییەکەی

خۆی بڵاوکردەوە . ئەو لەساڵی ١٩١٩ وە دەستی بە ڕێکخستنی ئەو ئەلفوبێیە کردبوو . لەپێشگۆتنی کتێبێکدا کەساڵی ١٩٣٢ لەشام بەتیپی لاتینی نووسیوویەتی ، جەلادەت بەدرخان باسی ئەوە دەکات کەساڵی ١٩١٩لە خەرپووت و دیاربەکر و چیای (مەلەتیێ) و لەنێو عەشیرەتی (ڕەشوان یان رەوات)دا کاتێك کە لەگەڵ ( مێجەر نۆئێل )(٣٣)ناوێکی ئینگلیزدا دەبێ کە سۆرانی دەزانێ و هەوڵدەدا فێری کرمانجی ببێت . کاتێك کە مەتەڵ و ستران و چیرۆکان کۆدەکەنەوە و دەنووسن و بەراورددەکەن ، نۆئێل بەرامبەر بەتیپیعەرەبی تیپی لاتینی دەنووسێت و دەستنووس و خەتی خۆی بەهاسانی دەخوێنێتەوە و وەکو جەلادەت بەدرخان دەڵێ **" ب بلێکرنەکە بیانی ، لێ بێدژواری دەست نڤیسا خۆ دخواند ، لێ بەلێ ئەز ، هەیا کو من (وو) ژ (ۆ) و (ی) ژ (ێ) دەرخستن دکەتم هەزار دژواری "**(٣٤) ،ئەوجا دەڵێ **" د جهدا قەرارا خودا و ژ خورا ب حەرفێن لاتینی ئەلفابێیەك لێکدانی "**٣٥ و پاشان باسی ئەوە دەکات کەسوودی لەئەلفوبێی یۆنانی و رووسی و لاتینی و فەرەنسەیی وەرگرتووە بۆ چێکردنی ئەلفوبێی لاتینی بۆ کوردی و کاتێك تورکان ئەلفوبێی لاتینی خۆیان بڵاوکردەوە ئیدی **" ژبونا هێسانکرنا خوەندنا نڤیسارین مە ژ کوردمانجێن ترکیا ، مە دەنگێن هن حەرفان ب هەڤ گوهارتن ئو هەرچەند هەبو مە ئەو چەند ژ ئەلفابێ یا خوە خست نێزیکی ئەلفابێیا ترکان کر "**(٣٦) . دەشڵێ کە پرسی بەزۆر خوێندەوار و زانا و نووسەری کورد و بیانیکردووە بۆ نووسینیئەلفوبێ لاتینییەکەی و گوایە سێزدە ساڵ هەوڵی بۆ داوە . ئەلفوبێ لاتینییەکەی جەلادەت بەدرخان جێی خۆی گرت و بوو بەبنگەی نووسین بەتیپی لاتینی و تائێستەش رۆژ لەدوای رۆژ لەبرەودایە .

ساڵی ١٩٣٣ مامۆستا تەوفیق وەهبی (خوێندەواری باو)ی بڵاوکردەوە و زێتر تیپی ئینگلیزی بەکاربردبوو . ساڵی ١٩٥٦ مامۆستا جەمال نەبەز (نووسینی کوردی بەلاتینی ) دەرکردووە و دەنگی (ڵ) و (ڕ)ی بۆ ئەلفوبێکەی بەدرخان زیادکردووە و پاشانیش دەنگی ( ئۆێ Ö )ی خستەسەر ، بەو گۆڕانانە تارادەیەك ئەلفوبێکەی بەدرخانی کاراترکرد . بەڵام ئەوانەی کەتیپی لاتینی بەکاردەبەن بۆ نووسینی کوردی ئەو گۆڕانکارییەی مامۆستا نەبەزیان لەبەرچاو نەگرتووە کە ئەوەش بۆ خۆی کەلێنێکە لە ئەلفوبێی لاتینیدا . ساڵی ١٩٧٢ مامۆستا گیوی موکریانی ( ئەلف و بێی کوردی وێنەدار بەتیپی لاتینی )ی دانا .

سەرباری ئەو ئەلفوبێیانەی کە تا ئەوڕۆکە کەم تا زۆر بۆ نووسینی کوردی بەکارهێنراون وەکوو : عەرەبی ، ئەرمەنی ، سریانی ، ئێزدی ، لاتینی و کریلیك دەگوترێ کە جوولەکەکانی کوردستان کە ئەوڕۆکە لە ئیسرائیلن بەتیپی عیبری شتی کوردییان نووسیوە .

ئەو ئەلفوبێیەی لەهەمووان زێتر شتی پێنووسراوەتەوە ئەلفوبێی عەرەبییە کە لەکوردستانی ئێران و عیراقدا و بەهەردوو دیالێکتی کرمانجی ژوورو و خواروو پێی دەنووسرێ و زمانی خوێندن و دەیان ڕۆژنامە و گۆڤارە و سەدان کتێبی پێ دەنووسرێ و هەزارانی پێ نووسراوە و لەرادیۆ و تەلەفزیۆنیشدا بەکاردەبرێ . پاشان ئەلفوبێی لاتینییە کە کوردی کوردستانی تورکیا و سوریا بەدیالێکتی کرمانجی ژووروو پێی دەنووسن ، ئەویش لەدەرێی کوردستان (هەندەران) . دواییش ئەلفوبێی کریلیك کە کوردانی سۆڤیەت بە کرمانجی ژووروو پێی دەنووسن . ئەو سێ ئەلفوبێیە شانبەشانی یەکدی دەڕۆن و خەڵکی فێریان دەبێ و وەچە لەدوای وەچەیش پێی دەنووسن . سەرەرای ئەو دیالێکت و ئەلفوبێیانە دملی (زازایی)یش ئەوڕۆکە لەدەرەوەی کوردستان بەتیپی لاتینی دەنووسن . بەگوێرەی ئەو نەخشەی دابەشبوونی ئەلفوبێ و دیالێکتانە سەختیی گیروگرفتەکەمان زێتر بۆ ڕوون دەبێتەوە .

مێژووی گەشەکردن و گۆڕانکاریی ئەلفوبێی کوردی پێشانماندەدا کە تاساڵانی سییەکانی ئەم سەدەیە تاکە ئەلفوبێیەك کە کورد پێی نووسیوە ئەلفوبێی ( عەرەبی - فارسی دەستکاریکراو ) بووە و هەموو کوردیش لەهەموو ناوچەیەکی کوردستاندا و هەر دیالێکتێکی بووبێ پێی نووسیوە . گۆڕانی ڕژێمی تورکیا لەخیلافەتەوە بۆ کۆماری و هاتنی مستەفا کەمال ئەتاتورك بۆ فەرمانڕەوایی تورکیا و گۆڕینی ڕێنووس و ئەلفوبێی زمانی تورکی لە ئەلفوبێی عەرەبییەوە بۆ لاتینی کەسانێکی وەکو جەلادەت بەدرخانی خستە سەر ئەو ڕایەی کە دەبێ کوردیش ئەلفوبێی خۆی بکاتە لاتینی . ئەڵبەتە وەك پێشتریش گوتمان مامۆستا جەلادەت بەدرخان بۆ خۆی باسی ئەوە دەکات . ئەو لەساڵی ١٩٣٢دا و پاش ئەوەی کە لە تورکیا ئەلفوبێ کرایە لاتینی ، ئەلفوبێکەی خۆیبڵاوکردەوە

و بۆ نزیکخستنەوەیشی لەئەلفوبێی تورکی لاتینی هێندی دەنگی کوردی وەکو ئەو لێکرد .

تورکەکان " **لەساڵی ١٩٢٢ دا لەپاش پەیدابوونی کۆماری بۆرژووای میللی لەتورکیا ، برێ ئیسلاحات لەو وڵاتدا بەدیکران . خەلیفایەتی ئاشبەتاڵی پێکرا ، ئایین لەدەوڵەت جوێ کرایەوە ، فێرگەکان ، قوتابخانە ئایینیەکان داخران ، فێرگە و قوتابخانەی نوێیاو کرانەوە** "(٣٧) . بەمەدا بەڕوونی دەردەکەوێ کەئامانجی تورکە لاوەکان لەتورکیادا فەرمانڕەوابیان گرتە دەست خۆی لەخۆیدا نەهێشتنی خیلافەت و جوێکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و داخستنی فێرگە و قوتابخانە ئایینییەکان بووەو ..هتد . هەر بۆیەش بۆ دژایەتی ئایینی ئیسلام دەبوایە مەسەلەکە لەبنەڕەتەوە هەڵتەکێنن ئەویش بەگۆڕینی ئەلفوبێ عەرەبییەکە و کردنی بە ئەلفوبێی لاتینی . ئیدی بەوە تەواوی مەسەلەکان بەرەواژە دەبێتەوە . بەڵام ئەوان لەپڕێک نەبوونە کوڕێک ، ئەو گۆڕینە بەپرۆسێسێکی دوور و درێژدا تێپەڕی و وردە وردە هەنگاوی بۆ نراو بەبریاری تاکە کەسیش نەکرا ! ئەوان (تورکەکان) کارێکی وایان‌کرد کە لەنێوان ساڵانی " **١٩٢٣ وە تا ساڵی ١٩٢٨ هەر نووسینێک لەبارەی زمانەوە نووسرابا زۆرتر لەڕێنووس و ئەلفبێتکە دەدوا** "(٣٨) ، ئیدی بەهەموو شێوەیەک لێکۆڵینەوە و نووسین لەسەر ئەو مەسەلە گرنگە ئامادەدەکرا تا " **لەمارتی ساڵی ١٩٢٦دا لەباکۆ کۆنگرەی تورکناسی بەسترا . لە کۆنگرەدا مەسەلەی پەسەندکردنی ئەلفبێتکەی لاتینی بۆ زمانە تورکی‌یەکان وەکو یەکێ لەمەسەلە بنەڕەتەکان خرایە پێش چاو . لەم کۆنگرەیەدا بڕێ تورکناسی بەناوبانگ لە مەسەلەکەیان کۆڵییەوە و ئەلفبێتکەی عارەبی و ئەلفبێتکەی لاتینی‌یان بەبالای یەکتر گرت و لەگەڵ یەکیان بەراوردکردن و گرنگی ئەلفبێتکەی لاتینی‌یان بەوردی ڕوونکردەوە و لەبەرچاوگرت** "(٣٩) .

بەو قسانەدا زێتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پاش کۆششێکی زۆر و پاش بەراوردکردنێکی وردی هەردوو ئەلفوبێکە و دەمەتەقەیەکی زۆر لەسەریان هێشتا دوا بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەسەر نەدرا و تەنێ ئەوەیە کە ئەلفوبێی لاتینی پەسەندکرا . پاش ئەو پەسەندکردنە بەدوو ساڵان و لە ٩ی ئابی ساڵی ١٩٢٨ دا پاش ئەوەی کە کەمال ئەتاتورک گوتارێکی خوێندەوە و گوتی " **زمانە شیرین و دەوڵەمەندەکەمان ئیتر لەمەوپاش بەپیتی نوێیاوی تورکی‌خۆی دەنوێنێ . پێویستە خۆمان لەو پیت و پێوار و نیشانە پەنی و نائاشنایانەی کە چەندین چەرخە بیر و هۆشیان لەچوارچێوەیەکی ئاسندا شاردووینەوە ڕزگارکەین** "(٤٠) .

ئەتاتورک بەگۆڕینی ئەلفوبێ و کردنی بەلاتینی دەیەوێ بیر و هۆشی تورک لەوچوارچێوە ئاسنینە کە تیپی‌عەرەبی و ئایینی ئیسلامە ڕزگارکات ! لەیەکی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٨دا ئەنجومەنی میللەت ئەلفوبێی لاتینی پەسەندکرد و چەندین کۆڕ و کۆمەڵەش وەکو ( کۆڕی زمان ) و ( کۆمەڵی وردکردنەوەی زمانی تورکی ) دانران بۆ کۆڵینەوە و کارکردن لەسەر هەموو لایەنێکی زمانی تورکی . ئیدی لەپاش ئەوەوە لەبنی هەمانەکەیاندا و ـ خۆیان گوتەنی ـ خۆیان ڕزگارکرد . بەڵام ئەو خۆ ڕزگارکردنە هەرگیز سروشتی نەبوو و بەخواست و ئارەزووی خەڵك و بەهۆی گۆڕانکاری نێو کۆمەڵگەوە نەبوو ، بەڵکو " **کارێکی ناسروشتی و دەستکرد و زۆرەملێ بوو بەسەر گەلانی تورکیادا سەپێنرا و لەپێویستیی ژیانی کولتووری و لەناخی گەل و پێویستی‌یەکانییەوە هەڵنەقولابوو** "(٤١) .

ئەگەر بنوارینە ئەزموونی خەڵکێکی دیکە ـ هەرچەند بڕێك لێمانەوە دوورن ـ کەتیپیان گۆڕیوە ، بێگومان لەوانیشەوە هێندی شتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ، ئەو خەڵکەش گەلی " ڤێتنام "ە . گۆڕینی ئەلفوبێ لە ڤێتنام بە پرۆسێسێکی دوور و درێژدا تێپەڕیوە . ماوەی هەزار ساڵێك و تاکو دەوروبەری ساڵانی ١٨٠٠ هەموو نووسراوێك ئیدی کتێب و هەموو شتێکی دیکە بەتیپی چینی دەنووسرا . پێش دووسەد ساڵێك کەفرانسەییەکان بۆ بلاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی گەیشتنە ئەو ناوە ، لەگەڵ خۆدا تیپی لاتینییان گەیاندە ئەوێ و لەشارە گەورەکانی ڤێتنامدا لەگەڵ پرۆپاگەندەی عیسایەتیدا لەنێو خەڵکدا بلاویان‌کردەوە و خەڵکیش وردەوردە دەستیان بە بەکارهێنانی کرد . ڤێتنام تا دەوروبەری ١٨٢٠ کۆلۆنی چین بووە و لەوەش بەدواوە تاکو ١٩٥٤ کۆلۆنی فرانسە بووە . ئیدی بەحوکمی ئەو وەزعە ـ بێگومان نەک بەبڕیار ـ تیپی لاتینی ، وردەوردە جێی تیپی چینی گرتووەتەوە . تائێستەش کتێب و نووسینی ڤێتنامی بەتیپی چینی ئەو سەردەمە هەر ماوە و زۆر شت هەیە کە هەر نەکراوەتە تیپی لاتینی . هەرچەند لە(١٩٢٠)ەوە لە خوێندنگەکاندا ، خوێندن و نووسین کرا بەتیپی لاتینی ، بەڵام تائێستاش ئەلفوبێی چینی هەر ماوە و خەڵک هەردوو ئەلفوبێیەکە دەزانن . (٤٢) .

بەبڕێك وردبوونەوە و بەلەبەرچاوگرتنی دیتن و بیروڕای ئەو کەسانەی کەلایەنگری لەنووسینی کوردی بەتیپی لاتینی دەکەن و واقیعی نووسینی کوردی ئەورۆ و ئەزموونی خەلکانێك کە ئەلفوبێی خۆیان گۆڕیوە بۆ لاتینی، دەگەینە ئەم ئەنجامانە :

١ـ هەموو هەولّ و تەقەلا و کۆششێك بۆ گۆڕینی تیپی کوردی و کردنی بەلاتینی ئەگەر لەدلّپاکی و بەتەنگەوە هاتنی کورد و خۆشویستنی زمانی کوردییەوە بووبێت و بێت، تەواوی ڕاستی نییە، بەلّکو بنکە و بنەڕەت وهۆ دیکەی هەیە کەدەکرێ لەچەند بۆچوون و دیتنێکدا کۆبکرێنەوە کە ئاوها خۆ دەنوێنن :

اـ ڕکبوونەوە لەهەموو شتێکی هەردوو نەتەوەی سەردەست و داگیرکەر عەرەب و فارس و هەولّدانی خۆ جوێکردنەوە لەوان لەهەموو ڕوویەکەوە ـ لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە جێی خۆیەتی ـ کۆمەلایەتی و ئایینی وتەنانەت فەرهەنگیش . ئیدی لەبەر وەی ئەلفوبێی کوردی وئەوانەی ئەوان وەك یەکن ئەوا دەبێ کورد بیگۆڕێ وبیکاتە لاتینی. ئەمەش لەدیتنێکی نەتەوەیی تەسك زێتر هیچی دیکەنییە.

بـ دیتنێکی ئەنتی ـ ئیسلامی : زۆر کوردی " هاوچەرخ و نوێخواز و پێشکەوتنخواز " پێیان وایە کە تەواوی نەگبەتی و کلۆلّی کورد بەهۆی ئیسلامەوەیە و ئیسلام بەهۆی دواکەوتنی کورد دەزانن . لەبەر ئەوە داوای گۆڕینی ئەلفوبێی کوردی دەکەن بۆ لاتینی . لە ڕووی مێژووییشەوە دەبینین کە سەرەتای هەولّدانی خۆ قوتارکردن لەتیپی عەرەبی و سازکردنی تیپی لاتینی لە کەسانێکەوە کە هەم غەیرە کورد و هەم غەیرە ئیسلامیش بوون دەستی پێکردووە ، وەکو ( مێجەرسۆن، ئیسحاق مۆرگۆلۆف و مێجەر نۆئێل کەهاندەری جەلادەت بەدرخان بووە ) . ئەو کەسانەش وەکو ئایین مەسیحی بوون بە مەبەست هەولّی دوورخستنەوەی کوردیان لە ئەلفوبێی عەرەبی ـ ئیسلامی داوە .

پـ خۆ بەپێشکەوتنخواز و هاوچەرخ و نوێخواز زانی وا لەهەندێ کورد دەکات کەتیپی لاتینی بۆ کورد هەلّبژێرێت و بەباشی بزانێت ، چونکە تیپی لاتینی زمانگەلێکی پێشکەوتووی وەکو ئینگلیزی و فرانسەیی و ئەلمانی پێ دەنووسرێ کەزمانانی دەیان وڵاتی پێشکەوتوون . بەلاّم تیپی عەرەبی و فارسی لە وڵاتانی ڕۆژهەلاّت و ئیسلامیدا بەکاردەبرێن کە وڵاتگەلی جیهانی سێیەم و چوارەمن . ئیدی بۆ وەی کوردیش لەدواکەوتوویی و ڕۆژهەلاّتێتی دووربکەوێتەوە بەڕای ئەمانە دەبێ تیپی لاتینی بەکاربێنێ .

٢ـ بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی بۆ زمانی کوردی بووەتە و دەبێتە هۆی دابڕان لەهەموو مێژوو و فەرهەنگ و ئەدەبێ نووسراوی کورد کە سەرلەبەری بەتیپی عەرەبی ـ فارسی دەستکاریکراو نووسراوە . هەروەها دەبێتە هۆی دابڕان لە فەرهەنگی ئیسلامی کە ١٤٠٠ ساڵێکە فەرهەنگی کوردیشە . ئەلفوبێی لاتینی ، کورد لەو فەرهەنگە مەزنە لەدوو زمانی مەزن کە کۆڵەکەی فەرهەنگی مەزنی ئیسلامن ، عەرەبی و فارسی ، دووردەخاتەوە . تەواوی ئەو فەرهەنگ و ئەدەبە نووسراوەی کە ئەورۆکە کورد هەیەتی و شانازی پێوەدەکات ، سەرجەمی لەپاش ئیسلامەوەیە و کورد هیچ شتێکی نووسراوی پێش ئیسلامی نییەو ئەگەر هەیشی بێت ئەوا ئەورۆکە لەئارادا نییە و پێشم وا نییە تازە پەیدا بێت . ئەو جۆرە دابڕانە فەرهەنگیی و مێژووییە لەنێو کوردی ( سۆڤیەت و تورکیا ) دا بەڕوونی وەدیدەکرێ ( ٤٣ ) . وەچەیەکی وایان تێدا پەیدا بووە دۆمەلاّن ئاسا ـ بێ ڕەگ و ڕیشە و بێ ئیحساس بەو ماڵ وێرانی و دابڕان و لەهەوادا مەلەکردنە "هەرچەندە لەوانەیە نووسینی لاتینی هەندێ گیروگرفتی ئێستای ڕێنووسمان بۆ چار بکا ، بەلاّم کۆمەلێك گیروگرفتی نوێیشمان لەڕوودا ئەکاتەوە و، ئەویش بەبێ دەستکاریەکی زۆر بەدەنگی دەنگە کوردییەکانەوە نایەت. سەرەڕای ئەوە پێوەندیمان بەکەلەپووری کۆنی خۆمان و گەلانی عەرەب و فارسەوە ئەبڕێت کە ناتوانین نەڵێین بەشێکی گەورەی بناخەی کولتوورمانی لێ پێك دێت . بۆ نموونە گەلە موسوڵمانەکانی سۆڤیەت کە لەبەر پێوەندیان بەیەکیەتیی سۆڤیەتەوە وەك دەوڵەتێك کەزمانی ڕووسی زمانی سەرەکیی یە تیایدا و، بەهیوای ئەو پاشە ڕۆژە گەش و ڕووناکەوە کە لەم ڕێگایەوە چاوەڕوانییان دەکات و هەر لەئێستاشەوە نیشانەی بەئاشکرا دەرکەوتووە ، بەپێویستیان زانی دەست لە ئەلف و بێی عەرەبی هەڵگرن و ئەلف وبێی ڕووسی ـ بەوردە دەستکاریەکەوە ـ وەربگرن و بیکەن بە ئەلف وبێی زمانە نەتەوەیی‌یەکانی خۆیان . ڕادەی پێشکەوتوویی تێکڕای یەکێتی سۆڤیەتیش گەلێ کەن و کەلەبەری ژیانی کولتووری‌یانی بۆ پڕکردنەوە ، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا لەبیر چوونەوەی تیپی عەرەبی و فارسی زیانێکی زۆری بەپێوەندی کولتووریان بەرابوردووی خۆیان و گەلە موسوڵمانەکانی دراوسێیانەوە گەیاندووە . ئەمە ڕاستی‌یەکە ناکرێ هەرگیز



هەواڵنامەی کتێب

**لەبیری بکەین . کەواتە ئەبێ ئێمە لەپێناوی چیدا ئەم پێوەندیەمان ببڕین و چاوەڕوانی چ خێر و بێرێکی تایبەتی بین لە بەکارهێنانی تیپی لاتینی‌وە بەسەرماندا بباریٚ *(٤٤)** . گەلانی موسوڵمانی سۆڤیەت هەرگیز بەپێویستیان نەزانیوە کە دەست لەئەلفوبێی عەرەبی هەڵگرن و ئەلفوبێی ڕووسی وەرگرن . کەدەستیشیان هەڵگرتووە ، دەستیان پێ‌هەڵگیراوە و هەرگیز بەحوسن و ڕەزای‌خۆیان نەبووە ، بەڵکو بەزۆر و بەتۆپزی ئەو کارەیان بەسەردا سەپێنراوە بۆ ئەوەی پێوەندییان بەکەلەپووری کۆنی خۆیان‌و گەلانی عەرەب و فارسەوە کە بەشێکی گەورەی بناخەی فەرهەنگیانی لێ‌پێك دێت ، بەو کارەش بەتەواوی لە فەرهەنگی ئیسلام و گەلانی هاوئاییني و هاوزمانی خۆیان ببڕن . لەهەمان کاتدا کە ئەو سیاسەتە بەرامبەر گەلانی موسوڵمان ئەنجامدراوە ، گەلانی ئەرمەن و گورجینی کە ئەوانیش لەنێو هەمان سۆڤیەتدا دەژین ئەلفوبێی خۆیان هێڵراوەتەوە و نەگۆڕدراوە بەڕووسی . گەلانی موسوڵمانی سۆڤیەت ـ تەنانەت گەلانی دیکەی غەیرە موسوڵمانیش ـ لەسایەی سۆڤیەتدا نەك هەر پاشەڕۆژی گەش و ڕووناکیان نەبووە و نییە ، بەڵکو کۆڵێکیش سەختیی و ناهەمواریشیان تووش بووە . ڕادەی دواکەوتوویی سۆڤیەتیش ئەگەر بۆ خەڵکی دیکە هەندێ کون و کەلەبەری ژیانی فەرهەنگیانی پڕکردبێتەوە ئەوا بۆ ئەوان نەك هەر پڕی نەکردووەتەوە بەڵکو کون و کەلەبەری دیکەی بۆ کردوونەتەوە و لە فەرهەنگی خۆیان دایماڵیون . هەر بۆیەش پاش ئەو گۆڕانانەی کە ئەورۆ لە سۆڤیەتدا لەئارادایە گەلانی موسوڵمانی ئەویش ئازەری و تاجیك و ئۆزبەك و . . هتد داوای گەڕانەوە دەکەن بۆ ئەلفوبێی عەرەبی و فارسی جارانی خۆیان ، چونکە ئێستا پاش ئەو گۆڕانانە و پاش تێپەڕبوونی شێست حەفتا ساڵێکی ژیانیان لەژێردەستەڵاتی ڕووسی‌دا ژیان و مەترسی ئەو دابڕان و پچڕانی پێوەندییەیان بۆ دەرکەوتووە . لام وایە ئێمەش بەتیپی لاتینی هەرگیز لەوان باشترمان بەسەر نایەت بەڵکو هەر زۆر خراپتریشمان بەسەردێت ، چونکە هەر نەبێت ئەوان قەوارەیەکی سیاسی خۆیان هەیە ، هەرچەندە لە نێو سۆڤیەتدا بێ ، ئەمڕۆ بێ یا سبەی خۆیان دەبنە خاوەنی خۆیان .

٣ـ ئەوەی کەپێی وایە کە ئەگەر زمانی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی نووسرا ئیدی کوردییش دەچێتە ڕیزی زمانە پێشکەوتووەکانی وەکو ئینگلیزی و فەرەنسەیی‌و ئەڵمانی‌و ئیسپانی و . . هتد ، هەڵەیەکی یەکجار گەورە دەکات . چونکە تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەلایەتی و هەلومەرجی ژیان و خۆشگوزەرانی ئەو گەلانەی کە خۆیان خاوەنی ئەو زمانانەن ـ ئەورووپای ڕۆژاوا نەك ولاتانێك کە بندەست و داگیرکراوبوونە و بەتۆپزی فێری ئەو زمانانە کراون ـ چەندین سەدە لەپێشی کوردەوەن ، بەو پێشکەوتنەش زمان پێش دەکەوێ و مەسەلەکە چ پێوەندی بە تیپ گۆڕینەوە نییە و بەتیپی لاتینی خەڵك پێش ناکەوێت. ئەگەر وابوایە دەبوایە زمانی تورکی کە ئەورۆ بەتیپی‌لاتینی دەنووسرێ لەڕیزی ئینگلیزی و فەرەنسەیی و . . هتد دا بووایە یان بەهۆی ئەلفوبێی لاتینییەوە تورکیا لەڕیزی ولاتانی ئەورووپای ڕۆژاوادا بووایە و ژاپۆن و ئیسرائیل لەڕیزی ولاتانی جیهانی سێیەم و چوارەمدا بووایەن ، لە کاتێکدا کە تەواو بەپێچەوانەوەیە ، تورکیا دەرۆزە دەکات و ئیسرائیل و ژاپۆنیش ململانێی ئەمەریکا و ئەورووپای ڕۆژاوا دەکەن . ئەگەر زۆری خەڵکیش کە بەئەلفوبێی لاتینی دەنووسن بکرێتە پێوەر ئەوا چین کە یەك ملیار مرۆڤە بە ئەلفوبێی لاتینی نانووسن . جگە لەوانیش زمانانی دیکەی وەکو عەرەبی ، فارسی ، ئۆردۆ ، هیندی ، ژاپۆنی ، عیبری ، کوردی ، ئەرمەنی و ئیگرینی و دەیانی دیکەش بە ئەلفوبێی لاتینی نانووسرێن کە ئەمانەش لەیەك ملیار زێترن .

٤ـ ئەلفوبێی لاتینی کارێکی وای کردوتە سەر دیالێکتەکانی زمانی کوردی کە پتر لەیەك دوورکەونەوە . ئەورۆ ئەگەر لەڕووی زمانەوانیشەوە یەك زمانی کوردی‌هەبێت، لەواقیع و پراکتیکدا یەك زمانی کوردی نییە بەڵکو زۆر ئاشکرایە کەزمانی کوردی بەپێی ئەلفوبێ بووە بەسێ زمان و بەپێی دیالێکتیش بەسێ زمان . بەدەگمەن هەڵدەکەوێ کە کوردێك ئەو دوو دیالێکتە/ زمانە ( کرمانجی ژووروو و کرمانجی خواروو ) بەرێکوپێکی و بە تەواوی بزانێت ، ئەگەر بڵێم هەر نییە ڕەنگە درۆ نەبێ . بۆ کوردێك کە بەکرمانجی خواروو دەخوێنێتەوە ودەنووسێت فێربوونی کرمانجی ژووروو بەو تیپە لاتینییە هێندەی فێربوونی زمانێکی بێگانە سەختە . بۆ کوردێکیش کە بە کرمانجی ژووروو دەخوێنێتەوە و دەنووسێ فێربوونی‌کرمانجی خواروو بەتیپی عەرەبی هەمان سەختیی هەیە . خۆ ئەگەر باس لەدملی (زازا) و ئەلفوبێی کوردی سۆڤیەت بکەین ئەوا مەسەلەکە یەکجار ئاڵۆز و سەخت و دژوار دەبێ و بۆ یەکێکی نەك هەر غەیرەکورد بەڵکو بۆ.کوردیش فێربوونی

ئەو هەموو کوردییانە وەکو فێربوونی سێ چوار زمانی بێگانە وایە . ئەگەر خۆمان نەخەڵەتێنین و بەچاوی واقیع بنوارینە مەسەلەکە پێم وایە جیاوازی نێوان نەرویژی و سوێدی کە دوو زمانی سەربەخۆن گەلێك کەمترە لە جیاوازی نێوان دیالێکتی هەولێر و سلێمانی و جیاوازی نێوان دانمارکی و سوێدی کەدوو زمانی سەربەخۆن گەلێك لەجیاوازی نێوان کرمانجی ژووروو و کوردیی فەیلی کەمترە. پێم وایە ئەگەر هەر بە ئەلفوبێیەکەی خۆمان ( تیپی عەرەبی ) قایل بووایەین و بەو دیالێکتە کە تارادەیەك بووە بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی بمانووسیبا و بیرمان لە یەکێتی زمانی کوردی بکردبایەوە کارەکە وای بەسەر نەدەهات و جیاوازی دیالێکتەکانیش هێندە مەزنتر نەدەبوو .

٥- ئەلفوبێی لاتینی هەستێکی وای لای زۆر کورد- بەتایبەت ئەوانەی کە بەکرمانجی ژووروو دەنووسن - خولقاندووە کەزێتر خۆ بەکرمانج نەك بەکورد بزانن یان بەدەربڕینێکی دی تەنێ کرمانجی ژووروو بەزمانی کوردی بزانن نەك دیالێکتەکانی دیش . دروستبوونی ئەو هەستە و گەلاڵە و تەشەنەکردنی لەو باس و نووسین و بانگەواز و داخوازییانەوە هەڵدەقوڵێ و سەرهەڵدەدا کەسالانێکی دوورودرێژە کەسانێکی زۆر هەوڵی بۆ دەدەن و بانگی بۆ دەدەن ، جەلادەت بەدرخان و سادیق بەهائودین ئامێدی لەسەرووی ئەو کەسانەوەن کە هەردەم لەوە دەدوان کە تیپی لاتینی پڕ بەپێستی دیالێکتی کرمانجیژووروووە . زۆری دیکەش هەمان بیروڕایان هەیە و ئەوڕۆکە لە ئەورووپایش لەو دەنگانە زۆرن و زۆرخەڵکیش بەمەبەست و لەزانینەوە کار بۆ ئەوماڵجیایی و لێکدابڕانە دەکات . لە ئەورووپا و شوێنانی دیکە زۆر گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی بڵاودەبنەوە کە بەدووسێ دیالێکت و دوو ئەلفوبێ دەردەچن ، بەرنامەی فیدراسیۆنی کوردی لەسوێد ، هیوای ئەنستیتووی کوردی لەپاریس و پێشەنگی پارتیگەلی دیموکراتی کوردستان هەندێ نموونەن ، جگە لەوەش بە دەیان کتێب ئەوڕۆکە لەم دیالێکتەوە وەردەگێردرێتە سەر ئەو دیالێکتی دی ، نەك هەر ئەلفوبێیەکەی دەگۆڕدرێ ، بەڵکو زمانەکەشی ڕێك وەکوو ئەوەی کە ڕووسی بکرێتە عەرەبی یان ئیسپانی بکرێتە فارسی و .. هتد ، ئەمن بۆ خۆم هەرگیز ئەو دیاردەیە بەنیشانەی لەشساغی دانانیم و هەرگیز لەگەڵیدانیم و ئەوەش جگە لەوەی کە سەختیی جیاوازیی دیالێکتەکانی کوردی دەسەلمێنێ ، دیاردەیەکی شووم و پڕ لەنەگبەتییە کەزێتر بەزانینەوە و بۆ خۆمان مەسەلەکە سەختتر دەکەینەوە و یارمەتی لێکدابڕان دەکەین ( ٤٥ ) . داگیرکەرانی کوردستانیش باش لەو مەسەلەیە گەیشتوون ، ئەوەتا لەعیراق ڕێگە بەدەرچوونی ڕۆژنامەیەکی کوردی ( کرمانجی ژووروو بەناوی بزاف)دراوە هەر بۆ وەی کرمانج ڕۆژنامەی خۆی هەبێت و سۆرانی هی خۆی و کەس هی یەکدی نەخوێنێتەوە . جگە لەوەی کە بەرنامەی رادیو و تەلەفزیون زۆر لەمێژە وەکو دوو زمان لەگەڵ سۆرانی و کرمانجیدا مامەڵە دەکەن . لە ئەورووپاش فەرهەنگی زمان (وێژەنامە)ی سۆرانی و کرمانجی لەیەك جیان و هەرکەس هی خۆی بەکاردێنێ .

٦- دانانی ئەلفوبێی لاتینی و بڵاوکردنەوەی لەلایەن جەلادەت بەدرخانەوە نەك هەر خزمەتی بەمەسەلەی یەکگرتنی زمانی کوردی و یەکێتی کورد نەکردووە وەکو بۆ خۆی باسی دەکرد " **د هەرتشتیدا یەکیتی .. دیەکیتیا زمێندا کافا پێشین یەکیتیا حەزمانە**"( ٤٦ ) ، بەڵکو گەورەترین زیانیشی بەکورد و زمانەکەی بەخشی . ئینگلیزەکان و فرانسەییەکان و پەیمانی لۆزان چەند ڕۆڵێکی خراپیان لەدابەشکردنی کوردستاندا بینیوە ، جەلادەت بەدرخانیش کارێکی هێندە خراپی کردووە و ڕۆڵێکی هێندە خراپی لە لەتوپەتکردنی زمانی کوردی و کورددا بینیوە . ئەو خەڵکانەش کە ئەوڕۆکە شوێن پێ و ڕێگەی ئەویان گرتووەتەبەر لەخزمەت بەلێکدابڕانوپەرتکردنی کورد و خزمەت بە نەیارانی زێترچ ڕۆڵێکی دیکە نابینن . سازکردنی ئەلفوبێی لاتینی بۆ زمانی کوردی لەلایەن جەلادەت بەدرخانەوە وەنەبێ پێویستییەکی مێژوویی بێت و کورد لەبەر ئەوەی کە تیپی لاتینی بەکارنەهێنابێ پەکی کەوتبێ ، بەڵکو بە تەئسیری مێجەر نۆئێلی ئینگلیز و لەژێر کارتێکردنی ئەودا جەلادەت بەدرخان هاتووەتە سەر ئەو ڕایەی کەدەبێ تیپی کوردی بگۆڕێ بۆ لاتینی چونکە نۆئێل وەکو نوێنەرێکی ئینگلیزیکۆلۆنیالیست و ئەورووپاییەك دروستکردنی ڕاڕایی و دوودڵی لایجەلادەت بەدرخان و سەلماندنی پەسەندی و باشێتی ئەلفوبێی لاتینی لای ئەو بۆ تێکدانی یەکێتی زمانی کوردی و دابڕینی فەرهەنگی کوردی لەفەرهەنگی ئیسلامی بە ئەرکێکی خۆی زانیوە و هەوڵی بۆ داوە ، چونکە ئەو کۆلۆنیالیستانە و ئەو ئەورووپاییانە سەرلێشێوان و دواخستنی نەك تەنێ کورد بەڵکو تەواوی ڕۆژهەڵات و جیهانی سێیەم مەبەستیانە و بەهەموو شێوەیەك و لەهەموو

بوارێکیشدا کاری بۆ دەکەن . زمانیش یەکێکە لەو بووارە هەرە گرنگانە . دەنا بیانووی جیاکردنەوەی (وو ) لە (ۆ) و (ی) لە (ێ) مەسەلەیەکی هێندە گرنگ و دژوار نییە و نەبووە کە مرۆڤ بخاتە سەر ئەوەی کە دەبێ ئەلفوبێی زمانەکەی خۆی بەبڕیارێکی یەك کەسی بگۆڕێ و وەکو جەلادەت بەدرخان بۆ خۆی باسی دەکات.

٧- ئەگەر خاك و زمان و مێژووی هاوبەش و هەست بە ئینتیما (انتماء) مەرج و پێناسەی نەتەوە بن . ئەوا ئەو مەرجانە لەکوردیشدا هەیە . بەڵام ئەگەر بەچاوی واقیع و راستگۆیانەتر بنوارینە وەزعی کورد لەهەموو روویەکەوە حاڵەتەکە بەجۆرێکی دی خۆی دەنوێنێ . باری جوگرافی - سیاسی کوردی کردووەتە چوارپێنج بەشەوە - ئەو مەسەلەیەش تائێستا ساغ نەبۆتەوە - و بەو دابەشبوونە هەر بەشێك لەوانە تارادەیەکی زۆر لەبەشەکەی دیکە دوورکەوتووەتەوە و هەستی گرێدراوی بە میللەتەکەی دراوسێیەوە ( عارەب ، تورك ، فارس ، ئەرمەن ، ئازەری و گورجی ) تارادەیەك بەهێزە . ئەو فاکتە ( جوگرافی - سیاسی )بە کارێکی وای کردۆتە سەر زۆربەی کورد کە هەست بە (ئێرانێتی ، تورکیایەتی ، عیراقێتی ، سووریایەتی و سوڤیەتێتی )بکات ، لەبەر ئەوەی هەر کوردێك هاونیشتمانی یەکێکە لەو وڵاتانە و دەفتەر نفووسی " دەفتەرچە " و پاسپۆرت - ئەگەر هەبێ - ی یەکێ لەو وڵاتانەی هەیە . زمانی خوێندن و فەرهەنگیی زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی و ڕووسی و ئەرمەنی و ئازەری و گورجییە و دەزگەی راگەیاندنی کوردیش یان هەر نییە یان ئەگەر هەشبێ فرەوان و ئازاد نییە . لەبەر ئەو هۆیانە ئەگەر ٥٠٪ ی فەرهەنگیی خەڵکی کورد هاوبەش بێت و فەرهەنگێکی کوردی بێت ئەوا ٥٠٪ کەی دی لەگەڵ میللەتە دراوسێکەیدا هاوبەشە ، یانی تا رادەیەك دەربڕینی " نیوەمیللەت "ی بۆ دەس دەدا .

٨- ئەگەر لەسیاسەتدا دژایەتی ئایین یان ئایینی ئیسلام یان ئایینزایی شیعە لەئێراندا و کۆمۆنیزم لە سۆڤیەتدا و حوکمی بنەماڵە و تاکەحیزب و کەس و شۆڤێنیزمی عەرەبی لەعیراق و سووریادا و عیلمانییەت و شۆڤێنیزمی تورکی لەتورکیادا ، سوودێك بەئۆپۆزیسیۆنی نێو ئەو وڵاتانە یان کورد ببەخشێ ئەوا ئەلفوبێی زمانی کوردی (تیپی عەرەبی ) لە تورکیا و سۆڤیەت چەکی خۆ رزگارکردنە و دەکرا و دەکرێ سوود لەوە وەربگیردرێ و بەوەش تەنێ بەوە خۆ لەتورکی عیلمانی و بەئەلفوبێی لاتینی نووس و ئەرمەنستان و گورجینیا و ئازەربایجانی کریلێك و هی دیکە نووسی جویێبکرێتەوە .. پێشم وایە ئەگەر لە تورکیا ، ئەرمەنستان ، جۆرجیا ، ئازەربایجان وشوێنانی دیکە کە ئەورۆ بە ئەلفوبێی لاتینی و کریلیك و شتی دیکە دەنووسن ، ئەلفوبێ عەرەبییەکەی زمانی کوردی لە شێوەیەکی نهێنیشدا بمابایەوە و لەنێو خەڵك و مزگەوت و بەناوپێچدا وەکو ( کلامە پیرۆزەکانی ئەهلی حەق و زمانی عیبری لەنێو جوولەکەی پەرێوەی هەموو دنیادا و هەموو جۆرە نهێنییەکی خۆش ) ئەوا تا ئێستاش دەما و لەبەر ئەوەی کە قەدەغەش بوو خەڵك زێتر لێی نێزیك دەبووەوە و فێری دەبوو و وەکو چەکی خۆجیاکردنەوە لە ئەلفوبێ و فەرهەنگی دەستەڵاتدار بەکاردەبرا .

٩- مەسەلەی هەڵبژاردنی کام ئەلفوبێ و کام دیالێکت بۆ زمانی نووسینی کوردی تارادەیەك روون و ئاشکرایە ، چونکە ئەو دوو شێوە نووسینەی ئەورۆ (کرمانجی وسۆرانی ) بەو دوو ئەلفوبێیەش لام وایە هەر دەمێنێ و ناکرێنە یەك . بەڵام تارادەیەکیش رەوتی بزووتنەوەی سیاسی کوردی و گەیشتنی بەئەنجام لەبەشێك یا چەند بەشێکی کوردستاندا و بوونی زمانی کوردی لەو بەشە یا چەند بەشەدا بە زمانی رەسمی ، کاروباری رۆژانە و راگەیاندنی گشتی ( رۆژنامە ، رادیۆ ، تەلەفزیۆن ، گۆڤار و تەلەفون ) و خوێندن و نووسین و بڵاوکردنەوە رەنگە برێك کار بکاتە سەر بەشەکانی دیکە . بەڵام تا ئەو کاتەش دەکرێ شارەزایانی زمانی کوردی لەو بارەوە بکۆڵنەوە و موناقەشەی تێروتەسەل لەسەر ئەو بابەتە بکەن و رابگۆڕنەوە و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی کورد هەوڵی دوورخستنەوەی زمانی کوردی لەو پاشاگەردانییە بدەن و لەو خەتەرەی کەئێستا تێیدایە رزگاری‌کەن ئەویش بەناسینی ئەلفوبێی کوردی (تیپی عەرەبی ) بەلفوبێی هەموو زمانی کوردی و وردەوردەش هەوڵی خۆرزگارکردن لەو لاتینی و کریلێك و کەچە دیالێکتانەش بدرێ کە ئەورۆ لەسەختیی وگیروگرفت زێتر چێ دیکەیان بۆ زمانی کوردی نەسازاندووە بە هەڵبژاردنی دیالێکتی زێتر گەشەکردووی کوردی (کرمانجی خواروو )

## پەراوێزەکان

١- گۆڤاری حویێدۆ - ئۆرگانی یەکێتی ئاشووریان لە سوێد - ژمارە (٥)- ساڵی (٨) - ١٩٨٥/٥/١- ل ٣٧ .

٢- فەرهاد پیرباڵ - کۆنگرەی زمانی ستانداریکوردی- یەکگرتن - ژمارە (٢) - ١٩٨٧ - ل ١٥٧ .

٣- دکتور عەبدولرەحمان قاسملوو- کوردستان وکورد - وەرگێڕانی عەبدوڵڵا حەسەن زادە - بنکەی پێشەوا - ١٩٧٣ - ل ٢١-٣٢ .

٤- شاکیر فەتاح - گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردیوشێوەی چارکردنیان - گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد - بەرگی نۆهەم - ١٩٨٢- ل ١١٣ .

٥- هەمان سەرچاوە - ل ١٢٢ .

٦- نووسەری میسری (سلامه موسی ) کاتی خۆی نامیلکەیەکی بەنێوی (الحروف اللاتینیه للغه العربیة ) بڵاوکردەوە ، لەوێدا ئەویش داوایدەکرد کەزمانی عەرەبی بەتیپی لاتینی بنووسرێت . بەڵگە و بەهانەشی بۆ پشتگری ڕایەکەی خۆی ئەوەبوو کە :

* لەعەرەبیدا تەنێ سێ بزوێن (قاول ) هەیە و لە لاتینیدا شەش .

* عەرەبی بەو تیپانەی ئێستای نموونەی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی و کشتوکاڵییە ، ئەگەر بەلاتینی بنووسرێ ئیدی کۆمەڵگەی عەرەبی دەچێتە ڕیزی کۆمەڵگە پیشەسازییەکانەوە .

* تیپی لاتینی بەرگی بیری نوێیە کە دەکاتە بیری زانستی ، بەڵام تیپی عەرەبی بەرگی بیری دەرەبەگایەتی و کۆنە .

* بەکاربردنی تیپی لاتینی ڕێگەی فێربوونیزمانانی ئەورووپایی ، ئەو زمانانەی کە یەك ملیار مرۆڤ قسەی پێدەکات ، بۆ عەرەب هاسان دەکاتەوە .

* بە بەکارهێنانی تیپی لاتینی عەرەب هەزار ساڵ پێش دەکەوێت .

٧ ، ٨ ، ٩ ، ١٠- صادق بەهائوددین ئامێدی - ڕێنڤیسینا کوردی ب تیپێت عەرەبی - گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد - بەرگی نۆهەم - ١٩٨٢ ل ١٣٥ - ١٤٦ .

١١- لەکاتێکدا کە لێرە و لەوێ لەم ئەورووپایە هەندێك نووسەری کورد (کرمانجی ) باس لەوە دەکەن کە لە عێراق ڕێگەی بە کرمانجی نووسینیان نەبووە یان سەخت بووە چونکە کوردانی سۆران ڕێگەیان نەداوە. ئەمە ڕێك وەکو بۆچوون و هەڵوێستی هەندێك لە ئاشوورییەکانی کوردستانی تورکیایە، کەدێنە ئەورووپا دەڵێن : کوردی موسوڵمان ئێمەی چەوساندۆتەوەو لە دەست ئەوان هەڵهاتووین .

١٢- صادق بەهائوددین ئامێدی - سەرچاوەی پێشوو- ل ١٤٨ .

١٣- عومەر عەبدوڕڕەحیم - ڕێنووسی کوردی - گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد- بەرگی نۆهەم - ١٩٨٢ - ل ١٨٤-١٨٥ .

١٤- صادق بەهائوددین ئامێدی - جەلادەت بەدرخان- گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد - بەرگی حەوتەم - ١٩٨٠ - ل ٢٦٣ .

١٥- ژنێکی فەلەستینی کەمامۆستای زمانی عەرەبییە لە ستۆکهۆڵم ، پێش چەند ساڵێك پرسیاری ئەوەی لێ کردم کە بۆ دەرسی کوردی بەدووسێ منداڵیکورد ، کە لەو فێرگەیەدابوون کە ئەو کاری تێدا دەکرد ، ناڵێمەوە ، چونکە مامۆستای کوردیان نەبوو .گوتم: منداڵەکان خەڵکی کوێن ؟ گوتی : وابزانم کوردی تورکیان . گوتم : ناکرێ و ناتوانم . گوتی :بۆ؟ گوتم : ئەوان بەکرمانجی ژووروو و تیپی لاتینی دەخوێنن و من بەکرمانجی خواروو و تیپی عەرەبی دەرس دەڵێمەوە . گوتی : جا کەواتە دوو زمانی کوردی هەیە ! یانی ئێوە دوو میللەتن . گوتم : نەخێر یەك زمانی کوردی هەیە و ئێمە یەك میللەتین بەڵام بارودۆخی جوگرافی و سیاسی و دابەشبوون بەسەر چەند وڵاتێکدا و نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی و .هتد وای لێکردووین . گوتی : جا خۆ ئێمە بیست و ئەوەندە دەوڵەتین و پتر لە سیچل دیالێکتیشمان هەیە و جیاوازی هێندێکیشیان دەکاتە رادەی لەیەك تێنەگەیشتن و لەگەڵ ئەوەشدا یەك زمانی نووسین و یەك ئەلفوبێمان هەیە ، سیاسەت و سنوور و دابەشبوون کەی کاردەکاتە سەر یەکێتی زمان و ئەلفوبێ .

١٦- محمد ملا کریم - پێداچوونەوەی هەندێ بیروڕا لە دەوروبەری ڕێنووسی کوردی و یەکخستنیدا- نووسەری کورد - ئابی ١٩٧٩ - بغدا - ل ٧١ .

١٧- مسعود محمد - چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووس و ئەلف و بێی کوردی - گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد - بەرگی نۆهەم - ١٩٨٢ - ل ٢٦٩ .

١٨- هەمان سەرچاوە - ل ٢٨٧ - ٢٨٨ .

١٩ ، ٢٠- کریم شارەزا - نالی و زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی - ١٩٨٤ - ل ٤٦.

٢١- هەمان سەرچاوە - ل ٦-٧ .

٢٢- چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شاعیر و نیشتمانپەروەری گەورەی کورد (هەژار) - پێشەنگ - ژمارە (١١) - ئازاری ١٩٨٦ - ل ٢٨ .

٢٣- صادق بەهائوددین ئامێدی - سەرچاوەی پەراوێزی (١٤) - ل ٢٧١ .

٢٤، ٢٥- Şahînê B. Sorekli - Yek-kirina nivîsa kurdî - Rewşen - Hejmar (1)- Havîn 1988 - Rûpel (28) .

٢٦- جەمال نەبەز - زمانی یەکگرتووی کوردی - ١٩٧٦ - ل ٧٨-٧٩ .

٢٧- هەمان سەرچاوە - ل ١٠ .

٢٨- هەمان سەرچاوە - ل ٧٩ .

٢٩- د . حوسین ڕەهبەر - جەلادەت بەدرخـــان وەك هیمدارێ ئەلفابێیا لاتینی کوردی - ڕۆشنبیری‌نوێ - ژمارە (١٠٥) - ساڵی ١٩٨٥ - ل٩٦ .

٣٠- جەمال نەبەز - سەرچاوەی پێشوو - ل٨٤ .

٣١- Stefan Lindgren - Bambupennan som vapen - Förr och Nu- Nr.1-1987-s:7.

٣٢- جەمال نەبەز سەرچاوەی پێشوو - ل٨٤ .

٣٣- مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەبەرگی یەکەمی (یاداشـت) ەکەیدا لەساڵی ١٩٥٦ و لەلاپەڕە(٥٨-٢٣)دا لە بارەی (مێجەر نۆئێل)ەوە باسی ئەوە دەکات کـــە یەکێك بووە لە ئەفسەرە ئینگلیزەکانی شارەزا بـــە هەرێمی کوردستان . موستەشاری شێخ مەحموود و یەکەم نوێنەری ئینگلیز بووە لەکوردستان . فارسـی و فەرانسەی زۆرباش زانیوە و لەئێراندا زۆر ماوەتـەوە . لەڕێی سیاسـەتەوە خزمەتی بریتانیای کردووە . ڕۆژی ١٩١٨/١١/١ لەکۆبوونەوەیەکدا بەخەڵکی سلێمانـی کە (عولەما ، ئەشراف ، سادات و توجار)ی تێدا بەشداربوون بەناوی نوێنەری بریتانیاوە قسەی‌کردووەو بەو خەڵکەی ڕاگەیاندووە کەشێخ مەحموود لەلایـــەن حاکمی گشتی‌عێراقەوە بە(حوکمداری کوردستـــان) ناسراوە . نۆئێل و لەپشت ئەویشەوە (ویلســـن) حاکمی عامی عێراق دەیانەویست لەنفووزی شێـــخ مەحموود کەڵك وەرگرن و لەم هەرێمەدا بنچینەیەکـی عەسکەری نفووزی ئینگلیـز جێگیر بێ و بەهۆی‌شێخ مەحموودەوە سیاسەتی حوکوومەتی بریتانیا بەڕێـــوە ببەن . نۆئێل ناوی (حاکمی سیاسی) لێنـرا . مامۆستا ڕەفیق حیلمی دەڵێ " زەمان بەدڵـــــی (نۆئێل) بچوایە بەڕێوە شکم لەوەدا نیە کەبناغـەی (کوردستانی گەورە)ی دائەمەزراند ... " . نۆئێـــل شوباتی ١٩١٩ چووەتە تورکیا و لەلایەن کۆمەڵەکانی سیاسی کوردیشەوە ئەمیر جەلادەت بەدرخان و دوو کوردی تریش گەیشتوونەتە لای و لەگەڵ نۆئێـــلدا یەکیان‌گرتووە و بەناو کوردەکانی خەرپووت و دیـــار بەکردا سووڕاونەتەوە و بۆ کورد و کوردســــتـــان گفتوگۆیان کردووە .

٢٤، ٢٥ - هاوار - هەژمار (١٣) - ١٩٣٢- ل١ .

٣٦- صادق بەهائوددین ئامێدی - سەرچاوەی پێشـووی پەراوێزی (١٤) - ل٢٦٦ .

٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤٠- بارات ئوسمانۆفا- لەبـــــارەی چاککردنی زمانی تورکی‌یەوە - شوکور مستەفا لــــە ئازەربایجانی‌یەوە کردوویە بەکوردی - گۆڤاری کـۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد - بەرگی حەوتـەم - ١٩٨٠ - ل٦٧-٦٩ .

٤١- محمد ملا کریم - سەرچاوەی پێشوو - ل ٧٠ .

٤٢- ساڵی ١٩٨٦ لەشاری کالسکووگا (سویـــــــد) مامۆستایەکی زمانی ڤێتنامی بەناوی ( ئـــــان ) بۆی گێڕامەوە .

٤٣- زۆرجاران دۆست و برادەری کوردی تورکیام کـــــە کتێبێکی کوردی (بەئەلفوبێی عەرەبی نووسراوی)دیوە بەقورئان یا هەر کتێبێکی عەرەبی زانیوە و هەرگیـــز بەلای ئەوەدا نەچووە کە ئەوە کوردییە و ئەگـــــەر گوتوومە کە ئەوە کوردییە ، گوتوویەتی ها سۆرانییە! کوردی بەلای ئەوەوە ئەنێ ئەوەیە کە بەلاتینـــــــی نووسرابێ . ئیدی دابڕان و نەگبەتی دەبـــــێ چۆن بێ !

٤٤- محمد ملا کریم - سەرچاوەی پێشوو - ل٦٧-٧٣ .

٤٥- مامۆستا شاکیر فەتاح (خوای لێخۆش‌بێ) لەکۆڕێکی ئەدەبیدا لەهەولێر لەساڵی١٩٧٦ یان ١٩٧٧دا بوو (باشم بیرنایەتەوە) گوتی : ماجید مستەفا کە وەزیرێکی کورد بوو لەحوکوومەتی عێراقدا لەزەمانـــی پاشایەتیدا ، حوکوومەت بە کارێك ناردبووی بـــۆ ناوچەی بادینان و ئەویش داوای لەخەڵکەکە کردبوو کەخوێندنی کوردی هەڵبژێرن و ئیدی دەست بکرێ بەخوێندن بە کوردی لەو ناوچەیەشدا ، بەڵام‌خەڵکی ناوچەکە گوتیان ئێمە نامانەوێ بەو کوردییە بخوێنین و بەعەرەبی دەخوێنین باشترە . هەروەها گەلێـــك جار زۆربەی ژمارەی ئەوانەی کرمانجی ژووروو قســـان دەکەن لەلایەن کرمانجەوە دەکرێتە بەڵگە و بیانـــوو

بۆ ئەوەی کە ئەلفوبێی لاتینی و کرمانجی ژووروو زمانی کوردییە و بەس . لە۱۹۸۹/۱۲/۲۹ دا نامەیەکی ( ك . ش ) م لەبەلژیکەوە پێگەیشـــــت باسی مەحموود باکسی دەکات کەخۆی بەنووسەر و ڕووناکبیر دەزانێ و سەری بەلژیکی دابوو ئەوکاتە ، ئەو دەنووسێ " دوێنێ . . .لیژەبوو ، لــــــە سوێدەوە هاتبوو (مەحموود نازانم کێ) لای خــۆی نووسەرە ، دەیفەرموو ژمارەی کورد **بیست ملیۆنــە و سۆرانییەکان پێنج ملیۆنن** . . منیش گوتم کاکی برا سەد ڕەحمەت لەسەددام ، ئەو هەردەڵێ گەلــی کوردمان و نالێ سۆرانی و گەلی بادینیمان " . ئەوجا ئەوە بیروبۆچوونی زۆربەی ئەو نووسەرە پــێ لەزەوی براوانەیە کە لەهەوادا مەلەدەکەن .

٤٦- هاوار - هەژمار ( ۱۰ ) - ساڵی ۱۹۳۲

**بەهاری ۱۹۹۰**

***

هەواڵنامەی کتێب

**مەهاباد کوردی**

# باسێکی گشتی دەربارەی زمان

شاعیرێکی بەناوبانگی فەرەنسایی بەناوی ( پیرجان پیرانجیە ) لەیادداشتەکانی دا دەلێت : " **زمان ، زمان گیانی گەلانە و بڕیاردەری چارەنووسیشیانە !** " هەروەها فیلۆلۆژی ئەڵمانی ناودار لەسەدەی نۆزدە ( یاقوب گرێم ) بێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە : " **زمانی ئێمە لە هەمان کاتیشدا مێژوومانە** ". شێرکۆ بێکەس لەگفتوگۆیەکی ئەدەبی‌دا وتبووی : " **زمان قەڵای فەرهەنگ‌خۆییەتی** ".

جا لام وابێ لەم ووتانەی سەرەوە زۆر ئەنجامەان بۆ دێتە بەر کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان دەبێ بەگرنگێتی زمان و ڕۆڵی زمان لەپاراستن و پەرەپێدانی فەرهەنگ و داب و نەریتی هەر گەل و نەتەوەیەکی سەر ئەم زەمینە پان و بەرینەدا .

لێرەدا دەمانەوێ هەندێك لەسەر چۆنیەتی پێکهاتن و پەیدابوونی زمان بدوێین ، گەر بەشێوەیەکی سەرپێیش بێت . قسەکردن بریتی‌یە لە هەردوو کرداری ( ناردن )و ( وەرگرتن ) لەنێوان قسەکەر و بشنەو دا ، هەروەك چۆن دوو کرێکاری ( بێ‌تەل ) لەدوو شوێنی جیاوازدا بروسکە بۆ یەك دەنێرن یا دەگۆڕنەوە . بێگومان ئەوان پێشوەخت لەسەر چەند دەنگ و هێما ڕێك کەوتوون کە مانایان دەبێ چ بێ و چ نەبێ ، دەنا ناتوانن بەم کارەی خۆیان ڕابن . هەروەها زمانیش پێکدێ لە کۆمەڵە هێمایەك ( پیت ) کە قسەکەر دەریان دەبڕێت ( کرداری‌ناردن ) و گوێگریش گوێیان لێ‌دەگرێت ( کرداری وەرگرتن ) . هەڵبەتە ئەگەر زمانی یەکتر بزانن ئەوا لەیەك دەگەن و بە پێچەوانەش ڕاستە .

زمان نە تەنیا بەندە بەدەربڕین و بەس ، واتا نە تەنیا زمان بۆ ( قسەکردن )ە . بێجگە لەزمانی ئاخافتن‌و گفتوگۆ ، زمانی ( نووسراو )یش هەیە کە کرداری ( خوێندنەوە )مان لێ داوا دەکات . کەواتە زمان پێکدێ لە سێ کرداری ئۆرگانیکی گرنگ : قسەکردن ، نووسین و خوێندنەوە . مرۆڤ لەم کردارانەدا ژمارەیەك‌لە ئەندامەکانی لەشی بەکاردێنێت : لێو ( زمان‌و قورگ و ددانەکان و هەردوو لێو دەگرێتەوە ) ، گوێ ( لەکاتی قسەکردن و ووتاردان و هەندێ جاریش خوێندنەوەدا ) ، چاو ( کاتی خوێندنەوەی بەدەنگ و بێ‌دەنگ ، لەکاتی کرداری نووسین دا ) ، دەست ( کاتی نووسین ) . ئەم کردارانەش پێویستیان بە کۆشش و شارەزایی و ڕاهێنانێکی بەردەوامی و دوور و درێژ هەیە ، بەتایبەتیش لە ساڵانی یەکەمی تەمەنی ژیانی مرۆڤ دا . مێشکی بیرکەرەوە و کۆئەندامی دەمار ( ڕەگ ) ئەم کارانەی سەرەوە ڕێك دەخەن . جا دەتوانین بڵێین کە ( زمان ) کارێکی ئەقڵی گەورەیە ، بەیارمەتی زمان بیردەکەینەوە ، بەهۆی زمان بیروڕای خۆمان دەردەبڕین و ئینجا دەیخەینە سەر کاغەز ، بەهۆی زمان فێردەبین و تێدەگەین ، هەر بە هۆی زمانیش بەرهەمەکانی نەتەوە لە ئەدەب و هونەر و زانست و داهێنانەکان تۆماردەکەین .

زمان تەنیا هۆیەك نی‌یە بۆ ئاخاوتن و لەیەکتر تێگەیشتن و هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی ژیانی ڕۆژانە و ڕێکخستنی پەیوەندی‌یەکانی خەڵك لەگەڵ یەکتردا و بەس ، بەڵکو پارچەیەکیشە لەو نەتەوەیەی کە ئێمە سەر بەوین ،

چونکە هەر زمانە کە هەڵگری بیروباوەڕمانە و دەربڕی هیوا و ئاواتمانە ، یارمەتیمان دەدات بۆ لێکۆڵینەوە و ورد بوونەوە لە دوارۆژێکی چاکتر ، نهێنییەکانی ئەو دەوروبەرەی کەلێی دەژین ئاشکرا دەکات .

ئایا زمان هەر لەگەڵ دەرکەوتنی ئادەمیزاد لەسەر گۆی زەوی پەیدابووە ، گەلۆ ئەو زمانەی لەدێر زەمانەوە قسەی پێکراوە ڕێکوپێك بووە ، ڕستەی ڕێك و مانای تەواو وەك ئیمڕۆ ؟ مرۆڤی هەوەڵ هەر لەسەرەتای ژیانیەوە لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆی گوزەرانی کردووە و هەمیشە هەستی بە پێویستیەتی هاوکاریکردن کردووە لەگەڵ ئەوانی تردا تاکو پێکەوە بتوانن ڕووبەڕووی ئەو کۆسپ و تەگەرانە ببنەوە کە تووشیان دەهاتن . بێگومان بۆ ئەوەی ئەم هاریکاریکردنە جێبەجێ بکرێت ، پێویستە هەر کەسێك و بە هەر شێوەیەکیش بێت ئەوەی لەبیر و خەیاڵیدایە دەری ببڕێت و ئەوانی تریش ئاگادار بکات .

خۆشبەختی مرۆڤ لەوەدایە کە تائێستاش دەتوانێ هەست و نەستی خۆی بە شێوەیەکی سروشتی و خۆڕسك دەرببڕێت ، واتا بێ ئەوەی قسەکردن بەکاربێنێت . . . هاواردەکات و دەگریی کە هەستی بەئازار کرد ، پێدەخەنێ و دەداتە قاقای پێکەنین و ڕووی گەش دەبێت هەر کە خۆشحال بوو ، کە تووڕەش بوو دەموچاوی گرژ و مۆن دەبێت ، لە شەرمانیش سوورهەڵدەگەڕێ و . . . زۆری تریش لە چەشنەکانی دەربڕینی خۆڕسکانە کە هەستیان پێدەکەین و گوێمان لێیان دەبێت و دەشیان بینین .

توانستی دەربڕینی خۆڕسکانە هەر لەگەڵ لەدایکبوونی منالەوە پەیدا دەبێت ـ بۆ نموونە ، کاتێ منال دەقیژێنێ یاخود دەگریێ ، یەکسەر دایکی دەزانێت کۆرپەکەی برسییە یا جێیەکی دەیەشێت . ئاژەڵیش بەشداری مرۆڤ دەکات لەهەندێ چەشنەکانی دەربڕین ، وەك خۆ گیف کردنەوەی پشیلە هەر کەویستی بەرگری لە خۆی بکات ، یاخود کلك بادانی کەمانای هەستکردن بە خۆشی و ئارامی دەگەیەنێت و گەلێکی تریش لەم جۆرە دەربڕینانە .

هەروەها چەشنێکی تریش هەیە لە چەشنەکانی خۆڕسکانە کە لەلایەن مرۆڤەوە ئەنجام دەدرێت ودەتوانرێ ئەم ڕێگایەش بەکاربهێنرێت بە مەبەستی تێگەیاندن و تێگەیشتن ، ئەم چەشنەش ئیشارەتکردنە (زمانی ئیشارەت). وەك دەبینین مرۆڤی کەڕ یاخود لاڵ لەڕێگای ئیشارەتکردن بەهۆی دەست و پێ و سەر و چاو و بزواندنی لێو لەگەڵ یەکتردا دەدوێن . مرۆڤی ئاساییش سەرلەقاندن بەکاردەبات بە مەبەستی پەسەندکردن یان نا .

ڕێگای ئیشارەتکردن و دەستدرێژکردن کۆنترین ڕێگای لەیەکتر حاڵیبوونە لە مابەینی خەڵكدا . ئەو ڕێگایەی کە مرۆڤی هەوەڵ بەکاری هێناوە لەپێناوی قسەکردن لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی و تێگەیشتنیان . وە کاتێ هەستی بەوە کرد کە دەتوانێت لاسایی دەنگەکانی سروشت بکاتەوە ، هەستا بەلاسایی کردنەوەی خوڕەخوڕی ئاو و گفەگفی با و خشەخشی درەخت و گرمەگرمی بروسك و هەورەتریشقە و نەڕەنەڕی شێر و میاوەمیاوی پشیلەی کێوی و زۆر لەو دەنگانەیتر کە لە دەور و بەری خۆیەوە دەهاتە بەرگوێی . وە دەبوایە هەر سەڵتێك لەو کۆمەڵە خەڵکانە ئەم جۆرە لاساییکردنەوانە بزانێت و فێریان ببێت ، چونکە ئەم دەنگانە هەر یەکەیان واتایەکی تایبەتیان دەگەیاند و هۆیەکیش بوون بۆ لەیەکتر حاڵیبوون . بۆ نموونە ، ئەگەر یەکێکیان بەهێز لەدەمییەوە فووی بکردایە ، بەرامبەرەکەی یەکسەر تێدەگەیشت کە هاوڕێکەی لاسایی دەنگی با دەکاتەوە و لەوەدا چاوەڕوانی ڕەشەبایەکی شێتی دەکرد . بەم جۆرە فووکردنی بەهێزی هەوا لە دەمەوە بووە (هێمایەك) واتا ووشەیەك کەمانای (ڕەشەبا)ی دەگەیاند .

سروشت توانایەکی تریشی داوەتە ئادەمیزاد ، ئەویش توانای دەربڕینی دەنگە لێکدراوەکانە بەشێوەی برگەی جیاجیا . بنیادەم توانای ئەوەی هەیە ئەو بڕگانە دەرببڕێت کە لەدوو پیتی شێوە جیاواز پێك دێن ، بێدەنگ و دەنگدار ( دا ـ دو ـ دی ) ، یاخود دووی بێدەنگ ( فف ـ تت ـ خخ ) ، یان دووی بێ دەنگ و یەکێکی دەنگدار ( ببەـ ببا ) ، یان چوار پیتی هەمەجۆر و هەروەها . . . مرۆڤی هەوەڵ ئەم برگە جیاوازانەی لەگەڵ یەکتردا کۆکردوتەوە و چەند جار دووبارەی کردۆتەوە و ئینجا لەگەڵ برگەی تردا لێکیداوە و لەئاکامیشدا هێما (ووشە)ی جۆراوجۆری بەدەستهێناوە کە هەر یەکەیان هێمای دەربڕینی شتێکی دیاریکراو بوونە .

لێرەدا نموونەیەك دێنینەوە : گریمان لەناو یەکێ لەو جەنگەڵانەی کە مرۆڤی تێدا ژیاوە ، سەر لەبەیانی باڵندەیێك لەسەر لقی یەکێ لە دارەکان هەر کەتیشکی زێڕینی خۆری بەدی کرد بەخۆشییەوە دەستیکردە خوێندن : کوکو . . . کوکو . . . ئەم دەنگە بەسۆزە سەرنجی دوومناڵی هۆزێکیان ڕاکیشا و یەکێ لەوان دەستی درێژکرد بۆ لای شوێنی

باڵندەکە و کەوتە لاساییکردنەوەی دەنگی ئەو : کوکو. کوکو... منالّی دووەمیش سەری بۆ لەقاند و کەوتە دەربڕینی دەنگی : کوکو...کوکو... ئالێرەدا ووشەی (کوکو) بووە هێمایەك کە مانای (باڵندە) دەگەیەنێت. هەر بەهەمان شێوەی سەرەوە مرۆڤی کۆن هەوڵیداوە کە ڕستەی هەمەجۆر دروست بکات و پاشانیش بەکاریان بێنێت لەکاتی ئاخاوتندا.

بێگومان هەر نەتەوە و میللەتێك خاوەن زمانیتایبەتی خۆیانن (زمانی زگماك). باسکردنی زمانە جیاجیاکان بە چەند کتێبیش تەواو نابێت. لێرەدا تەنیا بەکورتی باسی دوو گرووپی سەرەکی دەکەین :

یەکەم/ گرووپی هیندی ـ ئەورووپی، ئەم زمانانەیخوارەوە سەر بەم گرووپەن :

- زمانەکانی دانیشتوانی هیندۆستان.
- زمانەکانی ئێران و ئەفغانستان.
- زمانەکانی دانیشتوانی ئەرمەنستان.
- زمانی کوردی.
- زمانی گریکی و یۆنانی ئێستا.
- زمانی ئیتالّی و فەرەنسی و ئینگلیزی و ئیسپانی و ئەڵمانی و ڕوسی و پۆڵۆنی و چیکی و بولگاری.

دووەم / گرووپی سامی ـ حامی، ئەم زمانانەی خوارەوەش سەر بەم گرووپەن :

- عارەبی.
- ئەو زمانانەی کەئاشوورییەکان و بابلییەکان و کەنعانییەکان و فینیقییەکان و ئاڕامییەکان و عیبرانییەکان قسەیان پێکردووە.
- زمانی میسرییە کۆنەکان (فیرعەونەکان) و قیبتییەکان.
- زمانی حەبەشی.
- هەندێ لە زمانە ئەفریقاییەکان.

بێجگە لەم دوو گرووپە سەرەکییەی سەرەوە، هەندێ زمانیتر هەن کە سەر بە هیچێکیان نین و جودا جودان، بۆ نموونە زمانەکانی ژاپۆنی و چینی و تورکی و مەنگۆلی و فنلەندی و هیتریش.

زمان پەیوەندییەکی گیانی بەگیانی هەیە لەگەڵ دەوروبەر و ژینگەدا. کەواتە زمان کچی ژینگەیە و ئاوێنەیەکە وێنەی تەواوی دەوروبەر ڕەنگ دەداتەوە. ڕەنگە جۆرە گیانەوەرێکی تایبەتی، ڕووەکێکی تایبەتی لە کیشوەری ئەفریقا و جەنگەڵستانەکانیدا هەبن، بەڵام ووشەیەك نەبێت بۆ ئەمانە لە زمانی کوردیدا، چونکە ئەم گیانەوەرانە لەو شوێنەی کوردستانی لێهەڵکەوتووە ناژین و شین نابن، وە بەپێچەوانەش هەر ڕاست دەردەچێت.

ڕۆڵی زمان هەر بەتەنیا ڕەنگدانەوەی دەوروبەر نییە، بەڵکو ڕواڵەتێکە لە ڕواڵەتەکانی هەبوونی مرۆڤ کە بەلوتکەی هەرەمی زیندەوەرەکانی ژینگەیەکی دیاریکراو دەژمێردرێت. زمان هۆیەکی پەیوەندی دانان و کارلێکردنە لە نێوان رۆڵەکانی میللەتێکدا، هەروەها کاریگەرییەکی تەواویهەیە لەسەر ئەندامانی هەر گەلێك بۆ خۆبەستنەوەیان بە گەل و شارستانیەت و نیشتمانی دیاریکراو و تایبەتی خۆیان، لەهەمان کاتیشدا هۆی جوداکەرەوەی گەلانە. بەکورتی زمان پارچەیەکە لەمرۆڤ.

زمان پێکهاتەیەکی ئۆرگانیکییە و مرۆڤیش جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ زیندەوەرە زیندووەکانی تردا، چونکە مێشکی بنیادەم چەند بنکەیەکی (چەقێکی) تێدایە کە کاریان بە زمانەوە گرێدراوە، ئەویش ئەمانەن :

- بنکەی زمانی نووسراو، ئیش و کاری دەست لە کاتی نووسین دا ڕێکدەخات.
- بنکەی زمانی وتراو، کار و فرمانەکانی گەروو و لێو و زمان ڕێکدەخات.
- بنکەی زمانی خوێنراو، هێما نووسراوەکان لێك دەداتەوە کە چاو دەیان گەیەنێتە مێشك.
- بنکەی زمانی بیسراو، شەپۆلە دەنگییەکان دەگۆڕێت بۆ ووشە و وێنەی فامکراو کە لەلایەن پەردەی گوێوە وەرگیراون.

توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە مرۆڤ هەر لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە توانستی دەربڕین پەیدا دەکات. ئەم توانستەش گەشەدەکات لەگەڵ گەورەبوون و پێگەیشتنی بنکە دەمارییەکان کە کردەوەکانی لێو و گەروو و دەست دەخەنە ژێر دەسەڵاتیانەوە لەکاتی ساڵانی یەکەمی منداڵێتیدا. هەڵبەتە زمانی دایك فێربوونی زۆرئاسانە لەسەرەتای ساڵانی یەکەمی ژیانی منداڵێکدا، بەڵام ئەگەر منالێکمان لەدایکی دوورخستەوە تا تەمەنی دەکاتە دەساڵان، بێگومان لەو حاڵەتەدا منالەکە تووشی زۆر زەحمەتی دەبێت و بگرە لەوانەیە فێری هیچ زمانێکیشنەبێ.

نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێت کە زمان وەکو ئامرازێك وایە بۆ دەربڕینی هەست و نەستی مرۆڤ و ئێش و ئازارەکانیشی. هەر بارێکی دەروونی ووشەیەکی تایبەتی بۆ دانراوە، بۆ نموونە : ترس، خۆشەویستی، غەمگینی،

هەواڵنامەی کتێب

توورەیی . . .هتد . دیسان زمان ئاوێنەی بیری مرۆڤەو چاکترین ڕێگاشە بۆ گەیاندنی بیر و باوەڕ و هەست و زانست و زانیاری مرۆڤ لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بەدرێژایی مێژوو . ئاخۆ ئەگەر بەهۆی زمان نەبوایە بۆمان دەلوا بەرهەمی شاسوارانی ئەدەب و فەرهەنگی کوردەواریمان لەڕابردوو بگایەتە دەست و پێیان شاد ببواین .

دەبێ ئەوەش بزانین کە زمانیش وەکو مرۆڤ وایە ، لەدایك دەبێت و گەشەدەکات و دەگۆڕێت و پیریش دەبێ. هەندێ جاریش بە حەسرەتەوە سەردەنێتەوە . تەنیا بۆ نموونە ، زمانی لاتینی کۆن لەسەرەتای داگیرکردنی وولاتانی ئیتالیا و ئیسپانیا و فەرەنسا لەلایەن ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لەوپەڕی گەشانەوەدا بوو ، بەلاّم هەر دوای ڕووخانی ئیمپراتوریەتی ناوبراو زمانی لاتینیش لە پەل و پۆ کەوت و مرد و زمانەکانی ئیتالیّ و ئیسپانی و فەرەنسی شوێنیان گرتەوە . زمانی هەر میللەتێك بڕبڕەی پشتی ئەو میللەتەیە ، هەر کەزمانی ئەو میللەتە وونبوو یا بەزۆر وونکرا و توێنرایەوە ئەوا بڕبڕەی پشتیشی شکا یا شکێنرا . کولتووری نەتەوایەتی پێناسەی هەر گەلێکە جا ئەو گەلە بچووك یا مەزن بێ ، ئازاد یا ژێردەست بێ . زمان و فەرهەنگ و کولتوور وەك هەر دیاردەیەکی تری کۆمەلاّیەتی لەگۆڕاندان . پەرەپێدان و گەشەپێدانی زمان لەلایەن هەر یەکێك لە ئەندامانی گەل ئەرکێکی زۆرپیرۆزەو پێویستە جێبەجێ بکرێت . زمان وەك زەوی وایە بۆ مرۆڤ ، برسی دەبێت ئەگەر تێرنەکرێت ، ووشك هەلّدەگەڕێ و دەشمرێت ئەگەر تەڕێتی و گەشێتی نەپارێزرێت .

هەلّبەتە ئەم بابەتە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی زمانی کوردی ، بەداخەوە زمانی کوردی وەك گەلەکە خۆی هەتیو کەوتووە و هەرچەندیش لەسەری بنووسرێت هەر کەمە ، جا ئەمەش کاری پسپۆڕان و زمانەوانانی شارەزا وکارامەیە نەك یەکێکی وەکو من . سەرەڕای شێواندن و گشت هەوڵێکی دڕندانەی داگیرکەران بۆ سەر زمانەکەمان ، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا تا ئێستاش شێرئاسا کۆلّی نەداوە ، بگرە ووشە دزراوەکانی لەنێو زمانانی سەردەستدا سەرەتاتکێ دەکەن : " **زمانی تورکی شوێنەواری کارتێکردنی کۆنی هەر پێوە ماوە جا چ لە ئەرمەنەکان یا کوردەکان یا گورجییەکانەوە بێ** " **. زمانی کوردی لەگەلّ هەلومەرجی میللەتی کورد خۆیدا هەلّبەز و دابەزی پێکراوە ، هەندێ جار پەرەی سەندووە و هەندێ جاریش بەئەنقەست دواخراوە . شتێکی بەلّگەنەویستیشە کە زمانێکی کوردی ئازاد و ئەدەبی یەکگرتوو لەسەرووی هەر شتێکەوە بەندە بە گەلێکی ئازاد و کوردستانێکی سەربەخۆوە .

سوێد ۱۹۹۱/۲/۲۵

## تێبینی

* گۆڤاری بەربانگ ، ژمارە ٦٩ ، کانوونی دووەمی ۱۹۹۱ ، ل ٥٨ .
** الاثنوس و التاریخ ، بروملیە ، بودولنی ، ترجمة طارق معصرانی ، دارالتقدم/موسكو ۱۹۸۸ ،ص ۱۷۲

بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە : لغتنا / د . عفیف دمشقیە ، مراجعة د . نایف سعادة ، د . معین حمزة ، دار الفتی العربی ، بیروت ـ لبنان ، ( ؟ ۱۹۷۰ ) .

فەرهاد پیربال

زنجیرەی ژیاندنەوەی نووسراوە عوسمانییەکان (٢) :

# شەریف پاشا و

# کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس < ١٩١٩ >

شەریف پاشا ( ١٨٦٥ - ١٩٤٤ ) بە یەکێك لە رووناکبیر و سیاسەتمەدارە کوردە هەرە گرنگەکانی سەرەتای ئەم سەدەیە دەژمێردرێ . لەماوەی شۆرشی تورکە لاوەکاندا ، رۆلێکی دیاری نەك تەنیا لە ئاست گۆرانە سیاسییەکانی تورکیادا ( ١٩٠٨- ١٩٢٣ ) گێراوە، بەڵکو لەئاست بزووتنەوە سیاسی و دەڵەتخوازییەکەی گەلی کوردیشدا ( ١٩١٩ - ١٩٢٣ ) رۆلێکی بە زەبری نوواندووە .

شەریف پاشا لەساڵی ١٩١٩ دا ( کە ئەم ساڵە بە نوقتەگۆرانێکی بنچینەیی و بەلووتکەی گەشەسەندنی بیری سیاسیی شەریف پاشا دەژمێردرێت ) بیرخەرەوەیەك و نەخشەیەکی کوردستانی گەورەی پێشکەش بە لیژنەی نێودەڵەتانەی کۆنفرانسی ئاشتی کردووە لەپاریس ، تێیدا داخوازییە سیاسییەکانی گەلی کورد و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانی ، بۆ لیژنەی نێو دەوڵەتانەی ناوبراو ، پێشنیهاد کردبوو .

ئەم هەلوێستە بەجەرگانەی شەریف پاشا ، لە گۆڤار و بلاوکراوە جۆربەجۆرەکانی فەرەنسادا ، هەروەها بە شێوەیەکی جیاواز لە گۆڤار و بلاوکراوە عوسمانلییە / تورکییەکانی ئەستەمبۆلیشدا ، بەشێوەیەکی فراوان دەنگی دایەوە ؛ دەمەقالێ و گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کراوە .

رۆژنامەی **اقدام** ( ١٨٩٣ - ١٩٢٠ ) کە رۆژنامەیەکی سیاسی و دەنگوباسی هەفتانە بووە و بەزمانی تورکی ( عوسمانلی ) لە ئەستەمبۆل بلاوکراوەتەوە ، لەو ماوەیەدا بەشێوەیەکی فراوان دەنگوباسی ئەو کۆنفرانسە و ئەو چالاکییانەی شەریف پاشای بلاوکردوتەوە ، بۆ نموونە:

- لەرۆژی ( چهارشنبه ١٥ رجب ١٦/١٣٣٧نیسان ١٩١٩ ) ژمارە (٧٩٦٨) ،لاپەرە (١ - ٢) . جێی سەرنجە ئەم راپۆرتە گرینگە ، سەبارەت بە بابەخی سیاسی خۆی ، لەلایەن (محمد میهری) یەوە ، لەساڵی (١٩١٩)دا سەرلەنوێ لە ژمارە (٦)ی گۆڤاری (کوردستان)دا بلاوکراوەتەوە .
- لەرۆژی (سه شنبه ٢ جمادی الآخر ١٣٣٧ / ١٩١٩) ، ژمارە (٧٩٢٦)، وتاری ( صلح قونفرانسی ) .
- لەرۆژی (شنبه ٢٢ جمادی الاول١٣٣٧/١٩١٩) ژمارە (٧٩١٦) ، وتاری ( صلح قونفراسنده) ، لاپەرە (٢) .

وا لە خوارەوەش ، چاوپێکەوتنێك کە لە ژمارە (٧٩٦٨)ی رۆژنامەی (**اقدام**)دا لەرۆژی (١٦ی نیسان ١٩١٩) لەگەڵ (شەریف پاشا) سازکراوە ، سەرلەنوێ وەکوو دۆکیۆمەنتێك - بلاودەکەینەوە : ( شریف پاشانك بیانات مهمەسی )

بابەتی دووەمیش ( شریف باشا باریسه مواصلتیتی ) ، وێرای وێنەیەکی ناوبراو ، لە هەمان رۆژنامە ( ٧٨٩٥ ) ، لەرۆژی ٢شوباتی ١٩١٩ ، لە لاپەرە (٢)دا بلاوکراوەتەوە .*

---

* ژمارە و کۆدی رۆژنامەی ( اقدام - Ikdam ) لە کتێبخانەی لانگرۆ - لەپاریس ، ئەمەیە :[Per . 9.]

# شریف پاشانك بیانات مهمه‌سی

## تورکیه‌نك اعاشه‌سی ـ تورکیه ایچون عادلانه بر صلح شرطلری

## نه اوله‌بیلیر ؟ استانبول مسئله‌سی

کچنلرده اسوچره‌نك جنوره شهرنده انعقاد ایدن تورك قونغره‌سی طرفندن تورکیه‌نك ویلسون پرنسیپلری دائره‌سنده محافظهٔ حقوقی ایچون ائتلاف رجالی نزدنده تشبثاتده بولنمه‌یه شریف پاشانك مأمور ایدلش اوله‌یغی معلومدر . شریف پاشا پاریسده ( سن سیر ) مکتبنده تحصیل ایتدیکی ایچون فرانسز اردوسی ارکان ضابطانی آره‌سنده چوق دوستلری اولدیغی کبی رجال سیاسیه ایله دخی تماس ومناسبتلری واردر . مشارالیهك اوته‌دن بری اتحاد وترقی مسلك سقیمنه قارشی اتخاذ ایتمش اولدیغی طور مخالفت وبوخصوصده قید منقعتدن ، حرص جاه وشهرتدن عاری اوله‌رق اجرا ایلدیکی مجاهدات غرب رجال ومطبوعاتی نزدنده قدر وحیثیتنی آرتدیرمشدر . اخیراً پاشای مشارالیهك صلح مسئله‌لرینه دائر پاریس غزته‌لرندن ایکیسنده کوردیکمز بیاناتنی نقل واقتباس ایدیورز .

شریف پاشا ( اکلر ) غزته‌سی محررینه شو بیاناتده بولنمشدر :

— تورکیه ایله طوغرودن طوغرویه مخابره ایده‌مه‌یورم . اوراده جریان ایدن حادثاتدن خبردار دکلم .

اتحاد وترقی قومیته‌سنده‌کی مجرملرك توقیف ایدلدیکنی ایشیتدم . بوتدبیر صلاح حال تابلرینه بر بشارت عد ایدیله‌بیلیر . حقیقی اولاناً برتی واردرکه اوده ملکتده تخط حکم سورمکده اولدیغیدر . اوروپا مطبوعاتنك تورکیه‌ده موجودیتندن بحث ایتدکاری امنیتسزلکك سبب اصلی وابتدائیسی بودر .

تورکیه‌نك اقتصادی وضعیتی صوك درجه الیمدر . اکر پك یاقین زمانه قدر حتشلر سرعت ایدوب ده اعاشه‌سنه معاونت ایتمیه‌جك اولورلرسه الك قورقونچ تهلکه‌لره انتظار ایدیله‌بیلیر . انسانیت بوشکله افتخار ایده‌میه‌جکدر .

— صلح حقنده‌کی نقطهٔ نظریکز نه‌در ؟

— استقبالمز آنجق صلح قونفرانسنك فکر عدالتنه مربوطدر . تورکیه مذاکرات صلحیه‌نك اساسنی تشکیل ایدن ملیت پرنسیبنی قلباً قبول ایده‌جکدر . بونك ایچون یالکز بر شرط قویه‌جقدرکه اوده بوشرطك مستقیمانه تطبیق ایدلسی و خلاف حقیقت مطالبات ومغالطات ایله تغییراته اوغرامامسیدر .

تورکیانك عصرلردن بری دوستی اولان فرانسه وانکلتره‌نك توجه و معیتلری غائب ایتمسی کندیسی ایچون بر جزادر . اکر بودولتلر تورکیه‌یی کندی طالع الیمنه ترك ایده‌جك اولورلرسه هر طرفدن نهایتسز شکایت آوازه‌لری ایشیدیله‌جك و دنیا متمادی قاریشیقلقلره راحتسز اوله‌جقدر .

الك ایی چارهٔ تسویه حقیقی بر بی طرفلقله هم تورکلرك حقوقنی هم دیکر ملتلرك مطالباتنی نظر اعتباره آلمقدر . اکثریتی مختلف ذیه اولان ملتلر

شمدیکی عثمانلی کابینه‌سی ، وقوعاتك دها اولیله اوکنه کچمك ایچون اتحادجیلره قارشی الك شدید تدابیری اتخاذ ایتملی ایدی .

اکر شمدی استانبول آسایشسزلك ایچنده بولنیورسه ، بوندن طولایی قباحت ائتلافیونه عائد اولمامز و معمافیه بونلر دخی استانبوله کیرر کیرمز مملکتك آسایشنی اخلال ایدن ، اتحاد رؤساسنی درحال تهدید ایتملی ایدیلر .

اتحاد ارکانندن اکثریسنك هنوز جزاسز قالملری بزم صوك درجه حیرتمزی موجب اولمقده‌در ؛ بونلر هنوز امور ملکیه وعدلیه‌ده بیوك مقامات اشغال ایتمکده‌درلر . بناءً علیه بونلر کندیلرینی سربست کوردکاری ساحه‌لرده بولاتیق صوده بالق آولامقدن نه‌دن چکینسونلر ؟ اتحاد ارکان ورؤساسنی یقالایوب محاکه‌لرینی اجرا ایتمك ، ائتلاف دولتلرینك وظیفه‌سندن دکلمی ایدی ؟ بالقان محاربه‌سی اثناسنده غرب اردوسی قوماندانی اولان مشیر عبدالله پاشا ، ایلك توفیق پاشا کابینه‌سنده حربیه ناظرلنی مقامنی اشغال ایتمشدی . غایت عزیمرور اولان بو ذات بولندیغی ایشلره بر ازانتظام ویرمك ایسته‌مش ایسه‌ده اصرلری استماع ایدلدیکندن کمال حدتله نظارتی ترك ایتمشدر .

شو حالده درسعادتده‌کی انکلیز مرخصنك اتخاذ ایتدیکی تدابیری ، استانبولك الدن چیقارلسی ایچون آلتمش ، رخطوه‌دیه تلقی ایتمك اصلا جائز دکلدر . چونکه شهرك امور انضباطیه‌سنی اصلاح ایچون بعض تدبیرلر اتخاذی ضروری ایدی . استانبول شهرینه کلنجه ، بوشهر تماماً تورکدر . اسکی تورك مدنیتنك آثاریدن اولان جوامع ، مساجد ومبانی شهرك تورك اولدیغنی اثباته کافیدر . بوشهر هر تورکك قلبنده مکنوز اولدیغندن ، آنك ضیاعی هر تورك ایچون تلافی ایدلمز بر ضیاع تشکیل ایدر . تورکلك ماضی وتاریخنی احتوا ایدن بوشهر هر تورکك قلبنده بر جوهر کبی محفوظدر . بوشهر تورکلرك الندن آلنیرسه ، آنك بر پارچه‌سی دکل تورکك قلبی برلکده قوپارلمش اوله‌جقدر . استانبول تورکیانك الندن چیقارسه ، تورکیا آرتق بر مملکت اولمقدن چیقار وفانسز برلاشه شکلنی آلیر .

هرکسك کمال امنیت وامید ایله آغزندن طولاشدرمقده اولدیغی ملیت پرنسیبلرینك بالطبع تورکلر حقنده دخی تطبیق ایدلسی لازمدر . بوشهرك سکنه‌سنك ثلثانی تورکدر .

— جنوره‌ده‌کی تورکلرك ، صاغلام وماضیده یاپیلان خطالری تعمیره مقتدر قوتلی بر حکومت تشکیلی ایچون استانبوله عودت ایتدکلرینك سببنه دائر مخابر طرفندن ایراد ایدیلن بر سؤاله جواباً شریف پاشا دیمشدرکه :

بزمده ارزومز هپ بو مرکزده‌در . بزلر ، عمومیتله فرانسه وانکلتره محبی اولوب اوزره طاقمی



پاریس غزته‌لرنده بیانات مهمه‌سی انتشار ایدن شریف پاشا

---

# شریف پاشا

## پارسه مواصلت ایتدی

کچنلرده « جنوره » ده طوپلانان « ونورکلردن تشکل ایدن بر هیئتك سابق استوقهولم سفیری شریف پاشایی صلح مسئله‌یله حصر اشتغاله مأمور ایتدیکنی یازمشدق . بو اجتماعده : تورك یاتغنك بنه استانبول اولماسی ، ویلسون پروغرامنك اون ایکنجی ماده‌سنك تا آنطاقیه‌یه قدر بولنان تورکیاده کی دیکر عناصر تأمین حقوق ... اتخاذ ایدلمش ایدی . ویلسون پروغرامنك اون ایکنجی ماده‌سی : تورکلرك اکثریت تشکیل ایتدکلری یرلرده حقوق حاکمیتلرینك تأیید وتقریبیدر . شریف پاشا بوموادك تأمینی صرف غیرت ایتمك اوزره پارسه مواصلت ایتمشدر . شریف پاشا پارسده تورك نقطهٔ نظرینی صلح قونفرانسی اعضاسنه شفاهاً ایضاح ایده‌جکدر .



شریف پاشا

---

اقدام
۱۷۹۷ ـ استانبول

# شریف پاشا


## پارسه مواصلت ایتدی

کچنلرده «جنوره» ده طربلانان و کوردلردن تشکل ایدن برهیئتک سابق استوقهولم سفیری شریف پاشانی صلح مسئله‌سیله حصر اشتغال ماًمور ایتدیکنی یازمشدق. بو ابتداده: تورک پایتختی بنه استانبول اولاسی، ویلسون پروغرامنک اون ایکنجی ماده‌سنک تا آنطبیقی اساده‌بولنان تورکیاده کی دیکر عنا صر تابعه حقوق ذکر ایدلمش ایدی. ویلسون پروغرامنک اون ایکنجی ماده‌سی: تورکلرک اکثریت تشکیل ایتدکلری یرلرده حقوق حاکیتلرینک تأیید وتقریر ایدیلیدر. شریف پاشا بومرادی تأمینه صرف غیرت ایتمک اوزره پارسه مواصلت ایتمشدر. شریف پاشا پارسده تورک نقطهٔ نظرینی صلح قونفرانسی اعضاسنه شفاهاً ایضاح ایده‌جکدر.



شریف پاشا

لەژمارە (٧٨٩٥)ی ڕۆژنامـەی (اقدام) لەڕۆژی ٢ی شوباتـی ١٩١٩ لەئەستەمبوڵ بلاوكراوەتەوە



پارس غزته‌لرنده بیانات مهمه‌سی انتشار ایدن شریف پاشا

... ایدن حادثاتدن خبردار دکلم.

اتحاد و ترقی قومیته‌سنده‌کی مجرملرک توقیف ایدلدیکنی ایشیتدم. بوتدبیر صلاح حال تمایلاتینه بربشارت عد ایدله‌بیلیر. تحقق اولان برشی واردرکه اوده: ملکتده تحت حکم سورمکده اولدیغیدر. اوروپا مطبوعاتنک تورکیه‌ده موجودیتندن بحث ایتدکلری اشتراکیتک سبب اصلی وابتداییسی بودر.

تورکیه‌نک اقتصادی وضعیتی صوک درجه الیمدر. اکر پك یاقین زمانه قدر متنفذ سرعت ایدوب ده اعاشه‌سنه معاونت ایتمیه‌جك اولورلرسه اك قورقونج تهلکه‌لر انتظار ایدیله‌بیلیر. انسانیت بوشکلی افتخار ایتمیه‌جکدر.

— صلح حقنده‌کی نقطهٔ نظریکز نه‌در؟

— استقبالمز آنجق صلح قونفرانسنك فكر عدالتنه مربوطدر. تورکیه مذاکرات صلحیه‌نك اساسنی تشکیل ایدن ملیت پرنسیبنی قلباً قبول ایده‌جکدر. بونك ایچون یالکز برشرط قویه‌جقدرکه اوده بوشرطك مستقیمانه تطبیق ایدلمسی و خلاف حقیقت مطالبات ومبالغات ایله تغییراته اوغرامامسیدر.

تورکیانك عصرلردن بری دوستی اولان فرانسه وانکلتره‌نك توجه و محبتلرینی غائب ایتمسی کندیسی ایچون برجزادر. اکر بودولتلر تورکیه‌یی کندی طالعنه ترك ایده‌جك اولورلرسه هرطرفدن نهایتسز شکایت آوازه‌لری ایشیدیله‌جك و دنیا متمادی قاریشیقلقلرله راحتسز اوله‌جقدر.

الك ای چاره تسویه حقیقی بر بی طرفلقله هم تورکلرك حقوقنی هم دیکر ملتلرك مطالباتنی نظر اعتباره آلمقدر. اکثریتی مختلف قومه اولان منطقه‌لر ایچون آرای عامه‌یه مراجعت ایدیلیدر. یالکز برملتله مسکون اولان محللرك شمنیارنله اداره ایدلمرنده برمحذور کورمیورز.

استانبولە کلنجه بورامی بالخاصه برتورك شهریدر. بز استانبولسز یاشایه‌مایز. اکر باشمزی کسه‌جکلرسه وجودمزی ده تقسیم ایتلرینی ترجیح ایدرز. خلاصه تورکیه آنجق بای تختی وتورك اولان مملکتلری محافظه ایتمکله یاشایه‌بیلیر.

* *

شریف پاشا (دەبەش) غزته‌سی محررینه‌ده شو بیاناتده بولنمشدر:

— کانون ثانینك اون آلتیسنده جنوره‌ده اجتماع ایدن عثمانلی حریتپروران قونفره‌سی پرنس صباح الدین بك ریاسته واسبق داخلیه ناظری رشید بك ریاست ثانیه‌یه انتخاب ایتمشدر. قونفره عثمانلی حقوقنی مدافعه ایچون بنی صلاحیت واسعه ایله وکیل انتخاب ایتدی.

انکلیز باش مرخصنك استانبولده اتخاذ ایتدیکی تدابیر اداره‌یی بعض غزته‌لر، شهرك بین الملل برحاله افراغنه طوغری آتلمش ایلك خطوه اوله‌رق تلقی ایدیورلر. حالبوکه، قونفره‌نك صلاحیت واسعه‌یی حائز وکیل صفتیله، بویولده‌کی نشریاتی پروتستو ایتمك مجبوریتنده‌یم. حقیقی بو زمان تائید ایتدیکم

غایت عزیز اولان بو ذات بولدیغی ایشلره برانتظام ویرمك ایسته‌مش ایسه‌ده اصولری استماع ایدلدیکندن کمال حدتله تعلیقاً ترك ایتمشدر.

شو حالده درسعادتده‌کی انکلیز مرخصنك اتخاذ ایتدیکی تدابیری، استانبولك الدن چیقارلمسی ایچون آتلمش برخطوه‌دیه تلقی ایتمك اصلا جائز دکلدر. چونکه شهرك امور انضباطیه‌سنی اصلاح ایچون بعض تدبیرلر اتخاذی ضروری ایدی. استانبول شهرینه کلنجه، بوشهر: تماماً تورکدر. اسکی تورك مدنیتنك آثارندن اولان جوامع، مساجد ومبانی شهرك تورك اولدیغنی اثباته کافیدر. بو شهر، هر تورکك قلبنده مکنوز اولدیغندن، آنك ضیاعی، هر تورك ایچون تلافی ایدلمز برضیاع تشکیل ایدن تورکلك ماضی وتاریخنی احتوا ایدن بوشهر هر تورکك قلبنده برجوهر کبی محفوظدر. بوشهر تورك الندن آلینیرسه، آنك برپارچه‌سی دکل، تورکلك قلبی برلکده قوپارلمش اوله‌جقدر. استانبول تورکیانك الندن چیقارسه، تورکیا آرتق برمملکت اولمقدن چیقار وقانسز برلاشه شکلنی آلیر.

هرکسك کمال امنیت وامیدایله آغزنده طولاشدرمقده اولدیغی ملیت پرنسیبلرینك بالطبع تورکلر حقنده دخی تطبیق ایدلمسی لازمدر. بوشهرك سکنه‌سنك ثلثانی تورکدر.

— جنوره‌ده‌کی تورکلرك، صاقلامقده ومعاشیده ایلان خطالری تعمیره مقتدر قوتلی بوحکومت تشکیلی ایچون استانبوله عودت ایتدکلرینك سببیه دائر مخابر طرفندن ایراد ایدیلن برسؤاله جواباً شریف پاشا دیمشدرکه:

بزم ده ارزومز هپ بو مرکزده‌در. بزلر، عمومیله فرانسه وانکلیز محبی اولمق اوزره طانمش اولدیغمز حالده بیله ائتلاف بزم استانبوله کیدوب اوراده حکمداره عرض خدمت ایتمزه مساعده ایتمیور. عثمانلی ملتی البته بزدن درحال مملکتمزه عودت ایتمزی بکلر.

بز بوراده بولندیغمز مدتجه، اتحاد وترقی علیهنه شدتلی برپولتیقه تعقیب ایتمك صورتیله، مملکتمزك حقوقنی ممکن مرتبه مدافعه‌یه غیرت ایتدك. مع مافیه ائتلاف رجالی ایله قونفرانس اعضاسی آره‌سنده بزه مظاهرت ایده‌جك ذوات چوق بیله‌جکمزی، بوصورتله مملکتمزك حقوقنی مدافعه‌یه مقتدر اوله‌بیله‌جکمزی امید ایدیورز.

قونفرانسدن الك اول رجا ایده‌جکم شی تورکیایه مواد اعاشه کوندرلمسی واسویچره‌ده تحت تداویده بولنان تورك خسته‌لره مملکتلرندن پاره کوندرلمسنه مساعده ایدلمسنی رجا ایده‌جکم. بو بابده بزه معاونت ایدیله‌جکنه دائر وعد آلدم.

— تورکیایه ترك ایدیله‌جك اراضینك نه‌دن عبارت اولدیغی حقنده وقوع بولان سؤاله قارشی شریف پاشا شو جوابی ویرمشدر:

— بوبابده قطعی اوله‌رق برشی سویلیه‌مم. آنجق غرب مملکتلری تورکیه‌ده احداث ایدیلن ملیت جریانی حسبیله بزی حمایه ایتمك ایسته‌میه‌جکلردر. ارمنیلره کلنجه، بونلرك رفاهیته کسب استحقاق ایتدکلری شبهه‌سزدر. مع مافیه ارمنستانه برنسبتسی عشاریت ویریلیرکن، ینه ارمنیلرك منفعتی نامنه کوردلر ایچون دخی ملی بر اوجاق تشکیلی اهمال ایدیله‌جکنی امید ایدیورم.

ژمارە (٧٩٦٨)ی (اقدام) ١٦ی نیسانـی ١٩١٩

هیوا محەمەد

# هەڵسەنگاندنی دوو چیرۆك :

# " دوو چنگاڵ " و " تاوانێك "

## پەیامی ئەدەب و چوونە ناوەوەیەك

. . ئەگەر ئەدەبی کوردی بەپێی ئەو پێناسە گشتی‌یە سەیر بکەین کە دەڵێت : گشت بیر ، فەلسەفە و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ڕەنگدانەوەی زەمینە و دەوروبەرێکی تایبەتی و ڕۆحی و قۆناغی مێژوویی هەر کۆمەڵگەیەکە ، زیاتر لەوەیش پێداویستی و پاڵپشتێکی مەعنەوی‌یە بۆ شارستانێتی و فیکر و ویژدانی مرۆڤ کەسەرەنجام بە هوشیاریی و بەرزکردنەوەی ئاست و ڕادەی هەست وسۆزو ویژدانی تاك و کەسایەتی‌ی مرۆڤ بۆ بنیاتنانی‌کۆمەڵێکی ئازاد و بەختەوەر سەروکاری هەیە ، ئەوا وەك شاهیدێکی مێژوویی تێکڕای لق و پۆپ و لایەنە ئەدەبی‌یەکانی کورد کەم تازۆر ( ئەدەبی شیعر بەڕادەیەکی زیاتر ) لە بەجێهێنانی ئەم ئەرکە مرۆڤایەتی‌یە کەمتەرخەمی نەکردووە و بەپێی هەوا و دەوروبەری ژیانە ماددی و مەعنەویاتە تایبەتی‌یەکانی کۆمەڵگای کوردەواری قورسایی خۆی هاویشتۆتە سەر گشت لایەنە سۆزیی و ئەخلاقی و ویژدانی‌یەکانی مرۆڤی کورد و وەك خوێن بەناو ڕەگ و دەمارەکانی‌دا بلاوی‌کردۆتەوە و لەهەر قوناغێکی نوێی ژیان‌دا واتای تازەی پێ‌بەخشیوە . کەواتە دەکرێت لە پێناسەیەکی کورت و چڕدا بگوترێت ئەدەب " ڕۆحی کۆمەڵە " .

ئەگەر لەدیدێکی مەتریالیستانەوە بڕوانینە پەیوەندی‌یەکانی نێوان ڕۆح و کۆمەڵ ، بۆمان دەردەکەوێ کە دوو بوونی پێکەوە بەستراو و لێك نەپچڕاون کە هەردووکیان کار لەسەر یەکدی دەکەن و لەسەر یەکدیش ڕەنگدەدەنە ، ئاکامیش هۆ و ئەنجامی تایبەتی‌پێکدێنن . کەواتە هەر گۆڕانێك لەدەرەوە مانای گۆڕانیشە لە ناوەوە . بۆیە دەکرێت بلێین ئەدەب - " ڕۆحی کۆمەڵ " - پابەندە بەشێوەی ڕەتکردنی قۆناغە مێژوویی‌یەکانی ژیان و ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانەی کەتیای‌دا ڕوودەدەن . دەشێت ئەوە بلێین کە ئەدەب لە میانەی بڕینی پرۆسەی مێژوویی خۆی‌دا بریتی‌یە لەساتی کەوتن و هەڵسانەوە ، گەشەکردن و خاوبوونەوە ، پەرەسەندن و تەنگوچەڵەمە و . . . هتد ، کە لە هەر یەکێك لەو سات و قۆناغانەدا بارێکی‌تایبەتیی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیی مرۆڤی ئەو سەردەمە دەنوێنێتەوەو پیشانی دەدات . ئەدەبی کوردیش لەو پرۆسەیەدا دیاردەی هەمان ڕەوتی پێوە دیاربووە و تووشی ئەو سات و بارانە هاتووە کە لەسەر هەر مێژوونووس و شارەزاو ڕەخنەگرانێکی ئەدەبی کوردی پێویستە ئەو قۆناغ و بارانە دەستنیشان بکەن و باسیان لەبارەوە ئەنجامبدەن ، بۆ ئەوەی لەسەر بنچینەیەکی زانستیانە بینای ئەدەبێکی نوێ بکرێت ، بەو مانایەی دەربڕی سەردەمیانەی ویست و خواستی مرۆڤی ئەمڕۆی کورد بێت و بەهەمان شێوەش بۆ نەوەکانی داهاتوو .

باشە ، دەبێت بەچ شێوەیەك هەڵوەستە لەئاست ئەدەب و هونەردا بکەین و چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ‌دا بکەین و دەروەستی (التزام) خۆمان لەبەرامبەر پەیامە مێژوویی‌و مرۆڤایەتی‌یەکەی ئەدەب دەربڕین و بەهۆیەوە نرخی هەر قۆناغ و سەردەمێکی ژیانی مرۆڤ ڕابگەینین ؟

چۆن دەکرێت ئەدەب بکەینە پردێکی پەڕینەوە : بۆ گەیاندن و ناساندنی ئەم جیهانە پڕ لەکوێرەوەری و مەینەتی‌یە بەمرۆڤ یان بەهۆیەوە هوشیاربیبینەوە و تێرابمێنین سەبارەت بەو دەوروبەری ژیانەی هەر یەکێك لە ئێمە کەسەرتاسەری بریتی‌یە لەدرۆ و ڕاستگۆیی ، چاکە و خراپە ، پاکێتی و فروفێڵ ، دڵسۆزی و ناپاکی ، کینە و خۆشەویستی و . . . هتد ؟ یان چۆن دەکرێت لەڕێگەی ئەدەبەوە بۆ ناو دڵ و دەروون و قوڵایی ئاگایی و نائاگایی بیرکردنەوە و باری سایکۆلۆژی ئەو مرۆڤانە شۆڕببینەوە و لێیان تێ‌بگەین کە بوونەتە قوربانیی‌جیهانی چلێسی و خۆپەرستی و دواکەوتوویتی ؟ ئەمانە ئاماژە و پرسیارگەلێکن لەنووسەران و دڵسۆزانی شارەزای ئەدەب، تەنانەت لەو پێنووسبەدەستانەی تازە دەیانەوێت بێنە جیهانی فراوانی ئەدەب و هونەرەوە ، دەکرێت . وەلامدانەوەی ئەوانە پێویستی بەهوشیاری و هەستی لێپرسراوێتی و دەروەستبوونی تەواو بەرامبەر کۆمەڵ‌وئەدەب هەیە . ئەگەرچی وەلامدانەوەکان یەکدەست و لایەنە نابن و تەنیاش بەئەدەب چارەسەری گیروگرفتەکانی مرۆڤ ناکرێت ، بەڵکو بەهەوڵێکی گشت لایەنە دێتەدی کە زانست و زانیاریش بەلق و چڵەکانیەوە ڕۆڵی خۆیان‌ببینن .

بەپێی ئەم پێناسە گشتی‌یەی لەسەرەتادا خستەڕوو ، شایەتییەکمان بۆ ڕۆڵ و کاریگەریی ئەدەبی کوردی لەسەر پەروەردەکردنی کەسایەتی‌ی مرۆڤی‌کورد بەدەستەوەدا . بەلام ئەمەش ئەوە ناگەیێنێت کە سەروبەر بەرهەمەکان بەپێز و زیندوو و بێ‌پەڵە بوون ، بەڵکو نووسەر و بەرهەمی‌ئەوتۆش هەبوون کەهەر لەسەردەمی خۆیان‌دا تواونەتەوە و بایەخی مێژوویان نەبووە . ئەوەی زیاتر مەبەستمانە و جێگەی‌دیارە، شاعیر و نووسەرە ڕەسەنەنووس و ئاوارەکانمانن کەوەك ئەستێرەیەکی پرشنگدار بەئاسمانی ئەدەب و مێژووەکەیەوە دەدرەوشێنەوە . با لەخۆمان بپرسین : بۆچی نالی ، مەحوی ، خانی ، مەولەوی ، پیرەمێرد ، بێ‌کەس ، قانیع ، گۆران و چەندینی ترمان باس دەکرێن و باس دەکرێنەوە ، یان نووسین و بەرهەمەکانیان تاکو ئێستاش لامان زیندوون و جێگەی شانازیمانن ؟ ئایا ئێمە لەهەڵسەنگاندن و زانینی نرخی ئەدەبەکەیان‌دا بە هەڵەدا چووین یاخود ئێمە وەك میللەت بێ کەلتوورین و دەمانەوێ خۆمان بەوان‌دا هەڵبزنێنین و ناوێك لە خۆمان بنێین ؟ نە، . ئەوەی کەدەکرێت بەدێرێکی کورت وەلام بدرێتەوە ئەوەیە کە، ئەو زاتە پیرۆزانە دەرکیان بە حەساسیەتی مێژووی کۆمەڵەکەیان کردووە ، هەڵوەستەیان کردووە و بەچاوی لێپرسراوێتی‌یەوە سەیری مەسەلە گرنگەکانیان کردووە ، جا ئەو دەرك و هەڵوێست وهەست بەلێپرسراوێتی‌یە لەدیدی مەنتیق یا واقیع ، ئایدیالیزم یا مەتریالیزم ، نەتەوەیی یان ئایینی‌یەوە بووبێ کێشەیەك نی‌یە ، گرنگ ئەوەیە مرۆڤی کوردیان بەرەو ئاقارێك ئاراستەکردووە . حاجی قادری کۆیە بەبیرێکی ئایینی و لەبەرگی پیاوێکی ئایینی‌دا بانگاشەی ڕزگاری نەتەوەیی کوردی کردووە و ڕەخنەی لە داب و نەریتی ڕزیوی ئایین گرتووە و لەجێگەی داوای زانست و زانیاری کردووە . بێ‌کەس وەك شاعیرێکی شۆڕشگێڕی نەتەوایەتی و وەك ڕۆشنبیرێکی سەردەمی خۆی ، ڕەخنەی لەنەریت و بیری باوی دواکەوتووانەی ئایینی و کۆمەلایەتی نەتەوەکەی کە وەك زنجیر لەدەست وپێی ئازادی و پێشکەوتن و زانست ئالاوە گرتووە و هەلای ئازادی و سەربەستی بۆ نەتەوەکەی و ئافرەت داوە . نموونەی ئەم پایە بەرزانەمان زۆرن و ناکرێت لەم چەند دێرەدا جێ‌پەنجەیان دیاری‌بکەین .

لێرەدا مەبەستم لەم باسە پێناسەکردنی ئەدەب یاخود لێکۆڵینەوە و دیاریکردنی قۆناغە پرشنگدار و لاوازەکانی ئەدەبی کوردی نەبوو ، بەڵکو ئاماژەیەکی گشتی وخێرابوو کە ئەدەب بەرهەم و بیر و زادەی مێشك و مێژووی فیکری مرۆڤایەتی‌یە . دید و ڕۆژنەیەکە کەدەکرێت لێوەی سەیری جیهانێکی پان و بۆر بکەین و لەڕێگەیەوە بەقوڵایی مێشك و دەروونی کەسایەتی (شخصية) مرۆڤ و بارە کۆمێدی و تراژیدی‌یەکانی ژیانی مرۆڤ دا شۆڕببینەوە و لەو جیهانە پڕ ئەفسون و نهێنیانەی کەژیان ودەوروبەرمانی گرتووە ، تێ‌بگەین . مەبەستی زیاتریشم ئەوەبوو کە ، ئەدەب دروستبوونە ، هەڵوەستەیە لەئاست گەیاندنی پەیامە مێژوویی‌یەکەی‌دا ، هاوسەنگکردنی سروشت وگیانی مرۆڤە بەدید و خەیاڵ و ووشەی سەردەم .

مەنفا جێگە و دیاردەیەکە تایبەتێتی‌یەکی تایبەت بەخۆی هەیە کە لەزۆر لایەنەوە جیاوازی‌یەکی فراوانی‌لەگەڵ جۆری زەمینەی وولات هەیە . دەکرێت لەزۆر دید و لایەنەوە سەیری ئەمجۆرە تاقیکردنەوەی ژیانە بکرێت. بەلام بە " گشتی " و وەك " سەرئەنجام " حالەتێکی نێگەتیڤانەیە لەسەر پێکهێنان و دروستکردنی کەسایەتی مرۆڤ و کوشکردن و چەقاندنی ڕۆحی خۆپەرستی تیایدا . لەگرێژنەکردن و دوورخستنەوەی مرۆڤە لەهێڵ و ڕەوتی گەشەکردنی ئاسایی و سروشتی ژیانی کۆمەلایەتی‌و مێژووی

هەر کۆمەڵگەیەك و تورهەڵدانیەتی ڕووە و پەراوێز وزبلّدانی ڕووداوە گرنگەکان . خولقێنەری بیر و بەرهەمی شێواو و نەزۆك و سارکردنەوەی هەستی دڵسۆزی و لێپرسینەوە و دەروەستیی مرۆڤە بەرامبەر یەکدی بەگشتی و ژیان و مێژوو و کەلتووری نەتەوەکەی بەتایبەتی . ئەگەرچی ئێمە شایەتی چەندین لایەنی ڕووناك و گەشی ئەدەب و هونەری کوردین لە مەنفا کە بەرهەم و بەری ماندووبوون و شەونخونیی ڕووناکبیران و نووسەرانی گەلەکەمانن کە بە دڵسۆزیەوە بازوویان لێ هەڵمالیوە ، بەلاّم ئەمە ڕێگەی ئەوەمان لێ ناگرێت ئاماژە بۆ هەندێك لایەن و بەرهەمی هونەری و ئەدەبی نەزۆك و قرچۆك بکەین کە بەراستی زۆر دوورن لەوەی تەنانەت بتوانن کەمێك هەست و سۆز و ویژدانمان بجوولێنن و لێپرساوێتیمان بەرامبەر گەلەکەمان وەبیر بهێننەوە یان ئەوەندەی تۆزێکیش زیادەیەك بخەنە سەر زبربی و ئاوەزمان ، کە ئەم دیاردەیە خۆی پاشەڕۆژێکی چاکی بۆ ئەدەبەکەمان نابێ و ئەنجامیش دەبنە هۆکار و خولقێنەری پاشەکشەیی و سەرگەردانی . ئەمەش هۆوهۆکاری ڕاستەوخۆ و لاوەکی زۆری خۆی هەیە کە من لێرەدا باسکردنیان بەگرنگ دەزانم : یەکەمیان ، ڕەت نەکردنی بیری دۆگماتیستانە و ململانێی کوێرانە و نازانستیانەی سیاسی لەلایەن نووسەرانی کوردەوە و کردنی ئەدەب بە سەکۆیەکی پاهەڵدانی فیکری سیاسی و بەکارهێنان و ڕەنگپێدانەوەی گۆڤارە ئەدەبیە کوردییەکان بۆ تەعبیرکردن لە خواست و ویستی فیکرێك یان چەند کەسێك یاخود خڕکردنەوە و تەرکیزکردنێکی چڕ و بەکلایەنە بۆ دژایەتیکردن و بەرگری لە پارت و ڕێکخراو و نووسەرانی دی ، وەك گۆڤارەکانی پەیف ، خەرمانە ، درك و . . . هتد . دووەمیان ، نەبوونی یەکێتییەکی گشتی نووسەرانی کوردستان لە مەنفا کە بتوانێت بەهەرەو بەرهەمەکان بوختە بکات و لەدووتوێی گۆڤارێکی تایبەت بە ئەدەب دا پێشکەشی بکات و سانسۆری ئەو نووسینانە بکات کەدوورن لە گشت لایەنێکی " هونەریی " یەوە . سێیەمیان ، نەبوونی یاخود کەمی ڕەخنەگرانی ئەدەبی کە بتوانن بەرهەمەکان شی و شیتەڵ بکەنەوە و بیخەنە بەر نەشتەری کاریگەری خامەی ئەدەبی تا ئەو پێنووس بەدەستانە لەبەرهەمی نەزۆك و هەڵبزرکاوی خۆیان بەئاگا بهێننەوە و پێیان بگەێنن و بەرهەمی باشتر و ڕەسەنتریان پێ بەرهەم بهێنن .

بوونی ئەم کەموکوڕیانە لەم وەختەی ئەدەبەکەمان هەلی بۆ گەلێك ڕەخساندووە کە ئەوەی تاقیکردنەوەی ئەدەبی نییە و لاپەڕەیەکی لەئەدەبی گەلەکەی و گەلانی دی نەخوێندۆتەوە و شارەزاییەکی پێویستیان لەسەریان نییە ، دەستیان قەڵەم بگرێت و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی مەنفا بەفرسەتپەرستانە بکاتە تاقیگەیەك و پێنووسی خۆی تاقی بکاتەوە .

## " دوو چنگاڵ " (١)

. . سامی و هێرۆ خێزانێکی کوردن و بۆ چەند ساڵێك دەچێت لە یەکێك لە وولاتەکانی ئەوروپا دەژین . سامی لەکارگەیەك ئیش دەکات و هێرۆی خێزانیشی ژنی نێومالّە و پێکەوە ژیانێکی باش دەژین . بەپێی مەوعیدێك کە لەلایەن خێزانێکی ئەلّمانییەوە بانگهێشت بۆ خواردنی ماسی کراون ، بەسواری ئۆتۆمۆبیلەکەیان بەرەو مالّی دۆستەکەیان دەیئاژوون . سامی هەروەك لە سەرەتای چیرۆکەکەدا ،بەپێی وەسفی ئەو دیمەن و بارە ڕۆحییانەی چیرۆکنووس باسیان دەکات ، ترسی لە بەکارهێنانی دوو چنگاڵ بۆ نان خواردن هەیە و سەرتاپای بیر و هۆشی لەسەرەتای چیرۆکەکەوە تا کۆتاییەکەی بە بەکارهێنانیدوو چنگاڵەوە خەریکە . بەپێی چەند گفتوگۆیەك لەگەڵ هێرۆی خێزانی ، کەبڕیارە لەمالّە ئەلّمانییەکە درۆ یان فێڵ و فەرەجێکی بۆ بدۆزێتەوە ( سامیش مل بۆ ئەوە دەدات ) ، بڕیاری ئەوە دەدەن بەمالّە ئەلّمانییەکە بگووترێ ئەو تازە حەسساسیەتی بەخواردنی ماسی پەیداکردووە . بەلاّم کە دەچنە مالّەکە دەردەکەوێت بڕیاری خواردنی ماسی گۆڕراوە بە خواردنێکی کوردەوارییانە ئەویش ساوەرە . ئیدیسامیش ترسەکەی دەرەوێتەوە و ئاسوودە دەبێت ، بەلاّم لەدواییدا سامی ڕووبەڕووی گیروگرفتێکی نوێ دەبێتەوە کە فێربوونی خواردنی ماسییە .

### کەسایەتی سامی :

هێرۆ ئەگەرچی ئافرەتێکی ڕووکەش و ڕواڵەتپەرستە و پەیوەندی نێوان مرۆڤ بەشتە ڕووکەش و ڕواڵەتییەکانەوە گرێ دەدات و چێژی ژیانیش تەنیا لەڕێگەی ئەندامە هەستییەکانی لەشەوە دەرك پێ دەکات ، بەلاّم ئاگاداری ئەوەیە کە سامی هاوسەری بەلایەنی کەمەوە لەژیانیدا

چەند کتێبێکی خوێندوٚتەوە و ئاگاداری گۆڤار و رۆژنامەی جۆربەجۆر بووە . هەر بۆیە لەرێگەی دیالۆگێکەوە کە لەگەڵ " کریستینا " ی خێزانی " مان فرید " دەیخاتەروو ، کەسایەتی سامی بەوان دەناسێنێت : " **بۆ ئەم کتێب و گۆڤار و رۆژنامانە لەخواردن گرنگترن . . پەیوەندی و ناسینی مرۆڤی بەلاوە زۆر گرنگ و پیرۆزە . . !** " سامیش خۆی لەرێگەی مۆنۆلۆگەوە ( خۆدواندن ) کەسایەتی خۆی دەخاتەروو و سیفەتی خاوخلیچك ، شەرمن ، شلەژاو ، دالغاوی ، کەم ئیرادەیی و چەند سیفەتی جۆراوجۆری دی دەخاتە پاڵ خۆی .

یەکێك لەپایە و رەگەزەکانی چیرۆك کات و شوێنە ، کە بێ ئەم دوو رەگەزە بنچینەیی یە چیرۆك لەچوارچێوە ئەکادیمی یەکەی دەچێتەدەرەوە . لەرێگەی کات و شوێنەوە دەتوانرێت هەست بەبوونی رووداوەکانی ناو چیرۆکەکە بکەین و لەگەڵیشی دا باری سۆزی ( عاطفة ) و ویژدانی پاڵەوان و کەسانی ناو چیرۆکەکەمان بۆ دەردەکەوێت . فەرامۆشکردنی ئەم پایە و رەگەزە بنچینەیی یە ؛ خوێنەر لە رووداو و هەست و نەست ، رەفتار و ناسینی باری کەسایەتی ی پاڵەوانەکان دووردەخاتەوە . سامی ئەگەرچی تا ئەو رادەیەی کە کەسێکی رۆشنبیرە و خاوەنی چەند سروشتێکی جۆراوجۆری رۆژانەیە ؛ ناسیمان ، بەلاّم ئاگاداری ئەوە نین کە خاوەن چ رابوردوویەکە ، بە چ شێوەیەك بیردەکاتەوە و ئینتیمای ئایدیۆلۆژی چی یە وسەر بە چ چینێکی کۆمەلاّیەتی یە و لەچ قۆناغێکی مێژوویی وولاّتەکەی پەڕیوەتە ئەوروپا یان چ هۆ و هۆکارێکی کۆمەلاّیەتی و رامیاری یاخود خۆیی ( ذاتی ) پالّی پێوە ناوە کە بارکە لێك بنێت و لە ئەوروپا هەوار هەلّبخات ؟ کە دەبوایە بەهۆیانەوە باری ژیان و ئەو سەردەمەی سامی تێدا ژیاوە بۆمان دەربکەوتایە و هەر لەو سەردەمەوە ئەو رابوردووانە وەك زنجیرەیەك رووداوی لێك نەپساو ئەوسا و ئێستا و پاشەرۆژی پێکەوە گرێبدات ، بروانینە باری کەسایەتی و شێوەی بیرکردنەوە و هەلّس و کەوتی ئێستای .

چیرۆکنووس کەبڕیار دەدات چیرۆکێك بنووسێت ، سەرەتا نەخشەی " نموونە " یەکی ژیان لەمێشکی خۆی دا دەکێشێ و لەدیدی خۆیەوە ئەو نموونەیە دەکاتە ناوەندێك و بەدەوری دا چەند یان چەندین کەسایەتی و دید و رووداو دەسوڕێنێتەوە و مەودای ئەو نموونەیە بەپێی کات و سەردەمی ژیان ، فراوانتر یان قولّتر وئالّۆزتری دەکاتەوە ئینجا ئەو نموونەیە ( کۆمەلاّیەتی ، مێژوویی ، سیاسی ، داستانی . . . ) بێت یان کەسایەتی و دەروونی ( کەسایەتی یەکی کۆمەلاّیەتی ، گۆشەگیر ، رووخاو یان شۆڕشگێڕ ) ، دەبێت بە تایبەتمەندی جیاوازی دوو دیدەوە بۆ ئەو نموونانە بڕوانێت . دید لەنموونەی یەکەمدا دەبێت بیر و خەیالّ مەودایەکی فراوان ببڕێت و شارەزای تەواو یان زۆربەی لایەنە کۆمەلاّیەتی ، مێژوویی ، فەلسەفی ، ئایینی ، کەلتووری ، داب و نەریت و . . . ەکانی ناو کۆمەلّ بێت و بەشێوازێکی هونەرییانە پێشانیان بدات . لە نموونەی دووەمیشدا تایبەتمەندی دیدی چیرۆکنووس دەبێت سەروکاری لەگەلّ هەست و سۆز و باری دەروونی و بارە فیکری یەکانی ئاگایی و نائاگایی کەسایەتی یەکان هەبێت و بەدەزوویەك بۆ ناو قولاّیی یان هەرەقولاّیی هەست و دەروون و تەنانەت هەرەخوارترین چینەکانی خوارەوەی مێشکیان شۆڕ ببێتەوە و کەسەکان بۆ هەر لایەك چوون چیرۆکنووس دەبێت وەك سێبەری ئەوان لەگەلّیان دا بڕوات و چاوەدێری ئەو بار و پەرچەکردارە ( رد الفعل ) دەروونی و کرداریانەی هۆکارە دەرەکی یەکان ( العوامل الخارجیة ) لەسەر کەسایەتی یەکان دروستی دەکەن ، بکات ، بۆ ئەوەی خوێنەر هەست بە بوون و جۆنێتی هەلّسوکەوت و بزاوت و بیرکردنەوەی کەسەکە لەسەر شانۆی ژیان بکات .

جیهانی دەرەوە و ناوەوەی سامی رۆشنبیر ومرۆڤدۆست بەبێ جیاوازی لەسەر هێلّێکی ئاسۆیی رەوت دەکات و دووچاری هیچ جۆرە بەرەنگاریی و بەرزیی و نشێوی یەکی ژیان نابێتەوە و تارادەیەکی زۆر لەجیهانی واقیع دوورکەوتوّتەوە و گیروگرفتەکانی ژیان بەپێوانەی هەست وسۆز دەپێوێت . گیروگرفتەکانی سامی لەئەوروپا ـ ئاوارەیی ـ و لەو ژیانە نائاسایی یەدا بووەتە نەزانینی بەکارهێنانی دوو چنگال . دوو چنگال بووەتە مایەی بەدبەختی ی سامی و سەرتاسەری جیهانی ناوەوەی تەنیوەتەوەو بووەتە نارمایی یەك کە لەهەموو شوێنێك لەگەلّیەتی ، لەناو خەلّکی کورددا ، لەمالّی بێگانە ، لەچێشتخانە وناو ئۆتۆمۆبیل دا . هەر گیروگرفتێکی ژیان لای هەر رۆشنبیرێك هۆ و هۆکاری خۆی هەیە و هەلّسوکەوتکردن لەگەلّ هۆ و هۆکارەکان دا مانای نزیکبوونەوەی هەر کەسێکە لەواقیع و ئاکامیش بەدەستهێنانی ئەنجامی راست و دروستە بۆ گیروگرفتەکان . سامی دەبێت بارە رۆشنبیری یەکەی هێندە یارمەتی دابێت کە بزانێت فێرنەبوونی بەکارهێنانی دووچنگالّ لەکاتی

نانخواردن‌دا پەیوەندی بەداب و نەریتی کۆمەلاٌیەتی و رادەی برینی قۆناغی شارستانی و باری جوانناسی هەر کۆمەلگەیەکەوە هەیە . با نموونەیەك لەم بارەیەوە بێنینەوە: لەناو هۆزە سەرەتایی‌یەکانی ئەفریقادا ژنان بۆ جوانیی سوود لە پارچە دارێکی لولەکی وەردەگرن و لووتیان ئەمدیو و ئەودیو کون دەکەن و پارچەدارەکەی پیا رایەلٌ دەکەن . یان لەهەمان ئەم هۆزانەدا ئافرەت بۆ خۆ رازاندنەوە سوود لەکەرەستەی فافۆن و تەنەکە وەردەگرن و لەشوێن خشلٌ و زێڕ بەکاری دەهێنن . بەلاٌم لە کۆمەلٌگەی پێشکەوتووتر ئافرەت چەندین کەرەستەی خشلٌ و زێڕ و یاقوت و مرواری و جل‌وبەرگی ڕەنگاوڕەنگ و جۆراو جۆر بۆ جوانیی بەکاردەهێنن . ئەم دیاردانە پەیوەندییان بە کۆمەلٌناسی و لایەنی چینایەتی و جوانناسیی ئەو هۆزە سەرەتایی و کۆمەلٌگە پێشکەوتووانەوە هەیە . مرۆڤ ئەگەرچی بەرەچەلەك دەگەڕێتەوە سەر نەوەی مەیموون و گیانلەبەران ، بەلاٌم ئەمڕۆ مرۆڤ گەیشتۆتە ڕادەیەکی ئەوتۆی کاملبوون کە بەهەموو شێوەیەك هەولٌدەدات خۆی لە گیانلەبەران جیابکاتەوە و حاشا لەباو و باپیرانی هەرە دێرینی خۆی بکات . کەرەستەی چنگالٌ و چەقۆ و کەوچکی نانخواردنیش پەیوەندیی بەدەروونناسیی کۆمەلاٌیەتی‌یەوە هەیە .

سامی لەجیهانە ڕۆتینیاتەکەیەوە ، زاتێکی خاوەن بارێکی شێواوە و لەهەولٌی هاوسەنگکردنی بارە شێواوەکەیەتی لەگەلٌ سروشت و دەوروبەرێکی نوێ‌دا ، بەلاٌم سامی لەو هەولٌەدا بەکەرەستەیەکی کرچ و کالٌ لەبابەت و دیاردەیەکی سادە و بێ‌بایەخی ژیان دەکۆلٌێتەوە . لەسەر بنچینەی هۆ و هۆکارێك هەولٌی پارسەنگکردنی بارە ڕۆحی‌یەکانی خۆی دەدات کە لە جیهانی هەست و سۆز تێپەڕناکات . ئەوەتا سامی لە شوێنێکی چیرۆکەکە لەگەلٌ خۆی دەدوێت و دەکەوێتە دلٌدانەوە و بەراوردێکی میکانیکیانەی نێوان دووکەلتووری جیاوازی کۆمەلٌگەی کوردەواری و ئەورویی ، تەنانەت دەگاتە بڕوایەکی ئەوتۆ کە کەلتوورێکی بێ‌سوود و دواکەوتووی کۆمەلٌەکەی خۆی بگەێنێتە سەرووی ئاستی کەلتووری پیاوێکی ئەلمانی وەك (مان فرید) وە لەخەیالٌی خۆی‌دا تەنانەت مان فریدیش ناتوانێت بەکاری بهێنێت : " **خۆ ئەمانیش نازانن هەنار بخۆن ، گولٌەبەڕۆژە و نێوکەکولەکە بترووکێنن . . ! (مان فرید) یەك دەنك قەزوان ،چەقالە، یان گوێزی سوێری نەترکاندووە و نەشکاندووە . . تاقی لەدەمدایە . منیش گیرفانی چەند دەستە جلی کوردیم بە خوێیاو و سوێراوی ئەو شتانە ڕزین و دڕان . . هتد**" یان فێرنەبوونی بەکارهێنانی دووچنگالٌ بەو خەلٌکانەوە دەبەستێتەوە کە لەکاتی دانیشتنی سەرمێزی نانخواردنی مالاٌن و کارگە ، چاوی تێدەبڕن ، جۆرەها چاوی ئەفسوناویی و نامۆ و جۆران سەرنجی فزولیانە : " **لە کاتی نانخواردن‌دا زۆر سەیری خەلٌك ناکەم . ئەی بۆ ئەوان سەیردەکەن ؟! جاری وایە کە بەرێکەوت دەنواڕم ، واچەندان چاوی جۆراوجۆری پڕ لەمانا سەرنجم دەدەنێ . . ناشزانم لەپشتی چاوان و مێشکیان‌دا چی حەشاردراو هەیە ، بۆیە منیش هەناسەم سواردەبێ و دەشلەژێم** " یان دەلٌێت : " **چاو نەك هەر نامۆی و ئەفسونی تێدایە ، بەلٌکوم هەر خۆی ئەفسونە !** ".

سامی بەو هۆیەوە کە کەسێکی ڕۆشنبیری کوردە و کەسایەتی‌ی ڕۆشنبیریش خاوەنی جۆرێك بیرکردنەوە و موعاناتی خۆیەتی کە لەئەنجامی بارێکی نائاسایی کەسێتی (شخصي) یان دەرك کردن و ناسینی کۆمەلٌگەکەی لای دروست دەبێت و دووچاری جۆرێك لەخودنامۆبوون (الاغتراب)ی دەکات و بەرەو جیهانی تەنیایی و گۆشەگیری یان گوێپێنەدان و یاخی‌بوونی دەبات یاخود لەهەبووی ڕاستتر بەرەو جیهانی خودی شۆڕدەکاتەوە تا لەو ڕێگەیەوە بتوانێت پێناسەیەك بۆ تەنگوچەلٌەمە کەسایەتی‌یەکەی بدۆزێتەوە . ئەگەرچی گیروگرفتی سەرەکی سامی لەئەورووپا ژیانە ماددی و ڕۆتینیاتەکانە و ئەو ژیانەش بەشێکی مەزنی جیهانی ناوەوەی تەنیوەتەوە ، بەلاٌم شێواوی بارە مەعنەویاتەکانیشی کاریگەری خۆی‌هەبووە و دووریش نی‌یە هەر ئەو بارەبێت کە بەرەو ڕۆتینیات و باری چەقینی بردبێت . ئەوەتا لە شوێنێکدا دان بەوەدا دەنێت و ئەو ژیانە بەمردن و ژین دادەنێت : " **کچی باران : بەپێچەوانەوە چێترە تۆیش لەم مردن و ژینە ڕزگار دەبیت !** ". یان لەگەلٌ ئەوەیشدا کە سامی هێرۆ ، بووەتە بالٌپشتێکی مەعنەوی بۆی ، بەلاٌم باری ژیانەکە هێندە قورسە کە هەمیشە پێکەنینەکانی قورس و خەمبارانە بێت و هێرۆ بەتەنیا بەس نەبێت بۆی : " **هەزاران جار ئاوات بەمەرگی پێش لەمن دەخوازێ ! . . یانی ژیانی بێ من ، بۆ ئەو دۆزەخە ! منیش هەرجار بەپێکەنینێکی قورس و خەمبارانەوە پێی دەلێم** : ". کەواتە هۆی سەرەکی گیروگرفتی سامی ئەو هۆ و هۆکارانەیە کە ( بەزۆر ) و ( ناچاری ) فڕێی داوەتە ئەو ژیانەوە .

سامی دەبوایە بەناخی خۆیدا شۆڕببوایەتەوە و بیزانیایە یان چیرۆکنووس پیشانی بدایە ئەو هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو و ژێردەستەیە و قوربانی دەستی کۆمەڵگەیەکە کە بێعەدالەتی بەرەو ئەو جیهانە نالەبارەی ڕاپێچاوە، وێڵی ناسنامەیەکە کەلێی وونبووە یان لێی سەندراوەتەوە و دەیەوێت لەم جیهانەدا خۆی پێ بناسێت و بوونی خۆی پێبسەلمێنێ . سامی ڕۆشنبیر لەگەڕان بە دوای ناسنامەکەیدا چەندین سنووری وولاتان و تاقیکردنەوەی جۆراوجۆری لەپشتی سەری خۆیەوە جێهێشتووە تا بە ناچاری گەیشتۆتە ئەورووپا ، بەلاّم لەوێ ئاوڕ بۆ دواوە ناداتەوە تا کەسایەتی‌یە ڕابوردووەکەی بەئێستاوە گرێبدات و بیرە مرۆڤایەتی و ئاستە ڕۆشنبیری‌یەکەی بەرزتربکاتەوە و بەرەو کاملبوونیان بەرێت ؛ چونکە کەسایەتی هەر کەسێک تەنیا دەکرێت لەڕێگەی تاقیکردنەوەی ژیانەوە بەرەو کاملبوون بچێت .

سامی بۆچی وەهایە ؟ بۆچی دەرد و ئازارەکانی و هەستی لێپرسینەوە بەرامبەر بەمێژووی کۆمەڵەکەی وەك کەسێکی ڕۆشنبیر ، جێی بۆ ژیانی ڕۆتینیات چۆڵکردووە ؟ ئەمە پرسیارێکە کە چیرۆکنووس کردوویەتی‌یە کرۆك و ناوەندی باسەکەی و ویستویەتی ژیانی ئەو جۆرە کەسانە پیشان بدات کە سەرتاپا لەزۆنگاوی ماددیات و ڕۆتینیات دا چەقیوون . ئەم باسە خاڵێکی گەلێك ووردو زیرەکانەیە و زۆریش هەن لەئەورووپا کەوتوونەتە ژێر باری ئەو ژیانەوە ، بەلاّم گیروگرفتی باسەکە لەوەدایە کەتایبەتمەندی کەسایەتی سامی بارە ڕۆشنبیری‌یەکەیەتی . چیرۆکنووس نەیتوانیوە قارەمانەکەی خۆی بناسێت و بارە دەروونی‌یەکانی لەسەر بنچینەی هۆ و هۆکار شی‌بکاتەوە و ئەنجامێکمان لێ بداتە دەستەوە . بەڕای من چاکتربوو سامی سیفەتی ڕۆشنبیرێتی نەدرایەتەپاڵ و کەسێکی سادەتر بوایە ؛ چونکە ئەو کاتە زۆر ئاسایی بوو کە کەسێکی‌سادەی کۆمەڵ بەو باوەڕە بگات کە ڕۆتینیات و پارە و پوڵ دەکارن ببنە کەرەستەیەك کە ژیان و کەسایەتییان بەرەو کاملبوون ببات . بەلاّم مادام لەدیدی چیرۆکنووسەوە سامی دەبێت کەسێکی ڕۆتینبازبێت ، دەبوایە سامی لەم بارەدا داوای شتی " باشتر " و " چاکتر " ی بکردایە، وەك خانووی باشتر ، ئۆتۆمۆبیلی چاکتر و کراس و جلی گرانبایتر و ... هتد ، ئەوساش ئاستی چیرۆکەکە لەڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە بەرزتردەبووەوە .

## زمان و وەسف لە " دوو چنگاڵ " دا :

کورتە چیرۆك خاوەنی تایبەتێتی‌یەکی تایبەتە کە دەبێت خاوەنی "وەسف " ، " زمان " ، ئاواز، پیلان ، ڕووداوخستنەوە ، کات ، شوێن و مەودای دیاریکراوی خۆی بێت و ئەو ڕەگەز و تایبەتێتیانە لەچیرۆکدا دەبێت وەك ئەڵقەکانی زنجیرێك پێکەوە بەستراو ، لەماوەیەکی کەم و کورت دا لەخۆیدا بەچڕی کۆبکاتەوە و برووسکەئاسا بیدات بەدەم شەپۆلی هەست و نەست (شعور و لاشعور )ی خوێنەردا ، بۆ ئەوەی بیهەژێنێت وسەرنجی بەرەو ڕووداو و کارەساتەکانی ناو چیرۆکەکە ڕابکێشێت . چیرۆکنووس کە کەسایەتی‌یەك یان چەند کەسێك دەکاتە بزوێنەری ڕووداوی چیرۆکێك ، دەبێت هەر یەکێك لەو کەسانە خاوەنی زمان و گفتوگۆی خۆیان بن و بەزمانی خۆیان بدوێن . ڕۆشنبیر ، نەخوێندەوار ، جووتیار ، کرێکار و . . . دەبێت هەر یەکەیان بەپێی ناوەڕۆکی کەسایەتییان و ژیان و دەوروبەرەکەیان زمانی جیاوازی‌خۆی هەبێت . " ئیڤان " لەڕۆمانی " برایانی کارامازۆف " دا کە خاوەن کەسایەتی‌یەکی ڕۆشنبیرە و ئاقارێکی فەلسەفەگەرایانەی لەژیاندا گرتووەتەبەر و خاوەن زمانێکی تایبەت بەخۆیەتی کە لەزمانی کەسایەتی‌یەکانی دی ناو چیرۆکەکە جیاوازە ، هەر ئەو تایبەتێتی‌یەش وای لێکردوە کەسێکی ووشك و ئاڵۆز دەربچێت ، لەبەر ئەوە کاتێك لەگەڵ سێمەردیاکۆفی برا ناشەرعی‌یەکەی دەدوێت ، ڕستەیەکی فەلسەفیانەی : " **ئەگەر خوا لەژیاندا بوونی نەبێت هەموو شتێك موباحە** " ، دەدات بەگوێداو ئەویش وا لەو دەکات ڕێگەی کوشتنی باوکە ناشەرعیەکەی : " فیۆدۆر پاڤلیچ کارامازۆف " ، بگرێتەبەر . لەم ڕووەوە سامی دەبێت وەك ڕۆشنبیرێك بدوێت ، بەلاّم زمانەکەی لەزمانی کەسێکی سادە تێپەڕناکات . هێرۆش دەبێت وەك کەسێکی ڕووکەش و خاوەن عەقڵێکی دواکەوتوو و پاشکۆی قۆناغی باوکسالاری و ناهوشیار کەبێ ئاگایە لەبوون و ڕۆڵی خۆی وەك ئافرەتێك لەناو کۆمەڵدا ، بنەخشێت . ڕەچاونەکردنی ئەم ڕەگەز و لایەنە لە چیرۆکدا دەبێتە هۆی دروستکردنی ناکۆکی خۆیی لەگەڵ ناوەڕۆکی بنچینەیی جۆری کەسایەتی‌یەکاندا . هێرۆ بەو جۆرەی کە ناسیمان ، دەبێت زمانێکی هەبێت کە لەڕۆتینیاتی ژیان‌و سەرمێزی تەشریفات زیاتر بڕ نەکات ؛ غەیری ئەم زمانە ،

عەدر و بەسەردا سەپاندنێکی زمان و شێوە بیرکردنەوەیەکی ترە کە لەلایەن چیرۆکنووسەوە بڕیار دەدرێت . هێرۆ ئەو زمانەی لەگەڵ کریستینادا بەکاری دەهێنێت : " **بۆ ئەم کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامانە لەخواردن گرنگترن ...** " زمانی ئافرەتێکی ڕۆشنبیرە کە لەلایەن نووسەرەوە بەسەر هێرۆدا سەپاوە ، خۆ ئەگەر بڵێین لەیادمان نەچێت کە هێرۆ مرۆڤێکی ڕواڵەتپەرستە و قسەکانیشی بۆ بۆیاخکردنی زیاتری ڕواڵەتپەرستی یەکەی بەکاردەهێنێت ، ئەوا ڕاستە ، بەڵام ئەوەندەی ئێمە هێرۆکان بناسین هەرگیز ناوێرن و نایانەوێت خۆیان لەقەرەی خوێندنەوە و نووسین بدەن ، چونکە لەدیدی ئەوانەوە هوشیاری مایەی بەدبەختی و سەرئێشەیە بۆیان . واتە ڕواڵەتپەرستێکی وەك هێرۆ هەرچی یەك بێت ناگاتە ئەو ڕادەیەی کەشانازی بەکتێب و گۆڤارەکانی سامی یەوە بکات ، بەتایبەتی سامی لەو ڕێگەیەشەوە هیچ هەوڵی گۆڕینی بیر و بیرکردنەوەی هێرۆی نەداوە تا وای لێبکات ڕەتی ڕۆتینیات و ڕواڵەتبازی بکات. لەبەر ئەوە هێرۆ بۆ ئەوەی لەچیرۆکەکەدا ئاسوودە بوایە، چاکتر وابوو شانازی بەپلەی شەهادەی سامی یەوە وەك پزیشکێك ، ئەندازیارێك یان پارەدارێك بکردایە .

وەسفیش لەچیرۆکدا یەکێکە لەو شێواز و تەکنیکانەی کە چیرۆکنووس بەکاری دەهێنێت بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی یەك یان کەلێنێك ،یاخود ڕازاندنەوەی چیرۆکەکەی و بەخشینی ڕەهەندێکی (بعد) ستاتیکانە پێی ، یان بەهۆیەوە ئاگادارکردنی خوێنەر لە شێوە و باری دیمەنەکان و دیاریکردنی هەڵسوکەوتی پاڵەوانی چیرۆك بەپێی ئەو دیمەنانە و کاریگەری باری دیمەنەکان لەسەر ئاکار و هەڵسوکەوتی ، بۆ نموونە : " **دەمەو عەسر بوو، ئاسمان لەناکاو بەپەڵە هەورێکی ڕەش داگیرا ، بارانیش بەلێزمە و بەدەم برووسکە و هەورەتریشقەوە دەباری ...** " . ئایا ئەم وەسفی دیمەن و کاتە چ کارێك لەسەر هەست و سۆزی پاڵەوانەکە دەکات و کردار و بارە دەروونی یەکانی لەبارێکی ئاسایی یەوە بەرەو نائاسایی یان بەپێچەوانەوە دەبات . لەم چیرۆکەدا نووسەر ئەگەرچی مەودایەکی فراوانی چیرۆکەکەی بۆ وەسف تەرخان کردووە، بەڵام لە هەندێك شوێندا وەسف جێگەی خۆی نەگرتووە و بەپێی پێویست مەبەستەکانی نەپێکاوە : " **بۆیە هۆی شلەژاندنم تەنها سەرنجی چاوە نامۆکانن ... چاو نەك نامۆی و ئەفسونی تێدایە ، بەڵکو خۆی هەر ئەفسونە !** " وەك دەزانین هۆی سەرەکی شلەژاندنی سامی خۆیەتی کە نازانێت و توانای ئەوەی نی یە دوو چنگاڵ بەکاربهێنێت: " **فێری ئەوە هەر نابم ، نا ، ئەمجارە بەتەواوی خۆی بۆ ئامادە دەکەم . لەسەرخۆ ، بەو لەسەرخۆیی یەش ، شڵەژاوی یەکەم دەشارمەوە** " . ئیدی ئەو دێت ئاوانەکە دەخاتە سەر چاوە نامۆکان ، دەبێ ئەو چاوە نامۆیانە لای چیرۆکنووس چی و کێ بن ؟ دیارە دەبێت سامی خاوەنی خورەوشتی سەیر بێت کەوا خەڵك لەهەموو شوێنێ سەیری دەکەن ، ئەوەتا خۆیشی دەڵێت : " **خوورەوشتی سەیریشم هەیە ، بۆیە دەبێ جێی سەرنج بم. یەکێ لەو خووە سەیر و خراپانە ئەوەیە ، ئەو کاتەی شتێك لە دەستمدایە و دەیجووم ، حەزدەکەم قسەبکەم ..چێژێکی سەیر و سەرسوڕهێنەری لێدەچێژم !. بۆیە زۆرجاران خواردن لەجیاتی بچێتە بۆریە تایبەتیەکەی خۆیەوە ، پەڕیوەتە نێو بۆری هەناسەوە !.** " . لەشوێنێکی دی دا دەڵێت : " **چاو ئەفسونی تێدایە** " ، ئەی " **هەر خۆی ئەفسونە** " چی دەگەێنێت کە ئێمە نازانین سامی وەسفی دلداری دەکات یان چی ؟! چیرۆکنووس لەم بارەیاندا پەیوەندی یەکی خەرافیانەی لەگەڵ خوێنەردا دروستکردووەو وا لەسامی دەگەێنێت کە سیحری لێکراوە نەك خوورەوشتە سەیرەکانی یەتی بوونەتە مایەی تێڕوانین وسەرنجدانی خەڵك. " **لەپشتی چاوان و مێشکیاندا چی شاردراوە هەیە** " ، لێرەدا وەسفی چاو بەوەی کەچیرۆکنووس زۆر دووپاتی دەکات و گوایە لەپشتی چاوەوە " شتێك "ی شاردراوە هەیە . ئایا ئەو شتە چی یە و چیرۆکنووس دەیەوێت چیمان تێبگەێنێت ؟ وەسفی چاو بەم شێوانە، تێگەیشتنی بیری سامی بۆ گیروگرفتەکانی ژیان دەردەخات لەڕێگەی ئەندامە هەستی یەکانەوە ، بێگومان ئەمەش بۆ کەسایەتیەکی " ڕۆشنبیر "ی وەك سامی ناگونجێت . بەڵام لەپشتی مێشکەوە شتێکی نەبینراو هەیە پێی دەڵێن باری نائاگایی مرۆڤ و لێرەدا چیرۆکنووس وەسفەکەی بێکاویەتی و ویستویەتی شتێکمان پێبڵێت ، ئەویش باری فزولی ی دەروونبەرەکەیەتی .

پاشان (٢١) دێڕی سەرەتای کورتە چیرۆکەکە بۆ وەسف تەرخانکراوە ، بۆ وەسفی بێچارەیی سامی کە نازانێت چنگاڵ و چەقۆ بەکاربهێنێت ، کە ئەمەش مەودایەکی زیاد لەڕادەی ئاسایی کورتە چیرۆکی بڕیوە و خوێنەری تووشی مەلەل کردووە ، تەنانەت ئەگەر یانزە دێڕەکەی سەرەتاش نەخوێنینەوە هیچ لەبابەتەکە ناگۆڕێت و هەستیش ناکەین کەلێنێك کەوتۆتە چیرۆکەکەوە . بەڵام

وەسف لە خۆ ڕازاندنەوەی هێرۆدا جوانە و دووری‌یەکی شاعیرانەی پێداوە : " **"هێرۆ" تەواو خۆی گۆڕی‌بوو ، کوتڕێکی سپیشی وەك مەدالیا لەسەر یەخەی بلوزە هەناریەکەی دابوو .. ماکیاجێکی کاڵی کردبوو ، قژە ڕەشە قەیرانیەکەی هەتا سەرشانەکانی شۆڕکردبوو وە لە پێشەوە تیغەتیغەی‌کردبوو ، . . .** " . ئەم وەسفەش ڕادەی بەخۆتەنگەوەهاتنی هێرۆ دەردەخات بۆ بۆیاخکردنی زیاتری کەسایەتی‌یەکەی خۆی بەتایبەت لەوەدا دەردەکەوێ کە بۆ ماڵێکی ئەڵمانی وەك مان فریدی چالاك و بەئاگابوو لەدنیا دەڕوات کە ئەو جۆرە ڕواڵەتانە لای ئەو بایەخێکی ئەوتۆی نی‌یە . یان ئەوە دەردەخات کە سامی و هێرۆ چێژی ژیان و پەیوەندی مرۆڤانە لەڕێگەی ئەندامە هەستی‌یەکانەوە دەچێژن نەك لەڕێگەی ژیریی و هوشیاریی‌یەوە ، بەتایبەت لەو دیالۆگەی سامی‌دا کاتێك کە دەچێت بۆ ماڵە ئەڵمانی‌یەکە : " **بۆنی خواردنی خۆش دەهات . بۆنەکە نامۆیش نەبوو . نواڕیمانە یەکدی و ئاوزابووە دەمانەوە . بەزمانم لێوەکانم تەڕکردو . . .** " .

## کۆتایی‌هێنان بەچیرۆکەکە :

---

یەکێك لەو خاڵە گرنگ‌و حەساسانەی بەشێکی مەزن لەجیهانی دید و بیرکردنەوەی چیرۆکنووس دەگرێت ، مەسەلەی " کۆتایی " هێنانە بەچیرۆك ، واتە کۆتایی‌هێنان یان درێژەدان بەو کێشە و گیروگرفت و ڕووداوانەی کە چیرۆکنووس دەیانخاتەڕوو . " کۆتایی " ئەڵقەیەکی لەپچڕان نەهاتووی ئەو زنجیرەیە یە کە چیرۆکنووس سەرەتاو ناوەندی کێشە و ڕووداوەکان بەیەکەوە گرێدەداتەوە و قارەمان و کەسەکانی کەبەنێو سەختی و نشێوبی تاقیکردنەوەکانی ژیان‌دا بردووە ، بەرەو کاملبوونیان دەبات ، چونکە وەك پێشتریش لێ‌ی‌دوام کەسایەتی هەر قارەمانێکیش لەڕێگەی تاقیکردنەوەی ژیانەوە بیر و کەسایەتی‌یەکەی کامڵ دەبێت و بیر و تێڕوانینی قووڵی بۆ ژیان لا دروست دەکات . داستۆفسکی کەسەکانی بەرەو ئیعتراف کێش دەکات و بەخۆکوژیی سزایان‌دەدا . یەشار کەمال لەبیرێکی سادەی کرچ وکاڵی بێ‌تاقیکردنەوەی ژیانەوە بەرەو بیری مرۆڤێکی لەخەمرەخسیوی دەگەێنێت ، ئەلبێرت کامۆ بەرەو ئاستانەی مەرگیان دەبات، هەمەنگوایش هێز و بازووی مرۆڤ بەسەر سروشت دا زاڵ دەکات . لەم ڕووەوە ، سامی کەسایەتی‌یەکی بێ‌خێرە و تەنیا بۆ خۆی دەژێت و نزیکترین کەسیش بۆی لەم دنیایەدا هێرۆیە : " **لەهەموو کەسێك دڵسۆزتر بۆ ئەم گوزەرانە ناڵەبارە " هێرۆ "ی هاوسەرمە** " . وە لەو دیو ئەو پەیوەندی‌یەوە هیچ پەیوەندی‌یەکی‌تری مرۆڤانە نابینێتەوە ، کوردیشی تەنیا لەو کاتانەدا بەبیردێتەوە کە شەو یان بۆنەیەکی کوردیی تیا ئەنجامدەدرێت . ئەم جۆرە کەسایەتیانە لەبەردەم چارەسەری کێشە و گیروگرفتە مەزن و ئاڵۆزەکان‌دا هەرگیز داتامێنن و هەر ڕۆژەی بەئاسانی و بێ‌ئەوەی مێشکی خۆیان ماندوو بکەن بەفەلسەفەی ژیان و قووڵ ڕوانین بۆ مەسەلەکان تا ئەنجام و ئاکام لەهۆ و هۆکارەکان بەدەست بهێنن ، دەگەنە ئەنجامی کێشە و ڕووداوەکان . چیرۆکنووس ، ڕێبوار سیوەیلی ووتەنی ، " **هەڵپەرستانە کۆتایی بە چیرۆکەکە هاتووە** " (٢) کەچاکتر بوو بڵێت ناشیانە و فرسەتەڵەبانە ، نەدەبوو ڕێگە لەبەردەمسامی‌دا بەو شێوەیە ئاڵۆز بکات و بواری چارەسەرکردنی لێ‌بتەنێ . کۆتایی هاتن بەو شێوە دیالۆگەی سامی : " **ئەوەشی کە فێری خواردنی نابم " ماسی " یە** " دەرگای تەنگ و چەڵەمەیەکی ترمان لەبەردەمدا دەکاتەوە کە " فێرنەبوون "ی خواردنی " ماسی " یە ، واتە دیسانەوە وەك دوو چنگاڵەکە " فێرنەبوون " ە نەك " نەتوانین " کەلەوێدا لەڕێگەی ئەو موفاجەئە و ڕووداوە بێ‌جێ‌یە وبەکارهێنانی دووکەوانە کە ووشەی ماسی‌یەکەی تێ‌کردووە ، هوشیاریی کاك ڕێبواری قۆستۆتەوە و بەلاڕێ‌دا بردووە و وای لێ‌کردووە کە بڵێت : " **لەوە دەچێت نووسەر مەبەستی بووبێت لەدیدەی سامی‌یەوە ، ماسی لە خەسڵەتە فیزیاوی‌یەکانی وەك گیاندارێکی ئاوی ڕووت بکاتەوە وبەرگی سومبولی بکات بەبەردا . چونکە لەبیری سامی‌دا ، ماسی گیاندارێکی بێ‌زیانە و سامیش لەو نەهەنگانە نیە پەلاماری بدات !** " . کاتێك کەرەستەیەك یان بیر و ڕووداوێك لە بەرهەمێکی هونەریی‌دا دەچێتە ژێر باری سومبولی‌یەوە ، دەبێت ئەو کەرەستە و ڕووداوانە لە خەسڵەتە ماددی و میکانیکی یان گفتوگۆی سادەی ڕۆژانە بچێتەدەرەوە و خەیاڵی هونەرمەندانە پەل بکوتێت و لەفۆرم و ناوەڕۆکی جۆراوجۆردا بینوێنێت . خوێنەر کە سەرەتا ناونیشان و باسی " دوو چنگاڵ " دەبینێت و دەخوێنێتەوە چاوەڕێ‌ی ئەوە دەکات کە دەبێت چنگاڵ چۆن لێکدرابێتەوە و بۆ چ مەبەستێك بەکارهاتبێت . بەڵام کەسەرتاسەری چیرۆکەکە تەواو دەکات بێ لەکەرەستەی کانزایەکی ،وەك چنگاڵ

هیچی دی بەدی ناکات ئەوە نابینێت کە چنگاڵ لەقاڵب و شێوە ماددی و کانزایی‌یەکەی جیهانێك یان مەبەستێکی تایبەتی تیا گونجێنرابێت ، چنگاڵ لەپێناو ناساندنی چنگاڵدا بەکارهاتووە و بیر و پەیوەندی سامیش بەرامبەر بە چنگاڵەکە لەبارە ڕاستەوخۆ و میکانیکی‌یەکە تێپەڕ ناکات و هەست و نەستیشی لەجیهانی هەست و سۆز ئەمدیوتری نەبڕیوە . ئەم جۆرە کۆتایی‌هێنانە بەچیرۆکەکە فرسەتتەڵەبانەیە و ویستراوە لەڕێگەی ڕووداوخستنەوەیەکی بێ‌جێ و ناشیانەوە کە لەوەوپێش هیچ مەسەلەی (فێربوون و توانین) یان (فێرنەبوون و نەتوانین)ی خواردنی ماسی باس نەکراوە ، سەرنجمان بەرەو لای چیرۆکەکە ڕابکێشێت ، کە ئەوەش خۆی لەخۆیدا هیچ بابەتێك یان گرێیەکی تری تازەی وا کە شایانی باس و گۆڕینی ئاقاری چیرۆکەکە بەرەو لایەکی دی بێت ، نەخستۆتە بەردەمان وە زیاتریش دووبارەکردنەوەی بابەتی چنگاڵەکەیە. چیرۆکنووس ئێمەی بەرەو هیچ ئەنجامێك نەبرد و چیرۆکەکە لە ناوەڕاستەوە دەست پێ‌دەکات و هەر لەناوەڕاستیشەوە بێ ئەوەی کۆتایی پێ‌هێنابێت ، کۆتایی پێ‌هاتووە

## • تاوانێك • (٢)

. . چیرۆکێکی کۆمەڵایەتی‌یە ، لەدیاردە و ڕووداوێك دەدوێت کە لە یەکێك لە گەڕەکە دەوڵەمەندەکانی شارێکی وڵاتدا ڕوودەدات . خانوویەك کەهێشتا خاوەنەکەی بەهۆی قەرزاری‌یەکی زۆرەوە ناتوانێت تەواوی بکات ، ماوەیەکە هەندێك منداڵی چەقاوەسوو پێی فێربوونە و دوو کەری نێر و مێ دەکەن بەخانووەکەدا و بە زۆر لێکیان جووت دەکەن و جارجارەش خۆیان لەماکەرەکە دەپەڕن ـ ئەمە بۆ چەند ڕۆژێك دووبارە دەبێتەوە ـ. خەڵکی گەڕەك لەم کردەوە و گەڕەلاوژێیە بێزاردەبن . ئیدی نە ئەوەیە بتوانن بەکابرای خاوەنماڵ بڵێن کەهیچ نەبێت دەرگای تێبکات : لەبەر قەرزاری‌یەکی زۆر ، نە دەشتوانن بە هەرزەکارەکان بڵێن ئەم جۆرە کارانە ناپەسەندن ، چونکە هەرزەکار و منداڵەکان چەقاوەسوون و دەترسن کە دەرگا و پەنجەرەی ماڵەکانیان بە بەرد بهێننە خوارەوە . پاشان دەیانەوێت لەڕێگەی میرییەوە منداڵەکان بەسزا بگەێنن ، بەڵام کوڕێکی گەنجی خوێندەوارەوە ،کە ژوورێکی کرێی لەنهۆمی دووەمی یەکێك لەماڵەکانی گەڕەکەکەی گرتووە، پێشنیاردەکات کە چاکترە خۆیان چارەسەری مەسەلەکە بکەن . لەدوایی‌دا پاشگەز دەبنەوە و ئیدی لەوە بەدوا منداڵەکان دوو ڕۆژ سەر و سەکوتیان دیارنابێت ، خەڵکی گەڕەك سەیریان لێ دێت . لەئەنجامدا بەهۆی مێشێکی زۆرەوە کە لە خانووەکە دێن و دەچنە دەرەوە ، دەزانن شتێك ڕوویداوە ، کە دەچنە نێو خانووەکە دەبینن دوو داریان لە دوو لاوە بڕیوەتە ماکەرەکە و پاش هەوڵدانێکی زۆر دارەکەیان بۆ دەرنایەتەوە و لەئەنجامدا ماکەرەکە دەتۆپێ و ئینجا بەهەزار دەردەسەری ماکەرەکە لەخانووەکە دەردەهێنن و فڕێی دەدەنە شیوەکەی نزیك گەڕەکەوە و لە ئەنجامی ئەوەش وورگی ماکەرەکە دەتەقێت و بۆنێکی ناخۆش،کەتاکو هەشت مانگ* درێژە دەکێشێت، بڵاودەبێتەوە.

### کەس یان قارەمانی چیرۆکەکە :

هەر خوێنەرێك کەچیرۆکێك دەخوێنێتەوە سەرەتا بە دوای بابەت (نموونە)ی چیرۆکەکەدا دەگەڕێت تابزانێت چ نموونەیەکی ژیان لەلایەن چیرۆکنووسەوە هەڵبژێردراوە و کراوەتە ناوەندی ڕووداوی چیرۆکەکە . پاش ئەوە چاو بۆ قارەمان و کەسایەتی‌یەکانی ناو چیرۆکەکە گێڕدەدات تاکو بزانێت نموونەی چ جۆرە کەسانێك هەڵبژێردراون و بوونەتە ئەڵقە و بازنەی دی بەدەوری نموونە (ناوەند)ی چیرۆکەکە و ڕووداوی یەك لەدوای یەك بەدەوری ناوەندەکە دروست دەکەن . ئێمەش پاش ئەوەی " نموونە " هەڵبژێردراوەکەی چیرۆکنووسمان لەسەرەوە خستەڕوو ، ئینجا ئێستا دەمانەوێت قارەمان و کەسایەتی‌یەکان و پاشان ئاکار و هەڵسوکەوتیان و شێوەی بیرکردنەوەیان بخەینەڕوو .

ئەوەی لەم چیرۆکەدا بەڕوونی بەدی ناکرێت بوونی کەس یان قارەمانێکی دیار و بەدەرەوەبووە . کەسەکان زیاتر بەشێوەی دوو دەستە و گرووپی جیاواز بەشکراون . ڕووداوە سەرەکی‌یەکەی لەلایەن یەکێك لەو دەستانەوە دەکەوێتەوە و زیاتر ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی‌یە . هەرچی گرووپ و کۆمەڵی دووهەمیشە دەبنە بزوێنەر و شوێن‌پێهەڵگرتنی ڕووداوەکە و چارەسەرکردنیشی لەلایەن ئەوانەوە .

دەستەی یەکەم بریتین لەکۆمەڵێك هەرزەکار و منداڵ کە لەچینێکی هەژار و دواکەوتوو و بەدبەختی کۆمەڵەوە دێن ، کە چیرۆکنووس بە (هەتیوومەتیو ، سەگباز ،

بەرەڵڵا )کان وەسفیان دەکات . ئەم دەستەیە پاش ئەنجامدانی کردەوەیەکی دزێو و ناشیرین ، بەخێرایی بە بەردەمماندا تێدەپەڕن و ئیدی نایانبینینەوە و بێ هەواڵین لەدەنگوباس و چارەنووسیان . ئێمە ئەم دەستە هەرزەکار و بەرەڵڵایانە لەمس ناکەین و ئاگاداری هەست و نەست و سۆزیان نین و نازانین لەمیانەی ئەنجامدانی کارە دزێوەکەدا چ گفتوگۆیەک لەنێوانیاندا ئاڵوگۆڕدەکرێت و چ کەسێکی سەرەکی ئەو دەستەیە هەڵسوڕێنەری ئەو کارەیە و هانی منداڵەکانی دی دەدات بۆ ئەو کارە .

گرووپی دووەمیش کە سەر بە چینە دەوڵەمەندەکەن و چیرۆکنووس بە (ئەدەب و پاك و ژیر ) ناویان دەبات ، بەهەمان شێوە لەمس ناکرێن و زیاتریش لەشێوەی ڕەوە مرۆڤێک دەچن کە ئێمە لەشێوەی تارمایی‌دا پێشبینییان دەکەین . گفتوگۆ و قسەکانیشیان لە غەلبە غەلب و ویرەویرێك دەچێت کە حاڵی نابین چی لەنێوانیاندا دەگوزەرێت .کردەوە و هەڵسوکەوتەکانیشیان لە خەوێکی بزرکاو و شپرزەبوو دەچێت کەپاش بێداربوونەوە نازانیت چی ڕووی‌داوە . بەڵام تاکە کەسێك کە لەبەر چاومان دیاربێت و کەمێك بیناسین ، کەسێکە کەچیرۆکنووس وەها باسی دەکات : " **کوڕێکی گەنج بوو ، تازە خوێندنی تەواوکردبوو ، خاوەنی ژن و منداڵ نەبوو ، تەنیا خۆی لە یەکێك لەژوورەکانی قاتی دووەمی یەکێك لەماڵەکان دا بەکرێ نیشتەجێ بوو بوو . . . هەمیشە خشەخشی لاپەڕە هەڵدانەوە لە ژوورەکەیەوە دەهات ، ئەوەبوو ئەویش لە لایەکی دیەوە بەو خشەخشی لاپەڕانە و نووکی پێنووسەکەی کە هەمیشە لەدەستی نەدەکەوتە خوارەوە ، گەڕەکەکەی هەراسان کردبوو.** " . ئەم کەسە خوێندەوارەش ئاگاداری ڕابوردوو و ناسنامەی نین و نازانین لەم گەڕەکە چ کارەیە و لەکوێوە هاتووە و پاش تەواوکردنی خوێندن چۆن ڕێگەی کەوتۆتە ئەو شوێنە ، وە ئەو دەنگی خشەخشی لاپەڕانە کە لە ژوورەکەیەوە دەهات کاری پیاوێکی فەرمانبەرنیە کە کاروبارەکانی دائیرەکەی لە ماڵەوە ئەنجام دەدات ؟ یان کەسێکی سیاسی و نووسەرە لەژوورەکەی‌دا کاروباری سیاسی و ڕۆشنبیریی خۆی ئەنجام دەدات ، یان . . . هتد . یاخود پەیوەندیی لەگەڵ خەڵکی ئەو گەڕەکە چونە و ! چۆن گەڕەکەکە کەلێی بێزار و هەراسانن ئەو پێشنیارەی قبوڵ دەکەن کەدەڵێ : " **خۆیان چارەسەری گیروگرفتەکە بکەن باشترە . . . .** " . بەڵام بەگشتی دەتوانین ئەوەندە لەو بارەیەوە بڵێین کە : کەسێکی ڕۆشنبیرە و مەیلێکی سیاسیانەی تیۆریباز یان تیۆریگەرانەی هەیە و بە باوەڕێك گەیشتووە کە هیچ گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتی لەلایەن میرییەوە چارەسەر ناکرێت ، ئیدی کام و چ میرییەك نازانین ؟ ! ! : " **ڕای لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە داوا لە میری بکەن بۆ سزادانیان . . . .** " . پاش ئەم پێشنیارە ئەو کەسە هیچ ڕۆڵێکی بەکردەوە و تیۆرییانەی نامێنێت و بەتیژی لەبەر چاومان تێدەپەڕێت و پاشان سەروسەکوت و هیچ کردەوەیەکی نابینینەوە . ئێمەش لەدیدی ئەو کەس و دەستە و گروپانەوە کەناسیمانن ناتوانین هیچ قسە و هەڵسەنگاندنێك بکەین و ئەو جیهانەی کە لە چیرۆکەکەدا باسی لێ‌کراوە ، لەدەم ئەوانەوە شی‌بکەینەوە . ئەوەی کە دەمێنێتەوە بۆمان ئەو کەسەیە کە ئاگای لەهەموو ڕووداوەکە هەیە ؛ ئەویش کەسی چیرۆکبێژەکەیە و ئەم کەسەش زۆر بە دڵنیایی‌یەوە دەتوانین بڵێین خودی چیرۆکنووسەکەیە و ڕووداوەکانیش دیوی ناوەوە و دەرەوەی خۆیەتی . چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا زیاتر دەیەوێت ، دوانێك کە ئەم دیو سنووری ئاخافتنی بازاڕیی و ڕۆژانە نابڕێت ، لەبەر ئەوە ئێمەش ناچارین ڕاستەوخۆ کاکی نووسەر بدوێنین و تێبینی‌یەکانمانی ڕووبەڕوو بکەینەوە و چیرۆکەکەش لەدەمی ئەوەوە شی‌بکەینەوە .

**"دیدی چیرۆکنووس بۆ کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکان "**

---

وەك لە " دوو چنگاڵ " دا پێشانمدا ؛ گوتم کە چیرۆکنووس لەڕووداوێکی مێژوویی ، کۆمەڵایەتی . . . هتد دەدوێت ، دەبێت ئاگادار و شارەزای قۆناغە مێژووییەکان و کەلتوور و داب و نەریتە کۆمەڵایەتی‌یەکانی هەر کۆمەڵگەیەك بێت و بەبیر و خەیاڵێکی هونەرمەندانەیشەوە بۆیان بڕوانێ تا مەودایەکی ئەوتۆ بەچیرۆکەکە بدات کە کاریگەریی هۆکارە دەرەکی‌یەکان ، واتە داب و نەریتە باوەکانی ناو کۆمەڵ کە دەستەویەخە لە ملی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە ئالاون و بەرەو کاری خراپە یان چاکەیان دەبات ، پێشان بدات، بۆ ئەوەی ئەو داب و نەریتانە ببنە ناسنامەی واقیعی هەر کەس و کۆمەڵێك یان وەك دەرهێنەری شانۆیەك بن کە هەڵسوکەوتی ئەکتەرەکان دیاری دەکات . بۆ ئەوەی ئەو کەسانە لەسەر شانۆی ژیان ئازادانە ڕۆڵی خۆیان ببینن و ئێمەش وەك بینەرێك شاهیدی ئەو ڕووداو و هەڵسوکەوتانە بین کە کەسایەتی‌یەکان دەینوێنن . " دید " و " ڕۆڵ " ی چیرۆکنووس وەك " تیۆریباز " و " دەرهێنەرێك " ،

ئاراستەی دوو جیهانی جیاوازن کە هەریەك لەو جیهانە خاوەنی تایبەتێتی کەسایەتی ، بیر ، ڕەوشت، پەیوەندی، بەرژەوەندی و باری ژیانی خۆیەتی کە بەدرێژایی مێژووی دوای پووکانەوەی قۆناغی سەرەتایی لە ڕەوت و گۆڕاندا بووە . ئەو دوو جیهانەش ، جیهانی دەوڵەمەند و هەژارانن . ئەم دیاردەیەش ئەنجام و ڕەنگدانەوەی نادادیی کۆمەڵایەتی و نایەکسانی‌یە لەدابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی‌دا . چیرۆکنووس لەوەها جیهانێکدا دەبێت کاری ووتن و باسکردن نەبێت ، بەڵکو تەنیا خستنەڕوو و پێشاندان : پێشاندانێکی هونەریی ، بێت . خاوەن زمانێکی هونەرمەندانەی ئەوتۆ بێت کە بتوانێت ئەو گۆشە تەریك و تاریکانەی مێشکی مرۆڤ کە هێشتا ڕووناکییان پێ نەگەیشتووە ، بدۆزێتەوە ، تەیکردنی ئەو ڕێگە دوورانە بێت کە هێشتا ئاوەز و ویژدانی ناوەوەی مرۆڤی پیادا نەڕۆیشتووە ، زیندووکردنەوەی ئەو هەست و سۆزە مرۆڤایەتی‌یە بێت کە لەهەرە قوڵایی ئاگایی و نائاگایی هەر مرۆڤێکدا هەیە بەڵام قەتیس ماون .

" ئاوانێك " ، کاری تەنیا ووتن و باسکردن بوو، گێڕانەوەی سەرگوزەشتەیەك بوو بە دەمودوی حیکایەتخوانێکی ناشی ، مۆنتاژکردنێکی ناهونەرییانەی واقیعێك بوو بەدەستی مۆنتاژکەرێکی نەزان کە کاری تەنیا ڕیزکردن و کەڵەکەکردنی شریتە سواو و بێ کەڵکەکانی ڕووداوەکان بوو . بەکورتی‌یەکەی کوێرکردنی هەموو چاوە گەشەکانی خەیاڵێ هونەر بوو بەدەستی دەم و زمان . دەمۆزمانێك کە هونەری نەبێت ، ناتوانێت نیشانی مەبەست بپێکێت ، ناتوانێت تیرەکەی ئاراستەی ئەو هۆ و هۆکارانە بکات کە جیهانی جەنگ، نادادیی ، خوێنڕێژی ، تاوان، درۆ، دزیی ، ناپاکی ، بێ ڕەوشتی و چەندان دەردومەینەتی تریان لێ پێك دێت . دارشتنی چیرۆك لەشێوەیەکی هەرەمی‌دایە کە چیرۆکنووس دەبێت شان بەشانی ئەو کەسانە بڕوات کە لەدروستکردنی چیرۆکێکی هەرەمی‌دا بەشداری دەکەن و بەرەو لوتکەی دەبەن . پاشان کە هەرەم تەواو بوو ، حیروکنووس دەبیت لەخوارەوە سەیری شان و شکۆی ئەو هەرەمە بکات بۆ ئەوەی بزانێت ڕادەی بەرزیی چەندە و چەند ئەرك و زەحمەت کێشراوە تاکو ئەو هەرەمە دروستکراوە . چیرۆکنووس لەسیای هەرەمی " ئاوانێك " دا ، لەسەرەوە ، لەهەرە بەرزترین لوتکەوە، دەڕوانێت و ڕادەی نشێوی و بەرزی‌یەکانی خوارەوە نابینێ و نازانێت لەو جیهانەی خوارەوە چی دەگوزەرێت ، چی بنەماقای ئەو خەڵکەی گرتووە و چ داب و نەریت و ئایینێك بەرەو جیهانی بێ ڕەوشتییان دەبات و وا لەو هەرزەکارە ( هەتیوومەتیو)انە دەکات کە تەنانەت بەرەییان بەگیاندارێکی بەسوود و بێ زمان‌دا نەیەتەوە و بەناشیرینترین شێوە ، کە حاڵەتی هیستیری و ماسۆشی پێوە دیارە ، سزای بدەن . یان وا لەو خێزانە ( بێ باك لە ڕەوشتی ناشرین )انە بکات کە دەربەست نەبەن منداڵەکانیان لەکاری ناپەسەند و بێ ڕەوشتی بەئاگا بهێننەوە و بیاندەنە دەست دنیای قەزا و قەدەر .

ئەگەر لە جیهانێك ، کۆمەڵگەیەکدا یاسایەکی عادیلانە و مرۆڤانە نەبێت کە بتوانێت ژیان لە بەرژەوەندی مرۆڤ و مرۆڤایەتی‌دا پارسەنگ بکات ، ئەوا ئەو ژیانە دەشێوێت و کار و ئاکامی نابەجێ و ناسروشتی لێ دەکەوێتەوە ،ئەوساش ململانێ‌یەکی توند و تیژ و بەردەوامی لێ دەکەوێتەوە و بەچاك و خراپی‌یەوە ڕووی هەمووان دەگرێتەوە، ئەنجامیش زەلکاوێك دروست دەبێت کە هەموومانی تیا دەخنکێنێ . ئەو جیهانە زەلکاوە سەرەتای جێگەی سەیرانگە و ڕابواردنی " هەتیوومەتیو " ەکانی هەژارانی وەك عوسە ، محە ، نەوزادی سەمەی جگەرەفرۆش ، خدر ، تاژەدین ، عەلی قیرباج (٤) دەبێت و پاشانیش هەژارانی تری وەك قوتابی ، قەساب ، سەوزەفرۆش ، پینەدۆز، ناتری حەمام ، فیتەر ، بازرگان ، چایچی ، چەخماچی ، ئاسنگەر ، پۆلیس ، عارەبانچی ، قاچاخچی ، نانەوا ، شۆفێر ، فەرمانبەر ، مامۆستا ، ئەندازیار ، دکتۆر(٥) و ... مەلەی تیادا دەکەن ـ شێرزاد حەسەن ئەم زەلکاوە بە " گۆمی میری " دەشوبهێنێ(٦) ئەم زەلکاوە چیدی جێگەی حەوانەوەی تیا نەماوە و هەموو تووشی " بەلهارزیا " و " گەڕیی " بوون ، کەچی هەر مەلەی تیادا دەکەن . " هەتیوومەتیو "ەکان دەڵێن ئەوە بەلهارزیا و گەڕیی نی‌یە ، بەڵکو مێش و مەگەزی هاوینە کە گیانمانی هێناوەتە خروو . لەم جیهانە ، زەلکاوەدا هەندێك دەیانەوێت مەلە نەکەن ، بەڵام گەلێکی وەك " مامۆستا کەچەڵەکە"(٧) بەزۆری زۆرداری ڕەوانەی ئەو زەلکاوە دەکەن و دەبێت مەلەی تێدا بکات . هەژارانی وەك " نەوزادی ژیر و گوێگر "ی هەژار و بەدبەخت نایانەوێت بەهۆی زەلکاوی " گۆمی میری "ەوە دووچاری بەلهارزیا بن ، بەڵام لەژێر ئانە و هەڕەشەی کۆمەڵدا دەبێت بەشداریکەر بێت . لەوەها جیهانێکدا کە دەوڵەمەندان و دەسەڵاتداران کۆمەڵگە بەڕێوەدەبەن ،

دەبێت بەهەشتی زەلکاوێك بۆ حەوانەوەی " هەتیوومەتیو و بەرەڵڵاکان " بنیات بنێن کە هەر کردەوەی وایان لێ بووەشێتەوە ، دەبێت لەگەڵ ماکەر ، سەگ ، پشیلە و مریشك " بسێکسێن " و لەگەڵ هاوتوخمی خۆیان ئالوگۆڕی خۆشەویستی بکەن .

هەر کەسێك لەڕۆژنەیەکەوە بڕوانێتە ئەو جیهان و زەلکاوە پڕ لیتەیە ، بەژیانێکی کۆمیدی یان تراژیدی دێتە پێش چاو . بەڵێ بەهەردوو بارەکەدا ڕاستە هەم کۆمیدی و هەم تراژیدی‌یە . کاکی نووسەر بەچاوی کامێرەوە سەیری ئەو ژیانە دەکات کە پارچەیەکی کۆمیدی دەبینێت پێدەکەنێت و کە لایەنە تراژیدی‌یەکەش دەبینێت دەماری کرژدەبێت و ئەوسا بەجنێو سەروسەکوتی دانیشتوانی ئەو زەلکاوە دادەگرێتەوە و پێیان دەڵێت ( تاوانبار ، هەتیوومەتیو ، سەگباز ، بەرەڵڵا ، بێ ڕەوشتینە ) ، بەڵام کە دەزانێت تاوانە و تاوانبارکردنەکەی لێپرسراوێتی‌یەکی مێژوویی لەسەرە و وەڵام دەدرێتەوە ، ئاوڕێکی ڕەحمەت و سۆز و هەستیانەیان لێدەداتەوە و وەك پزیشکێکی نەشارەزا ڕەچێتەی چارەسەریان بۆ دەنووسێت : " **پاشان بەرای ئەم کردارێکی بێ ئەدەبانە و هەڵە نی‌یە ، بەڵکو یەکێکە لەمافەکانی ئەو هەرزەکارە بێبەشانە لەخۆشەویستی و سێکس و تەنانەت لەپەیوەندی‌یەکی گەر لاوازیش بێت لەگەڵ ئافرەت** ." چیرۆکنووس بۆ خستەڕووی ڕووداوەکەی هیچ بنچینەیەکی بتەوی فیکری و ئایدیۆلۆژی و هونەری نی‌یە کە بتوانێت کۆڵەکەی مەبەستەکانی لەسەر بنیات بنێت. ئەو لەسەرەتادا دژی‌کارەدزێوەکە وەستایەوە ، بەڵام ئێستا بە ئاشکرا کەوتۆتە ناکۆکی‌یەوە لەگەڵ خۆی‌دا و تەنانەت سنووری جیاوازی منداڵە ( بەئەدەب و پاك و ژیر ) و ( هەتیوومەتیو و سەگباز)ەکانی سڕیوەتەوە ، ئەمەش ئاشتکردنەوەی دوو چینە جیاوازەکەی کۆمەڵن بەشێوەیەکی کوێرانە و نەزانانە .

نووسەر دەبوایە لەهاویشتنی قسەکانی‌دا سەرپێیی نەبوایە و جیهانی خۆشەویستی و سێکسی لەچاوێکی شەهوانییەوە بۆ باس نەکردینایە . دەبوایە ئاستە هونەری‌یەکەی و بیرە سۆزی و ویژدانی‌یەکەی بۆ بەرزترین لوتکە هەڵبدایە و هانی عوسە و محە و تازەدین و بەرەڵڵاکانی دی بدایە کە نەك لە " **لاوازترین پەیوەندی لەگەڵ ئافرەت** " ، بەڵکو لە بەڕێزترین و بەرزترین پەیوەندیی مرۆڤانەدا بیانسێکسێنێت ، نەك لەگەڵ ووڵاخ و گیانداران‌دا . کاکی نووسەر خۆی ئەوەندە مەکبوت و سەرکوێرەوەبووە بۆ سێکس ، جیاوازی لەنێوان ووشەی " سێکس " و " پەڕین " دا ناکات . بەلای ئەوەوە پەڕین لە ووڵاخ جیاوازی‌یەکی لەگەڵ سێکسکردن لەگەڵ ئافرەت دا نی‌یە ، دەنا بۆچی کە " بەرەڵڵاکان " لە ماکەرەکە دەپەڕن پێیان دەڵێت " دەسێکسن ". هەر وەك ئاشکرایە سێکس بەهەموو مەبەست و پێوانەیەك بۆ دوو توخمی جیاوازی نێر و مێ‌ی مرۆڤ بەکاردێت ، زمانی کوردیش لەم بارەیەوە لۆژیکی خۆی هەیە و جیاوازیان‌دەکا. ئەگەر کاکی نووسەر کەمێك لەسەر بنچینەی هۆ و هۆکار چیرۆکەکەی دابڕشتایا ، ئەو کاتە بۆی دەردەکەوت کە جیهانی " خۆشەویستی " و " سێکس " ئەزەلیاتی مرۆڤەو بەبێ‌ی کامڵبوون و پێگەیشتنی مێشك و هەست و سۆزی مرۆڤ تەنانەت چووەتە بار و قووڵایی نائاگایی مرۆڤەوە . ئەوسا کە ئەم ڕاستی‌یەی بۆ دەرکەوت و زانی هەموو کەسێك ئەو حەز و بارە مرۆڤانەیەی تێدا هەیە، ئەوسا بی‌پرسیایە یان پیشانی بداینایە کە بۆچی لەگەڵ ئەوەی دەرکمان بەو هەرە قولایی نائاگایی‌یەی مرۆڤ کردووە ، بەڵام ناتوانین ڕووەو دەرەوە هەڵیبگوێزین و تام و ڕەنگ و بۆنی توخمی ئافرەت بچێژین ؟؟ ئەم مەسەلە گرنگە و گیروگرفتەی مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو زانراوە و زۆری لەسەر گوتراوە و زانایانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی بەگشتی لەسەر ئەوە سورن کە هەژاری و ناهوشیاری ، لەسەرووی هەموویشیانەوە داب و نەریت و پەروەردەی نێگەتیڤانەی نێو ماڵ و ئایین ئەو هۆکارانەن کە بوونەتە لەمپەر لەبەردەم گەیشتن بە بارە سروشتی‌یەکەی سێکس و کارپێکردنی مرۆڤانەی .

یەکێکی دی لەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی کەچیرۆکنووس لێ‌ی بێ‌ئاگا بووە ، نەشارەزایی‌یەتی لەتێگەیشتنی ئەو ژیانەی کە کەوتۆتە ئەمدیوی زەلکاوەکە ، دیوێك کە نموونەکانی وەك عوسە و تازە هەر ناشزانن چ باسە و چ جۆرە ژیانێکە . کەناری دەریای شین ، چیمەنی‌سەوز، باخچەی پڕگوڵان و . . . چواردەوری ئەو جیهانەی داوە. تەنانەت کاکی نووسەریش پاش ئەو هەموو کاسەلیسی‌یە بۆ دەوڵەمەندەکان نازانێت ئەو جیهانە چ باسە و چۆن دەگوزەرێت ! خێزانە دەوڵەمەندەکان ژیانێکی تایبەتیان هەیە ، لەپەیوەندی‌یەکدا دەژین کە بریتی‌یە لەگۆشەگیری و بەرژەوەندی تایبەتی . بەڵام نووسەر کە گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتیان بۆ دەخولقێنێت ، هەموویان دەکاتە برا و

قۆڵی مەردانەیان پێ هەڵدەماڵێت کە بەکۆمەڵ و پێکەوە چارەسەری بکەن . ئەم جۆرە بەبراکردن و بەیەکەوە بەستنە دەستکردە و دوورە لەسروشتی ژیانی ئەوانەوە . دەوڵەمەندانێك کە خاوەن دەسەڵاتی پارە و پوڵ بن چۆن بیر لەوە دەکەنەوە کە بەدەستی خۆیان کەرێکی تۆپیو ڕابکێشن و فڕێی بدەنە ناو شیوێك یان خۆیان لەبەردەم ئەو هەموو مێشە زەهراوییانە ڕادەگرن کەتەنانەت بە (دەرمانی مێش ، نەوت ، دار ، مێشکوژ و ناکە پێلاو)یش سوودی لەناوبردنیان نەبێت . کارەکە زۆر سادە دەکرا بەهۆی عوسە و مچە و تازەوە بەپارەیەکی کەمیش ئەنجام بدرایە . یان دەکرا بۆ بنبڕکردنی گیروگرفتەکە دەرگایان بە بلۆك بگرتایە .

وەسفیش زۆر ناهونەرییانە بۆ دیمەن و بارەکان بەکارهاتووە کە لەشێوەی وەسفی کاریکاتێری و ئەفسانەیی دەچێت . بۆ نموونە وەسفی هەڵسوکەوتی کوڕە خوێندەوارەکە و هەست ناسکیی خەڵکی گەڕەکەکە : " **ئەویش لەلایەکی دیەوە بەو خشەخشی لاپەڕانە و نووکی پێنووسەکە کە هەمیشە لەدەستی نەدەکەوتە خوارەوە ، گەڕەکەکەی هەراسانکردبوو..** " . کەسێکی خوێندەوار ، کە ژوورەکەی لەنهۆمی دووەمی خانوویەك بێت ؛ چۆن دەبێت خەڵك هەراسان بکات ، ئەویش بەدەنگی خشەخشی کاغەز و دەنگی پێنووس !!! تۆ بڵێی خەڵکی گەڕەکەکە لە مشك زیاتر گوێیان سوکتر بێت ، یان ئەوەندە هەست ناسك بن کە خشەخشی لاپەڕە هەڵدانەوە و نووکی پێنووس هەراسانیان بکات . پاشان وەسفی ئەو بۆنەی کە وەختە لەبەریدا کوێر و کاس بن و تەنانەت " **جلگیری خەڵوزتێگیراویش** " سوودی نەبێت . یان ئەو مێشانەی کە وەك " **پەڵە هەور بە خانووەکە** " **دێنە ژوورەوە دەچنە دەرەوە - دەچنە دەرەوە و دێنە ژوورەوە** " . وە لە دواییدا وەسفی تەقینی وورگی کەرەکە و بڵاوبوونەوەی بۆن و ترشەڵۆکی ناو گەدەی و بەردەوامبوونی تاکو " هەشت " مانگیش . ئەم وەسفە ناشیی و بێجێیانە و موبالەغەکردنە و شێوەیەکی گاڵتەجاڕیمان پێدەدات کە نووسەر بۆ هاوچینەکەی دروست دەکات ، بەڵام ئاگاداری خۆی‌نیە . یان هەوڵدانێکی بێهودەی نووسەر دەردەخات کە دەیەوێت لەڕێگەی ئەو وەسف و موبالەغانەوە ئەو نموونە کۆمەڵایەتییەمان لەبەر چاو گەورە بکاتەوە و دەماری هەست و سۆز و ویژدانمان بەرەو بابەتەکە بجووڵێنێت و دواباریش سەرنجی گشتمان بەرەو چیرۆکەکە ڕابکێشێت ، کە تیادا ناوەڕۆك بووەتە قوربانی فۆڕم و شێوەیەکی ناشیانە .

ڕەگەزی کات و شوێنیش ،وەك کەرەستەیەکی بنچینەیی چیرۆك ، بۆ ناسینی دەستە و گروپەکە و زانینی ئەو سەردەمەی ڕووداوەکەی تێدا ڕوویداوە ، بەهیچ جۆرێك بەکارنەهاتووە و چیرۆکەکەش یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی خۆی فەرامۆشکردووە و لەشێوە ئەکادیمییەکەوە فۆڕمێکی سادە و بازاڕیانەی بەخۆوە گرتووە . دیاردەی کەر بڵاوبوونەوە لەکوردستاندا نیشانەی شپرزەیی باری ژیانی گوندنشینەکانە کە ڕوودەکەنە شار . ئێمە نازانین ئەم سەردەمەیە ؟ بەڵام بەپێی ئەو بەروارەی کە لەکۆتایی چیرۆکەکە دراوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٦ ، واتە نووسەر لەدیدی ئەو مێژووەوە بۆ ئەو گیروگرفتەی ڕوانیوە و لەساڵی ١٩٩٠ دا بڵاوی کردۆتەوە کە ئەمڕۆ ئەو بارە سیاسی و کۆمەڵایەتییە لەماوەی ئەو پێنج ساڵەدا گەلێك گۆڕانی بەسەردا هاتووە ، کە دەبوایە لەدیدێکی تازەتر و بەخەیاڵێکی فراوانتر بۆ ئەو کێشە و سەردەمەی بڕوانیایە و لەگەڵیشیدا ڕابوردووی گەڕەکەی پیشان بدایە کە چۆن و لە چ وەخت و ساڵێکی ئەم سەردەمەدا ڕێگەی کەوتۆتە ئەو شارە پڕ جەنجاڵە تا چارەنووسی بەو شێوە تراژیدییە گەیشت ، چونکە باوەڕ ناکەم لەساڵی ١٩٩٠ دا تەنیا کەرێکیش لەکوردستاندا مابێت بەهۆی ڕشتنی گازی زەهراوییەوە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە .

بەهاری ١٩٩١

ڤین

## پەراوێزەکان

١- کورتە چیرۆك ، نووسینی " ئەنوەر محمەد " .گۆڤاری یەکگرتن ، ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٩٠ .
٢- " ئارمایی و چنگاڵ " ، ڕەخنە و هەڵسەنگاندن ، نووسینی " ڕێبوار سیوەیلی " . گۆڤاری یەکگرتن ، ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٠ .
٣- کورتە چیرۆك ، نووسینی " گۆران بابە عەلی " . گۆڤاری یەکگرتن ، ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٠ .
٤- قارەمان و کەسایەتییەکانی چیرۆکی " زەلکاو " ، شێرزاد حەسەن / چاپی عیراق .
٥- هەمان پەراوێزی پێشوو .

٦- چیرۆکنووسێکی بەتوانای ئەمڕۆی کوردستانی عیراقە و خاوەنی بەرهەمی " گوڵێ ڕەش " ە کە کۆمەڵێک چیرۆکە ، "لەودیو دەرگا ئاسنینەوە" و چەندین نووسینی چیرۆك و بابەتی تر .

٧- کەسایەتی‌یەك لە چیرۆکی " زەلکاو " دا .

## سەرچاوەکان


١- گۆڤاری یەکگرتن ژمارە ١١ و ١٢ .

٢- قصە نویسی ، رضابراهنی . چاپی سێیەم، ١٩٨٣، تاران - فارسی- .

٣- دربارهٔ ادبیات ، گئورگی بلیخانۆف ، وەرگێڕانی مەنۆچەری هەزارخانی - فارسی - .

٤- ڕۆمانی " برادران کارامازۆف " ، داستۆفسکی ، وەرگێڕانی صالح حسینی - فارسی - .

٥- چیرۆکی " زەلکاو " ، شێرزاد حەسەن / "نووسەری کورد " ، ژمارە (٤)ی خولی دووەمی ئابی ١٩٨٠.

٦- مەسەلەی ئافرەت و تەکنیکی چیرۆك لە " لەودیو دەرگا ئاسنینەوە " . نووسینی کەمال مەمەند میراودەلی ، گۆڤاری " نووسەری کورد " ، ژمارە (٤)ی خولی دووەمی ئابی ١٩٨٠ .




## فەرهاد شاکەلی

# ئاوێنەڕێژ

هێشتا پەڵە هەوری ئاسمان ڕەنگی دارستانێکی بریندار
لێ نەنیشتبوو
کە تۆ خەون و قانوونی ژینە خەونت دەنووسی .
هێشتا
بڵاچەی خوێنت لە سنوورانەوە دیار نەبوو ،
دەتویست ڕێگەی کوچەکەت ئاوێنەڕێژ بێ . . .
شەوگاری تاری تەمەنت
بە کۆڵەکەی نیسک ڕاگیرابوو ،
لەسەر زەمینی خۆرهەڵاتەوە تا خۆرئاوا
هەر بانگی مەرگ بوو دەنگی دەدایەوە ،
هەر ناڵەی دەردەداری بوو سەراپای دەهەژاندی
هەر نیزەی خوێندکاران بوو
شوورەی شارانی هەڵدەتەکاند . . .

نەسواری ئەسپی ڕەشەبا بوویت و
نە دوندی شاخێکت کردە هاوکۆچی خۆت ،
چەمێکت نەهاتەڕێ ، تا پرسێکی پێ بکەی ،
ئەستێرەیەکت نەکردە نیشانە ،
لەو سەنگڵاخە پردێکی پەڕینەوەت هەڵنەبەست .

ئێستا ، کە دێیتە شارستانی بێنەوای دڵمەوە
روخساری ڕەنگپەڕیوت
فێری گومان و دوودڵیم دەکات ،
ئاوازی شەوانەت
وێرانەی کۆنە ساڵان دێنێتە گۆ .

لەکوێبووی ، کە هەموو سەرمەستی ڕەشبەڵەکی
ژین و مەرگ بوون ؟
لە کامە شەو کۆچی غەریبی بەجێمابووی
هاوکۆچت کە ئالوودەی چراخانی
شاران بوون ..؟!
وەرە پەیمانەی خەمی دڵت هەڵڕێژە و
بەتاوی ئەشقێکی کۆچەری بشنێوە ...
لە پەنای خەونی ئەرخەوانیت وەرە دەری ،
وەرە پەلکەڕەنگینەی هەزار ڕەنگی تەمەنی خۆت چاو لێکە
چۆن لە ئێوارەی ئەم ڕۆژگارە گڕهاوێژەدا
دەژاکێت و
دەوەرێت و
دەمێوێت !!

١٩٨٧/١٢/٢٠

## کەوشەنی مەرگ

( بۆ هەموو ٣/١٦ یەك )

جۆگەی گڕی ڕەنگداری ، ئاگر نییت ،
بەر دەمیتە جاری بەرپێی بیرەوەریم ،
هەرچییەك بسووتێنی
نەوای سۆزی شەوانی دڵتەنگیمە ، بەیادت
دەچووە کەوشەنی سووری مەرگەوە
پڕ ووشەی تیشکی ڕۆژ ڕەنگتم دەهێنا
دەمدا لە برینی ئەم خاکە بێدەنگە . ئەم وڵاتە
بە سروودی مەرگ نەبێ ، بەهیچ ، تاری کرژی دڵی
ناکەوێتە لەرینەوە .

لە کوێی ، لە هاڵاوی خوێن ، لە ڕەنگی خوێن ،
لەسەر بلووری گڕگرتووی ئاسمان
نیگارێکی بێسنووری بەهاری ژاراویکراو بکێشی !
لە کوێی بە پەنجە شووشەکانت
لە کتێبی خواناس و خوانەناساندا
جێگەی سوورەتێکی تازە دابەزیو بکەیتەوە ،
مەککەیی و مەدینەیی نییە ،
سوورەتی خوێنڕەنگی هەڵەبجە ... ڕەشاوی مەرگ و نەهاتە ،
بناوانی لە داوێنی ئەم سەردەمە بێبەردەبازەدایە ،
بە شیو و دۆڵی مێژوودا هەڵدەگەڕێ ،

یادگاری ئاوێنە پەڵە لێنیشتووەکان ، یەک بە یەک ،
دەخوێنێتـــەوە .

ئەم تیشکەی سەراسیمەم دەکات
گۆزەی بارانی تاسەیە ،
نیشانە و رازی زەریایەکە ، بێنیشان ،
دەمخاتە سەر رێگەی پێچەڵپێچی شەوستان .

کام شەو ، کامە تاریکایی
شەوەزەنگتر لە دیدەی ئەم دڵە نابینایە !
کام سارا و دەشت و دەر و گۆڕستان
چۆڵەوانیترە لەم دێرە وێرانە .
کام پاریا ، کام پەتی سێدارە ، کام تابووت
تەنیا و دڵتەنگ و بێدەسەڵاتە وەک ئەوی دوورەوڵات
کاتێ کە زێد و نیشتمانەکەی دەسووتێنن .

١٩٩٠/٦/١٩

هەواڵنامەی کتێب

**عەبدوڵڵا پەشێو**

# تا چرای ئێمە نەسووتێ

تا چرای ئێمە نەسووتێ
ئێوە هەرگیز ڕووناکایی
نابینن بە چاوی خۆتان .
تا ئێمە دیل و کۆیلە بین
هەر کۆت و نیر *،
تۆق و زنجیر ،
دەکەین بۆتان .
• • •
قڕمان دەکەن ؟!
قوڕتان بە سەر !
( گەر بشمرین تەنیا دیلی دەدۆڕێنین )
چ هەیە لە دیلی تاڵ تر ؟!
گەر بشمرین هەر سەرکەوتووین !
کوا لە کۆیلەی شەهید زاڵ تر ؟
• • •
قڕمان دەکەن ؟
قوڕتان بەسەر !
دوای مردنیش لێ ناگەڕێین
نیشتمانمان بکەن بە ماڵ .
لێ ناگەڕێین
گۆشتمان بخۆن وەک قەل و داڵ ،
گەر هیچ نەبێ
دەبین بە خالۆزەی بێستان ،
زیوانی ناو دەغڵ و دانتان .
دەبین بە لم
دەچینە ناو پارووی نانتان .

* نیر : نیل ، دارێکە دەخرێتە سەر ملی دوو گا بۆ جووت پێکردن .

هەواڵنامەی کتێب

دەبین بەمار
پەپکە دەکەین لەناو نوێنتان
دەبین بە شێرپەنجە و میکرۆب
گڕا دەخەین لەناو خوێنتان
دەبین بە کێچ
دەکەوینە کەوڵ و مووتان
وەکو مێروو
زاوزێ دەکەین
لە ناو کاژەڵەی* مردووتان !
دەبین بە کوان *
هەر ڕۆژێك لە جێیەك دەردێین
دەبین بە زێرووی * هەزار پێ
دەم گیر دەکەین لە گەرووتان .
دەبین بە تامیسکەی * سەر لێو
باپشکێوی * سەر پێڵووتان
• • •
قرمان دەکەن ؟
قورتان بە سەر !
دوای مردنیش
لێ ناگەڕێین
نیشتمانمان بکەن بە ماڵ
لێ ناگەڕێین
گۆشتمان بخۆن وەك قەل و داڵ .
شایی بکەن ـ
دەیکەین بە شین !
پرسە دانێن ـ
کاستان دەکەین بە پێکەنین !
دەبین بە لەکەی زمان و تانەی سەر چاو
دەبین بە مووی ناو خۆراك و خڵتی ناو ئاو !
• • •
قورتان بە سەر !
تا چرای ئێمە نەسووتێ ،
ئێوە هەرگیز ڕووناکایی
نابینن بە چاوی خۆتان .
تا ئێمە دیل و کۆیلە بین
هەر کۆت و نیر ،
تۆق و زنجیر ،
دەکەین بۆتان !
• • •

* کاژەڵە : کاسەسەر .
* کوان : دومەڵ ، قونێر .
* زیروو : زەروو .
* تامیسکە: زیپکە .
* باپشکێو: سیچکە سلاوە .



هەواڵنامەی کتێب

رزگار عەبدوڵا

# مـن

من هیچ شەوێ پەنجەرەی ژوورەکەم داناخەم .
دەڵێم نەکا ، لە نیوەشەوێکی سەرمابردوودا
کۆترێکی وەك خۆم ڕەهەندە
باڵ شەکەت و برسی بێ ، وەك
خەڵکی شارە هەژارەکەم
دەڵێم نەکا ، ئەم کۆترە بێ و
خۆی بکا بە ژوورەکەمدا .

کە یەکەمجار جامانەم کردە سەرم
چنگێ خۆڵی بن پێڵاوە تۆزاوییەکەمم تیا شەکەتدا
لە سێبەری درەختێکدا قوناغمکرد
حەزم دەکرد گوڵلەیێ زامدارمکا و
دواجار دەمی مەتارەی لانێکم ماچکەم .

هەموو زەوی هی منە و
شوێنێشم نیە شەوان خەوتی تیا ببینم
ئەوەتا لەم کەلاوە بێکەسەدا
بارگەی غەریبیم داناوە و تاکە هاوڕێی شەوانەشم
گڤەی باو مۆمێکی ئاگر بەدەمیدا سەماکەرە
شەو و ڕۆژی دەربەدەریم چەند درێژ و سامناکن
لە بازنەیەك لە چواردەورم دێن و دەچن
نە من تیای دەرباز دەبم
نە ئەوانیش لێك ون دەبن .

سەر هەڵدەگرم و دەڕۆم
لەم جیهانە هەمەجییەدا چیم هەیە بیدۆڕێنم ؟
تەنیا جووتێك پێڵاو و ژیانم ماوە
پێڵاوەکان کۆن دەبن و منیش لەڕێگاکاندا دەمرم .

١٩٨٧/٩/١٥

## فیلیپ سووپۆ*

وەرگێڕانی لەفەرەنسییەوە

**فەرهاد پیربال**

# فیشەکەکانی داوین

DERNIERES CARTOUCHES

شەو چاوانی بێبیلوون
دەستەکانیشی درێژ
هەوایەکی چەنێک خۆشە
ئەستێرەیەکی سوور
لەگەڵ چەند مارێکی درێژی شەوگەڕ
هەواکەی خۆشە
پێویستە بقیژێنی بۆ ئەوەی هەست بە غەمگینی نەکەی
ساتەکان سەمادەکەن
بۆ ئەوەی کەس نەکوژی پێویستە هاوار بکەی
بۆ ئەوەی بەدەم گۆرانیگوتنەوە نەمریت
بۆ ئەوەی لە شەرم و تووڕەییانە سوور هەڵنەگەڕێی
پێویستە هێشتا هەر بڕۆیت
گۆچانەکەت بگریتە دەست و
هەنگاو بنێی
کاتێ کە یەکجار دڵ پڕ لەقینی و
دڵت خەریکە شەق دەبا
هەواکەی چەنێک خۆشە
زەنگەکان بۆ ئەوانەی کۆچیانکردووە دەزرەنگێنەوە
هەروەها بۆ شانازیی سوپاییەکان
هەموو شتێک پێویستە سەرلەنوێ دەست پێبکرێتەوە
سەرەرای شەوەزەنگ دەبینم
کەللە سەرەکان لە ژێر کۆڵەکەی مەقسەڵەکاندا
دەکەونە ناو سەبەتەکانەوە
خنکاوەکان سەر ئاو کەوتوون
لەسێدارەدراوەکانیش دەلەنگێنەوە
گوێمان لە ناڵەناڵی ناو نەخۆشخانەکانە

La nuit a des yeux sans prunelles
et des longues mains
Comme il fait beau
il y a une étoile rouge
et des longs serpents nocturnes
il fait beau
il faut crier pour ne pas être triste
les heures dansent
il faut hurler pour ne pas tuer
pour ne pas mourir en chantant
pour ne pas rougir de honte
et de fureur
il faut encore mieux s'en aller
prendre sa canne
et marcher
Qand on est très énervé
et qu'on rage
Comme il fait beau
les cloches sonnent pour les trépassés
et pour la gloire des armées
tout est à recommencer

je vois malgré l'obscurité
des têtes tomber dans le panier
sous le poids de la guillotine
j'aperçois des noyès flotter
et des pendus se balancer

هەواڵنامەی کتێب

On entend des cris dans les hôpitaux
Comme il fait beau
On se regarde dans un miroir
pour le plaisir
et l'on se trouve vraiment très laid
mais on pense à autre chose
pour ne pas se désecspére
qu'est -ce qu'on voit
vraiment
qu'est - ce qu'on voit
Le cimetière est ravissant
il y a des fleurs des couronnes
des croix et des inscriptions
Comme il fait beau
Qu'est - ce qu'on entend
le soleil joue du clairon
à la porte des cafés

c'est la lutte défintive
La ville meurt au son des grenouilles
et les fleurs tombent
gravement
comme des arbres déracinés
Voici les hommes
ils sont pâles comme des vivants
ils portent des cravates rouges
des cannes plombées
et des journaux de toutes les couleurs
ils s'arrêtent
et jouent
à pile ou face
il fait de plus en plus beau
Drapeaux et musique en tête
nous courbons la tête
parce que nous sommes de plus en plus
seuls
pâles
laids
Il faut recommencer à marcher
à pile ou face
et rire de vin et d'alcool
Les cafés sont pavoisés
comme les sourires des demoiselles

هەوایەکی چەنێك خۆشە
لەبەر ئاوێنەدا هەر بەزەوق تەماشای خۆمان دەکەین
خۆمان یەکجار زشت و ناشیرین دێتە پێش چاو
بەلاّم نا
بیر لە شتی دیکە دەکەینەوە
بۆ ئەوەی نائومێد نەبین
چ شتێك دەبینین
بەراستی
چ شتێك دەبینین
گۆرستانی شەنگە
بە تاجە گولێنەکانی خۆیەوە
بە خاچ و بەردەنووسەکانی خۆیەوە
هەواکەی گەلێك خۆشە

چیمان گوێ لێیە
خۆر لەبەردەم قاوەخانەکاندا شەیپوور دەژەنێ
ئەمە ئیدی شەڕ و هەرای یەکجارییە
شار لەناو قیڕەقیڕەی بۆقەکاندا کەلەواژ دەبێتەوە
گوڵەکانیش
وەك درەختی لەڕەگ هەڵکێشراو
بە ئازارەوە هەڵدەوەرێن
ئەوەتا مرۆڤەکان
وەك زیندووەکان ڕەنگیان پەڕیوە
بە قەرەوێتی سوورەوە
گۆچانی میتالرێژ و ڕۆژنامەی ڕەنگاوڕەنگ بەدەستەوە
ڕادەوەستن
گەمەی " شێر و خەت " دەکەن
هەواکەی هەتا دێ خۆشتر دەکا
ئالا و مۆسیقا لەپێشەوە
سەرمان دادەچەمێنینەوە
چونکە ئێمە هەتا بلێی
تەنیا و
ڕەنگ پەڕیو و
ناشیرینین
پێویستە سەرلەنوێ هەنگاو بنێینەوە
بۆ ئەوەی گەمەی شێر و خەت بکەین
بە شەراب و بە ئەلکهوول پێبکەنین
قاوەخانەکان وەکوو خەندەی خانمۆلان
بە لافیتە ڕازاوەکان دەشەنگێنەوە

هەوالنامەی کتێب

avançons toujours
on verra bien ce qui arrivera
Il fait vraiment trop beau

هەمیشە بەرەو پێشەوە
با بزانین چ دەقەومێ
هەواکەی بەراستی یەکجار خۆشە

## پەراوێز

* فیلیپ سووپۆ ( ١٨٩٧ - ١٩٨٩ ) یەکێکە لە دووایین شاعیرانی رێبازی سوریالیزم . لە ساڵی ١٩١٩ دا ، لەگەڵ ( ئەندرێ بریتۆن ) بەبڵاوکردنەوەی (هەراوە مۆگناتیسییەکان Champs magnétiques ) شێواز و جیهانێکی شیعری تازەیان هێنایە ئاراوە . ئەم شیعرە ، لەم سەرچاوەیەوە کراوەتە کوردی :

Philippe SOUPAULT : poémes et poésies , éd. grasset , Paris : 1973 , PP. 90 - 92 .

هەواڵنامەی کتێب


En flygtnings håb


Beskrivelse af en flygtning


En flygtnings hallucinationer

Niaz al-Bayati

ئارتویر ڕامبۆ
گۆڕینی لە فەرەنسی‌یەوە
ئەحمەدی مەلا

# وەرزێکی دۆزەخ

" جاران ، ئەگەر باش بێتەوە یادم ، ژیانم گۆڤەندێك بوو ، دلّان دەکرانەوە ، شەراب چۆرەی دەهات . ئێوارانێك جوانیم لەسەر ئەژنۆم دانا . ـ بینیم تالّ بوو. ـ نەفرەتم لێکرد . خۆم دژ بەدادپەروەری پرچەك کرد .

هەلاّتم . ئای فالّچیان ، ئای کەساسی ، ئای قین ، بۆ ئێوە هەموو گەنجینەکەم خستە لاوە !

گەیشتوومەتە ئەوەی گشت هیوای مرۆڤایەتی لە ڕۆحما ببوورێنمەوە .

بۆ خنکاندنی گشت شادی‌یەك چەشنی ئاژەلّێکی کێوی بازێکی کوێرانەم دا .

بانگەوازی ئەشکەنجە مرداربووەکانم کرد ، تاکو گاز لە قۆناغی تفەنگەکانیان بگرن . بانگەوازی کارەساتم کرد ، بۆ ئەوەی لەگەلّ لمدا ، لەگەلّ خوێن‌دا بتاسێم . دەردەسەری خودای من بوو ، لەناو چلپاودا گەوزام . بە بای تاوان خۆم هێشك‌کردەوە. هەندێکیش یاری شێتیم کرد . بەهاریش زەردەپێکەنینێکی کەلحۆیانەی بۆ هێنام. لە کۆتایی‌دا خۆم لەسەر دەنگێکی کەرخ دۆزی‌یەوە ! خەونم بە دۆزینەوەی کلیلی گۆڤەندە کۆنەکەوە دەبینی ، کە ڕەنگە شەهوەتم بکرێتەوە . میهرەبانیی ئەو کلیلە . ـ ئەم سروشتە ئەوە دەسەلمێنێ کە خەونم بینیوە !

" تۆ هەر بە کەمتیاری دەمێنیتەوە . . .هتد "

جنۆکە هاواردەکات ، تاجی خۆشەویسترین خەشخاشی کردە سەرم .

" بە هەموو شەهوەتێکەوە بمرە ، بە خۆپەرستیت و گشت گوناهە گەورەکانتەوە ."

ئای ! کە زۆرم وەرگرت ؛ بەلاّم شەیتانی ئازیزم ، لێت دەپاڕێمەوە . تەماشا لێڵەکەت کەم بکەرەوە ! لە چاوەڕوانی چەند خوێڕیەکی بچووك و دواکەوتوودام ، تۆی کە نووسەرێکت خۆش دەوێ ، توانای ڕوونکردنەوە و ڕووناکبیری لێ وون بووبێت .

لێت جودا دەکەمەوە ، ئەم چەند لاپەڕە ناشرینەی ڕۆژمێرە نەفرەتلێکراوەم .

**سەرچاوە :**

RIMBAUO : Oeuvres poétiques , éd. Flammarion , Paris : 1964 , p. 117 .

« Jadis, si je me souviens bien, ma vie était un festin où s'ouvraient tous les cœurs, où tous les vins coulaient.

Un soir, j'ai assis la Beauté sur mes genoux. — Et je l'ai trouvée amère. — Et je l'ai injuriée.

Je me suis armé contre la justice.

Je me suis enfui. O sorcières, ô misère, ô haine, c'est à vous que mon trésor a été confié!

Je parvins à faire s'évanouir dans mon esprit toute l'espérance humaine. Sur toute joie pour l'étrangler j'ai fait le bond sourd de la bête féroce.

J'ai appelé les bourreaux pour, en périssant, mordre la crosse de leurs fusils. J'ai appelé les fléaux, pour m'étouffer avec le sable, le sang. Le malheur a été mon dieu. Je me suis allongé dans la boue. Je me suis séché à l'air du crime. Et j'ai joué de bons tours à la folie.

Et le printemps m'a apporté l'affreux rire de l'idiot.

Or, tout dernièrement m'étant trouvé sur le point de faire le dernier *couac!* j'ai songé à rechercher la clef du festin ancien, où je reprendrais peut-être appétit.

La charité est cette clef. — Cette inspiration prouve que j'ai rêvé!

« Tu resteras hyène, etc..., » se récrie le démon qui me couronna de si aimables pavots. « Gagne la mort avec tous tes appétits, et ton égoïsme et tous les péchés capitaux. »

Ah! j'en ai trop pris : — Mais, cher Satan, je vous en conjure, une prunelle moins irritée! et en attendant les quelques petites lâchetés en retard, vous qui aimez dans l'écrivain l'absence des facultés descriptives ou instructives, je vous détache ces quelques hideux feuillets de mon carnet de damné.

**خەليل دهۆكى**

# دێ رۆژ هەلێت

ديسان بتنێ !

ئەڤ زيندانە هند دبحۆكن ، دو گرتى بهەڤرا ناچنێ ! هەر ژدهى ئێڤارى ، نە تە خارن خوارىيەو نە ئاڤ بليڤێن تە كەفتىيە . نيڤرۆيە و زيندان گەرمە و دوكێل ژتە دچێت . ئيرۆ تو نە برىيە لێدان وئەشكنجێ ، لێ نيزيك بوويە .

بوو دترسى ؟ ئەڤە نە جارا ئێكىيە كو ، تە ددەنە بەر كارەبى ، سەرنشيڤ دهەلاويسن و قۆ پكێن جگارا لسەر لەشێ تە دڤەمرينن . گشت رەنگێن ئەزيەتێ ، يێن كو تە د بەرێدا ديتين و ژ هەڤالا بهستين ، هێشتا بكار نەئينانە . بيانگێڤە كرن ، هەتا ستوىى دناڤ پيساتىيێدا ، لێ سياربوون و كرێت كرن .

وەهەيە سينا هەر جار تە بدەنە بەر قامچىيا . ئەڤ جارە هەر ژيەكەم قامچىيێ هاوار بكە . تە لبيرە دەمێ بوو جارا يەكێ لتە داين ، تە نەگۆت بوو خاترا " هەوە"ويا " خودێ " ! لەورا پێتر و بهێزتر لتە ددان . هاوار بكە ـ دا دلێ وان هينبيت . ئەو بەختياريا خو دڤێرى و ئاخينكێن خەلكێ بێ گوناهـ دا دبينن . تە هاى ژى هەيە . هندى ڤرين ژتە دهێت ، قامچى سست دبن . وان لتە ددان و تەژى ژدل هاوار دكر .

دەمێ تو هشياربووى ، چ رۆناهى دبن دەرگەهىرا نە دهاتە ژوورا تە ، ژنيكا تە زانى شەڤە . لەشێ تە رەش و شين بوويە ، زێدە ژان دكەت . لێ ديسا تە چ نە گوتبوو . پڕ بدل تە بئاقلێ وان دكرە كەنى . .

ئيرۆ بيست شەڤە ، خەو بچاڤێن تە نەكەفتىيە . وەهەيە بەرى نوكە هەڤالەكێ ئەڤ چەندە ژتەرا گوتبا ، تە باورنەكربا . لێ دێ چەوان دخەوچى ؟! ئەڤ لەمپە بەردەوام هلدبيت و دڤەمريت . نۆبەدار ژى ناهێلن بێهنا خو ڤەدەى . يەك دبێت ڕاوستە ، يێ دى دبێت رۆنە خارى بێناموسى . دەمێ تە دڕێژكرى دبينن ، ژ نشكاڤە ، سەتلەكا ئاڤێ بە تەدا دكەن .

تۆگێژ و شەپرزە و سەوداسەرى . بكۆتەك خو لسەر پێن خۆ دگرى . چاڤێن تە مينا زڤرۆكێ دزڤرن . هەر چەندە ژان و ئێش ، ئاخين و هەوارين گرتىيا و شرِ شرا ئاڤێ مەژيێ تە دهێرن ، لێ دڤێن خۆ ژ بير بكى و بێهنەكێ بنڤى . ئەو دخوازن ، ئەگەريێن دل تەنگى و رۆخاندنا گرتىيا بزانن و بوو وێ چەندێ ژى ، گشت بازەبەرا ( وسيلە ) بكار بينن . لەورا تو ئينايە زيندانا نێزيك سەرشۆشتنا گرتى و نۆبەدارا .

ڕاستە خەوا تە ناهێت و بێهنا تە ژى يا تەنگە . . دڤێ ژوورا بەرتەنگ'دا ـ بۆستەك و چار ديوار ـ كى دكاريت پێن خو درێژكەت ؟! يانژى بێ با ( هەوا ) ، دخەو بچيت ؟! زيندانەكا تەنگ و تارىيە ، كولەكەكا بچوك تێدايە ، ئەو ژى پڕانىيا دەمى گرتىيە ! هەر چەندە تو جاران سەرێ خو سەخمەرەت پێچەكا باى ، ددانىيە بەر بنێ دەرگەهى ، لێ چارەسەركرنا بێهن تەنگى يا تە ناكەت . لەورا نەچار دبى كو لدەرگەهى بدەى و نۆبەدارا دتانا خو بينى . تو دزانى كولەكێ

بو تە ناڤەکەن و ئەگەر ڤەکەن ژی ، دێ چەندین پەیڤێن کرێت و نە ژێهاتی بێژنە تە . لێ تە سوود ژوێ دەلیڤێ وەرگرت ، دا کو مابەینا ڤەکرنا کولەکێ و گوتنا پەیڤێن کرێت ، چەند بێهنێن بایەکێ پاقژتر ژێ زۆری هەلکێشی . وەلێ کا بایێ پاقژ !! تو بخو یێ دبن ئەردی ڤە !!..

* * * *

دەم ژمێر نێزیکی یازدەی شەڤێ بوو. تە مێڤان ژی هەبوون . سەرێ تەژی پیچەکێ گەرم ببوو . بێ پێلاڤ ژمال دەرێخستی . تە ژدەرڤە زانی کو کولان ژ سیخوران گرتی‌یە . هەر چەندە تە ئەگەر و هۆیێن گرتنا خو دزانین ، لێ تە چەندین جارا گوت :"ئەڤە چیە ؟ لسەر ج من دگرن ؟ ".

یەکسەر تو هاڤێتی‌یە دناڤ ترۆمبیلەکا تاری دا . پشتی مالا تە سەر و بن کرین و بەرملەکێ کتێب و کاغەزان دگەل خو ئینانینە دەرێ . دەستێن تە بکەلەپچێ گرێدان . هەتا تو گەهاندی‌یە زیندانێ ، چەندین شەق و پێن لتە دان و چەندین دەرگەه ڤەبوون و هاتنە گرتن .

هەر دشەڤا یەکێ‌دا ، تو بدەرێ کورت بریە دەڤ ئەفسەری ، داکو ڤەکولینێ دگەل تە بکەت . برێڤە چاڤێن تە گرێدان ، داکو وی نەناسی ، لێ تە ژی نەڤێتن خەلکی ژ وی توخمی بناسی .

" تێن مە گرتین " ، وی ژ تەرا گوت . " دبێژن کو بەلاڤوك و نڤیسین یێ ژ تە وەرگرتین . تە چەوان بەلاڤ دکرن و کێ دگەل تە کار دکر ؟ " .

" نە من بەلاڤوك دیتینە و نە ئەز سەرەکانیا وان دزانم ". تە بەرشەق دا .

" ئەم هەمو تشتان دزانین ، لێ مە دڤێت ژ مەرا ئاشکەراکەی " . وی دیسان برەقی ژ تەرا گوت .

" باوربکەن ئەز ج نزانم ". تە بدەنگەکی نزم ڤەگێڕا .

" ئەم دێ زانین چەوان تە بینینە سەر ڕێکا ڕاست و دروست ". بدەنگەکی بلند ژتەرا گوت .

هەر وی ئەفسەری سەر و ملێن تە بهەیزەرانان ڕەش و شین و کرن ، چیکێن خوین و خوهێ تێکەل دبوون و بسەر و چاڤێن تەدا دهاتە خارێ . تو دایە بەر شەق و پێنا ، هەتا گەهاندی‌یە ژورەکا دی . گاڤا پێن تە بناستی‌ڤە گرێدان ، تە زانی دێ تە دەنە بەر ڤەلەقە دانێ . هاوار و ڤیڕیینێن تە زیندان پڕدکرد . ئەو د بەردەوام بوون و تە ژی خو ڕادگرت . دگەل لێدانێ ئەڤ پارچە هەلبەستا " قانع "ی دهاتە بیرا تە .

" بیری ئازادیم لە زیندانا فراوان تر ئەبێ ،
قوڕ بە سەر ئەو دژمنەی هیوای بەبەندیخانەیە !
گرتن و لێدان و کوشتن ، عاملی ئازادی‌یە ،
تۆپ و شەستیر و کەلەپچە لام وەکو ئەفسانەیە .
گەر بە ئازادی نەژیم ، مردن خەلاتە بۆ لەشم ،
نۆکەری سەردانەواندن ، کاری نامەردانەیە ."

* * * *

دیسا بتنێ !

ئەڤ زیندانە هند دبچۆکن ، دو گرتی بهەڤرا ناچنێ ! تە دڤێتن ئەو ناکنێ !

تەنیایی دەردەکی گرانە . تو نزانی لچ جهی‌یی ! چ دەمێ ڕۆژێ یا شەڤێ‌یە ! ئەڤ بێ‌دەنگی‌یە تە دکوژیت . لجەم تە ، لێدان خوشترە ژ بێ دەنگی‌یێ . شەڤێن تە سالن و ڕۆژ بدویماهی نائێن .

ئەو سحارا تو بری‌یە دەڤ ئەفسەری ، دیسا تە ج نەدا دەستێن وی . ئەڤجا فەرمان‌دا کو تە بکەنە دناڤ ئاپرێ دا . تە پڕانی‌یا ڕەنگێن لێدانێ دیتینە ، لێ دهزرا ئاپرێ‌دا هێبەتیمای . " ئەڤ ئاپرە چی‌یە ؟ هۆن بێژن ژ سۆتنا کارەبێ بژان تر بیت ؟! یان ژ تێکوتانا تبلی بئێش تر بیت ! " تە هوسان هزر دبرن و دئینان .

دەلیڤە نەدان بخو زەحمەتێ چێکەی و درێژ هزرێ تێدا بکەی . تو وسان کری‌یە دناڤ ئاپرێ‌دا ، کو لئەدری دزڤری . ئاپرێ تو هەمبێزدکری . نیڤا پشتا تە دکەتە ئەردی . دگەل لێدانا یەك قامچی‌یێ ، چار لایێن لەشێ تە بهەڤرا ژان دکرن . تە هند هاواردکر ، کو تە ژ خو شەرم و فهێتی دکر . جارنا ژی کەنیا تە دهات !

" هەوار ئەڤە ج ئێش و ژانە ؟! ما ئەڤ بی‌نامۆسە نە وەستیان ! هو گشت لاشێ من ددەنە بەر قامچی یا !"

تە گەلەك دکرە ڤیڕی . دا کو سەرێ وان گێژ نەکەی ، پاتەکێ پیس کرنە ددەڤێ تە دا . هەر بێهنەکێ ژی سەتلەکا ئاڤا سار بلەشێ تە دا دکرن .

دەمێ تو ڤەگەراندی‌یە زیندان و تەنیایی‌یێ . ژنوڤە

تە ئەو قامچی‌بین بتە کەتین هەژمارتن . کو هەکە دهەر دەقیقەکێ‌دا - بوێ لەزێ - سیھ قامچی لتە دابن ، ئەو وێ چەندێ دیار دکەت ، کو دەمێ لێدانێ‌دا - کو ژ سیھ دقیقا پێتر ڤەکێشا - نێزیکی نەھ سەد قامحی بتە کەتینە . وەهەیە زێدەتر بن . چنکو گشت ئەندامێن لەشێ تە رەش و شین ببوون . لەورا نهو ژی هەکە گوھ لناڤێ " تایرێ " دبێ ، چاڤێن تە دزڤرن و بیێهنا تە تەنگ دبیت .

هەر چەندە ژانا لەشێ تە سست بوویە ، لێ چوونا تە بوو دەست ئاڤی ژی ، گوڤەندەکا ئەزیەت و لێدانێ‌یە. هەر ژ بەر دەرگەهێ زیندانێ و هەتا دگەهیە جهێ مەبەستێ ، چەندین قامچی ، شەق و پێن لەشێ تە دگەزن . پڕ جاران تو ناخازی بچییە دەست ئاڤێ . ئای پا تف و شەق و قامچی بتە کەتینە .. نا ئێنە هژمارتن ..

دەمێ تو ژوێ زیندانێ ڤەگوهازتیە ڤی نەمازە ئەڤ هەڤالە تێدا . گەلەك کەیفا تە هات . یا ژتەڤە دڤێن تە ژ تەنیایی بێ رزگارکەن ! لێ پاشان تە زانی ، کو زیندان پڕ بووینە و جو بەرتەنگ بوویە . لەورا چار گرتی‌یا دکەنە دزیندانەکا هوسان بچوك‌دا . هینگێ نەکەی دکارێت پێن خو درێژکەت و نەکەس دشێت بنڤیت . بەلکو دڤێت بەردەوام یێ رونشتی بیت یان ژی ژبیاڤە ڕاوستیت . بڤی رەنگی تو هەول ددی بنڤی ! لێ کانێ خەو ؟!

ڤێ شەڤێ " عاصم "ی تو ژ تەنیایێ رزگارکری و بیێهنا تە بێ‌هات . لێ پێتر برینێن تە ئاراندن و نەخوشی لتە زێدەکرن . تو دزانی کو پرانی‌یا زیندانێن ڤی وەلاتێ پڕ درندە و هوڤ ، دپڕن ژ خەلکێ نیشتمان پەروەر و پێشڤەروبێن ملەتێن دی ژی ، لەورا تو دوزا وان ژی بیا خو دزانی . تو وسان هزر دکەی کو کەس ژتە خوراگرتی و قەهرەمان تر نینە ، لێ بەرامبەر هەڤال " عاصم "ی تو بوویە گرتی‌یەکی ئاسایی . روژا ئەو هاتی‌یە گرتن ، ئەو دەھ روژ بوو ژن ئینای . نەهێلان بهەڤرا شاد و بەختەوەر ببن . ئەڤە سەرێ هەفت سالایە دزیندانێ‌ڤە . هەفت سالێن پڕ ڕاگرتن و قەهرەمانی . پڕ ورە و سەر بلندی . بدیتنا ڤی هەڤالێ ئەرەب ، باوەریێن تە بدوزا ملەتێ تە و بیروباوەرێن کرێکار و جوتیارا موکم تر بوون . تو دزانی هەکە مروڤ خودان هزر و بیرێن راستەڤینە بیت و هشیاربوونا سیاسی هەبیت ، دکاریت خو لبەر گشت رەنگێن ستەم و زلمێ ڕاگریت . هەفت سالە ، هێشتا لبەر ڤەکولینێ‌یە - ڕاستە تو ژی گەلەك ئەزیەت دای و هێشتا مایە و نەشیانە پەیڤێن خوراگرتنێ لجەم تە بکوژن . لێ بدیتنا ڤی هەڤالی ، تو پێتر بەرەف لوتکا سەرفەرازی‌یێ چووی . ڕاستە توژی مروڤەکی بلندی و تە خو نە چەماندی‌یە ، لێ ڤی هەڤالی پێتر شەنگستێن خەباتێ داهێلانە ناڤ مەژی و کیراتی‌یا دلێ تە . لەورا تەواندن و ڕوخاندنا تە نینەو نابیت.

ڕاستە هزرا تە هەر لسەر خو ڕاگرتن و قوربانی‌یێ‌یە ، لێ ژبیر نەکە کو ، جارەکێ ئەفسەری ژ تەرا گوتبوو : " ئەگەر ڕاستی‌یێ نە بێژی ، دێ ژن و زاروکێن تە کرێت کەین ؟! " . دڤێتن هزرەکێ دڤێ مەسەلا گرنگ‌دا بکەی . تو بێژی کارەکێ وسان بکەن ؟! کچێن تە ژی دجوان و پێگەهیشتینە . باشە ئەگەر لبەر چاڤێن تە کرێت کرن ، دێ هەلویستا تە چ بیت؟! تو دزانی هەتا نهو هەر چ ژوان هاتی‌یە ئەنجام‌داینە. ئەڤ چەندە ژی لجەم وان ، نە کارەکێ نوی‌یە . ڕاستە نە کارینە تە بچەمینن و بگەهنە مەبەستێن خو ، لێ دڤێتن ژوان را بپەیڤی ، یان ژی وێ گوڤەندا دگێرن ببینی . ئەگەر خو بچەمینی ، دێ بەرپەرێن رەش بو تە ئێنە نڤیسین و زاروکێن تە ژی نکارن سەرێن خو لبەر هەڤال و هوگرا ڕاکن ، ئانکو دێ تە بساخی ڤەشێرین . ئەگەر نە ئەڤە دڤێتن مەسەلا دی بسینگەکی بەرفرە وەرگری . تو دزانی کو ، هەزاران ژن ، کچ و دایکێن خەلکێ شورەشگێر بوی رەنگی هاتینە کرێت کرن ، فاشیست و داگیرکەر هەمی کارێن نە مروڤانە ئەنجام ددەن . هەزاران سالە خەلکێ بێ گوناھ توشی ڤان کاران دبن . هەر ژ سەرخورابوونا سپارتاکوسی‌و هەتا دگەهیتە شورشێن ڤیەتنامێ ، فەلەستینێ ، ئافریقیا ، ئەمریکا لاتینی و شورەشا ملەتێ تە ژی دگریت ، شەرەف و نامۆسا خەلکێ شورەشگێر یەکە . جا ژ هەر قولاچ و لایەکێ ڤی جیهانێ بێت . لێ پێدڤی‌یە خو ژ بو ڤی چەندی ژی ئامادەکەی ..

• • • •

روژا تو گرتی ، گرانی‌یا تە دگەهشتە هەشتێ کیلویا ، لێ نهو تو وسان هزر دکەی کو چل کیلو یی . باشە یێ رێك و پێك بی !! تلێ تە ژی نەمایە و بیێهنا تە باشتر دئێت و دچیت . ئەڤە وی چەندێ ناگەهینیت

کو ، تەندروستی‌یا تە یا باشە ، لێ چنکو تو ژ تەنیایێ رزگاربووی و گەهشتی‌یە دەڤ ڤان هەڤالا ، بێهنا تە هاتی‌یە و سەرێ تە ژی تەنابوویە . هەر چەندە ژۆرەکا تەنگ و تاری‌یە . هەشتێ و چار کەس هەشاندینە تێدا . هەر یەك بو دەمەکی کورت دکاریت بنڤیت ـ خەو ژی بدورە ـ لێ دلێ تە پڕ خوشە . دناڤ وان زیندانێن تەنگ و تاری‌دا ،دوی دەمی‌دا ، بتنێ شەڤەکێ تو دگەل " عاصم "ی بووی . لەورا بێ تەرزی بیت ، لجەم تە ئەڤ ژۆرە بەهەشتە ! دکاری دگەل هەڤالان باخڤی ، یاری و حەنەکا بکەی . رۆدانێن سالا بوری ڤەگێڕی . کەیفا تە گەلەك هاتی‌یە . پشتی سالەکێ وەهەیە رهێن خو کورت کەی و سەر و جلکێن خو ژی بشوی !!!

هاڤینان گەرمە .. زڤستانان سارە ..

گرتی‌یا ڤێری و نالین و هەوارە ..

سیبە و کێچا لەشێن وە یێن کرینە کولك و ئاڤاهی. دڤێت بەرهنگاری ڤی لەشکەرێ بێ ویژدان بین. دڤێت بەرەڤانی‌یێ ژخو بکەن . نەمازە وە تاقەت و شیان‌هەنە!

بریارەکا پڕ باشە وە دای کو ، دهەر رۆژێ‌دا ، هەر یەك ژ بیستا پێتر بکوژێت . هند دکوژن خلاسنابن . خەرزێ کولی‌یە ! لێ دێ چەوا ژناڤ چن ؟! هەر گرتی‌یەك چەندین هەیڤە یان سالە دناڤ زیندانێن پیس و گەنی‌دا . بسالان بە تەنی و جاجم نائێنە شوشتن ! هەر چەندە هند نانی و ئاڤێ نادەن کو گرتی پیساتی بێ بکەن ، لێ چەندین جارا دمینە زیندانێن خو . تە لبیرە ، چاردە رۆژا تە پیساتی نەکر . هند خارن ددان ، دا کو نەمری ، لێ ئەو ژی ددفنا تە دا دئینان .

کێلۆ و نیڤا برنجی بو هەشتێ و چار کەسا دنێرن! هەتا گرتی دئینیت . پاریێ خارنێ دبیتە ژەهر. لێ بێ نەچارە بچیت و بینیت و بخوت .

دەمێ ناڤێ تە خاندین . ژتەرا گوتن :

" خو ئامادەکە و تە چ هەیە بێژە ، بریارە تە بسیدارێ ڤە بکەن .." تو ترسی‌یا بی ، تە گەلەك‌هزر ئینان و برن . لێ لدیماهی بێ تە گوتی :" گرنگی‌یا ڤی ژیانی ئەوە کو ، مرۆڤ دەست نیشانا ئارمانجێن پیرۆز بکەت و بوو بژیت ، نە کو ئەوە مرۆڤ چەند و چەوا بژیت ". لەورا تە کارێ خو کر و سەربلند بەر بجهێ سێدارەێ چووی . وان ژی کارێن خو بدیماهی ئینان و وەریس ئێخستنە ستوێ تە ژی . لێ دیسان گوتن : " تە چ هەیە بێژە ، نهو ژی تو باخڤی و بدروستی بەرسڤا پسیارێن مە بدەی ، ئەم دکارین تە لسیدارێ نە دەین .." تەهەر هند ژوان را ڤەگێرا :

" ئەز مرۆڤەکی بێ گونەهم . هەر چ لجەم من هەبوویە ، من ژوەرا گوتی‌یە ، هیڤیا من ئەوە من بەردەن ."

دیسان تو بشەق و پێن ئینایە خارێ و ژڤراندی‌یە ڤە زیندانێ . گاڤا ڤێ جارێ ناڤێ تە خاندین . دیسان تو ترسی‌یای . چنکو دەمێ ناڤێن گرتی‌یا دڤێ زیندانێ ڤە دخاندن ، دچوون و نە دهاتنەڤە. کەسێ نەدزانی بن ئاخ دبن ، یان دئێنە بەردان . تو شەپرزە بووی . دل تەنگ بووی . لێ هەڤالا دلێ تە خوش کر و وەریێن تە بلند کرن . پشتی بێهنەکێ تە زانی تە بەنە دادگایێ ..

هەتا نهو چ بەلگە لسەر نینن ، لەورا تو بخو دبێژی : " وە دیارە نە کارینە من گونەهبار بکەن. ئەڤ دو سال زێدەترە ئەز لێرە مەزنترین ئەشکەنجە و لێدانێ. ئەڤ دەمێ ئەز دزیندانێ ڤە ژی پێ زێدەبوو. دڤیا ئەز بەردابام .."

لێ نهو ژی چ ژێ نەچوویە . مەزنا گوتی‌یە : تەنگاڤێ دکورتن " . هەر چەندە تو بێ لاواز و بێ چارە بووی . لێ دەمێ سەربەست دبی ، زارۆکێن خو همبێز دکەی . دەستێن خو دستوییێ دەیکا "لۆلاڤێ" دئالینی . تێر خارن دخوی . بشیرێ شێرا ژی خو مەست دکەی ، بڤێ چەندێ دی هشێن تە ئێنە سەرێ تە و ساخ لەم بیبیەڤە . نە کو تە خو بتنێ دڤێت یان ژی دێ ڤێ ژیانێ هەلبژێری . نەخێر تە چ جارا نە گوتی‌یە : " بەهەشتا ئەز دناڤ دا نەبن ، بلا کەر و کۆلك دناڤ دا بچەرن ." بەلکو تو وسان هزر دکەی کو ( ئەگەر مرۆڤ سەربەستی‌یا خو بکەتە ئارمانج و خەباتێ بو بکەت ، دڤێت بو سەربەستی‌یا خەلکێ دی ژی بزاڤ و خەباتی بکەی ) . هەر ژبەر هندێ تو پڕ بیاوەری چوویە دناڤ ریزێن ڕێکخستنێ دا و تە خەباتەکا گەرم و بەردەوام دژی هوکومەتا فاشیست کر. دیسان تو گەهشتبوویە وێ باوەریێ کو ، دۆزا مللەتێ‌تە بەس بتڤەنگێ بتنێ نائێنە چارەسەرکرن . چنکو هەتا نهو مللەتێ تە هەر ژ لایێ سیاسەتێ‌ڤە شکەستی‌یە . دەهان شکەستنێن لەشکەری نابنە ئەگەرا تێك چوونا

شۆرەشێ ، لێ یەك شكەستنا سیاسی ، دبیتە ئەگەرا ژناف چوونا وێ . دیسان هەر چ سەرخوڕابوون و شۆرەشێن بەرێ هەنە و هەتا دگەهیتە سالا ١٩٧٥ ێ هەر ژلایێ سیاسیڤە شكەستن و ڕۆدانێن وان نائێنە ژبیر كرن . ژبەر ڤێ چەندێ ، دڤێتن پێتر پیتەی بمەسەلێن فكری و سیاسی بكەن . چنكو ( مەسەلێن لەشكەری ، بازەبەرن بو جێبجێكرنا ئارمانجێن سیاسی ) ، لەورا بیر و باوەرێن ڕاستەقینە ، سەرەكانیەكا پاقژ و بژوین ، سیاسەتەكا ڕاست و دروست ، ئەفەندێ ژی پشتەڤانیێ لێ بكەت .و.و. دێ شۆرەشێ بەر بقوناخێن پێشكەفتی و دیماهیێ بەن . تو دزانی كو ( دهەمی شۆرەشادا خەلەتی هەنە ، لێ گرنگ ئەوە ، كێمترین خەلەتی بێنە كرن و بزۆترین دەم بێنە چارەسەركرن ) . نە خو مینا سكرێ ئاڤێ ، ئەگەر جهێن پەقی نە ئێنە گرتن ، دێ ددەمەكێ كورت دا ، سكر ژبن چیت و هەرفیت . هینكێ هەر چ تشتێ دكەڤیتە بەر سینگێ ئاڤێ ، دێ دەتە بەر خو بەت و بێ سەر و شۆن كەت.

تە دیت و تە لبیرە ، پشتی هەرفاندنا شۆرەشا ئەیلۆلا سالا ١٩٧٥ێ ، چ هاتە سەرێ هەژار و زەحمەتكێشان ! هكومەتا هۆڤ و دڕندە هەزاران گوند وێران كرن . ڕەز و باخچە شەوتاندن . سەدان هەزار خەلكێ بێ گونەهـ دەربەدەركرن و ڤەگوهازتنە دەڤەرێن بیانی . بوێ مەبەستێ كو مللەتێ كورد دناڤ خودا بحەلینن . بهەمی تاقەت و شیيانێن خو هێرش دبرە سەر خەلكێ و پیسترین كارێن نە مرۆڤانە ئەنجام ددان. ڕاستە گەلەك بێ نەچوو ، خەلكێ شۆرەشگێڕ و پڕ باوەر ، هەمی پیلان و نەخشێن دژمنان تێك شكاندن و خەتیرە لشاخ و داخێن كوردستانێ هەلكرن . هندی ستەم دهاتە كرن . پێشمەرگەی پێتر خو ڕادگرت و بەر پێشڤە دچو . لێ سەد مخابن ، ئەری سەد مخابن ، پشتی چەندین سالا ژ خەبات و شەهید و قوربانییا ، دیسان خەلەتی یێ سەرێن خو هلددن و نائێنە چارەسەركرن . دژمن ژی زیرەكانە خەفك و داڤێن خو ڤەددن و نێچیرێن خو ژی دكەن . لێ دگەل گشت تەنگاڤی و كوسپ و ئاستەنگا ژی ، تو دزانی كو ، مللەتێ تە دۆزەكا ئادلانە هەیە و پاشەرۆژا گەشی هەر بوو وی‌یە ..

دناڤ هۆلێدا گرتژی و تە بیهنەكا درێژ هەلكێشا . تە ژدل تەماشای گشت خەلكێ كر . لێ نە تە كەس ناسكر و نە كەسێ ئاور لتەدا . تو یێ پشت ڕاستی كو ، دێ بریارەك دبەرژەوەندی‌یا تە دا ئێتە دان .

پشتی دان و ستاندنێ و دوبارەكرنا پسیارو پەیڤێن بەرێ ، چەندین گونەهـ بو تە پەیداكرن و لدیماهی یێ دادگەری بدەنگەكی بلند گوتی :

" ژبەر كو تە بەلاڤۆك و نڤیسین بەلاڤ كرینە !! تە خەلك پالڤەدایە كارێن خراپ دژی هكومەتا نشتمانی بكەن !! تە گێلەشۆك و گرفتاری لباژێری پەیداكرینە !! ئەڤ دادگایا " ئادلانە !" گەهشتە وی باوەریێ كو ، كارێن تە ئەنجام داین ، دژی یاسایێن دەولەتێ نە!! و بریار هاتە دان كو " تو " بیست سالا بكارێن گران ڤە بێیە زیندان كرن !!!".

تو ڤەجنقی و خوهەكا هیر گرتی . تە بهەمی هێزا خو هاوار كر :

" ئەڤە هۆڤایەتی‌یە .. زولم و ستەمكاری‌یە .. ئەڤە ...." لێ نە كەسی گوهداری‌یا ڤسێن تە كر و نە نۆبەدارا دەلیڤە دان پەیڤێن خو بدیماهی بینی ...

- ١٩٨٦ -

## ئارام کاکەی فەلاح

# وەرزی پێنجەم

چۆنم لێ کەوت .. لە کوێ سەیرە !

تەنها ئەوەندە دەزانم کە دونیا شەو بوو.. گەواڵەی هەورە ڕەشەکان بلۆقیان دابوو لە ئەستێرەکان. بارانێکی زۆر تورە هەر لە فرمێسکی خوا دەچوو .. منیش بوکـــە بە بارانێ لە ژێریدا و بوونم نابەجێ .. گیرفانەکانـــی پالتۆکەم ببونە مەشکە. بارێزە نەبوو ئاگر بوو .. ئـەوە چی بوو ؟ بروسکە و هالاوی فریشتەکان بوون بەسیمای ئەم سروشتە .. بونە سۆما .. بونە خەونێکی لاســاری دەم ڕەشەبا. منیش فوول بووم بە مەی .. بە وەڕسی .. بە غوربەتی .. بۆ ئاواتیش چەند تینو بووم لێـــم دەڕژا. بەکپی .. بەهێواشی دارەدارە دەڕۆیشتـــم مەست هەنگاو .. لەژێر ئەو بارانەدا سوتام و هەســتم لەرزی .. چاوم لە گەڕۆکی خۆی کەوت .. دڵیشـــم سەرلێو لە پەستی و لە خامۆشی .

پاڵیان پێوە نام یاخود قاچم لە بەردێك کەوت گلام .. ئاخ نازانم ! تەنها ئەوەندەم لە یادە کە دونیـــا شەو بوو .. شوێن چۆڵ بوو چوڵ .. کیشوەرێك بـــوو لە بێدەنگی و هیچ دیارنەبوو. ئەوە فرمێسکی چـــاوان بوو لە لانە هاتە دەرەوە یان پێڵوم بوو هەڵاوساو بوو ؟ گەر خۆشم ون بکەم گەڵا زەردەکان ون ناکەم .. بـــەو شەوە .. بەو تاریکیە هەر زەرد بوون .. هەر لاواز.. کە بارانەکە بەسەریاندا ملی لار دەکردەوە ئەوانیش لار دەبونـەوە .. ئەوە من بۆ وا حەپەساو تێم دەڕوانین ؟ چیم دەویست چی ؟ خشەخشیان هەر لە خشە پـــێی مەرگ دەچوو ترسناك .. منیش بۆنم بوە خورپە. خۆشم دەوێت ، بەڵام جێم هێشت .. من کۆچم کرد و ئەویش کۆچ .. جێم هێشت و چاوانی لەبیر ناکەم .. ئـــەو چاوانەی لە شەو دەچون .. لە تەمەنم .

ئای کە جوان و تەماوییە .. سیمای سروشتـــــی گرتۆتە خۆ .. پەلکە زێڕینە لە بەردەمیا شەم دەکات .. چاو دادەخات .. ئەم ڕادەوەستێ ئەویش بە لایـــدا گوزەر دەکات. چاوە ڕەشەکانی دوو زەیتونن .. دوو زەیتونی سەر ئاو کەوتون .. دوو زریانن بۆم ڕاساون.

ـ جێم مەهێڵە .

دوا ووتەی بوو .. دوا نوزە و هەناسە .. کـــە ئاورم لێدایەوە لە دلۆپێك فرمێسك دەچوو . گەرامـــەوە ماچم کرد. بۆنم کرد .. هەر لە بۆنی بڕ ئەفسوونی زەویەکی پاش نەرمە بارانێك دەچوو .. ئەوە چی بوو ؟ جێم هێشت .. کە جێم هێشت خواوەندەکان لەگـــەڵ یەکدا ئاشت بونەوە و پێکەوە سرودیان چڕی.. ئاسمان لەرزی .. هەناسەم گەڕو تێ‌ی‌دا و دڵم مەنگی. ڕۆیشتـم و ئاوم دایە بەر تاریکی .. بەرەو مەڵبەندێکی تەلیسماوی .. زۆر سەیراوی . کە جێم هێشت گەردون تەسك‌بوەوەو مانایەکی دی بەخۆی بەخشی . گەیشتمە شوێنێك لەخەم دەچوو .. لە تارمایی و ژان .. دارستان بوو یـــان بیابان !! بەردەلان بوو یان تەختایی !! دڵی مـــن بوو یان سەوزایی !! ئەوە چی بوو ؟ سەرەتام بوو یان کۆتایی !! ئەویش دیارنیە ئاخ .

لەو ڕۆژەوەی چاوانی ئەوم لێ ونە .. خەونەکانـــم ڕەنگیان زەرد و تارمایی ڕۆحیان کون کونە .. کە لـــە خەو ڕادەپەڕم هەست بە شەکەتی گیانم دەکەم ..وەك ئاوی گەرمم بەسەردا بکەن هەست بە سوتانم دەکەم ..

دەستەکانم دەلەرزێن و هێشوی هیچ شتێك ناگرن .. دلّم رەنگێ شین و پەستە .. دەرونم دەلێی کوّلانەکانی (مەلکەندی) بە ئالوّز و تەسکە .. نایدوّزمەوە .

خوّشم دەوێت .. (جێم مەهێلە) .. دوا ووتەی بوو .. دوا نوزە و هەناسە . هێندە ئامەزروّیم هەر خوریم دێت .. هەر لێم دەرژێت . گەر بوّ لای بگەرێمەوە کەی نازانم ! هەلە گەورەکەی ( ئورفیوو ) ناکەم .. سەیری ئەم لا و دواوە ناکەم .. بوّ ئەوەی وتی نەکەم .. گەر بیدوّزمەوە ئیتر بوّ خوّم سەوز دەبمەوەو گەلا دەکەم .. لەبەردەمیدا بە چوکدا دێم .. سەیری چاوانی دەکەم .. ئەو چاوانەی وەك دوو تریّ رەشکە وا بوون .. توّ بلێی هەروا مابن .. وەك شەو وا بن .

دلّنیام من هەر بەردەکەی سەر رێگاکەم تەفرەی لێ دام .. کەوتم گلام .. رابووم هەستام .. دەم و چاو رەش .. جل قوراوی .. باراناوی لەش .

روّیشتم وەك بوّ مەرگی خوّم بگەرێم دەمەنگاوتم .. دورکەوتمەوە .. دورتر .. دورتر .. لیژمەی بارانەکەش بەبێ وچان زیادی دەکرد .. گەلاّکانیش رقی دەرون دایگرتبون هەر دەبارین .. خەریکی مەلەکردن بوون .

ـ بوّ هاتیە ئێرە ؟ هاتوم لێرە بژیم .
ـ کوا شوناسنامەکەت ؟ لێم کەوت .
ـ چوّنت لێ کەوت ؟

باسی ئەو شەوەم بوّ کرد .. چون لای ئەو هاتمەدەرەوە .. چوّن بەجێم هێشت .. باسی بارانەکە .. کەوتنەکە .. باسی ئەوەی چوّن ئەو شەوە یەکەمجار بوو قەقنەس باری .. گەلاّ و فریشتەش هەناسەیان تێکەلاّوکرد دەست لە ملان . پێکەنینیان پێم هات . کرێکاری دەکەیت ؟

خوّشم دەوێت .. ( جێم مەهێلە ) .. دواووتەی بوو .. دوا چرکە .. دونیا شەو بوو .. یەلدا بوو یاخود دەیجور بوو .. منیش هەناسەم ئارەقاوی .. هەلاّوی ژان زوّری بوّ هێنابووم .. شەپوّل بووم ملم دەنا .. لرفەم دەکرد رانەوەستام .. کە ئاورم لێ دایەوە وەخت بوو ببمە خوّلەمێش .. ئەویش نەمامێکی چاو رەش .. برژانگ یەپولە و خەم کەش . ( بگەرە شوناسنامەی نوێت لێ پیروّز بێت ) .

من دلّنیام هەر لەو شوێنەدا لێم کەوت کە لە گەروی مەرگ دەچوو .. پالّێك و لاشەم هەر لە نسێی قور دەچوو . هەستامەوە و وەرزەکانی سالّ لە خواوەندەکان یاخی بوون .. وەرزی پێنجەم لەدایك بوو . وەرزی پێنجەم لە وەرزەکانی دی هەناسەی درێژترە .. تورەترە .. ئەوان چەشنی شەپوّل دێن و دەچن ، ئەمیش زیخە و قاچ گیرکەر .. ئەوان شەکەت و ماندون ، ئەم داگیرکەر .. ئەوان شەرمن چەشنی شەمالّ ، ئەمیش بوّ خوّی خاوەن مالّ .

شوناسنامەم وەرگرت و پارچەپارچەبووم .. بەدونیادا وەك تەپ و توّز بلاّوبومەوە .. چوّنت دەوێت .. چوّنت بێ خوّشە من ئەوەم .. ژورەکەم هێندە گەورەیە هەر لە دلّی خوا دەچێت .. پەنجەرەکانیش هەر لە چاوی مێروله . هەندێ جار وا دێ بەسەرما نەختێکی ماوە گر بگرم .. هەناسەم چەشنی بورکان و چاوی موّمی سەر مێزەکەشم هەلقرچاو .. هەستم ئاگە .. دلّم خوێناو .

چوّنت دەوێت .. چوّنت بێ خوّشە من ئەوەم .. ژوورەکەشم زوّر گەورەیە .. وەرە گیانە جێگەی توّ هەر دەبێتەوە .. کاتیش زوّرە .. با دوو (پێك) یش بە خوّشی ئەو چاوە رەشانە بخوّینەوە .

ـ بەیانی دێیتە لام ؟

ـ لیّم ببورە لەوانەیە نەتوانم ، خوّپیشاندانێکمان هەیە دەبێ بەشدار بم ، گەر نەچم ئابرووم دەچێ .

ـ سەیرە ! خوّ جاری پێشو نەچوی ، پێکەوە کاتێکی خوّشمان بەسەر برد .. بیرتە بە تەلەفوّن پێت گوتن کە نەخوّشی .

خوّشم دەوێت .. (جێم مەهێلە) .. دوا وزەی بوو .. دوا چرپە .. وەلاّمم بوّ نەدرایەوە .. گەروم بوە تراویلکە .. کە ئاورم لێدایەوە چاوانی ئەو دوو ئینجانە بوون پر لە شەو . سەراسیمە گەرامەوە بەردەمی تێی رامام .. جا ماچم کرد و بوّنم کرد .. پەنجەکانم لەناو پرچیدا نوقم کرد .

باسی ئەو شەوەم بوّ کردن .. باسی سەمای لافاوەکە .. باسی ئەوەی چوّن کە بەجێم هێشت بالاّم کورت بوەوە .. هەستم خاو بوەوە .. کە جێم هێشت خواوەندەکان لەگەلّ یەکدا ئاشت بونەوە .. ئاسمان درزی برد و نەوی .. وەرزێکی نوێ لەدایك بوو .. نهێنی لێوی خوّی گەزی .

خوّشم دەوێت .. (جێم مەهێلە) .. دوا هالاّوی بوو .. دوا نزاوچرپە .. دوا هەناسە و دوا پرسە.
تشرینی یەکەمی ۱۹۹۰

**ئەلیف تێکیناى**

وەرگێڕانی لە ئەڵمانی‌یەوە

**ئەنوەر محەمەد**

# " عەلی شتێرن " (١)

ئەو کاتەی سواری " ئوبان " ە(٢) پڕ لە خەڵکەکە بووم و دەمویست هەرچۆن و لە هەر کوێی بێت خۆم ڕابگرم یەکێك هاواریکرد :

ـ " خانمی مامۆستا ، مامۆستاکەم . . ! " .

سەرنج دەدەم ، لاوێك دەبینم کە بە ڕووخۆشیەوە بۆم پێدەکەنێ .

ـ " دەبێ بیناسم . . ئاشنا دێتە پێش چاوان " .

" ئوبان " ەکە خۆی بە تونێلە تاریکەکەدا کرد و ڕووخسارەکان شێوان ! . ئەم ڕووخسارە دۆستانەیە پێدەکەنێ . . چاوە ڕەشە شەوئاساییەکانی وەك جاران نا بریسکێنەوە و سوور هەڵگەڕاون .

ـ " خۆ ئەمە ـ عەلی ـ ە ، عەلی شتێرن ! . . . " .

دەکەومە بیرەوە . . نا؛ . . وەها نیە ، شتی وەها نابێ ! ، " عەلی " لاوێکی هۆگر بە بەزم بوو ، دڵخۆش و بزێو و کەیفساز . بەڵام ئەم لاوەی سڵاوم لێ دەکات زۆر لە " عەلی " بەساڵاچووترە ، ڕووخسارێکی جیدی و پڕ لە هەستی لێپرسراوی . " عەلی " قوتابیەك بوو کە فێری زمانی دەبوو ، بەڵام ئەم لاوە کرێکارە ، بەدلەیەکی شینی لەبەردایە و شتێکیشی پێیە ! ، کە وابزانم " دڕێل " ی کونکردنە .

ـ ئەوە چیە . . ؟ !

ـ ئەمە کونکەرەیە . . .

ـ " دڕێل "ە . . ! ئەی چۆن کاردەکات . . ؟ !

ـ بە هەردوو دەستەکانت توند بیگرە ، پلاکەکە بە کونی کارەباکەدا بکە . . ! " دورووك ! " لەو دوگمەیە بکە . . .

ـ " عەلی " ، " دورووك ! " نا ، بەڵکو " دڕوك "١ (٣) . .

" عەلی " بەدوامدا " دڕوك " دەڵێتەوە . ئەو سەردەمەی " عەلی " خولی سیمیناری زمان فێربوونی دەکرد ، نەی دەزانی " دڕێل " چیە ، کەچی ئێستە بە دەستیەوە دەگرێ و لەنێو ئەو خەڵکەدا توند بە سنگیەوە دەنووسێنێ . .

لە بلندگۆکانەوە دەنگی لێخوڕی " ئوبان " ەکە دەبیسترێ :

ـ " وێستگەی داهاتوو ، مەیدانی ـ ماریان ـ ە ، تکایە لە سەکۆی نێوەڕاست دابەزن " .

" عەلی " بەسەرسوڕمانەوە پرسی :

ـ مامۆستاکەم نامناسیتەوە ؟ !

ـ ئاخ ، ئەها ، ئێستە دەتناسمەوە . تۆ "عەلی"ت، بەڵام تۆ ، تۆ ، نازانم چی بڵێم . . . تۆ وا گۆڕاویت.. کەچی خۆ ماوەیەکی زۆر بەسەر سیمیناری زمانی ئەڵمانیدا تێنەپەڕیووە ، کەی بوو ؟ !

ـ پێش ساڵێك مامۆستاکەم ، هاوینی ڕابردوو بوو...

ـ ئەها ، وایە . . عەلی . .

ـ من خێرا تۆم ناسیەوە ، تۆ هیچ نەگۆڕدراویت .

" عەلی " بە ئەڵمانی قسەم لەگەڵ دەکات ، تا رادەیەك بەشێوەیەکی باش ، زمان پاراو ، مافی خۆیەتی

به ئەڵمانی لەگەڵمدا بدوێت . لەفێربوونی زماندا ، هەر به ئەڵمانی لەگەڵیدا دەدوام . ئەوەیش دەستوور بوو ، کە لەگەڵ خوێندکارە نوێکانیشدا هەر وەها دەکەم . بەڵام ئێستە ، وا لەمێژە سیمناری فێربوون بۆ " عەلی " کۆتایی هاتووە ، بۆیە هیچ هۆیەك نیە کە بەم زمانە لەگەڵیدا بدوێم . بۆیە هەوڵ دەدەم بە زمانی دایکیمان قسەی لەگەڵدا بکەم . بەلامەوە شتێکی ناسروشتیە کە دوو تورك پێکەوە بە ئەڵمانی بپەیڤن . بەڵام عەلی ئینکارە و خۆی بەدەستەوە نادات !. پرسیارەکانی من بەتورکی لێ ی دەکەم ، بە ئەڵمانی وەلامیان دەداتەوە . لێم پرسی :

- زمانی دایکیت لەبیرکردووە . . ؟!

بە شلەژاوی پێکەنی و ددانە زەردە نیکۆتیناویەکانی دەرکەوتن ، " کە زووتر جگەرەشی نەدەکێشا " ، کەوتە ورتە ورت .

- نا ، نەخێر ، لەبیرم نەچۆتەوە ، بەڵام گەلێك جاران ووشەی تورکیم بۆ نایەت ، لەگەڵ ئەوەیش دا من وای بەباش دەزانم و پێویستە ، مرۆڤ بەزمانی ئەو وڵاتە قسەبکات کە تێیدا دەژی .

" عەلی " جارانیش بۆچوونی وا بوو ، کە دەکاری خۆی بگونجێنێ و تێکەڵ بکات ، رق لە بیانی ئەوی نیگەران دەکرد ، هەرگیز جنێوی بە خەڵکی ئەم وڵاتە نەدەدا و دەی گوت ! ئێرە وڵاتی ئەوانە ، دەشیگوت ، مرۆڤ دەبێ بەپێ ی بڕیارەکانی ئەمان بەرێوە بچێ ! . وا بزانم ئاشتیخوازترین خوێندکارێك کە هەم بوو " عەلی " بوو .

- " عەلی " ، ئێستە چیدەکەیت ؟!
- کرێکارم . . !
- هێشتا ئێرەت بە دڵە . . ؟
- ئەها . . !
- بانی لە رابردوودا و ، لە سیمیناری زمان فێربووندا خۆشتر بوو . . ؟!

ئەو کاتەی سیمیناری زمان دەستی پێکرد ، چەند هەفتەیەك بوو " عەلی " هاتبووە ئەڵمانیا و یەك ووشەی ئەڵمانی نەدەزانی . . ئەمیش وەك کەسانی دی ، هیچی تری لە مێشکدا نەبوو ئەوە نەبێ ، زوو ببێتە کرێکاری میوان . بونە کرێکاری میوانیش ، دوای ئەوەی کە کارەکانی وەك ڕووخسەتی مانەوە و ڕووخسەتی کارکردن جێ‌بەجێ ببێ . کورێکی گەنجی جێ‌هەنگاوهەڵگری باب!.

کاتی خۆی " عەلی " تەمەنی حەڤدە ساڵان بوو . سیمیناری تازەی زمانمان بە دوو گرو بەش کرد . دەست پێکەر بە هەندێك ئەڵمانی زانینەوەوە دەست پێکەری پلەی سفری ئەڵمانی نەزان ، کە من وەك هەمیشە گروی دووەمم بەرکەوت . جارجارە قەلس دەبووم و بێزار ، کە لەگەڵ هەموو سیمینارێکدا دەبێ لە ئادەم و حەواوە و لەسەرەتاوە دەست پێ‌بکەمەوە . ئەلف و بێ ی ئەڵمانی ، چۆنێتی زارگوتن و خۆراهێنان بە نووسین . هەرچیەك بێ من تورکم ، بۆیە بەرێوەبەرایەتیش وەها بیری لێ دەکاتەوە و بەلایەوە باشترە ، کەمن ڕێزمانی قورسی ئەڵمانی بۆ هاووڵاتیە ئەڵمانی نەزانەکانم ڕاڤە و بلێمەوە . . گوایە ئەم ئەرکە من بەچاکتر هەلدەسورێ ، هەتا بە هاوکارە ئەڵمانیەکان . مانگی پێنج و شەش و حەوت و نیوەی هەشتیش ، واتە سێ مانگ و نیو ڕۆژ بە ڕۆژ و ، لە کۆتایی هەفتەکانیش دا ئاهەنگ و کۆبونەوەی کولتوریمان هەبوو . هاوینی " میونشن گەرم ، بەڵام تەڕ و باراویش ، سارد و هاکەزایی . . . هەر ڕۆژەی هەندێك ڕێزمانی ئەڵمانی و لە کۆتایی هەفتەکانیشدا برێك کولتوری ئەڵمانی " ئەنتیکەخانەی ئەڵمان ، ئەنتیکەخانەی شار ، شانۆی لاوان ، ئەنتیکەخانەی " ب ، م ، ڤێ " و . . . هتد ، مان بەسەر دەکردەوە .

کچەکانی سیمیناری زمان تەنها سیان بوون ، دوور لە خورتەکان و لە پاڵ یەکدا دادەنیشتن . "ئامینە " هەردەم لەچکی دەبەست ، بەڵام دووانەکەی تر نە' .

" سەبیحە " هەمیشە ڕووخسارێکی سورڤلی هەبوو ، زۆر دەگریا . هەست و ئازاری دوورەوڵاتی و گیروگرفتیش لەگەڵ دایك و باب . . ؟! هاوشان لەگەڵ ئەوانی‌تردا " ئامینە " زۆر شەرمێون بوو ، بۆیە منیش وازم لێ دینا و نەم دەویست نیگەرانی بکەم . . ! . " میرال " کیژێکی مۆدێرن و لە کچەکانی دی بە بەهرەتر ، بەڵام کەمتر توانا و حەزی زارگوتنی ئەڵمانی هەبوو ، جارجارە چەندان خولەکی پێ‌دەچوو هەتا بتوانێ " هاوس ئاوف گا بە "(٤) یان " بوگل ئایزن "(٥) بڵێ . قورسی ڕێزمانی ئەڵمانی حەز و ئارەزوی کیژەکانی مراند ، تەنانەت کوڕەکانیش گرنگیان کەم بووە لێ ی ، تەنها " عەلی " نەبێ .

وا بزانم جارێك لە بەشی حەوتەمدا بوو ، کە ووشەی " شتێرن " هاتە پێشەوە ، کە لەسەر نەخشەی

جوغزی ئاسمان پێشانم دان ، " عەلی " ووتی :

- " ئێی ، ئەوە واتە " یلدز " (٦) وەك نێوی خێزانی من .. نێوێکی وەها خۆشم هەیە .. ! عەلی شتێرن ... " .

ئیدی نێوی خۆی لە " یلدز " ەوە کردە " شتێرن " و لەو ڕۆژەوە نێوی خۆی بە " عەلی شتێرن " لەسەر تیانووس و لاپەڕەی تاقیکردنەوەکان دەنووسی . ئێستەش ئەو پەڕەی تاقیکردنەوانەم لە لولە کارتونیەکدا هەڵگرتووە . ئەو کاتەی کەسێك لێی دەپرسی نێوت چیە ؟ ئەویش بە لەخۆ ڕازیبوونەوە وەڵامی دەدایەوە " عەلی شتێرن " .

لێخوڕی " ئوبان " ەکە لە بلندگۆکانەوە بانگی هەڵدا :

- " وێستگەی داهاتو مەیدانی سێدلینگەرتورب ـ ە " .

بە ئاگا هاتمەوە و تۆزێك خۆم جولاند ، کەوتبوومە ناخی بیرەوەریەکانی ڕابردووەوە .. نیوەی خەڵکەکە دابەزیبوون ، بۆیە ئێستە مرۆف دەکارێ باشتر هەناسە بداتەوە ! . تەنانەت کورسیش چۆڵ بوون ، بۆیە دانیشتین . لێم پرسی :

- هیچت لەوانی دی بیستووە ..؟!

- " سەبیحە " هێشتا هەر دەگری ..! ، " ئامینە " ش گێڕدراوەتەوە بۆ تورکیا ، چونکە دایك و بابی ئەویان بە هاوولاتیەکی داوە .. " میرال " یش .. ئێ ، دەی ، ئەویش ئێستە چاکتر زارگوتنی ئەڵمانی دەزانێ و وەك ئەڵمانیەك دەژی ..! وا چاکترە دەربارەی قسە نەکەین ..

- حەز دەکەم دەربارەی کوڕەکانیش شتێك بزانم ، بۆ نموونە " عەدنان " ، " عومەر " یان " مەتین " ؟

- " عەدنان " لە " شتاخوس " تەوالێت پاك دەکاتەوە ، " عومەر " کرێکاری ساختمانە .. " مەتین " یش گێڕدراوەتەوە بۆ تورکیا ، هەتا ئامادەییەکەی تەواو بکات و درێژە بە خوێندن بدات ...

- لە کوێ کار دەکەیت ..؟!

- لە کارگەیەك .. بەڵام ژەهری زۆر لەوێدا هەیە .. دەزانی چاوەکانم دێشێن ...

- نەچوویتە کن پزیشك .. ؟!

- ئەها .. تەئمینم ..!

- تۆ تەواو نیت ـ عەلی ..

- وایە ... ئێستەیش ... ئـــاه .. دەی ئەوەندەش گرنگ نیە ..

پیاوێکی پیری هەژدە ساڵان لەبەردەمدایە . تێکشکاو و شان باریك ، ددانی زەردی نیکۆتیناوی ، جیدی ، خەمخۆر و پێگەیشتو ، بۆ ئەو تەمەنەی زۆر پێگەیشتووە .

هەمدیسان دەنگ لە بلندگۆکانەوە بیسترا :

- " وێستگەی داهاتو مەیدانی گۆتە یە ... " .

عەلی ووتی :

- من دەبی لێرە دابەزم .. دەبێ بچمە کارگە .. ئەم " درێل " ەم چاك کردۆتەوە و دەبێ بیبەمەوە .. چاوەڕێم دەکەن ، باش بوو کە تۆم دی ، سپـــاس مامۆستاکەم .. هەتا کاتێکی دی یەکتر ببینینەوە ..

دالغاوی چرپاندم :

- بەهیوای بینینێکی دی " عەلی شتێرن " ..

کە گوێی لە نێوەکەی خۆی بوو ، لەنێو دەرگاکەدا ئاوڕی دایەوە و ووتی :

- هاوکارە ئەڵمانیەکانیشم لەکارگە بە " عەلی شتێرن " بانگم دەکەن ، من نێوێکی ئەڵمانیم هەیە .

دەمویست پێبکەنێ . گرژ و ژاکاو . ڕووخسارە پیرە تەمەن هەژدە ساڵیەکەی چرچاوی و چرچیش دەگرنە خۆ ..! دادەبەزێ و دەرگاکان دادەخرێنەوە . " ئوبان " ەکە دەکەوێتەوە ڕۆیشتن ، بەڵام بەبێ " عەلی شتێرن " .

## پەراوێزەکان

١- شتێرن ، Stern = ئەستێرە . لەبەر ئەوەی زمانی یەکەمی ئەم چیرۆکە ئەڵمانیە ، بۆیە نووسین و دانانی ئەستێرە لەجێی شتێرن ناجایز و لەنرخی مانای کەم دەکردەوە .. بۆ وەرگێرانی ووشەکانی تریش بە هەمان جۆر .

٢- ئوبان ، U-Bahn ئەندەرگراون یان ترام وای زمانی ئینگلیزی ـ ئەوانەی بەژێر زەمین و تونێل دا دەڕۆن .

٣- دروکن ، drucken = زەخت کردن " ئەنگوست یان دەست بە شتێك دا بنرێ " .

٤- هاوس ئاوف گابە ، Hausaufgabe = ئەرکی ماڵەوە .

٥- بوگل ئایزن ، Bugeleisen = ئوتو .

٦- یلدز Yildiz = ئەستێرە " بەتورکی " .

خانمی ئەلیف تێکینای Aliv Tekinay لەدایکبوی ١٩٥١ و خەڵکی تورکیایە . لەدوای ١٩٧١ ەوە بۆ خوێندنی گرماستیك هاتۆتە ئەڵمانیا و دیپلۆم ئەبلەسوە . پاشان وەك دەرس بێژ دەرسی گوتۆتەوە . ئەم چیرۆکە لە کتێبی " ژیان لە دوو زماندا ـ In zwei sprachen leben " ی دەزگەی ئەڵمانی بۆ چاپی ساڵی ١٩٨٤ وەرگیراوە . ئەم کتێبە بەرهەمی زیاد لە چل نووسەری بەئەڵمانی نووسی بیانی گرتۆتە خۆ .

هەواڵنامەی کتێب

زریان کاکەیی

# شەو شام

" هۆڵدرن " ، شاعیری گەورەی ئەڵمانیا ، کە ماوەیەکی زۆر لە ئاوارەیی و لە دوورەوڵاتیدا ژیاوە ، جارێکیان نووسیبووی : " **ئێمە ، لە دوورەوڵاتی و غەریبی دا : خەریکە زمانەکەی خۆمانمان بیردەچێتەوە** " .

ئەم قسەیەی " هۆڵدرن " ، لەوانەیە بۆ هەموو کوردێکی خوێندەواری ئاوارەی خۆشمان ڕاست بێ .

ئەم پەلکەزێڕینەیەی ئەم وشە شیرین و ڕەنگاوڕەنگانەی خوارەوە ، تەنیا بۆ " شاعیرەکان " نیە : بۆ هەموو نووسەرێکە ، بۆ هەموو خوێنەرێکی کوردە کە زمانەکەی خۆی خۆش دەوێ . .

**ماچە بارانە** : کاتێك باران دەبارێتە سەر ئاو ، شوێن دڵۆپە بارانەکان کە ئاوەکەی لەگەڵ بەرز دەبێتەوە ماچە بارانەی پێ دەوترێ .

**قورمە** : شارەگی لۆکە یان گوڵەبەڕۆژە .

**قەڵەمە پەمۆ** : ئەو بەشەی دار لۆکە یان دار بامیە ، کە دووای (بڕین ) جێ دەمێنێ .

**تەتاندن** : گوزەراندن ، بەسەربردن .

**سەردەرە** : بەشی سەرەوەی ڕێسمەی دەرگایە .

**دیکڵ** : لەخۆبایی ، بەتاف تیف ، بۆ مرۆڤێك بەکار دەبرێ زۆر لەخۆی بخەفتێ و بەخۆی بنازێ .

**زگاو** : بەکێڵگەیەك دەوترێ ئاوی زۆر درابێتێ ، یان مرۆڤێك زۆر ئاوی خواردبێتەوە دەڵێ " زگاو بووم " .

**دێم** : تەنها بۆ کێڵگە و شینایی بەکار دەبرێ ، کاتێك پێویستی بەئاو بێت . بە واتایەکی تریش بەکار دەبرێت ، وەك چاکە خەریکە دێم دەکێشێ .

**چەڵکێش** : کلاش خواری خێزانێك یان چەند نەفەرێك بەهەر هۆیەك بێ ، بە مەرجێك کەسەکە هەست بە چەوسانەوەی خۆی بکات و ئامادەش بێ چەڵکێشی بکات.

**قەسەڵ بوون** : ئاژەڵ ئەگەر سەرما بخوا ، واتە ڕەق بێت ، ئەوا قەسەڵ دەبێت . وەك ( کەرەکە قەسەڵ بووە ) .

**بابردوو** : گندۆرە (کاڵەك ) یان پیاز ، کە خۆر دەیکەزێ " بەتایبەت لەچلەی هاوین دا " ئەوا ڕەنگەکەی دەبزرکێ و تامەکەشی دەگۆڕێ لەچاو بەشەکانی تری ، پێی دەوترێت (بابردوو ) .

**چۆچە** : نانی بچووك ، کەزیاتر بۆ منالی نازۆکی دروست دەکرێ و هەندێ جار کابان بە نینوك هەندێ نەخشی بچووکیشی لێ دروست دەکا بۆ دڵخۆشی منالەکە .

**مرتاو** : بە ئاوی دانوو یان برنجی کولاو دەوترێ ، کە تەواو هەست بە لیقاوەکەی دەکرێ .

**پەندر** : خەست .

**پەندربوونەوە** : خەست بوونەوە . " خەست بوونەوەی دۆ لە رکسەدا ، دەبێ بە تۆراخ و کەشکی لێ دروست دەکرێ " .

**کوندەلان** : شوێن کوندە و کووپە و دۆدانەیە لە لادێ . زۆربەی جار لەناوەڕاستی حەوشە دروست دەکرێ

و دیواری کوندەڵان هەمیشە کونێکی زۆری تیایە تا مێنك بێ و با بیگرێتەوە .

**کێرشکەکردن :** ( با ) کە لە گەنم و جۆی پێ‌گەیشتوو دەدات و دەیلەرێنێتەوە پێی دەوترێت کێرشکەکردن ، ( دەغڵەکە کێرشکە دەکات ) .

**ملە :** بە بەرزاییەکی شمش ئاسا دەوترێت ؛ زۆر بەرز نیە و ئەودیوی خۆی بزردەکات ،( ملە شاخ ) .

**بارست :** ساتر .

**هەڵدر :** لە هەڵدرینەوە وەرگیراوە ، بەشوێنێك دەووترێت کە زەویەکەی داڕابێ .

**بن کۆر :** بەزەویەك دەووترێت کە بن کەنی بکەی وەکو " لاگۆڕ " .

**دەسەندا :** دەسکە هەوجاڕ ، ئەو بەشەیە کە جووتیار دەستی پێوەیە کاتی جووتکردن .

**دەسەندا :** بەدەستکردی کەسێك دەووترێت . " دەسەندانی دەستی میرزا هەموو دەیناسین چەند ڕەنگینە " .

**دەسکەلا :** شاکەلا باشترین کەلای وازیکەر .

**ئەستوورکە پندانی :** جۆرە نانێکی ڕەسەنی‌کوردەواریە و لە ئاردە برۆش و پیاز دروست دەکرێ . ( هەندێ شوێن نانە پیازینی پێ دەڵێن ) .

**ژەك :** بەشیری مالاتی تازە زاوەر دەووترێت، شیرەکە لەشیری ئاسایی شیرین ترە و بەگەرمکردن خەست دەبێ ، ڕەنگی زەردباوە ( فرۆشی پێ‌دەووترێ ) .

**بۆن کز :** ( شیری زۆر کولاّو ماستەکەی بۆن‌کز دەگرێ ) . ( سووتانی خوریش بۆن‌کز پەیدا دەکات) .

**پۆیلە :** پلپلەی ئافرەتانە .

**هیوا چك بوون :** بە مرۆڤێك دەووترێت کە لەپڕ تووشی ناخۆشیەك دەبێت ( هیوا چك بوو ) .

**مسەبا :** ئامێرێکی سادەی کوردەواریە ، لەبواری کشتوکاڵ بەکاری دەبەن ، دوو کەس کاری پێ‌دەکەن بۆ ڕاستکردنی کێلگەی لالێژ .

**کرووزان :** بەسووتانی موو دەووترێت ( گڕی چەرخەکە بەرز بوو ، خەریك بوو سمێڵم بکرووزێنێ ) .

**یاری بە یاری :** جۆرە هاوکاریەکە لەکوردەواریدا ، خۆمان و جووتیارەکان تا ئێستاش سوودی لێ‌وەردەگرین ، بۆ نموونە : من چوار ڕۆژ کار بۆ مالّی فەرەیدوون دەکەم پاشان فەرەیدوون و خێزانی بەڕۆژێك یان دوو ڕۆژ

قەرزەکە پڕ دەکەنەوە و بەرامبەر دەبین ، هەندێ جاریش ژمارەی کارکەرەکان بەرامبەر نین و ئاساییە .

**زبارە :** بێ بەرامبەرە ، جووتیار زۆرجار دەبێ زەمارەی خۆی بکا بۆ مالّی ئاغا ، هەندێ جاریش لە نێوان خزم یان خەڵکی زۆر نزیك زبارە دەکرێ : کاتی لێ قەومان و ڕوودانی کارەساتی کتوپڕ ، وەك منالّ‌بوون ، مردن یان ڕووداوێکی تری لەم بابەتە ، یان لە خۆشی‌و بۆنەیەك دا .

**پنچك بالاّ :** وەسفێکە بۆ کورتە بالاّیی ، لە (عاگول وەرگیراوە ) .

**پەلیك :** ئەو پارچە دارەی هەلووکێنی پێ‌دەکرێ ، پەلیکی دەڵێنێ .

**شەلفە :** شەلفە بەراز ، بە جووتە عاجەکانی فیل دەووترێ ، جۆرە ئامێرێکی زەوی کێلانیش شەلفەی پێ دەووترێت و تراکتور بەکاری دەبات بۆ زیاتر ئەو زەویانەی ڕەشانن و زۆر فشۆڵ نین .

**سەرچیخ کردن :** (لێ‌کەوتن ) لەنووسراودا لەجیاتی بەهەلەّداچوون ، نەپێکانی مانا و مەبەستی تەواوەتی ، ڕووشاندنی پێست بە گوللەش سەرچیخی پێ دەووترێت . سەرچیخ حوون = بەهەلەّدا چوون .

**قلّچخ :** گولّە گەنم یان جۆ کۆمەڵێك دانەی پێوەیە ، ئەو داوەی بەدانە گەنم یان جۆکەوە نووساوە ، ( قلّچخ )ی پێ‌دەووترێت .

**خمخۆر :** خمخۆرك ، بەفارسی ( باتلاق )ی پێ‌ی دەووترێت .

**سەرچیخۆکە :** ئەو پارچە ( ئاسنە ) یان ئەو ( ئەلقە برجە گۆنە ) سنتەیە کە سەری چیخی ڕەشمالّی تێ هەڵدەکێشرێ و چیخەکە ڕادەگرێ .

**دەستەوا :** جۆرە هاوکاریەکە لەنێوان جووتیارەکان و تا ئێستا سوودی لێ وەردەگیرێ . هاوکاریەکە بەرامبەرە لە کات و ژمارەی کارکەردا ، بەلاّم مەرج نیە هەمان کار بکرێت . مەرجە کارکەری پیاو بەرامبەر بە کارکەری پیاو بەرامبەر بکرێ و ئافرەتیش بەهەمان شێوە .

**چاودار :** بەو مرۆڤانە دەووترێت کە پێشبینی‌دەکەن لەبارەی ئەو شتانەی کەجارێ ڕوویان نەداوە ، جا ج لەرێگەی شیکردنەوەی زانستیانەوە بێ یان خەون و درۆ و دەلەسە ، وەکو هەندێ دەروێش و شێخی لای خۆمان ئەنجامی دەدەن .

**ڕەبازکردن** : ئاودانی زەوی وشك و ڕەق ، بەر لە کێلان بۆ ئەوەی بۆ کێلان بشێ .

**پاڵدەم** : بە بەشی خوارەوەی کەوا یان کراسی کوردیی ئافرەت دەووترێت کە نووشتێنرابێتەوە .

**باشار** : (کنایەیە) فەرەیدوون بە باشارە ، یان باشاری گەرمە . واتە کابرایەکی بەبرەوە ، بەکارە " لە کڕین و فرۆشتن یان لەشتی تردا " کە خەڵکی ئاسایی ناتوانن وەك ئەو واین .

**شاخ و برمە** : جۆرە بازنێکی ئافرەتانەیە وەکو سێت لە دەست دەکرێ . ( بورمە ) / جۆرە خواردنێکی بەلەزەتی کوردەوارییە ـ ئەمە شتێکی ترە .

**بەندەك** : لەگونیەی ئاسایی بەرینترە و درێژترە ، نزیکەی دوو بەرامبەر گونیەی ئاسایی دەگرێتە خۆی وزیاتر بۆ ( کا ) و لۆکە بەکاردەبرێت . هەندێ جار وەکو یەکەیەکیش بەکاردەبرێت . ( ١٠ ) بەندەك (کا ) نرخی ( ؟ ) دینار دەکات .

**مارکۆزکردن** : مارهەنجن‌کردن ، ( وەسفێکە بۆ دارکاریکردنێکی خەست ) .

**قرشە** : بەقەسەڵ و گوڵەکەی دەووترێت ، کۆمەڵێ قرشە جۆخینی پێ دەڵێین . (قرشەکێشان )یش کارێکە لەکاتی کێشانەوە و کۆمەڵ‌کردنی قرشە لە پەرێزەوە بۆ جۆخینان .

**قرشەشکێن‌کردن** : داپڵۆسین ، لەبنە خۆنان ، کاتێك کەسێکی تێکسمڕاو کەسێکی لاواز دەگوشێتە سەر یەك و لەژێر خۆی دەنێت ، ئەم کاتە دەتوانین بڵێین : " کابرا کوڕەکەی بەجارێ قرشەشکێن‌کرد ، ئەو خوا نەناسە" .

**سیو سیوە** : لە بنە جەرە (گۆزە)ی گونجاو دەبێ و دەرگای لەسەر سوار دەکرێ و دەسووڕێتەوە .

**لۆلەپ** : ناو دۆك لەکاتی مەشکە هەڵبەستن‌دا هەر دوو لۆلەپ بەیەکەوە دەبەستێتەوە ( هەر سەرێکی دەچێتە ناو کونی لۆلەپێکەوە ) هەر لۆلەپێکیش دوو پەلی مەشکەی پێوە بەندە و لەدار دروست دەکرێ .

**هەرمیشك** : جۆرە خواردنێکی سادەی کوردەوارییەو لە ڕۆن و نانی وردکراو و شەکر دروست دەکرێ .

**ناتەویست** : پێچەوانەی خۆشەویست (ناحەز) .

**حیزخەن** : خیس بردنەوە لەژێرەوە بۆ سووکایەتی پێ‌کردنی بەرامبەرەکەی . کاتێك یەکێ شکست دەخوا ئەگەر خەڵکی ناتەویستی چاویان پێوەبێ حیزخەنی پێوە دەکەن .

**هەستان** : پارچە بەردێکی تایبەتە ، پالاواسی پێ تیژ دەکرێ . (هەسان) .

**بیژۆك** : قەسپۆك ، قرپۆك ، نەوەکام ، ناکامڵ .

**باناندنەوە** : زۆر مەڕ و ماڵات هەن کاتی زاین لە بێچووەکانیان ساردن ، وەکو دایك بێچووەکانیان قبووڵ ناکەن ( بەبێچووی خۆیان نازانن ) بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە خاوەن ماڵاتەکان کردارێك لەگەڵ ماڵاتەکە ئەنجام دەدەن ، بۆ ئەوەی بێچووەکەی قبووڵ بکات ، بەم کردارە دەووترێت (باناندنەوە) .

**مژۆك** : بە بەرخێك دەووترێت هەموو مەڕێك بچرێ ، جگە لە دایکی . واتە (لامژ) .

**چمك** : ئەو پارچە زیادانەی بەگۆشەکانی چارکەیدا دەدروون چ لەهەمان قوماش و ڕەنگ بێ ، یان لە پارچە و ڕەنگی تر بێت ، بۆ مەبەستی زیاتر شت گرتن ، هەندێ جار وەکو وەسف بەکاردەبرێت " چمکێك گەنم " ، واتە " بەشێکی کەم " .

**ملماچك** : داوڵ ، داوەڵ . بەفارسی (مترسك)ی پێ دەڵێن .

**بنێس** : باریك ، لاواز ، ڕەقەڵ ، ( کوڕەکە لە زیندان بنێسی پێوە دەرکەوت ) .

**قرپۆك** : بە قۆزاغ لۆکە یان سەرە گوڵە بەڕۆژەی بێ دانك و نەوەکام دەووترێت .

**شەوشام** : جۆرە خێرێکە بۆ مردوو دەکرێ ، ماڵە مردوو قوربانیەکەی لە ئەستۆدایە ، دراوسێ یان ماڵانی تر ئەرکی دروستکردنی برنج و ساوەر دەگرنە ئەستۆ . خەڵکەکە بە یەکەوە لەخواردنی‌دا بەشدار دەبن ، بەڵام کەللەی قوربانیەکە پێویستە لە پێش ئاغا یان لەبەر دەم ناسراوترین پیاو دابنرێ .

**نەژنە و نەیار** : بەپیاوێکی بێ دەماری ژنانی دەووترێت .

**دایك خۆ گێ** : بەکەسێکی زۆڵ و حرامزادە و لامل و بەد ڕەفتار دەووترێ . زیاتر وەکو "جنێو" بەکاردێت.

**ماڵەکەی حەمە ووسکە**: وەکو ئیدیۆمێك بۆ ئەو کەسانە بەکاردەبرێ کەدەوڵەمەندن و ناتوانن ماڵی خۆیان بۆ خۆیان بەکار بێنن ؛ هەمیشە لە هەژارێك برسی و هەلکانتر بن .

**گونگ**: بە پیاو یا ئافرەت دەووترێت کە تووشی ( فتق )بووبی . گونگ " Gunik " .

**- ماویەتی -** .

هەوالنامەی کتێب

لالە عەبدە

# دەربارەی هونەری شێوەکاری و وەڵامێکی کاک عەلی هادی

ماوەیەك لەمەوبێش گۆڤاری " یەکگرتن " ژمارە (١١) م بەردەست کەوت و بابەتەکانی سەبارەت ئاوارەیی و دوورەوڵاتی تیایدا هەندێ سەرنجیان ڕاکێشام. لەم بوارەدا هەر نووسەر و هونەرمەند و شاعیرێك بەپێی بۆچوون و کێشی شیتەڵکردنەوەی بارودۆخی ئاوارەیی خۆی هەستی تێدا دەربڕیبوو، هەروەها هەڵوێست و گلەیی خۆی خستۆتە ڕوو بگرە هەندێك ڕاوێژکاریشیان دەربڕیوە.

من لەکاتی خۆیدا ویستم وەڵامێکی کاك (عەلی هادی) بدەمەوە سەبارەت بەو باسەی دەربارەی هونەری شێوەکاری لەئاوارەیی لە وتووێژەکەیدا دەریبڕیبوو، بەڵام بەداخەوە بۆم نەڕەخسا و وەڵامەکەم هەندێ دواکەوت. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە ئەگەر خوێنەری ئازیز چاوێك بە لاپەڕە (١١٧)ی ژمارە (١١)دا بخشێنێ، ئەوا ئەم بابەت و وەڵامەی منی بەلاوە سەیر و نامۆ نابێ.

هەر لەسەرەتاوە ئەو پرسیارە دەخەمەڕوو : ئایا جیاوازی نێوان هونەرمەندێکی شێوەکار و شاعیرێك و نووسەرێك چییە ؟ چونکە کاك (عەلی هادی) دەبێژێ گوایە : **" ئاشکرایە کە جیاوازی دیاردە و بابەتی لە نێوان هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد و نووسەردا هەیە".** .. وە دەڵێ : **" چونکە هونەری نیگارکێشان زمانێکی جیهانییە ".** . ئەگەر خوێنەری بەڕێز یەك دووجار ئەم دوو ڕستەیە بخوێنێتەوە و دوای ڕستەکانی تریش بکەوێ وا تێدەگات کە هونەرەکانی تری وەك نووسین و ئەدەب و شیعر جیهانی نین و جیاوازی دیاردە و بابەتی لە نێوان بارودۆخی نیگارکێش و نووسەردا بە مەسەلەی فرۆشتن و نەفرۆشتنی بەرهەمەوە بەستراوەتەوە ؛ ئەوەی بەرهەمی هونەریی خۆی بفرۆشی ئیتر جیهانییە و ئەوی تر نە' !.

هونەرمەند (عەلی هادی) سەرەتای کێشی بۆچوونەکەی خستۆتە هەڵسەنگاندنی باری تایبەتی و ژیانی ڕۆژانەی هونەرمەندان و باسی کەم و زۆری گیرفان و زووری نان خواردن دەکات، ئینجا بە چەند دێڕێك وتەکانی بە دووفاقانە تەواو دەکات و دەکەوێتە گێژاوی شیتەڵکردنەوەی بابەتی سەبارەت بە هونەرمەندانی کورد و هونەرمەندان دەکاتە سێ دەستەوە. بەو جۆرەیش بەپێی بۆچوون و شارەزایی خۆی، بەکورتی کۆتایی بەدەردە دڵێی خۆی هێناوە.

لێرەدا بەخوێنەری بەڕێز دەڵێین : ئەی نووسەران و شاعیران، ئەی زانایان و هونەرمەندان، ئەوەی زۆربەتان شارەزایی و ئاگادارییتان لێی کەمە، واتە هونەری شێوەکاری ؟! ڕەنگە هەندێکتان بەهۆی ئەوەی لە ئاوارەیی و ڕۆژئاوادا ژیان دەبەنە سەر، چەند مۆزەخانە و پێشانگایەکتان بەسەربێوە بەرچاو کەوتبێ و کەم یا زۆر لەبەردەم کارێکی هونەرییدا وەستابن یان سەبارەت بە هونەری شێوەکاری شتێکتان خوێندبێتەوە، بەڵام دوور نییە سەبارەت بە هونەرمەندانی شێوەکاریی کورد شارەزاییتان زۆر کەم بێت ! هەروەها ڕەنگە هەندێك هەر نەزانن هونەری شێوەکاریی کورد هەیە یاخود نە' !

جا هۆی ئەم کەموکوڕی و بێئاگاییە بۆچی دەگەڕێتەوە ؟ ئەوا هەندێك لە خوێنەرانی بەڕێز دەتوانن وەڵامی بدەنەوە. دەشێ لەم دەرفەتەدا ئەوە دەربڕم کە کاك ( عەلی هادی ) ئەم نەشارەزایی و بێئاگاییەی ڕۆشنبیرانیکوردی بەهەل زانیوە و ئازایانە پێی لەجەرگی خۆی ناوە و بە هۆی بابەتی ئاوارەییەوە بۆچوون و حوکمدانی خۆی بخاتە ڕوو .

مێژووی لەدایکبوونی هونەری شێوەکاریی کورد درێژە ، ئەوە بۆ (٣٥) ساڵ دەچێت لەخوارووی کوردستاندا (کوردستانی عیراق ) چەند کەسێك بە چێژ و هەست و بەهرەی خۆیانەوە خولیای وێنەکیشا بوون . لەپەنجاکاندا ، کە ئەو کاتە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لە بەغدا بوو ، هەندێك کوردی خاوەن هەست و بەهرە ڕویان کردۆتە فێربوون و دوای تەواوبوونی خوێندنەکانیان ڕویانکردۆتەوە کوردستان ، وەك مامۆستایان : ئازاد شەوقی ، ئەنوەر توفی ، تاهیر ئیبراهیم ، عوسمان خاڵ ، عەلی جۆلا ، شێرزاد شەوقی ، عەلی ئیسماعیل . . .هتد . زۆربەی ئەم هونەرمەندانە خەڵکی سلێمانی بوون و لەم شارە کوردەوارییەدا پێشانگایان کردۆتەوە ، بەپێی توانای خۆیان کاریانکردووە و بەپێی ئاگاداری پلەی پەیوەندییان بە دنیای هونەرەوە چێژیان لە هونەری ڕۆژئاوا وەرگرتووە ، بەڵام هیچ یەکێك لەم هونەرمەندانە تا دوا ساڵەکانی شەست قاڵب و شێوەی هونەریی خۆی نەبووە . بەدوای ئەم دەستەیەش دا کۆمەڵێکی تر لە شەست و هەفتاکاندا ڕوویانکردۆتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا و هەندێکیش بە بێخوێندن ئامادەییان بۆ خۆیان پەیداکردوە ، ئەوجا بزووتنەوەیەکی بچووکی هونەری لە خوارووی کوردستاندا سەری هەڵداوە .

هەر لە شەست و هەفتاکاندا بەشێك لەو هونەرمەندە کوردانە بەرەو ئەوروپا و ئەمریکا و ئەوروپای ڕۆژهەڵات کەوتنە کۆچکردن ، هەندێك بۆ خوێندن و هەندێك بە هۆی بارودۆخ و ئاژاوەی ناو وولات و نەبوونی دیموکراتی و ئازادی هەست دەربڕین و هەندێك هۆی تر. . . بە کورتی دەمەوێ بڵێم ئەو هونەرمەندانەی دوای هەفتاکان کۆچیانکردووە بۆ هەندەران ، توێشووی (٣٥) ساڵەی هونەرێکی زگماکی خۆیان لە چارۆکێیەك کَرێداوە و لەگەڵ خۆیاندا هێناویانە بۆ دەرەوە ، ئەگەرچی لەمۆزەخانەکانی لۆڤر ، ئارمیتاج ، ناسیۆنال گەلەری لەندەن نەهاتینە دەرەوەیش . ئەم چارۆکە هونەرییەش ، هونەرمەند (عەلی هادی) دەبێ باش بزانێ ، پێویستی بەکردنەوە و دووبارە پڕکردنەوە و خەملاندن هەیە . چونکە ئەو هونەرمەندانەی ئەو توێشوویەیان لەگەڵ خۆیان هێناوە ، خۆیان بە لێپرسراوی دەزانن و هاوبەشیی هەست و ویژدانیان تێدا گرێداوە . ئیتر ئەوەی ئاگاداری ئەو بزووتنەوەیە نەبووە ، ئەوانەن کە هاتوونەتە ڕۆژئاوا و لێرە بۆیان دەرکەوتووە هونەری کوردی هەیە ، ئیتر بەهۆی برادەری و هەستی نەتەوایەتی و هەر هۆیەکی ترەوە بێت، هەندێك پریشکی کاریگەریی هونەرمەندانیان بەرکەوتووە و وردە وردە هەوڵیان داوە ئەوانیش دەست بکەن بەوێنە کێشان و بگرە هەندێکیش ڕوویانکردۆتە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان بۆ خوێندن . چونکە مرۆڤ ئەگەر پزیشکی و ئەندازیاری و کشتوکاڵیشی پێنەخوێندرێ ئەوا لەوانەیە فێری وێنەکیشان ببێ ! .

با بڵێین ئەمانەی من باسمکردن گیروگرفت نین ، چونکە گیروگرفت و مەسەلەی سەرەکی ئێمە ، مەسەلەی بەرهەم و کارامەیی و پێشکەوتن و هوشیارییە . ئەی ئەگەر یەکێك (٨) ساڵ ئەکادیمیای خوێندبێ و(١٥) ساڵ لە هەندەران خۆی بە هونەرمەند دانابێ ، خۆ دەبێ (٨) یان (١٥) تابلۆی هەبێت و جارێك پێشانگای بۆ خۆی کردبێتەوە ؟! ئەگەر نا ، ئیتر ئەو کەسانە لەکام لەو سێ دەستەیەی کاك ( عەلیهادی )دا خۆیان دەدۆزنەوە و دەبنە پێشرەوی هونەرمەندانیکورد ؟! خۆ ئەگەر پێشرەوی و شارەزایی هەر بە ووتوویژ و کوێرە خوێندنەوە و دوور لەتاقیکردنەوەی هونەری بێت ، ئەوا هەر کەسێ تۆزێ ئارەزووی کرد ، هەندێ ڕەنگ و خووم بگرێتەوە و بیکێشی بە تابلۆیەکدا ، ئیتر دەبێتە هونەر . چونکە شتێ هەر دەردەچێت ! بە تایبەت ئەگەر باوەڕمان بە نەگونجاندنی شتەکان بێت و هەرچی دوو ووشەی زانی ، بیکات بە شیعر و ئەوەی بەسەرهاتێکی هەیە ، بیکات بە چیرۆك ! ئیتر هونەرمەندبوون خۆ بە صکوك غوفران نییە . . .

دەربارەی دەستەی دووەمی هونەرمەندان کە کاك (عەلی هادی ) باسی دەکات ، ئەوە ڕوون دەکەمەوە و دەڵێم : هونەرمەند ناتوانێ خۆی لەڕابردوو و ئێستا و داهاتوو دابڕێ ، ئەگەر نا ، ئەوا هونەر ناسنامەی مێژوویی قۆناغی خۆی نابێت و پێشکەوتن نایەتە کایەوە . چونکە بیرکردنەوەی مرۆڤ لە بۆ کارکردن. و بەرهەمهێنان و

داخوازی و ئارەزووەکانی و هەست دەربڕینی لە بۆ پێویستییەکانی ژیانی لەو سێ قۆناغە بەدەر نییە ، بە تایبەت هونەرمەند ، کاتێ پێشوازی لەهەست دەربڕینی خۆی دەکات ، یا خۆی دەخاتە پرسیارەوە ، جا لە ڕێگای تاقیکردنەوەکانی ژیانیەوە وەڵامی خۆی دەداتەوە و ئەو کاتە کار ئەنجامدەدات ، واتە ڕابردوو دەبەستێت بە ئێستا و داهاتووەوە . خۆ ئەگەر وا نییە ، ئەوا زۆر سەیرە ئێمە ، کە هەموومان لە خانووە قوڕەکانەوە هاتووین ، یەکسەر دەست دەکەین بە هونەر و وەك هونەرمەندێکی ئەمریکی و فەرەنسی و ئیتاڵی زوو مەدالیای کۆسمۆپۆلیتی بکەینە ملی خۆمان و بڵێین‌بابە ئەمڕۆ ئەم شارستانیەتە موڵکی هەموو مرۆڤێکە و ناسنامەی شارستانی باوی نەماوە. ئەم بۆچوونە ڕەنگە هەڵە نەبێت ، بە مەرجێك مرۆڤ ناسنامەی نەریت و مێژووی خۆیشی لێ نەبێتە دۆزەخ و هەرچی زووترە بیەویت خۆی لەباری گرانی تاقیکردنەوەکان ڕزگار بکات و لە هێلکە شەیتانۆکەی فەرهەنگۆکەیدا هەر خولیای جیهان بینین بێت و لاف و گەزافی کۆسمۆپۆلیتی لێبدات .

هەر سەبارەت بە دەستەی دووەمی هونەرمەندانی کورد ، کاك (عەلی‌هادی) دوا ووشەکانی بەمجۆرە تەواو دەکات و دەڵێ : " **ڕاستە کەوا زەخرەفە و دیکۆرو سمبوولەکانی دیکەی کەلەپوور مەغزا و دیاردەیەکی ڕۆحییان هەبووە ، بەڵام ئەمڕۆ ئەمانە هەموویان لەشتێکی‌ستاتیکی زیاتر هیچی تر نین** " .

باشە ، ئەگەر کاری زەخرەفە و دیکۆر و سمبوولەکانی کاری دەست و فۆلکلۆر و پەیکەرتاشی ، کە ئەمانە هەموو بەشێکن لە هونەری فیگۆرەتیڤ ، باویان نەمابێ و هەر لە قالبێکی جوانی‌دا سەیر بکرێن ، ئەی ئەو تۆخمانە کامانەن کە دەبنە سەرچاوەی بەکارهێنانی هەست دەربڕینی هونەرمەند ؟ مەگەر هونەری شێوەکاری لەبابەت و ناوەڕۆك پێك نەهاتووە ؟ بەیارمەتی کاڵا و کەرەسەی بەکارهێنانی هونەری ، بابەت پێك دێ بۆ خزمەتی ناوەڕۆك ، ئەویش زمانی حاڵێ بە توخم (عنصر ) دەدۆزرێتەوە . کاتێ هونەرمەند هەستی خۆی دەردەبڕێ ، پێویستی بەوەیە بیر لە شتێك بکاتەوە و شتێك کاری تێکردبێت و پاڵی پێوەنابێ هەستی خۆی دەربڕێ ، ئەو شتە لەبیری هونەرمەندا فیگەرێك (شێوەیەك ) دروست دەکات ـ فیگەرێکی ئاشکرا و ناسراو ـ وە یا بەشێوەی‌ڕووت ـ واتە نەناسراو ـ خۆی دەبینێتەوە . لە هەردوو بارەکەدا هونەرمەند پێویستی بە خەملاندن و کارامەیی هەیە ، هەروەها ڕازاندنەوە بۆ کێشی هەستێکی بەرز ، ئەگەر نا ئەو کارە وەك هەر کارێکی تر بەرهەم دێت و ئەو کاتە کارێکی هونەریی و ناهونەریمان پێ جیاناکرێتەوە. کاری هونەری پێویستی بەگونجاندن لەڕێگای تاقیکردنەوەی هونەرییەوە هەیە تا هونەرمەند زمانێك بۆ خۆی دەدۆزێتەوە و ئەو کاتە شێوازێکی تایبەتی بۆ خۆی پەیدا دەکات ، دەنا خومخانە نییە هەرچی خۆی گرژ بکات و تووڕە بێت زوو بکەوێتە وێنەکێشان و بەبێ تاقیکردنەوە سیما و شێواز بۆ خۆی بدۆزێتەوە ! .

خۆ ئەگەر هونەرمەند (عەلی هادی) باسی هونەری ئەبستراکت ( تجرید ) دەکات ، ئەوا ئەم ڕێبازەیش شێواز و ڕۆحی جیاواز جیاوازی هەیە ، بگرە ئەم ڕێبازە شێوازەکانی لە ناسنامەی هونەریش دەرچوون و ڕەواجیان لە بازاڕی ڕۆژئاوادا زۆرە . لەم ڕێبازەیشدا هونەرمەند دەبێ کارامە بێت و هوشیارانە بزانێ دەیەوێت چی بڵێت ؟ خۆ ئەگەر دوو هێڵ و دوو ڕەنگ لەگەڵ یەك نەگونجێن ، ئەو کاتە هاودژی پەیدا دەبێت و هونەرمەند ناحەوێتەوە و لەخۆیشی تێناگات . خۆ دەشێ هێڵێ وە یان ڕەنگێ دژی هێڵ و ڕەنگێکی تر بن بە مەرجی ناوەڕۆك نەکەوێتە ناکۆکی لەگەڵیاندا ، واتە ناوەڕۆك لە گەڵیاندا بگونجێ .

سەبارەت بە دەستەی سێیەمی هونەرمەندانی کورد ، کاك ( عەلی هادی ) دەفەرمووێ : " **دەستەی سێیەم گەنجەکانن ، ئەم گەنجانە لەناو ئەزموونێکی ئەورووپی‌تەواودا دەژین ، بێ ئەوەی بیر لە هیچ گونجاندنێك بکەنەوە . ئەم گەنجانە بیر لەکاری ئەبستراکت ناکەنەوە . . . دەتوانین ناویان بنێین نەوەی فیگۆراسیۆنی ئازاد** ". لێرەدا کاك (عەلی هادی) دوو هەڵەی زۆر زەقی کردووە، یەکەمیان ئەوەیە گوایە ئەو گەنجانە کەهاتوونەتە دەرەوەی وڵات وەك نەهەنگ" فەرهەنگ و مێژووی شارستانی و نەریت و خوو و ڕەوشتی ئەورووپییان قووت داوە و میترۆ و شەقامە گەورەکان و تەکنۆلۆژیای نوێی دەورووپشتیان جێگای خانوو بەرە و چیا و شاخ و هەوارگەی ڕابردوویان پڕکردۆتەوە و ڕامبۆ و ئەلبێرت کامۆ و بۆدلێر جێگای ئەحمەدی خانی‌و مەولەوی و نالی و بێ‌کەسیان پڕکردۆتەوە و ، ئەزموونی ژیانی ئەم گەنجانە بریتییە لەژیانی ڕۆژانە و پەیوەندی‌هیچ بە ڕابردووەوە نەماوە ، بەم مانایەش فەلسەفەی بەرەڵایی نوێترین هاوڕازی ئەم گەنجانەیە . هەروەها کاك (عەلی

هادی) دەفەرمووێ : "ئەم گەنجانە کاری ئەبستراکت ناکەن". لێرەدا کاک (عەلی هادی) لەدەربڕینی ووشەکانی خۆیدا پەلەی کردووە و ئەوەی لەبیرچووە کە دوا قۆناغ و نوێترین و هوشیارترین و پێشکەوتنخوازترین شێوەی هونەری شێوەکاری تا ئەمڕۆ ئەبستراکتە و ئەو فیگۆراسیۆنە ئازادەی ئەو باسیکردووە تەنیا تروسکەیەکە لە دوا هەناسەی ڕێبازی ئەبستراکت .

هەڵەی دووەمی کاک (عەلی هادی ) ئەوەیە، گوایە ئەم گەنجانە بیر لە گونجاندن ناکەنەوە ، واتە هەرچی بە دەستیاندا بێت ، بەبێ گوێدان بە بیرکردنەوە ، ڕاستەوخۆ زوو خۆیان لە کارە هونەرییەکە قووتار دەکەن و لە ئان و زەمانێکی هەڵچوون (انفعالات)دا مانادەدەن بەدەستەوە . جا لێرەدا دەپرسین : گوایە پیکاسۆ ، میرۆ ، بیکۆن ، فونتانا و پومۆدۆرۆ . . .هتد کاری هونەرییان نەگونجاندووە ، لەکاتێکدا ئەم هونەرمەندانە بە گەورەترین و بەهرەدارترین هونەرمەندی ڕۆژئاوابوونی ئەم سەدەیە دەژمێردرێن ؟!

لەدوا ووشەکانی کاک (عەلی هادی)دا ئەوە هاتووە، گوایە تاکە تاکە هەندێ هەن کەدوورن لەم سێ دەستەیە، واتە هونەرمەند نین ، ئەوانەی ئەو نەیتوانیوە بزانێ کێن و لە چ ڕێباز و شێوەیەکن و چی دەکەن و بەرهەمیان چییە.

لێرەدا لە کاک (عەلی هادی) دەپرسم : ئەگەر ئەو هیچ لەسەر ئەم تاکە تاکە هونەرمەندانە نازانێ، بۆ دەیانکاتە ماڵ بەسەر هونەرمەندانی کوردەوە ؟ هەر لەبەر ئەوەی وێنە دەکێشن یان خوێندنی هونەرییان تەواوکردووە ؟ لەو بڕوایەدام هەر کەسێك کۆلیجی پزیشکی تەواوکردبێ دوو تەقەڵ بیماری پێدەدورێتەوە و ئەندازیاری خوێندبێ خانویەکی هەر پێ بەردەبێتەوە ، بەڵام هەرکەسێ وێنەکێش بێت یان خوێندنگەیەکی هونەری تەواوکردبێ نابێتە هونەرمەند . چونکە هونەر پێویستی بە بالاترین هەست و نەست و ڕاز و بیرکردنەوە هەیە و قووڵبوونەوە لە ڕێگای ئاقیکردنەوە هونەرییەکانەوە . هونەر بالاترین پێویستی مرۆڤە ، ئازار و کامەرانیی غەم و خۆشییە ، ئارەزووە و کۆست کەوتنە ، گەیشتنە بە ئامانجەکانی مرۆڤ ، دژ بە لەناوبردن (فنا')ە تا تەزوو بە لەشدا نەیەت و کڵپە لە دەروون هەڵنەستێ . بۆ مرۆڤ هونەر مەحاڵە.

هەواڵنامەی کتێب

**دلێر عوبەید**

# تەقینەوەی

# یەکەم پێشانگای هونەرمەندێک

پێشەکی پێویستە ئەو هونەرمەندە بناسین کە جێگـا و پلە و پایەیەکی بەرزی لە هوشیارکردنەوەی میللەتەکەی دا هەبووە .

هونەرمەند ماموستا ( هادی ضیاءالدین ) لـــە خێزانێکی هەژار لەشاری سنە ( سالّی ١٣٣٥- ) هاتۆتە دنیاوە ، هەر لەسەرەتای ژیانی هەرزەکاری یــەوە خولیای هونەر بووە و لەشارەکەی خۆی دا رۆلێکی بـــالای بینیوە لەناو قوتابیانی نیگارکێش دا و کلاسی تایبەتـــی نیگارکێشی کردۆتەوە و چەندین هونەرمەندی پێگەیاندوە .

سالّی (١٣٥٦ - ) لەزانکۆی تـــاران وەرگیراوە و یەکێك بووە لە قوتابیە هەرە چالاکەکان ، هـەر بۆیە سالّی ( ١٣٦٢ - ) لەپرۆژەیەکدا دکتـــۆر ( حبیب الله آیت اللی ) کە ماموستای زانکۆی تارانـە بە چاکترین قوتابی دەسالّی دوایی ناوی برد و لەنێـو قوتابیاندا بەهرە و توانای خۆی نیشاندا .

سالّی (١٣٦٨ - ) لە خانەی فەرهەنگـی ی شاری سنە بەشداری پێشانگەیەکی هاوبەشی کرد .سالّی (١٣٩٨ - ) لە نیگارخانەی نوری پێشانگەیەکـی تایبەتی سازکرد و هەر لەم پێشانگەیەدا بوو لەسەرانسەری تاراندا ناوبانگی دەرکرد و چەندین گۆڤار و رۆژنامـــە لەسەریان نووسی .ئەوەی شایانی باسە ، لە زۆربــەی کارەکانیدا رەنگدانەوەی کارەساتە دلتەزینەکەی خەلکانـــی شاری هەلەبجە بەدی دەکرا .

هونەرمەند ( هادی ضیاءالدین ) قالّبووی دەرد و مەینەتی و ژان و ناسۆری نەتەوەکەیەتی و دوورەبەرێـــز نەبووە لەئاست ئازارەکانی کۆمەلگەکەیدا و هەمیشـــە ویستوویەتی تابلۆکانی بکاتە ئاوێنەی نیشاندانی تەنگ و چەلەمەی نیشتمانەکەی و ، وەك شەپۆلی دەریای ئەوینـی شیتانە . . .لەدەروونێکی پرکەف وکولەوە . . . بەشێوازێکی سۆفی گەرانە. . . تابلۆکانی خەملاندووە .

هەلبەتە هەست و نەستەکانی هونەرمەند لە خـــۆرا نەهاتوونەتە جۆش و خرۆش ، بەلکو گەلێك هەلومەرجـــی شیاوی بۆ رەخساوە ، لەبارودۆخێکی تایبەتی و پـــر مەینەتیدا ، بە هەول و تەقەلای بێووچان ، زەمینەیەکـی لەباری بۆ خۆی پێکهێناوە ، ئەویش دەروبەرەکەیەتی . سۆز و خۆشەویستی خاك و نیشتمانەکەی ، ئەوینێکی بێ ریاو پاکە ، راستە مات و ئارامە ، بێ دەنگ و ترکەیە ، بـــەلام دەروونی هونەرمەند تەنوورێکە هەمیشە کلپە دەستێنـــێ ، چاوەکانی وەك کوورە هەنگی وروژاو ، دەروانێتە خاکـــە سووتاوەکەی ، گەرچی خاکەکەی لە دلی ئەو پرتـــرە ، ماندووترە ، بەقیین ترە . واتە هونەرمەند ناتوانێ لـــە دەرد و ئازارەکانی کۆر و کۆمەلەکەی نامۆبێت . چونکـــە هونەرمەندیش وەك هەموو مرۆڤێك پێکهاتەیەکی ئۆرگانیزمی یە ، لەسەرەتادا تەنیا بە چالاکی خۆرسکی دەست پێدەکات ، دەوروبەرەکەی کاری تێدەکات و پەرچەکرداری لا دروســـت دەکات ، بەلام لەقوناغی خۆرسکی بەئاگا نیە و سروستیش ئاگاداری هۆشی مرۆڤ نیە . ئەم کار و پەرچەکـردارەش بارێکی ( سایکۆلۆژی ) لەمرۆڤدا دروست دەکـــات ،

سایکۆلۆژیش تێکەڵبوونی ئۆرگانیزم و سروشتە ، هەروەها لە ئەندیشەکانی دەرەکی و هەواڵیی ( خارجی وخەبەری ) پێك دی ، کە سۆز و هەستە ، سۆز و هەستیش لە نێوان ئۆرگانیزم و چواردەوردایە ، هەست کاردانەوەی ئەندێشەیە لەدەروبەردا ، سۆزیش کاردانەوەی ئۆرگانیزمە لەبیردا ، کەواتە هەست و سۆزی هونەرمەند زادەی سروشت و نیشتمانەکەیەتی .

ئەگەر بێت و ئاورێك لە پێشانگەکەی (هادی ضیاءالدین ) بدەینەوە ، چەندین کاری ڕەنگاورەنگ و هەندێ کاری ڕەش وسپی بەدی دەکەین . سەبارەت بەکارە ڕەنگاورەنگەکانی ئەم هونەرمەندە ، کە لەچەند تابلۆیەکی پاستیل و ڕەنگی ڕۆنی پێکهاتبوو ، سەرەتا دێینە سەر باسی ڕەنگ . . . کاتێك باسی ڕەنگ دەکەین ، ڕەنگ لەژیانی مرۆڤایەتیدا ڕۆڵێکی کاریگەر و بەهێزی هەبووە ، واتە ڕەنگ لەشکڵ و فۆرم زیاتر نەبێ ئەوا بێگومان کەمتر نییە . هەر قەبارەیەك کە لەم جیهانەدا دەیبینین لە سەرەتادا شێوەکەی بەرچاو دەکەوێت لەدوایشدا بەرەنگ . لەبەشی زۆری تابلۆکانیدا ڕەنگەکان ئارام و خەباڵ و لە هەندێ شوێن توندوتیژ گۆڕین زەمینەی تابلۆکانی بە ئازادی و فراوانی و ڕەنگەکانی دابەشکردووە بەشێوەیەك کاریکردووە جێگای دەستی هونەرمەندێکی کردە وشارەزای تەکنیکی و کۆمپۆزیسیۆنێکی هاوسەنگ و هاوتا لەگەڵ هەڵبژاردنی بابەتەکان .

زۆربەی تابلۆکانی (هادی ضیاءالدین ) ئافرەت و منداڵە و لە کۆچکردن و دەربەدەری سەرمایەی جەنگدا دەژین . بەشێکی تر لەتابلۆکانی باری دەروێش و ئاووهەوای دەروێش و ژیانی کوردەواری دەرخستووە . لەڕوانگەی هونەرمەندەوە ، ئافرەت و منداڵ لەنیشتمانەکەی خۆیدا پلەوپایەی بەرزیان هەیە ، بۆیە منداڵ هەر لەسەرەتای تەمەنێکی دیاریکراوەوە لە زۆر بواری ژیانی کۆمەڵایەتیدا کارێکی هەرزەکاریی پێدەسپێردرێ و هەر لە منداڵییەوە بەشێوەیەك پەروەردە دەکرێت کە بتوانێت دوا ڕۆژ ئەرکەکانی سەرشانی خۆی دەستنیشان بکات . هەر لەبەر ئەم هۆیەشە ، تابلۆکانی ڕەنگدانەوەی ژیانی ڕاستەقینەی نەتەوەکەیەتی و منداڵیش لەتەمەنێکی دیاریکراوەوە و وەك هەموو کەسێکی کۆمەڵەکەی لەگیروگرفتەکانی نەتەوەکەی بێ بەش نییە .

هەروەها لە نیشتمانەکەی هونەرمەنددا بوکە شووشە و باری منداڵانە هەرنەبووە ـ وەك بۆ منداڵی ڕۆژئاوا هەیە ـ ئەگەر هەبووبێتیش خۆماڵی بووە و لەپەڕۆ دروستکراوە . لە تابلۆکانیدا چ گەورە و چ بچووك لەئاستێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دەژین . لە وڵاتەکەی هونەرمەنددا بێشکەی کوردی تەنیا شەو منداڵی لەنێو دەنرێ یان بەڕۆژ ئەگەر زۆر خەوی بێت . دایکی کورد منداڵ لەبێشکە دەنێ و لایلایەی بۆ دەکات ، لایلایە لەناو کوردەواریدا باوە ، ئافرەتی کورد بەدەم کۆرپەراژەندنەوە لایلایەی زۆر بەسۆزو ناسك دەڵێت ، ئەگەر کۆرپەکەی کوڕ بێت باسی ئازایەتی و چالاکی و کۆکی و چوارشانەیی کوڕەکەی دەکات کە گەورە دەبێت کچی دنیا عاشقی دەبن ، بەڵام ئەگەر کچ بێت لایلایەکەی باسی سالاری و ژیری و شۆخ و شەنگی کچەکە دەکات کەگەورە دەبێت لەبەر جوانی و نازداری کوڕی دنیا بەحیرانی دەبن . بەڵام لەتابلوکانی هادی ضیاءالدین خۆیدا ، بەپێچەوانەوە ، وەك ژیانی نەتەوە شێواوەکەی ، لەبری ئەوەی کۆرپە لەبێشکەدا بێت و لەژیانێکی ئارام و ئاسایشدا بژی و دایکی لایلایەی شیرینەکەی بۆ بهۆنێتەوە ، لەبری ئەوە ئافرەت و پیاو لەدەربەدەری و کۆچ وماڵوێرانیدان و لەرێگەی سەخت و سەرما و سۆڵە و توێژی بەفردا بێشکەیان لەکۆڵ گرتووە و بەرەو نامۆیی دەچن ، لێرەدا هێڵ و ڕەنگەکان لایلایەی غەمناك بۆ کۆرپە و دایك و نیشتمانەکەی دەڵێن .




ئەمە پێوەرێکی نەگۆڕ و هەمیشەییە ، تەنانەت دوای جەنگی جیهانی دووەم ، واتە لەناوچوونی بەرەی شەڕخوازی نازیەت لەئەڵمانیا و فاشیەت لەئیتاڵیا ،گۆڕانێکی حەتمی لە بیروباوەڕی هونەرمەنداندا هێنایە ئاراوە، بە تایبەتی لەو سەردەمەدا کە وڵاتانی ڕۆژهەڵات دژ بە ئیمپریالیزمە ڕۆژئاواییەکان وەستان . ئەو گۆڕانە بە یەکجاری ئاسۆی بیری ڕۆشنبیرانی فراوانکردەوە .



واتە هەست و نەستی هونەرمەند ئەنجامی ئەو بارودۆخەیە کە کۆنەپەرستیان دروستکردووە ، لەکارەکانیدا جەنگ بە تەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە ، هونەرمەند هوشیارانە هەستی بە مەسەلەی غەمە گەورەکەی نەتەوەکەی کردووە ، چونکە ئەو ئەرکێکی بەرزوری گرتۆتە ئەستۆ کە ئەویش هونەرە . هونەریش " ئەو چالاکییە دیالەکتیکییەیە کە لە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی لەژێر ستەمێکی کۆمەڵایەتیدا پەیدابووە و ڕووبەڕووی یەك مەسەلە دەبێتەوە ، عەقڵ و دژەکەی کە خەیاڵە ، چونکە چالاکی سەربەخۆ دروست دەکات . هونەر ئارەزووی خواست و ڕۆحی جوانی و ڕەوشتی جوان و ئاواتە نەمرە جوانەکانی مرۆڤ گەشەی کردووە " ، واتە ئەو کەسانەی تەواوی تەمەنی خۆیان قوربانی هونەر کردووە ، بەزۆری مرۆڤی هۆشمەند و دانان . . . کەواتە بەرهەمێکی جێگای دەست کەوتنی مرۆڤێکی بێ‌شعور نییە ، بەڵکو بە پێچەوانەوە جێگای هەستی شعورێکی بەتینە . . .

سەبارەت بەکارە ڕەش و سپییەکانی هونەرمەند . کاری ڕەش و سپی توانایەکی بەهێزتر و وردبینانەتر و وریایی دەوێت لەگەڵ دروستکردنی تۆنەکان ، سپی و ڕەش بەهێزترین هەست دروست دەکەن بۆ هونەرمەند ، چونکە ڕێگایەکی دوورودرێژ لەناوەندی تۆنەکانی ئەم دوو ڕەنگەدا هەیە کە ڕەشترین ڕەنگ مەخمەڵە و سپیترین ڕەنگیش ڕەنگی " سولفات باریتە " ، لەناوەندی ئەم دوو ڕەنگەدا چەندین ڕەنگی خۆڵەمێشی ( رصاصی ) هەیە . هونەرمەند بەهێڵی ناسك و نەرم و پڕتواناوە باریدەرروونی دەربڕیووە ، توانایەکی بێ پایان و جۆراوجۆر و کاریگەر لەدەست و پەنجەکانی هونەرمەنددا هەیە و بەهەست و زەینێکی بەتینەوە جیاوازی لەنێوان ڕەنگە خۆڵەمێشییەکاندا کردووە ، چونکە ڕەنگی خۆڵەمێشی ، ڕەنگێکی لالە بەپلە لەگەڵ ڕەنگەکانی تردا دەخەملێنێت ، کە ڕەنگێکی جوڵێنەرە و هونەرمەند ڕەنگدانەوەی کارەکانی لەڕێگای کارە ڕەش و سپییەکانییەوە ، ئارام و لەسەرخۆ ، بەدڵە کپەکەی چپەچپ لەگەڵ جەماوەردا دەکات . ڕاکێشانی هێڵەکان بەجورئەت و ئازادانە و لەسەر ڕیتمێکی مۆسیقی بەکارهێناوە ، بەبێ ئەوەی هێڵی دەرەکی و زیندوێتی هێڵەکان لەدەست بدات . هێڵ و تۆنەکان لەسەر ڕیتمی تابلۆکان سەمادەکەن و هارمۆنی مۆسیقای تابلۆکانن. تونەکان وەك ئەستێرەی شەوانی لادێ دەدرەوشێنەوە و دەکوژێنەوە .



هەواڵنامەی کتێب

دوو خاڵی بنەڕەتی لەکاری ڕەش و سپیدا هەمیشە خۆیان دەنوێنن :

١- تایبەتمەندی هێڵ ( کراکتەر Cracter ) .
٢- پلەی پڕڕەنگی و کەمڕەنگی تۆن ، کەپێویستە بەسەر فۆرم و فیگەرەکان دیاری بکرێت .

هونەرمەند هوشیارانە ئەم دوو خاڵەی ڕەچاوکردووە . هەر بەرهەمێکی هونەری پلاستیکی لەژێر پلە و پایەی سۆمایی " بصری "دا خۆی نیشان‌دەدات ، لەدوایشدا بەناوەڕۆک . واتە ناوەڕۆکیش لەهونەردا لەسەر چوارچێوەی ڕەنگ و هێڵ و تاریکی و ڕۆشنایی و کۆمپۆزیسۆنی ( ترکیبی ) ڕەنگی بەندە .



## هونەرمەندانی کورد

## بۆ "یەککرتن" دەدوێن

هونەر سەلیم هونەرمەندێکی شێوەکاری کوردە ، لە ساڵی ١٩٦٠ لەشاری (ئاکرێ) لەکوردستانی خوارووی عیراق لە دایکبووە ، لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ دا کوردستانی بەجێ‌هێشتووە و لەو کاتەوە بەناچاری لەشاری (فلۆرەنسا) لە ئیتالیا دەژێت :

" من جوانی بە داینامۆی ژیانی هونەری خۆم دەزانم ، هەر لەڕێگای ئەو جوانییەشەوە تەماشای خۆشەویستی و ئازادی و نیشتیمانەکەی خۆم دەکەم . من پەیوەندیم بە زەمینی وڵاتەکەمەوە پچڕاوە ،پەیوەندیم تەنیا بە ئاسمانی وڵاتەکەمەوە هەیە ، ئەو ئاسمانەش ، واتە نادیاری ... "

" من حەز لەوە ناکەم کە خۆم بەهیچ فوتابخانەیەکی هونەرییەوە ببەستمەوە . دژی نیگارکێشانی ئەکادیمیم . دیسپلین ، بەهیچ شێوەیەك ، لەگیانمدا و لە کارە هونەرییەکانمدا نیە . هەر ئەم نەبوونی دیسپلینەشە کە چێژ و مرۆڤایەتی‌ی منی هاوسەنگ ڕاگرتووە ... "

" دوورەوڵاتی ؟! مێشکی مرۆڤ دەکاتەوە . دوورە وڵاتی ، واتە ناسینی فوولێ جیاوازی ؛ قبوولکردنی جیاوازی ، جیاوازی چێژ ، ڕەگەز ، ئاین ، خواست . هەر کەسێك بەهرەمەند بێت ، دوورەوڵاتی ئەو بەهرەیەی دەتەقێنێتەوە ... "

" پێم وایە ، بەشی زۆری هونەرمەندانی کورد لە دوورەوڵاتی‌دا خۆیان بەستۆتەوە ، نەیانتوانیوە خۆیان لە سنووری خۆیان ڕزگاربکەن . نەیانتوانیوە بە دوای نیشتیمانەکەی خۆیاندا - لە حاڵەتی کۆنی ڕابردوودا بگەڕێن ؛ گەڕانی ئەوان گەڕانێکە لەسنوورێکی تەسکدا . بەڕای من هونەرمەند پێویستە لەچوارچێوەیەکی فراواندا ، لە چوارچێوەیەکی گەردوونی‌دا ، بەدوای خۆیدابگەڕێ . مرۆڤ سنووری بۆ نیە ... "

هەواڵنامەی کتێب

# هونەرمەندێک :

# « فوئاد ڕەسوڵ »

ـ هونەرمەند ( فوئاد ڕەسول ) لەدایکبووی کوردستانی خوارووە ـ شاری هەولێر ، هەر لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە و لەژێر کاریگەریی ئەو وێنانەدا کە باوکی بۆی کردون ، خولیای هونەری وێنەکیشان بووە و لە تەمەنی ۱۰ ساڵیەوە دەستیکردووە بە نیگارکێشان و لە قوتابخانەی ناوەندییەوە دەستی بەکاری زەیتی کردووە .

ـ دوای تەواوکردنی پۆلی سێی ناوەندی ، پێشنیاری خوێندن لە " پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا " ی پێشکەش کردووە ، بەلام لەبەر بەعسی نەبوونی دوو جار پێشنیارەکەی ڕەتکراوەتەوە و لە دوائەنجامدا پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر و سەرکردن بە چەندین دەرگادا لە پەیمانگەی ناوبراو وەرگیراوە .

ـ پاش خوێندنی هونەر بەگشتی لە پەیمانگە ، لە بەشی ( ڕەنگ ) دا شارەزایی وەرگرتووە .

ـ لەکاتی خوێندندا لە پەیمانگە بەشداریی چەند پێشانگەیەکی هاوبەشی خوێندکارانی کردووە .

ـ پاش تەواوکردنی خوێندن و لە ئەنجامی ئالۆزی بار و دۆخی کوردستان و نەبوونی دەرفەتی ئازاد بۆ کاری هونەریی کوردی ، وەك زۆربەی هونەرمەندانی تری کورد ، بارەکەی داوە بەکۆڵیدا و لە وڵاتی سوێد باریخستووە .

ـ لە سوێدیش ـ وەك لە کوردستان ـ هەوڵی زۆری داوە بۆ تەواوکردنی خوێندنی هونەریی و قاڵبوون لە بواری هونەرییدا ، بەلام وەك هەموو هونەرمەندێکی تری جیهانی سێ دەست بەڕوویەوە نراوە و قبووڵ نەکراوە . سەرەڕای ئەوە هەر هەوڵی داوە و لە قوتابخانەیەکی تایبەتی هونەرییدا کورسی بۆ خۆی بەدەستهێناوە .

ـ لەو کاتەوە کە لەسوێد ئاوارەیە ، بەشداریی چەند پێشانگەیەکی هاوبەشی کردووە لە سوێد و بەلجیکا ، جا ئەو پێشانگەیانە لەگەڵ هونەرمەندانی عیراقیدا بووبی ، یان سوێدی .

ـ هونەرمەند ئێستا بڕیاری ئەوەداوە زیاتر پشت بە هەوڵدانە تایبەتیەکانی خۆی ببەستێ و چیتر چاوەڕوانی دەزگا ڕەسمییەکانی سوێد نەبێ بۆ بەرەپێدانی بەهرەی هونەریی خۆی .


ـ هونەرمەند لەو بڕوایەدایە کە دەزگا کەلتوورییەکانی کورد ، هیچ بایەخێکی ئەوتۆ بە هونەری شێوەکاریی و هونەرمەندە گەنجەکان نادەن و زۆر جاریش لە هونەری نیگارکێشی تێ ناگەن . ئەمەش جۆرێك لەنامۆیی و گیروگرفتی زۆری بۆ دروستکردووە . لەم بوارەشدا ئەو خوازیاری ئەوەیە هونەرمەندانی کورد لە ئاوارەیی بتوانن جۆرێك لە نزیکبوونەوە بێننە ئاراوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەو کەم کردنەوەی ئەو باری نامۆییە . هەروەها لایەنگیری ئەوەیە لەڕێگەی نووسینەوە ئاستی هوشیاری هونەریی بینەری کورد بەرزبکرێتەوە ، جا لە گۆڤارەکاندا بێ یان لە ڕێگەی نامیلکەوە بێ .

ـ کارە هونەرییەکانی هونەرمەند هەمە جۆرن و تەنیا لە یەك ڕێبازدا خۆیان نابیننەوە . ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی لە ڕۆژگاری ژینیدا ـ بەتایبەتی لە ئاوارەیی ـ بەسەریدا هاتووە . وا ئێمە چوار بەرهەمی هونەرمەند بلاودەکەینەوە ، کە دەشێ بە ڕەش و سپی باش دەربچن ، بەو هیوایەی لەدەرفەتی تردا بەرەنگ بلاویان بکەینەوە .












# بانگەواز

ئیمساڵیش لاپەڕەیەکی تری ئازار چووە دووتوێی و ناخی مێژووی پشت تەزیووی خەباتی تەوێڵ بەرزی نەتەوەی کوردەوە ، جارێکی تر خەباتە بەرفراوانە گەلیەکەی (جەماورییەکەی) ئەم دواییەی کوردستان و گیانی پێکوڵکەرانەی نەتەوەی کورد لەپێناوی بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتیە ڕەواکەی‌دا ، ئەو ڕاستیەی سەلماند کەخەباتی نەتەوەی کورد بەگوێرەی بارودۆخی بابەتی و خۆیی خەباتەکە قۆناخی گربوون و لاوازی لەخۆی دەگرێت و دەشێت ئەم خەباتەش تێك بشکێنرێ ، بەڵام بەزاندنی مرۆڤی کورد کارێکی مەحاڵە .

دەبا ئێمەش ئەم ڕاستیە بەکردەوە بسەلمێنین ، بگەینە ئەو ئاستەی کە ئەرکی مێژوویی خەباتەکە داوامان لێدەکا . هاووڵاتیان بەمەبەستی بەشداریکردنێکی هوشیارانە لەم چرکەساتە مێژوویەی خەباتی نەتەوەکەماندا لەڕوانگەی بیرێکی زانستیانەی ڕەخنەگرانە و کرداری پڕبەرهەمەوە ئەو پەردە چڵکن و تەڵخ و کۆنەپەرستانەیەی دوژمنانی کورد و کۆلۆنیالیستەکانی کوردستان بەباڵای جووڵانەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کوردیاندا بڕیوە ، هەڵماڵین و لەپاڵیشیا ڕووی گەشی ڕەوایەتی ئەو خەباتە بە گەلانی جیهان ئاشنا بکەین . ڕۆشنبیرانی کورد ئیمڕۆ بەرەنگاری ئەرکێکی ئێجگار سەخت بوونەتەوە ، ئەویش سەلماندنی ئەو ڕاستیەیە ، کە هەموو شۆڕشێك بەبێ بوونی ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ و بەرهەمی شۆڕشگێڕانە بە زگماکی لەدایك دەبێ و ڕەوتی گەشەکردن و پەرەسەندنی مێژوویی و سروشتیی خۆی لەدەست دەدات . ئەمەش ئەرکی سەرەکی ئێوەیە .

دەبا بەگیانێکی ڕەخنەگرانەی زانستیانەوە ، دوور لە هەلپەرستی و تەسك بینی ، وەکو ڕۆشنبیرانی ئۆرگانی ئەو خەباتە،گیانی هاریکاری لەئاستی خاڵە هاوبەشەکانی خەباتەکەدا لەخۆماندا گەشە پێبدەین و بوارەکانی ڕۆشنبیریی وەك یەکەی ناکۆکی ئۆرگانی دانەبڕاوی خەباتەکە ببینین و پەرەی پێبدەین .

هاووڵاتانی هێژا ، ڕۆشنبیرانی دڵسۆز . . .تەنانەت مرۆڤی کورد لەم سەردەمەشدا نەك تەنها بێبەشە لە مافە سەرەتاییەکانی وەك مرۆڤێك ، بەڵکو وەك کاڵای تاقیکردنەوە لە تاقیگەکانی ڕژێمە چەوسێنەرەکانی داگیرکەری‌کوردستانەوە لەپێناوی مەبەستی شەیتانیاندا بەکاریان دێنن . ئەم ڕەفتارە فاشی و نامرۆڤانەیە لەم سەردەمەدا نەك دژایەتییە بەرامبەر بوونی مرۆڤی کورد بەتەنها ، بەڵکو لەکەیەکی ڕەشی مێژووییە بەناوچەوانی سەرجەم فەرهەنگی مرۆڤایەتیەوە لە جیهاندا . خنکاندنی دەنگی زوڵاڵی ووشەی ئەدەبی کوردی و شێواندنی کەلتووری چەند هەزار ساڵەکەی و هەڵواسین و ئەشکەنجەدانی نووسەر و هونەرمەندانی‌کورد و بڕینی زمانی ووشەی ناسکیان وەك بڕینی زمانی‌هونەرمەند قادر کابان و لەسێدارەدانی دڵشاد مەریوانی وشێرزاد و مەحمود خاکی و محەڕەم محەمەد ئەمین و عوسمان‌شەیداو دەیانی تر ، نموونەی زەق و بەرجەستەکراوی کرداری فاشیانەی دژ بە نەتەوەکەمانن .

هاووڵاتیان و ڕۆشنبیران . . ئیمساڵیش وەکو ساڵی پێشوو ئەو بوارە ڕەخساوە کە ئەدەبیاتی کورد لەپێشانگەی کتێبی جیهانی لەشاری فرانکفۆرت / ماین لە ئەڵمانیا لەمانگی ئۆکتۆبەردا (٩-١٤/١٠/١٩٩١) بەشداری بکات لەدووتوێی ئەم پێشانگەیەوە و هەلێ بەدەست هاتووە میللەتی کوردیش بە کەلتوورە ئەدەبیە بەرزەکەیەوە دەتوانێ هاوبەشی ئەو بەیەکگەیشتنە جیهانیە بکات .

پەرەپێدانی ئەم پرۆژەیە ئەرکی هەموو رۆشنبیر و هـــــاو ولاتێکی بەتەنگەوەهاتووی ووشە و پێنووس و خەباتی نەتەوەی کوردە،بەناردنی بەرهەمەکانتان دەتوانن ئەرکی سەرشانی خۆتان بەرامبەر پێشانگەکە بەرجەستە بکەن .

وەك پرۆژەیەك ئەم هەنگاوانەشمان لەپێشچاوگرتووە :

١ ) میواندارێکردنی چەندەها نووسەر و زانای کورد لـــە بواری جۆربەجۆردا بۆ گێرانی کۆری ئەدەبی و مێژوویی و کەلتووری لەهۆلێ تایبەتی پێشانگەکەدا ، بەزمانـــــی ئینگلیزی ، ئەلمانی ، فەرەنسی .

٢ ) لەکۆتایی هەموو رۆژێکی پێشانگەکەدا ، گێرانی کــۆری ئەدەبی‌ی کوردی .

٣ ) لەکۆتایی پێشانگەکەدا ، کۆرێکی بەرفراوان دەربارەی زمانی کوردی و کێشەکانی و رۆلی لەپەرەسەندنـــــی رۆشنبیریی کوردیدا و چۆنیێتی چارەسەرکردنی‌گیروگرفتـــی زمانەوانــی .

سەرجەمی مەبەستی ئێمە لەم پێشانگەیەدا لـــــەم خالانەدا خۆی دەبینێتەوە :

١- ناساندنی ئەدەب و مێژوو و کەلتووی کورد بەجیهان.

٢- وەك نێوەندێکی نێونەتەوەیی بۆ ناساندنی شاعیر و نووسەران و هونەرمەندانی کورد لەدووتوێی گێرانی ئــەو کۆرانەوە بەزمانی بێگانە .

٣- قوولکردنەوە و پەرەپێدانی پەیوەندی لەنێـــــوان رۆشنبیرانی کورد و جیهانی‌دا .

٤- ناساندنی خودی خوێنەری کورد بە بەرهەمە ئەدەبی و زانستی‌یە نوێکانی کورد .

**تێبینی :**

١ ) بەگوێرەی خواستی خاوەن بەرهەمەکان دەتوانــرێ بەرهەمەکان بۆ فرۆشتن بنێردرێن .

٢ ) بەرهەمەکان تا کۆتایی مانگی ١٩٩١/٨ بگاتــە دەستمان لەپێناوی پێشبەوەچوونی رەوتی پێشانگەکەدا .

٣ ) تکایە هەولی بلاوکردنەوەی ئەم بانگەوازە بدەن .

**وێنەی ئەم بانگەوازە بۆ :**

- گۆڤاری بەرەنگ .
- گۆڤاری یەکگرتن .
- گۆڤاری پەیڤ .
- گۆڤاری مامۆستای کورد .
- گۆڤاری کۆچەر .
- گۆڤاری وەسانان .
- گۆڤاری خەرمانە .
- گۆڤاری هەلوێست .
- گۆڤاری سروە .
- گۆڤاری پێشمەنگ .
- گۆڤاری یەکبون (گۆڤاری یەکێتی‌ئافرەتانی‌کورد )هۆلەند .
- کوردستان کۆمیتە لەکۆلن .
- کوردستان ئینتەرناسیۆنال .
- کولتوور سینترۆم لە دۆرتمۆند .
- کوردستان کمایدندە لەدارمشتات .
- کوردستان کۆمیتە / فرانکفۆرت .
- گروپی مافخوازی کەمایەتیەکان .
- رێکخراوی پارێزگاری لە گەلە چەوساوەکان .
- کوردستان ئەرشیف .
- ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر/ سوێد .
- فیدراسیۆنی رێکخراوە کوردستانیەکان / سوێد .
- مەلبەندی رۆشنبیریی کورد لە لەندەن .
- ئەنستیتوی کورد لەپاریس .
- دەزگای چاپەمەنی سارا .
- دەزگای چاپەمەنی ئازاد .
- دەزگای چاپەمەنی تـارا .
- دەزگای چاپەمەنی هەلەبجە .
- الشرارة : ئۆرگانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان .
- خەبات : ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان .
- رۆژنامەی گەل ( الشعب ) .
- الغد الديمقراطي (اعلان باللغة العربية ) .
- مدیکۆ .
- کوردستان پریس .
- کۆمکار .
- بەرنامەی کوردی لە ئەمریکا .
- دەستەی هاوار بۆ کۆنگرەی نەتەوەی کورد .
- کۆمەلەی مێژووی کوردستان / سوێد .

**ناونیشانی پەیوەندی بۆ ناردنی‌بەرهەمو کتێب:**

JAZA CHINGIANI
Post Fach 1172
6232 Bad Soden 1
W - Germany

## دوا لاپەڕە


# لە شەڕی خاچەوە بۆ شەڕی پاچ

کەینێ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی وێرانە لە چاخی ناوەڕاست خۆی ڕزگاردەکات ؟
پاسەوانی جیهان وەکو سەرداریش لەسەر سەکۆی شکۆ و فەرمانڕەوایەوە دەڕوانێتە جیهان ، ئەویش بەڕێوەبەرایەتی خانووی سپی‌یە ، مێژوو کوێرە ! وەکو کێردێکی تیژ بەرژەوەندی دابەش دەکات و زەمینیش وەکو سێوێك بە ئارەزووی خۆی کەرت دەکات ، ئەویش دیسانەوە لەژێر دەسەلاتی خانووی سپی دێتە ئەنجام .
دژ بەم دابەشکردنە ناڕەوایە ، هەزاران ، بەڵکو ملیۆنان مرۆڤی چەقیوی نێو تاریکستانی فیکر و ئەندێشەی چاخەکانی ناوەڕاست لەژێر بەیداغی " ئیسلام " دا کە بە چاویلکەش توانای ئەوەی نی‌یە جیهانی نوێ بخوێنێتەوە ، ڕادەپەڕن . ڕاپەڕینێکە بەرامبەر چەوتی‌ی بەڕێوەبەرانی جیهان و چەوتی‌ی سەردارانی خۆیان و ڕاپەڕینێکە دژ بە بارودۆخی ناهەمواری ژیانیان . ئەم بەرەوڕووبوونەوەیە ، بە چەکێکی کۆن و سواو بەرپادەبێت کە توانای سەرکەوتنی بەسەر جیهانی نوێدا نی‌یە . جیهانی کە لەسەر تیشکی لازەر و ، فڕۆکەی پان و بۆر دروست بووە ، مەگەر شەیتان سەر لە دروستکردنی دەرکات . ( فڕۆکەن ، جێی دیناسۆری دڵسۆزی زەمانی زوویان گرتۆتەوە ) .
سەرۆکە بەنێو پاشاکان و پاشا بەنێو سەرۆکەکان ، لەسەر گوریسی ئەم یاری‌یە ترسناکە گەمەدەکەن . ڕۆژئاواش بۆ ئەوەی عەقلیەتی ڕۆژهەلات بخوێنێتەوە ، بەسەر کتێبی ئەکادیمی و دانشگاکان دەنووشتێتەوە ، تاکو لوغزی شەڕی خاچ شی‌بکاتەوە . مەگەر تەکنۆلۆژیا فریایان بکەوێت ، ئەگینا زۆر جار لە خوێندنەوەی ڕۆژهەلات دا شکست دەهێنن .
جەماوەری هەژار جارێکی دی ، لەسەر بناغەی کۆن ، خەتێکی سوور لەنێوان خراپە و چاکە ، ڕەش و سپی ، گاور و ئیسلام دا دەکێشن . لە حاڵەتێکدا گاورەکەی جاران ، بەسەر ئینجیل و عەهدی کۆن و نوێدا خۆیان نانووشتێننەوە ، بەڵکو کادیرەکانیان ڕۆژی هەشت سەعات بەرامبەر شاشەیەکی سەوز ! تەلیسمی توانای پارە و دەسەلات شی‌دەکەنەوە .
جیهان بەنیسبەت سەرکەوتووەوە هیچ دزێو و ناشرین نی‌یە ، بەڵکو مافی جیاوازی و فرەکەلتووریش هەیە . بەلێ : ئەمان پێ لەسەر پێ دیموکراسیانە پێ‌دەکەنن ، ڕۆژهەلاتیش دەست بە پاچ خۆی بۆ شەڕی خاچ ئامادە دەکات .

**ئەحمەدی مەلا**

# YEKGIRTIN 13/1991

A Quarterly Cultural & Theoretical Review



Published by Yekgirtin Cultural Centre

Address : YEKGIRTIN , P.O BOX 227 , 1502KØBH.V - DANMARK